# کۆ چیرۆك

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# کۆچیرۆك

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل


دارەکەی بەرماڵمان
دەستی ئۆخەی
ئەسپ
چاوەڕوانی
بەردی سەبر
فڕینەکان
عەبۆ ئیتاڵی
بەهاری ڕەش

ناوی کتێب: کۆ چیرۆك
نووسینی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٥٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مەریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢١٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# لەجیاتی پێشەکی

* چیرۆکەکانی چیرۆکنووس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لەو شێوازەوە بەرجەستە دەبن کە لە نێوان تەوژمی هۆش و تەوژمی واقیعدا تەکنیك بۆ خۆی دروست دەکات. زۆر جاران تێبینی دەکرێ کە تەکنیك لە خزمەتی پاڵەواندایە، بە زمانێکی روون و پڕ لە چەمك ناهێڵێت پاڵەوانەکان خۆیان یاری بکەن، بەڵکو ئەو خۆی کۆنترۆڵیان دەکات بە ویستی خۆی نەك بە ویستی پاڵەوان، ئەمەش وای کردووە چیرۆکنووس هەندێ جار پاڵەوانەکانی خۆی بکوژێت، فۆرمێکی تراژیدی بە چیرۆکەکە بدات.

*کەریم دەشتی*

* ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل یەکێکە لە دەنگە بەردەوامەکانی چیرۆکی کوردی و ئەمێستا هەموو بەدواداچوویێك شێواز و هونەرکاری چیرۆکەکانی دەناسێتەوە.

ئەمەش هەوڵی خۆ جیاکردنەوەی لە نەوەی خۆی و دوای خۆی بۆ هەڵخستووە. نهێنی ئەم گەشەکردنەش خەمە ئەزەلییەکانی دەوروبەری خۆیەتی کە هونەرییانە خۆیان تێهەڵکێشی چیرۆکەکانی کردووە و ئومێدی بەجیهانیبوونیان پێ دەبەخشێت.

*جەلیل کاکەوەیس*

* ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە چیرۆکی «هاوار»ەوە بووە مایەی سەرنجم، چیرۆکەکانی بواری بینینی جیاجیای لە خانەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا خستووەتەوە.

شێواز و زمان لە ناو ئەزموونی پاراو و ڕۆشنن.

لە هێڵی ئاراستەکردنیدا پشتیوانی لە شوناسی نەتەوایەتی وەك ناوەندێکی کاریگەرە لە هەموو لایەکەوە دەچێتە ناوی و لێی دەرناچێت. هێزێکی وریاش لە بیرکردنەوەی لە خولانەوەی هەمیشەییدایە و زاڵە. هەر گرتە و جووڵەیەکی فەنتازی ڕادەکێشێتە ناو زەمینەی کارکردنی شێوەیەکی بینینی پێ دەدات و وای دەگونجێنێ وەك ئەدەبێکی لێوڕێژ لە هەستەکان پیشانی دەداتەوە. ئەم دۆخ گۆڕینە هێزی درەوشاوەی داهێنانە، لەم چیرۆکنووسەدا خۆی ئاشکرا کردووە.

*سەباح ڕەنجدەر*

* لە ناو چیرۆکنووسانی سەرئامەدی چیرۆکی هونەریی کوردیدا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ناوێکی پرشنگدار و جێیەك و ڕێبازێك و دەنگێکی ڕەسەن و تایبەتی هەیە.

خاوەن ئەزموونێکی ڕەگ داکوتاوی خاکی هەرەشە لێ کراوە، خاکی گەرمیانی پایینی باشووری کوردستان و داوێنی حەمرینی سنوور، ئەگەر ئەم چیرۆکنووسە نەبوایە کێ «هاوار» و پەیامی گەرمەسێری دەگەیاند.

پاڵەوانەکانی خەڵکی چەوساوە و ئەنفال زەدەن، بوێرانە و چنگ لە خاك گیرکردوو ململانێ لەگەڵ ڕەشە هێزە نابەرانبەرەکاندا دەکەن.

ئەم چیرۆکنووسە نزیکەی چل ساڵە (ئای ئای) بۆ خاکی هەرەشە لێکراو دەچرێ.

*زاهیر ڕۆژبەیانی*

* ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە ڕێی کۆ چیرۆکی «ئەسپ»ەوە بووە جێگای بایەخم. زانیم کەسێکی عاشق بەچیرۆکە و دەیەوێ بە وشەی جوان و بیرۆکەی جوان مەعشوقەکەی کە چیرۆکە لە باوەش بگرێ ئەمێستاکەش بە ڕووحییەتێکی گەنجانە وشە دەخاتە سەر پانتایی جەستەی ئەم مەخلووقە زیندووەی، بە شێوازە هونەرییە بەرزەکەی، بە زمانە شیعرییەکەی، بەتۆکمەیی بیناسازی، بە کەسایەتییە هەمەجۆر و شوێنکات و گۆشەنیگا هەمە چەشنەکانی سەراسیمەمان دەکات. گەنجانە دەنووسێ و گەنجانە بیر دەکاتەوە، پشت ئەستوور بە ئەزموون.

سەلاح عومەر

# دارەکەی بەرماڵمان

# نێچیر

لە دەوروبەری ساڵی هەزار و نۆسەدو شەش بوو، لەلایەن میرییەوە فەرمانی زابت تەجنیدم پێ ڕاسپێررا لە شاری –پ–. لەو دەمەش خەڵکی بەتایبەتی لادێیەکان زۆر دەترسان لە سەربازێتی..! ئامادەبوون چەنی سامانیان هەیە بیدەن! کام فرمان گرانە بیکەن بەمەرجێ نەچنە ڕیزی سوپاوە! جا نازانم ئەم کارەیان لە ترسا بوو – کە لایان وابوو ئەوەی بڕوا بۆ سەربازیتی ئیتر ناگەڕێتەوە – یاخو لەبەر هۆیەکی تر بوو؟ هەرکامیان بووبێ یەکجار ستەم بوو لایان! بەپێی ئیشەکەم، دەبوایە جار جار بەدێکانا بگەڕامایە عەلی فەڕاش و پۆلیسێك لەگەڵما دەهاتن، بۆ ئەمەش ئەسپێکی شێم کڕیبوو کە جاروبـاریش لەگەڵ عەلی فەڕاشما یاخود لەگەڵ فەرمانبەرەکانی تری شاری (پ) دەردەچووین بۆ ڕاووشکار، لەو هەردە و شاخانەدا، کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد...

کات بەهار بوو... هەر لە ئێوارەوە بەعەلی فەڕاشم وت: سبەی هەینییە خۆت ئامادەکە بەر لە شەبەق بۆی دەردەچین بۆ ڕاو.

شەبەقی نەدابوو عەلی هات بەدواما... هەندێ خواردەمەنیمان ناوە ناو خورجێکی سوارانە و ئەسپەکەی بۆ زین کردم و تفەنگێکی ڕاویم هەبوو هەڵم گرد و هەردوو بەسوارە کەوتینە ڕێ. بەڕاستی شەوێکی خۆش بوو، تریفەی مانگەشەو ڕێگای بۆ ڕووناك کردبووینەوە. شنەی شەماڵی بەر لە بەیانیش فێنکییەکی خۆشی دەدا بە لەش و دەروونمان و سستی و تەمەڵی دوای خەومانی نەهێشت... کە ئەو شنە و سروەی بەیانییە بەسەر ڕەز و دار و دەوەنەکانا تێدەپەڕی گەڵاکانی بەیەکا دەدا و... لەگەڵ ئاوازی جۆر بەجۆری مەل و پەلەورەکاندا و... خوڕە خوڕی ئاو کە خۆی دەکوتاوە نێو شیو و دۆڵەکانەوە... لەگەڵ خرمەی پێی وڵاخەکانمان کە لە نێو شاخەکانەوە دەنگی دەدایەوە هەموویان یەکیان گردبوو سمفۆنییەکی نەمری پێك هاورد بوو. وا دیار بوو کاری کردبووە عەلی هاوڕێم بەدەنگە خۆشەکەی دەستی کردبووە قەتار وتن، لێتی نەشارمەوە منیش لەبەر خۆمەوە شیعرەکانی مەولەویم دەوتەوە.

بەرەبەرەش دنیا ڕووناکتر بووەوە سوپای تاریکی خۆی دەکشانەوە، ئەوەنەی پێ نەچوو ڕۆژ بەتیشکی گەشی زێڕینی لە ئاسۆی سڕ خۆی نیشان دا، ملە بەرزەکان و لووتکەی شاخە کش و ماتەکانی بەڕەنگی سینی ڕەنگ کرد کە ئەوەندی تر قەشەنگ و

بەدیمەنتر دەردەکەوتن. تاگەییمانە کانیاوێ دابەزیمان، ئەسپەکانمان ئاودا، عەلی خورجەکەی داگرت، ئەسپەکانمان هەریەکە بەستە دارێکەوە. دوای تۆزێ پشوودان بە عەلیم وت:

تۆ ئالێرەوە برۆ منیش ڕوو دەکەمە ئەو ملەیە بزانین کاممان دەستکەوتمان دەبێ، لە یەك جیابووینەوە زۆر نەڕۆیشتم گەیشتمە ملەکە خەریکی سەرکەوتن بووم دەنگێك هاتە گوێم! هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو، چونکی بۆ سەر ملەکە توولە ڕێگایەکی باریك زیاتر هیچ ڕێگایەکی کەی نەبوو، هەناسەم لە خۆم چنی، تاکو بە باشی بۆم دەرکەوێ کە ئەم دەنگە چییە؟! ئا... باشتر گوێی خۆم شل کرد... دەنگی گریانە...! بۆ ئەوەی باشتر گوێم لێ بێ یەك دوو هەنگاوم نا دەنگی ئافرەتە... دەگری... بەڵام چۆن دەنگێك دەڵێی زەنگە... بە کوڵ... بە سۆز... ناسك، شاخەکانیش بۆی دەسەننەوە ئەوەندەی تر کاریگەر و سامناکتر دەبوو...، بەڕاستی زۆر کاری تێ کردم. ڕاستیشە دەڵێن: «فرمێسك و گریانی ژنان کارێکی گەورە دەکەنە سەر پیاوان».

بەڕاستی ئەوەندە کاری تێ کردبووم –چی لەبەر خۆشی ئەو دەنگەوە چی لەبەرئەوەی پڕ لە سۆز و بە کوڵ بوو – نەم دەویست لە جێگاکەی خۆم جووڵەی بۆ بکەم، بۆ ئەوەی تۆزێکی تر گوێم لە دەنگەکە بێ گەرچی زۆر بەپەرۆشەوەش بووم بۆ ئەوەی بزانم ئەم گریانە بۆ چییە؟... ئەم ئافرەتە بەم بەیانییە زووە چی دەکا لێرە؟ کە گشت کەسێ ناوێرێ بەدەس پەتی بێتە ئێرە. یاخود ئەم ئافرەتە بۆچ وا بەکوڵ دەگری و دەلاوێنێتەوە؟

لەم بیرکردنەوەدا بووم خۆم پێ ڕانەگیرا هێزم دا بەرەو سەرەوەی ملەکە. کە ڕۆیشتمە سەرەوە، خوارەوەی شیوێکی قووڵە و دەنگەکە لەوێوە دەهات، جەنگەڵێك و ژاژ و دار و دەوەن چنگیان دابوو لە یەك و هیچ دیار نەبوو. بەئەسپایی و وردە وردە بەرەو دەنگەکە کشامە خوارەوە. چەنێ نزیك بوایەم ئەوەندەی تر دەنگەکە بەرزتر و کاریگەرتر دەبوو.

– بە هیوا نەگەیشتوو خۆم... چارە ڕەش خۆم... ئەمانەی بەگریانەوە دەوت. تا بەتەواوی نزیك بوومەوە، بەدەس لقوپۆپی دارەکانم وەلادا.

... ئافرەتە! چەند جوانە!. هەر لە دیمەنی دەردەکەوت لە هەژدە ساڵان تێپەڕ نەبووبوو. کراسێکی ئاڵ و کەوایەکی زەردی لەبەرابوو. دەس و پێی لە خەنەدا بوو. دوو چاوی ئاسکانەی پێوە بوو. لووتێکی باریك و وردیلەی هەبوو کە بەئەسپایی کشابووە خوارەوە. نیشانەی ماندووبوون و غەمباریت بەدی دەکرد لە ڕەنگە هەڵبزرکاوەکەیدا. زوڵف و

ئەگریجە خەناوێکەی بە پەشێوی بڵاو بووبووەوە سەر گۆنای مەڕمەڕینی کە ئەوەندەی تر قەشەنگتری کردبوو. دوو لێوی شەرابیش دوور لە دەسکردی پێوە بوو.

دانیشتبوو چمکی فەقیانەکەی بەدەستی زیوینی گرتبوو پەیتا پەیتا فرمێسکی پێ دەسڕی بەڕاستی ڤینۆسی لە بەرچاو خستبوو!!

نەمتوانی زیاتر خۆم ڕاگرم، ڕووم تێکردو وتم:

خوشکی غەمبار تۆ کێی بۆچ دەگری؟ وەرە دەرەوە لە نێو ئەم جەنگەڵە... لە گریان کەوت من چاوم لێیە، بەڵام ئەو من نابینێ. بێ دەنگ بوو، وەرامی نەدایەوە. دووبارە ڕووم تێ کردو وتم: زووکە وەرامم دەرەوە، بۆ ئەوەی بیترسێنم وتم،

وتم: ئەگینا تفەنگێکت پێوە دەنێم. بە دەنگە ناسکەکەی وتی: ئەگەر ڕاستەکەی زووکە بمکوژە، بەڵکو ڕزگار دەبم. زووکە ڕزگارم کە! بۆ ئەوە هاتوومەتە ئێرە بەڵکو ببمە خۆراکی جانەوەران دەی زوو کە دەی!!

لەم کاتە دای لە پرمەی گریان. ڕۆیشتمە پێشەوە تاکو ڕوو بەڕوو بووینەوە... وتم: ناتکوژم هەستە، هێزی دایە خۆی بەڵام لەبەر بێ هێزی نەیتوانی هەستێتە سەر پێ، قۆڵم گرد بۆ ئەوەی یارمەتی بدەم و هەڵیسێنمە سەر پێ، هێواش هێواش بردمە سەرەوە لەوێ خۆی پێ ڕانەگیراو بێ هۆش کەوت، تا ماوەیەك بەدیاریوە دانیشتم چونکی زانیم ماندووە. سەرنجی ئەو جوانییە بێ هاوتایەم دەدا، لەپڕ چاوی هەڵبڕی و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، لەبەر خۆیەوە یەك دوو ورتەی کرد – بەڵام تێنەگەیشتم دەیوت چی – وردە وردە هاتە هۆش خۆی. ئەوجا پێم وت من وەك برایەکی خۆت بژمێرە، کارەساتی خۆتم بۆ بڵێ و پەیمانت ئەدەمێ کە ئەوەی لە توانامدا هەیە دریغی نەکەم لە یارمەتیت... هەناسەیەکی قووڵی خەماوی هەڵکێشاو چاوەکانی هەڵبڕی و دووبارە نایانی لە یەك و وتی:

منداڵ بووم دایکم کۆچی دوایی کرد. باوکم زۆر خۆشمی ئەویست. لەبەر دەسکورتی باوکم ئەوەندە نەدەکەوتە ماڵ. خەریکی ئیشکردن بوو بۆ ئەم و ئەو. منیش لە ماڵەوە ئەمامەوە و خەریکی ناوماڵ بووم. ژیانێکی هێمنانەمان دەبردە سەر. چونکی باوکم پەشتانە لە سەرەتای ژیانیا بوو زۆر ئارەزووم دەکرد کە هاودەمێ بۆ خۆی پەیداکا. لە سەرەتاوە باوکم ڕازی نەدەبوو دەمزانی لەبەر منێتی. بەڵام سووربوونی من لەسەر ئەوەی کە دەبێ ژن بێنێ ناچاربوو پێشنیارەکەمی بەلایە زۆر پەسەندکرد. ژنمان بۆ باوکم گوێزایەوە.

هەر بەگوێزانەوەی ژن بۆ باوکم ئەو خۆشی و ئاشتییەی بەسەر ماڵمانا باڵی کێشابوو نەما!.

باوەژنم بەچاوێکی سووک تەماشامی ئەکرد، هەرچی بتو بۆڵەی دنیا هەیە بێ هۆ بەسەرما دەیباران، لە هەموو ستەمتر باوکمیش ئەو باوکەی جارانە نەما. بەڵام من خۆشەویستی (هەمزە) لە دڵما چەسپابوو ئەویش هەروا منی خۆش دەویست... هەر کە ناوی هەمزەی دڵداری درکان فرمێسك بەگوڕ لە چاوی هاتە خوارەوە – منیش زۆر بەپەرۆشەوە بووم کە ئەنجامی بەسەرهاتی ئەم کیژۆڵە بزانم، بۆیە زۆر چاك گوێم بۆی شل کردبوو– بەڵێ خۆشەویستی (هەمزە) وای لێم کردبوو کە ئەو هەموو ئازار و ناخۆشییە بدەمە پشتگوێ.

ئێوارانێ دانیشتبووین، تەماشا دەکەم وەکو جاران باوەژنم پرتەو بۆڵە ناکا، بەپێچەوانەوە قسەی خۆش و گاڵتەم لێلا دەکا، بەناوی خۆمەوە بانگی دەکردم –پەرە– بوو بە(پەروین خان)! منیش لە خۆشییاو، بێ دایکی خۆمم کەوتە یاد چوومە لاوە گەلێ فرمێسکم ڕشت!

تومەز ئەم خۆشەویستییە بێ مەلامەت نییە؟.

لەپڕ وتی: پەروین خان ئەمڕۆ هاتبوون بۆ خوازبێنیت. منیش دڵم داخورپا، لە شەرمما ڕام کرد، ئەویش دای لە قاقای پێکەنین. ئیتر هەر ئەو خوازبێنییە بوو! بۆ سبەی کوێخا ڕەشید و مەلا عەبدوڵڵا و یەك دوو پیاوی دێکە کردیان بە ماڵا.

– کە باوەژنم ماوەیە بەر لەوان جێگای ڕادەخست و شڵەژابوو –، منیش ئاگام لە هیچ نییە. باوکمیش بەخێرهاتنێکی گەرمیانی کردو وتی:

حەز دەکەی بە بەرگەکەی خۆیەوە بیبەی!!. منیش سەرم سووڕماوە خزم و کەسوکاری (هەمزەیان) تیا نییە. کوێخا ڕەشیدیش کە تەمەنی لە پەنجا ساڵ تێپەڕ بووە، بزکە بزك سوێڵێتی و لەسەریەکە نەرمە کوکەی بۆ دەکا. دوای هەندێ گفتوگۆ، دووان لە دانیشتووەکان هەستان بۆ لای من.

– دەی کچم گفت بدە. منیش حەپەساوم ورتە لە دەممەوە دەرناچێ. یەك دوو جار دووبارەیان کردەوە، دەی کچم گفت بدە، لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە، باوکم لەولاوە تێ هەڵچوو کردییە گارامێکا!!! کەت وات لێ هاتووە لە ڕازی من دەرچی، گارامێکی پیاکێشام ئیتر ئاگام لە خۆم نەما بێ هۆش کەوتم. بێ هۆشیی منیان بەهەل زانی مارەمیان بڕی لە کوێخا ڕەشید!!. دەس کرا بە شایی بڕیاریان وابوو کە بۆ سبەی من

بووەن، منیش بەشەویا، دەشتم داوە بەر و وا هاتووم بۆ ئێرە.

لەم دەمە هەناسە بڕکێی بۆ هات، بەدەم هەنسکەوە وتی:

– وازم لێ بێنە با لێرە بمرم یاخود دەبمە خۆراکی جانەوەرێك.

–نەء... نەء جێت ناهێڵم و پەیمانت دەدەمێ کە ئەوەی لە تواناما هەبێ دریغی نەکەم.

خۆرەو بان بەرزەوە بووبوو، کەتمە منەی عەلی هاوڕێم. بە هەزار حاڵ دۆزیمەوە، هەر لە دوورەوە وتم: وەرە بزانە چی نەچیرێکم گرتووە! کە هەردووکمان هاتینە لای – من و عەلی هاوڕێم– عەلی واقی وڕما.

– ئا.. ئەمە چییە؟ وتم: درێژی پێ مەدە، بڕۆ وڵاخەکان بێرە با بڕۆینەوە، سوار پشتم کردو بەرەو ماڵ کەوتینە ڕێ. هەر کە گەیشتمانە ماڵ ئەم باسە بەهەموو لایەکا بڵاو بووەوە! تەمێی ماڵەوەم کرد کە زۆر چاك ئاگاداری بکەن هەروەکو کچێکی خۆم.

بەهۆی کاروانی و هاموشۆکەرەوە دەنگوباس گەیشتبووە ماڵی باوکی کە لە دێی (گردە ڕەش) بوو.

ڕۆژی تەماشا دەکەم برێ لادێیی کردیان بەماڵا. یەکێکیان هەڵمەتی برد دەسم ماچ کا. بەڵام نەمهێشت– باوکی کچەیە تومەز – دوای گفتۆگۆیەکی زۆر داوای کرد کە کچەکەی بدەمەوە منیش وتم:

زۆر باشە کچ کچی خۆتە بەڵام ئەبێ (تەڵاقم) بۆ بخۆی کە ئەم کچە نەدەیتە کوێخا ڕەشید. بەڵکو بیدەی بە(هەمزەی میرزا) هەندێ لە پێشەوە گلماتی و خۆی گرت. بەڵام زانی من سوورم لەسەرئەوە، ناچار ملی خەوان و سەلمانی، هەرەشەی ئەوەشم لێ دا، کە ئەگەر هاتوو پەشیمان بووەوە دەیکەم بە سەرباز. ئەویش وتی:

– من تەڵاقم خواردووە عەیب نییە؟!

هەندێ شتومەکم بۆی کڕی و بەڕێم خست لێل باوکیا. کاتێ ڕۆیشت گەلێ گریا و سوپاسمی کرد. ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو باوکی هەمزە هات بەدواما – هەرچەن نەم دەناسی– بۆ سەر شایی. من و عەلی فەڕاشم سواری وڵاخەکەمان بووین بەرەو دێی (گردە ڕەش) لەوێ خزمەتێ زۆریان کردین – هەموو دێکە بە ژن و پیاوەوە بانگ کرابوون بۆ سەر شایی، کوێخا نەبێت!

بۆ سبەی گەڕاینەوە پەروین خانیان گوێزایەوە بۆ کاك (هەمزە) تا لە شاری (پ) بووم لە نێو مانگێکدا جارێ دەهات سەردانی لێ دەکردم.

# ئاڵ و شەوە

– وەك خـەو دێتـە بـیرم... ئێوارانێ دانشتبووین، خـەریكی شێوكردن بـوومـان، یـەكێك بـەتـونـدی دای لـە دەرگـای مـاڵـمـان، دوو سەگ هـەو شارمـان هـەبـوو – كـە بـە ڕۆژ شوانەكەمان لەگەڵ خۆیا ئەیانی برد، بە شەویش لە حەوشا بوون – دەسیان كردە وەڕین و تاویان دا بەرەو دەرگا، شوانەكەمان كردیە گاڕامەكەی دەستیاو تاوی دا بەرەو دەرگا، تابزانێ كێیە؟ كە گەڕایەوە: بەدایكمی وت:

پووره ئامین دەڵێ ئایشە كوڕی بووە.

– بڵێ پێی شیرەكە دەنێمە دار و دێم، هەر لەبەر خۆیشەوە دەیوت:

– الحمیلا كوڕ بوو، بەخوا ئەگەر كەنیشك بوایە دوو پام نە دەڕۆیشت، دایكم كەوتە ڕێ، منیش كەوتمە دوای، هەر چەنێ تووڕە بوو و وتی مەیە پارەی نەكرد. لە نزیك ماڵی پـووره ئـامین دایكم ڕاوەستـا وتـی: بـەخوا بـاش بـوو كـەوتـە بـیرم بـابگـەڕێینـەوە ئـەو شەوەكەی دادات بێرم، هەر كە ناوی شەوەی هێنا خێرا چمكەی كەواكەی دایكم گرد لە ترسا، لە دڵی خۆما دەموت: دەبێ شەوە چی بێ! چی دوڕندەیەك بێ! شاخی هەیە؟ نینۆكی درێژە، بیستوبوومیش كە شەوە دێ بۆ لای ژنێ تازە منداڵی بووبێ، نینۆك توند دەكا لە مل منداڵەكە، كەوەی دەكاتەوە تا دەمرێ.

جا دایكم بۆیە گەڕایەوە كە شەوەكەی دادام بێنێ تا نەوێرێ توخنی كەوێ، شەوەكەی دادایش تومەز – میرووییەكی ڕەش و پانی لووسە – كە منداڵ تازە بووبێ لە دایك، دەیكـەن بـەقـەدیـا تـا شەوە نـەوێرێ نـزیك منداڵەكە بكەوێ. ئەویش دەڵێ كوڕە بۆ وا نووساوی بەمنەوە، نازانێ من لە شەوەكە دەترسم. ڕۆیشتمانە دواوە میرووەكەمان هێنا.

گەیشتمانە ماڵی پووره ئامین، هەر كە چوومانە ژوورەوە، دایكم دەستی كردە بسمیلا و ناو خوا و پێغەمبەر وتن، ئایشی بەسزمانیش لەسەر حەسیرێكی تۆزاوی پاڵ خرابوو، سەریـنـێ شڕ نـرابـووە ژێر سەری، پـەریشان بـوو بـەسزمـانـە... لـە تـەنـیشت سەریشێوە قوتیلكەیەك دانرابوو بۆ ڕووناكی، لەلای ڕاستیشەوە –بیژنێ– دانراوە قوماتەكەی تێ خرابوو، خنجێرێك، قورئانێكیش دانرابوو لەلای قوماتەكەوە. پووره خەجێی مامان لە تـەنـیشت قـومـاتـەكـەوە چچكەی دابووەوە، ئـاگریـان بـەردابووە هـەنـێ پشقل و تـەپـاڵ،

دوکەڵانی دەکرد، لە نێوەڕاست ژوورەکەشدا پوورە ئامین بە شوشێکەوە مەڵۆش بووبوو، دایکم ڕووی کردە پوورە خەجە:

–ئەریٚ الحمیلا خۆ تۆ دونیات دیوە بۆ وا دەس لە زرانی دانشتووی بنێرە بەرماڵەکەی خەلیفە حەسەن بێتو –سوژن و، دیلوانی– لێدەو بیدە بەسەر کۆڕەکەدا!

گوایە دەڵێن (ئاڵیش) هەیە، ئاڵ دیٚ جەرگ و دڵ دایك منداڵەکە دەردەهێنیٚ، ئەگەر بێتو ئەو سوژن و دیلوانە بخرێنە سەر مناڵەکە ئیتر قەیناکە! چونکی لە بان منداڵەکەوە دەس درێژ دەکا، بۆ دایکی ئەو سوژن و دیلوانە دەچەقن بەسکیا و ئیتر گوایە ناوێری توخنی کەویٚ!! منیش ئەمەم بیستبوو، بیستووبوومیش ئاڵ و شەوە جاریٚ، خۆیان دەکەن بەعارەبە ژن، جاریٚ بەپشیلە! بەهەموو جۆریٚ خۆی پیشان دەدا.

دەسوبرد ناردیان بەرماڵەکەی خەلیفەیان هێنا دە تاکو بیست سوژن و دیلوانیان هاورد، ئەیان دا لە پیرە بەرماڵ، منیش لە دڵی خۆما وتم:

– وا چاکە منیش یەك دوو سوژن و دیلوان بەم لە خۆم، بەدزییەوە سوژنێك دیلوانیکم دا لە چاکەتەکەی بەرم.

بەرماڵەکە خۆی خوری بوو، کە سوژن و دیلوانەکانیان لیٚ دا، ئەوەندەی تر قورسی کرد. کە بیانکێشایە بەسەر منا لام وایە نەم ئەتوانی لە ژێری ڕاست بمەوە، دایان بەسەر ئەو مەڵۆتکەی بەسزمانە، ئەویش هەر ئەگری.

ئیتر یەك دوو پیرەژن بیٚ و، یەك گرن، هەریەکە بەجۆریٚ قسە ئەکەن و، لە خوارەوە دەیهێنن بۆ ژوور، ئەمیان باسی پەتك و تەش ئەکا، ئەویان گلەیی ئەکا لە دەس بووکی و ئەویان باس جنۆکە ئەگێڕتەوە، منیش هەر سەیر دەمیان ئەکەم، لە ترسانیشا خۆم توند کردەتە پاڵ پووریٚ خەجیٚ و دایکم، بەدەم قسەکردنەوە پوورە ئامین لەوبەرەوە خەوی پیاکەوت، دایکمیش بەتەنیشتیەوە! منیش جارجار سەیری دەرگای ژوورەکە ئەکەم دەڵێم ها ئێستا شەوە و ئاڵەکە دێن ها نەختێکی کە، لەپڕ دەرگای ژوورەکە بە ئەسپاییەکەوە جووڵایەوە! پشیلەیەك سەری کردە ژوورەکەوە، دەرگاکە وەستا ئیتر حەپەسام، خۆیەتی، شەوەکەیە! نەء، ڕەنگی سوورە، ڕەنگە ئاڵ بیٚ! هێواش هێواش تەکم داوە لای ماماناکەوە، بۆچی پیرە سوژن نووکی لە ڕان پوورە خەجیٚ توند نەبیٚ، هەر کە پشیلەکە یەکەم هەنگاوی نا، بەرەو ماڵەوە قیژانم و خۆم کوتاوە باوەش پوورە خەجیٚ و من لە ترس پشیلە و پوورە خەجێش، دەستی کردە هاوار لە ئازاری سوژنا هەموو داپەرین،

من هەر خۆم دەکوتمە باوەش دایکم و پووره خەجێوە، سوژنەکەش زیاتر دەرواتە ناو ڕانی پووره خەجێوە، تا هەتا هێزی تیا بوو پالێکی پێوەنام و چەپۆکێکی دا بەسەرما، هەموو هەڵسان، منیش هەر دەڵێم:

شەوەکە... ئاڵەکە هاتنە گیانمان، بوو بەشەپۆلی بیسمیلا ئیتر ئەو شەوە تاکو بەیانی نە خەو لە چاوی من چوو، نە لە چاوی ئەو ژنانە. سبەی شەو کە دایکم دووبارە هات بۆ ماڵی پووره ئامین نەکەوتمە دوای لە ترسانا، تاکو یەك دوو مانگ بەدەم خەوەوە، ڕادەچەنیم و دەم قیژان شەوەکە هات، ئاڵەکە هات، مامرێکشم بەدایکم دانارد. دای بە مەلا حەسەن دوعای بۆ کردم.

# تەنیا ماچێ

کاروانەکە قەتارەی بەستبوو... ڕێگایەکی سەخت و نارێکە... توولە ڕێگاکە ولاخێ پتری پیا نارِوا، بەئاسانی ولاخەکان دەژمێررێن. یەك دوو... هەشت بێجگە لە دوو ولاخی سەڵتی بێ بار، کە لە ملەیەك سەربکەوتنایە ولاخەکان لە ژێر بارەکانا دەیان نرکان.

لە گەرمیانەوە خورمایان هاوردبوو گۆڕیبوویانە مێوژ و گوێز! شەبەق لە دێی (کانی ڕەش) کەوتبوونە ڕێ، نیوەڕۆیان لەسەر کانییەك کرد لە ڕێگا، ئێستاش دوای نیوەڕۆیە درەنگە، تەنگیان بەدێی (ژاژ) هەڵچنیوە، خوا یار بێ لەوێوە بەرەو دێکەی خۆیان دەچن.

پرشە پرشە باران دەسی پێ کرد «لە بەینی کاژە هەورەکانەوە گزنگی هەتاو کە دەیدا لە بارانەکە دەدرەوشایەوە» لە بنەوە هەورێکی توند چۆکی نابووە زەوی، کوتوپڕ بایەکی سارد هەڵی کرد بەتوندی... هەورەکەی عاست ئێمە شێ کردەوە و بەرەو ئەولا دایانی ماڵی، ئەوەندەی نەبرد لووتکەی شاخەکان گووم بوون لە ناو هەوری قیناویا، نەخێر وەك وردە –کا– بەفر دەسی پێ کرد، هەموو شوێنێ تارای سپی بەسەرا کێشرا، تا کڵاوەکەی (ڕەسووڵیش) کە لە زووخاڵ ڕەشتر بوو سپی و جوان دەرکەوت! پیرە باش کە بەتوندی هەڵی کردبوو بەفری ڕێگاکەی لوول دەدا وەك گەردەلوول دەیکرد بەگژ ولاخ و کاروانییەکاندا.

– ئا ئەو ولاخە بارەکەی ڕما، «مارف بانگی کرد لە ڕەسووڵ و حەمەی سەعید– کە لە پێشەوە بوون» بێن بارەکە بارکەین! ڕەسووڵ تۆ و حەمەسەعید دەسبار بدەن منیش لە دواوە پشتبار دەدەم یا ئەڵڵا... ها... دەی... دەی ئافەرین ڕەسووڵ! «مارف دووبارە ڕووی کردە ڕەسووڵ».

– ئەوەندەمان نەماوە بگەینە ماڵ، ئێستە چاوەڕێتێتی، ئەو کاتەی کەوتیتە ڕێ، وتت دیاری بۆ دەهێنم، توخوا چیت بۆ هێناوە؟ لە ژێریشەوە چاوی دەترووکان لە حەمەسەعید، حەمەسەعیدیش بزە گرتی و وتی: ئەمشەو لە ژاژ دەیخەین، سبەی زوو بکەوینە ڕێ ڕەنگە بۆ ئێوارەی بچینە هەقەجێ؟

کە ڕەسووڵ، گوێی لەم وتانە بوو، دەنگێکی بەرز دەی لە ولاخەکان کردو دەستی کردە گۆرانی وتن «سەوزە هۆ سەوزە سەوزەکەی ماڵم، نەخۆش نەکەوی، نەشکێنی باڵم».

مارف و حەمەسەعیدیش ڕۆیشتبوونە خزی پێکەنینەوە، کاك ڕەسووڵیش لە کەللەی سەر دەنگی تێ کردبوو!

ڕەسووڵ کە تەمەنی گەیشتبووە بیست و هەشت ساڵە، لەبەر ناوێتی و بێ دیمەنی و دوو قات بێ دیمەنێکەشی شەرمون بوو، کە لەگەڵ ئافرەتێکدا ڕێکەوت بدوایە هەموو ئەندامی لەشی دەهاتە لەرزین و دەمی دەچووە یەکا. هیچ کچێ دڵی نەدەچوو لێی! بەڵام ئەوەی سەیر بوو، لە دڵی خۆشیدا زۆر کەسی بە لْدار خۆی دەزانی، وە لە دڵەوەش بەش خۆی ئاوەدان بوو، لەبەر ئەمە کچان و ئافرەتانی دێکەی خۆیان «تەپەسەوز» ئەوەندە سڵیان لێ نەدەکرد، بە زۆر لە ڕێگەی ئاو یا چیلکەدا ڕێگایان لێ دەتەنی بۆ ئەوەی بیدوێنن و بەزمی پێ بگرن، بۆیە زۆربەی لاوانی دێ خۆزگەیان پێ دەخواست! هەندێکیانیش بەزمیان پێ دەگرد، دەچوونە بن دەسیەوە:– ئەوەی ڕاسبێ بیستوومە (زینە) خۆشتی ئەوێ، یەکێکی تر دەیوت: «حەبەی –خوشکم دوێنێ، کە لەگەڵ (زینە) ڕۆیشتبوو بۆ چیلکە ئەیوت: زینە وتوویەتی:

ڕەسووڵم خۆش دەوێ و ڕۆژێ نەیبینم وا دەزانم بەسەر خاکەوە نیم، ئەگەر بکاتە سەر باوکم ڕەنگە ڕازی بێ».

خۆ ئەگەر خوا بینایەتە دڵ ڕەسووڵ، بکاتە سەر حاجی ڕەشید بۆ خوازبێنی، دێ بەدەری دەکرد، چونکی گەلێ کەس کردبوویانە سەری بۆ زینەی کچی لەبەرئەوەی، ئەو داواکەرانە هەژار و بێ ناو بوونە، هەر بەریشی نەکردبووە لایانەوە، نەخوازە، ڕەسووڵی هەژار و بێ کەسێکەشی سەربار. کاتێ لەم دەهۆڵەیان بۆ ڕەسووڵ لێ دەدا، بزە دەیگرت و گەشەوە دەبوو، لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– دەڵێی چی ئەگەر حەزی لێم نەکردووە، مانای چی ئەوەتە دەمدوێنێ بەتایبەتی، دوێنێ لای مزگەوتەکە گەیشتە ڕاستم بزەیە گرتی –نازانێ بزەی گاڵتە پێ کردنە– خۆ ئەگەر خەڵکی دیار نەبوایە، دوور نەبوو، دەستیشی بکردایەتە ملم!.

ئەم کەین و بەینەو دڵدارییە ئەفسانییەی ڕەسووڵ گەورە و بچووکی دێی تەپە سەوز پیان زانیبوو، بەڵام خۆی نەدەبردە ئەو بارە و، وای دەزانی کە کەس پێی نازانێ لای کەس نەیدەدرکان، تاکو لەگەڵ، مارف و حەمەسەعید و کاکەولادا ڕۆیشتن بۆ کاروان، لە ڕێ مارف دوانی و لەم بالۆرەی بۆ وت، تاق بە ئەسپایییەکەوە بە مارفی ڕاگەیاند، کە حەزی لە زینە کردووە، تکاشی لێ کرد، کە لای کەس نەیدرکێنێ، وتی: هەنێ پارە

پاشەکەوت دەکەم جا ئەوسا، دەکەمە سەر حاجی.

مارفیش دای بەسنگی خۆیاو وتی: خۆم خوازبێنیت بۆ دەکەم خۆم!

دووبارە ڕەسووڵ هەڵیدایە و وتی: خوایە خورماکەمان نرخێکی باش بکا دیارییە باشی بۆ دەهێنم.

*

–تەنگیان بە دێی ژاژ هەڵچنیبوو. بەفرەکە کردێوە، با سەردەکەش لە گڤەگڤ کەوت بەری ئاسمان هەوری پێوە نەما، لە یەك دوو پەڵە هەوری ڕەش و باریك پتر لە دەم کەلی ئێوارە نەبێ، کە هەر چەنێ هەتاوی شاردبووەوە.

بەڵام، لە سووچێکی پەڵە هەورەکانەوە، ماوەی قوڵچەیی تیشکی هەتاو مابوو، کە خۆڕاست بکەوێتە سەر ژاژ، –کە بەقەد پاڵێکەوە بوو– ڕۆژنای کردبووەوە هەروەکو دیاردی ئەو دێیە بکا وابێ و مژدە بەکاروانییەکان بدا– ڕێبواریش قۆناغەکەی لە دوورەوەش ببینێ بزە دەیگرێ و ماوەی حەسانەوە دێتە بیری–

*

بارەکانیان لە مزگەوتەکەی دێی ژاژ ڕمان، کاك ڕەسووڵ ئالیکی وڵاخەکانی کرد، هەموو ڕۆیشتن بۆ سەر کانییەکە بۆ دەم و دەس شتن و دەستنوێژ هەڵگرتن، هێشتا لە بان کانییەکە بوون یەکێك ماندوونەوییانی کردو وتی:

– کوێخا ڕەشید ناردوویە بەدووتانا...

مارفیش وتی:

– بڵێ دوای شێو دێین.!

دوای شێو کردن ڕەسووڵیان بەدیار وڵاخ و بارەکانەوە جێهێشت، ڕۆیشتن بۆ دیوەخانەکەی کوێخا ڕەشید. خوا هەڵناگرێ پێشوازییە باشی لێیان کردو لەبەریان ڕاستەپا هەستا، لە تەنیشت خۆیەوە جێی بۆیان کردەوە... دوای دانیشتن شەپولی مەرحەبا و بەخێرهاتن ڕووی تیان کرد. کوێخا ڕەشید گاڵی دا: «کوڕە خولە ئاگرێکمان بۆ بکەرەوە، کترێکەش بخەرە سەری» خولەش تەنەکەیە کون کونی هێناو، نایە ناو کوانییەك، کە لە نێوەڕاست دیوە خانەکەدا هەڵکەنرابوو، پڕی کرد لە تەپاڵ و پشقل و ڕەگەدار، ئاگری پێوەنا، بڵێسەی وەختەبوو بگەیایەتە بنمێچەکە بەدووکەڵ ڕەشۆبووەکەی دیوەخانەکە، پیرە کتریش کە نرابووە بانی، زۆری پێ نەچوو، دەسی کردە گیزەگیز و

گەرمیش گەیشتە دانیشتوان، هەریەکە لە ڕاست خۆیەوە تەکی داوە دواوە و پشتی دا بەدیوارەکەوە لە گەرما، لەو دەمە باسی مەڕ و ئاژەڵ و کشتوکاڵ دەکرا، هەواڵی گەرمیانیشیان لە ئێمە پرسیارکرد.

بێینە لای کاک ڕەسووڵەوە بۆچی گوێی لە دەنگی، گۆرانی و شمشاڵ نەبێ، تومەز لاوان چاخیان کردبوو، ئەویش وای دەزانی ئێمە بۆ سەر ئەم بەزمە بانگ کراوین، هەوا دەڕواتە کەللەیەوە، ولاخ و بار بەجێ دێڵی پای لێ هەڵدەکا بۆ لای هاوڕێکانی -بۆ ماڵ کوێخا- ماڵ کوێخاش، دوو سەگی هەوشاریان هەبوو، سواریان لە مایین دەهاوردە خوارەوە، ڕەسووڵیش وەك ماڵی خۆی، شانێ بەپیرە قاپییەوە ئەنێ و ئەیکوتێ بۆ ژوورەوە، کە دەنگ لە دەرگاکەوە هەڵدەسێ سەگێك تاو دەدا بۆ دەرگا، ڕەسووڵیش هەر ئەوەندە دەکا تاو ئەدا بۆ خانوویەك کە دەرگای پێوە نابێ، تومەز کاوەنە ! کە پێی دەناتە ژوورەوە دەنگێك ناسك دێتە گوێی «گیانەکەم هاتی؟!»، ئیتر ئایا لەبەر ورماقی، یاخود لەبەر ئەوەی نەك هەر ڕەسووڵ بگرە هەموو کەسێ، لە ئاستی دەنگی ناسکی ئافرەت پەلوپۆی دەشکێ، ئیتر ڕەسووڵ، هیچی بۆ نەکراوە، ورتە لە دەمی نەهاتە خوارەوە، ئەوەندەی زانی خشپەی کراسێك هاتە گوێی بەرەولای تێ و لە ناکاو دووقۆڵی نەرم و نیانیش ئالا بەگەردنیا!!. ڕەسووڵیش تا هێزی هەبوو وشاردییە خۆیاو، دەمی ناوە نێو دەمی، یەشتا دەمی لەسەر لێوی نەبزواندبووەوە، کچە هەنسکێ ترسێنەری هەڵکێشا و تا توانی دەسێکی نا بە کاك ڕەسووڵەوە بەلام یەکەم ماچی خۆی کرد لە ژیانیا، تومەز ئەو کچە ژوانی داوەتە دڵدارەکەی، کەچی ڕەسووڵ لە ترسی سەگا دەڕواتە ئەوێوە و ئەم کارەساتەی تووش بوو!! ڕەسووڵیش ئەوەندەی پێ کرا بە پەشۆکاوی هەڵسا و گەڕایەوە بۆ لای ولاخ و بارەکان.

لە ڕێ هەروەکو، بڕوای نەبێ بەوەی ڕووی دا، یاخود هەر لە خەوێکی خۆشدابێ وا دەژیا، دواجار بزەیە گرتی، ئا، هەر لەبەر خۆیەوە هەردوو قۆڵی هەڵبڕی هەروەکو بیئالێنێ بەگەردنی یەکێکا، «بەڵێ بەڵێ کاتێ - بارەکانمان ڕمان و ڕۆیشتمان بۆ سەر کانیکە، کچێك وەستابوو زۆر تەماشامی دەکرد».

کە گەیشتە لای ولاخەکان هاوڕێکانی هاتبوونەوە، «کوڕە ڕەسووڵ لە کوێ بووی؟ بۆچی ولاخەکانت بەجێ هێشتووە، بۆچی وا ڕەنگت هەڵپرووکاوە؟؟

- چوومە سەر کانییەکە دەسم گەیانە ئاو.

بۆ سبەی خۆیان پێچاوە و کەوتنەڕێ، بانگی شێو گەیینە دێی تەپەسەوز، بەدرێژایی

ڕێگاش، ڕەسووڵ هەروەکو مەستی ماچەکەی دوێنێ شەو بووبێ، ورتە لە دەمی نەدەهاتە دەرەوە، لەبەر خۆیەوە گەلێ جار ئەو دیمەنەی دووبارە دەکردەوە، هەرچەنێ مارف و هاوڕێکانی دەیاندوان بێ فایە بوو، کە گەڕانەوە ڕەسووڵ زانی کە (زینە)یان داوەتە –شوو– بە عەولی ئامۆزای –کە باوکی یەکەم دەوڵەمەندی دێکە بوو– ئەو لاوانەش کە ئەم باسەیان بۆ ڕەسووڵ ڕێك خستبوو، دەهاتن دڵیان دەدایەوە: «کوڕە لاوێکی وەك تۆ هەموو کچێ، خوا خوایەتی شووت پێ بکا» بەڵام ڕەسووڵ بیر و هۆشی لای ماچەکەی ئەو شەوەبوو.

ئەو جارە بەلایە زۆر بردبوویان بۆ کاروان، ئەمجارە ڕۆژ نەبوو ملی حەمەسەعید و مارف نەگرێ کەی دەڕۆن بۆ کاروان؟ ئەوانیش سەریان لەم بەزمەی ڕەسووڵ دەرنەدەچوو «بشێ ڕەسووڵ یەکێکی ترت پەیدا کردبێ لەو ژوورە؟».

مارف و حەمەسەعید ڕەسووڵیان ئاگادار کردەوە، کە خۆی ئامادە کا سبەی دەچن بۆ کاروان. ئەو ڕۆژە ڕەسووڵ بەم ئەگەیی بەو ئەگەیی، پێیانی دەوت «بەیان ئۆغر ئەکەین!» بەرلەوەی بەرامبەرەکەی بڵێ بۆ کوێ؟ وەرامیانی دەدایەوە ئەیوت: «بۆ کاروان»!. ئەو شەوە لە خۆشییا خەوی پیا نەکەوت، هەر شەبەق بوو یەشتا کەوتنەڕێ! زۆری نەمابوو، بگەنە دێ ژاژ، دەسی کردە گۆرانی (سەوزە سەوزە) زۆریش پاڕایەوە لە هاوڕێکانی، کە ئەم شەو لە ژاژ بمێننەوە، ئەوانیش نازانن چی باسە، دەیان وت:

کوڕە ڕەسووڵ تۆ کەی گوێت داوە بەماندوویەتی یەشتاکە ئێمە لە سەرەتای ڕێگاین.

عەسرێ درەنگ گەیشتنە دێی ژاژ بەڵام چۆڵ و هۆڵ کەسی تیا نەمابوو، تا مزگەوتەکەش، بەڵێ تا مزگەوتەکەش سووتێنرابوو، بۆیە لایان نەدا لەوێ ڕەسووڵیش بیزانایە وایە نەدەهات بۆ کاروان!!

# دارەکەی بەرماڵمان

لە سەردەمی بابانیشا هەر دار بووە، گەلێ پیری بەساڵاچووی دێکە بەتەواوی نەیان دەزانی کەی ڕوێنراوە، ... لەوە زیاتر لە خاڵە مەحموودت بپرسیایە کە لە گرانییەکەدا جۆشی بەدبەختی بوو! دەیوت:

«جار جار هاتوچۆی دیوەخانم دەکرد» –دوور لە ئێستا– ئەو کاتە وەك ئەم ڕۆژە نەبوو پیر و لاومان لە چایخانەدا بەقرەقرِ و برەبرِ وەختیان بەسەر بەرن، لە گشت دێیەکدا دیوەخانێ هەبوو کە باسی شەڕ و قارەمانێتی تیا دەگێڕرایەوە.

ئەیوت: «لە بیرمە تەرمەکەیمان هێنایەوە دێ، ئەو لاوە جێگایەکی تایبەتی هەبوو لە دڵمانا، ئەو دارەمان لەسەر گۆڕەکەی ڕواند»،... بەدەم کۆکەوە لەسەر باسەکەی دەڕۆیشت و دەیوت:

«ئەو کاتەی باوکم ئەم باسەی دەگێڕایەوە دێتە بیرم دارەکە دەشیا بۆ ئەوەی تیشکی هاوین لە چەند کەسێك گل بداتەوە!!

تەنیا دارێ بوو بە ئارەزووی خۆی لق و پۆپی وەشاندبوو، بەدوو سێ هەنگاو لەلای چەپی دارەکەوە جۆگەیە ئاو زۆر کز و لەسەرخۆ دەڕوا، کە جووتیارەکان ئاوی دەغڵ و دانی لێ دەدەن، خۆیان و مەڕ و ماڵاتیشیان لێی دەخۆنەوە، دێیەکەش کەوتبووە لای ڕاستییەوەی، لە ڕێگاکە بەو لاوە هیچی تر نەکەوتبووە نێوانیان، لق و پۆپی دارەکە کەوتبووە سەر دیواری حەوشەکەمان لە لای ژووررووشەوە منارەی لە خشت دروستکراوەکەی مزگەوتەکە چوو بوو بەئاسمانا، کە فەقێ کەریم دەبوایە ڕۆژی پێنج جار بەدار شەقەکەیەوە سەر بکەوتایە و بانگی بدایە، بەڵام هێشتاکە لق و پۆپی دارەکە لە فەقێ کەریم و منارەی مزگەوتەکە بەرزتر بوو!!.

هەرچەندە دارەکە ناوبانگی پیری، لە دێیەکەی خۆماندا بەڵکو لە هەموو ناوچەکەدا دەرکردبوو، وە بە(دارە پیرەکە) ناو دەبرا... کەچی قۆناغە ڕێیەك بەولاوە دەبینراو ئەویش وەك هەموو نەونەمامێکی هەرزە– کارو لاو بەهاران خۆی دەڕازانەوە و هەر لە حەوزەڵا بوو! لە بنەوەش بەهۆی باران و ڕۆژگار و وازی مناڵەوە یەك دوو پەل لە ڕەگەکانی کەوتبوونە دەشت وە بەتوندی چنگی لە زەوییەکە گیر کردبوو... هەروەکو بڵێ «ئەمە

شوێنی منە... ژیانی منە... دایکی منە» زەوییەکەش شەقار شەقار بووبوو، مێرووڵە بەئاسانی دەیتوانی ئەو گەڵایانەی کە تەمەنیان دوایی دەهات یان پەڵاشە دارێك کە لە پیرییا بەری دەدان، بییانباتە ئەو شەقارانەوە- یەکێك کە یەکێکی بە دڵ خۆش ویست، هەرچەندە دوور بێ بەڵام لە بیرنەچوو نەوەی هەمیشە وا لە نزیکییەوە و بەچاوی گیانی ئەیبینێ و لەگەڵیایەتی، منیش چونکە دارەکەم خۆش ئەویست، زۆرجاریش خۆشویستن هۆیەکی زانراوی نییە! یان بڵێم گەلێ جار زۆر خۆشەویستی ناپرسین بۆ خۆشمان ئەوێ! دایکمان بۆ خۆش ئەوێ؟ پرسیارێکە... ناکرێ...! بەڵام ئەوەندە ئەزانم من لە منداڵەکانی هاوڕێم پتر دارەکەم ئەبینی، لەبەر ئەوەی باڵەخانەکەمان... بەسەر دارەکەدا ئەیڕوانی... بەڵکو لەبەر ئەوەی خۆشەویستم بوو!

لە گیانەوە هۆگری بووبووم، ئەو کاتەی منداڵ بووین هەر کە ڕۆژمان لێ ببووایەوە، شوێنی یاریمان ژێر دارەکە بوو، وەك سیرەمۆزە منداڵ لێی گرددەبۆوە. وەك دایکێکی دڵ نەرم باوەشی ئارامی بۆ دەکردینەوە، دایکی هەموومان بوو،... دارەکە لە دەستوورییا گوریسێکی پیا نە دەهاتەوە، شەقاری وای لێ پەیدا بووبوو، منداڵێك دەیتوانی خۆی بتەپێنێتە ناوەوەی، جێگەی وەك ئەسکەملی لێ دروست بووبوو، کە دادەنیشتین هەستمان بەجۆرە چێژ و تامێك دەکرد، کە دانیشتن لەسەر تازەترین جۆری کورسی ئەو تام و چێژەی نەبوو... یاخود برێ منداڵ لەولاوە گوریسێکیان بەدزی دایکیانەوە دەهاورد و دەیان بەستە دوو لقەوە و دەیان کرد بەهەڕەزاڵە... هەندێکمان لە قوتابخانە بووین... ناوی خۆمان بە بزمار لەسەر دارەکە هەڵدەکۆڵی.

لە بیرمە نانی شاییەکەی عەولیان لە ژێر دارەکەدا خوارد، لە بیرمە ڕۆژێ بەر لە جەژنەکان وەستا خەلیل مەڕێك یان بزنێکی سەر دەبڕی و لاشەکەی دەکرد بەیەکێ لە لقەکانیا، چوار دەوری لە بەهارا فەرشی گوڵزارێکی دڵڕفێن بوو، پەپوولەی ڕەنگا و ڕەنگ بەدەوریا و ئێمەش بەدوای پەپوولەکانا... هەروەك چۆن خۆشیم لە ژێر دارەکەدا بوو... هەروەهاش ئەو کاتەی لە ماڵەوە لێیان بدامایە یەکسەر بێ ئەوەی بزانم بۆ؟ ڕام دەکرد بۆ ژێر دارەکە و لەوێدا فرمێسکم دەڕشت...

ساڵان هات و ڕۆیی... پلە یەکی قوتابخانەم لە دێکەماندا تەواوکرد،... لەبەر ئەوەی قوتابخانەی ناوەندیمان نەبوو، دێکەمانم بەجێهشت بۆ شاری (ك) بۆ خوێندن، چونکە یەکەم جار بوو لە ماڵ و دێکەمان و دارەکە دوور بکەومەوە... تەواو دڵم گوشرابوو، کاتێ پێم نایە شارەوە هەستم کرد کەوتمە جیهانێ کەوە کە لە هەموو شتێکا جیاوازە لەگەڵ

دێکەماندا، هەرشتێکم بەرچاو بکەوتایە سەرنجی ڕابکێشامایە لە دڵی خۆمدا بەراوردم لەگەڵ دارەکەی بەر ماڵمانا دەکرد، کاتێ چاوم بەتەلارێکی دوو یان سێ نهۆم دەکەوت ئەموت (هێشتا دارە پیرەکە بەرزترە... جوانترە).

هاوینانیش کە دەگەڕامەوە بۆ دێکەمان... هەر لە دوورەوە کە چاوم بە دارەکە دەکەوت، زۆر خۆشتر لەوەی کە چاوم بەنمرەی دەرچوونەکانم دەکەوت!... دەبوایە بەر لە هەموو خزم و برادەرێك سەرم لە دارەکە بدایە... تاسێکی تێکەڵ لە خۆشی و لە زەردەخەنە و فرمێسك... دەچووە دەروونمەوە کە دەمبینی هەروەکو جارانی خۆمان منداڵەکان: ئەو منداڵانەی ئەو کاتە کە ئێمە یاری هەرزاڵە و چاوشارکێمان دەکرد لە سەرمان نە دەکردن،... بەڕیز دادەنیشتن و تەماشای ئێمەیان دەکرد!... وا ئێستا ئەوانیش گەورە بوون و یاری لەسەر منداڵە بچکۆلەکانی تر ناکەن! دوای ئەوەی چاوم بەخزم و کەسوکار دەکەوت، کتێبێکی ئەدەبیم دەگرت بەدەستەوە و پاڵم دەدا بەدارەکەوە و دەمخوێندەوە، شەوانیش زۆرجار، بەتایبەتی لە شەوانی مانگە شەودا... ڕادەکشام گوێم دەدایە دەنگی پڕ لە سۆزی لق و پۆپی دارەکە... چاوم لە مابێنی گەڵاکانەوە لە مانگ نە دەترووکان.

خۆشی ترم دیوە! بەڵام هیچ خۆشییەکم نەدی تامی سێبەری بن دارەکە و شەوانی مانگە شەوی بن دارەکە بدا!

هەر لە شاری (ك) دا قوتابخانەم تەواو کرد و لە شاری (ق) بووم بەمامۆستا و ئەوەندەی نەخایان شەڕ دەستی پێ کرد! ئیتر بۆ ماوەی دوو ساڵ دێکەی خۆمانم نەدییەوە، بەڕێکەوت کەسێکی خەڵکی دێکەشم نەدی...!

چەند بە پەرۆش بووم بۆ بینینی دایکم و (س) ئەوەندەش پەرۆشی بینینی دارەکە بووم، تا لە هەلێکا... گەڕامەوە... کات شەو بوو... لەبەر تاریکی لە دوورەوە هیچم نەدی... کاتێ گەیشتمە بەردەمی ماڵەوە... چاوم بەدارەکە نەکەوت، ناخۆشیم زۆر دیوە بەڵام هیچیان وەك ئەو ناخۆشییە نەبوون... زانیم لەگەڵ... زۆر لە براکانما... لەگەڵ باوکەکانا... لەگەڵ باپیرەکانا... دارە پیرەکەش سووتێنراوە!... بۆ بەیانی تەماشام کرد... لە یەکێ لە ڕەگە قووڵەکانەوە... سەرهەڵدانێك دیارە. تەزووی خۆشی و ئومێدێك دڵی ڕاچەنیم و لەبەر خۆمەوە وتم:

«دارە خۆشەویستەکە ڕەگی قووڵت وەك ژیانە و ناسووتێ.. سەر هەڵدانەوەت ئەمجارەیان بەجۆرێك پەل و پۆ دەهاوێ، هەموو دێیەکەم بگرێتەوە».

# تا کەی شەڕی براکوژی

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، چاوی بەمامۆستایەکی هاوڕێم کەوت، دوای هەواڵ پرسینی تەندروستی و ئیش و کار، کەوتینە دەمەتەقێ، هەواڵی دانیشتوانی ئەو دێیەم پرسی کە تیایا مامۆستایە –چونکی منیش ساڵێکم تیایا بەسەر بردبوو– وتی:

«چوار مامۆستاین... خوا هەڵناگرێ تابڵێی ڕێزمان لێ دەگرن و چووینەتە دڵ گەورە و بچووکی دێکەوە... هەر لە نێوان دوو سێ ڕۆژدا ماڵی یەکێکیان نانمان بۆ دروست دەکەن– ئەمەش لە کوردەوە دوورنییە چونکی، بەوەجاخزادەیی و خاوەن سفرەو دیوەخان ناوبانگی دەرکردووە– بەتایبەتی لە لادێکانماندا–. ئاشکراشە چاکە لە هەردوو لایەوەیە، ئێمەش درێغی ناکەین، ئەو منداڵانە وەکو منداڵی خۆمان پەروەردەیان دەکەین، کارێکیان پێمان بکەوێ جێبەجێی دەکەین، هەندێکیان کە دێن بۆ شار، ڕاسپێرییەکمان پێ ڕاسپێرن، نایخەینە پشتگوێ، بەگوێرەی تواناش دەسی یارمەتی بۆ لێقەوماوان و هەژارەکان درێژ دەکەین، بێجگە لەوەی یەکێکمان فێری دەرزی لێدان بووە، –خۆ ناشکری نەبێ تیمارخانەو نەخۆشخانە و پزیشك لە لادێکانمانا دەس ناکەوێ –وەخت و ناوەخت بێنە شوێنی خۆی ناگرێ، بەگوێری شارەزایی خۆی تیماری زام و برینیان دەکا.

بەکورتی واچووینەتە دڵیانەوە گیروگرفتێکیان ببێ کە لە لادێ وێنەی زۆرە– چ لەسەر زەوی و زار چ لە سەر ژن و شوودان– پرس بەئێمە دەکەن، خوا هەڵناگرێ ئەوانیش مەگەر چۆنها لە ڕای ئێمە دەرچن، ئەویش لەبەر ئەوەی، ئەو ڕێگایانەی ئێمە دامان دەنان، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان بەگوێرەی شارستانێتی تازە بوو، ڕێك نەدەکەوت لەگەڵ ئاسۆی بیریانا! بۆ وێنە (میرزا) –ڕەنگە بیناسی– کە لاوێکی تێگەیشتووی زیرەکە و زۆربەی کاتی لای ئێمە بەسەر دەبا و، دڵی چووە لە حەبەی کچ مام ڕەشید، هەروەهاش وەك خۆی دەڵێ– کە جار جار سەری لەگەڵ ئەساوین– بۆمان دەرکەوتووە کچەکەش بە پەرۆشە بۆی... میرزا هاتە لای ئێمە و داوای لێمان کرد کە خوازبێنی بۆ بکەین لە مام ڕەشید.

یەك دوو پیاوی ماقووڵی دێکەمان لەگەڵ خۆمانا هەڵگرت ڕۆیشتمان بۆ ماڵ مام ڕەشید، کە تێمان گەیاند بۆچی هاتووین گەلێ پەشۆکا، وەخۆی ئەدزییەوە لە

پرسیارەکانمان، لە دواییدا ناچار بوو کە بڵێ ئەم کارە سەر ناگرێ، چونکی ئێوە نازانن ڕەنگە مەلا عەلی و ڕەسووڵیش باش نەیەتە بیریان، ئامۆزای باوکی میرزا کاتی خۆی کوڕی مامەی باوکی کوشتووە، هەرچەندە بەهەموومانەوە هەوڵمان دا کە دەیێ ساڵی بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕیوە، هیچ پەیوەندییەکیان بە باسەکەمانەوە نییە، بەڵام بێهوودە بوو، ئا بۆ وێنە ئەمەم گێڕایەوە...

ڕۆژێکیان لە ماڵی خەلیفە ڕەسووڵ بانگ کرابووین بۆ نان خواردن، لە دیوەخانەکەیا دانیشتبووین لەگەڵ عەزیزی کوڕیا، ئافرەتەکانیش شپرزەی نان ڕێکخستن بوون، چاوەڕێی مام خەلیفەمان دەکرد لە مزگەوت بێتەوە.

دوای نان خواردن، دەس کرا بە باسی دێ و ئاین و کشتوکاڵ... لەپڕ خەلیفە وەك شتێکی گرنگ بکەوێتە بیری، گورج ڕووی وەرگەڕان بۆ لای مەنیجی خێزانی –کە لەو لامانەوە لە تەنیشت مەقاڵەیە قوڕینەوە، بەدیار قۆری چاکەوە چچکەی دابوو، چاوەڕێی چایەکەی دەکرد کە دەم بدا– وتی:

«بەخوا و مەخوا ئیتر بڕۆی بۆ گۆڕستان»، نەیهێشت بڵێ بۆ، وتی: «مامۆستا لە مزگەوت» وتی: «مەیڵن ژنانتان بڕۆن بۆ (مقبرە)» سرف حەرامە. مەنیجیش هەڵی دایەو وتی:

«بەخوا شەق و پەقم کەی من ڕۆژانی هەینی سەرنەدەم لە جوانەمەرگە ئۆقرە ناگرم، خۆ ئەو ڕۆژە هاتبوون بۆ خوازبێنی نەسرین و مێوانە زۆرەکەمان هاتبوو، دەسم نەگەیی بڕۆم، ئەو شەوە هاتە خەوم، وتی: دایە ئەوە دیارنیت، –لەم دەمە چاوی پڕ بوو لە فرمێسك بەفەقیانەکەی چاوەکانی سڕی– منیش لە خەو ڕاپەڕیم تا عەلەی ڕەنجبەرمان دای لە دەرگا خەو بێ لە چاوم نەکەوت.

لەم دەمە مام خەلیفە دەمی دابچڕانبوو، ئامادەی وەرامدەنەوە و بەرپێچکردنی وتەکانی مەنیجی خیزانی بوو، یەکێ لە مامۆستاکان وتی:

«بەڕاستی مام خەلیفە، بەیانییان زوو کاتێ دەردەچم بۆ ئەوەی تۆزێ هەوای پاکی ئەو دەشتە هەڵمژم، دیمەنی دێکە کاتی خۆر دەرچوون گەلێ دڵ ڕاکێشەرە –ڕووی دەمی لە ئێمە کردبوو– نەك ڕۆژ و، دووان هەموو ڕۆژێ پیرەژنێ دەدینم دەڕوا بۆ گۆڕستانەکەی ئەو لای قوتابخانەکەوە، ڕۆژێ دووراو دوور کەوتمە شوێنی، چاوم لێ بوو لە نێوان دوو گۆڕ بۆی دانیشت دەسێکی فڕێداوە بان یەکێکیان ئەو دەسەکەی بەبان

گۆڕێکی تر، کە لە تەنیشت یەك بوون ئەمجا دەستی کردە گریان بەڵام چۆن گریانێ، هەر وتم پرسیار دەکەم، ئەوە باش بوو کەوتە بیرم، کێیە ئەوە؟

خێزانەکەی مام خەلیفە گورج هەڵی دایە و وتی:

ببێ و نەبێ –عەشە کەڕە– مام خەلیفەش بەدەم سەر لەقاندنەوە بەڵێ بەڵێ عەشە کەڕە، عەشە کەڕ!! نەیهێشتە بەر ئەوەی پرسیار بکەین ئەو دوو گۆڕە چی ئەبن وتی:

«خۆتان ئەزانن ئەم دێیە بۆ میری چەکیان هەڵگرتووە. ئەم عەشە کەڕەش تەنیا دوو کوڕی هەبوو، منداڵ بوون باوکی ڕەحمەتییان کۆچی کرد، شکر پێگەیین هەردووکیان لاوێکی لێهاتوویان لێ دەرچوو، هەر لە هەوەڵ ڕۆژی هەراکەی خۆمانەوە کوڕە بچکەکەی (سەعید) خۆی تیا بەشدار کرد، وە ناوبانگی ئازایەتی لەم ناوچەیە دەرکردبوو، ڕەسووڵیش– بۆ میری چەکی هەڵگرت.

شەوێکیان، لەولای قوتابخانەکەی ئێوەوە (ڕەبایەیەك) هەیە ڕەسووڵ و چەند کەسێکی تر لەو ڕەبایەیە ئێشکی خەتی ئاسنیان دەکرد، بوو بە تەقە، سەعید و هاواڵەکانی هاتبوونە سەریان، خۆیان لەبەر تاقمەکەی سەعید ناگرن بۆی هەڵدێن، ڕەسووڵ نەبێ کە لە سەنگەرەکەی جمەی بۆی نەکردبوو لە تەقەی خۆی نەدەکەوت، سەعید بڕیار دەدا کە هەڵکوتێتە سەر ڕەبایەکە و هەرچی چۆنێ دەبێ بیگرێ، کە سەعید تاو دەدا ئەچێتە مل سەنگەرەکەی ڕەسووڵدا هەردووکیان دەستیان لە کار دەبێ، بەسەریەکدا دەکەون، لەم ماوەیە تفەنگچییەکی زۆر لە دێکە دەگەنە شوێن شەڕەکە ئیتر هاواڵەکانی سەعید خۆیان دەکشێننەوە کە دوور دەکەونەوە، ئەمجا دەزانن کە سەعیدی هاوڕێیان لێ جێماوە، هەرچەنێ دووبارە هێرشیان کردە سەر ڕەبایەکە بەڵام بێ سوود بوو، دنیا تا دەهات ڕووناك دەبۆوە و ئەو ناوەش پادەشتییە دەبوایە ناچار بگەڕێنەوە من لەوێ نەبووم ئێژن هەردووکیان دەسیان لەمل یەك گرتبوو، جا ئیتر نازانم یەکتریان ناسیبوو یا نەء! هەردووکیانمان هێنایەوە دێکە بەگەورە و بچووکیەوە خۆی لە قوڕ نابوو بۆیان، وە لە تەنیشت یەك ناشتمانن».

ئەم باسە هەمووومانی وەك وڕ کردبوو... هەموو بەیەك دەنگ وتمان یاخوا جارێکی تر شەڕی برا کوژی نەبینین.

شوباتی ١٩٦٨

# دوانامە

لەگەڵ هاوالێکما، لە یەکێ لە چایخانەکانی قەراغ شار دانیشتبووین، کە شارێکە بەتەنشتیا وەك ئەژدەهاك کشابوو...

لە خواروو ژوورەوە ئۆتۆمۆبیلەکان دەهاتن و بەتوندی بە بەر دەممانا تێپەڕ دەبوون، لە یەکێ لە ئۆتۆمۆبیلەکانەوە دەسێك لە پەنجەرەیەکی بەرزەوە بوو و سەڵاوێکی لێ کردین، بەڵام لەبەر ئەوەی بەتوندی دەڕۆیشت نەمانتوانی بیناسین، لەم واڵە و وردە بوومان، گەرێ کێ بێ کێ نەبێ؟ برێ لادێیی وڵاخەکانیان پێش خۆیان خستبوو، هەگبە و خورجەکانیانیش ئاوسابوون، کە لە شارەوە دەرچوون بۆ دێکەی خۆیان، ئافرەتێکیش بەرگێکی ئاڵ و واڵای لەبەردابوو لەدواوە کۆشش ئەوەی ئەکرد کە بیانگاتێ.

هاوڕێکەم وتی: کەی بوایە ڕێگای ئاسن و ئۆتۆمۆبیل بۆ هەموو ناوچەکان و لادێکانمان ڕابکێشرایە ئەم خەڵکەش ڕزگاری دەبوو سواری پێی خۆی نەدەبوو، خۆ کارێکی گەورەش دەکاتە سەر ئابووری، جووتیارەکانمان بەئاسانی دەیانتوانی بەروبۆمەکانیان بگوێزانایەتەوە و مێوەکانیش بەدارەکانەوە نەدەرزان، قەت ئەمە ناگونجێ لەگەڵ چەرخی بیستەما!

بەڵام من بیرم بەلای شتێکی ترا ڕۆیی، ئەو ئافرەتە کە لەگەڵ کاروانەکەدا بوو بیرێکی تاڵی خستە مێشکمەوە و یادێکی تەماوی ناخۆشی یاد خستمەوە، بۆیە پەستییەك دایگرتم و بێ ئەوەی لە دەسەڵاتما بێ چاوەکانم ئاوی تیا زایی، هاوڕێکەم بە سەرسامییەکەوە وتی: ئەوە چیتە؟ بەکورتی وەڵامم دایەوە:

– هیچ، هیچ نییە!

– باشە بۆ وا تێکچووی، سووربوونی هاوڕێکەم کە دەبێ هۆی پەستێکەمی بۆ بڵێم، ناچاری کردم.

– دوو مانگ تێپەڕ بووبوو بەسەر کردنەوەی قوتابخانەکان. گوێزرامەوە بۆ دێی (هـ)، لە ناوەڕاست دێکە، خانوویەکی چۆڵم چنگ کەوت– کە بەخاوەنەکەی، نەء نەء گوایا بێژم ئەوەی تێی دادەنشت بەزۆر پێی چۆڵ کرابوو– هەر ناوی خانوو بوو، دیوارەکانی لە گشت لایەکەوە هەرەسی هێنابوو، ئەگەر ئارەزووی ئەوەت بکردایە کە تۆزێ لەبەر

خۆرەتاو دانیشی لە ژێریا مەگەر قیروسات لە خۆت بکردایە، خۆ ژوورەکەشی هەر ناوی ژوور بوو، یەکێکی کەڵەگەت دەبوایە پشتی بچەمانایەتەوە لەناویا ئەگەر لەسەر پێ ڕابوەستایە. کاتی بارانیش لە هەموو لایەکەوە ڕەشاو ئەهاتە خوارەوە، منیش هەرچی قاپ و قاچاغێکم هەبوایە لە ژێر و ئاستی دڵۆپەکان دام دەنان، خۆزگە گوێت لێ دەبوو، دەبووە چی هەرایەك، لەبڕە مناڵێکی لاسار دەچوون، کە بەنارێکی لە تەنەکە شڕ بەر بووبوون.

بووم بەهاوسێی مام ڕەشید ناوێك، کە لە پیرەژنێك و ئافرەتێکی خرپنی جوانکیلە پتر، کەسم نەدەدی لە حەوشەکەیانا– ئەویش وا نەبێ هاموشۆم بە بانیانا بێ، چونکی دیواری نێوانمان لەوە نزمتر بوو کە نەیەڵێ تەختایی حەوشەکەیان نەدینم، مام ڕەشید هەموو بەیانییەك بڕکەیە مەڕی ئەدا لەبەر، ئێوارەش دەیانی هێناوە، ئافرەتەکەی مام ڕەشیدیش، هەموو بەیانییەك چەکە چەك جامێ ماسی (لکی) بۆ دەهێنام، لەمە زیاتر هیچ شارەزاییێکم نەبوو لەو خێزانە.

تا شەوێکیان درا لە دەرگا، منیش فانۆسەکەم هەڵگرت، دەرگام کردەوە، تەماشا دەکەم مام ڕەشید و ئافرەتەکەی حەوشیانە، تا ئەو شەوە لە من وایە کچێتی! فەرمووم لێیان کرد، هاتنە ژوورەوە، مام ڕەشید لەسەر (قەرەوێڵەکەم) دانیشت و ئافرەتەکەش لە نزیك دەرگاکەوە کریشکەی کرد. ئافرەتەکە تا بڵێی جوان و ناسك بوو (پووشونێکی )بەستبووە سەرێوە، پەشتەماڵی سووریشی کە کەواکەی تێ خزانبوو وەك پیارسکێکی لێ کردبوو، لە تەنیشت ڕانێوە گرێی دابوو! مام ڕەشید وتی:

«ئەفەنی فەرمانێکمان پێت کەوتە دەسم دامێنت ئەبێ لای کەسی نەدرکێنی، ئەگینا منیش وەك دانیشتووی ئەم حەوشە دێ بەدەر دەکرێم، بەم چلەی زستانە ڕوو بکەمە چی جێگایەك و شایەتمان وە کام لا بێرم، یەك دوو (قسناخ) شکاردەمیش کردووە لە کیسم ئەڕوا.

منیش بە زەردە خەنەیەکەوە وتم:

بەهەڵە نەچوویت و نهێنی دڵتم بۆ بێژە، خۆ بەخوا ئەوەی لە توانامدا بێ دریغی ناکەم.

مام ڕەشید ڕووی گەشەوە بوو و کیسەکەی دەرهێنا جگەرەیەك تێکا. بەدەم جگەرە تێکردنەوە وتی:

– ئەمە (سەری درێژ کرد بۆ لای ئافرەتەکە)، ژنی قارەمان کوڕمە.

منیش وتم:

خوشکی منە، ئەی باشە من قارەمانی کورتم نەدیوە لێرە. وتی:

«ئەفەنی، لە سەرەوەیە، ئەمە دوو ساڵی ڕەبەقە نەماندیوە، هەفتەیەك بوو ژنم بۆ هێنابوو هاتن بیگرن بەڵام خۆی نەدا بەدەستەوە».

گەڕاوە وتی: ئەمڕۆ جەوت فرۆشێ هاتووە بۆ دێکە، نامەیە قارەمانی بۆ هاوردووین، لە دێی (قەشقە) دیوێتی زانیویەتی دێ بۆ گەرمیانی لای خۆمان نامەیەکی داوەتێ، ناونیشانیشی ئەوەیە کە دار توویەکی گەورە لەبەردەم ماڵەکەمانەوەیە، هەر ئەو دار توووەش هەیە لە دێکە، وا کابرا سبەی ئۆغر ئەکا دەبێ وەڵامی نامەکەی بۆ بنووسیتەوە.

منیش پارچەیە کاغزم دەرهێناو، دەستم کردە نووسین، مام ڕەشید بەئافرەتەکەی وت: «دە بڵێ بزانە چیت دەوێ، با ئەفەنی بینووسێ؟!» ئافرەتەکەش بەدەنگێکی شەرمنی ناسکەوە و دەمی بە چمکی پەشتەماڵەکەی شاردەوە و وتی:

سەلامی لێ ئەکەم. ئاگاداری خۆی بکا، مانگ کەوتە بەرانبەر ئەگەر لەوێ دەمێنێ دێم سەری لێ دەدەم، ئاگاداری خۆی بکا. نەیەتەوە بۆ دێ خۆی دەزانێ؟؟؟

منیش نامەکەم لۆك کردو دامە دەستیوە گەلێ پێی خۆش بوو وتم:

ئیتر هەر کاتێك گەرەکت بوو نامەی بۆ بنووسی وەرە لای من خۆمیش لە شارەوە ڕەوانەی دەکەم!

وتی:

ڕاستەکەی، ڕەنگە هاموشۆکەر و کاروانی لەوێوە زۆر بێ؟

وتم: نا نا، هەیە بڕوا بۆ ئەوێ...

هەفتەیەکی پێ چوو، بەیانی کە چووم بۆ قوتابخانە، مام ڕەشید کەرێکی دابوو لەبەر، ئافرەتەکە جلێ بەرگی ڕەنگا و ڕەنگی لەبەرکردبوو ڕەنگبێ بەرگی بووکێنی بوو... زانیم بۆ کوێ دەچن... لە پاین دێکە ئافرەتەکە سواری کەرەکە بوو مام ڕەشیدیش لە پێشەوە. وا ئێستا ئەوەم کەوتە یاد. هاورێکەم ئەم باسەی بەلاوە خۆش بوو باش گوێی بۆ شل کردبووم. سێ ڕۆژیان پێ چوو گەڕانەوە، بەمام ڕەشیدم وت: شاییەکی قڕوقپتان کرد!!

یەك دوو جاری تر نامەم بۆیان دەنووسی و خۆم ڕەوانەم دەکرد. ئەویش بەهۆی منەوە نامەی بۆ ماڵەوە دەنووسی. لە یەکێ لە نامەکانیا نووسیبووی:

وتوبووتان نەیەیتەوە بۆ دێ ڕاستە ئێستە ناتوانم بێم... بەڵام ڕۆژێ دێ بە سەرفرازی و سەر بەرزییەوە جەژنی تیا دەکەم... وە نووسیبووتان کە ئاگاداری خۆم بکەم، ئاگاداری بەو مانایەی ئێوە ترسنۆکییە و لە من ناوەشێتەوە کام شەڕ سەختە بەشداری دەکەم، کام ئەرك گرانە شانی دەخەمە ژێر...

ئەوەنەی بەسەردا تێپەڕ نەبوو هەواڵی جەرگبڕیان بەمام ڕەشید گەیاند... ئای لە حاڵی ئەو خێزانە کلۆڵە، ئەوەی دڵی لە بەرد بوایە خۆی پێ ڕانەدەگیریاو دەبوایە پرمەی بدایەتە گریان.

باش بوو ئەوەنەمان نەمابوو قوتابخانەکان داخرێن... چونکی هەرچەنێ منیان بدیایە چ مام ڕەشید یاخود پیرەژنە کلۆڵەکە یا ئافرەتەکە پرمەیان دەدا لە گریان، بۆیە بڕیارم داوە هەرچی چۆنێ بێ خۆم بگوازمەوە لەوێ... هەرچەنێ بۆ هەر لایەك دەچی... وێنەی ئەو خێزانە زۆرە... دڵ تەنگ ئەکەن... مەگەر ڕۆژێ ئەم تەمە لەسەر دڵمان بڕەوێتەوە کە قارەمان و بەسەدەها وێنەی قارەمان خۆیان کردە قۆچی قوربانی بۆ گەیشتن بەو ڕۆژە.

# دەستی ئۆخەی

# دەستی ئۆخەی

لەو کاتەوە بڕیاریان دا بڵێن (نەء) و بوونە تانەی یان گلێنەی، ورگ زلە چاو دەرپۆقیوەکەی دێکەیان، بۆ دووەمین جار کاتێ گەڕانەوە زنجەکانیان وەك خێوی ئەفسانەی کورد دەمی ڕەشیان لێ پەیدا بووبوو و هەناسەی دووکەڵاوییان ئەکرد بەقورگی شەوا.

هەریەکە لە تەنیشت زنجەکەی خۆیەوە ڕەپ وەستابوو لێوی قینییان دەکرۆشت سێبەرەکانیشیان لە دوایانەوە سەمای دەکرد. تەنیا مام (عەبدل) نەبێ وەك پینەی کەوەی لەسەر شان لابرابێ دەستی ئۆخەی ئەهێنا بەدڵا.

– گەر جاری پێشوویان وەکو ئەم جارە، چوار ڕاجە خانووەکەم بووایە بە خۆڵەمێش قەت ئەوەندە پەلار و توانجم بەردەکەوت؟... نە ئارەقی شەرمەزاریم دەڕژان و نە وەك نەفرەت لێکراو تەماشا دەکرام.

– کە هاتبێتنە ژوورەوە و فریا نەکەوتبێتن گوناهمان چییە؟

خێزانەکەی مام (عەبدل) هەزار جار ئەمەی بۆ هاوسێکان گێڕابووەوە ئەمە هەزار و یەك.

– ناحەقیان ناگرم... کێ بێ گومان نەکا...؟ لە سێ حەوشە کۆشکە بەرزەکەی مل شکاوەکە و وێرانبووەکەی من نەبێ، وەك خۆیان مابوونەوە.

ئەمەش مانگێك لەمەوبەر بوو...

کۆمەڵێ ڕەش و ڕووت لەبەر لووتی کابرای زگ ئاوساوە چاو دەرپۆقیوەکەی دێکەیان چەقین و لێڵاییيان هێنایە بان چاوی و بۆ یەکەم جار لە ژیانیا هەرچی دەوت وەڵامەکەی

– نەء... نەء... نەء بوو.

– ... ...

– ئاوم سەرەوژوور کردووە.

– نەکراوە و نابێ

– کوتەکم دەوەن ئەهارێ

– دەتکەین بە دەوەن

(ناچار ملی خۆی شکاند)

***

هەفتەی نەخێر نەچووبوو، ئەوەی بۆیان مابووەوە لە ژێردەست و پاشماوەی کابرا ورگ زلە چاو دەرپۆقیوەکە، لە تەنیشت ماڵی خوا کۆمەڵە کرا، خشت و نیوێکیش لە گۆیسەبانەی ماڵی خوا بەرزتر کرایەوە، لە قیر تاشراوێکیان تۆپێ شقارتەی لە گیرفانی ژوور زرانییەوە دەرهێنا بەتەنیا (قلێ) دووکاری جێبەجێ کرد. کۆمەڵ کراوەکە و جگەرەکەی دەمی.

دووکەڵی خەست وەك قینی دەروونیان پێچی ئەخوارد، منارەکەی قووت دا... بۆ کرووز سەرسپییە ڕیش پانەکەی ڕاکێشا... وەك کابرای لە سەرشانی گرتبوو، دەمیشی ویردی بێ تاقەتی دەجوو... نێڵە نێڵی ئاگری دنیاداری و بێوەژن کۆشی کەمی نەکردبوو ئەم شانۆگەرییە لە گشت حەوشێکدا بەهەندێ زیاد و کەم دەبینرا، ئەمەیان لە ماڵی مام (عەبدل) ڕووی دا: –[لوولەی چەکێ بەر لە پۆستاڵی خاوەنەکەی گەیشتە داڵانەکە، بۆ ماوەیەك هەر لوولەی چەکەکە و پۆستاڵەکە دیاربوون. بوون بە سێ کەس

– خاوەنی ئەم ماڵە لە ماڵە؟

– نەخێر.

ئافرەتێك وەك حەوت کفنی دڕیبێ هەر ئەوەندە دەمی گۆی کرد، مێرد و ماڵی لە بیر نەبوو تەنیا نامووسی هەزار ساڵەی نەبێ. ویستی شتێ بڵێ زوانی لەرزی و لەسەر چۆك کەوت... ئەوەی پرسیارەکەی کرد لە ئافرەتەکە، دی هاوڕێکانی مریشکەکانیان بۆ ناگیررێ چوو بەهانایەوە هێشتا بۆیان نەگیرابوو فیرەی شاورێك گوێ قۆڵاغی کردنەوە، هەریەکە چاوێکیان لە ئافرەتەکە هەڵتەکان و بۆی دەرچوون.

دووکەڵی ئاگرەکەی تەنیشت ماڵی خوا لەگەڵ دووکەڵی زنجەکانی تر بوون بەیەك، لە ماڵی مام (عەبدل) خۆر گیرا تیشکی لێخن بوو وەك مانگی خڕ دەرکەوت، ڕیش پانەکەش لە تەنیشت ئاگرەکەوە هەر ویردی ئەجوو، تەنها لە حەوشەکەی مام (عەبدل) و قەڵای مل شکاوەکەوە دووکەڵ هەڵ نەئەستا. هەر لەبەر ئەمەش بوو گومانیان لێ کرد و خۆشی بەشەرمەزار دەزانی، تا ئەمجارەیان دەستی ئۆخەی هێنا بەدڵا.

هەر ماڵی لە جاری پێشووەوە زەل و قامیشی دوو (دارەڕا)یان قایم کردبوو، مام (عەبدل)یش لەگەڵ زەردەی خۆرا خۆی گەیاندە قامیشەڵان و زەلە چڕەکەی دوور دێ پەیتا پەیتا پەنجەکەڵە شەقاربووەکەی ئەهێنا بەدەمە تەورەکەی دەستیدا چاوی چەقانە ڕێگاکەی تەنیشتی کە لە دێکەیانەوە دەهات و تا چاو بڕ بکا دیاربوو، تا لە دوور

شاخەکە قووتی دەدا، تا دەمی بگرێ تفێکی کرد کە نیوەی بەڵغەم بوو.

– تفو لەوەی ئەم ڕێگایەی کرد، بەڵام گورج پێکەنی کاتێ زانی (تفەکەی) بەرخۆی دەکەوێ (تازە ورگ زلەکە ئۆتۆمۆبیلی کڕیبوو لەگەڵ جووتیارەکاندا بەشدار بوو لە تاشینی)

زۆری پێ نەچوو، ئەوەندە زەل و قامیشی ڕمان گەر سێ جاری تریش خانووەکەی بسووتێ بۆ دارەڕای پەکی نەکەوێ.

نیسانی ١٩٧٠

# گەشتی کوێری

نەیدەزانی بپارێتەوە، فێری نەبووبوو... دەست بەپشتێن کردنیشی پێ نەنگ بوو... بۆیە تا ئەم کاتە هەر دەسووڕایەوە. چەند یەك (لا) بی هەڵوێستت لە کاتی نائومێدیدا دەگۆڕێ... زۆری لە خۆی کرد هێمن بێ و کەمێکیش وتەکانی بۆنی پاڕانەوەی لێ بێ...

– دە وەرە نە بۆ خوا، نە بەپارەش ژوورێکت دەست نەکەوێ!؟

زیاتر لە ژمارەی ئەو کۆڵانانەی پێیا تێپەڕ بووبوو ئەمەی بۆ خۆی دووبارەی دەکردەوە بە بادا، میکرۆفۆنێ پڕ بەبۆڕییەکەی خەڵکی بانگ ئەکرد بۆ نوێژ.

(هەر لەم کاتەدا بوو، لە نزیك هاوینەهەوارەکەی پیرمام)

– ئەوەی لە سەرشانمە دەیکەم، بێ ئەوەی گوێ بدەمە ئەم و ئەو.

– ئەی ئەوانەی...

– ئەزانم نیازت چییە، ئەوەی لە ترسا لە ناو هەر کاروانێکا بن، زۆری پێ ناچێ بەجێی دێڵن.

بینایی خۆی ناوە بان بزەی ساوایەکەوە، ئێستاش وا بۆ ژوورێك ئەگەڕێ و کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە.

کاتێ خۆی کرد بەشارەکەدا وای زانی هەموو باوەشی بۆ ئەگرنەوە، کەچی تائێستا ئەسووڕێتەوە!

کزەبایەك هەڵا و بۆنی چێشتی دا بە لووتیا، زیاتر هەستی بەماندوویەتی کرد، ڕەپ وەستا... گوێ قوڵاغ بووەوە.

– دە وەرە لەم شارە ژوورێکت دەست نەکەوێ!؟ ئەمجارەیان وتەکانی ناڕەزایی و نائومێدی بەیەکەوە دەردەبڕی.

(لەهەر دێیەك لام بدایە، بێ پرس ئەچوومە ژوورەوە... زۆریشم پێ خۆش بوو کە خۆم بەرە شڕێکم ڕادەخست)

(قسەی تۆیە زۆربەی دانیشتوانی شار ئاڵۆز دەبن سادەیی و ساکاریش لە نێو جووتیاراندایە) لە پڕ قیژەی منالێك لەگەڵ پێوەدانی دەرگایەك بەتوندی ڕایچەنی، وەکو پشکۆیەك بچزێنی بە لەشیا (ئازاری ئەو شەوەی هاتەوە یاد کە بۆ یەکجاری دونیای ڕۆشنی لێ بوو بە شەو) دەستی چەپی هێنا بەچاویا. هەنگاوەکانی گورج کردەوە. تا

دارەکەی دەستی پێی ڕاگەیاند کە بەردەمی دیوارە، کۆڵانەکە بەلای چەپا کردییە کێش، کۆمەڵی منالّی لاسار کەوتنە دوای، زەلامێکی حەیتەش بەدیمەنەکە ڕیش خەنی دەکرد. منالّێ ئالّا لە باوکی.

– بۆچی دەگەڕێ؟

باوکی کردی بەگوێیدا و دووری ختسەوە، لە دەم کەم کەس ئەبیسترا (وەك قەرەجمان لێ هاتووە) چونکی بەبیر کەم کەسا دەهات بیر بکاتەوە!.

ڕۆژ نەبوو کۆچ و باری ماڵێکی ئاوارەی تازە خۆی نەکا بەشارەکەدا کەچی دانیشتوانی شار خۆیانیان لێ گێل ئەکرد.

ئافرەتێك منالّەکانی داغان کرد، وەك بارێکی قورس لەسەر شان لابەی هەناسەیەکی هەڵکێشا، لە بەیانی زووەوە ئەگەڕێ کەس ئاوڕی لێ نەداوەتەوە، وا بەتەنگێوە نەهاتوون... ئومێدێکی پەیدا کرد.

– بەڕاستی سەیرە ئەوەی کوێر بێ ئەبێ دەسەلاتی چی هەبێ؟

ئافرەتەکە بەدەم بنێشت جوونەوە بەکۆڵ هەڵگرێکی وت، کە هەردوو لاقی وەك ژمارەیەکی هەشتی گەورەی لێ کردبوو، سەریشی بۆ بارێ قشقل نواندبوو لە نێوان هەشتەکەوە دەیڕوانی، لەگەڵ نواندنی لە بارەکەی وەلام ئافرەتەکەی داوە.

– خۆ بەچاو بیر ناکرێتەوە

– ئەوجا چاوم شتێکی لێ دێ مردنم پێ خۆشترە

– گوایە مردن چۆنە؟

ئەمجا ڕووی کردە کابرای کوێرە

– تۆ بلّێی چی دلّێکتان خۆشە بەم شارە، کەوا ڕۆژ نییە ماڵ و کۆچێ ڕووی لێ نەکا؟

کابرا ڕووی کردە ئاستی ئەم دەنگە دەنگە و کەمێك بۆی هاتە پێشەوە ویستی وەلامی بداتەوە – بەلاّم خۆی تەپانە ژوورەوە–.

– کاتێ پالّیان پێوە ناین و قورگمانیان پڕ کرد لە دووکەڵ، ئێرەم بەبیرا نەدەهات بڕوا دەکەی؟ شەو بوو لەگەڵ یەکێکی ترا بووم گەیشتینە نزیکتان، نیازمان وابوو لانەدەین بەلاّم سەگ وەڕ و دەنگە دەنگ ختۆکەی داین دێ بەسورکان بووەکەی خۆمانی هێناوە یاد... ئەڵێن ژووری ئێرەش تاریکە. خۆم دەربەست تاریکی نایەم ڕاهاتووم، بەلاّم

بەتەنگ هاورێکەمەوە دێم، کە لە بەیانی زووەوە بۆ نوێژکردن ڕۆیشتووە ڕەنگە نەگەڕێتەوە، ڕەنگە بڵێی ئەگەر ژوورتان دەس نەکەوت چی دەکەن؟ – لە دڵی خۆیا وای دانابوو کە بۆیە گوێی لێ دەگرێ هەستی جووڵاوە و جێی دەکاتەوە –. ئا ئەو حەلە ئەڕۆین و ئەڕۆین تا بیابانێك کە یەکێکی وێنەی خەڵکی ئەم شارەی تیانەبێ – بەتۆم نییە – لەوێ بە دەس بە چوکڵ بە قوم لە کەنار دەریایەکی سەوزا کووخێ دائەمەزرێنم... لەوێ هەموو شتێ بەئارەزووی خۆم ئەبێ... ئەو کاتە ئێوە هاتن کووخەکەی خۆم ئەدەم بەئێوە و یەکێکی تر دروست ئەکەم. ئەوەی سەیرە کەمێك پاش ئێستا کابرایەك ئەپرسێ: خەڵکی کوێی باشە وا زانیت... بەر لەویش چەند کەسێك بەچرپە هەمان پرسیاریان لێ کردم کە وتم:

– لە دێی سەوزەوە هاتووم. نەیانتوانی خۆیان ڕاگرن، ئەوەیان کردە بیانوو گوایە من کلۆڵم و تومەز بەجێیان هێشتووم منیش ویستم لەمە زیاتر بۆیان ڕوون کەمەوە گوایە کێ منی گەیاندە ئێرە و بۆچی و چۆن ئەوەندەم زانی بۆ خۆم باسەکە دەگێڕمەوە... وابزانم تۆش ڕۆیشتی! کە وەرام نەبوو بۆی دەرکەوت ئەم هەموو قسانەی بۆ خۆی گێڕاوەتەوە کەوتە ڕێ کۆڵانە تەسکەکە تا دەهات فراوان دەبوو، بەرەو دەرەوەی شار کوێرەی ڕادەکێشا... تا هەندێکیش دوورکەوتەوە هەر وای دەزانی ناو ماڵانە... لە ڕێ کە لایدا بەرەو شیوێکی قووڵ گل بووەوە تا تەوقی سەری بەفر داپۆشی... داپۆشینێکی وەها مەگەر خۆری بەهار تەرمەکەی دیار دا.

حوزەیرانی ١٩٧٠

# شارەکەم و چڵکاو و پرسیارێك

چەشنی بیرێك... وەك شاکاری هونەرمەندێك، یان کۆمەڵ ئاسایی، کە لە پلەیەکی نزمەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر، بەرە بەرە ئەڕوا پرسیارێك لە ناخی دەروونما، وەك تیشکی ناو کانی بنی ناوەتەوە.

پرسیارەکەم بەڕادەی تینوویێتی (شاری گڕ) بۆ تیشك ئارەزووی تەقینەوەیەتی، بەڵام لە کێی بکەم - پیاو ئەبێ لە نزیك خۆیەوە دەست پێ بکا - لە پێشا لە خێزانەکەی خۆم... لە بیرم چوو پرسیارەکە وەخت و ناوەختی بۆ نییە، خۆی دەکردە زامەکانمەوە... خەوی شیرینی بەر لە بەیانمی ئەپچڕان... تا کاتی خوێندنیش لەگەڵ دێڕەکاندا ئەم سەر و ئەو سەری ئەکرد.

لاپەڕە شەست و نۆو حەفتام هەڵدایەوە لە کتێبەکەی دەستم بێ ئەوەی یەك دێڕ چییە تێ بگەم! پەنجەی شایەتمانم ناوە بان وشەیەکەوە، بێ ئەوەی سەر هەڵبڕم هەردوو گلێنەی چاوم چەقانە خێزانەکەم، بەو نیازەی پرسیارەکەمیان لێ بکەم.

مناڵە وردەکان گوێیان بۆ مناڵێکی دە ساڵی شل کردبوو خەونێکی خۆی بۆ ئەگێڕانەوە، زۆر بەلامەوە سەیر بوو خەونەکەی لەو دیمەنە سەیرە ئەچوو، کە چەند مانگێك ئەبێ بەچاو دیم! لە پێشا ئەو دیمەنەم بەچەشنە وەرزشێکی تازە بابەت هاتە بەرچاو:

خەڵکێکی زۆر بەو چلەی زستانە کۆ کرابوونەوە. پاسەوان، ئاگاداری ئەو حەشامەتەیان خرابووە ئەستۆ - یەکێکیانم زۆرجار دیبوو - هەریەکەیان ئاگاداری لایەکیان پێ سپێررابوو، لە ناوەڕاستدا ئاگرێك کرابووەوە، یاساوڵەکەی تر هەرچی بناسایە لە شەقامەکەوە کێشی ئەکرد بۆلای ئاگرەکە، ئەبووە پاڵەپەستۆ، مەردمەکان کە درابوونە دەست ئەم یاساوڵەکەی تر، جێیان نەئەبووەوە، لە دەرگایەکی بچووکەوە بۆی دەرئەچوون، گێلانە بەپاڵەپەستۆی مەردمەکان پێئەکەنی، توند یەخەم گرت: کابرایەکی دەرەبەگ ڕقی لە مامۆستایەك بوو چونکە مناڵی جووتیارەکانی فێری خوێندن ئەکرد، لە ڕقا کابرای دەرەبەگ ناوی تانجێکەی نابوو ئەفەنی کە مامۆستاکەی دەبینی سێ جار تانجێکەی بەو ناوەی لێی نابوو دەپچڕی، ئەوەندەی ئەو دەرەبەگە ڕقم لێتە ئەزانی؟؟

گورج کتێبەکەم پێوەدا، بەیەك دوو هەنگاو خۆم گەیاندە شەقامەکە، بەو نیازەی هەر ناسیاوێکم تووش هات پرسیارەکەمی لێ بکەم... شەقامەکەی بەردەمم وەك مێشکی

زۆربەی لاوەکانمان هیچت تیا بەدی نەدەکرد، لە نێوان شەقامەکە و شۆستەکەی دیوی من چڵکاوی ماڵەکان یەکیان گرتبوو بۆڕ بۆڕێنیان (مسابقە) لەگەڵ دەکردم، گەیشتمە سەر کۆڵانێکی تەسك کابرایەك (ئۆغربڕی) لێ کردم، ڕۆژنامەیەکی کردبووە چەتر بۆ خۆی تا من ویستم پرسیارەکەمی لێ بکەم دوورکەوتەوە، پەلەی بوو. زانیم بانگیشی کەم ناگەڕێتەوە، لەم کاتەدا خۆزگەم بە(زۆربا) خواست کە منیش بمتوانایە بە سووڕدان و سەمایەك خەوشی دڵم دەربکردایە...

دیوارەکەی تەنیشتم تازە سپی کرابووەوە، لە هەندێ شوێن بۆیەکەی بەری دابوو ڕەش و چڵکن خۆی دەرخستبوو، (زۆر کەسم وەك دیوارەکە هاتە پێش چاو) تا دەهات بەرز دەبووەوە بەئاشکراش دیاربوو هێزی دابوو. گەیشتمە بەردەم گۆڕستانێك، مردووەکانی بەدەم قاقای پێکەنینەوە بە پوولەکانی دەستیان زرمەیان لە تەختەکەی بەردەمیان هەڵئەسان، هەندێك وەستام، زانیم وەڵامی پرسیارەکەی منیان پێ نادرێتەوە شیعرێکی (شێرکۆ)م کەوتە بیر، بە لۆقە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، پرسیارەکەمم خستە چوارچێوەی چیرۆکێکەوە پاش تەواوبوونی کەمێ حەسامەوە بەڵام کەوتمە خولیای ئەوە بۆ کوێی بنێرم؟

ئاداری ١٩٧١

# ئەنجامی پەیامێك

ئەو دەنگوباسانەی کە هێسترسوارێك پێی ڕاگەیاندین، هەرچەندە هەموومانی دڵتەنگ کرد، بەڵام (قارەمان) لە هەموومان پتر پێی تێك چوو و ڕەنگی ئاڵۆزا! لەم کاتەدا کە هەموومان لە پەژارەدا بووین ویستم باسەکە بگۆڕم و تەمی ئەو پەیامە ناخۆشە لادەم وتم:

– لۆمەی ناکەم... لۆمەی قارەمان ناکەم کە پەشۆکاوە، دەسگیرانەکەی لەوێیەو پەژارەی ئەویەتی.

هەموو دایان لە قاقای پێکەنین، هەندێکیان پرسیان:

– بۆ تا ئێستا ئێمە نەمانزانیوە؟!.

بەڵام قارەمان ئەو تاسە بردبوویەوە ورتە لە دەمێوە نەهات. ئیتر بڵاوەمان لێ کرد.

قارەمان لە شوێنەکەی خۆی چوار مشقی دانیشتبوو... لێوەکانی هەڵقرچابوون، خێرا بەزمانی تەڕی دەکردن... هەر کە زمانی دەکێشایەوە وەك چەرمی بەر خۆرەتاوی هاوینی گەرمیان گرژ دەبووەوە و توێژی دەگرت... بەبێ هۆ دەسی دەهێنا بە جامانەکەیا ئەگەرچی دەقەکەی ئەشکان بەڵام نەدەپەرژا چاکی کاتەوە... پەیتا پەیتا دەسی دەهێنا بە چەکەکەی باوەشیا، گەلێ جاریش لە باوەشی دەکەوت... هەرچەنێ قارەمان گەلێ لەم هەواڵەی بیستبوو، وە هەرکە بیبیستایە لە لایەکەوە دەسدرێژییەك کراوە لێوی دەکرۆشت و سوێندی ئەخوارد کە تۆڵەیان لێ بکاتەوە بەڵام ئەمەی ئەمجارەیان خۆیشی سەری لێ دەرنەدەکرد! ئایا لەبەر ئەوەی دێی خۆیانە؟ بەڵام فەرقی چییە شۆڕش بەیەك چاو تەماشای هەموو لایەکی کردووە... ئەی دەسگیرانەکەی؟ خەمی دایکی بوو؟ جێی یادگاری منالییەتی؟ گەلێ دیمەنی ناخۆش دەهاتە بەرچاوی و مووچرك بە لەشیا دەهات.

لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– دایکم قەت توانای ئەوەی نییە بکەوێتە ئەو دەشتە... باوکمیان گرتووە... بەتایبەتی بەبۆنەی منەوە گەلێ ئازاری دەدەن. مێشکی ئەو دیمەنانەی هەڵنەئەگرت و سەری ڕادەوەشان.

[نەء... ڕەنگە خۆیان دەرباز کردبێ... زووتر ئاگایان بووەتەوە] لەم دەمەدا کەمێ ڕووی گەش دەبووەوە... بەڵام گورج ئەو بزەیە لەسەر لێوی دەوەری دیمەنی دێکە دەهاتە بەرچاوی (ئەوە ماڵی مەلا عەولایە دووکەڵی ڕەشی لێ بەرز ئەبێتەوە... [بەڵام بابیکەن] – ئەم وشەی، دواییەی بەتوندی ئەوت –. دەمێك لێوی ئەبرد بەدەما و دەمێکیش شانی هەڵئەتەکان – وەك یەکێ دەربەست شتێ نەبێ – عەبەی شوانمان ئاگای لەو کوسەکارییە نییە، هـ هـ ئێوارە بێ خۆتەن خۆی ئەکا بەدێدا... ئای مەڕە عەبسەکە تۆش خوات لەگەڵ... بەڵام ڕەنگە ئاگاداری بکەنەوە).

[برادەران بابێن... برادە...ران با... بێن]

ئەم بانگەوازە لەو خەیاڵانە دەری هێنا. سەری بەرز کردەوە وەك شێت ڕاپەڕی. پشتێنەکەی بەسەر ڕانیا شوڕ بووبووەوە، دەستی برد پێچێکی دا بە قەدە باریکەکەیا بەرەو بانگەوازەکە کەوتە ڕێ، [هەی... من چیمە؟ پێم لە شوێنم نایەت...! ڕەنگە بۆ ئەوەی بڕۆین – نیازی بەرەو دێکەی خۆیان بوو–].

بەتووڕەییەوە دەستی دا بە چەکەکەیدا، [ئای کە چییان پێ بکەم بەڵام دەترسم بۆ لایەکی تر ڕەوانە بکرێن،... باشە کەی من ئەم چەن و چوونەم کردە؟ با بۆ ناو ئاگرم بەرن... ئەی دێکەمان؟]

خەیاڵێ ڕەش بیری داگرت... [ئەگەر بۆ ئەوێ – دێکەی خۆیان – نەبێ ئەڵێم نەخۆشم... ناڕۆم] بزەیەکی تەماوی کەوتە سەر لێوی... هەروەکو یەکێ پێی بڵێ: مەڕۆ... دایکت... مەڕەکان... دەسگیرانەکەت. ترس زاڵ بوو بەسەریا و بڕیاری دا نەڕوا لەگەڵیانا ئەگەر بێت و بەرەو لایەکی تر بڕۆن...

– مامۆستا نازانم چیمە؟ گیانم دەلەرزێ... چاوم کوت نابینێ ئەمڕۆ لێرە ئەمێنم سبەی ئەگەم پیاتانا... کەوتنە ڕێ... ڕێگاکە لە ژێر پێی تەپۆڵکەیەکا وەك توولەمار کشابوو، لەوێشەوە بەتوندی چەمابووەوە بۆ پشت گردەکە، بەرە بەرە دەنگی سروودەکە و زرمەی پێیان کز ئەبوو، ئەوەندەی پێ نەچوو ئەویش نەما. دوو فرمێسك کەوتە سەر سمێڵە زەردەکەی، هێواش هێواش بەرەو مزگەوتی دێیەکە ڕۆیشت... لەوێ نوێژی عەسری کرد... هەر کە لە نوێژەکەی بووەوە کڵاشەکەی هەڵکێشا و پێی لێ هەڵگرت بەرەو دێکەی خۆیان لەبەر هەندێ هۆ لاڕێی گرت... دنیا کپ بوو لە خشپەی پێی و زریوەی مەلێك کە بە بان لانەکەیا ئەهات و ئەچوو، دەنگی جووتیارێکی دوور کە [دەی] لە

وڵاخەکانی ئەکرد و جار نەجاریش بەئاوازێکی خۆش گۆرانی ئەوت هیچی تری نەئەهاتە گوێ... تا چاو بڕ ئەکا لەبەر دەمیەوە ڕاستی بوو... لە دوور یەك دوو دێ دیار بوون، لە یەکێکیانەوە باریکە دووکەڵی شینی کاڵ چووبوو بەئاسمانا... چاوی ئاسمانیش کز بووبوو بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت، لە پەڵە هەورێکی ڕەش زیاتر کە لە دەمکە لمانی گرتبوو هەورت بەئاسمانەوە نەئەبینی...

زۆرجار ڕائەوەستا و ئەم پرسیارەی لە خۆی دەکرد [من بۆ کوێ ئەچم؟] بەڵام وەك یەکێ لە دواوە پاڵی پێوەنێ دووبارە دەکەوتە ڕێ. [دایکم... دەسگیرانەکەم... دەغڵەکانم، وازدێنم بەسە ئیتر] دای بەلای پارچەیە دەغڵدا یەك دوو ئافرەت خەریکی بژارکردن بوون [ئەم خەڵەیە خۆم تۆم کرد بۆیان، لەسەر بڕیاری مامۆستا [ن] کە ئەبێ هەر پێشمەرگەیەك ڕۆژێ یارمەتی جووتیارەکان بدا، جائێستا چیمە بەسەریانەوە] هەر بەدەم ڕێکردنەوە گەلێ سەرزەنشتی خۆی ئەکرد [چۆن لە ڕووم دێ وازبێنم، شوورەیییە با بگەڕێمەوە چاترە قیروسیا لە دێکەمان... باشە وا گەڕامەوە خۆ دەبێ هیچمان لێ نەکەن؟]. جارێکی تر وەستا تەمای بوو پای لێ هەڵکا بەرەو دواوە. بەڵام ئەمجارەش ترسنۆکی زاڵتربوو بەدەم ئەم خەیاڵانەوە گەیشتە سەر کەلەکەی کە ئەڕوانێتە سەر دێکەیان. خۆر لە نێوەی زیاتر شارابووەوە. خۆی دا بەزەویدا، ڕەوە پاسارییەك بە زریوە زریو بە بان سەریا تێپەڕ بوون بەرەو ئەولا... لە لای ژوورەوەی دەنگێ هاتە گوێی – ڕەنگە جووتیارێ یاشوانی دێیەکی تری ئەو نزیکانە بووبێ – بێرە بــ... ێرەوە... پاشماوەی وتەکانی تری نەئەبیست کە بانگی لە هاوڕێیەکی ئەکرد، مووچڕکێك بەلەشیا هات... زەق زەق لەسەر کەلەکەوە ئەیڕوانییە دێکەیان... دەستێکی هێنا بەدەم و چاویا وەك بڕوای بەچاوی خۆی نەبێ وا!. [بڵێی لە ماندوو بوونا چاوم ڕێشکەوپێشکە ئەکا]. تەزوویەکی سارد لەشی داگرت، کە دی هێشتا دووکەڵ لە خانوویەکەوە بەئاستەم و تەمەڵانە ئەچێت بەئاسمانا، لە سەرەوە باڵە زەلامێك دیوارەکان ڕەش هەڵگەڕابوون... کشومات و چۆڵ... کردی بە چەکەکەیا و وەك شێت داپەڕی... جامانەکەی لە سەری داماڵا. ئالاندی بەملیا... کەوتە لۆقە، نەوەستا تا لای برادەرەکانی... هەموو سەرسام و دۆش دامان کاتێ دییان [قارەمان] وەك شێت بەرەو مامۆستا [ن] ڕۆیشت و دەستی کردە پشتێنەکەیا و وەك کوڕ کوژراو دای لە پرمەی گریان... تا کەمێ کوڵی گریانی دامردەوە... نیاز و خەیاڵی خۆی بۆ گێڕانەوە. ئێمەش گوێمان بۆ شل کردبوو بڕوامان نەئەکرد–

ئەیلوولی ١٩٦٨

# ڕێگای ڕاستی

تفت هەڵدایەتە ئاسمان ئەیبەست. شەوێکی ساردی کانوون، تازە باران کردبوویەوە، لەوەشتەوە بایەکی توند هەڵی کردبوو... لە چەند لاوە هەورە خۆڵەمێشییە ڕەنگاوییەکان دەلاقەی گەورە گەورەی تێ کەوتبوو ئەستێرەکان پاك و پرشنگدار دەرکەوتبوون، بەڵام ئەوەندەی پێ نەئەچوو هەورەکە کە درابووە بەر پاڵ و بەرەو ئەولا، دای ئەپۆشین، کەچی لە لایەکی ترەوە، بڕێك ئەستێرەی تر دەرئەکەوتن، هەر وەك بڵێ هەموو شتێ بەنۆرەیە... خوڕەی ئاو لە هەموو لایەکەوە ئەهات لە گرد و دۆڵەکانەوە یەکیان ئەگرت و ئەبوون بە سێڵاو... دەروێش عومەریش بەم شەوە ساردە بۆ ئەوە هاتووە، ئەو ئاوە بەفیڕۆ نەڕوات، سکرێ ببەستێ تا سوار بێتە خەلەکەی و وەزنە شکارتەکەی پێ ئاودا، لاچاکی کەواکەی لە پشتێنە جەرسەکەی توند کردبوو، بەپێی پەتی ناو ئەو قوڕ و ئاوە شولەی ئەوەشان.

– ئاوا بەربەست هەموو شتێ ئەکرێ.

بێڵەکەی توند کرد لە زەوی... پێی نایە سەر ئەسپەرەکەوە... دەنگی [تەپڵ] هێزی پێی نەهێشت دڵی گوشرا... تاس بردییەوە بۆ ماوەیەك وەکو یەکێك بیر لە هیچ نەکاتەوە و بۆ بەردەم بڕوانێ وشك بووە ناوچەوانی بەو ساردە نشت لە ئارەق.

– پێرار هەر لەم کاتانە

پێی لەسەر ئەسپەرەکە خلیسکا.

– دوو ساڵە خۆم بەپیاو نازانم... لە دیوەخان و مەجلیسا چوکڵ لە زەوی ئەدەم... خوا گەورەیە.

دەستی لە بێڵەکە بەردا و ڕووی کردە ئاسمان:

– ئەوەی بەپێچەوانەی داخوازی تۆ جووڵابێتەوە دوور لەوەیە و گیرفان پڕە ئەوە کوێخا ئەوە ئازاد – ئەڵێن لە گوێکەش ئەخوا – چیم کردبوو، تۆبە خوایە.

دووبارە دەستی کردە شوولە وەشاندن بەڵام دەنگی تەپڵەکە تا ئەهات باشتر ئەبیسترا – ڕەنگە لەو کاتەدا حاڵیان لێ هاتبێ – بەئاشکرا دەروێش عومەر گوێی لێ بوو، لەگەڵ دارەکانی دەستیان کە ئەیانماڵی بەتەپڵەکەدا دڵی لێی ئەدا... وەکو قوڕ و چڵپاوەکەی بەردەمی، مێشکی لێخن بوو. گەلێ بیری تەماوی بەمێشکیا تێپەڕی: خۆی بکوژێ بە

بێڵەکەی؟ خۆ کوشتن دەرچوونە لە فرمانی خوا.

[مرۆڤ نازانێ تا ئەمرێ چی بەسەردێ، چەند جار ژیانی ئەگۆڕێ ئەمرۆ کارێك بەباش ئەزانی سبەی لێی دوور ئەکەوێتەوە. مرۆڤ خۆی و بیرکردنەوەی لە گۆڕاندایە... هەرگیز بڕوای کوێرانە بە شتێ نەدەی... پشت بەهیچ شتێ نەبەستی... ئەو کارەی هاتە پێشەوە – ئەگەر هات – چەند ساتێك ئاساییانە لەگەڵیابە بەڕۆیشتنی بیری لێ مەکەرەوە –

– ئەوسا بەم وتانەی مامۆستای دێکە پێکەنینم ئەهات. ئەو دەمە ئەمیش هەڵپەی ئەوەی بوو:

دەروێش کۆبکاتەوە لە دێکە: [هەر نەبێ هەفتەی جارێکیش کۆڕی زکر ببەسترێ و بۆ ماڵێ شێخ ماڵی سێ قسناخ گەنم لە خەلە و خەرمان حەڵاڵێتی] ئەو تاسە بردبوویەوە بەری نەدابوو... گەلێ شت هاتە بیریا هەموویانی قرچە شکێن ئەکرد و بەنیوەچڵی بەرێیانی ئەخست... بەڵام ئەوەی زۆر باش لە بیرە کە چۆن گەلێ لاو ڕووی نەدابێ و چۆن بەهەزار حاڵ و هەرچی چۆنی بێ دە کەسێکی پێکەوە نا هەموو شەوی هەینییەك لە ماڵی خەلیفە عەلی کۆڕی زکریان ئەبەست... تا خەرمان... خەلیفە کەریم هاتبوو خەلە و دان گردەوەکا بۆ ماڵی شێخ، خەلیفەش بڕوایە بۆ هەر ماڵێ وا ئەزانرا ئەو ماڵە بەرەکەتی تێ ئەڕژێ... ئێوارە بوو بەمێوان دەروێش عومەر. شەو ناردی بۆ دێیەکی نزیك، کاتێ گەڕایەوە هەموو شتێکی بەچاو دی.

– نامەرد.

بەو ساردە هەستی بەگەرمی فرمێسکی چاوی کرد.

– حەبەم لە کۆڵ کردەوە... حەبەی بەسزمان گوناهی نەبوو. کەڵەگاکە ماوە لەو کاتەدا ئاوی شیو و دۆڵەکان یەکیان گرتبوو، سکرە

بچکۆڵەکەی دەروێش عومەریان داماڵیبوو، لە هۆڵ سکرا نەما... خەلیفەی هاتە بەرچاو کەوا لە دێکە دەستی ناوەتە بان زەرگەکەیەوە

خەریکە حاڵی لێ بێ. بێڵەکەی بە تووڕەییەوە خستە سەر شانی کەمێ وەستا...

– نەء... نەمانیان لەوەدایە مریدەکانیان لێ بکەمەوە.

ئایاری ١٩٦٨

# ناسنامە و قۆچانی ڕەش

١

– نیازت چییە؟

– دەبمە دڵۆپێ لەو لێشاوەی کە کنە ئەکا لە شکری زۆرداری بەنیازی ڕامالین و تەفروتووناکردنی... دەبمە پشکۆ گڕ بەرئەدەم لەو پیوەی کە بەتیکەی من و تۆ دروست بووە و ئەو تاریکاییەی ئێوە لە ناویان ڕابماڵرێ.

– تێ ناگام لێت... وڕێنە ئەکەی؟

– ڕاستەکەی هەموو وتەیەك لەگەڵ زاتی ئێوەدا نەگونجێ بە وڕێنەی ئەژمێرن... بەڵام من ئەوەی دەیڵێم زاتیش ئەکەم بیسەلمێنم.

– تەمەنی پەنجا ساڵیم کەڵکی دەربەدەری پێوە نەهێشتووم، وەکو جاران سەپانێکە بکە و سەرمان سووك بکە.

– بۆ ئەوەی ژیانی لە مەولامان وەك ئەوەی پێشوو نەبێ بڕیارێکە داومە گەڕانەوەی نییە.

خەڵك خەوتێنێ درەنگ بڕیارەکەی سەلمان... سەگ وەڕی دێ دەستی پێ کرد... بەڵام ڕۆیشت.

٢

هێشتا سێ شەوی مابوو بۆ مانگی تار وەك یاری کڵاوێن ورگنە چاو دەرپۆقێوەکەی دێکە کەوتە ناو دێ، ئەو نەء... ئەمیش نەء... فلان و حەمەی کەریم... هەڵی بژارندە دەستە گوڵ بۆ سەپانێکەی ئەمساڵ... بەڵام کاکە (حەمە) بڕیاری خۆی بەجێ هێنا... زۆریان واقی وڕما دەماری پیاوەتی هەندێکیانیشی گرت، بە هەموویانشی سەلمان وشەی [نەء] هەیە...

٣

مام (کەریم) لە شارێکی پڕ پیت و بێ بەهار و زۆربەی دانیشتوانی لە برسا ماندوو و لە یەکێ لە گەڕەکە قوڕەکانی، بووە خاوەن کولبەیەك – بۆ یەکەم جار لە ژیانیا بووە خاوەن شتێك – دەوروپشتی هەمووی مام (کەریم)ن ئەگەر بێت و یەکێك – گەر هەبێ – یەکە

یـەکـە ژیـانـیـان بـنـووسیٚ بـەکـوردیـیـەکـی ڕەوان بـیٚ کـەم و زیـاد لـە یـەك دەچـن، نـەخـۆشیـیـەکـانـیـان... سیپـاڵـی بـەریـان. تـا خـواردنـی ڕۆژانـەیـان... ئـەوەی سەیرە نـان پەیداکردن و گوزەرانیشیان هەر لە یەك دەچن، ئەوەتا ئەمیش بووە خاوەن سەبەتەیەك و عارەبانەیەکی دەست، کاتیٚ لە گەڕان بێزار دەبوو، لە تەنیشت دەرگای کولبەکەی چوار مشقی بۆی دائەنیشت، چاوی لە ڕۆژانەی منداڵەکان بوو، چووبووە خووی وردیلەکانەوە، بەهۆش و هەستیوە بەشداری یارێکانیانی دەکرد بەتایبەتی ئەو یارییەی کە هەندیٚ جار بزە و خەندەی ئومێدی ئەخستە دڵیەوە، هەندیٚ جاریش دەیهێنایەوە جیهانی ڕاستەقینەی بیٚ ئەوەی لە دەسەڵاتیا بیٚ وەك کوڵوە بەفر لە دەروونیا بیٚ لەشی ئەنیشت لە ئاو، ئەبوونە دوو برەوە، لاسایی ئەو لافاوە و ئەو سکرەیان ئەکردەوە کە تاقانەکەی مەبەستی بوو.. مام (کەریم) لە دڵی خۆیەوە یەکێکیانی دەسنیشان ئەکرد و بە(حەمە)ی کوڕی دائەنا، وا ئـەبـوو بـە جـووڵانـەوەیـەکی هـونـەرمـەندانـە (حـەمـە)ی منـاڵ خـۆی ئـەپـێکا ئـەم لـێرەوە بەرچاوی تەمی ئەکرد و لەسەر یەکە ناوی خوای دەهێنا... ڕۆژێکیان هەموویان بوون بەیەك و بەرامبەر هەندیٚ قوتکە خۆڵ وەستان.

٤

گەڕەك ئاسایی نییە... وردیلەکان یاری ناکەن... هەر عارەبانەی دەستە پروپیتاڵ و منداڵ بـەسەریـەوەیـە بـەشپرزەیی لـە قیرەکـە بـەرەو کۆڵانـەکـانـی ئـەودیـو دەپـەڕنـەوە... هـەندیٚ عارەبانە بەدەست، بەرەو برە ماڵەکەی سەر گردەکەی ناو شار خۆیان کوتا، چنگ لەسەر شان کەوتن لێیان بەرەو دواوە.

نەڕە نەڕی گرێدەر نزیك دەبووەوە، بووە سەرەتای ئەیلول (لەبەر تۆز) گرێدەرەکان وەك وڵاخیٚ شەڕە قـۆچ بـکـەن گـوڕیـان ئـەسەنـد لـە گـەڕانـەوەیـانـدا زرمـەیـان لـە پیرە دیـوار هەڵئەسان، مام (کەریم) پارچە کاغەزێکی نیشان دا و پڕ بەدەم هاواری کرد، بەڵام لە هاڕەی گرێدەر بەحاڵ دەنگی خۆی ئەبیستەوە، پارچە کاغەزەکەی دەستیان فڕیٚ دایە زەوی و گرێدەرەکان پڕ بانیان دا.

– قۆچان ڕەش بوو، بۆ خاتر خوا قۆچانەکەم.

– .....

کە دی وەرام نییە، بەنائومێدی و ساکارییەوە وتی:

– خۆ دەڵێن لێرە ئاغا نییە و کەس ناتوانیٚ دەرتکات...

٥

وەك یەك وان... تا لە کۆچ کردنیشا وەك یەك وان. خۆی کوتا بەرەو ناوەوەی شار، لە ناو بازاڕێکی درێژا خانێکی کردبووە چاو، خانەکەی برِیٚ، ژووری ڕەش هەڵگەڕاوەی لە تەنیشت یەکەوەوەی تیادابوو دانیشتوانی پێڵاوی خەڵکیان دەسڕی مام (کەریم) بەهۆی ناسیاوییەوە ژوورێکی چنگ کەوت، تۆز و خۆڵی کولبەکەی لە خۆی نەتەکانبووەوە برِیٚ چەك بەدەست هەموویانی خزانە ناو لۆرییەکەوە،

– کوا ناسنامەکەت؟

– نیمە

– ڕاوەستە،

– تۆ؟

– نیمە

– ڕاوەستە

نۆرە هاتە سەر مام (کەریم)

– تۆ؟

– لای کوڕەکەمەوەیە

– لە کوێیە؟

نەیتوانی وەرامیان بداتەوە.

٦

لە ساڵی هەزار و نۆسەد و سی و پێنجەوە تا ئەمڕۆ – مەبەست لە ئەمڕۆ ساڵی ڕماندنی خانووەکەی مام کەریمە – ئەکاتە بیست و حەوت ساڵ، بیست هەشت ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لەگەڵ ئەمڕۆدا وەك یەکن.

مام [کەریم ڕاستی فەرموو ناسنامەکەی لای کوڕەکەیەتی.]

تێبینی: کولبەکەی مام کەریم و هاوڕێکانی لە ژێر پێدا پەسکاوەتەوە و بوونەتە تەپوڵکەیەك پێویستی بەگرێدەری تر هەیە.

تشرینی دووەمی١٩٧١

# دیارییەکی پەسەند نەکراو

[لە من (ژن)ترن و لە تەزبیح ڕاکێشانن و کۆڕی مزگەوت زیاتر هیچی ترتان لە دەس نایە، بەتۆزقاڵ چییە شەرم نامگرێ کە بەرامبەرتان ئەم ڕەفتارە ئەکەم... چوار مانگی ڕەبەقە دیارییەکی شەرمەزاریم پێیە، لەمە زیاتر ئارام ناگرم و ئۆقرەم لێ برا، دێیەکی چل ماڵی لە پەنجا حەیتە پتری تیایە پرکێشیتان نەکرد و زاتتان نەنایە بەر خۆتان منتان نارد، تا بۆ کرێی ڕێگاکەشم حاجێکانتان دەستیان نەکرد بە باخەڵا، پارەی مامر و هێلکەم لەگەڵ خۆما برد... چاوم لێ زەق مەکەنەوە هێمن بن با پێتان نیشان دەم]:

سەر تا دامان، کراسە چیتەکەی یەخەدڕ کرد، پێستی زیوینی سکی کەوتە دەر، بەشێوەیەك قووت دیاربوو نیشانەی ئابڕووچوونی لە نەشارەزاترین کەسەوە دیاربوو... هەموو وەك خۆڵی گۆڕستان بێژرابێ بەسەریانا چرکەیان نەکرد و ملیان شۆڕ بووەوە بەسەر چۆکیانا هەندێکیانیش بێ ئەوەی سەیری ئافرەتەکە بکا کۆڕەکەی بەجێ هێشت، بەڵام ناڕەزایی و تووڕەیی لە ناوچەوانیانا ئەباری...

یەکێ لەو کۆمەڵە دەنگ و باسانە کە کۆڕی، سێبەری مزگەوت بڵاوی کردەوە (عەلی) لە بەغدایە. کرێی ڕێگاکەی پارەی هێلك و مامرەو ئەمە دوویین جارە لە ژیانیا سواری خۆشڕەو بێ بەرەو بەغدا، جاری یەکەمیان تازە گوێزرابووەوە بۆ (عەلی) وەکو ئەڵێن «هەم زیارەت هەم تجارەت» زیارەتی مەرقەدەکانیان بەجێ هێناو یەك دوو ڕۆژیش لە ماڵی (خۆشەی) برای مانەوە، کە هەر لە ساڵ جۆ جەرمەکەوە هاتبووە بەغدا... ئەمجارەیان لەگەڵ (فەرهاد)دا بۆ سۆراخی (عەلی) هاتوون. هەفتەی فەرهاد نەچووبوو گیرا، وا تەمەنی بۆ ساڵێ ئەڕوا...

لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزی سەری هاتە گێژ... قەڵەباڵغی وای نەدیوە... (ئەو جارەش لێرە دابەزین). شارەزای کام شوێنی بەغدا نەبوو. وا وردە وردە هەنگاو ئەنێ... بە نابەدڵی هەنگاو ئەنێ... نەیئەزانێ بۆ کوێ بڕوا. کەچی قاچی ئەجووڵانەوە و پەیتا پەیتا تەماشای ڕاست و چەپی ئەکرد... چەند جارێ شانی لە هاتوچۆکەران ئەکەوت و بۆڵەیەکی ئەبیست، (شێخ مەرقەدی شێخ) لەبەر خۆیەوە یەك دووجار وتییەوە ئەو ترس و خەمەی ڕوومەتی ئاوێتەیان بوو کاتێ شێخی کەوتە یاد ئاڵ بووەوە. لە یەك دوو کەسی پرسی:

– شێخ لە کوێیە؟

بەسەر ڕاوەشاندنێك و شان هەڵتەكان وەرامیان ئەدایەوە.

دووبارە ئەو ڕۆژەی كەوتە یاد كە لەگەڵ (عەلی)ی مێردیا بەگوڵە گوڵ و خۆشی هاتبوون بۆ بەغدا... بەڵام ئەمجارە هاتووە گوایە بڕواتە ماڵ (خۆشە)ی برای و پێكەوە هەواڵێكی بپرسن.

كۆرپەكەی باوەشی گوێزایەوە بۆ ئەو شانی تری و لەپڕ ترس و غەمێك دایگرت، تەنی نشت لە ئارەقی سارد، ئارەزووی گریانی كرد... بێ ئەوەی لە دەسەڵاتیا بێ یەك دوو فرمێسك كەوتە سەر ڕوومەتی. هەستی ئەكرد تا بەرەو بەردەم بڕوا ئۆتۆمۆبیل و هاتوچۆكەران زیاد ئەكەن و دەنگە دەنگ گوێ كەڕ ئەكەن.

– ئەو جارەش وا بزانم هەر لێرەوە تێپەڕ بووین.

بەمە دڵی خۆی دایەوە و كەمێ سەبووری هات... بۆ ماوەیەكی تر ڕۆیشت... گڵۆپی سەر شەقامەكان و كۆگاكان سەوز و سوور و سپی هەڵكرابوون... گڵۆپەكان تا ئەهات تیشكیان بەهێز ئەبوو –یا لەبەر چاوی ئەو وا دیار بوو– ترسێكی سامناك دایگرت و لەشی هاتە لەرزین... بۆ یەكەم جار هەستی كرد ویڵ بووە... گریان قورگی گرت... تفی بۆ قووت نەئەدرا یەك دوو جار لەسەر یەكە... وەك یەكێ لە ترسی شتێك ڕابكا، تەماشای دەوروپشتی خۆی كرد... دواجار وەك نەخۆشێكی فێدار زەق ڕوانییە شەقام و هاتوچۆكەران بێ ئەوەی چاو بپركێنێ... ڕاست و چەپی وەك یەك هاتە پێش چاو و هەروەك هەمووی بەسەر سەریا تێپەڕ ببن سەری گڤەی ئەهات و چەخماغەی ئەدا... مناڵەكەی باوەشی وەك هەستی بە پەشۆكاوی و داماوی دایكی كردبێ زریكەیەكی بۆ كرد... خۆی نووسان بەسنگی دایكییەوە. گورج گواستییەوە بۆ ئەو شانی، لەگەڵ گواستنەوەیدا سووڕێكی خوارد و كەوتە ڕێ بەڵام بێ ئەوەی بزانێ ئەمجارە بۆ دواوە. ئەوەندە هات و ڕۆیشت بەشەقامەكاندا تالە پێ كەوت و هێزی لەبەر نەما و هەرچەندە پرسیاری (شێخ)ی ئەكرد هەموو یەك وەڵامیان ئەدایەوە.

بەرەبەرەش شەقامەكە ئەو قەڵەباڵغەی نەما... لەسەر شەقامەكە پاڵی دا بەدەرەبانەی كۆگایەكەوە... شەقامەكە چۆڵ بوو... تاك و تەرا هاتوچۆكەران تێپەڕ ئەبوون، تا هەندێكیان بە دەروەزەكەریان زانی یەك دوو پارچە پارەیان فڕێدایە داوێنی... بەتەواوەتی شەقامەكە چۆڵ بوو ناو بەناو نەبێ بەتوندی ئۆتۆمۆبیلێك تێپەڕ ئەبوو لە دڵی خۆیا بڕیاری دا تا بەیانی لەسەر شەقامەكە دانیشێ... بەڵام بێ ئەوەی خۆیشی

بزانێ بۆ هەستا و بەشەقامەکەدا کەوتە ڕێ، کات درەنگ بوو... لە پڕ ئۆتۆمبێلێك لە دوایەوە وەستا و یەك دوو پۆلیس لێی دابەزین یەك دوو جار بانگیان کرد، بەڵام ئەم تێ نەئەگەیشت، تا یەکێکیان توند شانی گرت، ڕاچڵەکی لێی پرسی بۆ بەم درەنگەشەوە ئەگەڕێی؟ وایان زانی داوێن پیسە. بەڵام هیچ تێ نەئەگەیشت، خۆی بە عاباکەی پێچایەوە و وتی:

– هاتووم بۆ ماڵی برای مێردەکەم، کە نزیك [شێخە] و بەیانیش ئەڕۆم بۆ لای [عەلی]ی باوکی ئەم کوڕەی باوەشم، لە بەندیخانەیە لێرە...

یەکێکیان بە قاقای پێکەنین ڕووی کردە هاوڕێکانی:

– کوردییە!

قۆڵیان ڕاکێشا بۆ ناو ئۆتۆمۆبێلەکە قیژەیەکی بۆ کرد و خۆی ڕاپسکان شوفێرەکە دابەزی و بەئیشارەت تێی گەیاند کە ئەیانەوێ یارمەتی بدەن، وەك یەکێ واقی وڕ بمێنێ زوبانی حەپەسابێ، هیچی بۆ نەهات وەك شێت سەیری دەمیان ئەکرد. بردیان بۆ لای [معاونێك] لە پشت مێزێکەوە دانشتبوو هەر کە دی ئافرەتێکی باڵا بەرزی جوانکیلەیان هێنایە ژوورەوە هەستایە سەر پێ، بە پەنجە پۆلیسەکانی دەرکردە دەرەوە، بەنیازێکی پیسەوە و چاو پڕ لە ئارەزووی نامەردانەوە لێی هاتە پێشەوە و دەسێکی بەسەر مناڵەکەدا هێنا، مناڵەکەش ڕووی لێ وەرگێڕا و سەری خۆی شاردەوە. دایکیشی لە مناڵەکە پتر ترسا و هەموو لەشی هاتبووە لەرزین... هەستی بەناپاکی بەردەمی کرد، لێوی هاتە لەرزین... وە لە دڵی خۆیا ئەمەی وت:

– لە مناڵییەوە نامووسم بەخێو کردووە، تۆ بڵێی ئەم کابرایە... (کابرا وەك هەست بکا بە شڵەژانی ئافرەتەکە) گەڕایەوە سەر کورسێکەی دەسی هێنا بەو بڕە تیسکە ناشرینەی ئەملا و ئەولای سەریدا، وەك بڵێ – بەخوا نێچیرێکی چاکە – پێکەنینێکی بێ مانای بۆ کرد و یەك دوو کەڕەت لەسەر یەك و بەشڵەژاوی وەك زمانی ئەو نەبێ [لاتخافی] دووبارە کردەوە ئەو وشەیەی کابرا پێی وت هێنایە هەلۆرکە لێوە تەنکەکانی کەوتە جووڵان... جارێکی تر بەر لە ئێستا هەمان وشەی بەرگوێ کەوتووە... [ئەو جارە بوو کە دایان بەسەریانا و، عەلییان گرت، یەکێ ئاوای پێ وت]

کابرا دەرگاکەی بۆ کردەوە، کەوتە بەردەمی، حەپەسان و ترس وای لێ کردبوو چۆن نیشانەی بۆ کردبایە وا ئەجووڵایەوە، دەرگای ئۆتۆمۆبێلەکەی بۆ کردەوە... بەتەنیا بردی

بۆ شوێنێك... لەوێ بەبێ دەسەڵاتی خۆی دا بەدەستەوە... بۆ سبەینێ لە نزیك ئەو شوێنە داینا کە لێی دابەزیبوو.

***

دوای چوار مانگ هەموو شتێکی بۆ کۆمەڵە پیاوەکەی تەنیشت مزگەوتەکەی درکان... ئەوانیش ئەوەی دەماری پیاوەتی گرتی توولە ڕێگاکەیان گرت کە بەرەو ناوچە شاخاوییەکانی بردن.

کانوونی دووەمی ١٩٦٩

# دابەزین

ئەوەی لە شارەکە بەپیاوەتی دائەنرا، ئەم تفی لێ ئەکرد و مۆری ناپیاوی پێوە ئەنا، لایان وابوو هەموو شتێ بەشارەزاییەکی بێ وێنە لە شوێن خۆی دانراوە دەس لێدانی پاداشتی (سەقەرەکەیە) دەمتان کلیل نێن و چاوتان ببەستنەوە قرۆکپ، و وا ڕاهاتووین... ئارەزووەکانی، پێکەنینی گاڵتە پێکردن، زیاتر چرۆی پێ پەیدا ئەکرد و ڕەگی پێ دائەکوتا، ناپیاوەتییەکانیان درۆ و دەلەسەکانیان خۆریان لە نەمامی هیوای ئەگرت، بەڵام یاسای سروشتی وایە: کاتێ نەمام ئەنێژرێ هەورەکان ئەو سەختییەی نامێنێ و ئاسمان بەرەو ساماڵی ئەڕوا، کە جارێکی تریش خۆی لە ژێر «خۆر»دا هەیبوو نەمام ڕەگی خۆی داکوتاوە...

ئەمانەی بۆ فەرمانبەرە بچکۆڵەکانی شارەکە ئەوتەوە، بە:

– چەنی ماوە بۆ سەری مانگ. باسەکەیان پێ ئەبڕی...

ئەوەندەی تر شێتگیر ئەبوو، قینی هەڵئەسا هانای ئەبردە بەر کتێبەکانی ژوورەکەی. هەزار جار ئەمەی پڕ بەگوێ ئەبیستەوە.

– گۆشەگیرە و دوورەپەرێز وەستاوە و خۆی کشانۆەتەوە.

دوورەپەرێزی و خۆکشانەوەی خۆیان لە بیر چووبووا.

لێی تێ نەئەگەیشتن... کردەوەکانیان سەرەوخوار ئەبینی.

لەو ئێوارەیەوە، بەزەیی بەپیرەمێردە کۆماوەکەدا هات و بەپەیژە قوڕاوێ کە سەری خست، لە کاتی گەڕانەوەدا لەگەڵ کچی پیرەمێردەکە ئالان بەیەکا و توندی تونی مەمکی خڕبووی کەوتە سەر سنگی پڕ ئاواتی، وەك تینوویەك دەم بنێتە کانییەوە مژێکی ناوەیە دەمییەوە، ئیتر خۆی داوە (خانە تەپیوەکە) هەموو نیوەڕوانێ چاوەڕوانی هاتنە خوارەوەی پیرەمێردەکەی ئەکرد... لەولاشەوە بزەی سەرکەوتن کەوتە سەر لێوی دانیشتوانی شار

– لە گۆشەگیری دەرچووە

– ماڵیمان کرد.

– تۆبە قەبووڵە

ڕەنگە بە برسێتی ڕابگردایە کچە تاقانەکەی نەبوایە... ئەبوایە ڕۆژی دووجار دابەزایە،

کە سکی تێر ئەبوو مشووری پەیژە قوڕەکەی لێ ئەنیشت.

لە سەرەوەی پێ پیلکانەکەوە وەستا. ترسی هاتنە سەرەوەی لێ نیشت لە گەڕانەوەیدا. «بەڵام ئەبێ هەر دابەزم». ئەبوایە دابەزێ، نەك لە برسانا بەڵکو ڕاهاتبوو.

ئەو ئێوارەیەی لە نەردەوانەکە سەری خست، پیرەمێردەکە بەم جۆرە ناڕەزایی خۆی دەربڕی:

– خۆزگەم بە ئێوەمانان... بێ پەژارە و بێ غەمن... بەلای هەر کەسێکدا دەڕۆم ڕووی ترش ئەکا.

– ئەو تەنگ و چەڵەمە و ئازارەی دێتە (ڕێگامان) نەك هەر تووشی نایەی، بەڵکولە سەردەمی خۆشتدا هەر بەبیرتا نەهاتووە. ئازاری ئێمە لە هی ئێوە زۆرترە.

لەو کاتەدا وای هەست کرد نەك بۆ یەکەم جار گوێی لێ نەگرن، بەڵکو گرێی دڵی خۆشیانی بۆ ئەکەنەوە. پاشان بۆی گێڕایەوە ئەو شەوە گەلێ خەوی خۆشی بینی.

پای چەپی بەترس و لەرز و ئومێدەوە، نایە سەر یەکەم پلەی پەیژەکە لە لای خۆیەوە و دوا پەیژە لە لای لاوەکەوە کە چاوەڕوانی هاتنە خوارەوەی بوو.

– یەکێ دائەبەزێنی و یەکێ سەر ئەخا.

لە دانشتنێکا، سەرسپێکە ویستی بیخاتە سەر (ڕێگای ڕاستی) ئەوەی چەند بارە کردەوە.

– بەلای منەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە نوشستیدایە و دابەزیوە، لەگەڵ ئەوەی لای ئێوەمانان کە ئەبێ هەر لە سەرەوە بێ بەلای ئێوەوە، لە زۆرانبازی دان بێ چەن و چۆن جێکە بەلاکەی ئێوە چۆڵ ئەکرێ بەمە ویستی بەرچی قسەکانی بداتەوە. بەڵام هەمان شتی دووپات کردەوە

– یەکێ دائەبەزێنێ یەکێ سەر ئەخا.

ئەویش دوا بەدوای ئەوا وتی:

– یەکێ دائەبەزێ یەکێ سەر ئەکەوێ.

لەگەڵ هەڵهێنانی پێی ڕاستی، هەناسەیەکی هەڵکێشا. وتووێژەکەی ئەو ئێوارەیەی کەوتەوە یاد، کە گەڕایەوە ماڵەوە بیری کەوتەوە ئەبوایە ئەمەشی پێ ڕابگەیاندایە.

«ئەوەی لە دڵماندایە بە کردەوە ئەیسەلمێنین، کردەوەکانمان خۆمانین، بەڵام ئێوە کاتی خۆی هیچتان بۆ ئێمە نەکرد، هەمان هەڵەی ئێوە دووپات ناکەینەوە».

كە بەكەساسی ئاهەكەی هەڵكێشا بەتوندی داردەستەكەی هاوێشتە بەردەم پێی یەكێ یەكێ لە پەیژەكانی سمی، وەختە بوو لەسەر دەم بكەوێ.

هێزی دا بڕوا بیگرێتەوە، لە دڵیشەوە ئارەزووی نەمانی ئەكرد.

لە سێیەمین پەیژەدا وچانێكی دا، نەیتوانی لەوە زیاتر چاوەڕوانی بێ، بۆیە بڕیاری دا بڕوا دەستی بگرێ و بیهێنێتە خوارەوە.

بەپێچەوانەی هەموو جارێكیانەوە ڕووی گرژ بوو. ویستم بیدوێنم:

– هەناسەیەكت هەڵكێشا چی غەمێكت هەیە و، ئاواتی چیت لە دڵایە؟

– ئاواتێكی ئەوتۆم نییە. غەیری سكم تێركەم، كە تێریش بووم هۆڵی سەركەوتن و دابەزینی پەیژەكەم لێ دێ.

كاتێ بەدەس پان كردنەوە لەم دووكان بۆ ئەوی تر ئەڕۆیی.

بە دوو قەڵەمباز خۆی گەیاندە سەرەوە و لە تەنیشتی كچەكەوە دانیشت.

– گیانەكەم هەزار ئاوات چاوەڕوانی ئێمەیانە بیهێنینە دی، یەكێ لەوانە ئەم خانە تەپیوە هەڵوەشێنم. لە بری ئەو پێپلیكانە ڕووخاوانە بۆ منداڵەكانمان پێپیلكەی پان و ڕێك دامەزرێنم، نەك بۆ سواڵكردن پێیا بڕۆن و بێن، بەڵكو بۆ چوونە قرتابخانە و باخچەكان.

– ئەگەر كچ بوو ناوی بنێین چی؟

– ژیان

ئەگەر كوڕ

وشەی دوایی تەواو نەكردبوو غەڵبە غەڵب لە خوارەوەی پەیژەكە پەیدا بوو. بەچوار دەستە پیرەمێردەكەیان هێنایە سەرەوە.

شوباتی ١٩٧٢

## چەرخێکی کەش

## بایز تەمەنی هەر وەك ئێستا ئەبێ

بەبێ ئاگایی دایکی، تەشتە مسەکەی هەڵدایەوە، لەتێ نانی لە سفرەکە دەرهێنا ژەنییە جامە ئاوەکەی تەنیشتی. بەبازدان ماوەی نێوان کوختەکە و دەرگای حەوشەی بڕی... ئەنجا ئاوڕێکی دایەوە، کە دی دایکی دیار نییە هەنگاوەکانی گورج کردەوە، تا بەردەمی دەرگای ماڵی حەمەی هاوڕێی نەوەستایەوە. لەتە نانەکەی خستە ژێر هەنگڵێوە، پەنجەکانی تێکەڵ یەك کرد، هەردوو پەنجە کەڵەشی نووشتانەوە، لە نێوان هەردوو لەپیا بۆشاییەکی لێ پێك هانی. دواجارش بەئاستەم لێوە تەنکەکانی خستە بۆشایی نێوان هەردوو پەنجە کەڵەی و تا هێزی تێدا بوو چەند جارێ فووی پێدا کرد، بەو دەنگە – کە لە دەنگی کۆترە کێوی ئەچوو – بانگی حەمەی پێ کرد، ئەویش هەر لە حەوشەوە بۆی سەندەوە. وەك لە پێشا ڕێك کەوتبێتن لەسەر جێگای یاریکردنیان، کۆڵانە لێژەکە خلی کردنەوە بەرەو پانتایی خەرمانەکانی پاین دێ، لە ناو [تارمە] کایەکدا خۆیان تلاندەوە. بایز لە ناو کاکەدا هەڵنەسابوو چنگێ کای هاوێشت بۆ حەمەی هاوڕێی کەچی باکە بەرەو ڕووی خۆی کردەوە، وەك زەردەواڵە پێوەی دابێ قیژاندی و بەهەردوو دەستی چاوەکانی پۆشی. حەمەی هاوڕێی لە سەر چۆك لە بەردەمی دانشت کراسەکەی خستە سەر چاوییەوە و فوویەکی پێدا کرد و وتی:

– دوێنێ شاوەیسی کوێخا عەزیز هەردوو چاوی پڕ کردم لە کا و ڕای کردەوە بۆ ماڵەوە و بەتەنها بەجێی هێشتم.

– دایکم هەموو ڕۆژێ پێم ئەڵێ یاری لەگەڵدا نەکەی... دامێنی منداڵەکان هەڵئەداتەوە و ئەڵێ دەرپێتان لە پێدا نییە.

– بابڕۆین مار هەنجێنی بکەین.

– من بەیانی ئەڕۆم بۆ ماڵی پوورم لە شار... بەتەنیا ئەمێنێتەوە.

– لەوێ لەگەڵ کێ یاری دەکەی؟

– دایکم ئەڵێ لە سەرتاشخانەکەی مامت دات ئەمەزرێنم.

– ئەزانی سەر بتاشی؟!... ئەمەی وت و لەتە نانەکەی بایزی هاوڕێی لە ناو کاکە دەرهێنا و بە بەرۆکی پاکی کردەوە، پڕ بەدەم پاروویەکی بڕی و وتی:

– نانەکەی ماڵ شاوەیس چەند سپییە؟!

– ئەڵێ ئەم خەرمانانە هەمووی هی ئێمەیە.

زەردەواڵەیەك بەباڵە فڕێ و گیزە گیز چەند جارێ بەسەریانا هات و چوو، لەولایانەوە نشتەوە سەر توێکڵە شووتییەك. هەردووکیان تەماشای یەکتریان کرد و لە یەك کاتدا پەنجەی شایەتمانیان خستە سەر دەمیان وس... و... س... س

حەمە پووشێکی گرتە بەدەستەوە بەدزە نزیك بووە تا پووشەکەی چەقانە چزووی زەردەواڵەکەدا، بەیەکەوە هاواری خۆشییان لێ هەڵسا... یاری تەیارە... یاری تەیارە... هەندێك لە پووشەکەیان قرتاند تاکو بتوانێ هەڵفڕێ، ئەوانیش دوای کەون، لە خەرمانەکان دووری خستنەوە لە یارییەکەی خۆیان بەولاوە ئاگایان لە هیچ نەبوو گرمە گرمێك بەئاگایانی هێنا. گوێیان هەڵخست. بەڕاکردن خۆیان گەیاندە گردەکەی تەنشت ڕێگاکە. بایز دەستە بچووکەکانی دا بەبا یەکا و شانی حەمەی هاوڕێی گرت

– دایکم ئەیوت ئەگەر ئۆتۆمۆبێل دەست کەوێ ئەمڕۆ ئەتبەم...

ئێستا ئەڕۆم حەمە گیان... قوتابخانە کرایەوە دێمەوە... ئێ؟

ئۆتۆمۆبێلەکان تا ئەهات زۆر ئەبوون... هەندێکیان لاڕێیان گرت، ئەوانی تریش بەتوندی بەرەو دێی [سەر شۆڕاو] ئەهاتن بەتوند زۆر بەتوندی... حەمە و بایز وەك دوو کۆترە کێوی واشەیان دیتبێ ترسان. لەسەر چیچکە دانشتن و دەستە بچووکەکانیان خستە سەر ئەژنۆیان

– با ڕاکەین بایز تا ماوەیەك بێ دەنگ بوو

– بۆ؟

– با ڕاکەین.

بنجکیان لێ بۆوە بەڵام... هەر لە دوورەوە دەسترێژ دەستی پێ کرد دوو کۆترەکە تلاوتل کەوتنە ئەو دیوا بۆ سبەینێ دایك و باوکی هاتن بۆ [دووز] بایزبان لەگەڵ نەبوو.

کانوونی یەکەمی ١٩٧٢

# وێڵی دوای نامەیەك

– ... سبەی وەرەوە.

ئـەو ڕۆژەی لـێ ئـدەبـووە ساڵـێ. بـەدرێژی ڕۆژەکـەش جـیـهـانـێکی خـۆشی بـۆ خـۆی و خـێزانـەکـەی لـەو سبـەینـێدا دادەمـەزراند، ئـەو ئـاوات و جـیـهـانـی دامـەزراوی خـەیـاڵـەی دوێـنـەی هـەڵـدەوەشـایـەوە و هـەڵـدەتـەکـایـەوە، کـە جـارێـکـی تـریش [سبـەی وەرەوەی] ئـەبـیستـەوە... بـەهـەردوو دەست پـاڵـدمـی ئـومـێدی بـەر نـەئـەدا... ئـومـێدی لـە سبـەینـێی نەئەبڕی... گیرفان و سەیری تا ئەهات کەمی ئەکرد تاسبەی وەرەوەی ژمارە حەوتی بیست. پێکەنی. ناچار گەڕایەوە [ناهەقم نەبوو پێکەنیم] هەرچیم هەبوو بەدیار نامە بۆرەوە سەرف بوو و هیچ. نامەکەیان دایە دەستی پێکەنی، وایان زانی شوکرانە بێژە. کە پـێکـەنـی تـرسا، وەك لاستـیـکـی کـرژ لـێوی چـووە سەریـەك نـاهـەقی نـەبـوو، گوزەرانی خێزانەکەی لە نامەکەدا ئەبینی... (دایکم وەك من چاك بوونەوەم باوکمی لە نامەیەکدا بەدی ئەکرد... نیشتە شوێن هەوا و بنماڵییەکەی و ختییە دەست مەلای دێکە، کە نامەکەی قەمچ ئەکرد لە ژێرەوە ئەیڕوانییە قاچی دایکم، ئەوساش پێکەنیم، دوای حەوت ڕۆژ خۆی ڕزگاری بوو و منی تووش کرد).

سبەی وەرەوەی ژمارە حەوت کاسی کردبوو، خۆی گەیاندە چایخانەی ژێر ئۆتێلەکە بۆ سبەینێ گەڕایەوە... بە وەرسبوونێکەوە هەموو گرانی لەشی خستە سەر قۆڵی و توندی کرد لە تەختەی چایخانەکە، لەو ڕۆژەوە گەڕاوەتەوە بڕیاری داوە چاوەڕێی هیچ نەکات. [حەوت ڕۆژ... حەوت ساڵ بوو چاوەڕوانی وتەیەکم کرد... ڕەنگە نەیانزانیبێ چیم ئەوێ!!] (ئافرەتەکەی هاوسێمان ئێستەش چاوەڕێی کوڕەکەیەتی... پێی دەڵێم نایەتەوە). غەڵبە غەڵبەکە، چایخانەکەی ئەوێی هێنایەوە یادی [لەوێش کۆمەڵ کۆمەڵ دانشتبوون وەك ئێستا تەنیا بووم. هەموو دەمیان ئەجووڵا کەچی نەم ئەزانی دەڵێن چی... دەستیان... دەمیان سرەوتیان نەبوو... تا چاپچێکە دەمی لێك نەئەنا... ڕادیۆکە بەگڵۆپە سەوزەکەیا دیاربوو چەنەی ئەدا، کەچی کەس گوێی لێ نەدەگرت، بۆ خۆی ئەدوا غەڵبە غەڵبەکە وەك ئێستا لە گوێما پەنگی ئەخواردەوە، کەچی هیچی لێ تێ نەئەگەیشتم... لەو هەزاران پیت و دەنگانە نەم ئەتوانی تەنیا پیتێك دەنگێك چییە جیابکەمەوە لە یەك، غەڵبە غەڵب و گرمە گرم و هیچی تر قورگم وشك بووبوو، زبانم وەك پارچە تەختەیەکی لێ هاتبوو. داوای

ئاوم کرد..] بێ ئەوەی هەست بکا بەدەنگێکی بەرز وشەی [ئاوی] لە دەم دەرچوو – وەك لەوێ دانیشتبێ... لە یەکدانی جامەکە و دۆڵکەی دەست شاگردە منداڵەکە ڕایچەنی. پێکەنی.

کیژێکی تازە هەڵچوو بە بەردەم چایخانەکەدا تێپەڕی، کۆمەڵەیەکیان دەست و دەمیان لە جووڵە کەوت و چاوی برسییان بڕییە کچەکە تا لە چاو ون بوو... دینار و نیوێکم پێ مابوو تووشم بووە تووش ناسیاوێکمەوە کە دەمێك بوو نەمدیتبوو... ژمارەیە زۆر کۆڵانی تەنگەبەر و پێچاوپێچمان بڕی تا چووینە ماڵێکەوە... هیچم بۆ نەکرا لە پەژارەی نامەکەدا دینارێکیشم دۆڕان.

– دوو دەست دۆڕاندووتە.

– ئەمجارە تاوە.

[من لە دایك بووم دۆڕانم] غەڵبە غەڵبەکەی دەوری نەمابوو کەچی هەستی بەکرم و هاژەی سەری ئەکرد کەچاوی بەرز کردەوە خۆی بەتەنیا دی وای ئەزانی کوردیینەکان پێی پێئەکەنن.

تەموزی ١٩٧٢

# دان پیانانی نامەردێك

[کۆرپەی شیرینم: لەم نامەیەی ئەمجارەمدا، باسی خۆمت بۆ نانووسمەوە، هەواڵی هاوڕێکانت پێ ڕادەگەیەنم و داوای شتێکی گرنگت لێ دەکەم: دەزانم داپیرە گەلێ ئەفسانەو، داستانی پڕوپووچی ئاخنیوەتە مێشکتەوە، تا بوونەتە شیرپەنجە، خۆتی لێ بتەکێنەوە ئەزانی..]

ئەمە سەرەتای نامەیەك بوو، بۆ ئافرەتێك، خوێندمەوە، منداڵەکەش کە نامەکەی بۆ هاتبوو، بە پەرۆشەوە، گوێی لێ دەگرتم.

دانی پێدا ئەنێم: لەبەر ئەوەی منیش بەداستان و وتەی پڕ و پووچ گۆش کراوم، نەمتوانی نامەکە وەك خۆی بنووسمەوە...

سێ مانگ بەسەر هاتنی نامەکەدا تێپەڕ نەبوو، ئافرەتەکە بێوەژن کەوتە.. خۆی بەڕێکخراوێکی جیهانی ناسی، ئەوەی ناردیان بۆی خستمە ژێر کاشی ژوورەکەمەوە تاکو شێ نەگرێ –نامەردم–.

دانی پێدا ئەنێم: کاتی خۆی منداڵ بووم هەموو شەوێ خۆم ئەئاخنییە بن باڵی داپیرەوە و داوای دووپات کردنەوەی داستانی [مەردو نامەرد]م لێ ئەکرد، ئێستاش نازانم بۆ؟ زۆرترینی [نامەردم] خۆش ئەویست، بۆیە ئێستەش کردەوەکانم نامەردیی لێ ئەتکێ [هەموو داپیرەکان کۆبکەینەوە جارێکی تریش ئەوەندەی تر تەمەن بکەن، تائەفسانە بگێڕنەوە، هیچی لێ فێر نابێ... بەگوێرەی کارەساتەکەی ئەمڕۆ نابێ کە چاو trووکاندنێکی برد و نەبرد]

کارەساتەکە: بە کورتکردنەوە و دەستکارییەکی زۆرەوە لە نامەکەوە وەرم گرتووە:–

پەپو هەزاران لانەی بۆ پەیدا کراوە، ساڵ بارانە و ساڵ و هاتە، بەڵام لە ساڵ گرانییە گەورەکە ئەچێ، هەر مەردمێ زەروویەك نووساوە بەردەم و چاویەوە، کەچی منداڵەکان لەیاریی خۆیان ناکەون.

– هەیاران و مەیاران یاخوا بی کەیتە باران.

قرچەی هاوینە، باران دەستی پێ کرد، بریسکە، گرمە، تێزاب و ئاسنیش بارانەکەی،

چاو تررووکاندنێکی نەبرد پێنج، شەش، هەشت بێ سەر و دەست مانەوە.

[پڕ بەپێستی وشەی کارەسات بوو. دێ گریا. چەکە بێ ئارامەکەی دەستمان لێنایین. هەموو شتێ ڕەنگی جارانی نەما مزگەوت و ماڵەکان ڕەش هەڵگەڕان. ئاسمان شینایەتیی نەما. تەپۆڵکە و دەشتاییەکان سوور بوون لەبەر چاوم. قوڵی یەکێ لە هەشتە کەبە بڕوای چرچ و ناشیرین دیار بوو ئاڵابووە ملیی هاوڕێیەکی خاوەنەکەی] مناڵەکە کاتێ ئەمەی بیست. دەستی کردە ملی دایکی و چاوی بڕییە دەمم، وەك دەنگ و باسی ناو ڕۆژنامەیەك ئاسایی و بەپەلە ئەمخوێندەوە.

[کۆرپە شیرینەکەم: بۆ ئەوەی منت لەیاد دەرکەن و بتخەنە باوەشی خەو، کۆمەڵە داستان و چیرۆکێکی پڕ لە درۆ و دەست هەڵبەست بۆ ئەگێڕنەوە، مناڵەکان لێرە – لای باوکت – بەدەم باسی ئەو هەشت هاوڕێیانەوە پێڵوو لەیەك دەنێن، بەچاوی خۆیان دیتیان مردن چییە باش شارەزای بوون. هەر چەنێ یادت بکەم، لە خۆمیان کۆ دەکەمەوە کە چاوە گەشەکانیانم تێ ئەبڕن و بەدانە بچکۆڵەکانیان لێوی خۆیان ئەکرۆژن موچڕکی خۆشی ئەمگرێ. چونکێ ئەزانم ئاشنایەتییان لەگەڵ مردنا پەیدا کردووە، نەك بۆ ئەوەی بمرن و ڕازی بن پێی، بەڵکو مردن پەیدا کەن بۆ مردن.

# ئەسپ

# سێ هۆڵ

بەنیازی لە بیربردنەوەی ڕووداوەکانی هۆڵی یەکەم و چوونە ناو ڕووداوە پڕ سەمەرەکانی ئەم جیهانەوە، یەشتانە مەستی جیهانی نارەوای هۆڵی دووەم بووین خۆمان کرد بە هۆڵی سێیەمدا.

دووکەڵ، شێ، بۆنی ئافرەت، تاریکی، وەك گۆیەکی سەر گێژەنگ بۆ ماوەیەك جیهانی هەردوو هۆڵەکەی لە بیر بردینەوە، ئەویش لەوەدا دیاربوو: چەپڵەیەکی توندم لێدا، یەکێکی ترمان وەك تۆ نەدی و پەنجەکانی خۆی لێستەوە و بەرەو ئافرەتی سەر شانۆکەی بەرز کردەوە و بێ ئەوەی تەماشای کورسییەکە بکا سەرەوخوار لەسەری دانیشت، ئەو مرۆڤەش دەمێك بوو دابوومە بەر زەین و هەموو ئازاری ئەم دونیایەم لە ڕوویا بەدی دەکرد، دەموچاوە چرچەکەی گەشایەوە و بە قاقاییێکی لە دڵ دەرچوو تریقانەوە بەڕووی هۆڵ و دانیشتوانیا، نەپڕژامە سەر دووانەکەی کەمان، دەوری مێزە فۆڕمیکەکەمان دا.

شانۆکە تاریکی پێچایەوە، سوور هەڵگەڕا، شین هەڵگەڕا، ئافرەتی سەر شانۆکەش سوور دەبوو، شین دەبوو، سەوز دەبوو، خەڵکەکەش بۆ ئافرەتە سوور و شین و سەوزەکە هەر چەپڵەیان لێ دەدا، تاکو لەو دیو پەردەکەوە خۆی دەشاردەوە

*«هەموو شتێکی ناو ئەم هۆڵە ئەو نیازەی بۆی هاتبووین فتی دەکات، لە بیربردنەوەم لە یاد دەردەکات و بەئاگام دەهێنێ دیمەنی ناو هۆڵەکانی تر وەك زەردەزی دەچەقێتە چاوم»*

چەپڵە گەرم و گوڕەکەی من، دەست بەرزکردنەوەی ئەمەی تەنیشتم، ئازار و کڵۆڵی ئەمی تریان وردە گلەیی (حەمەی) هاوڕێم، خۆ متکردنی دانیشتوانی سەر کورسییە ساردەکان، دیمەنێکی دووبارەکراوبوون!!.

خرمەی چەپڵەڕێزان بەئاگای هێنام، تا توانام بوو چەپڵەم لێدا. دەرکەلووو، ئەمەی تەنیشتم لەگەڵ تریقانەوەدا ئەوەی دووبارە و سێ بارە دەکردەوە، نەمدەزانی مەبەستی چییە.

*«ڕەنگە دیمەنێکی ناو یەکێ لە هۆڵەکان بێ».*

لەودیو مێزێکی ڕازاوە پێکەکەی بەرزکردەوە بۆ کۆمەڵێك بەتیلایی چاوی چەپیشی

دەپڕوانییە سمتی کچێکی چاوڕەشی باریکەلە. ئێستاش بۆ ئافرەتی سەر شانۆکە دەست هەڵدەبڕێ.

لە یەکەمیاندا لە ئازاری ئەم نەدەگەیشتن، دەتریقایەوە بەڕوویانا، لە دووەمدا تریقانەوە ئوسوڵ نەبوو، بزەی تێکەڵاوی ئازار دەکرد، لێرەش تریقانەوە. تۆ بڵێی یەکێ لەم سێ هۆڵە ڕاستگۆ نەبێ؟!!!، یا کام تریقانەوە لە هەمووی ڕاستتربێ؟؟ ڕاستی لێرە پارەیە، ئەوەی دامان نابوو ڕەوشتی پێغەمبەر ئاسایە، لە جارێ زیاتر خۆی لێ ون دەکردین و لە پێچێکی تاریکدا بەخەیاڵ مەمکی ئافرەتێکی دەگوشی.

«ماڵ بێ پارەیی بڕمێ».

– دەمەوێ لە نزیکەوە شارەزای ئافرەتێك ببم و لە شیعرێکدا دەری ببڕم.

–.......

قەڵەباڵغیی سێ هۆڵەکە مێشکمانی ورووژاندبوو، بەیانییەکی نوێش نزیك بووبۆوە... شەقامەکە سارد و بێ دەنگ کشابوو .. کرێکارێکی کڵۆڵی تاکو ناخ مەستیش تازە نیازی چوونە ژوورەوەی بوو، بە مەبەستی خۆ دزینەوە لە هۆڵی چوارەم.

١٥/ ١/ ١٩٧٤دووز

# ڕێگا و سەرمایەکی ناکاو

سەرمایەکی ناکاو دەستی زۆربەی مەردمەکانی سەر شەقامەکەی بەردەمی خزاندبووە نێو تۆی پاڵتۆ ئەستوورەکانیانەوە سەریان وەك چەپۆکی بەرکەوتووبێ چەنەیان شۆڕبۆوە و لە سنگیان ئەسوا، گرێیەك ملیشیان چەقیبووە ناو لەشیانەوە، هەندێکیش چەقەی دانیان دەهات. ناسیاوێکی هەر دوو دەستی لە ناو گیرفانی پاڵتۆکەیەوە هێنابووە یەك و جووتی کردبوون بەڕادەیەکیش ملی خۆی لێ خێسە کردبوو نووکی پێی بەحاڵ دەدی، بەتەنیشتیا تێپەڕی ورتەی لێوە نەهات.

*«ئەشێ سەرمایەکی ناوادە، بەم جۆرە بیانهێنێتە دانەچۆقە؟ کار وا بڕوا بەرگەی سەرمای زستان ناگرن... سەرماکە نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی دەم و دەست لە جوولە بخات... سبەینێ لەسەر تەختەی قوتابخانەکە لە بری پەندی پێشینان دەنووسم «سەرماش مرۆڤ بێ هۆش دەکا!».*

تەنیا نەبوو، زۆری لەوانەی سەر شەقامەکە وەکو ئەم بێ پاڵتۆ بوون.

درەختەکانی قەراخ شەقامەکە کەوتنە هەلۆرکە، پارچەی ڕۆژنامە زەرد هەڵگەڕاوەکان و وردە چیلکە و پووشی سووکی سەر شەقامەکە لە چڵکاوی قەراخ شۆستەکەدا گران دەبوون و ئارامیان دەگرت و لە جووڵە دەکەوتن. دڵۆپێکی گەورە بەر ناوشانی کەوت، یەکێکی تر بەر مەچەکی.. نە یەکێکی کە.

چاوی لێ بوو، یەك دوانێ کەوتنە لۆقە، گەلێك کۆڵانی تەنگەبەر لە ڕاست و چەپەوە دەمیان بۆ شەقامەکە داچەقاندبوو، زۆر نەڕۆیشتن کۆڵانەکان قوتیانی دا. (کە هاتمە دەرێ دایکم پاڵتۆکەی بۆ هێنام..) ویستی بگەڕێتەوە (نەء ئەوەندەی تر و دەگەمە باغچەکە) ترپ.. ترپ. ت. رپ. ت. رپ، هەستی کرد هەنگاوەکانی گران دادەنێ.

*«بگەڕێمەوە؟ .. درەنگە».*

بارانەکە دایدا، شتەکانی بەردەمی تەمێکی تەنك پۆشییانی، لەم کاتەدا دەرکی بەوەکرد کە: ئەوەی ئێستا لەسەر شەقامەکە ماونەتەوە وەك ئەو بێ پاڵتۆن و بەرگێکی ئاساییان لەبەردایە (سەرمای ناوادە زۆر ناخایێنێ).

*(سەرمای ناوادە زۆر ناخایێنێ).*

ئۆتۆمبێلەکان جامەکانیان هەڵکردبوو، تەڵخ دیاربوون، بەرەو ناوەوەی شار بەتوندی دەهاتن. کۆڵهەڵگرێك لە ژێر سەنگی کۆڵەکەی سەر شانی دەلەنگی، چەند هەنگاوێك لەبەردەمیەوە تەکانی دەدا، قوتابییەك لایەکی چاکەتەکەی بۆ کتیبەکانی کردبووە چەتر، هاوشانی دەگرت کە ڕیزی کتیبەکانی تێك دەچوو دەوەستایەوە... پارچە کاغەزەکەی دەرهێنا.

*«باخچەکەی باکوری ڕۆژهەڵاتی شار... ئەودیو گۆڕستانەکە.. کات؟»*

کاتێ چێشتەنگاوێ درەنگ قاقای پێکەنین و پل تەقاندنی هاوسێکەیان بەئاگای هێنا، نووسراوەکە لە ژوور سەریەوە دانرابوو، گورج خوێندییەوە، جارێکی تر پیاچووەوە (ئەی کات؟) ڕاما، خوێندییەوە.

*(ڕەنگە لە دیاری نەکردنی کاتەکەی مەبەستی ئەوەبێ: هەر کاتێ بگەم ئەو لەوێ دەبێ.. تا زوو بڕۆم درەنگە).*

بەدەم نانخواردن و خۆ ڕێکخستنەوە لەبەرخۆیەوە دەیوتەوە هەروا ئاوازێکیشی بۆ دانا، بەشپرزەیی پاکەت شقارتە، کتێبێکی هەڵگرت و لە ماڵ هاتە دەرەوە.

ویستی ئاوازەکە بڵێتەوە و لەگەڵ ترپەی پێیدا بیگونجێنێت.

(تا زووە برۆ.. بەڕاستی دوورترین و خۆشترین باخچەیە).

کاغەزەکەی ختەوە گیرفانی. خەیاڵی بەر لە خۆی گەیشت (هەناسەبڕکێ و ماندوویەتی ڕێگاکە تا سەرماکەی ئەمڕۆش لە باوەشی گەرمیدا لەبیر خۆمی دەبەمەوە.. چەمکی بەرگە کوردییە سەوز و زەرد و سوورەکەی دەکەم بە چەتر بۆ هەردووکمان .. لە بن دارێکی بەردار دادەنیشین تامەزرۆیی چەند ساڵەی ژیانم دەشکێنم.. ئینجا پیلان دادەنێم... ئا.. باسی ڕێگاکەی بۆ دەکەم، دواجار.. دواجاریش....).

– ئەوە چییە بە کۆڵتەوە؟!.

– پەیینە، بۆ باخچەکەی دەبەم.

کۆڵهەڵگرەکە بێ ئەوەی سستی بخزێنێتە ناو هەنگاوەکانییەوە وەڵامی کابرایەکی دایەوە.

تەمەکە لەبەر تیشکی ڕۆژ دەڕەوییەوە. ئاسمان شین و ساماڵ دەرکەوت.. درەختە بەرزەکانی باخچەکەش لەودیو گردی گۆڕستانەکەوە دەرکەوتن، بایێك بەئاستەم سەرەتاتکێی پێ دەکردن لەگەڵ خۆردا.

کانوونی یەکەمی ١٩٧٣

# کورتەی چوار چیرۆکی یەجگار درێژ

## چیرۆکی یەکەم

قـۆڵ وەشانـدنـی مـام (عـەبـدل) بـەدرێژایـی ڕۆژگـار و کـەنـەفـتـی لـەشی و ئازاری باریکی پشتی کاتێ زەردەپەڕ دەگەڕایەوە خێزانەکەی بەدەستە سپییە گۆشتینەکانی دەیشێلا و بەدەم تریقەی پێکەنینەوە چای لەسەر چای بۆ تێ دەکرد دەحەسایەوە و ماندوویەتی دەردەچوو،

بەوپەڕی خۆشەویستی و ئارەزووەوە چاوی بڕییە چاوە کاڵەکانی، دەیڕوانییە ئەو دوو دەریایە زیاتر هەستیی بەئارامی پێ دەکرد و هێز و توانای دەخستە بەر. لەپڕ، وەك زۆر جـاری لـەمـەوبـەر و لـەم ساتـانـەدا لـە ئـاسۆی ئـەم کـامـەرانـیـیـەدا تـەمـێك لـە نـاخـی هـەردووکیانا سەری هەڵدەدا و تارایەکی ڕەشی دەدایە سەر ئەو خۆشییە.

زۆرجار بە تەنیا دادەنیشت، سوخمەکەی دەترازان، بە مەمکەکانی خۆیدا دەیڕوانی، گۆی سوور هەڵگەڕاوی لە نێوان دوو پەنجەی دەنا (هەر بۆ دەمی ساوایەکی خنجیلانە دەشێ). دەستـێکـی دەخستـە سەر ڕانـی، بـەدەستـەکـەی تـریشی وەك کـۆرپـەلـەیـەکـی لـە بـاوەشدابـێ، بـەدوو پـەنجە گۆی مـەمکـی دەگرت بۆ دەمـی، چـەند جـارێکیش لـە پـارچـە قوماشی سەوز و سپی و زەرد و سوور بۆی دەبڕی و لە بوخچەدا گرێی دەدا..

سەری خستە سەر ڕانیەوە، بێ ئەوەی تەماشای ڕوومەتی بکا دەستی برد بەدوو پەنجە یاری بەگۆنای گۆشتنی کرد (چی دەبوو گەر منداڵێکم بوایە و بەم چەشنە لە کار و فرمانی ناو ماڵەی بکردایەم و ئە ئاوا سەرە بچکۆڵەکەیم بخستایەتە سەر ڕانم).

لەپڕ بێ ئەوەی لە دەسەڵاتیابێ دوو دڵۆپە فرمێسکی گەرم کەوتنە نێو چەوانی.

– ئەگری؟!! ... چەند جارم پێ وتی دەمانبێ، ئەمڕۆ نە سبەی، چەند جارێ سکت پڕ بوو کەچی بە نیوەچڵی.. (هیچم لە پیاوان کەمتر نییە، لە قۆڵ وەشاندن و ئیش و کاریشدا کەس پێم ناگات، پیاوی ڕەش، سپی، هەموو توانای ئەوەیان هەبێ مناڵیان ببێ من نەبێ....).

لەگەڵ شوللە وەشاندا تارمایی مناڵێکی خنجیلانە بەرچاوی گرت... تریقەی پێکەنینی

ئەو دەشتەی گرتەوە، دەستی بۆ کێڵگەکانی دەوروپشت درێژ کرد... گەورەبوو.. گەورەتر، سەری گەیشتە لووتکەی شاخەکەی تەنیشتی، سەری هەڵبڕی، سێبەری شاخەکان دابوویان لە یەك.

لە گەڕانەوەیدا وەکو هەموو ڕۆژانی ڕابردوو، بە زەردەخەنەیەکی گەشەوە ماندوونەبی لێ کرد. چاوی بڕییە دوو دەرییەکە، هەستی کرد وا زەردەخەنەکەی خەریکە لە باڵە فڕێ دەکەوێ، گورج دەستی گرت و وتی:

– ئەم جارەیان بەنیوەچڵی نابێ و مناڵێکی چاوگەشمان دەبێ...

## چیرۆکی دووەم

نە من نە چالاکی کوڕم مامە فرۆیدمان نەدیوە، من شتێکیم خوێندبێتەوە خۆ چالاك هەر ناویشی نەبیستووە گەر لە ژیاندا دەبوو قەرزی هەزارم بۆ دەکرد و بۆ لێکدانەوەی ئەم خەونەی چالاك خۆم دەگەیاندە خزمەتی.

خەونەکە: *گەردەلوولێ هەڵی کرد قرچە قرچی خستە درەختەکانی سەر شەقامەکانەوە، گوڵی ناو باخچەکانی وەراند، ماڵەکان پەنجەرە و دەرگاکانیان کڵۆم دا، دەعبایەك لە قیر ڕەشتر هەموومانی خزانە ناو عەمارێکی ئاسنەوە، دایکم لە گەرمادا یەخەی خۆی دادڕی... مەمکەکانی کەوتنە دەشت، هەڵقرچابوون... تینووم بوو، مژم نا وە مەمکەکانیەوە هیچی تێدا نەبوو، دایکم فڕێیدامە دەرەوە، کابرا بە دایکم پێدەکەنی... کاتێ لە خەو هەڵسام لەشم زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئارەقەی پیا دەهاتە خوارەوە، ئەوەبوو تۆ لێفەکەت بەسەرما کێشا منیش توند خۆمم نووساند بەتۆوە.*

– چەند جارم پێ وتی ئێواران شتی چەور مەخۆ.

## چیرۆکی سێیەم

هەردووکیان هێشتا حەپەساوی چاو زەقکردنەوە و جوێندانی ناشیرینی، کابرای (قشڵە) بوون، لە کەنار شەقامە گشتییەکە دانیشتبوون و چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلیان دەکرد، زرمەی پێی دوو یاساوڵ سەرنجیانی ڕاکێشا. لە جگەرە تێکردن کەوتن، هەموو لەشیان بوو بە چاو، ترسی دونیاش لە ڕوومەتیاندا کۆ بووەوە. سەر و شایەتمانیان هێنا، کاتێ بەرەو

منارە عەبباسییەکە ڕۆیشتن. یەکێکیان بەباڵ چەند جارێ لە لەقلەقی سەر منارەکە کشی کرد، بەڵام ئەو زۆر بەدڵنیاییەوە لە سەر یەك پێ دەیڕوانییە دەشتە بەپیتەکەی گەرمیان، پەلهاویشتن و کشکردنیان هەڵی نەدەفڕاند، زرمەی تفەنگی یەکێکیان باڵی پێ دا بەیەکدا و ریقنەی سەر منارەکەش سوور هەڵگەڕا.

تەماشایەکی یەکتریان کرد، بێ دەنگ دەستیان کردەوە بەجگەرە تێکردن.

## چیرۆکی چوارەم

. . . . . . . . . .

. . . . . . . .

. . . . . .

. . . .

. . .

.

ئاداری ١٩٧٤

# كارەساتی قارەمانی ناو چیرۆكێ

كات یەك و نیوی پاش نیوەشەوە.

(ترم... ترم... رم...ترم) لە كتێبەكەی دەستی بووەوە، لەسەر گازەرای پشت لەسەر نوێنە سارد و چۆڵەكەی ڕاكشا، بنمیچەكە بووە شاشەیەكی سەرەوژێر، ڕووداوە ئاڵۆزەكانی ناو كتێبەكەی تەنیشتی لەسەر دووبارە دەكرایەوە، چیرۆكەكە لەسەر تەكنیكێكی نوێ و ئاڵۆز داڕێژرابوو، هونەرمەندی و توانای چیرۆك نووسەكە لەوەدابوو فراوانی دابووە بابەتێكی سادە:

لاوێك دوای سەدان شەونخوونی و ماندووبوون جۆرە وانە و نۆتەیەكی دانابوو بۆ منداڵانی دێیەكی نزیك، بەڵام ڕێی نادرێ.

(ترم.. ت.. رم .. رم) دەنگی ڕاژەنینی بێشكەی ژوورەكەی تەنیشتی لە درزی دیوارە شەقاربووەكەوە خۆی دەكرد بە ژوورەكەیدا، ڕووداوەكانی سەر بنمیچەكەی لێ لێڵ دەكرد، چەند جارێ لە هەڵوێستێكی ناسك و سەرنج ڕاكێشدا ڕووداوەكەی دەقرتاند هەستی، بوراق ئاسایی ماوە و جێگا دوورەكانی دەهێناوە یەك- ئەو جێگایانەی كە بەتاسەوە بوو بۆ بینینیان-. لە ماوەیەكی یەجگار كورتدا ڕووداوی مانگ و ساڵانی پێكەوە لە بنمیچەكە لە شوێن ڕووداوی چیرۆكەكە ڕیز دەكرد.... دەنگی لای لایە و ڕاژەنینی لانكەكەی ئەودیو، هەستی غەمگینی و بێ دەنگی لە یەكدابڕانی پێ دەبەخشی.

(ترم.... رم.. ئووووو. رم) بانگەوازێكی ئاڵۆز بوو پەردەی شەوی دەدڕی و مشتێ ئاونگی دەڕژاندە سەر قرچەی گەرمای دەروونی، دیمەن و ڕووداوەكانی ئەو شوێنانەی لەبەرچاو ڕیز دەكرد كە بەتاسەوەیە بۆی، ئەوەندەی نەدەما بەدەست بیانگرێ... شارە جوان و... دەرگا كۆنە بزمارڕێژەكەی حەوشە، كە لەسەر شێوەیەكی مشتێكی قوچاودا (خزیمێكی) پێوەیە. لە منداڵییدا كە دەرگای لێ دابخرایە بە چوكلێك لە دەرگای دەدا (دایكی بەتاو دەهات و ئەم پێدەكەنی... دەرگا كرایەوە - هەمان جیرەی جارانی ماوە:- دایكی لەودیوەوە سەر دەردەهێنێ، واقی وڕ دەمێنێ.. ئەمە تۆی؟!! جانتاكەی فڕێ دەدا، ئەملاو ئەولای ماچ دەكا، مناڵە وردەكان دەیكەن بە هەڵلا) جارێكی تر قارەمانی ناو كتێبەكەی تەنیشتی، بنمیچەكەی زەوت كرد، لە تەمەندا وانییە و كەچی ڕووی دەمی كردۆتە كۆمەڵەیەك و هەولی مەرگ دەدا سەری ڕەزامەندییان پێ بلەقێنێ:

– ئەوەی لە جانتاکەمایە بەری ڕەنجی سەدان ساڵەی ئێ....

– لێرەوە ڕێگەت نادەین... دواجاریش ئێمە لە کۆستێکی تردایین و کاتی جانتا و ناوەرۆکی ناو جانتای تۆ نەهاتووە.

– منداڵەکان چاوەڕێن.. کە ڕێگام نادەن ئەمە وانەکان و ئەمەش نۆتەکە، دەبا یەکێکیان بیانبات.

*(قارەمانێکی ڕاڕایە و خەریکە پاشگەز بێتەوە).*

بەرد بارانێکی چڕ، تەپوتۆزی لەم لاو ئەولای ژێر پێی هەڵسان، سەر و مل و جانتاکەی دەستیان تۆزاوی کرد، وەڵامیان پێ نەدرایەوە هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە پەنای بردە بەر تاشە بەردێك.

(ترم.. رم ئووو.. ترم) یەکەم شت سەرنجی ڕاکێشام ژووری تەنیشت دەرگاکە بوو.. چەند هەنگاوێك حەوشە گەورەکە باوەشی بۆ دەکاتەوە.. ڕەنگە ئێستا وەك خۆی نەمابێتەوە.... (پەری) گەورە بووە و پێویست بە دانەوین ناکا بۆ ماچکردنی...، یەکە یەکە ماچیان دەکات، دارە تووەکە کاتێ بەجێیهێشت دەستی لە پۆپەی دەدا و نەدەدا، ئێستا لق و پۆپی ڕۆیشتووە.. دار هەنارەکانیش هاتوونەتە بەر، خۆی ناگرێ تاو دەدا بۆ ژووری تەنیشت دەرگای حەوشە کە کتێبخانەکەی لێیە..

بنمیچەکە دەجوولێتەوە.. وا دیاربوو کتێب و وانەی ناو جانتاکەی دەستی خۆشتر دەوێ، بۆیە لە ئامێزی گرتبوو نووساندبوویە سنگییەوە، هەندێ جاریش زرمەی لێ هەڵئەستێنرا، ڕقێکی شاراوە دژ بەقارەمانی چیرۆکەکە دایگرت.

(ئەم گەمژەیە بۆ ڕاوەستاوە و مل نانێ لە چەمەکەی بەردەمی، یا خۆی دەگەیەنێ یاخود چەمەکە لرفی دەکات)، بەدەور خۆیا وەك تەشی دەسووڕایەوە، لەبەرخۆیەوە وەك بۆ جانتاکەی دەستی بدوێ:–

– دەتوانم خۆم لەم ئازارە نەدەم و یەك ڕاست مل نێم، بەڵام مەترسی وانە و نۆتەکانمە.

هەردوولا بەرد و وشەی ناشرینیان بەسەردا دەباران. لە کاتی پشوودانیشا بنێشتە خۆشەی دەم هەردوو لایان بوو...

(ترم.. رم.. رم) ئوو ڕۆڵە بنوو..

دانیشتوانی شار باسی گەڕانەوەی دەکەن.. منداڵە وردەکانی کۆڵانەکەیان نایناسنەوە..

(ماوەیەکی درێژە لێرەم سەرم لە خۆم سوڕدەمێنێ چۆن توانیم ئەم ماوە درێژە بەرمە سەر.. بێزار بووم لە خوێندنەوە.. دەنگوباسەکان کاسم دەکەن، دەمەوێ بەپێ خاوسی کۆڵانەکانت پەی کەم و.... جلەکانم.. دایکم ڕەنگە لە باوەشیان بنێ و بەسەریانا بگری، کورت بوونەتەوە... کتێبەکانم یەکە یەکە جێگاکانیانم دەزانی.. لەسەر کورسییەکەم دادەنیشم و یادی ڕۆژانی ئێرەم دەکەمەوە. پێکەنینێ گرتی....

ڕوخساری ژوورەکە وەك خۆی نەماوەتەوە، چی وەك خۆی ماوەتەوە؟ وێنەی ناو چوارچێوە زیوینەکە لابراوە لەبەر داپیرە بەسەزمانەکە،. هەستێکی غەمگینی قووڵ قووڵ دایگرت.

بنمیچەکە کەمێ لێڵ بووەوە. قارەمانەکە ڕووبەڕووی بەردهاوێژەکان بەپاڕانەوە دەچوو.. تەمێکی چڕ وا هێدی هێدی دایدەپۆشێ.. ترم.. دایکی دەست دەهێنێ و بەسەریا لای لایەکەی ئەودیو بۆ ئەم دەکرا و پێڵووی قورس و قورستر بوو.. ئاگای نەما..

نەیزانی چۆن برادەرەکانی گەیشتنە لای. ئەوەی بە هەل زانی کە هەموویان چیرۆکنووس بوون بەپەرۆشەوە ئەم پرسیارەی لێ کردن.

– ئەگەر ئێوە ئەو چیرۆکەتان بنووسیایە، پاڵەوانەکەتیان چۆن دەپەڕاندەوە.

لێکدانێکی توندی دەرگای ژوورەکەی نەیهێشت وەڵامەکان ببیسێ. کە ڕاپەڕی کات درەنگ بوو بەپەلە خۆی لەبەرکرد و بەرەو قوتابخانە کەوتە ڕێ.

ئاداری ١٩٧٤ دهۆك

# ئەسپ

بینیم نەمناسییەوە، چاوەکانی دوو جۆگەلەی باریکیان هەڵبەستبوو ئاوی لووتیان ڕاپێچ دەدا و تێکەڵ بە لیکی لالغاوەی دەبوون، لەوێوە چۆڕاوگەی بەستبوو خوڕان خوڕان دەڕژایە سەر لم و زیخی توولە ڕێگاکە، توولە ڕێگاکەش لاولاو ئاسایی ئالابووە گەردن گردەکە و بۆ لووتکەی هەورازەکە دەکشا...

پەلی ڕاستی تا بگاتە ئەژنۆی خزابووە کۆنە کونێکەوە، ئەوی تری لە کاتی نووچدان و کەوتنیدا کەوتبووە ژێر قورسایی لەشی، بەلموزی لم و زیخەکەی تێکدەدا، هەر وەکو ڕۆژانی منالّی ئەڵقەمان بۆی بەست، بۆیمان ژەنی، بەیتمان پیادا هەڵدا، کە بەو جۆرە و لەم هەڵوێستەدا بینیم لاوانمەوە:

*(کێ دەیوت لە نیوەی هەورازێکی ئاوادا لمۆزت لە قوڕ و لیتە دەنیشێ).*

لە کاتی نۆماییەوە چەنەها بووکی پێ گوێزرایەوە و دەیەها شایی و داوەتی پێ گەرم کرا، چەند جارێکیش تالانیان پێ گێڕابووەوە، کەس مابوو ناوبانگی ئەسپە شێی نەبیستبێ؟. کە زینی سوورمەچن و ئاوزەنگی وەستا (زەڵەو) و هەگبەی سوارانەی گوڵەنگداری دەخرایە سەر، سوارم گەرەك بوو تێی خوڕێ– لە سوار زۆرتر چی هەبوو؟!. بەلام ئێستاش تووشی سواری خۆی نەهات. هەر ئەوەندە جڵەوی بۆ شۆڕ بکرایە دەکەوتە قەڵەمباز و سمکۆڵ و حیلەی تەسی بەئەسپی خەڵکی دەدا و لەو ناوەدا هەر خۆی بوو.

ئێمەی منالانی دێ لە کولەکەی ڕوحی خۆمان پتر خۆشمان دەویست، هەر چەندە بەناو ئەسپی (مام عەبدل) بوو، بە هی خۆمانمان دەزانی، بۆیە لە پاوەنی هەموو لایەکمان دەبەسترایەوە، تەنیا پاوەنی ئاغا دێی لێ قەدەغە بوو، کەچی بەهاران و زۆربەی ڕۆژانی هەینی بۆ میوانە پۆشتەکانی زین دەکرا، نێچیریان پێ دەکوشت و خەمی فەزگانییان پێ دەڕەوانەوە.

ئەسپە شێ کە جڵەوی دەکەوتە دەستیان هەروەك بزانێ• (سواری) ئەم نین و بۆ ئەوە ناشێن جڵەوی بگرنە دەست، پاشە و پاش دەگەڕایەوە و لەشی خۆی دەگەزی، سمکۆلانی دەکرد. ئیتر نامەردانە سێ و دووی لێ نەدەکرا دەدرایە بەر قامچی دەستیان، ئێمەش لێوی خۆمان دەکرۆشت و لە حەژمەتا لاتەڕافی خۆمانمان هەڵدەگلۆفت.

مقۆ مقۆ کەوتە ناو دێوە.

– جارێکی تر نایبینینەوە.

– ئەسپ بوو بە شەرت.

– ئەگەر ئێمە خاوەنی نەبووینایە.

– ئاگرێ بوو خۆی سووتان.

– دەستمان بۆ دەممان نابررێ

– باوکم لە سەری گلا و مرد.

– خالۆیەکی منیش.

– جوانەمەرگەی برام بۆ نالێی؟.

– کەچی هەر خۆشتانیش دەوێ؟!!.

– خۆشمان ئەویست.

– (هەر کە یەکێ لە دێیەکەماندا دەمرێ، دەمرم و زیندوو دەبمەوە، کە ماڵێکی تیا کۆچ دەکا پارچەیە لە جگەرم لەگەڵ خۆیدا دەبا، لەو کاتەشەوە ئەسپەکە ڕۆیشتووە جگەرم بووەتە ناو سکی ماسی).

ئەوەی لە گشتیان زۆرتر بۆ ئەسپەکە چرووسکابووەوە، مقۆ مقۆی هەموویانی پێچایەوە و کردی بە گەروویاندا، تاکو زیاتر ببرژێن، کاتێ کە وتی:

– براوە بۆ ڕایسز بیبڕنەوە.

– بەر لەوەی بیبەن (ماینە) سپی خۆمانم لێ چاک کرد.

– هـ، هـ بەر لە بردنی خەسانبوویان.

– نەخەسابوو.

– خەسابوو.

– نەخە...

– خە ....

یەك دووجار وەك وێنەگرێك بەدەوریا خولامەوە، لە هەموو لایەکەوە تەماشام کرد ... بەرەو دێکە بە هەورازەکەدا گلامەوە ...

تشرینی یەکەم ١٩٧٥ دهۆك

# هەیاس

دایکی ئاوات لە پشتیانەوە ڕاوەستاوە، قورگی گریان گرتوویەتی، لەشی توانای نوشتانەوەی نییە و زمان لە دەمیا لاڵە.

ئەمانیش سەریان بەیەکا کردووە، لە تێکەڵبوونی پرچیانا پاشماوەی شەوی ماندوو و بەرەبەیان دەبینرێ... پەنجەکانیان وەك کرم دەجووڵێنەوە، لە وردە شووشە گوڵ دروست دەکەن، دەیەها وردە کونیش هەندێکیان خواروخێچ، هەندێك ڕێك، بەتەنیشت یەکەوە، بەسەریەکەوە لە پاڵ گردەکەدا هەڵکۆڵراوە. چەند کونێك و پەرژینێکیان لە خۆڵ بۆ کێشا، تێکیان دایەوە، وردە بەردیان دانا، دیوارێکیان دروست کرد لە ئەستووری پەنجەکانیان، ڕووخانیانەوە، لە دواییدا گەڵای گولیلکە سوورەیان، ڕیزکرد. نەدەبوو لەمە زیاتر ڕاوەستێ، چاوی نووقان، هێزی دایە بەرخۆی بەئاستەم داچەمی و مەچەکی (ئاواتی) گرت، دەمیشی برد ماچێك و پاشماوەی فرمێسکێکی لەسەر گۆنای (هەیاس) بەجێهێشت و بەرەو قەرەباڵغەکەی بەردەم کوختەکەیان پەلکێشی کرد.

هەمووجارێ لەسەر کانی پاین گردەکەدا یەکیان دەگرت، لەوێشەوە بۆ جێگای یارییەکانیان دەچوون.

دوێنێ، (هەیاس) پێش هەموویان گەیشتە سەر کانییەکە لەسەر تاوێرێك دانیشت و هەردوو پێی خستە ناو کانییەکەوە، ساردی ئاوەکە مووچڕکێك و بزەیە خۆشی پێ بەخشی.

سەری بەرزکردەوە و بەتوولە ڕێگاکەدا چاوی هەڵخست کەسی نەدی، چاوی بڕییە پێی خۆی.. کەمێ ڕاما، بلەز پێی هەڵکێشا و دەسێکی پیادا هێنا، سەری سوڕما:

*لە ناو ئاوەکە گێڕ دەبن!!، کە هاتن ئەڵێم هەموومان پێمان شکاوە، کە پێکەنین پێیان دەڵێم: دە وەرن تەماشاکەن*

لە هەردوو لاوە بەچنگ خۆڵ و وردەچەوی دەهاوێشتە ناو کانییەکە، بەمە حەز و ئارەزووی منداڵیی پێ دادەمرکان. لەپڕ دەستی بە گران بۆ گوێزرایەوە، ئاوڕی دایەوە، قەوانێکی ژەنگدار لەگەڵ هەندێ وردە چەودا غلایە ناو کانێکەوە. خەریکی شوشتنی بوو، ئاوات بەسەر سەریەوە بە هەناسەبڕکێ وەستابوو.

– هەیاس ئەوە قەوانەکەی منە؟.

– نەوەڵڵا. من ئێستا دۆزیمەوە!.

– کوا بزانم؟ .... نەء ، ئەوەی من گەورەترە.

لە تەنیشتییەوە دانیشت، وەکو ئەو پێی درێژ کرد، ساردی ئاوەکە هەناسەیە قووڵی پێ هەڵکێشا، بەجووتە تریقانەوە.

– ئاوات، بڕوانە هەردووکمان پێمان شکاوە!!.

ئاوات بێ ئەوەی تەماشای پێی بکات، گورج هەڵی کێشا و دەستێکی پیادا هێنا، سەر گۆناکانی سوور هەڵگەڕاو دووبارە بەئاستەم بۆ ناو ئاوەکە درێژی کردەوە.

– دەتۆ تەماشاکە.

– های .. لەبەرچاومان وا دیارە ئەگینا نەشکاوە.

چاویان بڕییە یەکتر، بێ ئەوەی بدوێن لە یەك گەیشتن کە کاتی یاریکردنە، بەڵام هەڵنەسان.

هەیاس چۆلەکەی سەرئاو ئاسایی سەری بەرز کردەوە و ڕوانییە توولە ڕێگاکە.

– با (هەتاڤ) بێ.

– ئای .. هەتاڤ ڕۆۆ ۆ ی.

لە پاڵ گردەکە وەك ڕۆژانی تر وردە چەو و پارچە شووشە و سەحسی و قەوانە کۆنیان کردبووە کەرەستەی ناو ماڵۆچکە خنجیلانەکانیان، بەردەوامیش ژمارەی کونی لاپاڵ گردەکە لە زیادبوونا بوو.

(هەیاس) دەستی بردە وردە چەو و پارچە شووشەکانی (هەتاڤ) بماڵێتە ناو ئەوانەی خۆیەوە.

– نەکەی هەیاس، کوڕە گوناحە.

– تۆ ناڵێی ڕۆیی؟!.

– دێت......

بۆ ماوەیەك پەنجەکانیان لە شووشە گوڵیان دروست کرد، نە کونیان هەڵکۆڵا.

خۆر چووبووە زەردە بەپرتاو وەك دوو چۆلەکە بەرەو کوختەکانیان گلان.

هەیاس چاوی لە ئاوات و دایکی نەترووکان تا لە ناو قەڵەباڵغەکەدا ونیانی کرد.. ویستی هەموو پارچە شووشەکان لە بەردەم خۆی کۆبکاتەوە، قسەکانی ئاواتی هاتەوە بیر (نەکەی هەیاس گوناحە... دێتەوە).

بەتەنیا وەرس بوو.. سیبەری گردەکە هاتبووە یەك. هەستایە پێ... تۆزێ ڕاما... هەندێ وردە خۆڵی پڕژانە سەر پارچە شووشە و بەردەکاندا، لە یەك دوو شوێنەوە لەپی خستە سەر خۆڵەکە تاکو کەس لاقەی نەکات.

ملی لار گرت و بەرەو کوختەکان کەوتەڕێ.

نیسانی ١٩٧٦ دهۆك

# تابلۆیەکی سوریالی

بەرە بەرە ئاگای هاتەوەبەر بەڵام پێڵووی چاوی بۆ هەڵنەدەبڕا.. هەرچۆنێك بوو درزێکی تێ کەوت.. تەمەکە هێشتا نەڕەوابووەوە.

هەندێکیان پاڵە پەستۆکەیان بە هەل زانی. خۆیان نووسانە سمتی ئافرەتەکانی تەنیشتیانەوە، شۆفێرەکەش لەگەڵ مەردمەکانی ڕیزی پێشەوەدا، لەسەر کرێی ڕێگە مشتومڕی بوو، ئاگایان لە: وشیاربە و لەسەرخۆبەی ئەوانەی دواوە نەبوو

... هەژانێك لەترێك. دووان بەرەو کۆرە شیوێکی قەراغ ڕێگاکە گلا... نەفەرەکان لەشیان لە شوێنێ زیاترەوە هێڵی سووری هەڵخست... چاوی بڕییە ئاوێنە بچکۆلەکەی بەردەم شوفێرەکە، دەیان وردە درزی تێ کەوتبوو، ڕووی خوێناوی شۆفێرەکەی لە شێوەی تابلۆیەکی سوریالیدا دەنواند، بەرە بەرە، تەمێکی خەست بەرچاوی گرت و ئاگای لە خۆی نەما.

لە ناو تەمەکەدا چەند تارمایییەکی بینی، لە تەنیشتییەوە ڕاوەستاون، ئەو وزەیەی لە مێشکیدا مابوو نەیتوانی کات و جێگاکەی بۆ دیاری بکات، ئازار کەوتە مۆرانە، زیاتر بەئاگای دەهێنا.. درزەکە پێوەدرا، جارێکی کە بۆ چەند ئانێك پێڵووی لە یەك ترازا.

قاوشێکی درێژ لە شێوەی گۆڕێکی نائاسایی، مەردمە ڕاکشاوەکانی ئەمبەر و ئەوبەریشی مردووەکانی ناو ئەم گۆڕە بوون. بەدرێژی ئەم بیرکردنەوەیەی ئازارەکەی فەرامۆش بوو... باریکە ئازارێك پێڵووی پێ خستەوە سەر یەك.. نەخۆشخانە... نەخۆشخانە... نەخۆش.. لە ناو تاریکستانی ئەو دیو پێڵووی چاویدا، ئۆتۆمبێلێك، چەند ڕوویەك گومان لە ناسینیان دەکا، لەگەڵ تابلۆی ناو ئاوێنە درز بردووەکەدا بەیەکدا هاتن... تێکەڵاو بوون، کەوتنە سووڕ خواردن، بوونە بازنەیەك و خێراتر کەوتنە گڕ، تا لە ناو تاریکایییەکەدا سڕایەوە. بۆ ماوەیەك و جارێکی تر هۆش ترمۆمەتری لێژ بۆوە.

دەنگە دەنگی تارمایییەکانی ژوور سەری وەك لە ناو بیرێکی قووڵەوە بکەوێتە بەر گوێی تەنیا لە مەیانی گەیشت.

– چارەکردنی ئاسان دەبوو، ئەگەر بهاتایە هەندێ ئامێری پێویست لەبەردەست هەبوایە.

ئەم جارەیان کە چاوی هەڵبڕی تەمەکە لە ڕەوانەوەدا بوو، بەڵام یەشتا سەرەتای باسەکەی بۆ نەدەگیرا.

هاوار و ناڵەی پیرەژنەکەی بەرامبەری، زیاتر وریای کردەوە و خستییە سەر سەرەتای مەسەلەکە:

– ڕۆڵە مەڕۆ.

– دایە جانتاکەم!.

– ڕۆڵە، مەڕۆ دەترسم ....

(بریا پێم نەدەوت، ئیر نایبڕێتەوە)

– زۆرم پێ ناچێ و.. دواجاریش ....

گەیشتمە وێستگاکە، لە دڵی خۆمەوە کەوتمە سەرزەنشتکردنی خۆم کە دواکەوتووم. جێ نییە پێی لەسەر دانێی، هەندێك وەك بۆ سەفەری هات و نەهات بڕوا وابوون، هەندێك چاویان زەق بڕیبووە ڕێگاکە و لێویان نابووە سەر یەك، لە ڕوویاندا ترس و خۆشیت بەدی دەکرد، هی واشیان تیا بوو دەتگوت بۆ مزگەوت دەڕوا، لەو کاتەشدا وشکە سەرما هەڵی کردبوو، هەندێك لە ترسی سەرماکەدا خۆی خزانبووە نێوان حەشاماتەکەوە.

بەپەلە حەشاماتەکە تەپایە ژوورەوە، بووە پاڵەپەستۆ، ئەوەی ئافرەتێکی لە نزیکەوە بوو خۆی پێوە لکان، هەندێ جار چەند دەسێکیان لە ناو گیرفانەکاندا گرت. ئەوەی زۆر سەیر بوو نە خاوەن گیرفان نە خودان دەستەکان ورتەیان لێوە نەدەهات و لە چاو لێ مۆڕکردنێك بەولاوە هیچی تریان بەیەك نەدەوت.

وشیار بە گیانە.

– لەسەر خۆت باوکم لەسەر خۆت.

شوفێرەکە و مەردمەکانی تەنیشتی، دوای مشتومڕێکی گەرم، بۆ ماوەیەك کەوتنە چپە چپ.. یەکێکیان شووشەیەکی لە باخەڵدا دەرهێنا، نایە سەرەوە، شووشەکە ئەم دەست و ئەو دەستی پێ کرا تاکو گەیشتە شوفێرەکە، پاشماوەکەی هەڵدا و، شووشەکەی توند هەڵدا. یەك دوو جار نەفەرەکانی ڕیزی دواوە (وشیار بە باوکم)یان دا بە گوێی شوفێرەکەدا، هەندێکمان هەستمان بەوە کرد: ئەو ڕێگایە نییە کە دەبێ پیادا بڕۆین.

– ڕەنگە نیازی قەدبڕ بێ و دەیەوێ زوو بگەین بەر لەوەی تاریکایی دابێ.

دەنگەکەی دواوە جارێکی تر بەرز بووەوە.

– لەسەرخۆت باوکم لەسەرخۆت!

– کە دەزانی تاریکیت بەسەردا دێ بۆ لایتەکانت چاك ناکەی؟ !!.

– شارەزایە لێی مەترسە.

یەك دوو ئەفەنی سەریان شۆڕکردبووە سەر کتێبەکانی باوەشیان، هەندێ جار دەکەوتنە دەمەتەقێیەکی گەرم، زۆری پێ دەچوو خامۆش دەبوونەوە.

ئۆتۆمبیلەکە زۆری بڕی، لەپڕ زریکەیەك هەڵسا، نەفەرەکان لەترێکیان دا باشتر نووسان بەیەکترەوە، هەلێکی چاکیش بوو بۆ هەندێ دەست بخزێتە گیرفانەکانەوە.. گرم.. بم.. کەوتینە سەریەك، نووزە و ناڵە و هاوار بەرز بووەوە.. هێڵی سوور لە سەر و لەشی نەفەرەکانەوە کشا، ئاوێنەکە بووە تابلۆیەکی سوریالی... بەرچاوم لێڵ بوو، دواجاریش تومەز ئاگام لە خۆم نەماوە.

سستەرەکان چەند نەخۆشێکیان خستە سەر عارەبانەکانی دەستیان بەناڵە و ئای و ئۆف بۆ قاوشەکانی تر گوێزرانەوە. تا دەهات باشتر ئاگای بەبەرا دەهات و وشیارتر دەبووەوە. قاوشەکە دوو سێ کەسی تێدا مایەوە. بەئەسپایی لە قاوشەکە بەگەڵاوگەڵ ناو خوای لێ هێنا. ناو گەڵی بووبووە پەڕۆی بەردەست دۆمێکی شارەزا. هەرچۆنی بوو خۆی گەیاندە شەقامەکە. تاکسییەك بۆی هێواش کردەوە (بڕیارم داوە سواری ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە نەبم)

تاکسییەکی تر بۆی وەستا، ئەم گوێی پێ نەدا، تفێکی لێ کرد و تێی تەقان.

شەقامەکە، کپ و خامۆش بوو، پەلەی بوو بگاتە ماڵەوە، بەرلەوەی لە دەرگا بدا، چووە ژوورەوە، دایکی بەرەو پیری هات، باوەشی پێداکرد، دایە پڕمەی گریان

– بیرت دەکەم دایە، بیرت دەکەم

تەمووزی ١٩٧٦دهۆك

# که بێ دەنگی هێرش دەبا

(ئەم خووە کە یەخانگیری بووم و پێی ڕاهاتووم زۆر لەسەرم دەکەوێت.. نازانم چۆن وا بووە بە پارچەیەك لێم؟!!

بەڵام هۆکانیم لێ ون نابێ ئەندامەکانی لەشم وا بەرەبەرە پەکیان دەکەوێت، دوێنێ (عەلی) هاوڕێم پێی وتم:

– خەڵکەکە سەریان سوڕماوە، بۆ وا لە خۆت دەکەیت؟

وەڵامم نەدایەوە ماوەیەکی درێژە زبانم تەنیا پاروو ئەمدیو ئەودیو دەکات، هەنگاوەکانم سست بوون، گوێم ئاخنیوە، کە بەڕێوەش دەڕۆم تەنیا دەڕوانمە بەرپێم، لە ژوورەکەمەوە بۆ ئێرە و لێرە بۆ ژوورەکەم ڕاستە پێ دەوەستم، بەهەموو لایەکمدا دەڕوانم قەرایی نابینم. خوویەکی پووچە، دەترسم لە منەوە بۆ مناڵەکانم بمێنێتەوە، لەمەیان دڵنیام ڕۆژی هەزار و یەك پرسیارم لێ دەکەن هەر بۆیەش دێمە ئێرە، بێ دەنگییەکەم لێ تێك نەدەن، هەندێ جار هەڵبژاردنی شوێنێکی تایبەتی دەبێتە خوو.

بێ دەنگییەکی بەلەزەتە. کاتێ بەرەو ئێرە دەهاتم وا هاتە پێش چاوم خەڵکەکەش هەندێکیان خووەکەی منیان گرتووە. چی دەبوو گەر دەنگ نەبوایە؟!! بەگوێرەی زانیاری تازە مرۆڤی داهاتوو کەم دەدوێ زۆر بیردەکاتەوە مناڵەکانی من لە لایەن خۆیانەوە ئەم بۆچوونەیان بەدرۆ خستۆتەوە. بێ دەنگییەکی بەلەزەتە. بەم ڕستەیەی خۆم گاڵتەم دێ. هەر بۆ خۆ خلافاندن هەوڵ دەدەم چەند ڕستەیەك لەم بابەتە لەبەر خۆمەوە بڵێمەوە. بەڵام جارێکی تر کە دەشتە چۆڵ و بەرینەکە دەبینم وەك شملّی شەر دەمخاتە نێو بەراوردە سەیرەکەوە.

چەند شەوێك لەمەوبەر تا حەبێکی خەوم قووت نەدا سەرم بۆ نەخرایە سەر سەرین، لەو کاتەوە ئەم خووە یەخانگیرم بووە زۆربەی شەوانم لەگەڵیا والاوردمە:

خۆمم بە بچووك دێتە بەرچاو بەقەدەر خاڵێك کەمتر، شوێن نووکە دەرزییەك لە ئاست ئەم چۆڵە بەرینەدا. دەچمە سەر تاشە بەردێك دەیەها تەپۆڵکەی تر دەردەکەون. دەشتاییەکەش بەرین و فراوانتر دەچمە سەر گردێك، یەکێکی بەرزتر، هەر سفرەکە و نووکە دەرزییەکەم، دەگەڕێمەوە جێگاکەی خۆم بەخەیاڵ مرۆڤێك، هەندێ جار خۆم فڕێ دەدەمە ناو بیابانێکەوە لە لووتکەیەکی هەزار بەهەزار دای دەنێم لەسەر مانگەوە تێی

دەڕوانم، حەز ناکەم زۆر لەسەری بڕۆم. ئا.. ڕستەکان. بۆ ماوەیەك هیچم بۆ نایەت وا مێشکیشم بەرەو پەککەوتن دەڕوا.

ئێ... ئا. بێ دەنگی ڕەشبەڵەکی سازداوە. ڕووبارەکەی تەنیشتم ... ئێ باشە بەردەوام بە، وەك ڕاوەستابێ. وایە مات و بێ دەنگ دەکشێ، نە لەرەیەك نە شەپۆلێك. باوە ئەم شەپۆلانە چین؟ دەستم دەخستە سەر شانی و دەمڕوانییە ڕووبارەکە. کوڕە شرینەکەم منیش نازانم دەڵێن لە بنەوە ماسییەك ماسییەکی تر هەڵدەلووشێ، پێی ناخۆشە بەڵکو جارێکی تر لە دەمیەوە دەری بکات شەپۆل دەدا، ئەو خەریکی کارژۆڵەکان دەبوو منیش چاوەڕێی ئەوە دەبووم وردە شەپۆڵەکان ماسییەکم بۆ بهاون. جار جار بریقەی ژێر سکی ماسییەکم دەدی پڕ بەو ناوە دەتریقامەوە.

ڕستەیەکی تر. تا گیا زەرد هەڵگەڕاوەکانی ڕۆخی ڕووبارەکەش لە جووڵە کەوتوون، لە ناو بێ دەنگیدا ڕواون، کە پێ دەخەمە سەریان بێ دەنگ سەریان دادەنوێنن. من و ئەم گیایانە لە بێ دەنگیدا یەك دەگرینەوە. ئەو شەوە کچە باریکەڵەکە دوای دوو سەعات قسەکردن کە دەستی درێژ کرد خواحافیزیم لێ بکات پێی وتم:

– من حەز لە مرۆڤی هێمن و بێ دەنگ دەکەم.. من و تۆ لە بێ دەنگیدا یەك دەگرینەوە.

ڕستەیەکی تر .. ڕووی ئاوەکە و ملەکان زەردەی خۆریاندا لە خۆیان. درەنگە.. ڕەنگە.. درەنگ، هێز دەدەمە خۆم هەستم ناتوانم، ئەندامەکانی لەشم خەریکن لێم یاخی دەبن، پێم بۆ هەڵناکێشرێ، هێز دەدەمە خۆم و ناجووڵێمەوە. دەترسم..

... بۆ وا لە خۆت دەکەی، خەڵکەکە سەریان سوڕدەمێنێ.

.. هەموو جارێ پێم دەگات وام پێ دەڵێ.. جارێکیان شتێکی تریشی وت:

(ڕەنگە بەجۆرێکی تر لە قەڵەم بدرێ) ڕەنگە درەنگە. ڕەنگە، باشە چاکتر وانییە؟؟. کابرا زەعیفەکەی مەیخانەکە هەندێ شەو کە دەچم لە سووچێکەوە بەتەنیا و بێ دەنگ تا درەنگە شەوێ بە شووشەکەی بەردەمیا دەڕوانێ. من دەڵێم باش دەکا، لەوانە باشترە کە لەسەرمێزی ویسکی دەیانەوێ.....

... لە کوێوە با بێ... لە کاتی گەڕانەوەمدا بۆ ژوورەکەم هەست دەکەم ئاوڕم لێ دەدەنەوە. بڵقە بڵقێ دەبیستم ئاوڕ دەدەمەوە. بڵقێك بەسەر ئاوەکەوە سەمای دەکرد، بزانە چی مێروویەك دروستی کردووە زۆری نەبرد فس بووەوە. درەنگە.. کوڕی دایکی نەکەی درەنگ وەخت لەسەر ڕووبارەکە بمێنیتەوە جنۆکە مەغریبان گەشت دەکەن.

هێز دەدەمە خۆم، هەڵدەستم، سفرەکە و نووکە دەرزییەکەم هەمدیسان خەریکن.. سەر ڕادەوەشێنم، دەکەومە ڕێ، ترسێك دامدەگرێ. لەو کاتەوە (علی) پێی وتووم: ڕەنگە بەجۆرێکی تر لە قەڵەمی بدەن، وای دادەنێم لە پڕ دەستێك قۆڵم بگرێ. ئاوڕ دەدەمەوە. بەڵام ئەوجاش من هەر بێ دەنگ دەبم. بێ دەنگییەکەم دەیشڵەژێنێ لێوی دەکەوێتە تەتەڵەکردن. لە قینا سوور هەڵدەگەڕێ. پێشم کەوە. من هەر بێ دەنگ دەبم. پەنجەکانی لە ماسوولکەی قۆڵم گیر دەکات. ئازارم دەدا. تا دێ زیاتر قۆڵم دەگوشێ. ئەو شەوە کچە باریکەڵەکە دەستی درێژکرد خواحافیزیم لێ بکا تا هێزم تیابوو پەنجە نەرمەکانیم گوشی. من پێی ناڵێم ئەو زیاتر پەنجەکانی لە قۆڵم گیر دەکات. دەتوانم بە دوو وشە ڕازی بکەم و دەستی پێ شل بکەمەوە... چەکی دەستم وشەیە، هەر ئەوەندە دەرگام بۆ کرایەوە بکەومە گفت، بەئارەزووی خۆم تۆڕی خۆم دەهاوم، چەنەها ئافرەتی لە ئاسن ڕەقترم هەر بە وشە نەرم کردووە...

ئەوەم لە ڕۆمانێکدا خوێندەوە، کاتی خۆی گاڵتە و بەخیلیم بەقارەمانی ناو ڕۆمانەکە دەبرد.. بەئەنقەست دەیەوێ بەشوێنە قەرەباڵغەکاندا بمبا.. کەس متەقێ ناکا؟!!. چی دەبێ گەر دەنگ نەئەما؟. شتێکی سەیر دەبوو لە پێشەوە دەچمە ژوورێکی تەنگەوە. وا دەردەکەوێ چاوەڕێی منیانە!!، هەرچی دەڵێن من هەر بێ دەنگ دەبم، بە یاساوڵەکە دەڵێن: هەرکەسێ بێ دەنگە بیانهێنە. ژوورەکەم دەکەمەوە، دیسان کردیانە هەڵڵا، پرسیار دەست پێدەکات، واچاکترە هەندێ جار شەوانیش نەیەمەوە، گڵۆپەکە هەڵدەکەم، بێ ئەوەی خۆم داکەنم لێفەکە دەدەم بەسەرما.

یاساوڵەکە دەگەڕێتەوە: قوربان هەموویان بێ دەنگن.

هەموویان بێنە.

لە حرسانا سوور هەڵدەگەڕێن. شێتگیر دەبن، دێنەوە وێزەمان، یاساوڵەکە بەپەلە دێتە ژوورەوە، شڵەژاوە. قوربان هات. چی هات؟!. بێ دەنگی. لەم کاتەدا زریکەیەك دێتە گوێ. دەچمە سەر مێزەکان. کاغەزەکانی بەردەم یەکێکیان دەخوێنمەوە، سەرم سووڕدەمێنێ.. ئەمە.. ئـ.. ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە لای ئەمانە!!!.

کە لە ژوورە تەنگەکە دەرچووم، منداڵەکان جاران ئاسایی خۆم دەتریقانەوە. چێشتەنگاوێکی درەنگ لە خەو هەستام، خۆم ئامادەکرد بەرەو لای ڕووبارەکە.

ئاداری ١٩٧٦ دهۆك

# چاوەڕوانی

# دەست

بۆ جاری دەیەم ژوورەکەی ڕێك خستەوە، کتێبەکانی لەسەر مێزەکە ڕیزکردن لە سووچێکدا داینان. بیرو هۆشی هەر لای دەرگاکە بوو.

چاوەڕێی ئەوەبوو، بەپەنجە ناسکەکانی تەقە لە دەرگاکە هەڵسێنێ. چووە لای پەنجەرەکەوە. تەماشایەکی خوارەوەی کرد.

شەقامەکە جمەی دەهات ئێستا حەزدەکەم هەمووتان لە باوەش بگرم.. چۆن توانیم ئەو ماوە درێژە بەسەر بەرم؟!.. تەنهایی و بێزاری چۆن وەك مۆرانە یان خواردوم؟!».

تەقەی دەرگاکە نەیهێشت لەوە زیاتر بۆ ناو بیرەوەرییەکانی شۆڕبێتەوە. بەرەو دەرگاکە تەکانی دا فریا نەکەوت. بەر لەم دەرگاکەی کردەوە و هاتە ژوورەوە چەپکێ گوڵی بەدەستەوە بوو. ژوورەکە بووە باغچەیەکی سەوز. چەپکە گوڵەکەی لەسەر مێزەکە داناو لەسەر کورسییەکە دانیشت.

– *ئیتر ناهێلم لێم دوور کەویتەوە.*

– *باشە، ئەو ماوەیە چۆن گوزەرانت ئەکرد؟!*

وتەکانی، ئەو ڕۆژەی بیرخستەوە کە دوو بەدوو بەشەقامەکەدا شۆڕبووبوونەوە ئەوکاتەش هەمان پرسیاری لێ کرد. بەڵام ئەم پێی خۆش بوو و حەزی دەکرد جارێکی کەش دووبارەی بکاتەوە، لە دڵی خۆیدا ئەیوت «نەکەس ئەم پرسارەی لێ کردووم نەواش بەتەنگمەوە هاتووە». کەمێ کورسییەکەی بردە پێشەوە.

وەڵامی پرسیارەکەی هێشتا نەدابووەوە وتی

– *بەردە ڕەش هەڵگەڕاوەکە گوڵە بچکۆڵەکەی قەراغ ڕووبارەکەت لەیادە؟*

سەرەتای پایز بوو لە قەراغ ڕووبارەکە بێ دەنگ دەیانڕوانییە زەردەپەر «پەری» بەردێکی ڕەش – هەڵگەڕاوەی وشکانییەکەی پیشان داو بەئاستەم لە جێگەکەی خۆیەوە گواستییەوە تەنیشت بەردە لووسەکانی نێو ئاوە تەنکەکەوە. کاتی هەڵسان بەردەکەی پیشان دایەوە وەکو پێشووی نەبوو ڕۆژێکی کەش بەجووتە دوو جۆگەلەی باریکیان بۆ گۆلێکی بچکۆڵەی قەوزە گرتوو هەڵکەند، پاش ماوەیەك ئاوی گۆلەکە ڕوون بووەوە.

– *لە بیرمە، بەڵێ لە بیرمە.*

– *دەباشە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ، کە هەی، دەبێ بەشداری ژیان بکەی، ئەگینا وەك بەردەکە ڕەش هەڵدەگیرسێ و، وەك ئاوی گۆلەکەش...*

*وتەکەی تەواو نەکرد، بەڵام بەپێکەنینێکی مانادار مەبەستەکەی تێ گەیاند.*

*هەڵسا چەپکە گوڵەکەی بۆ هێنا.*

– *ئەمەیان لە گوڵدانێکدا لە تەنیشت وێنەی ناو چوار چێوەکەدا دانێ. سبەینێش سەرو گوڵ دەدەینە دەستی ئەوانی ترەوە....*

لە دەرگاکەدا وەستا تاکو تەقەی پێی تێکەڵ بەدەنگە دەنگی شەقامەکە بوو.

دەرگاکەی پێوەدا، یەك دوو جار بەدەوری خۆیا سووڕی خوارد.

هەناسەیەکی قووڵی شادمانی هەڵکێشا. وتەکانی پێکەنینەکەی لە مێشکیدا دەنگی دەدایەوە.

بۆ ماوەیەك بیری لەم ژیانە تازەیەی دەکردەوە..

چووە لای پەنجەرەکەوە.. وا شەو، نیوەی زیاتری بەسەر چووە. شەقامی ژێر دەم ژوورەکەی بانگەوازی وردە فرۆش و گوڕەی ئۆتۆمۆبیل و ژاوە ژاوی هات و چۆکەرانی لێ بڕاوە، هەندێ جار نەبێ فیکەی حەس حەسێك و تەقەی بزماری ژێر پۆستاڵەکەی بێ دەنگییەکەی وریا دەکردەوە. ئەو شەوانەی کە جارێ هێشتا «پەری» نە ئەناسی، لەم کاتانەدا ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرا، بنمیچەکەی نەوی دەبوو، ناچار خەمەکانی دەگرتە کۆڵەوە و شەقامە چۆڵەکانی دەگرتە بەر، شەو کۆتایی نە ئەهات، ئەبووە مێردەزمە، کاتیش لە جووڵە دەکەوت. لە پەنجەرەکەوە ڕوانییە خوارەوە.

شەقامەکە بێ دەنگ وەك ئەژدیها کشابوو، گوێی لە شار دەگرت. نمە بارانێك شەقامەکەی وا لێ کردبوو ڕەشتر بنوێنێ لەبەر خۆیەوە بەدەنگێکی نزم گۆرانییەکی سەردەمی منداڵی دووبارە کردەوە. ئەو گۆرانییەی کە کاتێ خەڵکی دێکەیان ئێواران لە دروێنە دەگەڕانەوە لاوەکان سەرەڕای ماندوویەتییان دەستیان دەنایە بنا گوێ و بەسەر گوندەکەدا دەیان چریکان هەواڵی گەڕانەوەیان بەدۆست و دەزگیران ڕادەگەیاند کە لەو کاتەنەدا لە ناو ڕاندا مەڕیان دەدۆشی یابە گۆزە ئاوەوە لەسەر جۆگەلەکە دەگەڕانەوە بیری کەوتەوە کە دەمێکە گۆرانی نەوتووە. پەنجەرەکەی پێوەدا ڕووی بۆ ناو ژوورەکەی وەرچەرخان. سەرنجی لەو کورسییە گیربوو کە ماوەیەك لەمەوبەر «پەری» لەسەری دانشتبوو. کورسییەکە لەبەر چاوی بووە باغچەیەکی سەوز.

گوڵێکی گەشاوەشی لەسەر دەرکەوت حەزی دەکرد باغچەکە هەروا بەسەوزی لەبەر چاویا بمێنێتەوە. هەردوو لەپی لە دیوارەکە گیرکرد و خۆیدا بەسەریانا «بریا کۆچەری هاوڕێم زووتر پێتی دەناساندم» لە ناو بێ دەنگییەکەوە ئەو ڕۆژەی کە «کۆچەر» پەری پێ ناساند سەری هەڵداو قووت بووەوە...

*ئێوارەیەکی پایز بوو، لەگەڵ کۆچەردا سەرو ڕۆژنامەیان بەدەستەوە بوو کاتێ کۆچەر لە دواوە شانی گرت.*

– *چییە دەڵێی شتێکت لێ ون بووە و بەدوایا دەگەڕێی؟*

*هەرکە چاوم پێ کەوت ویستم بڵێم «ئەوەی بەدوایا دەگەڕێم ئەمەیە و وا دۆزیمەوە» بەڵام نەمتوانی بیڵێم، تەنها پێکەنینێکی پچڕ پچڕم بەگوێیاندادا. باش بوو کۆچەر فریام کەوت*

– *پەری... پەری کریم.*

دەستی لە ناو دەستما بوو بۆ ماوەیەك ئارامی گرت، موچڕکێك لەشی داگرتم، چاوە کاڵەکانیشی نمە بارانێك بوون بەسەرما دایاندا بۆ یەکەم جار ئەو شەوە بنمیچی ژوورەکەم نەوی نەبوو، تا بەیانیش خەونی خۆشم بینی. بۆ ڕۆژی داهاتوو بەتەنها بینیمەوە، پێکەوە بەشاقامەکەدا شۆڕبووینەوە، حەزم دەکرد شاقامەکە درێژ بێتەوەو کۆتایی نەیەت.

– *ئێ باسی خۆتم بۆ بکە*

– *هەر لە منالییەوە، گڕەی گەرمەسێر برژاندوومی، هەست دەکەم یەکەم جارە بۆنی بەهار هەڵدەمژم.*

– *من دەڵێم باسی خۆتم بۆ بکە.*

– *لە دوورگەیەکی جۆلام، تۆ ئەو بەلەمە بچکۆلەیەی بەرەو ئاوەدانیم دەبەی.*

– *ئێرەت پێ خۆشە؟*

– *دووجار لە دایك بووم، جاری دووەمیان ناسینی تۆ بوو.*

– *«کۆچەر» باسی بێ دەنگی و تەنیایی تۆی زۆر بۆ کردووم.. یەکێکی تر هەیە...؟*

گوڵی سەر کورسییەکە تەمێك دایپۆشی، تەمەکە بووە گەردەلوولێك و فڕێی دایە ڕووبارێکی ترەوە و بەرەو ڕۆژانی منالی رایدا لەو ڕۆژەوە تا ئەم ساتەی ڕێگایەکی درێژ

و تاریکە، ئەگەر پەڵە ڕۆشنایشی تیادا هەبێ ئەوا کاڵن و بۆی لەیەك جیا ناکرێنەوە.. وەك تازە پێی گرتبێ بەرەو کورسییەکە هەنگاوی نا، تاکو بەرامبەر وێنەی ناو چوارچێوەکە پێی درێژکرد. ڕووبارەکە پێی لە زەوی بڕیبوو... «ئەمە ئەو یەکەیە کە تۆ مەبەستت بوو. کە دواجار تێم گەیاندی و بەدرێژی بۆم گێڕایەوە.

تاکو تۆم نەناسیبوو تەنها لای ئەم ڕازی دڵم دەردەبڕی و خەمەکانی وەك کاتی منداڵیم ئاسان دەکرد هەر ئەوەندە بەرامبەری دادەنیشتم بیرەوەرییەکانم لێم دەئالان، لە پەلوپۆیان دەخستم، دەنگمیان بەرەو ناوەوە دەگێڕایەوە و لەوێ پەنگی دەخواردەوە.

ساتە خۆشەکانم هەرگیز بۆ نەدەگیران، یارییە خۆشەکانی ناو کۆڵانە خۆڵاوییەکەی دێ گەرمیانەکەم وەك فلیمێکی نەشۆراوە لێڵ و ئاڵۆز و تیژڕەو بوون، ئیتر بینیم تیایاندا دەخواردەوە، کامیان کزەی لە جگەر هەڵدەسان و هەردەی پڕ لە چقڵ بوون یەك لە دوای یەك خۆیان دەدایە دەم یەکترەوە. زۆر جار دەمویست خۆمیان لێ ڕزگار بکەم، دەمدان بەدەم ڕووبارێکەوە کەچی هەرخۆمیان هەڵدەلووشی، دەمویست بیانخەمە ژێر تاشە بەردێکەوە بەڵام خۆمم دەدی لە ژێریانا دەتلیسامەوە. لەگەڵ زەخیرەی ماڵێکی بناردا گڕم تێ بەردان کەچی ئەوان منیان دەسووتاند، دەمدان بەدەم ڕەشەبایەکی توندەوە وەك وردە کا بەسەرما دەبارێنەوە...

تەنهایی و خەون بینینم لەو ڕۆژانەوە بۆ ماوەتەوە. ئێستەش لە هەموو دەنگ بەرزکردنەوەیەکی کوت و پڕدا دادەچەڵەکێم، نەڕەی باوکم هەرگیز لە یاد ناکەم کە بەشووڵێکی تەڕەوە بەسەرمەوە دەوەستا، منیش لەژێر پێیدا گرمۆڵەم دەکرد.

– بەکاری چی دێی. ئەوە منداڵانی خەڵکی و ئەمەیش تۆی.

ئیتر خوا خوام بوو قوژبنێك بدۆزمەوە. لە منداڵان دوور دەکەوتمەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ، دایکم لەسەر پەرێز دەگەڕایەوە سەری دەخستمە کۆشی، بۆنی پەرێز و قرچە و ئارەقەی وشکەوە بووی خەمەکانمی دەکردن بەهەڵم، کە دەستیشی بەسەردا دەهێنام دەبووە مەرهەم و جێ دەستی باوکمی ساڕێژ دەکرد، تا دایکم مابوو هەموو جەژنێ کراسێکی تازەم ئەپۆشی منیش لەگەڵ منداڵانی گونددا بەدەستی چەورەوە تا نیوەڕۆیەکی درەنگ لەسەر هێڵی شەمەندەفەرەکە و مەزاری شەخسەکەی نزیك دێکەمان یاریمان دەکرد. کە جلەکانی لە خم نا «دواجار زانیم بۆ وای کرد» و لێوەکانی نیشتە سەر یەك جەژنان لەسەر بانی کوختەکەمانەوە دەستم بۆ چاوم دەکردە چەتر و لەوێوە دەمڕوانیە

مناڵان... پاش ئەو ماوەیە وەك نووسینێكی سەر دیوار بێ و بەبۆیە ڕەش كرابێتەوە و نەخوێندرێتەوە، هیچی وام بیرناكەوێتەوە، بەڵام هەندێكیان وەك تارمایی پشت پەردەیەك بەخەیاڵما گوزەر دەكەن... بیرمە دایكم شەوان دەگریا، لەژێر جاجمەكەوە گوێم لە هەنسكی دەگرت. منیش لەگەڵیا دەستم بەگریان دەكرد، ئاردیش نەما پوورە «نەخشین» هەموو ڕۆژێك نانێكی دەدامێ باوكم لە گوندەكە دوور كەوتەوە.. ئۆتۆمبیل.. دایكم دەپاڕایەوە بایزی هاوڕێم مرد خوێن من خۆم شاردەوە، گەڕاینەوە، خانوویەكی تازەمان كرد... بەڵام ئەو شەوە تۆفەم قەد لە یاد ناچێ كە دایكم وەك چنارێكی بڕاوە ڕاكشابوو، منیان لێ نزیك كردەوە، دەستی كردە ماچكردنم دەمی هەڵنەبڕیبوو قیژە قیژ بەرز بووەوە.

ئێستەش كە قیژەی ئافرەتێ دەبیسم دەمارەكانم كرژ دەبنەوە و فرمێسك دەزێتە چاوانمەوە.

ئەو شەوە لە ماڵی پوورم نووستم. زۆری پێ نەچوو ماڵەكەمان پێچایەوە بەڵام من تەنها وێنەكەی دایكم كە پوورم لە چوارچێوەیەكی نابوو مەبەستم بوو.. لە ژوورێكی گڵێنی گەڕەكی شارێكدا گیرساینەوە، هۆگری وێنەكە بوو بووم.

زۆربەی كاتم بەرامبەری بەسەر دەبرد. تا دەهات جلە خماوییەكەی لەبەر چاومدا لە چوار چێوەكەی گەورەتر دەبوو بەرە بەرە لە ناو ژوورە گڵێنەكەمانەوە پێم كرایەوە بۆ كۆڵان و گەڕەكەكانی تری. جیاوازییەكی ئەوتۆم لەگەڵ كۆڵانە خۆڵاوییەكەی گوندەكەماندا نە ئەدی. تاك و تەرا پیرەژنە ڕەشپۆشەكان كە لەبەر دەرگاكاندا ئەژنۆی خۆیانیان لە باوەش دەگرت، هەستم كرد وردە وردە ئاشنای ئەو پیرەژنە ڕەشپۆشانە دەبم، چونكی لە دایكم دەچوون بەر چوارچێوەكەم بەردەدا ئەمانم دەبینی لەگەڵ دایكمدا وەك یەك دەمدین بەخەیاڵیش دەرگاكانم بۆ دەكردن بەچوار چێوە. پیرەژنە ڕەش پۆشەكان دەیانڕوانییە كەسیش، بەترووسكایی چاوە قووڵەكانیاندا وادەركەوت چاوەڕێی كەسێكن ئەوان كەسی خۆیانیان دەناسی، بۆیە بۆ كەسی تر دانەئەچەڵەكان و لێویان نەدەترازا، وەك وێنەكەی دایكم بوونە جێگای تەسەللام تا دەهات ژمارەیان پتر دەبوو، بەڵام نەكەسێ ئاوڕی لێ دەدانەوە نە ئەیان دواندن. بەڵام كە دەمبینین بەچاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە تەماشام دەكردن ئای چەند خۆشم دەوێن پیرەژنە ڕەش پۆشەكانی وڵاتەكەم لە كۆڵانەكانیشدا ئەم نوختە ڕەشانەم دەدی بۆیە هەموو شتێك لەبەر چاوم ڕەنگی جلەكانیانی گرتبووە خۆ، بەڵام كاتێ تۆم ناسی «پەری» لایەنە

خۆشەکانی بیرەوەرییەکانم واخەریکن سەرهەڵدەدەن، پێش ماوەیەك کە دەستت لە ناو دەستمدا ئارامی گرت، هەستم کرد دەستی دایکمە و جێ دەستی ڕۆژگارم سارێژ دەکات کە سەر دەنێمە سەر سنگت دیمەنە تیژڕەوەکان هێور دەبنەوە و بۆنی باوەشی دایکم وەبیردەخاتەوە. کە ئێواران لەسەر پەرێز دەگەڕایەوە و خەمی ئەو ڕۆژەم لە باوەشیدا فەرامۆش دەکرد، کە بۆنی قژت دەکەم ئەو کاتە خۆشانەم وەبیردەخاتەوە کاتێ مناڵ بووم خۆم ڕووت دەکردەوە، ورگ بەرلووتی لێ گرتبووم خۆم لە جۆگەلە بچکۆلەکە هەڵدەژەن، لەوێوە هێشتا چۆڕاوگەی ئاو بەتەنما دەهاتە خوارەوە لەسەر خۆڵە داخکراوەکەی ڕێگا کە ڕادەکشام بۆنێکی خۆشی هەبوو، بۆنی قژت ئەو بۆنەم دێنێتەوە یاد، هەموو بەیەك گەیشتنێك شتێکی تازەم فێردەکەی، چاوەکانت ئەوەیان پێ ڕاگەیاندم کە بێجگە لە ڕەنگی جلەکانی دایکم ڕەنگی تریش هەیە، ئەوەت لە لام چەسپاند.

(من هەم ئەبێ بەشداری ژیان بکەم).

ئەم ئێوارەیە کە چەپکە گوڵەکەت دامێ و پێت وتم:

«ئەمەیان لە گوڵدانێکدا لە تەنیشت چوارچێوەکەی دانێ، سەرو گوڵیش دەدەینە دەستی ئەوانی ترەوە.

وا هەڵدەستم فەرمانەکەت بەجێ دێنم. لەسەر کورسییەکە هەڵسا گوڵێکی خستە گوڵدانێکەوە و لە تەنیشت چوارچێوەکە دایناـ هەستی کرد هەموو شتێکی ئەمڕۆ لە دوێنێ ناکات لەبەر خۆیەوە وتی:

«خۆزگا زووتر دەم ناسین». کەوتە وتنەوەی ئەو گۆرانییەی کە خەڵکی گوندەکەیان کاتی ئێواران لە پەرێز دەگەڕانەوە دەیانوت.

حوزەیرانی ١٩٧٨سلێمانی

# بۆشایی

ماوەیەکە لەسەر جۆگەلەکەی گوندەکە، لە کاسە و کەوچك شتن بووەتەوە، بەڵام هەڵناسێ نهێنییەکی شاراوە پێی هەستانی تەزاندووە ئامانەکانی لە ڕۆخی جۆگەلە ئاوەکەدا کەڵەکە کردوون دەبریسکێنەوە کاتی ئامانەکانی دەشۆری، تارماییەکی دووری بینی بەرەو گوندەکە دەهات ئەوەندەی ژمارەی تۆزی پێی تارماییەکە ڕووناکی ئومێد دەبارییە دڵیەوە. چاوی بڕییە ڕێگاکە، دەستی لە ئاوەکەی بەردەمی وەردا و بەقژی دا هێنای. هەرچی دەکرد هەر چاوی چاوەڕوانی لە ڕێگاکە ئاڵابوو لێی جیانەدەبووەوە تارماییەکە هەر دەهات، ئەمیش نەیدەویست هەستێ.

لەو بەرەوە کەمێك لە ئاستی ئەو بەولاوە، دوو ئافرەتی تر دەستیان دەجووڵاو بەگوێی یەکتریاندا دەچرپاند، لەم لایەوە، پۆلە قازێك قاوو قیژیان لێ هەڵسا، یەکێکیان باڵی حەزی فش کردەوە و بەقیژە قیژ بەدەوری یەکێکی کەیاندا کەوتە خول خواردن. لە پڕ بەکۆمەڵ بەسەر درێژایی جۆگەلەکەدا کەوتنە باڵە فڕێ، سەرنجی بەدوایانا کەوتە فڕین، تا لە دیوارێ کە شوێن کوڕ و باس و خواسی لاوان و پیاوانی گوند بوو گیربوو، تاقە پیرەمێردێکی پەککەوتەی دێ، سەڵتەکەی کردبووە سەرین و شانی بەسەریا دادابوو. دەنگی «ماندوو نەبن» و شڵپەی ئاوەکە جڵەوی بیری ڕاگرت و هێنایەوە جێگاکەی خۆی... دوو سێ ئافرەتی داس بەدەست لە ناو جۆگەلە ئاوەکەدا. نووشتابوونەوە. بەدەستێك ئاویان بەڕوومەتی خۆیانا دەدا، یەکێکیان لە تەنیشتییەوە دانیشت، هەردوو پێی بۆ ناو ئاوەکە شۆڕ کردەوە و، پڕ بەسینەی هەناسەی ماندوویێتی بەبۆشایی ئاسماندا کرد.

– بەر لە ئێستا نەمدیوی درەو بکەی!!

– کە پیاوان لە ماڵ نەبن، دەبێ دەغڵەکانمان بەپێوە بوەرێن؟!.

– بیری کەس ناکەی؟

– وەختە سوێم بێتەوە بۆ باوکم.

نەیزانی مەبەستی ئەم چییە، خۆی کۆکردەوە داسەکەی خستە سەر شان و وەك ئاسك پەڕییەوە **«خۆزگەم بەخۆت»**

هەستایە سەرپێ. لە هەر لایەکی گوندەکەوە تەماشا بکەیت دەشتاییەکی کاکی

بەکاکی بەرەو ڕووت دەبێتەوە، تەنها لای ڕۆژئاوا نەبێ ڕیزە تەپۆڵکەیەك تا چاو بڕ بکات کشاوە.

گوندەکەش لەژێر تینی گەرمای هەتاوی گەرمە سێردا، لە جێ داخ و تلۆقە سووتاویی گەورە دەچوو کە بەلەشی ئەو دەشتە بەرینەدا قوت بوو بوونەوە، هەنسکی بێ داڵدەیی بۆ، سێبەری ڕیزە شاخێ نسێی کۆمەڵە درەختێك، بەگژ ئاسماندا هەڵدادا تارماییەکە گەیشتە سەر جۆگەلەکە، پیرەمێردێکی پەککەوتە بەسەر هێسترێکەوەیە لەبەر کەنەفتی خۆی، بە گران لە هێسترەکە دابەزی.

بەر لە هێسترەکەی بینی نا بەئاوەکەوە.. ئافرەتەکە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، ئومێدەکانی وەك تۆزی ڕێگاکە نیشتەوە سەر دەروونی داخبووی.

ئامانەکانی خستە سەر سەری و جارێکی تر بەدەشتە بەرینەکەدا هەڵی ڕوانی....

(نەخشینی) دراوسێیان لە پێشەوە دەڕۆیشت، چەند مەڕێکی پێش خۆی دابوو.

ئافرەتێکی تر جووتێ هێستری بەرەو جۆگەلەکە دەهێنا. لەبەر خۆیەوە بەنائومێدییەکەوە وتی (ئێوارەیەکی کەش تێپەڕبوو، کەسیش دیار نەبوو)..

تا درەنگی هەر بەتەما بوو.. چووە سەر کوختەکەیان بەتەنیا لەسەر نوێنە سارد و چۆڵەکە ڕاکشا....

ئەستێرەکانی هەموو ژماردن... هەر بەتەما بوو لە دەرگا بدرێ. دڵنەوایی خۆی پێ نەدەدرایەوە. هەندێ جاریش دەیوت: (**کێ دەڵێ بەیانی نایەتەوە.**)

لەسەردەم ڕاکشا، هەردوو دەستی لە سەرینەکە گیرکرد و کەوتە هەنسکدان.

١٩٧٨ دووز

# شازادەکان درۆ دەکەن

خەڵکی گوندەکە لەوە دەترسان شوانەیان لێ ڕەنجابێ، بەوەی شەوان بەتەنها لە پەنایەکەوە «بەرامبەر لووتکەکان ڕادەماو تێی دەڕوانین» بەڕۆژیش تا زەردەپەڕ لە کەناری سیروان دەمی دەنا بەشمشاڵەکەیدا و ئاوازی بۆ «پۆلی باڵندەی لانە شێواو و وێڵ» و منالانی ڕەنگ زەرد ئەوت هەرچەندە خەڵکی گوندەکە دەیانزانی «**دڵە بچکۆڵەکەی ئەوەندەی ئاسمان فراوانەو**» بەقەد هێمنییەکەشی زیرەکە. بەڵام سەریان نەئەنایە سەرو لەم ڕووەوە پرسیاریان لێ نەئەکرد تا ئەهاتیش ئاوازی پڕ سۆز و خرۆشی بلێسەی ئەسەند. دونیا دیدەیەکی گوند سەری شارەزایی لە قاندەوە و ئەمەی بۆ لاوەکان گێڕایەوە: بەچاوی خۆم بینیم قومرییەکی سپی سپی بەرز دەفڕی گەیشتە ئاستی.

یەك دوو جار سنگی بە سیروانا دا. ئەویش شمشاڵەکەی نابووە لالێوەوە. قومرییەکە لە تەنیشتییەوە لەسەر بەردێك هەڵنیشت بەچاوی خۆم بینیم «**چڵ و پووشیشی بەدەنووکە قرمزییەکەی هەڵگرتبوە**» کە هەڵنیشت ئەم پێی بۆ ناو سیروان درێژ کرد و ڕووی لە بەمۆ کرد، کە گوێم لە ئاوازەکانی بوو هەستم کرد قورسایی بەمۆی لە ئەستۆدایە....

دەڵێن هەندێ جار شازادەیەك خۆی دەکا بەمەلێك یا هەر گیانلەبەرێکی تر و بەو دەستانەدا دەفڕێ یا گەشت دەکات. من هەر بۆ ئەمەیان دەچم چونکی دەمێکە «قومرییە سپییەکە نابینم و شوانەکەش لەم ڕۆژانەدا خەمی هەزار ساڵەمان لە ڕووی کۆبووەتەوە.» یەکێ لە لاوەکانی وتی.

– هەرچی «شیری مێی هەمسمان» هەیە بۆی ببەین نایەتەوە؟

– ڕەنگە ئێستا «لەبەر پەنجەرەی چاوەڕوانی»دا بۆ یەکێکی تر بڕوانی!

دوو هاوڕێی شوانە خۆیان گەیاندە شازادە. شازادە سوور هەڵگەڕاو وتی:

– من هەرگیز شوانم نەناسیوە و یەك «بست» لانەی خۆشم بەجێ نەهیشتووە.

لەو ڕۆژەوە شوانە لە چاوەڕوانی قومرییە سپییەکە کەوت. بەڵام لە شمشاڵ ژەنی نەکەوت، ئێستە بۆ مناڵە ڕەنگ زەردەکان ئاواز دەڵێ.

گوندەکانی دەوروپشت بەمەیان زانی خەمخوارێکی شوانە وتی «ڕاستە دڵی شوانێ ڕەنجا بەڵام خەڵکی گوندێك فێری ئەوە بوون:

بڕوا بەشازادەکان نەکەن. چونکی شازادەکان درۆ دەکەن!!

١٩٧٩ سلێمانی

# تۆپەکەی ئازاد

بارێزەکە بەتوندی خۆی بەجامی ئۆتۆمبیلەکەدا ئەکێشا، فرچەکان فریا نەئەکەوتن، پەیتا پەیتا لە داکەوتن و هەڵسانەوەدا بوون، کەچی لە نێوان ئەو داکەوتنە و هەڵسانەوەدا جامەکە تەنکە ئاوێکی لێ ئەنیشت. لە جامەکەوە کە دەتڕوانی شتەکان بەیەکا دەچوون و تەڵخ دەردەکەوتن.

بەڵام قەراخ ڕێگاکە هەر سەوز ئەیڕوانی، هەندێ جاریش بەرینتر خۆی دەنواند.

لە سەرەوەی ئۆتۆمبیلەکە هەندێ شڕوشیتاڵ بە بەتانییەك شەتەك درابوو شڵپەی ئاوی دەهات «با» کە لە سووچێکەوە بەرگە سەرینێکی لێ ترازابوو جار نەجارێ وەك ئاڵا دەیشەکاندەوە، ئافرەتەکە – کە لەریزی دواوە دانیشتبوو – بێهوودە منداڵەکەی تەنیشتی لە دەرگاکە دوور دەخستەوە، منداڵەکە دەیویست ئەو دڵۆپانەی بەدیوی دەرەوەی جامەکەدا شۆڕ دەبوونەوە بەدەست بیانگرێت، بۆی نەدەگیران، نیوسەعاتە بەڕێگاوەن. دوای دابڕانی ساڵێك وا بەرەو شارەکەیان دەبنەوە، بەدرێژی ئەو نیو سەعاتە منداڵەکە نەبێ لەگەڵ دڵۆپەکاندا دەدوا، ئەوانی تر نقەیان لە خۆیان بڕیبوو لە ڤڕەی ئۆتۆمبیلەکە و خرمەی بارانەکە بەولاوە دەنگ نەبوو. «ئازاد» کە دڵۆپەکانی بۆ نەگیرا و وەڕس بوو، دەستە بچووکەکانی خستە سەر شانی باوکی:

– بابە. ئەزانم لە کوێی شاردۆتەوە.. هەر کە گەیشتینە ماڵ یەکسەر دەری دەهێنم. ئێ؟.

– .........

وشەی «تۆپەکە» ورووژانی.. تۆپەکەی ئازاد «برایم»ی کاکی بەبۆنەی تەواوبوونی خانووەکەیانەوە بەدیاری بۆ ئازادی هێنابوو. بەدرێژایی ئەو ماوەیەش کە لە ماڵی خۆیان دوورکەوتبوونەوە لە بیری نەچووبووەوە و چەند جارێکیش کۆڵاندبوویەوە.

– بابە... بەڕاست، ها کەی بوو وتت: کاکت ڕۆیشتۆتەوە ماڵی خۆمان. ئەو ئەزانێ لە کوێم شاردۆتەوە، بەڵام بێ من دەری ناهێنێ.

باوکی هەرچەندە لە جامەکەی تەنیشتیەوە هیچی وای بۆ لە یەك جیا نەدەکرایەوە، کەچی ڕووی وەرچەرخاند و بێ ئەوەی لە دەسەڵاتیابێ فرمێسك بەڕوومەتیا هاتە خوارەوە لەگەڵ دڵۆپە بارانەکەدا کەوتنە پێشبڕکێ بەڵام زوو بەخۆیدا هاتەوە، بۆ ئەوەی

شۆفێرەکە پێی نەزانیٚ گورج ئحمێکی بۆ کرد، بەپەلە پاکەتەکەی لە گیرفان دەرهێنا، جگەرەیەکی بۆ درێژکرد، بۆ خۆشی یەکێکی داگیرساند، لەگەڵ مژلێدانی جگەرەکەیدا پێی بۆ بەردەم درێژکرد. وشەکانی (ئازاد) وای لیٚ کرد هەر بە لەش لە ئۆتۆمبیلەکەدا بێت، مێشکی دەیان توولە ڕێی لەبەردەم بۆ کرایەوە نەیئەزانی کامیان بگریٚ: پێی وتم:

مام غەریب وا ساڵێکە پێکەوەین هەر حەڵاڵمان لە یەك جیابوو. ناشوکری نەبیٚ تۆ کێت هەیە (برایم) بوو... ئەگەر پێمان ڕازی دەبی لەگەڵ ئێمەدا وەرە. خانووەکەمان جێگای ئێوەشی تیا دەبێتەوە لەوێش سەری کاسبییەك بگرە تا...

– برا. خۆت ئەزانی کونجێکم لای خۆمان پێکەوەناوە، ئەزانم حەز دەکەی پێکەوە ببین بەڵام پیاو لە کونجەکەی خۆیدا بمریٚ...

بەڵیٚ ساڵێك و شتێکە... ئا، ئەبیٚ، هەر ئەڵێی دوێنێیە، ئەو کاتە تا گەیشتینە هەقەجیٚ وەك ئێستا شەست بوو.. ئەو ڕۆژەش کە (برایم) ماڵئاوایی لیٚ کردین باران.. جارێکی تر گریان قوڕگی ئاخنی..

ئەو سالارە هەرچەندە ناوی (تۆپ) دێنیٚ لە دوولاوە برینم ئەکولێنێتەوە، لە دوولاوە.. لە دوولاوە، لە دوو، بەڵام دا لە دوولا، ... لە تۆیش، هەر کە گەیشتینە ماڵەوە سەرەنگومی ئەکەم خۆم یارییەکی کەی بۆ دەکرم...

بارانەکە هێوری کردەوە، فرچەکان دامرکان، وردە دڵۆپەکان وەك دەنکە مرواری بچووك بچووك بەسەر جامەکەوە دەنووسان. لە پڕێکا شۆفێرەکە دەستی بەدوگمەیەکدا دەنا، فرچەکان بۆی هەڵئەسانەوە، مروارییەکان لە ژێر دەم فرچەکاندا خۆیان نەدەگرت، ئەپلیشانەوە، ون دەبوون.. چاوی لە فرچەکان بڕی، بۆ ماوەیەك بەهاتوچۆیانەوە خۆی خەریك کرد. کات لە ئێوارە نزیك دەبووەوە تا دەهاتیش تاریکتر دەبوو. بارانەکە سەدەها پارچە ئاوێنەی لە ناو وەرد و زەوییە نەکێڵراوەکاندا فڕیٚ دابوو، سەری بۆ پێشەوە برد، چاوی بڕییە ئاسمان، هەورەکان ئاڵ هەڵگەڕابوون، نیشانەی گەیشتنیان بوو، سوور هەڵگەڕانی هەورەکان بەهۆی ئاگرەکانی دەوروبەری شارەوەیە، بەدەنگێك زیاتر لە چییە دەچوو وتی:

– گەیشتین

بەلای ئافرەتەکەدا ئاوڕی دایەوە. بەڵام ئەو سەری بەجامەکەوە نابوو بیٚ دەنگ دەگریا. لە دڵی خۆیەوە پەشیمان بووەوە کە وشەی (گەیشتن)ی لە دەم دەرچوو تەماشایەکی شۆفێرەکەی کرد.. **«پێی دەڵێم زەحمەت نەبیٚ بمانگەیەنە ماڵەوە.. نەء جاریٚ**

بابگەین با پێی بڵێم:»

– خۆ زەحمەت نابێ تا نزیکی ماڵەوە بمانبەی؟.. دوور نییە هەر لە پردەکە پەڕیتەوە بەدەستە ڕاستا لادەدەی زۆر ناڕۆین دووەم کۆڵان یەکەم دەرگا ماڵی ئێمەیە.

شۆفێرەکە سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند هێشتا بەتەواوەتی نەگەیشتبوونە ناو شار ئەم لە ماڵ دابەزیبوو... (**هەر کە دادەبەزین دراوسێکانمان بەسەرا دادەبارێن.. وەستا حەمە، مامە کەریم.. خولە، تۆ بڵێی چاخانەکەی مابێ..**) گەیشتنە، ناو شار هەڵیڕوانی.. بەڵکو ناسیاوێکم بینی.

کەسی ناسیاوی نەبینی.

– بابە گەیشتین.. ئەزانی تۆ یەکەم لە کوێ شاردۆتەوە؟

– باش بابە گیان.. ئا لەسەری ئەو کۆڵانە ڕاوەستە.

شڕوشیتاڵەکەی داگرت، کرێکەی دایە. لەگەڵ وەرچەرخاندا خورپە لە دڵییەوە هات خانووەکەیان بووبووە چراخان، نەخێر مووچڕکێك شوێنی خورپەکەی گرتەوە، وەك بەرەو مردن بیبەن، یەك دوو هەنگاو جوولا لەو دەمەدا منداڵێك بەپرتاو لە ژوورەوە گەیشتە بەر دەرگاکە، منداڵەکە تۆپێکی ڕەنگامەی بەدەستەوەبوو، کەمێك ڕاما، یەك دووجار تەپە تەپی بەتۆپەکە کرد، ئەم هەستێکی سەیر دایگرت، دەستی بەرز کردەوە، لە دەرگا بدات، پەشیمان بووەوە، لەبەر خۆیەوە وتی «**پێویست ناکات**...» ئاوڕی دایەوە، ئازاد لەگەڵ منداڵەکەدا یاری دەکرد، دەستی ئازادی ڕاکێشا.

– بابە تۆپەکەم. تۆپەکەم لە ژوورەوەیە ئەوە تۆپەکەی من نەبوو وەرە!

بۆ لای ئافرەتەکە گەڕایەوە، کە تا ئەو کاتە بەدیار شڕوشاڵاتەکەوە ڕاوەستابوو، بە هەناسەسواری شتێکی پێ وت، ئافرەتەکە کە گوێی لێ بوو، بەپێوە ڕاوەستابوو دانشت. بۆ ماوەیەك بێ دەنگ لە قەراخ شەقامەکە ڕاوەستان. دواجار ئافرەتەکە بەدەنگێکی لەرزۆك وتی:

– چی بکەین؟؟

– نازانم!

– بابە تۆپەکەم.

١٩٧٨ کەرکووك

# لە ڕۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا

لە جێگاکەی خۆت ڕاوەستە، بەهەر چوارلادا بۆ دەشتاییە بەرینەکەی دەوروپشتت بنۆرە، لەبەر پێتەوە دەستی پێ بکە.. وەردێکی تازەدراوەی چەند گاوخانییە، لە کۆتایی وەردەکەدا جۆگەلەیەکی باریکە، یەك دوو پێ پانییەتی بەرەو خوار شۆڕبۆتەوە، تۆ هەقت بەسەر ئەوەوە نەبێ: لەم دەشتە کاکی بەکاکییەدا ئەم جۆگەلەیە بۆچ قوت کراوەتەوە، تۆ بڕوانە. تا چاوبڕ دەکات کەسەکڵ و خۆڵە سوورە هەر گەردەلوولی باریك باریکە و بەئاسمانا دەچن.. دەست بۆ چاوت بکە بەچەتر و بۆ دوورتر هەڵڕوانە، نەگردێك نە سێبەرێك نە شینایییەکت بەرچاو ناکەوێت، لەپڕ ڕوانینەکەت لەنگەر دەگرێ، کۆمەڵە خانوویەکی گڵین، ئاوا نزیکەی بیست- سیماڵێك سەریان بەیەکدا کردووە وەك مەترسی شتێکیان هەبێت لە دوورەوە بەلای ڕۆژهەڵاتی برە ماڵەکەوە گردێکی ڕووت دەبینی سەرداماتی گۆڕ داپۆشیوە.

***

کۆمەڵە منداڵێکی پێ خاوسی دێ، هەندێکیان سك پەنماو تەنگیان بەسەگێك هەڵچنیبوو چنگ لەسەرشان لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان دوای کەوتبوون، چەرخەی دێکەیان پێکرد.. گەیشتنە ئاستی سەرەنوێلکەکەی بەرانبەر ماڵی پوورە ئایشی دووانیان هەنگاوەکانیان سست کردەوە، تەماشایەکی یەکتریان کرد و لە مناڵە ورووژاوەکان دابڕان، تا خۆیان گەیاندە سەرەنوێلکەکەش هەناسەبڕکێیان بوو.

یەکێکیان بەپارچە ئاسنەکەی دەستی بەربووە زەوییەکەی بەردەم خۆی ئەوی تریان بەدەستی قرێژی خۆڵی چاڵەکەی بۆ دەردەدا.

بەدەم خۆڵ دەردانەوە بۆ ئەو بەرەوە هەڵیڕوانی، سەرنجی لە دەرگای ماڵی پوورە ئایشێ گیرکرد.. دەرگا تەنەکە ژەنگاوییەکەیان چەند ڕۆژێکە کڵۆم کراوە، لە زەوییەوە بە بەرزی چەند پێیەك بەخشت و بەردی قۆقز کەڵەك چنە. هەرچەند پوورە ئایشێ وەك ڕۆژانی ڕابوردوو لەبەر دەرگا نەبوو، بەڵام دەتوانرا جێ دانیشتنەکەی دیاری بکرێ، ئەوەندە شانی لە دیوارە گڵینەکە توند کردبوو، بستێ جێی سپی هەڵگەڕاندبوو، بۆ ماوەیەك سەرنجی لە دەرگاکە نەگواستەوە، بەدەم خۆڵ دەردانەوە وتی- نایەڵین مناڵان

بچنە حەوشەکەیانەوە.. ئێ؟

ئەو هەموو جارێ شەکرە سوورەی پێ دەداین چۆن دەهێڵین

– دایکم ئێستا پێم دەڵێ:

کاتێ کوڕەکەی بهاتبایەتەوە شەکرە سوورەی پێ دەدان.

هەردووکیان بۆ ماوەیەك تاس بردینەوە و لە یاریکردن کەوتن.

ئەو ئێوارەت بیردێ بانگی کردین.

***

چەند ڕۆژێ لەمەوبەر بوو، وەك ئێستایان بەسەر سەرەنوێڵکەکەوە یارییان دەکرد (پوورە ئایشێ، یش ماوەیەك بوو لەبەردەرگا دانیشتنی کردبووە پیشە، لە بەیانی زووەوە تا ئەو کاتەی تاریکی دادەهات پاڵی بەدیواری حەوشەوە دەدا و دەیڕوانییە دەشتاییەکەی بەردەمی.. خۆر هێشتا ئاوا نەبووبوو بەدەنگە لەرزۆکەکەی بانگی کردن.

– وریا، ئازاد ئاوەرن.

بەپرتاو خۆیان گەیاندێ، هەر بەدانیشتنەوە دەستی بەگیرفانی کەواکەیدا کرد و سەر و نوقڵی دانێ و وتی:

– ئەمەیان هیچ نییە.. شەکرە سوورەکە بۆ بەیانی بمێنێ. ئەو شەوە وریا و ئازاد لە پوورە ئایشێ زیاتر بەپەرۆشەوە بوون شەو زوو بڕوات.

تا درەنگێ نەخەوتن، کە خەوتیشن تاکو بەیانی لە ناو خەرمانی شەکرە سوورەدا یارییان دەکرد. بەیانی زوو یەکیان گرت بەرەو جێی یارییەکان ڕۆیشتن پوورە ئایشێ وەکو جاران لە جێگەکەی خۆیدا کرووشکەی کردبوو.

پیاوانی دێ لە پاڵ دیواری مزگەوتەکەدا سەریان بەیەکدا کردبوو بە چپە دەدوان.. ئەو ڕۆژە بەپێچەوانەی ڕۆژانی ترەوە زۆرکەس نەچووبووە سەر کار بەڵام دوو منداڵەکەی ئاگایان لە هیچ کەین و بەینێکی دی نەبوو خەیاڵیان هەر بۆ شەکرە سوورە دەڕۆیی زۆری نەبرد، یەکێ لە پیاوانی دێ چووە لای پوورە ئایشێ و ئەمەی پێ گوت:

– ئەمشەو زانیبوویان دێتەوە..

هەر ئەوەندەی بۆ وترا، بەڵام پوورە ئایشێ لە هەموو شتێ گەیشت، زریکەیەکی بۆ کرد و بەدەمدا کەوت. بەچوار دەستە بردیانە ژوورەوە.. دوو ڕۆژی پێ نەچوو دوو گۆڕی تازە

بەسەر گردەکەوە باوەشیان بەیەکا کرد.

***

وریا و ئازاد خەریکی پڕ کردنەوەی چاڵەکەی بەردەمیان بوون وریا کەمێ ڕاما

– با بڕۆین

– بۆ کوێ

– تۆ وەرە

لە ناو دار بییەکانیماڵی وریادا هەرچۆنێ بوو دوو ڕیشە قامیشیان هەڵکەند، لە پاین دوو گۆڕە تازەکەوە چاڵێکیان بۆ هەڵکەند و ئاویان دا.

***

ئێستە لە جێگاکەی خۆت ڕاوەستە بەهەر چوارلادا بە دەشتاییە بەرینەکەی دەوروپشتا بڕوانە، لەبەر پێتەوە دەست پێ بکە.. وەردێکی تەپەسکاوەی چەند گاوخانییە، لە کۆتایی وەردە تەپەسکاوەکەدا بەپانێتی یەك دوو پێ دڕکەزێ و تەنکە پووش بەرەو خوار شۆڕبۆتەوە یەکسەر بیرت بۆ شوێن جۆگەلە ئاوێك دەچێ..

دەست بۆ چاوت بکە بە چەتر، تا چاو بڕدەکات کەسەکڵ و خۆڵە سوورە هەر گەردەلوولی باریك باریکە و بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە. بۆ دوورتر هەڵڕوانە، نە گردێك، نە سەوزاییەك نابینن، لەپڕ ڕوانینەکەت لەنگەر دەگرێ پاشماوەی کۆمەڵە خانوویەکی گڵین ئاوا نزیکەی بیست– سی ماڵێك. لابەلای ڕۆژهەڵاتی بڕە ماڵەکەوە بەسەر گردەکەوە قامیشەلانێك نزیکەی چوار پێنج بنجێك دڕژانگەیان بەسەر دوو گۆڕدا داداوە و سێبەرێ تەنکیان بۆ کردوون.

تشرینی دووەمی ۱۹۸۰

# لەسەرە ڕێدا

ڕاوەستا تاکو گوندەکە لە ناو تاریکییەکەدا توایەوە، دێ لە لاڕێیەکی چەپدایە، هەندێ سەگی خوێڕی و ژاوەژاوی لەرزۆکی ناو گوند نەبێ، کەم کەس ڕێی پێ دەبا و دەچێتە سەری.. لە نێوان دەیان جێ پێی بەرز و ڕێچکەی باریك باریکدا، بەتوولە ڕێیەکدا شۆڕبووەوە تا بەر دەرگای حەوشەی خانوویەکی خواروخێچ هێنای، ئێستێکی کرد، لەودیو دەرگا تەنەکە ژەنگدارەکەوە کۆکەی زەلامێك. جار نەجارێ لەگەڵ پرمەی ولاخێکدا جووت دەبوون، جیرەی دەرگاکە، بۆڵەی بەکابرا هەڵسان و گوێی ولاخی تەنیشت دەرگاکەشی قووت کردەوە..

لە ناوەڕاست حەوشەدا چرایەك بەردەم پیرەمێردێکی ڕاکشاوی ڕۆشن دەکردەوە پیرەمێردەکە دەستێکی خستە سەر دەستەکەی کەی بەتەمای هەڵسان بوو، بەڵام ئەم تا دانیشتیش پیرەمێردەکە هەر لەوبارە مایەوە، لە نێوان هەڵسان و دانیشتندا بوو...

دوو چاوی زیتی پڕ لە پرسیاری تێ بڕیبوو نەیدەترووکاند. دواجار لێوەکانی یەك دوو جار لەرزین و بەدەنگێکی لەرزۆك چەند جارێ بەخێرهاتنی کرد، ئیتر ئەو سەرەی داینەواند هەڵی نەبڕی...

(تۆ بڵێی حەزی بە هاتنم نەکردبێ). ویستی ئەوەی بۆ ئاشکرا بکات کە ڕێبوارە و نامێنێتەوە.

– بۆ ئەو دێیە دەڕۆم.. نانێ....

نەیهێشت وتەکانی تەواو بکات، کەمێ وەرچەرخا و (ئادەی)یەکی بۆ کرد. (ئەگەر حەزی بەمیوانداریم نەکردایە. ئادەیەکەی. جۆرێکی تر دەبوو). لەگەڵ ئاوڕدانەوەی پیرەمێردەکەدا ئاوڕی دایەوە:

پیرەژنێك چەند هەنگاوێك لەولاوە وەستابوو، کز کز دەیڕوانی (بەڵام لەم بێ دەنگی و سەرسام بوونەیان سەر دەرناکەم!). بۆ ماوەیەك نەیدەزانی چی بکات.. لەپڕ گوێی لە پرمەی گریانێکی خنکاو بوو.. ئەوەندەی تری پەشۆکا و پەشیمان بووەوە کە لە ناو هەموو ماڵەکاندا ئەم ماڵەی هەڵبژارد، تا کەمێ بحەسێتەوە و تەزووی پێی دەربکات. «ڕەنگە پێش هاتنی من سووکە ئاژاوەیەکیان بووبێت». زۆری نەخایاند پیرەژنەکە خواردنێکی هاکەزایی لەبەردەم دانا و بێ ئەوەی چاوی لێ بترووکێنێ پاشە و پاش گەڕایەوە لە تەنیشت پیرەمێردەکە چیچکەی کرد. «سەیرە.. من نانی خۆم دەخۆم ئەوانیش با بۆ

خۆیان... ئا... ڕەنگە ئەمانیش دەردەکەی دایکمیان بێ... ڕۆڵە هەرکاتێ یەکێك لە ئێوە دەبینم تۆم دەکەوێتەوە یاد.. ڕەنگە..». پارووییەکی بۆ دەم برد، سەرنجی لە پیرەژنەکە گیربوو.. «وەڵڵاهی... ها» دەستی بەپاروووەکەوە وشك بوو، نەیتوانی پاروووەکە بگەڕێنێتەوە، پاروو بووە بەرد لە دەمیدا «.... ها... ئەمە خۆ دایکی حوسێنە.. خۆیەتی.. بەڵام ئەمان نامناسنەوە، جارێك بینیومە». سەری هەڵبڕی، پیرەژنەکە بۆ یەکێ لە ژوورە تاریکەکان هەنگاوی دەنا. «.. ئەوە.. دەزانم ئێستا دەست بەگریان دەکات» دەستی لە بازوو بەنەکەی قۆڵی دا «بەڵام چی گەیاندیانیە ئێرە»..

سەرەتای زستانێکی تووشی چەند ساڵ پێش ئێستا بوو، ڕێمان کەوتە دێکەیان، ئەم پیرەژنە سەرەڕێگای لێ گرتین، پاڕایەوە: ئەم بازووبەنە بدەنە دەستی «حسێن»ی کوڕم. سەرمان خستە سەری. بازوو بەنەکەم لێ وەرگرت بەڵام بەرلەوەی بگەینە لای بۆ یەکجاری لێمان ون بوو....

ئیتر نەك هەر نەمدەویست دیارییەکەی بۆ بگەڕێنمەوە، تەنانەت حەزم نەدەکرد بەو دێیەشدا گوزەر بکەم.. بۆ لەم هەموو ماڵانەدا بۆ ئێرە هاتم؟ .. ئەزانم بە بینینی ئێمەمانان زامیان تازە دەبێتەوە.

بەئەسپایی بازووبەنەکەی لە قۆڵی کردەوە. خستیە سەر بەڕەکە پێڵاوەکانی لە پێ کرد نەگەیشتبووە دەرگاکە گوێی لە گریانی بەکوڵی پیرەژنەکە بوو. ئاوڕی دایەوە پیرەمێردەکەش هێشتا سەری هەڵنەبڕیبوو. بەڵام وەك مەنجەڵ دەکوڵا.

١٩٨٠

# شەوێکی قەڵا

جاران، وەك ریکۆردێك دەست بەدوگمەکەیدا بنێت. ئاوا دەستی پێ دەکرد. ئەوەی دەوت نەی دەوتەوە. بەخەیاڵی کەسا نەدەهات و کەسیش پەی پێ نەدەبرد.. لە هەر باسێك چەپکێکی دەڕنی.

چواردەوریان دەتەنی. قاقای پێکەنین بەرز دەبووەوە. بزەی لەسەر لێوی ڕێبواران دەنەخشاند.

بەڵام لەو شەوەوە کە ڕووداوەکەی تیا ڕووی دا.

شتێکی تری کەوتۆتە دەم. هەرکەسێ گوێی لێ دەبێ، ئارەقەی بێ دەستەڵاتی دەڕژێنێ و قەتماغەی برینێکی سارێژ نەبووی دڵی گوێگرانی هەڵدەکەنێ. «خۆم ناکوژم بێ ئەقڵ ئەزانم بەمەش نامرێ» ئەمە لە شەوێکی تاریکی شاردا بوو..

***

ماوەیەکی درێژ بوو نەهاتبوومەوە. لەو ماوەیەشدا لە شارە گەورەکاندا لە دێکانی گەرمەسێر و کوێستاندا شتێکم بدیبایە ڕووداوەکەی ئەو شەوە و «سالە» شێتی لەمەڕ خۆمانم وەبیرئەکەوت. کە گەڕامەوە زۆربەی هاوڕێکانم، دڵدارە غەمبارەکان هەریەکەی لە گۆشەی شارێکدا گیرسابوون.

هەموو خەون و گۆرانییەکانیشیان لەگەڵ خۆیانا ئاوارە کردبوو.

دڵدارە خەمبارەکان، ئەمشەو لە تاو خەمەکانتاندا ئۆقرەم لێ هەڵگیراوە. وا بۆ جاری سێیەم ئەچێ بەدەوری «قەڵا» لاڵەکەدا دەسووڕێمەوە... لەو ڕۆژەوە لە باخچەی لاپاڵی قەڵاکەدا دانانیشین و شنەبا دەنگی «ئەڵڵا وەیسی» نادا بەگوێمانا هەر کە دەگەڕێمەوە ئەم «تەوافە» ڕەت ناکەم.

تەسەللام ئەداو نادا.. گەیشتمە ئاست باخچەکە لە ترپەی پێی خۆم بەولاوە گوێم لە هیچی تر نییە. سەگێك شەقامەکەی بڕی و خۆی کرد بە باخچەکەدا. لەو جێگایەی ئێمە دادەنیشتین. لە تەنیشت دارکاژێکەوە قاچی هەڵبڕی. (ئەو ماڵەی کەوتبووە سەرەوەی باخچەکە ئەوسا تاکو ئێمە بماینایەوە هەردوو پەنجەرەی ژوور سەرمانی بەڕووناکی بۆ دەهێڵاینەوە.) ئاوڕێکم دایەوە پەنجەرەکانی وەك دووچاوی هەڵکۆڵراو ڕەش و تاریك

بوون.. ئەم پێچەو دەگەڕێمەوە. چەمەکەی ژێر دەم قەڵا وەك زامێکی قووڵ لەشی شاری لەت کردبوو. سەگەکان کۆمەڵە پیسییەکانیان دەپشکنی.

بۆنێکی خنکێنەری لێ هەڵدەسا و ئەو ناوەی گرتبۆوە. سەرخۆشێك گشتی لە شەقامەکە کرد و دەستی بەتاڵ کردنی میزەڵدانی کرد.. ئا لێرەدا بوو... دوای دانیشتنێکی خۆش درەنگێ بڵاوەمان لێکرد لە دوورەوە تارماییيەکەم لە ژێر پێپڵکەکاندا بەدی کرد. هەر وەکو شەوانی ڕابردوو بە سەرخۆشێکم زانی کە لەبەر بێهۆشی ڕاکشاوە، هەنگاوێ.. دوو... دە ئێستێکم کرد. مووچرکێك لەشی داگرتم گەیشتمە سەری، وەك یەکێ کڕنۆش ببا دەستم خستە سەر چۆکم و نوشتامەوە. بۆ ماوەیەك نەئەمتوانی ببزوێم نە ورتەم لێوەبێ. حەپەسام. ڕووت کرابۆوە. پارچە گۆشتەکەی. نێوگەڵی لە خوار پێیەوە وەك شتێکی زێدە فڕێدرابوو لە جێگاکەیەوە خوێنێکی ڕەش ڕێچکەی بەستبوو. تا ناوەڕاست شەقامەکە کشابوو. تەنیا ئاهێك لە گەروومەوە بەرز بووەوە، نە پێکەنین بوو نەگریان، هەر بەو نووچدانەوەوە بەپلیکانەکەدا سەرکەوتم، ئاوڕم دایەوە یەکێکی تری لە جێگاکەمدا. نەمدەزانی چی دەڵێ من ئەمویست دوورکەومەوە.

زەلامەکە زریکەیەکی بۆ کرد. قاقایەکی سەیریشی بەدوایا. من ئەمویست دوورکەومەوە.

نەهاوارێکی تر. هاوارەکە لە هی مرۆڤ نەدەچوو. ماڵەکان پەنجەرەکانیان خستە سەر پشت. ڕۆشناييیەکی کاڵ تاریکاييیەکەی کەمێ ڕەواندەوە.

ئاوڕم دایەوە. ئەوەی لە جێگاکەی من نوشتابووەوە قالە شێت بوو!! خەڵکێکی زۆر ڕژانە سەر شەقامەکە. گەڕامەوە. قالە پڕی بردە شووشەیەکی شکاو. سیپاڵە شڕەکەی خۆی هەڵبڕی. بەڵام گورج پێی گەیشتن و نەیان هێشت. قالە خۆی ڕادەپسکێنێ «بەرمدەن با خۆم بکوژم».. چاوی گێڕا بە خەڵکەکەدا «سالە» شێت بێ دەربەست بە خەڵکەکەدا ئەیڕوانی.

قالە هاواری کرد «سالە منیان گرتووە تۆ خۆت بکوژە»

بەهەمان بێ دەربەست بوون وتی:

– بێ عەقڵ من ئەزانم بەمەش نامری، ئیتر بۆ خۆم بکوژم.

ئەمە لە شەوێکی تاریکی شاردا ڕووی دا.

مایسی ١٩٧٨

## بووکە شووشە

لە بەردەم جامخانەی دووکانێکدا ڕاوەستا. ئەیویست ئەمجارەش شتێکی بۆ بەرێتەوە. چووە ژوورەوە. دیسانەوە پەنجەی بۆ ئەسپێکی بچکۆڵەی تری درێژ کرد. کە لە جامخانەکەدا بەسترابووەوە. وەکو جاری پێشوو شتێکی زۆر پیرۆز لە ئامێزی گرت و گەڕایەوە ژوورەکەی. هەموو جارێ کە پێ دەنێتە ژوورەکەیەوە، هەستێکی سەیر دایدەگرێ. کە لە نامۆیی دەچێ، جۆرە دڵ گوشینێك، هەستی ئینسانێك کارێکی بەسەردا بدرێ و بەنابەدڵی جێبەجێی بکات. لەسەر مێزەکەی داینا و لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشا.

بووکە شووشەکە لە قوماشێکی شین دروست کرابوو «من ئەسپی شینم نەدیوە».

لە بری جڵەویش قوماشێکی سووری باریکیان لە لالغاوە نابوو، لە ژێر ملیەوە بۆ سەرپشتی ڕاکێشرابوو. کە تەماشای کردەوە پێکەنی کە چۆن (هیوا)ی کوڕی لە باوەشی دەگرێ و ئەیکات بە چی قاووقیژێ. هەر بەشان سەرینەکەی کەمێ بەرز کردەوە و ڕوانییە ڕۆژژمێرەکەی بەرامبەری.. بۆی نەخوێندرایەوە چاوێکی بۆ نووقاند «کاتێ سەلاحی هاوڕێم دەدوێ ئە ئاوا چاوێکی بۆ دەنووقێنێ ئەمجارەیان پێی ڕادەگەیەنم ئەم بەزمەت تازەیە» .. هەر بۆی نەخوێندرایەوە، تەماشای مەچەکی کرد.. پەنای بردە بەر پەنجەکانی «.. سێ شەم.. چوارشەم.. و.. لەبەر خاتری (هیوا) نەبێ ناچمەوە. ئەم جانتایەشم بەسە، ئەسپەکەش.. نەء دەینێمە ناو زەرفێك. وەکو هەموو جارێ و بەرلەوەی ماچەکەم، بداتێ هەڵدەکوتێتە سەر پیرە جانتا. جانتاش دوو فانیلەی قرێژ و بێجامەیەك و دوو سێ کتێبی تێدایە. لەپڕ دەینێمە بەر دەستی. جا تەماشا چی خۆشییەك دایبگرێ »..

ترسێکی نادیار خەریك بوو دایبگرێ، ترسی ئەو ڕۆژە کە « .... لە دەرگایان دا، ڕانەوەستان دەرگاکەیان بۆ بکەمەوە، کردیان بەژووردا، دەستیان کرد بەسەما و پل تەقاندن یەکێکیان بەجووڵانەوەی ئەکتەرێکی نەشارەزا شووشەیەکی بەتوندی لەسەر مێزەکە دانا، بووکە شووشەکە کەوتە هەلۆرکە. فریا نەکەوتم، بەربووەوە. خۆشم ئێستەش سەرم سووڕماوە. چۆن وا گورج پێی کەوتە سەری و پلیشاندییەوە. ئەوسا هیچم نەوت تەنیا ئەمەم لەبەر خۆمەوە ئەوت: «بێ شەرمانە».

تەقەی شتێك هاتە گوێی ترسا هەمدیس ئەوان بن. گورج هەستا. لە باوەشی گرت، گوێی هەڵخست. لە دەرگاکە نزیك بووەوە بەئاستەم دەرگاکەی کردەوە. کەسی نەدیت شنە بایەکیش تاقە دارەکەی حەوشەی خستبووە جووڵە.

ئابی ١٩٧٧دهۆك

# قازانی قوپاو

بەمانای وشە شەکەت بووبوو. بەڕادەیەك هەندێ جار کە بەپێوە ڕادەوەستا هەردووك قاچی دەستیان دەکردە لەرزین.

وەکو ڕۆژانی ڕابردوو خوانەکەی ڕازاندەوە. زۆری نەبرد بەغەڵبە غەڵب کردیان بەژوورا. ئەمیش چووە دەرەوە و لە تەنیشت دەرگاکەوە هەردوو قاچی درێژکرد و پاڵی دا بە دیوارەکەوە. ساردی دیوارەکەی ئەو دیودا منداڵێك چچکەی کردبوو. وەك چۆلەکە تەماشاکەی لە ئاستێکدا خۆی نەدەگرت..

هۆمەری کوڕی کەوتەوە بیر. لەم کاتەدا هەموو، ماندووبوونێکی لەبیرچووەوە. کە پاش کەمێکی تری هەندێ لە خواردنە خۆشەکانی سەر مێزەکەی ئەو دیوی پێ دەگەیەنێ. یەك دووجار نووچی دا و ڕوانییە بن دیوارەکەی ئەودیو.

(هۆمەر نەبێ؟!) مڵچەی دەمی مرۆڤەکانی ناو ژوورەکە و فیرەی هەڵقوڕاندنی شلەی بەتامی دەستی خۆی ئاوی دەزانە دەمی و هۆمەری زیاتر وەبیر دەخستەوە. هەندێ جاریش سەرەتاتکێی دەکرد و دەیڕوانییە ئەو دیو دەرگای حەوشە. تا دەهات مڵچە مڵچ کز دەبوو و تەقەی کەوچك و چەقۆ لەبن ئامانەکان وەك کورسێکی نارێك پتر دەبوو «خۆ بەخوا من بەدەست نەبێ تێر نابم» تەقەو هۆڕیش کزبوو. هەر بەدانیشتنەوە سەرێکی کێشا «چۆڵ بووە» هەستا پاشماوەی ناو قاپەکانی بەردەمیانی کردە یەك و لە دەفرێکدا داینا، وردەنانی سەر مێزەکەشی گرد کردەوە و بەرەو دەرگای حەوشە بردی. گەیشتە بەردەم بەرمیلێکی زل. منداڵەکە جوولا. هەنگاوێکی نا و ڕاوەستا (هۆمەر نەبێ؟!) دەستی ڕاگرت (نەء) تێگەیشت بەپەلە چووە ژوورەوە.

منداڵەکە ویستی بگەڕێتەوە، ئەم دەستێکی لێ هەڵتەکاند. بەپەلە ئامانەکەی هێنا منداڵەکە لەپێشدا بڕوای نەکرد. هێدی هێدی نزیك دەبووەوە. قازانە قوپاوەکەی دەستی بۆ پڕکرد و بە نەرمەغار بەرەو خوار بووەوە.

ئەو ڕۆژە هۆمەر چێشتە خۆشەکانی دەستی دایکی نەچەشت.

دهۆك ١٩٧٧

# دەنگوباسی ئەو دێیەی کە بەتەماین بیکەین بە هاوینەهەوار

لەسەر ڕوومەتی دانیشتوانی ئەم دێیە سەرەتای وەرزێکی خەمگین بەدی دەکرێ.. ئەوەندەش چاویان بریوەتە دووکەڵە چڕەکەی ئاوی چاویان داهات.. سنگی هەرکامیان هەڵدڕی ماسی ئاسایی ڕەش هەڵگەڕاوە. دووکەڵە چڕەکەی لە دەوروبەری ئەو کارێزەوە دەچێتە گژ ئاسمانا کە لە سەردەمی حەزرەتی (نوحەوە) تەقیوە و ئێستا لە دانیشتوانی دێکە بەریان گرتووە. دەستیان بەستراوەتەوە، قوڕگیان دەگیرێ لەگەڵ ئیقدانا ڕەشاو هەڵدێنن.

بەتەمای ڕەشەبایەکی توندن دووکەڵە چڕەکەیان بۆ بڕەوێنێتەوە چاوەڕێی تۆفانێکن بۆ یەکجاری بەری کارێزەکەیان بۆ بەرەڵڵا بکات و ئیتر بەربەست کردنی نەبێت. لە پەژارەی تینوویێتی خۆیانا ڕەشی چاویان وا خەریکە سپی هەڵدەگەڕێ.. ئای بۆ تەتەرێك هەواڵی تەقینەوەی کارێز بدا بە(یەعقوب)ەکان.

ئەوانەی بەری کارێزەکەیان گرتووە دەمێکە ئەم فرمانەیان لە ژووری نوستن هەموو خێزانێکا هەڵواسیوە (یا ئەبێ دێکەتان بگوازنەوە، یاخود بۆ هەر تاقاوێك، بۆ چۆڕێ ئاو سەری یەکێکی دانیشتوان حەڵاڵە).

بۆیە کەوتمە خولیای ئەوەی چۆن بگەمە ژووری نوستنی دانیشتوان و لە تەنیشت فەرمانەکەی ئەوانەوە ئەمەیان بۆ هەڵواسم «چاخی زوحاك ناگەڕێتەوە ڕەوشتی کاوە ون نەکەن».

لەم دێیەدا ئەوانەی بەتەمای ڕەوینەوەی دووکەڵەکەن و تەقینەوەی کارێزەکەیان ئاواتە، ژمارەی هەنگاوەکانیان، هەناسەدانیان تۆمار ئەکرێن و هەموو ئێوارەیەك ئەدرێنە دەستی خۆیانەوە. سەرسمیان پێ ئەدرێ.

هەزار داوی وردیان بۆ ئەتەنن. منیش کە دەمێکە خولیای هەڵواسینی فەرمانەکەم کەوتۆتە سەر لەو کاتەوە هەست ئەکەم هەناسەکانم ئەژمێرن بەهەرلایەکدا ئەڕۆم چاویان بەڕووما ئەچەقێنن. شوێن پێی هەنگاوەکانم هەڵئەگرن. ناچاریان کردووم شەوان درەنگێ بەپێدزە خۆم بکەم بەماڵا. لەولاشەوە دایکە پیرەکەم لێ زویر بووە گوایە کەوتوونەتە بن کڵێشەم و لە خشتەیان بردووم و سەر بەماڵا ناکەم ناچار هەموو ڕۆژێ دەبێ بە بازاڕەکەدا تێپەڕم، هەر کە چاویان پێم کەوت بەجارێ کۆمەڵێ چاو دەچەقین

بەڕووما.. دەستیان لە کارەکانیان هەڵدەگرن بەچەپ و ڕاستدا لێم ورد دەبنەوە تا ئەوانیش دەمدەنە دەست تاقمێ چاوبزی دیکە. ئەوەی زیاتر جێی سەرسوڕمانە هەندێ لە دانیشتوانی دێ چاویان لەگەڵ چاوی ئەوانا دەگەڕێ و دڵیان، لەگەڵ لێدانی دڵی ئەواندا لێ دەداو هەمان ڕەفتاری ئەوانم لەگەڵ دەکەن. زۆرترین تەماشاکردنەکەی ئەوانم بەلاوە ستەمە ئەمڕۆ کوتوپڕ لە ناوەڕاستی بازاڕەکەدا ویستم بوەستم و هەموو شتێ بڵێم ڕاوەستام. بەڵام کەی تەنیا وتن هەموو شتێکە سەر کۆڵانەکانیان لێ تەنیوم «مناڵ بووین بۆ خۆ لەیەك شاردنەوە بێ ترس خۆمان بەکۆڵانەکاندا دەکرد، بەڵام ئێستا کۆڵانەکانمان نامانشارنەوە یاریشی بۆ منالانی ئەم دێیە قەدەغەیە» لەسەر پیشەی خۆم شەوێ درەنگ گەڕامەوە. کلیلی دەرگاکەم دەرهێنا دووکەس ڕاست و چەپ باڵیان گرتم. بەچاوە زیتەکانیان لێم مۆڕ بوونەوە. بەو جۆرە تەماشاکردنە ڕاهاتبووم. منیش هەموو لەشم کرد بەچاو یەکێکیان پارچەیە کاغەزی بۆ درێژکردم و هەردوو بەجووتە وتیان– ئەمە لە ژووری نووستنەکەت هەڵواسە. بەئاستەم پێنووسەکەم دەرهێنا، لەپشت پارچە کاغەزەکەی ئەوانەوە ئەمەم نووسی و دامەوە دەستیان.

(چاخی زوحاك ناگەڕێتەوە. کاوەش لە یاد ناکەین) وەك تاشە بەردێك بماڵی بەسەریانا دەستیان خاو بووەوە.

بەپێچەوانەی شەوانی ڕابردووەوە لە ناخەوە هەستم بەباڵەفڕێی هیوا کرد چونکی توانیم ئەو فەرمانەی ئەمویست لە ژووری سەری دانیشتوانی گوندەکە هەڵواسم لە پێشەوە بەمانم گەیاند. بەڵام ئەبوایە هەموو شتێکم لەگەڵیانا یەکالا بکردایەتەوە.. ئەبوایە ئاشکراتر بدوامایە لەوەتی چاوم کردۆتەوە ئەم دێیە ئاوی ڕوونی لێ قەدەغە کراوە و بەری کارێزەکانی بەربەستە.

ئەمەوێ لەشی خۆم ژەهراوی بکەم و خۆم دەرخواردی ئەو نەهەنگە بدەم کە بەری کارێزەکەی لێ گرتووین.

یەك دووجار لە ژوورەکەی خۆمەوە دەنگی دایکم وەك بانگەوازێکی دوور بەر گوێ کەوت چاوم هەڵبڕی لەودیو پەنجەرەکەوە ڕاوەستاوە. تا ماوەیەك ئەوەی ئەو ئەیوت نەمدەبیستن گوێم لە دەنگی ناوەوەی خۆم دەگرت، کە مێشك و هەردوو گوێمی بەم دەنگە ناسازە ئاخنیبوو (تەماشاکردنەکەی دایکیشت لە هی ئەوان دە...) بەڵام کە وردبوومەوە تەماشاکرنەکەی تەماشای دایکێتی جارانی بوو لەگەڵما وەك دایك ئەدوا.

– کابرایەك لێرە بوو.. ئێستا ڕۆیشت.. وەڵامیان داینەوە بۆ مەسەلەی ژن خواستنەکەت وتوویانە لەم دێیە ژنی پێ نادرێ.. بۆ ئێوە لەم ناوە زاوزێ قەدەغەیە.

لە پێش خواردنەوەی خۆمدا وەڵامم پێ نەدرایەوە.. خۆم خزانە ژێر پێخەفە ساردەکەمەوە، لەگەڵ بۆڵە بۆڵی دایکمدا مشتومڕێکی گەرم لە مێشکمدا دامەزرا «هەڵاتنت پاشگەزبوونەوەیە.. لە بەهارێکدا ئەبێ بەری کارێزەکەیان پێ بەردەین و زەماوەندێکی گەرمیش بۆ دەزگیرانەکەم ساز بکەم».

ئابی ١٩٧٢ کەکووك

# ڕاو

سێ قۆڵی خۆیان بەچایخانەکەدا کرد. بەو نیازەی ئەمجارەیان هەموو شتێك یەکالآ بکەنەوە و کۆتایی بەهەموو شتێك بهێنن.

وادیاربوو دووەمیان لە دووانەکەی تریان بەپەرۆشتر بوو، هەردوو قۆڵی خستبووە بن هەنگڵی دووانەکەی تر لە شێوەی زنجیرەیەکی نیوە ترازاودا مەچەکیانی گرتبوو، تا لە دەرگا شووشەبەندەکەش خۆیان بەژوورا کرد بەری نەدان کاتێ بەرەو مێزێکی بەتاڵی سووچێکی چاخانەکە هەنگاویان دەنا هەریەکەیان لە لایەن خۆیەوە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن دەستی پێ بکات.

بەجۆرێکیش ئاگایان لە یەك بوو، هەر ئەوەندەی مابوو ژمارەی هەناسەی یەکتر بزانن. بۆ ماوەیەکی کورت ئاگایان لە یەك بڕا سێ قۆڵی دەوری مێزەکەیان دا، لەم کاتەدا خەڵکەکە، دەنگێ بەکێشکردن و بۆ پێشەوە بردنی سێ کورسی لە چا هەڵقوڕاندن و یاریکردنی خستن و ئاوڕی پێ دانەوە سێ کەسەکە دەستیان نایە سەر مێزەکەی بەردەمیان. وەك بۆ یەکەم جار دەستی خۆیانیان دیبێت چاویان لەسەر مێزەکە نەئەترووکاند. بێدەنگی درێژەی کێشا. تەماشایەکی یەکتریان کرد. بزە کەوتە سەر لێویان، بزەی سەرلێوی دووەمیان لەوانیتر گەشتربوو (ناهەقی نەبوو) دەستی خستە سەر مەچەکی هەردووکیان ئەیویست بێنە گفت، کۆتایی بەم بێدەنگییە بێنن.. لە هەموو جووڵانەوەیەکیدا تا بزەی سەر لێوی گوشین مەچەکیان ئەیویست ئەوەیان پێ ڕاگەیەنێ کە «دەمێك خولیای ئەم ئاواتە بووم ئاوا پێکەوە دانیشین و بڕیاری ڕاوێك، گەشتێ بدەین.. تا لە ڕۆژانی ڕەشی، پڕ مەینەتیشمدا بیرم هەر لەم ڕاو و گەشتە دەکردەوە.. گەلێ جار لە سەرە ڕێی گەشت و گەڕانا ئەوەستام باسی ڕاو و گەشتم ئەکرد و ئەموت من بەبیرمابێ زۆر کەسیی ئێمەش خۆیان کردە قوربانی ڕاو و گەشت.. هەر بۆیەش ئەو هەوڵە بێ شومارەم دا کە لە یەکترتان نزیك بکەمەوە.. بەقوربانە ئەمجارەیان با ڕاوەکە سازکەین. ئەیویست ئەمە و گەلێ شتی تر بڵێ.. بەڵام سێیەم یەکەمیان ئاشتی پاش شەڕیان بوو لە تەماشاکردنی یەکتر تێر نەدەبوون، وەك دوو دڵدار نیازی ڕاز و گلەیی ڕۆژانی ڕابوردوویان کەوتبووە سەر دووەمیش پەلەی ڕاوکردن و چوونە سەیرانگاکەی سبەینێی مەبەست بوو هەرچی چۆنی بوو لە نێوان ڕاز و گلەییاندا پێیان ڕاگەیاند،

– ڕێك كەوتین.. ها..؟

یەکەم بۆ ئەوەی دڵنیای بکا، دەستی خستە سەر شانی و بەتیلەی چاوی پڕ لە سەرزەنشت و گلەیییەوە لەگەڵ بزەیەکدا شانی ڕاوەشاند، لە دڵیشەوە بیری لەوە دەکردەوە کە «دەمێکە منیش بەدوای هەلێکی وادا دەگەڕێم... بەناو دۆستایەتییەوە مشتەکۆڵەی خۆم بوەشێنم.. ئای کە باسی جوانی دایکتیان بۆ کردووم.. شەوان گینگڵی بۆ ئەدەم.. هەرچی چۆنی دەبێ ڕاوەکە دوا دەخەین لە ماڵەوەتان کوڕێك دەبەستین ئەوجا بەدیدەنی دایکت شاد دەبین و خەوشی دڵی خۆم دەردێنم». ئەمجارەیان ڕووی دەمی کردە سێیەم و پرسیارەکەی بەڕووی ئەویشدا هەڵدا.

– ها ڕێك کەوتن؟

– لەسەر چی؟

– لەسەر چوونمان بۆ ڕاو!! سەیران!. ئا.. گەشت. دووەم وەك پرسیارەکەی سێیەمی پێ خۆشی بێ سەری بۆ دەلەقاندەوە.

– باشە چی ببەین لەگەڵ خۆماندا؟

ئەمەیان تەنیا بۆ دڵنەوایی دووەمیان بوو:

– خەڵکی کە گەشت دەکات، دەچێ بۆ ڕاو چی لەگەڵ خۆیاندا دەبەن؟

هەردوو بەجووتە وتیان:

– ئەمەیان پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە.

دووەم وەك بیەوێ کۆتایی بەدانیشتنەکە بێنێ دەستی خستە سەر مێزەکە وتی:

– باشە جارێکی تر بۆی دادەنیشین بەم وتەیەی گەلێ وشەی پیرۆزی دەخستە ژێر پێی:

دووەم لە ژێر لێوەوە وتی:

– بەڵام ئەبێ من هەر بچم.

کانوونی یەکەمی ١٩٧٣

# بەردی سەبر

# بێ خوڕەی ڕۆخانە گەرمیان هەڵناکات

تاریك و ڕوون بوو لە خەو هەستا، هەر بەسەر نوێنەکەوە کەمەری خۆی گرت و بەملا و ئەولادا خۆی بادا. هەر جارەی وەك قوڵچەیە لاسکی وشك بشکێنی قرمەیەکی بۆ دەکرد. بەپەلە پشتێنە چیتەکەی لە قەد خۆ ئاڵان و کڵاشەکەی کردە نووك پێوە. بەپەیژە نارێکەکانی کوختە نەوییەکەیاندا دابەزی، بەدەم هاتنە خوارەوەوە «خولەی ئۆمەر»ی دراوسێیانی بینی.

لەم وەرزەدا زۆر بەخەڵکی ئەم دێیە و دێکانی دەوروبەری ئاوی ڕۆخانە هەموو ڕۆژێ ئاوا زوو بۆ چاڵە بێستان هەڵکەندن و سەردانی بێستانەکانیان، ڕێگای ڕۆخانە دەگرنەبەر... شەماڵ ئەو بەیانییە، بێڵەکەی خستە سەر شان و توێشەبەرەیەکی کەمی هەڵگرت و بەتەنیا لە دێ وەدەرکەوت، هەنگاوی گورج و بەپەلەی، تۆز و گەردی ڕێگاکەی دەورووژان و تا ئەژنۆی لە گەرد و تۆزێکی خەناوی دەنیشت... زۆری نەماوە بگاتە «گردەشین». خەڵکی دێ دەیانزانی ئێرە نیوەی ڕێگایە...

تا ئێستاش کەس نازانێ بۆ ئەم ناوەیان لێ ناوە، چونکی تا لە بەهاری تەمەن کورتی ناوچەکەشدا کەسێ نەیدیوە تاقە بنجێك شینایی لێ بڕوێ، کوێرە دومەڵێکی زەبەللاح بوو بۆ خۆی و لە لەشی دەشتاییەکەدا هەڵتۆبزیبوو، هەر دەتگوت بەتوورەکەڕێژ قوت کراوەتەوە.

ڕێگاکە لە ئاستی گردەشین کەمێ دەترازاو بەتوندی خۆی بەنشێوییەکدا دەکرد، هەر زووش دەکەوتەوە باوەشی دەشتاییە پان و بەرینەکە، ئیتر تا دەگەیشتە کەناری «ڕۆخانە» پێچ و پەنای تێ نەدەکەوت... لە ئاستی «گردەشین» بەئاستەم کەمێ سەرهەڵبڕی و بۆ دوورتر هەڵڕوانی، ڕۆخانە لە شێوەی پارچە ئاوێنەیەکی درێژ کۆلانەی زەبەللاح بەدی دەکەیت، بۆ دواوە ئاوڕ بدەیتەوە تەنها شوورەی خانوویەکی بەرزی دێکە دەبینی...

هەروەك هەموو بەیانییەکی تر، لە قەراغ ڕێگاکە بەچیچکەوە دانیشت... ڕۆژانی کە، لەم دانیشتنانەیدا، گەر بەتەنیا بوایە ئەوا بەدەم پشوودانەوە دەنگی تێ دەکرد، کە بەتەنیاش نەدەبوو، گاڵتەو بەزمیان دادەمەزراند. ئەم بەیانییە ورتەی لە دەم نەهاتەدەرێ، مقۆ مقۆی دوێنێی ناو بۆستانەکان پەشۆکانبووی شەوی ڕابوردووش خەوی لێ زڕابوو. تاوێکی کۆك گوێی بۆ خوڕەی «ڕۆخانە» ڕادا، هەر لە جێگاکەی خۆیەوە وردە شەپۆڵ و بەردی لووس و

بەئاوسواوی تەنکاوەکان، شڵپە شڵپی ماسییە بزێوەکان، چاڵە بۆستانەکان، بڕك و یارەما شینەکانی ڕۆخی ئاوەکەی بەسەرکردەوە... ئەم بەسەرکردنەوەیەی گەڕانییەوە بۆ ناو خەڵکە خەم لێ نشتووەکەی دوێنێ ناو بێستانەکان... بڕوا ناکەم دووبارە ڕۆخانە وشك بێتەوە. «خولەی ئۆمەر » دوێنێ ئاوای وت و بێڵەکەی بەتوندی لە زیخەڵانەکەدا چەقاند، دەمی بێڵەکەی لە بەردێکی دا پزیسکی کردەوە...

بێڵەکەی لە باوەشی لادا، چیچکەکەی بۆ کردە چوار مشقی، جگەرەیەکی دەرهێناو بێ ئەوەی ئاگری بدا، خستیە نێوان پەنجەکانیەوە... «چۆن دەبێت؟». ئەم چۆن دەبێیەی، هەر چەندە بەئەسپایی لە ژێر لێوەوە لە دەم هاتەدەر، بەڵام لە ناخەوە دەرچوو. ترسێکی نادیار گەمارۆی دا... جگەرەکەی داگیرساند. «سەیرە، دوێنێ من دڵنیام دەکردنەوە... ئەی ئێستا ئەم ختوورەیە بۆ دەکەم؟!... نەء، ڕۆخانە لە چوڕەی خۆی ناکەوێت، چۆن دەبێت دوای ئەم هەموو ماندووبوونە مایە پووچ بین... بڕك و یارەماکان وا خەریکی تەرز وەشاندنن چۆن بژاکێین؟...». هەر ئەوەندە خەڵکەکە زانییان ئاوەکە بەقەد قولانجێ نشتۆتەوە، ئیتر بەقەد بەردی ئەو ناوە خەمیان لا بار بوو، خۆزگە دەتدی چۆن لێوی قینیان دەکرۆشت. هەقیانە مەترسییەکە گاڵتەی پێ ناکرێت... «ئەی من بۆ وا جەستەم دەلەرزێت؟! نەء، جارێکی کە وشك و برینگییەکەی ئەو چەند ساڵەی لەمەو پێش دووپات نابێتەوە...»

بەرچاوی زەرد هەڵگەڕا، جگەرەکەی دەستی کوژاندەوە. ئەمجارەش هەر لە جێگاکەی خۆیەوە ڕۆخانەی بەسەرکردەوە، بەجۆرێکی کەی هاتە پێش چاو... بەردی قۆقز، لم و زیخی وشك، بڕگ و یارەمای سیس و ژاکاو، هەر گەڵایە و لە لاسکی خۆی دەترازێ، باکە بە بەردەکانیانی دەدا ورد و خاش دەبوون، چاوی گێڕا کەس دیار نییە، لە کەنار و دۆڵەکاندا چریکەی «سەوزە سەوزە» نایەت...

دڵۆپە ئارەقەی توێڵی چاوی تووزانەوە و هێنایەوە خۆی، هەناسە برکێی پێ کەوتبوو، ئاوڕێکی بەلای دێکەیاندا دایەوە- وەك مەترسی نەمانی لێ کردبێ- بەحاڵ شوورەی خانووە بەرزەکەی «خولەی ئۆمەری» بینی، لەو ئاستەدا، خۆر لە پشت تۆز و گەردی پێی ڕێبوار و مەڕ و ماڵاتی ناوچەکەدا سوور دەیرِوانی، بەلای ڕۆخانەدا وەرچەرخا، پارچە ئاوێنە درێژکۆلانەکە کەوتبووە بریسك و هوڕ، بەردەمی تا دەگاتە ڕۆخانە ڕاستییە، تەنها، سێ گرد لە سێ کوێرە دومەڵ دەچن، بەتەنیشت ڕێگاکەوەن، کەمێ ئەولاتر دڕکەڵانییەکی چڕە، ڕێگاکە لە وێدا دەبێتە ڕچە ڕێ، کونار و زەردەزێ لە یەك ئاڵاون،

هەموو ساڵێك گوندییەكان ئاگری دەدەن، كەچی سەرلەنوێ سەر هەڵدەداتەوە، كەمێكی كە بڕۆیت، دەگەیتە چەمە پیرۆزەكەی «ڕۆخانە». بەرەو خوار بڕوانیت، تا چاو بڕكات دەشتاییەكی پان و بەرینە، لە ملایشەوە لە دوور یەكجار دوور لە ئاسمانەوە شاخەكان بەرەو زەوی كشاون!. بزەیەك گرتی، وەك بۆ یەكێك كە بدوێت لە بەرخۆیەوە، ئەمەی چەند جارێك دووبارە كردەوە. «بێ خورەی ڕۆخانە گەرمیان هەڵناكات» كەوتە ڕێ... بەدەم هەنگاونانەوە بیری بۆ وشك و برینگییەكەی ئەو ساڵە ئاوزەنگی لێدا...

ئەو ماوەیەی ڕۆخانە وشكی كرد ئەم ناوچەیە چی بەسەرهات؟!! چی بەسەر هات!، ئێستاش خەڵكەكە یادگارە تاڵەكانی ئەو ڕۆژانە لە كۆڕەكانیاندا دەگێڕنەوە، ئەم پەژارەیەی ئێستایان لە ترسی ئازاری ئەو ڕۆژانەدایە... ناهەقیان ناگرم، داڵدەیەكیان شك نەدەبرد خۆیانی بدەنە پاڵ، سێبەرێك نەبوو لە سایەیدا بحەسێنەوە و هانای بۆ بەرن، چون كەوی ناو بەفر مناڵێك دەستەمۆی دەكردن، لێوی وشكیان وەك زەوی ناوچەكە شەقار شەقار بوو بووەوە... نەء گەر ڕۆخانە وشك بكات، منداڵ و پەز وەك جاری پێشوو لە تینوویێتیدا بەلادا دێن، لە ژێر تینی قرچەی گەرمادا بۆنی لەش و كەلاك ئاسمانی تۆزاوی ناوچەكە پڕ لە قەلەڕەشكە و داڵ دەكات، بەڵام ئێستا، ئاوی ڕۆخانە ئەم لایەی گەرمیانی بەكوێستان كردووە، داڵ و واشە لەبەر چریكەی سەوزە و قریوەی كڕوكاڵی ناوچەكە تار بوون...

خۆر هێشتا زۆر بەرز نەبۆتەوە، كەچی خۆڵی ڕێگاكە گەرم داهاتبوو، ئاوێنە درێژكۆلانەكەش تا دەهات باشتر دەبریسكایەوە، گەیشتە ئاستی سێ گردەكە. دەنگە دەنگ و ژاوەژاوێك بەر گوێی كەوت، ئاوڕی دایەوە، خەڵكی دێكە قەتارەیان بەستبوو، تازە وا خەریكن دەگەنە لای «گردەشین». هەندێ جاریش بەنیوەچڵی بای ئەو بەیانییە «ئای ئای»ێكی خۆشی پێ دەگەیاند. گەیشتە ڕچە ڕێكەی ناو دڕكەڵانییەكە، بەدەم ڕێوەوە بە دەمە بێڵ ئەو كونار و زەردە دڕكانەی دەقرتاند كە بۆ ڕچە ڕێكە كشابوون. لە ژێر بنچە كونارێكدا دوو تولە مار لە یەك ئالابوون، بەئاستەم نووكی بێڵەكەی خستە سەر سەریان و دەستی داگرت. كە بەجێی هێشتن، كلكیان بەخۆڵەكەدا دەدا، ئێستا پارچە ئاوێنەكە گەورەتر دیارە و لە هەندێ جێگاشەوە شینایی بڕكەكان دەركەوتن. جارێكی كە كەوتەوە ناو باسەكەی دوێنێوە... هەموومان دەستمان لەسەر دڵ نابوو و چاومان لە ئاوەكە بڕیبوو، سەرسامی و قین لە ڕووی هەمووانا بەدی دەكرا. مام ئەورەحمان كە تا ئەو كاتە ورتەی نەكردبوو، چووە تەك خولەی ئۆمەرەوە، ئێستا دێتەوە بیرم ئەوەی كە دوێنێ وتی زووتریش بۆ دایكی گێڕابۆوە... «من لە ئاو بڕانەكەی جاری پێشوودا ئەمەم

بۆ دێکە وتووە... تۆ بڵێی لە بیرتان نەمابێ؟!، ئەم ڕۆخانەیە خوویەکی سەیری هەیە، هەزار سەگە خوێڕی ئاوی بلەپێنی دەستنوێژی هەر پێ هەڵدەگیررێ... ئەم ڕۆخانەیە ڕەوشتی گیانلەبەری هەیە، بەتەنگێوە بێین و خەمی بخۆین ئەوا دەبێتە مایەی خێر و بووژانەوە... کەی ئەو کاتە وەکو ئێستا خەمیمان دەخوارد؟ بۆیە وشك ناکات... ئەو کاتەش بەرەڵڵا کرابوو بۆیە ئەویش کەمی کرد کەمی کرد تا بەناخی زەویدا چوو...».

«خولەی ئۆمەر» لەسەر بەردێکی قۆقز دانیشت و هەر دوو پێی بۆناو تەنکاوەکە درێژ کرد.

– کاکە شەماڵ، ئێستاش زامی سەردەمی ئاوبڕانەکەی ڕۆخانە گۆشتەزینی دەرنەکردووە، ئیتر چۆن خەمی دامان نەگرێت. تا ئێستاش دێکەمان هۆشی بەبەردا نەهاتووە... کوا حەمەی مام ئەورەحمان؟ کوا ماڵی خولەی حاجی، ها؟... ئێستا کە تۆ تا چاوت بڕ دەکات، بڕکی شین دەبینیت، لەو کاتانەدا لە زیخەلانی و قومی وشك بەولاوە هیچی تریت نەدەدی... ئێستاش خەمی ئەو ڕۆژانە لە «ئای ئای» یەکەی «مام ئەورەحمان»دا بەدی ناکەیت؟ لە سەوزە سەوزەی کچەکانماندا نایبیسی؟» خولە لەم کاتەدا چاوی لێ داگرتم، باش بوو «مام ئەورەحمان» ئاگای لێ نەبوو... «خۆ دیت چۆن دەیچریکاند؟!»

ماڵێ باری کرد کەس نەیگێڕاوە

بۆ خۆم دانیشتم دڵخۆشیم داوە.

(سەوزە هۆ سەوزە)

شەماڵ، بێڵەکەی گواستەوە سەر ئەم شانی و بزەیە گرتی. خولە دواجار ئاخێکی هەڵکێشاو سەری دانەواند «شەماڵ دایکی ڕەحمەتیت لەو ڕۆژانەدا دەهاتە لام و خەمی خۆی لەلای من بەبادا دەدا و دەیگوت (تا سەر ئەم خاك و خۆڵە بێ بەزەیی نابێ و پشتمان تێ ناکات، ئەم وشکانییەش بەردەوام نابێت، دڵنیام ڕۆژێکی کە دێت کە بەدەممانەوە پێ بکەنێت و ئێمەش بۆی پێ بکەنین...» وا نوقلانەکەی هاتۆتە دی و چەند ساڵێکە ئەم ناوانە بەهۆی ئاوە پیرۆزەکەی «ڕۆخانەوە» بووژاوەتەوە).

شەماڵ، گەیشتە ناو بێستانەکان، زۆری نەبرد، خەڵکی دێهاتەکانی دەوروبەریش گەیشتنە جێ. هەر کە پێی ناوە ناو ئاوەکەوە ماندوویەتی لە بیر نەما، لەبەر خۆیەوە چەند جارێ ئەمەی دووبارە کردەوە: «بێ خوڕەی ڕۆخانە گەرمیان هەڵناکات.»... ئەگەر هات و...» نەیوێرا بەدەم دەری ببڕێ... «نەء، ئەمەیان ڕوونادا، چونکی دەبینم خەڵکەکە

چەند بەتەنگ ئەم ئاوەوەن. ئەی خەڵکی چۆن بەتەنگ ژیانی خۆیەوە نایەت؟» خەڵکەکە ڕژابوونە ناو بێستانەکانیانەوە... بەدەم کارکردنەوە چریکەی «ئای ئای» تێکەڵ بە «سەوزە هۆ سەوزە» بوو، بزەی هاتێ... وشکیش بکات، ئەم بازووانە، لە حەوت تەبەقەی زەویش ئاو دەردێنن و ناهێڵن ئاو بڕانێکی تر ببینین.

سەوزە هۆ سەوزە سەوزەکەی ماڵم

هەتا بمێنم وای لە خەیاڵم

سەوزە هۆ سەوزە

ئاداری ١٩٨٣

# بەسەرهاتی وەیسە

هەر چەندە ڕۆژانی منداڵی و سەردەمی هەرزەکاریی لە کوێرە ئاواییەکدا بەسەر بردبوو، کەچی کاتێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا دادەنیشێ و باس دێتە سەر شانۆ دەڵێ:

– هەر لە منداڵییەوە حەزم لە شانۆ کردووە!.

ئەوانیش بزە دەیگرتن و ناوی کوێرە ئاواییەکەیان وەبیر کاکە «ئاری» دەخستەوە... بەڵام ئەو دەستەوئەژنۆ دانەدەنیشت، بەرپەرچی دەدانەوە و بەدەیەها دیمەنی تراژیدی و کۆمیدی ئەو سەردەمەی بۆ دەگێڕانەوە، کۆچکردنی ئەم دواییەشی بۆ شار، بە کۆچە ئەفسووناوییەکە ناو دەبرد، گەلێ شانۆگەری لەو کاتانەدا پیشان دەدران.

بەڵام ئەم بەهەموو شانۆگەرییەکەوە نەدەچوو پێوانەی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ بینینیان. ئەو سەر لە ئێوارەیە، خۆشی نەیزانی چۆن فریوی خوارد و چی هێزێك بۆ بینینی شانۆگەرییەکە پەلەکێشی کرد، ئەوەندە ئاگای لێ بوو لە هۆڵەکەدایە. دەرزیت هەڵدایە نەدەکەوتە زەوی، «دەزانی چەنی پڕوپاگەندە بۆ کرا».

کە چووە ژوورەوە ئەکتەرەکان خەریکی نواندن بوون لەسەر شانۆکە و ڕوو بەڕووی دانیشتوان، پارچە قوماشێکی سپی هەڵواسرابوو، هێڵێکی ڕەشی لەسەر کێشرابوو، هێڵەکە تۆنێڵێکی دەستنیشان دەکرد کە کەوتبووە چەپی شانۆکەوە لە ژێر هێڵەکەوە بەخەتێکی جوان نووسرابوو «ڕێگای بەهەشت».

هێشتا دانەنشتبوو هەستی بەئاڵۆزی و نەگونجانی شانۆگەرییەکە کرد. هەستە سەیرەکە خاوی دەکردەوە و سابوونی لە ژێر پێی دەدا، بۆ نشێوی و نائومێدی و سڕبوون پەلەکێشی دەکرد. لە پشتەوە یەکێ بەئەسپایی چرپاندنی بەگوێیا:

– کاکە ئاری... وا دیارە بەدڵت نییە... تۆ هیچ ڕازی نیت! ئاری چاوی لە شانۆکە بڕیبوو...

ئەکتەرەکان بەدەم جوولانەوەیەکی (پانتۆمیمەوە) یەکێکیان بەرەو تونێلەکە دەبرد.

دەتەوێ بۆ شتی وا دەست بە سنگا بدەم؟!

خۆ نووسەر و دەرهێنەری ئەم شانۆگەرییە لە گەلێ لاوە خەڵات کراون...

تا ئەم کاتەش بەری بەلاوە نەکردبوو- بیری کەوتەوە کاتێ چرپاندنی بەگوێیا بەناوی خۆیەوە بانگی کرد «دیارە ناسیاوە» ئاوڕی لێ دایەوە... ئا هاوڕێیەکی منالی دێکەیان بوو.

- ئا... کاکە وەیسە خۆتی... پێم بڵێ کاتێ تۆش ئەم دیوارانە دەبینی تەزووی سارد بەناختا ڕۆدەچێ؟!

هۆڵەکە ئەمەندە گەورە بوو نەبێتەوە سێ دیواری بەرز خەڵکەکەی ئابلۆقە دابوو، پیاو کە چاوی پێ دەکەوتن موچڕکێکی ساردی پیا دەهات، هەر یەکسەریش بیری بۆ ئەوە دەچوو کە دەبێ چی ئەرکێکیان بۆ کێشابێ و دەبێ چەندیش ئەستووربن وا دەهاتنە بەرچاو... لەم ماوەیەدا ئاگای لە شانۆگەرییەکە نەمابوو. بەهەموو لایەکدا چاوی بۆ دەرگایەك دەگێڕا، بەڵام هەر دیوار بوو بەئاسمانا چووبوو، لەشی لە ئارەقە نیشت. چاوی گێڕا بۆ جێگایەك تا دانیشێ. لەسەر شانۆکە ئەکتەرەکان بەیەکا دەچوون دەورەی یەکێکی کەیان دابوو حەزی کرد نزیکی دیوارەکە دانیشێ جێی داشتەکان بەجۆرێ داڕێژرابوون ماوەی ئاوڕدانەوەی بەزەحمەت دەدا «ئەمەش تەکنیکێکی تازەیە تا بینەران ناچاربن ڕوو لە شانۆگەرییەکە وەرنەچەرخێنن» لە ناخەوە کەوتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی دەستێك بەدیوارەکەی تەنیشتیا بخشێنێ لە پێشدا زاتی نەکرد زۆری لەبەر ئەو تەزووە ساردەی بوو کە بەبینینیان بەناخیانا ڕۆ دەچوو.

دەرهێنەری شانۆگەرییەکە، بۆ ئەوەی شارەزایی خۆی بنوێنێ، لەسەر کارتی شانۆنامەکەدا نووسیبووی (لە دەرهێنانی ئەم شانۆگەرییەدا کەڵکم لە بریشت وەرگرتووە).

«دیارە... وا تەماشاکەرانیش بەشداری نواندن دەکەن.

- های کاکە وەیسە!!... کاکە وەیسە و نواندن... خۆ وا خەریکن بۆ سەر شانۆکەی سەردەخەن.!! پەیتا پەیتا خەڵکێکی زۆر دەهاتنە ژوورەوە، ئارەقەی شین و مۆریان دەردەدا. جا لەبەر پاڵەپەستۆی دەرەوەی هۆڵەکە بووبێ یا لەبەر هەر شتێکی کە بووبێ، کە دادەنیشن چۆن بەنگکێشێك بۆ چەند ساتێك سەرنجەکانیان دەڕژایە کۆشیانەوە، تا بەرەبەرە ئارەقەی لامل و ناو سینگیان هشك دەبووەوە و لە هەناسەبڕکێ دەکەوتن. ئەوانەی کۆڵکە شارەزاییەکیان لە شانۆدا هەبوو، هەر پاش تەماشاکردنێکی کەم،

هەستت دەکرد بۆ دەرگاو دەلاقە دەگەڕێن. بەڵام کە چاویان بەلادیوارەکە دەکەوتەوە سەرلەنوێ تەماشاکانیان دەڕژایەوە کۆشیانەوە هـ هـ هـ کاکە وەیسەو نواندن!!

هەندێ لە ئەکتەرەکان بەپانتومیم چوار دەوریان تەنی هەر بەدەم پانتۆمیمەوە کڵاو و جامانەکەیان داماڵی.

(جامانە لار و پێچەکەی سەریان خست)... لەم کاتەدا مۆسیقایەك لێدرا وەیسە ڕووت کرایەوە، دووبارە بەدەم پانتۆمیمەوە جلێکی کەیان لەبەر کرد ئاری خۆی پێ ڕانەگیرا، قاقا پێکەنی... بەدرێژایی دیمەنەکەش کچە ئەکتەرێك بەتەنها بەسەمایەکی شێتگیرانە سەرنجی دانشتوانی بۆ هێڵ و نووسینی ژێر هێڵەکە ڕادەکێشا ئەوانەی جلە سەیرەکەیان لەبەر وەیسە کرد، لە پڕ هەر یەکە و لە ئاستی خۆی وەك پەیکەرێك لە بەردەم هێڵەکەدا وشك هەڵاتن. دەرهێنەرەکەش بۆ دەربڕینی مەبەستی شانۆگەرییەکە لە هەر دیمەنێکدا چەند جارێ بەدەم مۆسیقایەکی لە سەرخۆوە کۆرسێك ئەمەی دووپات دەکردەوە: (ئەو بەهەشتەی هەر لە کۆنەوە پێغەمبەران هەوڵیان بۆ داوە ئالێرەوە بۆی دەچی. دەستی بۆ تۆنێلەکە درێژ دەکرد– خێر و بێری هەموو دونیا لە وێدایە... ئێمەیش ئالێرەدا فێرت دەکەین، ژیان لەوێ چۆن بەسەر ببەی). لەم کاتەدا ئەکتەرێکی ڕیش سپی دەم قوپاو هاتە پێشەوە و ڕووی کردە وەیسە– هەر چی دەڵێم بیڵێرەوە.

کۆرسەکە بەدەم مۆسیقاوە وتی:

هەر چی دەڵێ بیڵێرەوە–

ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممەیە چواری مانگی جۆزەردانە ئاری کە گوێی لەمە بوو پەشۆکا. چۆن لە ناوی خۆی دڵنیایە، ئاواش دەزانێ ئەمڕۆ چواری مانگ نییە... «من چواری مانگ لەگەڵ دڵدارەکەمدا ژوانمان هەیە، هێشتا چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ ئەوکاتە» خەریك بوو لە خۆی بکەوێتە گومانەوە... «نەء ئەمڕۆ چواری مانگ نییە» ویستی لە جێگاکەی خۆیەوە هاوار بکات. بەڵام وەیسە دوای کەمێ فلتە فلت وتی: ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممەیە چواری مانگی جۆزەردانە. سبەی پێنجە، سبەی پێنجە جارێکی کە کۆرسەکە کەوتەوە پیاهەڵدانی بەهەشتەکە... ئەمجا ئەکتەرە دەم قوپاوەکە دەستی پێ کردەوە: ئەو گۆرانییانەی بەمناڵی فێریان بووم نایانڵێمەوە.

ئەکتەرەکان بۆ چەند ساتێك دەستیان بەپانتۆمیم کردەوە و دواجار ڕەپ ڕاوەستان. هەمدیس ئەکتەرە دەم قۆپاوەکە دەستی پێ کردەوە:

گۆرانی و هەقایەت لە بەهەشتدا فێر دەبم. وەیسە

گۆرانی و هەقایەت لە بەهەشتدا فێر دەبم

ئاری لەم کاتەدا دەستێکی بۆ دیوارەکە درێژکرد. بەسەرسامییەکەوە لەبەر خۆیەوە وتی «ڕاستە زۆر جار چاو بەهەڵەدا دەچێ... نە ئەو ڕەقی و سەختییەی هەیە نە تەزووش بەناخ دەدا».

– من خەڵکی هیچ جێگایەك نیم، من خەڵکی ئەم بەهەشتەم وەیسە: من خەڵکی هیچ جێگایەك نیم، من خەڵکی ئەم بەهەشتەم کۆرس و ئەکتەرەکان بە یەکا هاتن، بەدەم پانتۆمیمەوە بەرەبەرە «وەیسە»یان لە تونێلەکە نزیك دەکردەوە. سەر شانۆکە تاریکی پێچایەوە، کە دووبارە ڕووناك بووەوە. ئافرەتەکە، سەما شێتگیرانەکەی دامەزراندبووەوە و وەیسەش لە تونێلەکەدا ون بووبوو. لەم لاشەوە لە ناو دانشتوانەوە یەکێکی کەیان بەرەو سەر شانۆکە دەبرد. ئاری کەوتە خەمی ئەوەی ڕاستی دیوارەکە بەخەڵکی بگەیەنێت توندتر دەستی لە دیوارەکە خشاند... «ئاری دەلەرێتەوە!» هەر چی چۆنێ بوو، بەوانەی تەنیشتی ڕاگەیاند، نەخێر بەهۆڵەکەدا بلاو بووەوە– نەخێر بەهۆڵەکەدا بلاو بووەوە، تەپە تەپ پەیدابوو... کەوتبوونە لێدانی دیوارەکان... دەلەرێنەوە... ئەکتەرەکان وایان دەزانی چەپڵەیان بۆ لێ دەدرێ... بەلام کەوتبوونە وێزەی دیوارەکان. دیوارەکان دەلەرینەوە...

مایسی ١٩٨٣

# هەڵسانەوە

ئێوارەی پایزێکی درەنگ خەڵکی بڕ بڕ لە ماڵ دەردەچوون. ئەم پەلەی بوو زوو بگاتە ماڵەوە تاکو وەك کوێلەیەکی زەلیل دەستە و نەزەر لە کاتی دیاریکراودا و لە پێش باوکیدا ڕاوەستی و بڵێ «وا گەڕامەوە» وای پێ بڵێ و بەملکەچی چاوەڕێی فەرمانە لە بن نەهاتووەکانی دیکەی بکات وای ڕاهێنابوو. بەڵام هەر لە زووەوە شتێك لە مێشك و ناخیدا چەکەرەی کردبوو. پاڵی پێوە دەنا، لەو دەسەڵاتە نارەوایە خۆی دارسکێنێ، گەیشتبووە تینی، بیست و پێنج ساڵە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داوی دەسەڵاتی خۆی لە دەور دەچنی، باوکایەتی نەبوو، مۆتەکەیەك بوو لە پێش جەستەیدا بەسەر مێشکیدا چۆکی دادابوو، ئەو شەوەی چاك لەیادە کە تۆوی ئەم چەکەرەیەی تیا ڕوا وا بەدەم ساتمە و پەلە پرۆزێوە ئەو شەوەی کەوتەوە یاد... خۆزگە ڕۆژانی پێش ئەو شەوەم وەبیر دەکەوتن...

– هەستە بەدویم سەرت جوقا دەرگای شەڕمان لێ کرایەوە هەستە...

کە هەستام شەو بوو، مانگ لە ناو جامە ئاوەکەی ژوور سەرمەوە خۆی گرمۆڵە کردبوو، یەکسەر دایکم کەوتە بیر، چونکی کاتێ شەوان لە سەر بانی کوختەکەمان بەتەنیشتمەوە ڕاکشاو بەدەم چیرۆکی خۆشەوە دەیکردمە خەو، لە پڕ نەڕەی باوکم دایدەچڵەکانین لە خوارەوە بانگی دەکرد «ڕەعنا وەرە ڕەعنا» بەڵام پێش ئەوەی بەجێم بێڵێ دەیگوت «تەماشای ئاسمان بکە ئەوەتا مانگ دەڵێ ئێستا من دێمە لای نەترسی».

بیرم کەوتەوە، چەند، ڕۆژێ لە مەوبەر دایکم لە گۆڕستانە بچکۆلانەکەی خوار گوندەکە توند کرا. بە چڵم هەڵلووشین بەپەیژە خوار و خێچەکەدا دابەزیم. هێشتا پەیژەکانم نەبڕیبوو، پریاسکەیەکی دا بەکۆڵا و کەوتە ڕێ، کەوتمە دوای... مانگە شەو بوو کۆڵانێکی تەسکمان بڕی، بەلای دیوارێکی نیوە ڕووخاودا تێپەڕین، لە خانوویەکەوە بە کاوخۆ دووکەڵێك دەچووە ئاسمانا. خۆڵی ڕێگاکە فێنك و شێدار بوو، یەك دوو جار پێم تێ خشان فێنکی بەقاچم دەدا، لە دێ دەرچووین، ئێستا ئەو دەشتاییە مەنگەی ئەو شەوەی گەرمیانە بەدەریایەك دەچوێنم سەدان تەپە و تەپلۆسکەش بەدوورگەی بچووك بچووك. ماندوو بووم، لەسەر خۆڵە پەتانییەکە دانشتم، باوکم کە ئاوڕی دایەوە، بەسەرما نەڕاندی، بەڵام ماندووبوونەکە زیفی لێ سەندبووم هەڵنەسام، گەڕایەوە کە چاوم تیشکی چاوانی بینی زنۆقم چوو لەو ڕۆژەوە ناوێرم پڕ بەچاو تەماشای بکەم، لێی پاڕامەوە کە

هـەستـم. مـن تـوانـای جـووڵانـەوەم نـەبـوو، ئیـتر ئـاگـام لـە خـۆ نـەمـا کـە هـاتمەوە خـۆم بەکۆڵیەوە بووم. ختوورەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چەکەرەی دەکرد. وادەبوو شەوگاری پێوە شەق دەکرد، پلانی قوتاربوونی دەکێشا «چی دەبێ بابێ، کە گەڕانەوە ناچمە بەر دەرگاکەی. ئا ناچم دەڵێم بەسیەتی. دەڵێم بەسیەتی. دەڵێم بۆ تۆ ناشرینە با ئەو ئافرەتە نەیەتە ئێرە، ئێژم مانگانەکەم بەشی خۆم ناکات» چەندین شەو بەدەم گەڕانەوەوە ئاوای دەوت، بەڵام کە گەیشتمەوە ماڵێ، سەگە زەلیلەکەی بیست و پێنج ساڵەی ڕابوردوو بوو، وا گۆش کرابوو، ئەوەی گوڕی دەدا، بەچەکەرەکەی ناخی و زاتی وەبەر خۆشی دەهێنا قسەی هاوڕێکانی دایەرەکەی بوون کەس نەبوو لەو دایەرەدا «ڕەسوڵی قالەی ئایش» نەناسێ سەریان دەکردە سەری.

– «کـاکـە ڕەسووڵ تـۆ بـاوکـت چـوار دیـواری بـەدەورا هـەڵـچـنـیـوی کـە دێیـتـە دەرەوە دیوارەکانیشت لەگەڵدان، بەوەشەوە نەوەستاوە بەهەر دیوارێکدا چوار چاویشی لێ گیرکردووە».

– بۆ جارێك پێلەقەیە ناوەشێنی.

دەیویست شتێك بکات بوونی خۆی پێ بسەلمێنێ بەڵام نەیدەزانی چۆنی دەست پێ بکات. ویستیش بەتەنها دادی هیچ نادات.

داوی بیست و پێنج ساڵەشی بەڕۆژ و دوو بۆ نەدەقرتا. وا ئەمشەو کاتی هاتووە. بەپەلە هەنگاوی دەنا، خەڵکێکی زۆر لە دەرەوە بوون، ساردی ئەو پایزە وەختە، لەشی گورج کـردبـووەوە. هـەسـتـی کـرد یـەکـەم جـارە وا خـۆشـیـی سروشت دەیـبـزوێـنـێ. شانـی بـەر کـابـرایـەکـی کـەنـەفت کـەوت کـابـرا دەسـتـی بـەبـۆڵـەبـۆڵ کـرد، ئـەم بـزە گـرتـی «ئـەویش کەنەفتێکی تۆ ئاسایە... چ دەبێ ئاوا شانێکی لێدەم؟» دەستێکی لە شانی خۆی دا و لە خـۆڕا ئـاوڕێـکـی دایـەوە... دوێـنـێش هـەر بـەم تـەرزە کـاتـی گـەڕانـەوەی لـەگـەڵ خـۆیـدا کـەوتـووبـووە مشتـومڕ. بـەدەنگێکی نیـمـچـە بـەرز لـەگـەڵ خـۆیدا دەدوا «یـەکسەر دەڕۆمـە ژوورەکـەی خـۆمـەوە «چش». بـەڵام کـاتـێ گـەیشتـبـووە مـاڵـەوە وەکو هـەمـوو جـارێکی پەنجەکەڵەی لە شایەتمانی گیرکردبوو بەئاستەم لە دەرگای دابوو.

«وا گەڕامەوە...»

– پێنج دەقیقە دواکەوتووی.

– ببوورە بابە.

ئەی باشە پەلەی چیمە ها؟ با دوا بکەوم خۆ من ئەمشەو نیازم نییە وەکو شەوانی ڕابوردوو لەبەر دەرگاکەیدا کرنۆش بەرم.

هەنگاوەکانی خاو کردەوە و وتەکانی ئەم بەیانییەی هاوڕێکانی کەوتەوە بیر باسیان لە ڕۆمانی «مانگی ئاوابوو» دەکرد:

«دەسەڵاتی ناڕەوا چی بەسەر دوورگەیەکدا بێ چی بەسەر تاکە کەسێکدا. دەبێ ڕەت بکرێتەوە».

کە وای وت هەموویان تەماشای منیان کرد گەیشتە ماڵەوە. یەکەم جاری بوو لە ژیانیا بەئەنقەست لە دەرگاکەی باوکی نەدات چووە ژوورەکەی خۆی: هەستێکی سەیر دایگرتبوو... وەکو یەکەم جاری بێ پێی نابێتە ئەم ژوورەوە، تەماشای هەموو شتێکی کرد. قەرەوێڵەکەی گواستەوە بۆ لای پەنجەرەکە... کۆمەڵە کتێبێکی زەرد هەڵگەڕاوی باوکی پێچایەوە. ڕاکشا... پڕ بەدڵ حەزی دەکرد  باوکی بێ و پرسیاری لێ بکات «بە لالووتێکەوە دەڵێم خەوم دێ و تۆش بچۆرە جێگاکەی خۆت».

تا درەنگی چاوەڕێی کرد... بەئاستەم هەڵسا چووە حەوشە. چاوی نا وە شووشەی پەنجەرەکەی باوکییەوە لە پێشدا خورپە لە دڵیەوە هەستا. نەیزانی خورپەی خۆشی بوو یاخود ترس، خۆی نەشڵەژاند. دەنگی لە هاوسێکان کرد هەر بەو شەوەش خەڵك و خوا گەیاندیانە هەقەجێ.

سبەی کە چووە دایەرە ڕۆژ باشی لە هاوڕێکانی کرد، قەت وایان نەدیتبوو.

ئەوان واقیان وڕمابوو ئەم بێ دەربەست بوو. پێی ڕاگەیاندن.

– باوکم مرد.

تەمووزی ١٩٨٥

# سۆراخ

مەحموود، کە بەیانییەك درەنگ لە خەو هەڵبسایە، بە پەلە پرووزێ جلەکانی لەبەر دەکرد، شڵپێ ئاوی بەدەم و چاویا دەدا، پێڵاوەکانی بەچەك دەکرد و تا دەگەیشتە دەرگای حەوشە بەدەم وردە گلەیی و بۆڵە بۆڵەوە کە نازدار بەئاگای نەهێناوە پشتێنەکەی دەبەست و بە تەکان خۆی دەگەیاندە وەستا ڕەشیدی جگەرفرۆش، دواجار لە چاخانەکەی ئەوبەریشەوە گەلێ  جار هەر بەپێوە چایەکی هەڵدەقوڕاند، جاری واش دەبوو بەزگی ناشتا دەچووە دایەرە... هەندێ جاریش دوای چا خواردنەوە کە تەماشای سەعاتی دەکرد، گاڵتەی بەخۆ دەهات، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: خۆ لە ماڵیشەوە قاوەڵتیم بکردبایە هەر ئەوەندەم پێ دەچوو! ئەم بەیانییەش بەهەمان پەلەپرووزەیی ئەو بەیانیانەی درەنگ لە خەو هەڵدەسا، خۆی لەبەرکرد و بەدەم وردە گلەییەوە لە حەوشی دەرچوو، بەپەلە خۆی گەیاندە دووکانەکەی وەستا ڕەشید، دوای نان خواردن کە زانی هێشتا زووە، بە دان پاککردنەوە یاپشە یاپشە چووە چاخانەکە، لەبەر خۆیەوە وتی «هێشتا ماویەتی...» لەسەر ئەسکەملێ دانشت... چاخانەکە چۆڵە، تەنها جلوبەرگ گەچاوییەك لە نزیك وەجاخەکەوە سەری بەسەر جامێ ماستەوە شۆڕ کردبوو، بەپەلە پەل بەرچایی دەکرد. چایچییەکە بەزەردەخەنەیەکی گەرمەوە چایەکی بۆ داناو، لەولایەوە دانیشت، دیاربوو دەیویست سەری باسێکی لەگەڵدا دامەزرێنێ... «شارەزای ئەم چایچییەم، هەر ئەوەندە دەمی کردەوە ئیتر بەم زووە نایبڕێتەوە... زۆر جار هەر لە ترسی ئەمەیدا بەپێوە چاکەم دەخۆمەوە»... مەحموود نەیدەویست بیدوێنێ، تەماشایەکی ئەمسەر و ئەوسەری شەقامەکەی کرد، وای پیشان دا چاوەڕێی یەکێکە و لە هەڵساندایە... لای چەپی چاخانەکە لەو ڕێگا تەسکەکەوە، دیوارێکی کەرپیچ دیارە، ئەودیوی باخچەیە. بە شان دیوارە کەرپیچەکەوە دیوارێکی گڵینی کەمێ بەرزتر بەرەو خوار کشاوە، چەند مەترێکی دیوارە گڵینەکە دیارە، لەوێوە بۆ ناو کۆڵانەکە پێچی خواردۆتەوە، دیوارەکە لە چەند لایەکەوە کەفماڵەکەی بەری داوە و بەئاشکراش دیارە زگی داوە... هەر بۆ ئەوەی خۆی لە درێژدادڕی چایچییەکە قوتار کات سەرنجی ئەو ئاستەی دەدا... لە پڕ نووسینێکی قەد دیوارە گڵینەکە تەماشاکەی پێ ڕاگرت... نووسینەکە وا دیاربوو بەتایەکاری و لەسەرخۆ نووسرابوو، دوو وشەی ڕووت و هیچی تر. «أبو ئازاد»!، لەبەر خۆیەوە وتی «باشە من

گەلێ جار بەیانیان لێرەدا دادەنیشم، بۆ تا ئێستا ئەمەم نەدیوە؟» هەر خۆی بەرپەرچی خۆی دایەوە. پیاو کە لەگەڵ شتێکدا ڕاهات ئیتر ئەوەندە سەرنجی ناداتێ، تا لە ماڵەوەشی ئەو تابلۆ و وێنانەی بەقەد دیواری ژوورەکانماندا هەڵواسراون، هەر ئەوەندە ماوەیەکیان بەسەراچوو سەرنجمان ڕاناکێشن... لە هەر کوێیەکدا بین چەند دیوارێکمان بەتەنشتەوەیە، یا لە نێوان چەند دیوارێکداین، لە ماڵ، لە دایەرە، کە بەشەقەمەکاندا دەڕۆین، لە چاخانە، لە حەمام، لەبەر ئەوە سەرنج ڕاناکێشن، دواجار من بۆ تەماشای ئەو دیوارانە بکەم.؟ خۆ شێت نیم... بەڵام من مەبەستم ئەو ئەبو ئازادەیە، بۆ لەوێ نووسراوە؟ کێیە؟ چ دەکات؟!» ویستی لە چایچییەکە بپرسێت،

– ئەبو ئازاد دەناسی؟

بە هەلی زانی کەمێکی تر هاتە پێشەوە... لە دڵی خۆیدا پەشیمان بووەوە کە بۆ پرسیاری لێ کرد. لەوە ترسا بەم زووە نەیبرێتەوە...

– ڕۆژ نییە هەندێ شڕوشیتاڵ بەسەر عارەبانەیەکەوە نەبینم و خۆی نەکات بەو کۆڵانەدا... تۆ تەماشاکە من سەرم لەم کۆڵانە سوڕماوە لە «خان»ی جاران دەچێت و... زۆرتری پێ بوو، پارەی چاکەی خستە ژێر پیاڵەکەوە

– خوا حافیز.

لە جیاتی وەرامی خواحافیزییەکەی وتی:

– پرسێکت بۆ دەکەم...

***

ئەو ڕۆژ لە دایەرە «ئەبو ئازاد» لە بیر دەرنەدەچوو، دەبێ چ کارە بێ؟...

دیارە تازە هاتۆتە گەڕەکەکە... دەبێ پێش ئێستا لە کوێ بووبێ... کێ دەڵێ ئەو کابرایە نەبوو کە لە چاخانەکە قاوەڵتی دەکرد؟... نیوەڕۆ خۆی دانەکەند چووە لای نازدار کە لە موبەقەکەدا خەریکی چێشت ئامادەکردن بوو.

– ئەرێ لەم گەڕەکەی ئێمە «ئەبو ئازاد» هەیە؟... بە سەر سوڕمانێکەوە وتی:

– بڕواناکەم... ئەوە ماڵی باوکی سالار... ئەوە ئەبو طارق... ماڵی دایکی نەسرین... و...

– بەس بەس...

ئەو ئێوارەیە دەرنەچووە دەرەوە... کاتی نوستنیش جارێکی تر ویستی پرسیار لە نازدار

بکات، بەڵام نەیکرد... لە بەیانییەوە، لەو کاتەوە لە چاخانەکە دانیشت تاکو ئێستا، لە گەرمەی گفتوگۆ و سەرقاڵی دایەرەدا، لە کاتی نان خواردندا ئەو دوو وشە نەگریسەی لێ زیت دەبێتەوە، وا خەریکە جارێك بۆ لەبیربردنەوە و خۆ لێ ڕزگارکردنی، لەگەڵ خۆیدا دەکەوتە مشتومڕێکی بێ دەنگەوە... (بۆ دەرد و خولیا کەمە ئەمەشت بۆ خۆت کردە سەربار؟... هیچ نە خۆت بەمەوە خەریك بکەی؟!... لەم شارەدا هەزار ئازاد و ئەبو ئازاد هەن هەریەکە و... دواجار کەی ئەمە کێشەیە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە؟ بخەوە و با بەیانی لە خەو نەمێنی... من تەنیا ئەوەم دەوێ بزانم لە کوێوە هاتووە و چ کارەیە... دە باشە، بگەڕێ تا ماندوو دەبی...»).

چاخانەکە جمەی دێ، ژاوەژاوێکە نەبێتەوە، چاکەی بەردەمی تێك دەدا، عارەبانەیەك هەندێ شڕوشیتاڵی بەسەرەوەیە، کابرای عارەبانچی قاقا پێ دەکەنێ، بەچوار ناڵە کردبوویە کێش، چاکەی بەجێ هێشت، کەوتە دوای، گەیشتە دیوارە گڵینەکە، عارەبانەکە لە چاو ون بوو، کەوتە دوای، لە کۆتایی دیوارە گڵینەکەوە کۆڵانەکە دوو دەمی لێ کرابووەوە، نەیزانی کام دەم قووتی دا، بەنائومێدی گەڕایەوە. داچەڵەکی، لەشی لە ئارەق نشتبوو، بەچاوی خەواڵووەوە دەستی برد تاکێ پەنجەرەکەی کردەوە، شنەیەکی فێنك هەوای خنکاوی ژوورەکەی تازە کردەوە، نازدار قژی بەسەر سەرینەکەدا پەخش بووبوو، یەك دوو تیسك کەوتبوونە سەر لێوی، لەگەڵ هەناسەیدا دەلەرینەوە... سەعاتەکەی بەرامبەری هەناسەیەکی قووڵی پێ هەڵکشاو کەوتە خۆی... یەکسەر چووە چاخانەکە و لە ئاست دیوارەکە دانیشت... کابرا گورج چایەکی هێنا، لە بەردەمیا داینا و وتی:

– دوێنێ. نەوەستای تا...

نەیهێشت وتەکانی تەواوکا پرسی:

– لە کەیەوە ئەوەیان نووسیوە.؟..

بەسەر ئاماژەی بۆ دیوارە گڵینەکە کرد... لە پێشدا نیازی هەبوو دانیشێ، کە ئەوەی بیست خێرا گەڕایەوە دواوە.

مەحموود بزە گرتی و لەبەر خۆیەوە وتی «کلیلێکی باشم دەست کەوت بۆ ئەوەی دەمی پێ داخەم و نەهێڵم درێژدادڕی بکات... بەڵام من دەمەوێ ئەم «أبو ئازاد»ەی پێ ساغ بکەمەوە، ڕەنگە بتوانێ سەرە دەزوویەکم بداتە دەست. وەکو شوێنەوار ناسێکی شارەزا چون گرنگێتی بەنەخش و نووسین و نیگاری ئەشکەوتەکان دەدا و لە مانا و هێمای

دەکۆڵێتەوە، ئاوا چاوی بڕیبووە دیوارەکە... پێکەنینی بەخۆی دەهات، کە چۆن ئەو جۆرە ئەشکەوتانە لای شوێنەوارناسەکان تەلیسماوی دەبن، ئە ئاواش ئەم دیوارەی لێ بووەتە دیوارێکی ئەفسووناوی. کە وێنەی «گا»یەکیان یان ئاسکێکیان نەخش کردیە شتێکی دەگەیاند، ئەم نووسینەش هەروا بەخۆڕایی نەنووسراوە...! هەستا، پارەی چاکەی دانا و ڕۆیشت.

لە دایەرە پارچە کاغەزێکی سپی دەرهێنا، کەوتە دانانی ئەو پلانانەی کە بۆ دۆزینەوەی یارمەتی دەدەن و دەیگەیێننە ئەنجامێك. بەدرێژی کاتی دایەرەش هەر بیرێکی تازەی بەبیرا دەهات، دەیخستە پاڵی ئەوانی ترەوە. لەگەڵ کۆتایی دایەرەدا، نەخشەی دۆزینەوەکەی قەمچ کرد و خستییە گیرفانیەوە... شەو، بەپێچەوانەی شەوانی ڕابوردووەوە، هێشتا هەر ئێوارە بوو چوو بنوێ. ڕووی کردە نازدار.

– سبەی بەڵکو زوو بەئاگام دێنی...

لەسەر نوێنەکەی ڕاکشا، بەپاڵکەوتنەوە چاوی بە پلانەکانیا گێڕا... خاڵێکی کەی خستە سەر، لە سەردەم ڕاکشا،... وا هەمدیس خۆی لە چاخانەکە، بینییەوە... وا کابرایەك بەرەو لای دێ تووڕە دیارە، وا لێی هاتە پێشەوە هەستی بەهەناسەدانی خێرا خێرای کابرای کرد... من ئەبو ئازادم... چیت دەوێ؟ بۆ بەدواما عەودالّی؟ ئەوەندەم بەسەر هات هێشتا دڵت دانەکەوتووە... دەتەوێ چ بکەی؟ ئەوەندە زەمانە چیت کرد؟ ئەمە منم... من لە دەست چەند نموونەیەکی وەکو تۆ کۆڵان نامگرێتە خۆیەوە... حەوتوویەکە ئەمە چوارەمین کۆچمە... بەسیەتی... وازم لێ بێنن... دەبا شتێکت پێ بڵێم: لە مەودوا هەر عەرەبانەیەکت بینی و شڕ و شیتاڵی بەسەرەوە بوو، لە هەرکوێیەکدا بینیت ئەوە منم، وا دەستی درێژ کرد سەری بۆ دواوە نەبردایە پەنجەی دەچووە چاوی... قاقایەکی بۆ کرد، لە گرمەی هەورێکی ئاوس دەچوو، کەس ئاوڕی لێ نەدانەوە، داچڵەکی... کە چاوی کردەوە سەعاتەکەی بەرامبەری بینی...

سەعاتەکە ئەوەی پێ ڕاگەیاند کە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی کەمی تریش لەسەر نوێنە گەرم و نەرمەکەی ڕاکشێ. باشە من چیم دەوێ... ڕاست دەکات چیم دەوێ؟ ڕەنگە ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵانکردنی گوناهی من بێ... بۆ خۆمم هەراسان کردووە... بەڵام ڕەنگە کارەکە بەپێچەوانەی خەونەکەوە بێ. کەسیش تا ئێستا یەخەی نەگرتبێ، ڕەنگە باوکی ڕەحمەتی، هەر لەو کۆڵانە لە دایك بووبێ، ڕیزە خانووەکەی ئەو دیو دیوارە گڵێنەکەشی

هی باوکی بووبێ و بۆی بەجێ هێشتبێ، ژنی خواستووە و کوڕەکەشی ناو نابێ ئازاد، دواجار وتوویەتی: کوڕە من لەم شارە چ دەکەم، بۆ خۆم دەچمە بەغدا و لێی دادەنیشم. چوزانم ڕەنگە وابێ ئەم بەیانییەشی کە چووە چاخانەکە دووبارە لێی پرسی:

– ئا ئەوە ماڵی ئەبو ئازاد نییە؟

– نەخێر... ناوی وا لەم گەڕەکەدا نییە. بەڵام تۆ تەماشاکە، شەیتان وە نەعلەت بێ... کاتێ لە دێی «چەوری» بووم، بلە چرچەیەك هەبوو، تا گەیشتە پەنجا ساڵی لە ڕاوە کوڕ کوڕ زیاتر کاسبییەکی تری نەکرد، نازانم چۆن، ئێستاش کەس نازانێ چۆن بوو، ژنێکی هێنا، لەو ئاخری عومرە کوڕێکی بوو، ناوی نا ئازاد.

– ئێ... ئێ... ئێ...

تا یەك مانگ بووە بنێشتە خۆشەی ژن و پیاوی دێی چەوری. دوای من بەمانگێك ئەویش هاتە شارەوە. ئەبێ ئەو نەبێ؟

وتم: «نازانم لەوانەشە» لە دایەرە پلانی دۆزینەوەکەی دەرهێنا ڕاست و چەپ خەتێکی بەسەرا هێنا، لە جیاتی ئەوانە، دوو خاڵی تازەی نووسی:

یەکەم: نازدار ماوەیەکی تر مانگی خۆیەتی ئەگەر کوڕ بوو ئەوا ناوی دەنێم «ئازاد» هەر کاتێ ئارەزووی گەڕان ختووکەی دام دەڵێم داسوکنێ ئەوە «ئەبو ئازاد».

دووەم: تا ماوم بۆ دڵنیایی خۆم، هەر کۆچ و بارێك و شڕوشیتاڵی سەر عارەبانەیەکم بینی پرسیاری خاوەنەکەی دەکەم بەڵکو «أبو ئازاد» دەرچوو.

١٩٨٥

# بەردی سەبر

ماوەیەکە، هەموو ڕۆژێك دەیبینم... بەتەنیشت دار تووە تەنیاکەوە، کە نزیکەی پەنجا مەترێك لە ڕێگاکەوە دوورە دادەنیشێ، ئەمڕۆش وا هەر لە وێدا پاڵی بە بەردێکەوە داوە و هەردوو چۆکی جووت کردووەو سنگی داوەتە بەر... هەندێ جاریش، ڕووی خۆی لە ناو هەردوو لەپیا دەشارێتەوە و بۆ چەند ساتێك هەردوو شانی دەکەونە لەرزین! بۆچ دەگری؟! کێ ئاگای لە کێیە و غەمی کێ لە دڵی کێدایە؟... یەکجار وانە... ئەی ئەوە نییە منیش دەڵێم: کەی من کات و توانای ئەوەم هەیە خەمی ئەم کابرایە بکەمە سەرباری خەمەکانی خۆم؟!...

کە لەو سەرەوە گەڕامەوە، خۆر بەرەو ئاوابوون کشابوو، سێبەری کابرا و دارتوو و بەردەکە ئاوێتەی یەك بوو بوون. هەر لە دوورەوە چاوم لێ بڕی. وا دیسان ڕوومەتی خۆی خستە ناو لەپی و شانی کەوتە لەرزین. ماوەیەك وەستام... ئەم کابرایە بۆ دەگری؟!.

دەستی بە ڕانی خۆیدا هێنا، دواجار دەستی بە بەردەکەوە گرت و بەیەك دوو لەتر هەستایە پێی لە ناو تاریکایی ئەو ئێوارەیەدا بەلۆژە لۆژ دوورکەوتەوە، بووە تارماییەك و دواجار لە چاو ون بوو... ئەم کابرایە بۆ دەگریا؟!!

گریانی ڕاستەقینە گرانە و وەکو گریانی سەر شانۆ و نێو کتێب نییە. هەیە بۆ گیرفانی دەگری هەشە بە وشەی زل و بریقەدار خەڵکی دەگرێنێ خۆشی فرمێسکی درۆ دەبارێنێ تا دڵی چەند گەورەیەکی لێ ڕازی بێت...

بەڵام گریانی ڕاستەقینە لە چوکڵێك یاخود چڵێکی ناو زۆپایەکی هەڵایساو دەچێت لە خوارەوە گڕی گرتووەو لە سەرەوە فرمێسك دەڕژێت. گریانی ئەم کابرایە لەو چڵە تەڕەی نێو سۆپاکە دەچێت ئەگینا لە پێش چاو حەشاماتێکدا، یان لەبەردەم بەڕیزەکدا فرمێسکی دەڕشت و ئاوا پەناو کەناری نەدەگرت و بگری.. ئەم کابرایە بۆ دەگری؟!

شەو درەنگە، شەوگاری شەق کرد هەر گێنگڵ دەدات. لە هەزار سەرەوە دەیهێنێ و دەیبات، تا سەرە دەزووی تەسەللاو دڵنەوایی خۆی وەدەست بکەوێت، کەچی لێی ئاڵۆزتر دەبوو و چاکتر وێڵ دەبوو. چەند نموونەی دڵتەزێن و کسپە لە جەرگ دەری دۆست و نەناسی وەبیر خۆی دەخستەوە تاکو گڕیی دەروونی خۆی پێ دامرکێنێتەوە، بەڵام سۆزی باوکایەتی بۆ جڵەو نەدەکرا. «خۆ من نکوڵی لە خەمی کەسێ ناکەم سەری ڕێزیش بۆ

هەندێکیان دادەنەوێنم بەڵام من.. من.. منیش ئینسانم دەردی خۆم هەیە.

چوومە لای کێ و کێ، ماوەی نەدا ئەوەی لە دڵمدایە بیڵێم ئەویش بەهەلی دەزانی یەکێکی وەکو منی دەست کەوتووە لە من خراپتر دەکرووزایەوە، کەسێك نییە تا سەر گوێی خۆیم بۆ شل کات. هەندێ گەمژەش هەبوون قسەیەکیان تێ دەسرەوانم..»

لەو ڕۆژەوە تاقانەکەی بەجێی هێڵابوو ئەم تاڵاوەی دەچەشت.. پەنجەرەی ژوورەکەی کردەوە کپی و بێ دەنگی دونیای لێ بووەوە بارێك و بەسەرشانی ئەمدا درابوو. پەنجەرەکەی پێوەدەدا، ژوورەکەی لێ دەبووە گۆڕێك و گۆڕەوشاری دەدا.. دەیویست بەم درەنگ وەختە بڕواتە پاڵ بەردەکەو هەروەکو ڕاهاتووە خەمی خۆی بۆ بەردەکە بڵێتەوە.

– «کە دەچمە پاڵ ئەو بەردەو ئەوی لە دڵمدایە دەیڵێم کەمێ بارم سووك دەبێت.. ئەی لەم دونیا جەنجاڵەدا بۆ کێ بدوێم؟ نەیدەزانی چۆن خۆی بخڵافێنێ. «دەچمە ژوورەکەی..» ، لەو ڕۆژەوە سەری پێدا نەکردبوو، لە پێشدا زاتی نەکرد، دوای کەمێ زۆر لە خۆکردن... بەئاستەم دەرگای ژوورەکەی کردەوە. قەرەوێڵەکەی وێنەی هونەرمەندێك بەسەر سەریەوە هەڵواسراوە.. ڕیزێ کاسێت، چەند کراسێك و ڕادیۆیەك، کەس جێگۆڕکێی پێ نەکردبوون.. لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشا سەری خستە سەر سەرینەکەیەوە کەمێ وەرچەرخاو پڕ بە سییەکانی بۆنی سەرینەکەی کرد، دیسان ڕووی خۆی بەهەردوو دەستی شاردەوە و وەکو مەنجەڵ کوڵا... بۆنەکە گڕی تێ بەرداو بیری ورووژان... هەر لەم کاتەشدا دەستی برد ئەلبوومی سەر کۆمەدینەکەی بەدەستەوە گرت...

«گیانی بابە.

..........

ئەم وێنەیەت؟.. ساڵێکی تووشی وەك ئەم ساڵانە بوو.. بە تەك ئەو نەمامەوە ڕامان گرتی و ئەم وێنەیەمان گرت، ئیتر هەموو ساڵێك لەگەڵ ئەو نەمامەدا بەراوردمان دەکردی، ئەو ساڵێ دوو ئەوەندەی باڵات دەچووە ئاسمانا. تۆش هەر باریك و سیس دەبوویتەوە ئەو سێبەرێکی گەشی پڕ حەوشەکەی بۆ کردین، تۆ دەتگوت:

«ئەو سێبەری بۆ حەوشەیەك کردووە، من دەبمە قەڵخانی وڵاتێك، ئەو لە تیشکی خۆری ئەم گەرمیانەتان دەپارێزێت، من لە بەڵای ناگەهان..»

– ها حەیاتم.

– ......

– من ئەوەندە خۆشیم بەوێنەگرتندا نایەت، وازم لێ بێنە.. وازت نەهێنا، منیش توند خۆت و دایکتم بەسنگەوە نووساند، هەر لەو کاتەوە ترسی ئەوەم هەبوو لێم دوورکەویتەوە».

لە دوا لاپەڕەی ئەلبوومەکە، سەری لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلێکەوە دەرهێنابوو. دەستی بۆ کەسێکی نادیار هەڵبڕیبوو..

«دەستی هەڵبڕی من لە جووڵە کەوتم، تەنم ئارەقێکی ساردی دەردا، نەمتوانی هیچ بڵێم تا نەمتوانی بزەیەکی خۆ خەڵەتێنەریش بخەمە سەر لێوم.. ئای لەو ساتانە کە خۆشەویستێکت لێ دادەبڕێ.. وەستام تا ئۆتۆمبێلەکە لە چاو ون بوو وڕ و سڕ، تەماشای تۆزی ڕێگاکەتم کرد تا..»

چاوی بڕییە بنمیچەکە، هەستا، چووە دەرەوە، لە پشت ڕیزە شاخەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، ئاسمان سوور هەڵگەڕابوو.

***

ئەم کابرایە وای لێ کردووم هەر کە دەگەمە ئاست دارتووەکە، دەبێت ئاوڕ بدەمەوە. بەمەشەوە ناوەستم هەڵویستەیەکیشی بۆ دەکەم، هێزێکی شاراوە پاڵم پێوە دەنێت لابدەمە لای.. ئەی بۆ نا ئینسان دەبێت خەمی ئینسانی برای بخوات.. ئەم کابرایە ئەگەر ژیان نوقورچی لێ نەگرتبێت ئاوا تەریك دەکەوێتەوە بەکوڵ بگری؟

دەبێ چی وای لەم کابرایە کردبێت بگری؟ .. هەزار هۆ هەن بۆ گریان. هەزارو یەك جۆر گریانیش هەیە.. هەیە دەگری بۆ ئەوەی خەڵکی تر پێبکەنن. هەیە گوزەرانی بەگریان دەچێتە سەر! هەیە ئەوەندە ماستاو دەکات خەڵکی گریانی بۆی دێ بەڵام ئەو گریانە کە وەك چڵێکی تەڕی ناو زۆپا وایە جێگای ڕێز لێگرتنە..

لە گەڕانەوەمدا خۆمم لێ نزیك کردەوە، خەریك بوو هەڵدەستا.. بەڵام لە جارەکانی پێشوو بەگورتر بنیم. ئەو بەردەش کە پاڵی پێوە دەدا، بەدەورویشتیا پارچە پارچە پرش و بڵاو بووبوو. بۆ ماوەیەك بەسەر پارچە بەردەکانەوە وەستا. لە دواجارا وتی:

«من بە سەبرم یاخود تۆ؟»

کەوتە ڕێ. لە ناو تاریکی ئەو سەر لە ئێوارەیەدا بووە تارماییەك و دواجار لە چاو ون بوو، چاوم لەو ئاستە نەترووکاند و لەسەرخۆ وتم:

«کابرایە بۆ دەگریا؟»

شوباتی ١٩٨٦

# گەردەلووڵ

گەرمای ئەو نیوەڕۆیە ڕەنگی ئاسمانی سپی هەڵگەڕاندبوو، دەشتەکەشی هەڵاوی لێ هەڵدەستا. جار نەجاریش باکە هەڵی دەکرد گڕی دەشتە داخ بووەکەی بەگژ پووش و خۆڵ و بنجگی ئەو ناوەدا دەکرد و دەیورووژاندن و بەیەکیانا دەدان. هێشتا کاریتەی درێژ و زەبەللاهی گەردەلوولێك لە لایەکەوە دانمان نەدەبوو، لە لایەکی ترییەوە یەك دووانێکی کە پەیدا دەبوون و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشان، پووش و پەڵاش، پنچك، پارچە نایلۆن، هەر شتێك سووك بوایە پێش خۆیانیان دەدان.. هەندێ جاریش بۆ چەند ساتێك یەکێ لەو گەردەلوولانە مزراح ئاسا لە شوێنێکدا دەخولایەوە، پووش و پەڵاش و پنچك و شتە سووکەکانیش لەگەڵیا دەخولانەوە، تا دەهات ئەستوورتر دەبوو، ئینجا کەمێك باریك دەبووەوە وەك ئەستوونێکی درێژ بەئاسمانا دەچوو، ئەونەی پێ نەدەچوو لەو بانە داغان دەبوو، بنجگ و پووش و پارچە نایلۆنەکانیش یەك دوای یەك دەکەوتنە خوارەوە، لەو ناوانەدا ئیتر هەر وا ئەستوونی تۆزوخۆڵ بوو بەئاسمانا دەچوو. حەمە ساڵح لە ماندوویەتی زیاتر گەرماکە هەناسەی پێ سوار کردبوو. یەکێ لەو گەردەلوولانە پەڵە گەنمەکەی ئەمی گرتەوە. خشەخش و هۆژەیەکی سەیر پەیدابوو. گوڵە گەنمەکان لەرزین، کەوتنە هەلۆرکە، بەیەکا هاتن، سەریان کرد بەیەکدا، چەمانەوە، بەلادا هاتن، نووشتانەوە. کە توندتریش هەڵی کرد، سەری هەندێکیان دای بە کەسەگڵەکاندا، زەوییەکەیان ماچ دەکرد و بەگوڕتر هەڵدەسانەوە.

حەمە ساڵح داسەکەی خستە سەر چەند سواڵەیەك خۆی دا بە زەویداو بەئاستەم سەری خزانە نێو پەڵە گەنمەکەوە.. «گڕەکەی دەڵێی ئاگرە، زۆرم نەماوە.. ئەم حەوت هەشت هەنگاوەشم درووێنە بکردایە...»

بۆ ماوەیەکی کورت گوێی بۆ وژەی باکە و خشەی پەرێز و گوڵەگەنمەکان هەڵخست، هەرچەندە لەو ماوە کورتەدا ماندووبوون و هەناسە سوارییەکەی لە بیرکرد، بەڵام تەوژمی ئازار و ڕقێك لە ناخیەوە سەری هەڵدا... «چەندین جارە جوابم بۆ ناردووی خۆم پێم وتووی ئەوەی تۆ دەتەوێ نایکەم، من لە شار گوزەران ناکەم، کەچی دوێنێ ئازاد و براژنمی ناردووە..» بەپشتێنەکەی ڕوومەتی خۆی سڕی.. «ئەم نەعلەتییە کوێوە چوو؟! وازی نەهێنا تا کەوتە دووم..» ویستی بانگی کات، بانگی نەکرد «سبەی دەیاننێرمەوە،

بەقسەی کاکم ناکەم..» گەردەلوولەکە دوور کەوتبووەوە خۆڵ و تۆزی وەردە سوورەکەی ئەولای ورووژاندبوو. کەمێ سەری بەرز کردەوە و، ئازاد دوور کەوتبووەوە، بەدوای شتێکدا ڕای دەکرد. گڕەکە لەوەدا نەبوو، سەری پێ داگرتەوە. لە نێوان گوڵە گەنمەکانەوە لایەکی دێکەیانی دەدیت بژووڵی گوڵە گەنمەکان کە لە ڕوومەتی دەکەوتن ختوکەی دەدان، بەئەنقەست یەك دووجار سەری بەرز دەکردەوە و دایدەگرت، جۆرە یارییەکی خۆشی بۆ خۆی دامەزراندبوو، ئەم خۆشاردنەوە و سەرەتاتکێیەی پێ خۆش دەهات، هێزی دەخستەوە بەرو تەوژمی ئازارەکەی ناخی پێ کپ دەبووەوە. بژووڵ و گوڵە گەنمەکانی دەکردە دارستانێکی چڕ و دێکەی لە ناوەڕاستیا دادەنا.

وا دێکە کەوتە نێو دارستانەکەوە باکە هەندێ جار دارستانەکەی دەگوێزایەوە بۆ خواری دێ و هەندێ جاریش بۆ ژووری .. «بەقسەی کاکم ناکەم، هەر کە من ڕۆیشتم خەڵکەکەش دەبنە شڵخەی هەنگی تاربوو» گڕەکە توندتر هەڵی کرد، ئەمجارەش گوێی بۆ خشەخشی پەڵە گەنمەکە و وژەی باکە ڕادا، کەمێ سەری بەرز کردەوە، گورج هێنایەوە نێو لاسکەکانەوە.. ئا.. هەردوو هەنگاو لە لایەوە مەلێکی سەر سەوزی سنگ سوور خۆی مت کردبوو، باکە لەترێکی بە مەلەکە دا، دەنووکی بە بەردێکا دا.. «هەردووکمان لەتاو ئەو گەردەلوولەدا پەنامان بۆ یەك شت بردووە، خۆت نەگری با دەتبا، نینۆکت لە زەوییەکە گیربکە، لە ڕۆژی وادا هەر خۆت دەبێ شتێ بۆ خۆت بکەی..» لەگەڵ لەتردانیا هێلکەیەك لە ژێریەوە غل بووەوە. هێلکەیەکی مەیلەو شینی زەردباو بوو. مەلەکە وەك سەری لێ هاتبێتە یەك وا دیاربوو، بەڵام دۆش دانەماو فریای خۆی کەوت «هەندێ جار هەرچەندە گیانی یارمەتیت تێدا هەبێت کەچی ناتوانیت دەستی یارمەتی درێژ بکەیت..» مەلەکە لە یەك کاتدا تەنیا باڵێکی فش کردەوە و کردییە پەرژین تا بەرباکەی پێ بگرێت و بەدەنووکی مەیلەو ئاڵیشی هێلکەکەی بۆ ژێر خۆی ڕاکێشایەوە.. دەست خۆش ئاوا..» حەمە ساڵح بەدەنگێکی بیستراو ئاوای وت، چاوی لە مەلەکە نەدەترووکاند نەیدەوێرا بجووڵێ تا نەدات لە شەقەی باڵ، ترسی ئەوەشی هەبوو لەم کاتەدا ئازادبێ بۆ لای کە تۆزێ سنگی بەرز کردەوە، چەند هێلکەیەکی کەش دەرکەوتن سێ هێلکەی درێژنۆکی شینی زەردباون. باکە تا دەهات تیژتر دەبوو. «چاك بوو ئەم شوێنەم دروێنە نەکرد، ناشیکەم، با ئەم چەند هەنگاوە گەنمەی من پێوە بمێنێ..» باکە شاپەڕێکی لە باڵی مەلەکە کردەوە، بەتوند دای بەیەك دوو لاسکدا، ئەوەندەی چاو بچووقێنی لاسکەکان گلیان دایەوە، لەوێوە بەتۆی لاسکەکاندا هات و کەوتە باوەشی حەمە ساڵحەوە.

شاپەڕەکەی بەدەستەوە گرت لە بنەوە تووکێکی نەرمی شیریی هەبوو، لە سەریشەوە تووکەکان زبرتر و بەهێڵێکی ڕەش نەخشێنرابوو. دیسانەوە یەکێ لە هێلکەکان ترازا. باڵی هەروەك چۆنی بەپەرژین کردبوو وەك خۆی هێشتبوویەوە، هەمدیس ملی درێژ کرد و بەدەنووك خزانییەوە ژێر خۆی.. حەمە ساڵح هەستی بەدڵەکوتکێ و ماندووبوونی مەلەکە دەکرد، دڵی پێی دەسووتا ماندوو بوونەکەی خۆی لە بیرچووەوە.. باکە هێدی هێدی کپ دەبوو، جار نەجارێك وەك شەپۆلی تووڕە هەڵی دەکردەوە، زۆری نەبرد بێ دەنگییەکی سەیر ئەو ناوەی گرتەوە، مەلەکەش لەسەرخۆ باڵەکانی هێنایەوە یەك، چەند جارێك جێی خۆی خۆش کرد و بە ئاسوودەییەوە بەسەر هێلکەکانیەوە هەڵنیشت.. تەنیا دەنگی گەرما و گیزەی مێشوولە دەهات بۆ ماوەیەك مەلەکە و حەمە ساڵح لە جوولە کەوتن دەنگی ترپەی پێی ئازاد هێنایەوە خۆی.. مەلەکە بەدەنووك هەندێ پووشی بۆ لای خۆی هێنا.. حەمە ساڵح بەئەسپایی هەستا شاپەڕەکەی لە جامانەکەی سەریا چەقاندو چوو بەئەسپایی دەستی ئازادی گرت و لەسەرخۆ وتی:

– سبەی لەگەڵ دایکتا بڕۆنەوە.. ئێ؟

ئازاد حەزی بەمە نەکرد. لە ڕێگا هەر تەماشای شاپەڕەکەی دەکرد لە پڕ وتی دەزانی لە چی دەچێت؟ بیڵێم؟

– بڵێ بزانم

– «هنود الحمرت» بینیوە؟ ئەو شاپەڕەم بدەرێ..

ئاداری ١٩٨٦

# دووربینین

پریاسکەکەی دەستی لێ بووبووە بار، لەبەرئەوە گۆچانەکەی دەستی ڕاستی بووبووە پارسەنگی پێی ڕاستی، نەدەگونجا جارنەجارێ ئەم دەست و ئەو دەست بەپریاسکەکە بکات. ناچار ماوەی چەند هەنگاوێك دەڕۆیی و پریاسکەکەی شۆڕ دەکردەوە و هەڵوێستەیەکی بۆ دەکرد.

لە دەرمانخانەیەك قووتوویە هەتوانی کڕی– هەر بۆ ئەمەش لە ماڵ هاتبووە دەرێ– لە دووکانەکەی تەکیشی هەندێ میوەی کڕی. وا بەرەو ماڵ بۆتەوە، لە ماڵ هێشتا نەهاتبووە دەرێ ترسی ڕێگای گەڕانەوەی لەبەر نشتبوو!

هەتاو هەرچەندە ئەو تینەی تیا نەمابووکەچی لە هەڵوێستەکانیا داڵدەی وەبەر دارە نیوە ڕووتاوەکانی قەراغ شەقامەکان دەدا، ئەو گەڵایانەش کە بەچاو قایمی بەترۆپکی دارەکانەوە مابوونەوە زەردباو دەیانڕوانی، تیاشیدا هەبوو لەکەیەکی قاوەیی تێ کەوتبوو. لە پاڵ یەکێ لەو دارانە وەستا، تەماشایەکی ئاسمانی کرد.. بەم پایزە زووە گەواڵە هەورەکان خەریك بوون ئاوێتەی یەکتر دەبوون.

«.. لەبەر ئازاری پێم نەبوایە لە ماڵ نەدەهاتمە دەرێ..» بەئاستەم گەڵایەکی سوورباو لە لقەکەی ترازاو بەلارەلار بەرەو خوار هات، چاوی لێ نەترووکاند تا بەئاستەم کەوتە بەر پێی نووکی گۆچانەکەی خستە سەرو دەستی داگرت، قرچەیەکی خۆشی لێوەهات، هەر وەك ئەم یارییەی پێ خۆش بێ چاوەڕێی کرد گەڵایەکی بەربێتەوە، بەرنەبووەوە. یەك دوو کەس بەسەر شۆستەکەدا تێپەڕین ئاوڕیان لێ دایەوە، شەرمی هات.. «من خەریکی چیم؟» کەمێ لار بووەوە قڵفی پریاسکەکەی ئاڵاندە مەچەکیا و لەگەڵ پێ هەڵهێناندا وەك وەڵامی یەکێکی تر بداتەوە:

– چاوەڕێی مردنی گەڵایەکم...

لە وەڵامدانەوەکەی خۆی سڵەمییەوە، ترسێکی نادیار لە ناخیا سەری هەڵدا، ڕاچەڵەکی. وشەی چاوەڕێ، مردن خۆیی پێ بیر هێنایەوە، حەزی نەکرد وای وت، بەڵام «جا چی تێدایە، پایزە و دەبێ بوەرێ..» ویستی نەیباتە سەرخۆی، پێی چەپی گورج هەڵهێنا، ویستی بەهەمان خێرایی پێی ڕاستیشی بهاوێ، گۆچانەکەی بە ڕقەوە بۆ پێشەوە

هاویشت، بەڵام وەك داینابوو وا دەرنەچوو، دەمارەکانی پۆزی چەخماخەیەکی دا و ئازارێکی باریکیش لە کۆڵنجییەوە هەستا هەنگاوەکەی خاو بووەوە، پێی بۆ بەردەم بەکێش کرد.. «پیاو دەبێ بەگوێرەی خۆی هەنگاو بنێ». لەبن دارێکا وەستا چاوی بەشەقامەکەدا گێڕا، بەدەستە چەپا و لە تەك دووکانێکی داخراودا قەنەفەیەك دانرابوو، خۆی گەیاندێ. کە دانیشت هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو. سەری لەگەڵ سنگیا بەرز دەبووەوە و نەوی دەبوو. ویستی نیگای بگرێتە هاتوچۆکەران بەڵام بۆی ڕاگیر نەکراو بەرەبەرە کەوتەوە بەرپێی. لاوێك بەڕاکردن شەقامەکەی بڕی و هات لەولایەوە دانیشت، ئاگای لێ نەبوو.

پاش ماوەیەك هەروا پریاسکەکەی بۆ ئەم لای خۆی گواستەوە لاوەکەی بینی. پێی نابووە سەریەك و بۆ دوور دەیڕوانی وەك چاوەڕێی یەکێك بکات وابوو. لاوەکە هەستی کرد پیرەمێردەکە سەرنجی دەدات، بەڕێکەوت بۆ چەند ئانێك تەماشاکانیان یەکانگیر بوون.

بەزەیی پیا هات.. «ئەم مەرگ هەڕەشەی لێ دەکات، من ژیان.. کاتێ بگەمە ئەم تەمەنە بێگومان دونیا دونیایەکی تر دەبێ، ئەو شتانەی ئێمە و کاتی خۆیشی ئەمان بەدەستێوە دەیاننالاند دەبنە یادگار. «گوڵە»ش ئەم جوانی ئێستای نامێنێ.. نازانم بۆ دواکەوت؟!..» لەپڕ کزەبایەك هەندێ گەڵای وەریوی بن دارەکەی بەرانبەریانی وروژاند و بە خشەخش بۆ لای ئەمانی ڕاماڵی. پیرەمێرد کە ویستی لەگەڵ گەڵاکاندا یارییەکەی کەمێ لەمەوپێشی دەست پێ بکاتەوە، بەڵام نەیکرد. لاوەکە گەڵایەکی سووربووی بەدەستەوە گرت، ورد ورد پیا ڕوانی.

– جوانە!

پیرەمێردەکە وەك بکەی بەگوێیا و حەز بەدەمەتەقێ بکا بەپەرۆشەوە ئاوڕی دایەوەو بزەیەکی منالانەی هاتێ و کەمێ هاتە پێشەوە.

– چی؟

– پایز و گەڵا پایزان.

– کە پایز دێ و دونیا ڕوو لە ساردی دەکات، ئازاری پێم هەراسانم دەکات و خەوم لێ هەڵدەگرێ.

«ئەم مەرگ هەڕەشەی لێ دەکات و من ژیان..»

– بێ پایز بەهار نایێ «تا داریش پایز جەزرەبەی نەدا، زستان لە گۆی نەخا، گەڵای سەوز بەخۆیەوە نابینێ»

ئاڵتونی دار ئەڕژی بگرین
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین
بگرین بگرین فرمێسك نەسڕین
پایز پایز...

– گۆرانی دەڵێی؟! منیش لە تەمەنی تۆدا بووم شەوان ئەو دێیەی خۆمانم هەراسان دەکرد.

لاوەکە هیچی نەوت تەماشای سەعاتەکەی کرد و بۆ دوور ڕوانی. پیرەمێردەکە بینی وەڵامی نەدایەوە ناچار بێ دەنگ بوو. ئەم بێ دەنگییە سەری دەزووی بیرەوەرییەکانی دایە دەست، سەرمایەی ئەم تەمەنەش بیرەوەرییە، زۆر بەئاسانی دەستی کردە هەڵکردنیان.. لە هەمان کاتدا لاوەکەش خامۆشی پیرەمێردەکە و وژە و گورەی شەقامەکە لە والاوردی چاوەڕوانی ترازانی و بۆ لایەکی تر پەلەکێشی کرد. بەڵام هەریەکە و بۆ لایەك یەکێکیان بۆ ڕابوردوو و ئەوی تر بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو. «حەفتا دەبێ؟.. تەمەنێکە، ڕۆژێك دێ تەمەنیش بکەوێتە ژێر ڕکێفی مرۆڤەوە.. زانست و ئاشتی دەبنە هۆی تەمەن درێژی. ماوەم نییە ئەگینا دەمدوان.. حەفتا تەمەن بە ساڵ ناژمێررێ چۆن ژیاوی و چیت کردووە. ژیان و تەمەن گەرداون بەڵام ئەمان گەرداوەکە بەئارەزووی خۆی و شێتانە بردوونی و هێناونی بێ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدەن یا ئارەزوو بکەن یاخود بەبیریانا گوزەر بکات جڵەوی گەرداوەکە بگرنە دەستی خۆیان وا ئێستا پاییزێتی و بێ ئەوەی شوێن پێیەك بەجێ بهێڵێ بەرەو نەمان هەنگاو دەنێت. بێگومان تەمەن هەر ڕوو لە نەمانە، ئەمان وا گەیشتن، بەڵام دەبێ ئێمە لەگەڵ ئەماندا جۆری گەیشتنەکە لێکمان جیا بکاتەوە، ئەگینا ئێمەش ڕۆژێك دێ وەکو ئێستای من و ئەم پیرەمێردە دەبینە هۆی هەناسە هەڵکێشان و سەرزەنشتی کەسانێکی تر.. جیاوازی نێوانیان لەوەدایە: ئەم چۆن گەیشتە ئەم تەمەنە، ئێمە دەبێ چۆن چۆنی بگەین؟

ئەوەتا ئەم دارە گەڵاکانی وا دەمرن تا سەرلەنوێ بژێنەوە.. بەڵام ئەمان مردنیان بۆ ژیانەوە نەبووە! نازانم «گوڵە» بۆ دواکەوت»

«تا گۆرانی شەوانەشمان دەبوایە بەرەزامەندی ئاغا بوایە..

من ڕووی دەمم لە خەجە دەکرد.. بە نسیبیشم نەبوو.. بەرە بەرە براکانم هاتنە شارەوە من و دایکم ماینەوە، وەستانم نەبوو. کار نەما نەیکەم. قورکاری، بێڵکاری، پاڵەیی چوزانم ئوو ئوو.. قات و قڕی منیشی جێلەق کرد و خزامە شارەوە، دایکیشم لە غەریبی سەری نایەوە، دە وەرە بە تەنیا گوزەران بکە. لەم تەمەنەشدا ئازاری قاچ و قولم ئەوەندەی کە ژیانی لێ تاڵ کردووم..»

– مامە گیان بۆ لێرە دانیشتووی؟

ڕاچڵەکی..

– ئەم پێ نەعلەتییەم.. پشوویەك دەدەم و .. ئەی تۆ؟ گوڵەی لە دوورەوە بەدی کردبوو، شنەی پایز نەیدەهێشت قژی لەسەر شانی ئارام بگرێت.

– وا من دەڕۆم!

هەردوو بەجووتە بەرەو خوار بوونەوە ئەمیش لە ئاستی هەنگاوەکانیان سەرنجی گیر کردبوو، تا لە چاو ون بوون.

پاش نیو سەعاتێك. بەجووتە کە لەو سەرەوە گەڕانەوە گەیشتنە ئەو ئاستەی لێی دانیشتبوون.

– ڕۆیشتووە..

لە ژێر قەنەفەکە قوتوویەك کەوتبوو، داچەمی و هەڵیگرت.

– دەرمانەکەشی لێ بەجێماوە..

بەهەر چوارلادا چاوی گێڕا، نەیبینی..

– پێ هەڵگرە.

کزەبای ئێوارەی ئەو دەمە و پایزە گەڵا وەریوەکانی ڕادەماڵی بێهوودەش چاویان بۆ دەگێڕا.

ئایاری ١٩٨٦ دووز

# چاوەڕوانی

هاوڕێکەم چووە بەردەم ئەو تەختەیەی کاتی گەیشتن و دەرچوونی شەمەندەفەرەکانی دیاری ئەکرد، بەدەم تێڕوانینەوە وتی

– ئەو شەمەندەفەرە بۆ «صۆفیا» دەڕوا پاش سەعاتێکی تر دەرئەچێ.

بەجووتە لەسەر کورسییەك دانیشتن، ئێستگەکە جمەی دەهات، خەڵکەکە وەك مێروولە دەهاتن و دەچوون جانتا ئاوساوەکان شانی زۆر کەسانی لەنگ کردووە بە نقەنق بەبەر دەممماندا تێدەپەڕین بەرەو ڤارگۆنەکان دەچوون. بەهەر چوار لاماندا کچی جوان و قژ زەرد دەستیانی لاوەکان دانابوو بەگوێی یەکتریاندا ئەچرپاند کە گوێیان لە فیشکە و شووتی شەمەندەفەرەکە دەبوو دادەچەڵەکین، بەپەلە پرووزێ دەستیان بەماچکردنی یەکتر دەکردەوە.

کە شەمەندەفەرێکیش دەکەوتە ڕێ هەر دەستی بەرێکردن و ماڵئاوایی بوو وەك باڵێ لە پەنجەرەکانەوە دەلەرینەوە. کە لە چاو ون دەبوو شەمەندەفەرێکی تر، جێگای دەگرتەوە و هەمان شت دووبارە دەبووەوە.

لە ناو ئەم ژاوەژاو و جەنجاڵییەدا پیرەژنێکی سپیکەڵانە چەپکێ گوڵی بەسنگەوە گرتبوو بێ دەنگ دەیڕوانییە حەشاماتەکە و ڤارگۆنەکان. لێی نزیك بوومەوە، جاروبار لەبەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵێکی بۆ دەکرد. چاوە شینەکانی لەودیو چاویلکەیەکی سپییەوە وەك دوو هەڵماتی شین دەخولانەوە، چوومەوە لای هاوڕێکەم پێم گوت:

– ئەم پیرەژنە سەرنجی ڕاکێشاوم.

– ڕەنگە چاوەڕێی خۆشەویستەکەی بکات!!

من هەر دەمڕوانییە پیرەژنەکە. کابرایەك بە بەدلەکەی بەری و لایتەکەی دەستیا دیاربوو کرێکارێکی ئێستگەکەیە، لەگەڵ هاوڕێکەمدا هەندێ قسەیان کرد. پاشان هاوڕێکەم پێی وتم:

– جانتاکەت بۆ ڤارگۆنی ژمارە (١٢) هەڵگرە.. ئەزانی ئەو پیرەژنە چاوەڕێی چی دەکات؟

– نەخێر.

بەپەرۆشەوە پێم هەڵگرت تا پیایا بگەم.

– ئەو کرێکارە دەڵێ: لەوەتەی من لێرەم ئەو پیرەژنە هەر لە نێوان چەند ڕۆژێکدا جارێ بەچەپکە گوڵەوە بۆ چاوەڕوانکردنی کوڕەکەی بۆ ئەم ئێستگەیە دێ.

– ئەی کوڕەکەی لە کوێیە؟!

– لە کاتی شەڕی دووەمدا لەم ئێستگەیەوە بەڕێی کردووەو ئیتر نەگەڕاوەتەوە ئێستەش وادەزانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان دەگەڕێتەوە!!

کوتوپڕ چاو ترووکاندنێکی نەبرد، گەیشتمە دێیەکی گەرمیانی لای خۆمان لە ناو ئەو ژاوەژاوەدا وتم:

– پوورە ئایشەی لای خۆمانت لەبیرماوە؟

لەم کاتەدا گەیشتینە ڤارگۆنەکە بۆ خواحافیزی هاوڕێکەم، چوومە بەر پەنجەرەکە سەرم دەرهێنا منیش دەستم بەدەست هەڵتەکاندن کرد. شەمەندەفەرەکە بەخێرایی ملی ڕێگای گرتبووە بەر. شاری «بخارست» تا دەهات دوور دەکەوتەوە. چوومە سەر جێگاکەم، پیرەژنەکەم لەبەرچاو ون نەئەبوو بەڵام شێوەی پوورە «ئایشێ»ی لای خۆمانم لەبەرچاو ڕوونتر دەبوو، زانیم هەموو شارێکی ئەم جیهانە بەهۆی شەڕەوە چەندەها پوورە ئایشێی تێدایە.

کانوونی یەکەمی ١٩٨٧

# قومقوموٚکە

وەکو ڕۆژانی تر یاپشە یاپشە خۆی کرد بە چاخانەکەدا، کۆمەڵێ کتێبی لە بن هەنگڵ نابوو، بەڕاست و چەپدا ڕوانی بەدوای جێگایەکی بەتاڵ دەگەڕا، دەیویست لە جێگای مەبەستی خۆیدا دانیشێ، لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیدا بزەیەکی ڕێوییانەشی خستبووە سەر لێوە تەنکەکانی هەرچی گرێ کۆنەی دەروونی هەبوو لە بزە لەرزۆکەکەیدا بەدی دەکرا، وەستا، هەمدیس چاوی گێڕا ئەمجارە بە ویقارێکەوە خۆی بەنێوان دووکەسدا کرد.. کتێبەکانی لەسەر هەردوو چۆکی کەڵەکە کرد، ڕۆژنامەکەی دەستی بەجۆرێ پەخش کرد ناونیشانی کتێبەکەی سەرەوە نەشارێتەوە، بەخێرایی چاوی بەلاپەڕەی یەکەم و دووەم و سێیەم خشان، لاپەڕەی ئەدەبی کردەوە، پەنجەیەکی بەسەر لاپەڕەکەدا دا و «ئمێکی» بۆ کرد:

– بزانین چی دەڵێ؟!

یەك دوو دێڕی لێ خوێندەوە، بێ ئەوەی چاوی لە دێڕەکان بگوێزێتەوە دەستی بە باخەڵا کرد و قەڵەمەکەی دەرهێنا، هێڵێکی بە ژێر یەك دوو وشەدا کێشا!!

ئەوانەی تەنیشتی شارەزای بوون بە تیلەی چاو یەکتریان دوان و بزە گرتنی.

– چیرۆك دونیایەکی فراوان و دژوارە نابێ هەرچی هەڵسێ و دەستی بۆ ببا، چیرۆك وا نابێ.

ئەوانەی تەنیشتی وەڵامیان نەدایەوە.. هێشتا ڕۆژنامەکەی قەمچ نەکردبوو، نووسەری چیرۆکەکە هاتە ژوورەوە ئەم هێشتا چاکەی نەخواردبووەوە، هەر کە بینی دەستێکی لێ هەڵتەکان و بەپیریەوە چوو! قۆڵی بەقۆڵیا کرد و هێنای لەولاوە داینا، دوای چا بانگکردن و بەخێرهاتن دووانەکە گوێیان لێ بوو دەیگوت:

– پیرۆزباییت لێ دەکەم.. نموونەی چیرۆکی نوێ «دەبێ» ئاوابێ!

# مێرووله

بەدرێژی تەمەنی زەواڵی بۆ مێرووله نەبووە. لە ڕێگاوبانیشا مەگەر پێی نەزانیبێ ئەگینا، بیری نایەت بەئەنقەست پێی بەمێروولەیەکدا نابێ، بەزیندەوەرێکی چوست و چالاك و کارامەی دادەنان، گەلێ جاریش وابووە هەنگاوەکانی کورت دەکردەوە یان قەڵەمبازێکی بۆ کردووە یا لاڕێی گرتووە، هەر بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر پێی. بەڵام لەو شەوەوە ئەو فیلمەی بینیوە کە چۆن مێرووله شارێکیان قەڵاچۆ کرد، ڕای گۆڕاوە. ڕق و ترس لە دەروونیا سەریان هەڵداوە.. هەندێ شەویش خەون بە مێروولەوە دەبینێ.. لێی دەئاڵێن، دەچنە کونە لووت و گوێچکەیەوە، سڕی دەکەن، هەزار، ملیۆن لێی دەورووکێن، دەست بەخواردنی دەکەن، وەك مۆم دەیتوێننەوە، لە خەونەکەیدا دەبێتە پەیکەرێك لە مێرووله. کە لە خەو ڕادەچەڵەکێ هۆشێکی دێتەوە. بۆیە لە هەرکوێیەك مێروولەیەك دەبینێ دەیپلیشێنێتەوە! ئەم کردەوەیەی زۆرجار ئازارێکی دەروونی پێ دەدا.. بەخۆی دەڵێ: ئەمە کاری کردەنی نییە. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر و بەدادگادانی ویژدانی خۆی بڕیاری دا:

«تەنیا هەر ئەو مێروولانە بکوژێ کە لە خەونا لێی دەورووکێن..»

*مایسی ١٩٨٧ دووز*

# فڕینەکان

# هاوار

هەر کە بیری بۆ ئەوە دەچوو با هاواریش بکات و لە کەللەی سەر بقیڕینێ، نە کەس گوێی لێ دەبێ نە بەدەنگییەوە دێن، لە ناخەوە دەشڵەژا و موچڕکی ترس و نائومێدی تەنی دەتەنی... «بەم جەستەی پڕ ژان و ژۆمەوە و لە بارێکی ئاوادا چیم بۆ دەکرێ؟...» سەری بەرز کردەوە، «دوو بەژن و نیو نەبێ، ئەوەندەی لە دوو کەمتر نییە.» لەوەی زیاتر ئاسمانی بەقەد ساجێك تۆزێ گەورەتر لێوە دیار بوو هیچی کەی نەدەبینی، ژێر پێی خۆڵێکی خەنەڕەنگی لمدار بوو، بەملا و بەولای خۆیدا دەستی کوتا، هەندێ وردە چەو کەوتە بەر پێی، لە بەرزێتی بەژنێکەوە بەردێکی قۆقز دیار بوو بۆ دەست پێوەگرتن دەشیا، ئیتر تا ساجەکەی سەرەوە بێ گرێ داسراو بوو... بەڵام نەدەکرا پەلێ بۆ خۆی نەکوتێ... «چی بکەم؟ دەك غیرەتت سەگ بیخوا پیاو! ئەوەی پێم بکرێ دەیکەم، گەر هیچیشم بۆ نەکرا ئەوا پیاو هەر جارێ دەمرێ، هۆۆۆ هۆۆۆۆ» یەکەم هەڵپەی ئەو هاوارە بوو بەڵام بەنیوەچڵی و بێ هێز لە گەروویەوە هاتە دەرێ، هەروەك ماستێکی بزرکاو ڕژایە بەرپێی خۆی. ئێشێکی سەخت، باریکە ژانێك هەروەك گوێزانێك بەناو لەپیا بێنی پشتی سڕ کردبوو، لەگەڵ هەناسەدانیا گوێزانەکە دەکەوتە هاتوچۆ. دەستی چەپی بۆ دواوەی برد و لەسەر کەلەکەی دانا، ویستی ئەم جارە هەناسەیەکی قووڵ بداو هاوارێکی قایمتر بکات... «چۆن نەمردم! دوو بەژن قووڵی و حیسابی خۆت بکە... کە بەڕێ کەوتم چاوەڕێی هەموو شتێك بووم ئەمە نەبێ... باشە بەدرێژی ئەم چەند سەعاتە ڕێیە خۆ جوجگێك زیندەوەرێکم چاو پێ نەکەوت!... کوڕە بابە کێ ئێستا ئەم ڕێگا سەختە لەبەر خۆ دەنێ؟ هۆۆۆ هۆهۆ...».

لە نووکەوە دەستی پێکرد، سەرسامی و وڕبوونی کەوتنەکەی کەمێ فەرقی کردبوو و ڕەویبووەوە... «شەبەقی دابوو بەڕێکەوتم دوو ساعاتێك هەیپێم لێ کردو هەر بەخۆشم نەدەزانی، دواجار وتم با پشوویەك بدەم، لە پاڵ گردێکدا جگەرەیێکم پێکرد، وتم چاشتێکی قایم دەگەمە ملەکەوە، قەرە دیار نەبوو... نابێ هاوار کردنم لەبیر بچێ، نەکو ئێمە خواوڕاسان یەکێك بێرەدا گوزەر بکات هۆۆۆ و هۆهۆ،... جگەرەکەم تەواو کرد هەستام زۆر نەڕۆیشتم تەماشام کرد لە دوورەوە تۆزێك دیاربوو...» هەناسەیەکی دا، وەبیرهاتنی تۆزەکەترووسکەی ئومێدێکی پێ بەخشی و بۆ چەند چرکەیەك ئازاری

جەستەی فەرامۆش کرد، دایە بەر زەین... «ئەگەر ڕاستەوڕاست ڕوو لە من بکات، هەر سەعاتێ دوو سەعاتی پێ دەچێ، کوڕە بە سێ ڕازیم، بڕۆ تا زەردەش بۆ ئەو، هەر شەوم بەسەرا نەشکێ... هۆۆۆ هۆۆ هۆۆ میللەت هۆۆۆۆ...» ئەمجارە کە دەنگی لێ هەڵبڕی بەقەد هاوارەکەی پشتی چریکەیەکی بۆ کردو چەخماخەیەکی دا، تا ئەو کاتە دەستی هەر بەسەر سمتییەوە بوو، ئەمجارە لە حەژمەتا دەستی ڕاستیشی بەپشتەوە گرت، چۆن ئازیز مردە سەری بەسەر سنگیا شۆڕکردەوە، بۆ چەند ساتێك لەو بارە مایەوە، بەزەیی بەخۆدا هاتەوە، گەرچی گەرما و سەرمای زۆر بینیبوو، بەڵام هەرگیز وەك ئەمجارە دەستێکی لە دواو یەکێکی لەبەرەوە نەمابووەوە... «ئەوە خۆ جێ پێیەکی نییە پیاو پێی لێ گیرکات و پیا هەڵگڕێ!!». بە دارجغارە درێژەکەی باخەڵی لە ملاولەولا بەقووڵایی کۆڵە مستێکی هەڵکەند... «باشە ئەی دەست بە چییەوە بگرم؟». پیاو بۆ خوا بڵێ، قەت گونی وا نەکەوتووەتە فاقەوە، لە ناو ئەو چاڵە قووڵەدا بەحاڵ جێی دەبووەوە، دەڵێی هەر بۆ ئەویان ئامادە کردووە، بۆ دڵنیایی و هەر بۆ خاتری جووڵان لە خۆڕایی جارجارە بەدەوری خۆیا هێدی هێدی، سووڕێکی دەخوارد. هەمدیس سەری بەرز کردەوە. «خۆ من هاوارەکەم لەبیر کرد!». دەستی پێکردەوە، هەر بەقەد ساجەکەش هەر ئاسمانی لێوە دیار بوو، بەڵام سپیتر دەچووەوە، دیارە خۆر بەرزتر بووەتەوە چاشتی تێپەڕاندووە... «باشە من تۆزەکەم لە کام ئاستەوە بینی، ڕووم لە ڕۆژهەڵات بوو.... تۆزەکە کەمێ خوارتر دیار بوو... خوار و ژووریشم لێ گۆڕا... باشە، کاتێ کەوتم ڕووم لە خۆری بەیانی بوو... ئێ... تۆزەکە کەمێ خوارتر دیار بوو، ئێستا کامە قیبلەیە، کامە قیبلە نییە؟ جا، کێ دەڵێ ڕوو لە من دەکا و ڕێك و ڕەوان بەلای جەنابما گوزەر دەکا؟! دواجار کێ دەڵێ گەردەلوول نەبوو و دەچووە ئاسمانا؟».

هەرچەندە وای دەگوت، بەڵام نەیدەویست لە دڵەوە بڕوا بەخۆی بکات... «ڕەنگە چەند ڕێبوارێك بن، هەر کە ترپەی پێیانم گوێ لێ بوو یەکسەر دەست بەهاوار کردن دەکەم، هەر نایبڕمەوە کوڕە هۆۆۆ هۆۆۆ... حەز دەکەم تۆزەکە ئەسپێ بێ، ئەشهەدوبیلا ئێستا چوار ناڵەیەتی جڵەوی بەقەڵبووسەکەیەوەیە، یا هەر بەکێشی کردووە، یانی بۆ وانەبێ؟ ئەسپێکی سەرهەڵگرتووە و بێرەدا گوزەر دەکات... کوڕە فریشتەیە، خدری زیندەیە و دەیەوێ لەم چاڵەم قوتارکا... دێ، مسۆگەر دێ، ئێستا شەڵاڵە، دەی وا دەزانێ ئەم بیرە ئاوی تێدایە، سەری شۆڕ دەکاتەوە تینوویەتی، ئەوەندەی ڕەتاوە تینوویەتی منیش خۆم ئامادە کردووە. خڕڕڕ پیرە جڵەو ڕێك و ڕەوان شۆڕ دەبێتەوە، دەیگرم، لە مەچەکی

دەئاڵێنم... من دەبێ لە هاواری خۆ نەکەوم...» دەنگی لێکردەوە، وا بیر نەکاتەوە چی بکا؟ ئێوە بڵێن چ بکا؟. پێیان گوت برۆ، تۆ برۆ و هەقت نەبێ... تۆ شارەزای ئەم ڕێگا و بانەی، ئێمە دەڵێی؟ هەقتە... ئێمە توێشوو و ئەرکی ڕێگات بۆ مسۆگەر دەکەین، دەڕۆی ناگەیتە سەرچاوەی ڕۆخانە، ڕەز و باخێکت تووش دەبێ، مێوەهاتی دونیای لێیە تەماع نەتگرێ، مەوەستە و دەستی ڕاست بگرە، ڕێك بەقەڵا کۆنێکت دەگەیێنێ، تێی پەڕێنە، هەر کە ئاودیو بوویتەوە زەوی و زارە بەپیتەکە و کانی سازگارت باوەش بۆ دەکەنەوە، ئەوجا با هەر باران نەبارێت چ پەکمان پێیەتی، ئیتر خەمی نەهاتی دامان ناگرێت، تۆ کە گەیشتی ئێمەش ناوەستین و دێین، تۆ جارێ برۆ... لەم ئان و ساتەی ئێستایدا لە کۆستێکدایە یاخوا کەس تووش نەبێت، زەینی باش بۆ ناکات چۆنیان بەڕێخست، ئەم هەندەشی کە لە بیرە ئازاری پشتی پێی دەبزرکێنێ. ڕاستییەکەی لە بیریشی مابێ، لە ڕووی نایە ڕاستییەکەی بڵێ... لەگەڵ کوێخا مەجیدا ڕێککەوتن، پەڵە زەوییەکانی نزیك کانییەکان بۆ کوێخا بێ، ڕەشۆڵی بازرگانیش بەفرت و فێڵی کوێخای زانیبوو، بەڵام بەزبان لووسی و دونیا دیدەیی خۆیەوە دەینازی کە هەزاری وەك (کاڕەسووڵ) دەباتە سەر ئاوان و ئاویشی پێ نادا، ئەم لە هەزار ئاوی داوە و قوڵە پێی تەڕ نەبووە، گوایە کاڕەسووڵ کێیە؟ بۆچی یەکێکیانی لەگەڵ خۆدا نەهێنا؟!

«خۆزی یا مەجە یا ڕەشۆڵم لەگەڵدا دەبوو، بەڵام ئەوان چاوەڕێی خوانی حازرن... ئێ کە من تیابچم ئەوانیش دەستیان بەگونم. خۆ بەو خوایە خواداری کردووە، هەر کە لەم چاڵە دەرچم...» سەرێکی بۆ ئاسمان بڵند کردەوە، ساجەکە هەروەك خۆی بوو... «دەیبڕێنمەوە». درۆ دەکا، چەند جاریان تووشی دەردەسەری هێناوە و لە ژێریشەوە ڕیش خەنیان پێ کردووە، کەچی هەر دەستیان لە یەك نەترازاند. دە بیخۆ. «گۆڕی گیانم بێ، وەك مارموێلکە لێرەدا بۆ خۆم دەتۆپم» ترسی لێ نیشت... «بەڵام تۆ بڵێی کەسم بەدەنگەوە نەیێ... ڕێبوارێك، خێرخوایەك، کوڕە کوێرێك سەقەتێك گوایە بێرەدا گوزەر ناکات؟!». بیری بۆ تۆزەکە چوو. «دەزانم ڕێبوار نییە، ئەسپە، ئەسپێکی سەرهەڵگرتووە و بۆ خۆی کەوتووەتە ئەو دەشت و هەردەیە، دێ، کاتێکت زانی وەك با هات، دێ و ئا لەوێ لای ئەو تاشە بەردە نەحلەتییەوە کە من ساتمەم لێ کرد و پێم هەڵتووتا، ئا لەوێدا دەوەستێ، کونە لووتی کراوەتەوە، بە فیزێکەوە سەیرێکی دواوەی دەکات، ئەسپی ڕەسەن ئەو جۆرە ئاوڕدانەوەیان هەیە، تینوویەتی، بۆ خۆی سەری نەوی دەکاتەوە، پیرە جڵەو خڕڕڕ دێتە خوارەوە، منیش لە دەستی خۆمی دەئاڵێنم، دەسڵەمێتەوە، باش دەکا کە دەسڵەمێتەوە،

بەملاو بەولامدا دەدا، دەبێ خۆم ڕاگرم ئازاریشم پێ بگات هەر خۆم ڕادەگرم...»

کوێخا و ڕەشۆڵ چاویان بەڕێوە بوو، هەریەکە و لە ناخی خۆیدا شتێکی دەگوت:

«باشە ڕەشۆڵ ئێمە سەری خۆمان کز کردبوو نەدەبوو بە بەشی خوا ڕازی بین؟ کەس بەرەنگاری کاری خوای پێ دەکرێ؟ ناکرێ. چ دەڵێی؟...

– «پیاو دەبێ بەگوێرەی قازانج و زیان هەڵسوکەوت بکا.» وتیان ناوی خوای لێ بێنە... ئەو بەیانییە ناوی خوای لێ هێنا... کەوتەڕێ، هەندێ ڕێگا ڕاستەکە و هەندێ جار قەدبڕ لاڕێی دەگرت، کەوتە هەڵە و تەلانێکی سەختەوە، ئێوە قەت هەردەی زەنگنەتان بەپێیان بڕیوە؟ قەدەرێك هەیپێی لێ کرد، هانای بەرز بووەوە، ئەڵڵا وەیسییەکەی دەست پێکرد، فڕەی کڵاوکورەی پاڵ بنجگێك لە نیوەی ئازیزدا پێی بڕی، چاوی بڕییە کڵاوکورەکە، جارێ نزم جارێ بەرزەفڕ تا لە چاو ون بوو، لەولاشەوە– هەر بەدەنگ بیستی و نەیزانی لە کوێدایە– تیترواسکێك غەمی تەنیایی خۆی بەدەشتەکەدا بڵاو دەکردەوە، بەرەو ڕۆژهەڵات هەنگاوی دەنا شیوێکی پڕ لە کونار و قەرەچاری هاتە پێش، ڕێگەکەی بەردا، بەدەستەڕاستدا توولەڕێیەکی گرت، دەیزانی لە ڕێگە زۆر لانادا و هەر لە «ملەکەوە» ئاودیو بووەوە توولە ڕێگاکە ئاوێتەی ڕێگاکە دەبێتەوە، بەڵام زۆر ڕۆیشت، ترسا ڕێگاکەی لێ ون بێ، تاشە بەردێکی بچووکی هاتە ڕێ، ویستی قەڵەمبازێك بدا، ئەوەندەی خۆش بوو کە خۆی هەڵدا، ئالێرەدا خۆی بینییەوە... هەمدیس سەری بەرز کردەوە. «بەڵام تۆ پێم بڵێ ئەم نەعلەتییە کێ لەم ناوەی قووت کردووەتەوە، بۆچییان بوو؟! بۆ منیان بووە...» خۆرەکە ڕاست کەوتە ئاست ساجەکەوە، هەر بەقەد ساجەکەش تیشکێکی زەردباو کەوتبووە سەر شان و ملی...

هۆۆۆ هۆۆ هۆهۆ... زۆری نەبرد تیشکەکە لاچوو، ساجەکەی جاران مایەوە... «هەر شەوم بەسەردا نەیەت...» وەك حیلەی ئەسپێکی بەرگوێ کەوت...«هاوار بکەم... دەترسم بڕەوێتەوە. نەء ئەسپ بەدەنگی ئادەمیزاد ئاشنایە هۆۆۆ هۆۆ هۆ... دەنگی سمکۆڵانی دێ... ئێستا دەگا، خۆم ئامادە دەکەم... دێ لە تەك تاشە بەردەکە دەوەستێ، تەماشایەکی دواوەی دەکات، ها ئێستا سەری شۆڕ دەکاتەوە خڕڕڕ، دەیگرم و بەری نادەم هۆۆۆۆ... ۆۆ.»

*ئەیلوولی ۱۹۸۸*

# فڕینەکانی نازم ڕەشە قوماش

کە دەڵێن مرۆ گەورەی هەموو زیندەوەرێکە ڕاستیان گوتووە. بەڵام بیریان چووە شتێکی دیکەی بدەنە پاڵ...مرۆ دەتوانێ بچێتە پێستی هەموو زیندەوەرێکەوە... هەر ناوی قمقمۆکە لە ئارادایە، کەچی مرۆ لەم ڕووەوە گەلێ زیرەکترە و قمقمۆکە ناگاتە قولەپێی...

من ناوم نازم ڕەشە قوماشە، لەوەتی خۆمم ناسیوەتەوە ڕۆژی چەند جارێ هەر ئەوەندە ئارەزووم لێ بێ ئیتر لە هەر کوێیەك بم، کێم لەگەڵدا بێ، خەریکی چی بم، بێ ئەوەی گوێ بدەمە وەخت و ناوەخت، یەکسەر پاش لە خەو هەستان بێ، یا لە حەمامدا بم یا لەسەر پێشاو، هەر ئەوەندە دەستم لە ژێر چەنە دانا و کەمێ پێڵووم لە یەك نزیك کردەوە ئیتر بەرەبەرە لە دەوروبەر دادەبڕێم، چیم بووێ دەبم بەوە، کوێم نیاز بێ، تەلبەند، شاخی هەزار بەهەزار و بیابان نابنە کۆسپی ڕێگام، خۆمیان پێدا دەکەم کەس دەست ناهێنێتە ڕێگام...

ئەمە بەزمێکە خۆم پێ ڕاهێناوە و خووم پێوە گرتووە، داخ و تۆڵەی سەردەمانی لەمەوبەری خۆمی پێدەکەمەوە... من ئەمەم بۆ خۆم ناو ناوە «فڕین». کەس بۆی نییە ماوە و کاتی ئەم فڕینانەم بۆ دیاری بکات، کەسیشم دەستەباڵا نابێ... گوێم لە نابێ و ناشێ و نەکە و مەکەو بڤەیەی کەس نابێ... کە بەئاگاش دەبمەوە و دەنیشمەوە! خۆم بەپەشیمان دەزانم و پەشیمانیش نیم. چیم کردبێ جارێکی تر پیانا دەچمەوە.

زۆربەیان ڕەنگدانەوەی حەسرەت و کەسەر و خۆزگەی حەوت هەشتساڵیمن... ئەو کاتانەی چیم دەویست بەر من نەدەکەوت، دەستم بۆ ساپێکی لووسیش ببردایە لە دە لاوە بەدەستمدا دەکێشرا، تا وام لێهات هیچم نەدەویست لەوەی زیاتر لێم گەڕێن و بەس، هەر چۆنێ بێ دەمویست خۆم لەبەر چاوان ون کەم و قوژبن و لاپاڵ لە هەموو شتێ پتر ئارام و ئاسوودەییان پێ دەبەخشیم، بۆیە وەك ئەو ساتانە ئێستاش لە پاش هەر فڕینێك دڵم دەگوشرێ و قورگم پڕ دەبێ، دەست و قاچم بەئاستەم دەست بەلەرزین دەکەن، کەچی ئەم بارە ئاڵۆزەم بۆ فڕینێکی کە زیاتر هانم دەدات.

لەم ڕۆژانەدا فڕینەکانم وەك هەموو شتێکی دیکەی ئەم دونیایە جۆرە گۆڕانێکی بەسەرا هاتووە... لە لایەکەوە پاش هەر فڕینێك بیرەوەری سەردەمانی زووم لە مێشکدا زیندوو دەکاتەوە، لە لایەکی کەشەوە کە بەفڕینەکانی لەمەوبەرما دەچوومەوە و ڕووداوەکانیم وە بیر خۆم دەخستنەوە بیرمە گەلێ جار دەبووم بە گوڵ، بە پەپوولە، بە سێبەری دارگوێزێك لە ڕێگایەکی توونا و توونا، بە کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەوێك، بە بووکە

شووشەی دەستی منداڵێك، بە قەڵەمی شاعیرێکی عاشق، دەبووم بە بازووبەندێك بە جامێ دۆی بەر مەشکەی کەیبانۆیەکی گەرمیانی بەدەست ڕێبوارێکی تینووەوە، بەڵام چاکیشم لە بیرە، تا سەر بەوانە نەدەبووم... کە دەبووم بە گوڵ کاتێ دەیانبردم بۆ نەخۆشێك بۆنم لە خۆ دەبڕی و خۆمم سیس هەڵدەگەڕان... کە قەڵەم بوایەم لەسەریەکە نووکی خۆمم دەشکاند، کە دەبووم بە جامە دۆی دەستی ڕێبوارێك بەرلەوەی بگەمە لێوی وشکی، خۆمم قلْپ دەکردەوە... بۆیە بۆ نموونە ئێستا کە دەبم بە باڵندە، نابم بەفڕندەیەکی بچووکی بێ زەواڵی دەنووك سپی... کە دەست لە ژێر چەنەم دادەنێم و پێڵووم دێنمەوە یەك بەرەبەرە ئاگام لە دەوروبەر دەبڕێ، کەپووم دەبێ بە دەنووکێکی چەماوە، دەستیشم بەچنگی داڵەکەرخۆرێکی بۆن هاتوو... دەفڕم، فیزو لاف بەئاسمانیش دەفرۆشم، تا بۆم دەکرێ بەرز دەبمەوە، لەو بانەوە هەموو شتێك بچووك دەبینم، باڵی لێدەکەمەوە، سنگی خۆم دەدەمە بەر باکە، کێ دەتوانێ وەك من بفڕێ؟. هەندێ جاریش هەر بۆ ئارەزوو نزم دەفڕم، پۆلە مەلێك دەبینم، وەك برووسکە بۆیان شۆڕ دەبمەوە، پڕیان دەدەمێ، خۆزگە دەبینی چۆن لە ترسی مندا هەریەکە بەلایەکدا تار دەبن، کەچی لەو حاڵەتەشدا لە جریوەی خۆیان ناکەون، چنگ لە یەکێکیان– هەندێ جار لە دووانیان گیر دەکەم، دیسانەوە دەچمە ئاسمانا، بەئەنقەست بۆ پۆپە و دوندی شاخانی بەرزیان دەبەم، بەدەم فڕینەوە لە تاوێری گوێزان ئاسایان دەسووم، جار جارە باڵێکیان یا قاچیان لە لەشیان جوێ دەبێتەوە، لەو ئاسمانەوە بەلارە لار بەردەبنەوە. لەسەر تاوێرێکی ڕەق دەنیشمەوە، چنگیان لێ گیر دەکەم و بەدەنووك پارچە پارچەیان دەکەم بەجێیان دەهێڵم... کە نیشتمەوە، وەك هەموو جارێ بەدەم هەناسە بڕکێوە بیرەوەری سەردەمی زوومی لێ وررووژاند...

وا منداڵەکان سەر و باڵندەیان بەدەستەوەیە، هەڵیان دەفڕاندن، تەنها من نەمبوو!، لە پەنایەکدا دانیشتبووم دەمڕوانییە یارییەکەیان، باڵندەیەکی باڵ قرتێنراو لە تەنیشتمەوە نیشتەوە، لە منداڵەکانم شاردەوە، لە پەنایەکدا پەڕوباڵم قرتاند، تووکی سنگ و ژێر سکیم هەڵکێشا، بووە گۆشتێکی ڕووت، ئینجا قاچ و لە دوایشدا باڵەکانیم لە لەشی جیاکردەوە... چەند جارێك ویستم نەبم بە داڵ، ببمە فڕندەیەکی بێ زەواڵ بۆ خۆم، لەسەر لقە دارێك، لە کونە شاخێکی تووشدا هێلانەیەك بکەم و ئێوارە و بەیانیان بەدەم چینەی نزیك کانیلکەیەکی کێوی ئەو بنارەی لای خۆمان بەجریوە دونیا پڕکەم و لەگەڵ پۆلێکیشدا بەرزەفڕ هەورەکان تەی بکەم، کەچی نەمتوانی و فڕینەکانم بۆ تەواو نەکرا. ئەمە یەکەم جارم بوو بەبێ ئارەزووی خۆم بنیشمەوە! منیش بێ فڕین گوزەران ناکەم، ناچار دەبووم

بە داڵە گۆشت خۆرەکە، جا فڕینەکەم درێژەی دەکێشا...

لەو سەردەمانە هەموو هاوڕێ هەرزەکارەکانم باسی سەرکێشی خۆیانیان لەگەڵ ئافرەتاندا بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، تەنها من نەبێ، بەبیستنی ئەم باسانە ئارەقەم دەکرد... بە عەزرەتەوە بووم لە نزیکەوە بۆنی ئافرەتێ بکەم، کە کچێکم لێ نزیك دەبووەوە وەك ژووژوو بێ ئەوەی لە دەسەڵاتمدا بێ گرمۆڵە دەبووم، کە گوێم لە تریقەی گاڵتەپێکردنیشیان دەبوو دەتوامەوە و دەبووم بە تنۆکێ ئاو... بۆیە کە ئێستا هەر ئەوەندە دەستم دەنێمە ژێر چەنە و پێڵووم دەنێمە سەر یەك دەبمە (هاروونێکی) ئەم سەردەمە، کەنیزەی دونیام لێ دەئاڵێ، کام مەمك توندە لە نێو چنگما دەیفڵقێنمەوە، بەپەلەپیتکە لە گۆی مەمکی هەناریی و ڕەنگ نیسکیی و هەندێ ڕەش داگیرساویان دەدەم، کام جێگای ناسك و دژواری لەشی نەرمیان هەیە بەنوقورچ تێیان بەردەبم، لێویان دەخەمە ژێر دانم، تا خوێن بەلێوما دانەچۆڕێ دەم هەڵناگرم، بەدەم ئەم کردارانەشەوە تاڵە تاڵە قژیان ڕادەکێشم... کە دەنیشمەوە، هەمدیس ڕەنگم پەڕیوە و هەناسە بڕکێمە... بیست و پێنج ساڵ پێش ئەم ساتانەش وەك کۆیلە لە بەردەستیا گرمۆڵە دەبووم، هیچم نەدەویست لەوە زیاتر تەماشای بکەم، زۆری نەبرد یەکێك هات و بە بەرچاوی منەوە لە یەك ئالان، سەریان دەخستە سەر سنگی یەکتر و بەماچ بەردەبوونە گیانی یەکتر... بۆیە لەو ڕۆژانە نابمە هاروون... بۆ دامرکاندنی ئارەزووەکانم وەکو یەکێك سادییەتی دونیای تیا کۆبووبێتەوە دەیانهێنمە بارێك ئارەزوویان بگاتە پۆپە، ئا لەو کاتەدا بەقامچی تێیان بەردەبم... بەڵام ئێستا لەمانە هەمووی خەریکە بێزار دەبم... هەرچیم ویست کردم. داخی دڵی خۆمم ڕشت، چیا و بیابانەکان و زەریا هەڵچووەکانم تێپەڕاند، کام کەسم بەبیرا گوزەر کردبێ خۆمم بەو کردووە... ئەمڕۆ خەیاڵم بۆ شتێکی کە دەڕوا، ئەوەم بیرچوو بیڵێم: پێش هەموو فڕینێك شتێك ختووکەم دەدا، وازم لێ ناهێنێ تا زیفم لێ دەسێنێ، ئەمجارە دەکەومە سەر ئارەزووی فڕین و دەبمە ئەو شتەی لەمەوپێش ختووکەی دەدام... ئەمڕۆ نیازی سەگایەتیم هەیە!! دەبم بە سەگ!... وا دەستم دەخەمە ژێر چەنەم، پێڵووم دێنمەوە یەك... بەرچاوانم وا لێڵ بوو... خۆشییەکی سەیر دایگرتووم... ئەها لەشم سووك بوو... وا خەریکە وەك پووشێك بەر گەردەلوولی گەرمیان کەوتبێ لە زەوی دابڕام... لمۆزم لێ پەیدا بوو، کلکێك و دوو گوێی شۆڕم لێ پەیدابوون، تووکێکی نەرمیش تەنی داپۆشیم... یەك دووجار هەر بەبێ هۆ وەڕیم... بەدوای یەکێکدا، شتێکدا دەگەڕام پێی بوەڕم، کەسم نەبینی، هیچم نەدی بەخۆم وەڕیم...! نازانم بۆ ئەم بارەی خۆمم پێ خۆش هات، لەبەر ئەوەی یەکەم جارمە، یا خۆم بۆ سەگایەتی باش دەست دەدەم؟! نازانم ئەوەندە

دەزانم بەخۆم دەڵێم دەبێ سەگێکی چاك بم. سەگی چاکیش مەرجی خۆی هەیە... هەموو جارێ دوای فڕین بەخۆما دەچوومەوە، لەبەر ڕۆشنایی فڕینەکە سەردەمی زووم بەبیرا دەهات. بەڵام ئێستا لە کاتی فڕینەکەدا لەو کاتەی بوومە بە سەگ بیرم تیژ بووە... ئا... بیرم نایەت بەئارەزووی خۆم هەنگاوێکم نابێ. لە ماڵەوە و لە دەرەوەش هەر ئەمرم پێ دەکرا، دەبوایە ملکەچیش بوایەم... بڕۆ... وەرە... هەستە... مەکە... دەی... چاوت لێ بێ... نەهێڵی. بیگرە... بەریدە.

وا یەکێك خۆی لێم نزیك دەکاتەوە، پەتێکی بەدەستەوەیە... لە کێ دەچێ؟! بۆم ساغ نابێتەوە. گەلێ کەس سنەکی دەکردم. سەرێکی پەتەکەی کردە ئەڵقە و لە ملی نام، ئەو سەرەکەی بەدەستەوە گرت، پشتی لێ کردم و یەك دوو هەنگاوی نا...

نەمزانی دەبێت شوێنی کەوم. کە دوای نەکەوتم وەختەبوو ملم لە لەشم جیا ببێتەوە، دەستی ڕاتەکاند، زانیم لەمەودوا بۆ هەر کوێیەك چوو دەبێ شوێنی کەوم... چووە سەر کورسییەك، منیش لەبەر پێڵاوەکانیا دەستم خستە ژێر چەنەم، ببوورن ژێر لمۆزم، کزکز تەماشای پێڵاوەکانیم دەکرد... سەیرە بۆ وا پێی دەلەقێنێتەوە؟! بزە گرتمی و بەپیاوێکی سەیرم هاتە پێش چاو... لەم کاتەدا گوێم لە کرماندنی شتێك بوو دەیخوارد، چونکە من چاوم لە پێڵاوەکانی بڕیبوو، نەمدەزانی چی دەخوات... شتێکی بۆ فڕێدام، هەروەك سەگ بۆنم پێوەکرد، بۆنی دەست و پلی ئەوی گرتبوو، منیش وەك ئەو دامکرماند، لەبەر خۆمەوە وتم: وا نان و نمەکیشمان کەوتە نێوانەوە. ئیتر دەبێ خیانەتی لێ نەکەم و هەرچی وت لە قسەی دەرنەچم و ملکەچی فەرمانەکانی ببم... لەپڕ بەبێ هۆ –نازانم ئەو شووڵە تەڕەی لە کوێوە هێنا– یەك دووجار کێشای بە لمۆزما. ئاوی لە چاوم دەرهێنا، ویستم کەڵپەم لە پووزی گیر بکەم، بەڵام نان و نمەکی نێوانمانم بیرکەوتەوە، زوو پەشیمان بوومەوە. کۆڵێکیش لۆمەی خۆمم کرد، کە چۆن دەبێ شتی وام بە بیرا بێ... ئیتر هەرچی بخواردایە هەندێکیشی بۆ من تووڕ هەڵدەدا... جارێکیان برسی کردم، دواجار بردمیی پانیاییەك، چەند مەلێکی بچووکی باڵکراوی هێنا... یەکە یەکە بەرەڵلای دەکردن و ئاماژەی بۆ من دەکرد... منیش پەلامارم دەدان، هەندێ جاریش بۆ ئەوەی پێبکەنێ درەنگ دەمگرتن، قەپاڵم لێ گیر دەکردن. نازانم بۆ یارییەکەم پێ خۆش دەهات... وا ماوەیەکە فێری ئەمە بووم ناتوانم ببم بە هیچ شتێکی کە بە سەگ نەبێ... ئێستا خەمی ئەوەمە کە وازی لێ هێنام چی بکەم؟؟.

تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دووز

# ئەی چی بکەم

لە نانەواخانەکەی تەنیشتیانەوە پێنج نانی هێنا، وەکو هەموو ڕۆژێك لەگەڵ منداڵەکانیا دانەنیشت، نانەکانی بەپەلە لە بەردەم دانان و چووە ژوورەکەی تەنیشتەوە، لە پێش ئاوێنەیەکی چوارگۆشەییەوە ڕاوەستا... بەتەنیشت ئاوێنەکەوە دیمەنێکی ڕەنگامە لە گۆڤارێك دەرهێنرابوو و بەدیوارەکەوە لکێنراوە، وێنەکە دیمەنی دەریایەکی شێتە و گەمیوانێك بەتەنیا لە ناو بەلەمێك دایە و سەوڵ دەوەشێنێ... لە ئاوێنەکەدا دیقەتی ڕوومەتی خۆی دەدات... چییان لێم دەوێ؟! ڕووی شێواو و شپرزە و ڕەنگ پەڕیوی خۆی لە ئاوێنەکەدا دەبینێ، بەڵام جۆرە جوانییەکی هێشتا تیا مابوو تا ببێتە جێگای تێڕامان و سەرنجدان... ئەم نانەوایە بۆ وا تەنگی پێ هەڵچنیوم و چی دەوێ؟! «چاوت لە چاوی باڵندەیەك دەچێ بەتەپکەوە بووبێ.» ڕاست دەکات... خۆشم هەست دەکەم ترسی دونیا لە ڕوومەتما کۆبووەتەوە... ڕوانییە چاوی ناو ئاوێنەکە، گلێنەی وەك باڵندەی نێو داو لە ئاستێکدا ئۆقرەیان نەبوو... ڕاست دەکات... ئەم نانانە دانەی داون، تا بکەومە داوەکەوە... دەستم لە ئۆتێلەکە هەڵگرت بەبیانووی ئەوەی ژوورەکان زۆرن و پیاناگەم، لەوێش چاوی برسی و چڵێسیان لێ نەدەگوێزامەوە... ئەی چی بخۆن... خۆزگە ڕەسووڵ بەتەنیا لەنێو ئەم گورگ و چەقەڵە بەجێت نەدەهێشتم!!

لە ئاوێنەکەدا دوو فرمێسکی بینی بەئاستەم بەرەو چەنە باریکەکەی شۆڕ دەبوونەوە... «یا دەرۆزە کردن یا ڕازیبوون بە دانەی داو و دواجاریش بەتەپکەوەبوون...» لە قووڵایی ئاوێنەکەدا ئەوەی بەحەزرەتەوە بوو بۆیان، بەرەبەرە وەك تارماییەکی نادیار خەریك بوون سەری هەڵدەدا... «نازانم چی بکەم»؟! دەستێکی لەرزۆکی بەقژی خۆیا هێنا، بەنائومێدییەکەوە ئاوای وت....

«چی دەکەی؟... تۆ لەو کاتەوە بەکر مەرگەوەر دونیای زینی شێلوو کرد نازانی چی بکەی، لەو کاتەوە کە ڕاوکەرەکە «شا عەباسی» حەوانەوە و شاردەوە نازانی چی بکەی... لەو ڕۆژەوە قاسیدەکەی «دمدم» خەوی پیاکەوت و نامەکەی باخەڵیان دەرهێنا و یەکیان بەحەوت کرد و ئاگای نەبوو، نازانی چی بکەی... تۆ لەو کاتەوە سوارەی ئیمارەتێك بەوەوە خۆی هەڵدەکێشا کە ئابلۆقەی ئیمارەتێکی کەی داوە نازانی چی بکەی... کاتێ «نالی»یان تۆران و باپیرەکانت شاباشی هەنگوێنی ژاراویی شاکانیان کرد ئیتر نازانی چی بکەی... لەو دەمەوە گالێسکە لێخوڕەکانی «نارامسین» شەو تا بەیانی ئارەزووی خۆیانیان

بەئافرەتە قەیرەکان دامرکاندەوە نازانی چی بکەی... لەو کاتەوە دەم چەرمووو و کەوا شۆڕەکان هەر لە خۆیانەوە دیارییان لە هەژاران کۆ دەکردەوە و بۆ سوڵتانەکانی «باب العالی»یان دەنارد نازانی و نازانی چی بکەی... لەوەتی ڕەسووڵی مێردت بەتەنیا بەجێی هێشتی و ئێستاکەش نانەواکە مزەی لێ خۆش کردووی و هەموو ڕۆژێ دەستێ لە قامکت دەدا نازانی چی بکەی... تۆ ئەم پرسیارە ئەزەلییە لە کێ و بەڕووی کێیدا دەدەی؟ ئەمە زەمانێکە کەس فریای کەس ناکەوێت... پەنجەی بۆ ئاستی ئاوێنەکە بەرز کردەوە، هێشتا پاشماوەی ئاردی دەستی ئارداوی نانەواکەی پێوە مابوو... لەم ڕۆژگارەدا کە کەس بەکەس نییە و، وەك ڕۆژی قیامەت کەس فریای کەس ناکەوێت، ئەم سێ بێچووە بێ پەڕوباڵانە چۆنیان بەخێو دەکەی؟ کێ دەڵێ دەوەن بە دار دەبێ؟! «تەنیام... لەم تەنیاییەی خۆم دەترسم... دەبا ئەو نانەوایە بکەمە داڵدەی خۆم... ئەی وا نەکەم چی بکەم؟... کەس لە برسانا مردووە؟... ئا... بەهەزاران... بەڵام باجی ئەم لە برسانەمردنە دەبێ من بم؟!... دەستێك و ئەمجا شتێکی کە تا بەداوەکەوە دەبم... برایەکم هەیە، هەر شەوێك کە دێتە بەغا بەقەد پارەی یەك ساڵی نانی ئێمە لە دەست سۆزانییەکان دەنێ... پێم وت:

«دێمە لات و کارەکەریت دەکەم...»

«من منداڵی ڕەسوولم بۆ بەخێو ناکرێ... دواجار تۆ ناڵێی ئەم نانەی تۆ حەرامە!!».

هاتییە بەغدا، ئەم کونجەت دەسکەوت، خێرخوایەك لە ئوتێلێکدا کارێکی بژی و مەمری بۆت دۆزییەوە، شەش مانگت بەشەش ساڵ گوزەراند، هەزار و یەك داویان بۆ ئابڕووت نایەوە... ناچار وازت هێنا... چی دەکەی؟... بڕوانە هەندێ کەس بۆ نان چۆن ئابڕووی خۆیان لە ژێر پێڵاو دەنێن... بڕوانە هەندێ نان چەند خوێناوییە... تەماشاکە هەندێ کەس تا نانێکیان دەست دەکەوێت چەند تف بەڕوومەتیاندا شۆڕدەبێتەوە... بەدەوروبەری خۆتا بڕوانە، بەڵام تۆ نازانی هەندێ لەو تەلارە بەرزە و ڕازاوانەی کە دەیانبینی هەموو شتێکیان تێدایە ئابڕوو نەبێ... تۆ تۆ ئافرەتێکی بێ دەرەتانی کەڕەواڵەی ئەو گەرمیانەی نیازی چیت هەیە؟ چیت بۆ دەکرێ؟ دوو ڕێگات لە پێشدایە:

(یا دەبێت بەدانەی داوەکە ڕازی ببم، یان دەبێ... نازانم چی بکەم» کەس یەخەی کەس ناگرێت ئەم نانەت چۆن چۆنی پەیدا کردووە... تۆ ئێستا سەری دونیات لێ هاتووەتە یەك تەنها دانەی داوەکەت لە پێش چاوە و زەینت بۆ چارەیەکی کە ناچێ... تارماییەکانی ناو ئاوێنەکانی تا دەهات ڕوونتز دەبوونەوە... وا تەواو ڕوون بووەوە... تەماشاکە... ئەو ئێوارەیەیە کە لەسەر زیارەتی دارە پیرۆزەکە گەڕابووتەوە، لە ماڵەوە دەورەیان دای،

وتیان: «یەك ڕێگات لە پێشە كوێخا و بەس...» بەڵام تۆ هەر ئەو ئێوارەیە بوو لەگەڵ ڕەسووڵدا بڕانبووتانەوە... «عەیامێكە و وا ئێستا بەڕوونی لەبەر چاومە.»

بەهارێكی درەنگە، لە دەوروبەری دارە پیرۆزەكەداین، تەنیا دارێكی سەر گردۆڵكەیەكی ڕەقەن... ئەو دارە دارێكی ئاسایی نەبوو، چەندین كەس بینیویانە شەوان داگیرساوە، نوورێكی لێوە هاتووەتە دەر، چەندین كەسیش شایەتی ئەوە دەدەن بەشەو گەڵاكانی تا بەرەبەیان لە زیكر و تەهلیلە ناكەون، واش باوە گوایە قرچەی هاوین بۆ ڕێبواری دڵ و دەروون پاك بەدرێژی ڕێگاكە سێبەری خۆی لەگەڵ ڕێبوارەكەدا دەنێرێ... خۆر چووەتە زەردە وا گەڕاوینەتەوە لەسەر چەمەكەداین... تاوە بارانێكی ئەو سەر ئێوارەیە چەمەكەی هەڵساندووە... ئەوەتانێ ڕاوەستاوم. وەك دارێكی بەر ڕەشەبا ئۆقرەم نییە... گوێم لێیە ئەوجارەش دەمگوت «چی بكەم؟»... ڕەسووڵ دەبینم بەئاستەمێك پێم دەڵێ: «مەترسە... وەرە باوەشم... ئێژم وەرە گوڵم...» جا چی فەرقی هەیە، چی ئەو دەست لە گەردنت بئاڵێنێ و لە باوەشت بگرێ، چی بەكوڵی خۆیت بدا و مەمكی توندت لە دەفەی شانی گیر بكەی... مەمكت بەئاستەم دەفەی شانی دەسوێ... ڕەسووڵ وەك ئەسپێك لەگەڵ ئاوەكەدا بەشەڕ دەهات... دەستی لە مەچەكت گیركرد، دەستت هەڵایسا، دەستی ئاگرێك بوو چزا بە مەچەكتا... فەرموو نانەكەت... چاوەكانت هی پەلەوەرێكن بە داوەوە بووبێ، ئەمە چەند جارێكە كە نانەكەم دەداتە دەست وام پێ دەڵێ و پەنجەكانم دەگوشێ.

ئەمڕۆ لە جارەكانی پێشوو زیاتر دەستی خەریك كردم، ئەوەندەی نەمابوو نانەكەم لە دەست بەربێتەوە... لەناو چەمەكەش كە ڕەسووڵ دەستی گرتم ئەوەندەی نەمابوو ببوورێمەوە، ئەو كاتە جۆرە خۆشی و تەزوویەكی پێ دام، لەو كاتەوە هەستم بە تەزووی وا خۆش نەكردووە...

تارماییيەكانی ناو ئاوێنەكە بەرە بەرە دەرەوینەوە... سبەینێش دەچم وەكو ڕۆژانی كە پێنج نان دێنم... ئەی نەچم چی بكەم؟... بەڵام بۆی ماڵی نابم... لە ژوورەكە هاتە دەرەوە پاشماوەی نانی بەردەستی منداڵەكانی بینی سوور دەیرِوانی.

شوباتی ١٩٨٩دووز

# سەرخۆشی

«ئێواران وەرە... تەنها ئێواران، لەبەر دەرگاکە بۆ خۆت دانیشە و هیچی کە مەکە..» لە دواییشدا پێی گوت «تا چۆڵی دەکەن...». ئەسکەملییەکیان بۆ هێنا، لە دیوی ناوەوە خۆی وتەنی وەك میر قاچی لەسەر قاچ دانا و لێی دانیشت... هێشتا خۆر نەچووبووە زەردە یەك یەك دوو دوو هاتن، بەپیادە و بەئۆتۆمبیل دەهاتن و لەسەرخۆ دەچوونە ژوورەوە، بەتەنیشتیا تێدەپەڕین و هەرچەند کەسێك و دەورەی مێزێکیان دەدا، لە پێشدا پێی شەرم بوو، خواخوای بوو کەس نەیناسێتەوە، بەڵام چی بکات؟ پیاو کە هیچی لە ماڵ و حاڵ بۆ دەرنەچووبێت بە چی خێزان بەخێو بکات؟!. هەموو جارێ وای بەخۆی دەگوت. بەرە بەرە ڕاهات، دەبێ مەمنوون بێ ئەمەشی دەست کەوتووە. مێزەکان ڕازێنرانەوە... شووشەی گەورە و بچووکیان لەسەر دانرا... یەکەم ڕۆژی کە بۆنی ئەو شووشانەی بەلووتا چوو خەریك بوو بڕشێتەوە، چمکی جامانەکەی خستە سەر لووتی خۆی، زۆری پێ نەچوو لە مێزێکی نزیکیەوە گۆرانی و چەقەنە دەستی پێکرد. گۆرانییەکە بۆنەکەی لە بیر بردەوە. «ئێستا سابیر لە کوێ بێنم بە ئەڵڵا وەیسییەك کپیان بکات...».

لەپڕ وازیان لە گۆرانی وتن هێنا. سەرەتای باسێکیان دامەزراند... گوێی لێیانە. گوێ قوڵاخ بووەوە... ئەڵێی باسی ئێمە ئەکەن؟! باشە ڕەحمان ئەمانە لە دەردی تۆ چوزانن. شتێك ختۆکەی دەدا لێیان نزیك بێتەوە، قسەکانی کابرای خاوەن جێگاکەی بیرکەوتەوە «هەقت بەسەر کەسەوە نەبێ، بۆ خۆت دانیشە و تەماشاکە و... هیچی تر...» گوێی بۆ قسەکانیان ڕادابوو، لەبەر تیشکی گڵۆپە کزو ڕەنگامەکاندا ڕوومەتیان شێواو و لێڵ دیار بوو، هەر دەستیان دەجووڵا، ڕوومەتی دووانەکەی بەرامبەر بەر تیشکێکی زەردباو کەوتبوون، لەوە دەچوو ڕوومەتیان لە مۆم دروست کرابن، ئەوەی تەنیشتی دووانەکە چمکی تیشکی سوور بەر لایەك لە ڕوومەتی کەوتبوو لاکەی تری لە تاریکاییدا بوو لە کەسانی قەرەقۆز دەچوو. پێکەنینی بەمەیاندا هات. ئەو دووانەش کە پشتیان لەم بوو گڵۆپی سەر جادەکە سێبەری دارکاژێکی فڕێ دابووە سەریان لە تارمایی دەچوون، وەك چۆن بۆنەکە لفکەی جامانەکەی پێ خستە سەر لووتی، ئەمجارەش دیمەنی ڕەنگامەی ڕوومەتیان بووە هۆی ئەوەی لفکی جامانەکەی لە دەمی بخزێنێ... «بەڵام بۆ باسی ئێمە دەکەن؟»... کەمێك لێیان نزیك بووەوە.» دەڵێی ئاگایان لە هەموو شتێکە...» لە دڵەوە

خۆشیانی ویست، تەمێی کابرای بەبیرا نەهاتبا، دەڕۆیشت لەگەڵ هەموویانا دەست و مۆچیێ گەرمی دەکرد! کپ بوون... دەستیان بە گۆرانی کرد... سەری سوڕما، چۆن وا زوو لە شتێکەوە دەچنە سەر شتێکی کە!... هەستان یەکە یەکە بەتەنیشتیا تێپەڕین... قاقای پێکەنینیان دەگەیشتە لای ژنەکانیان! کەسیان ئاوڕیان لیێ نەدایەوە! سەری سوڕما... لە ژێر لێوەوە لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

«ئەم خەڵکە تەنها کاتیێ عەرەق دەخۆنەوە من و کەسانی وەکو منیان بیر دەکەوێتەوە...!!»

کانوونی یەکەمی ١٩٨٨دووز

# ئەم شارە ئەم خانمە ژنە

دەمەوێ ئەم شارە بە خانمە ژنێکی جوان بچوێنم!، ئەمەم هەر ئێستا، ئێستا و لەم ئان و ساتەدا بەزەینداهات، بەڵام پیاو ڕاستی بڵێ: شتێکی ئە ئاوا چۆن لە خۆیەوە و لە ناکاوێکدا لە مێشکدا قووت دەبێتەوە؟... ببێ و نەبێ پێشتر لە کتێوێکدا یا لە زاری کابرایەکم گوێ لێ بووە، ئەگینا من قەت (شارم) بە ژن نەچواندووە.. دە باشە ئەو شارە لە خانمەژنێکی جوان دەچێت، خانمەژن ئەمما خانمە ژن.

سەرەڕای جوانییەکەشی ناوبانگ و شۆرەتێکی لە ڕادەبەدەری هەیە، لە مێژوونووسانی سەردەمی یۆنانی کۆن و ڕۆمەوە بیگرە تا دەگاتە شاعیر و گۆرانیبێژ و حەکایەت خوان و پیاوانی ژیری ئەم ڕۆژگارانە هەموویان ناویان هێناوە و باسیان کردووە، شیعریان پێدا هەڵداوە، لە دیوەخانانداحەکایەتی سەیر و سەمەرەیان دەربارە گێڕاوەتەوە... هەر پاشایەك هەر سوڵتانێ هەر خێڵ و بنەچە و تایفەیەك هەر ئەوەندە ناوبانگی بیستبێ ڕووی تێ کردووە و هەندێکیش تیایدا حەواونەتەوە، چ کاتێکیش گەڕابێتنەوە یا دەرکرابێتن، چۆن لە تۆمار و مێژووی خۆیاندا بە شان و باڵیا هەڵیانداوە، بەباشی ناوی ئەم شارە ئەم خانمە ژنەیان بردووە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە. ئەو هەموو مێژوونووسانە ئەو حەمکە شیعر و بەیتانە، ئەو حەکایەتە سەیر و سەمەرانەی نێو دیوەخانان و تەکیە و تەورات و کلێسە و ئاتەشکەدەکان تەمەنی ڕاست و دروستی ئەم شارە جوانە ئەم خانمە ژنەیان دەرنەخستووە، تا ئێستاش بوون و مێژووی لەدایکبوونی بەتەواوی ساغ نەبووەتەوە.

تۆ تەماشاکە هەتا (ناوە)کەشی جێگای سەرسووڕمانە... شاران زۆر گەڕاوم، گەلێ ژنی جوانم ناسیوە و دەم و دووم لەگەڵیاندا هەبووە، نەمبینیوە شارێك ئەوەندە ناوی هەبێ ژنێکیش بۆ لاواندنەوەی و خوراندنی، یا لەبەر ناز و جوانییەکەی، بەناوێکی ترەوە بانگ کراوە، بەڵام شارم نەدیوە ئەوەندە ناوی لێ نرابێ: کرجینی، ئاربخا، ئەرەبخا (جەلیل قەیسی لە ناو ناوەکاندا ئەو ناوەی پێ جوانە، بۆیە کاتێ دیدەنی و سەردانی کەسەکانی دوستویەڤسکی و پاڵەوان حەکیمانی یۆنان و ئەسپارتە دەکات بەشانازییەوە دەڵێت: (من خەڵکی ئەربخام). گورگورا، کرخ سلوخ، گارگۆك، کرکیس، کرسخ و گەلێ ناوی دیکەی تریشی، دوور نییە لەمەودواش ناوی دیکەی لێبنرێ...

ئیتر لە هەر سەردەمێکن چ تایفە و قەوم و کەڵەوڕان و لەشکرێ ڕووی لێ کردبێ لە ئەکەدییەوە بیگرە تا ئارامی و ڕۆمانی، پریتی، سەلجووقی، قەرەقۆینلو لە خۆشەویستی شارەکەدا بووبێ، یا بۆ هەر مەبەستێکی کە ناوێکیان پێوە ناوە... ئەی ئەم هەمە چیزەیە بۆ وا سەریان بەو شارەدا کردبوو؟ ئیتر هەندێ جار ناوبانگی ئەم خانمەیان بەر گوێ کەوتبا (خەمبارییەکیان) تێ دەکەوت و بە ڕم و باڵتە و شیری دوو دەمەوە تاویان دەدا... سەنحاریب لەوپەڕی دونیاوە عەشق و جوانی ئەم شارە سەری پێ هەڵنەگرت؟ نەهات؟ تا دەوروبەری قەرەداغیش نەچوو؟ بەڵام با پێتان بڵێم ئەمیش وەك هەموو جوانێ بە هەموو کەسێ ڕازی نەبووە.

گەلێ ئاین و ئۆین و کەتنیشی لەبن هەنگڵدایە! ئەوەبوو بەگالیسکەی پێچکە شکاوەوە بەسەر و ملی خوێناوییەوە نائومێد گەڕایەوە وڵاتی خۆی.

هەیهوو... دەربارەی ئەم شارە زۆر وتراوە و زۆریشی بۆ هەڵبەستراوە، خۆ من ناتوانم هەمووی بگێڕمەوە، ئەم هەمووەم چۆن لە بیر دەمێنن، چ نهێنییەکی واشم لەکن نییە تا ئاشکرای بکەم، خۆ من لەو هەموو مێژوونووس و پیاوە ژیرانە پەراسوویەکم زیاد نییە... دەڵێن گوایە لە ناو ئەو تەپلۆسکانەی عەرەفەدا کە کەوتووەتە دەشتی ڕۆژئاوای شارەوە، ئا لەوێ هەموو کەس دەزانێت لەوەتی دونیا دونیایە ئاگرێك نێڵەنێڵ دەسووتێ، تۆ بڕوانە ئەم ئاگرە، سەردەمانێك نەزرگا بوو، دەستە دەستە ئافرەتانی گەرمیان و کوێستان ڕوویان تێ دەکرد بۆ زگ و زا و، لێی دەپاڕانەوە (بەگوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم) ئەم دەورەدان و حەڵقەبەستنەی دەوری ئاگرەکە بۆ نائاگایی بە کۆمەڵ ناگەڕێتەوە؟.

جا لەنێو ئەو ئاگرەوە لە سەحەرێکدا لە کازیوە وەختێکدا هاتووەتە دەرەوە... جا ئەم شارە ئەو ئافرەتەیە... ئەمە کەی بووە؟ لە چی سەردەم و ڕۆژگارێکدا بووە؟ کەس نازانێ... چەنێك پێش ئێستا بووە؟ مەگەر هەر خوا بزانێ... ئەی بۆ پیر نابێ و جوانییەکەی لە دەست نادات؟ دەڵێن گوایە ئەوەی توخمی ئاگر بێت زەمەن لە لای ئەو ڕادەوەستێت. هەر بۆیەشە تەمەنی بۆ کەس دیاری ناکرێت. مەگەر ئاگرەکە خۆی بێتە گفت و ئەم نهێنییە بدرکێنێ و لەم سەر ئێشەیەمان قورتار بکات!.

***

لەبەر ئەوەی ئاگر یەکێکە لەو چوار ڕەگەزە مایەکییەکان و بوون پێك دێنن، بوونیش نهێنییەکی تەلیسماوییە و خۆی بۆ کەس ئاشکرا ناکات، هەر لەبەر ئەوەیە کەس لەم

شارە لەم ئافرەتە جادووکەرە... کەس لێی ناگات... منیش لە سەرەتای پەنجاکانەوە ڕووم لێ کرد ئێستاکە بەم هەنگڵ و هەشەی خۆمەوە دەمەوێ خۆمی لێ هەڵقورتێنم و خۆم لەم جادوو و سیحرە کەمێ نزیك بکەمەوە و شتێکی لێ هەڵکرێنم:

چێشتەنگاوێکی پایزی، پاسە دارینەکەی ئاوایی سەرەوەی مەڕ و بزنی لێ شەتەك درابوو، ناوەوەشی سیخناخ بوو لە زەلام و ئافرەت و منداڵ، لە قەراخی خاسە بەم بەرەوە هەڵیرِشتین، من وەکو ئەوان نەچوومە کەبابخانەکەی «عوسمان»ەوە، هەگبە و خورجیشم پێ نەبوو بۆ تەڕەپیاز و حەڵوا کڕین، بۆ خوێندن هاتبووم... بەپردە دارینەکەی سەر خاسەدا چوومە ئەو بەر، پردە دارینەکە لە ئاست ئوتێلی لوبنان تەواو دەبوو –ئێستا مریشك و پەلەوەری لێ دەفرۆشن–... هێشتا بەسەر پردەکەوە بووم، چاوم بڕیبووە قەڵا بەرزەکەی بەر لووتم... تا هەنگاوێ نزیکتر دەبوومەوە گەورەتر خۆی دەنواند... کابرای گەرمیانیم بیرکەوتەوە کە پار زستان لە ئاواییەکەی ئەو لامانەوە بەسواری هێستر بۆ قیروزفت کڕین بۆ ئێرەیان ناردبوو، ئەویش دەردەکەی من یەکەمجاری دەبێ، تا بازاڕی حەڵواچییەکان دەدۆزێتەوە– کە جێگای قیروزفت فرۆشتن بوو– دوو سێ جار چەرخەی قەڵا دەکات، کە گەڕایەوە ئاوایی هێشتا لە هێسترەکە دانەبەزیبوو گوتبووی «ئەو شارە چ سەرێکی گەورەی هەیە»، مەبەستی لە قەڵا بوو...

گەیشتمە بن سەری شار!!، بازاڕە قەڵەباڵغەکەم گرت... قەرەباڵغی ئاوهام نەدیبوو... زات ناکەم خۆمی پێدا بکەم و ناشگەڕێمەوە...

کۆڵانەکانی ئاوایی کە پیاندا گوزەر دەکەی زۆر زۆر کەرێك و منداڵێك یاخود ئافرەتێك و مانگایەکی تیادا دەبینی... لە دڵی خۆمەوە گوتم: «ئەم شارە مێرووڵەیە لە کوێوە هەڵدەقوڵێ...؟!».

خانێك لەسەر بازاڕەکەوەیە دانەوێڵەی ئەو دێهاتانەی دەوروبەری شار بۆ ئەم خانەی دێنن... لێرەشەوە لە گونیەی دەنێن و بۆ مەحەتەی شەمەنەفەرەکەی دەنێرن... کە گەیشتمە پێچەکە دەبینم ڕۆژی حەشرێکە نەبێتەوە، لەبەر کەر و هێستر و ئەسپ و لادێیی و خەڵکانی تر جێگا نەبوو پێی لێ دابنێی!. کەس بەکەس نییە، قازانی مس، مەنجەڵی گەورە و بچووك، تاوە، لەنگەری، سینی، تەشت لە پێش دووکانەکاندا کەڵەکە کراون، یەك دوو کەسیش بەهەردوو پێ چوونەتە نێو سەر و قازانەوە و بەردەوام خۆیان بادەدەن –ئەمەم لە ئاوایی دیتبوو– بەدەم خۆ بادانیشەوە گۆرانییەکی خۆشیان دەگوت...

دواتر کە شارەزای شارەکە بووم، شەوان کوڕ و کاڵ لە پاڵ قەڵادا دادەنیشتن و ئەم

مەقام و گۆرانییەیان بەکۆمەڵ دەگوتەوە... ئەم مەقامانە... ئەڵڵاوەیسی و خاوکەر و ئای ئایە کە کەوتبوونە سەر زاری خەڵکەکەوە پێشتر عەلی مەردان و حەمەی کۆترەمل شەوانە لە تەکیەکانی شاردا دەیانگوت بڵاوەیان پێ کرد...

ئەم شارە چی تێدا سەری هەڵنەداوە؟... گەلێ هونەر و کار و سەنعەت و شتی کەش کە پێشدا لێرەوە پەیدا دەبوو و سەری هەڵدەدا... نموونە زۆرە کە ئەم شارە دەستپێشخەری لە زۆر شتدا کردووە... دەڵێن چیرۆکی هونەریی کوردیی جەمیل سائب لەم شارە نووسراوە... مامەند کەرکووکی یەکەم کەس بووە شیعری کوردی بەبارێکی تازەدا بردووە... یەکەم گۆڤاری کوردی نیو مانگی لێرەدا دەرچوو... لەم ساڵانەی دواییشدا –لە حەفتاکاندا– یەکەم جار لەتیف حامد بانگێشەی نوێخوازی کرد و ئەو گۆمە مەنگەی ئەدەبی شڵەقاند... بەکورتی ئەو شارە دەستپێشخەری زۆری هەبووە لە هەموو مەیدانێکدا... ئەوەندەی پێ نەچوو، ئەو قازان و تەشت و لەگەنە هیس گرتووانە وەك ئاوێنە بریقەیان دەدایەوە، ئینجا لە ڕەشکەیان دەنا و دەیانخستە سەر هێستر بۆ ئاواییەکانیان دەبردنەوە... ئێستا لەم ڕۆژانەدا لە جێگای ئەو قازان پاککەرەوانەدا، هەر لەو دووکانانەی جارانی قاپی ئەستیل و شووشە و فەخفووری لە پشتی جامخانە و شووشە بەندەکانەوە دانراون... کەمێ بەولاترەوە بازاڕی حەڵواچییەکانە... ئەو حەڵوایەی ئەوساکە چی لێهاتن و بۆ نەما؟! هەینییەکان کە دەگەڕامەوە ئاوایی. دەبوایە بایی بیست و پێنج فلس دیاریم ببردایەتەوە... هەر ئەم حەڵوایەی ئێرەیە دێوەرە و چەرچییەکان بە بارگیر بە دێکانی گەرمیاندا دەیانگێڕا... چنگی حەڵوا بە دوو یا سێ چنگ خوری و بەرەگن... بەرەو دەستەڕاست ڕۆیشتبام دەچوومە ناو شەربە فرۆشەکانەوە... جەڕە و گۆزە و مەسینە و دەستشۆری سەیر سەیر دانراون... چەند جارێك ئالێرەوە جەڕەیان بۆ هێناوین و ئاومان تێدەکرد بۆ سەر پەرێز... شەربەی قوڵفداری ئێرەکانەشمان هاوینان لەسەربان داناوە تا ئاوەکەی ساردەوە بێ... ئێستا ئەمەش نەماوە، منداڵی ڕەش و ڕووتی کورد جگەرە و دۆشاوی تەماتەی قاچاخ دەفرۆشن لە شوێنی ئەو جەڕە و شەربانە... شەقامەکە بەر نادەم ڕاست دەڕۆم... دواجار شارەزا بووم ئەگەر لەوێوە شۆڕبامایەتەوە دەچوومە موسەڵڵا و دەشتی عولك، ئەو ناوەش خۆڵە پەتانییەکی سەیرە، گوندییەکان ئەو کاتە کە لە لەیلان و قادرکەرەم و بناری گلەوە دەهاتنە شار ئەوە ڕێگایان بوو... منالێکی لاساری خزممانماڵیان لەو ناوانەدا بوو بۆی گێڕامەوە: دەیگوت: «گوندییەکان بە سواری ولاخ دەهاتن بۆ شار، ولاخەکانیان لە دەشتاییەکەی عولك و پاین موسەڵڵا دەبەستنەوە و

ئاليكيان لەبەردەنان تا نیوەڕۆ لە ئیش و کاری ناو بازاڕ دەبوونەوە، ئافرەتەکان هەر لەوێ پێش چوونە ناو شار دەستیان بەئاو دەگەیاند... ئێمەش چەند منداڵێکی لاسار لە پاڵ ولاخەکانیاندا خۆمانمان دەشاردەوە و گوێمان لە «خوشەی میزیان» دەگرت!!. چەند ساڵێك پێش ئێستا (لە حەفتاکاندا) کە ئەدیب و نووسەران یەکمان دەگرت، یا بەکۆمەڵ بۆ شارێك، جێگایەك دەڕۆیشتن، شاعیرێکی گفتولفت شیرین (خوالێی خۆشبێ) و مەلا زادەیەك و ڕەووفی هاوڕێم گۆرانییەکی سەیریان دەست پێ کرد، ئەوان هەرسێکیان گۆرانییەکەیان پێکەوە دەگوت و ئێمەش بەکۆرس دەبووین و دەمانگوت: «گوێم لە خوشەی میزتە» ئەمەمان بەدەم ئاوازێکی تایبەتییەوە دەوتەوە... زۆرجار کە ئەو گۆرانییەمان دەگوت –لە هەموو سەفەرێکی لەو جۆرە دەبوایە گۆرانییەکەمان بگوتبایە– ئەو منداڵە لاسارەی خزمانم وە بیردەهاتەوە... لێرەشدا ئەو منداڵە پێش هەموومان کەوتووە... ناڵێم ئەم شارە شتێکی سەیرە... کە بەرەو ژوور بوومەوە قەڵەباڵغییەکە زۆرتر بوو، لەو بازاڕەدا خەڵکێکی هەمەجۆر و قیامەت و جل بەرگی جۆراوجۆری لێ بوو. ئەم شارە هەر لە کۆنەوە باوەشی بۆ هەموو کەسێ کردووەتەوە. ئەوەی ڕووی لێ کردووە پێی تێدا درێژ کردووە هەستی بە تەبایی و برایەتی کردووە ئیتر پابەندی بووە و نەیویستووە لێی دەرچێ و بەجێی بهێڵێ... مەگەر بەزۆر دەرکرابێ ئەگینا مردنەکەی ژیانی شارانی دیکە دێنێ. مەگەر چۆنها و تاك و تەراك ئەڵهای شوێنانی کەی کردبێ و بەجێی هێڵابێ... لە میرت، لە پاشات، سەرکردەکان، خەلیفەکان، والییە تڕ زلەکان، مێژوونووس و پیاوانی ئاین و زانیاری، ئاغا، ڕەشایی، شاعیر، گۆرانی وێژ، قەرەج، پێڵاو بۆیەکەرەکانی ئەودیو، بۆرەکەیی، خەڕات، دۆم، شێخی ساختە، دەروێشی سپێون، گەواد، ئافرەتە سۆزانی و داوێن پیسەکانی بەغاو خوارووی ولات، گەلێکی کەش، هەموو ئەمانە هەر ئەوەندە پێیان ناوەتە ناو ئەم شارەوە حەزیان نەکردووە بەجێی بهێڵن و لێی دەرچن... تا یەکێ لە پێغەمبەرانی خودا «دانیال» پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ... لەناو قەوم و خوێشەکەی خۆی هەڵی نەکردووە بەدوای شارێکی بێ وەی و ئارامدا گەڕاوە، شارێك دانیشتوانی پێکەوە وەك برا بژین، ئەویش پەنای بۆ باوەشی ئەم شارە، ئەم خانمە بردووە، هەر نەڕۆیشتەوە تاکو بەیەکجاری سەری بەلای سەری ئەم شارەوە ناو بۆ یەکجاری ئارامی تیا گرت... ئەوانەش کە بەنیازی خراپەوە ڕوویان لێ کردبوو ئاخرییەکەی دەوەرەیان تێدا نەبرد و گەڕانەوە، ملی خۆیانیان شکاندو ڕۆیشتن، بەڵام شتاقیان ناماقووڵییان نەکردووە و بێن بە خراپە باسی بکەن و لە خوت و خۆڕا لەکە و

پەڵەی پێوە بنێن. خوا چۆن هەڵدەگرێت لە ناهەقە شارێ، ژنێك لەكەدار بكرێت؟. تۆ بڕوانە گەشتنامەكەی ڕیچ، نووسینەكانی ئەدمونس، لێكۆڵینەوەكانی سیر مارك سایكس، زانیارییەكانی كابتن های، ابن الاثیر، طه الهاشمي، ئەمانە كەم و زۆر باسیان لەم شارە لەم ژنە كردووە، نە شارەكە نە خەڵكەكەیان بە خراپە لە قەڵەم نەداوە... بێجگە لەمانەش پێشتریش گەلێ لەوان پێشتر، ژمارەیەكی زۆر لە زانا و خاوەن قەڵەم و مێژووزان چ بەتەنیا یا لەگەڵ لەشكری وڵاتەكانیاندا بۆ ئەم شارە هاتوون، بە مانگ بە ساڵ ماونەتەوە، كاتێكیش گەڕاونەتەوە لە پیاهەڵدان بەولاوە زیادەڕۆییان نەكردووە. چ سیحرێكە چ نهێنییەكە، چ جادوویەكە چ بەڵایەكە ئەم شارە ئەم خانمە ژنە...

گەیشتمە ئاستی گەرماوەكان، بۆنی سابوون و چۆخان هەڵمی گەرم پیاو سەرخۆش دەكەن... لەبەر خۆمەوە دەڵێم ڕاستی كردووە (سەری ئەم شارە چەند گەورەیە) وا خەریكم پێچ دەكەمەوە، گەیشتمە چوار ڕیانێك –دواجار پرکێشیم كردو ئەو ڕێگایانەم تاقی كردنەوە پیایاندا ڕۆیشتم تاسووقی خۆم شكاند و كون و قوژبنە تاریكەكانم پشكنی، بەئاسانی ئەمە بۆ گشت كەسێك ڕێك ناكەوێت، هەروەك چۆن ئەو هەموو ناوانە لە شارەكە نراوە كۆڵان و گەڕەكەكانیش نهێنی خۆیانیان هەیە هەندێكیان مانا دەدەن و هەندێكیش نازانرێ بۆ ئەم ناوەی لێ نراوە... عەرەفە، شۆرجە، ئاخۆڕحسێن، موسەڵڵا، ئیمام قاسم، عەلوك، حەسیرەكە، بەر تەكیە، گەڕەكی عارەبەكان،... وا خەریكم دەگەمە سەر خاسە، بەم نیوەڕۆیە كابرایەكی جل و بەرگ گەچاوی بەقەلادا سەردەكەوێ لارەلارێتی و لەبەر خۆیەوە گۆرانییەك دەبزرکێنێ... خاسە میزاوێكی پیادا دەڕوا، چەرخە لێدانەكەم تەواو بوو و گەیشتمەوە سەر پردە دارینەكە...

لە ساڵی ئەو چەرخە كردنەمەوە تا ئەمڕۆ عەیامێكە، وا ئێستا لە شوێنی پردە دارینەكەوە وەستاوم تەماشای (سەری شار دەكەم) سەری ژنێكی پەرچەم شێواو و ئاڵۆز دەبینم.

حوزەیرانی ١٩٩٤دووز

# شەو

پەنجەرەکەی کردەوە، ئەو دیو پەنجەرەکە چۆڵە، چاوی لە ئاسۆ بڕی. ڕەپ ڕاوەستا و گوێی هەڵخست... لەو شەوەوە گوێم لەو زەڵەزەڵ و دەنگە دەنگە نادیارانە بووە خۆم پێ ناگیرێت، هەر ئێوارە دادێت بەر پەنجەرەکە دەگرم، تۆ بڵێی هەر من گوێم لەم ژاوە ژاوانە دەبێ؟!.

کام شەو لێرە وەستابێتم گوێم ڕادابێت، هەنسك و قوڵپی گریانم ژنەوتووە، قاقا و نکەنك، کڕووزانەوە و پاڕانەوەیەکی وا بەرد دەتوێنێتەوە، هەناسە هەڵکێشانی سارد و قووڵ، هەناسە بڕکێی ترس و ماندووبوون... ئەمانە گشت تێکەڵ و پێکەڵ بەر گوێم دەکەون، هەندێ جار وا دەزانم بەتەنیشتمەوەن، جاری واش بووە ئاوڕم داوەتەوە وامزانیوە لە ژوورەکەمدان، زیادەڕۆیی ناکەم گەر بڵێم: ترپەی پێ و هاتوچۆی هەندێکیشیانم بۆ جیا دەکرێنەوە، نایشارمەوە سامێکی گران و ترسێکی نادیار دەخەنە دڵمەوە جاری واش هەیە گومان لە فام و هزری خۆ دەکەم. من سەیرم ها، ئەی چەندین شەو هەر لێرەکانەوە گوێم لەم هەراو هوریایە نەبووە؟!. ئەمشەویش بۆ خۆم گوێ دەگرم... وا چاوەڕوانم، ئەم دەنگانە تا تاریکییەکە خەست نەبێتەوە نابیسترێن، جا من پەلەم چییە؟. ڕەنگی خۆڵەمێشی وا خەریکە تەنگ بەزەردەی دەمەو ئێوارە هەڵدەچنێ، دەستی لە بینی ناوە، لە حەژمەتا ئەوەتا مۆر هەڵدەگەڕێ، نەخێر ئاسۆ لێڵ بوو، ئەمجارەش تاریکی پاشەکشێی بەڕۆشنایی کرد، ئەوەتا چون سێڵاوێکی خەست و لینجی بێ گیان، وەك لەشکرێکی بێ بەزەیی بەبێ پرس هەموو لایەکی داگیرکرد، وا دەوری منیشی دا، بەڕاستی تاریکی سامی هەیە، دەنگی هەیە، ڕەنگی هەیە، زەبر و زەنگی هەیە... ئەوەی لە ڕووناکیدا پەلوپۆی دەشکێ لە سایەی تاریکیدا وزەی دێتەوە بەر جۆش و حەوزەل دەسێنێ...

ئەم تاریکییە چ نهێنییەکە!!. باشە کابرا تۆ چیت لە تاریکی داوە ها؟ بۆ فێربووی هەموو ئێوارانێك بەر پەنجەرەکە دەگریت و چاو لەم زوڵماتە دەبڕی و گوێ هەڵدەخەیت؟

بڕۆ سەر جێگاکەت و سوکناك بگرە، نازانی تاریکی دەسەڵات و زەبر و زەنگی هەیە.

سەیرە، دەڵێم دەڕۆم کەچی بەر پەنجەرەکەش بەرنادەم. چییە دەتەوێ خۆت هەڵکێشی و بڵێی نهێنییەکی سەیرم دۆزیوەتەوە؟. چەند کەللەڕەق و بناگوێ ئەستوورم، نەوەڵڵا ئەم گەرمیانییانە خۆیان هەر وان، کە شتێکیان وت ئیتر لێی نابنەوە و پاشگەز نابنەوە، لەسەر ئەم سەرسەختییەی خۆیان تووشی گەلێ گێرمەوکێشە هاتوون و گەلێکیانیش

هەر بەخۆڕایی بەکوشتدران، کەچی... بەڵام من چ بکەم، خەتای من چییە تاریکی دەنگی هەیە، ڕەنگی هەیە، زەڵەزەڵ و هەرواهوریاشم گوێ لێ دەبێت. لە گوێ فامی خۆشم دڵنیام، چۆن دەزانم من وەیسەم ئاواش دڵنیام گوێم لە دەنگە دەنگ دەبێت... با ئەوەش بڵێم: هەندێ لەو دەنگانەش بەگوێم ئاشنان!... هەر تۆزێك مێشکی خۆم بگوشم خاوەنەکانیانیشم بیر دەکەونەوە، بشێ هەر من گوێم لەم دەنگانە ببێ؟!

دەسا سوورم لەسەر ئەوەی تاریکی دەنگی هەیە... ترس و دەسەڵاتیشی هەیە. ئەم تاریکییە بێجگە لە کپی و مۆنییەکەشی خەسڵەتێکی کەشی هەیە: هەر ئەوەندە کەوتیتە داوییەوە حەز بەوە دەکەیت جووڵە لە خۆت ببڕی و لێوت نەبزوێنی بۆ ئەوەی هێدی هێدی، بێ ئەوەی پێی بحەسێی بەئاستەم دەستت لەنێو دەستی بیرەوەرییەکانت بنێ و ڕابردووت لە پێش دانا، تۆش خوا خواتە لە دەستی تاریکییەکە هەڵبێی، خۆت خاو دەکەیتەوە ئەویش بەکێشت دەکات، بۆ نشێو و هەوراز و دڕکەڵانی یادەکانت دەبات... ئەوەتا وا خەریکە منیش بەو بارەدا تێدەپەڕم.

(ڕۆڵە تاریکە. هیزە دەخیلتم مەچۆرە سەر ئەو چۆم و ئاوانە... تۆ نازانی ڕۆحی گوڵ ئاسای کەسانی خێر لە خۆ نەدیو ئەوانەی لە عەزرەت ڕووناکیدا سەریان نایەوە و گیانی خۆیانیان بەخشی، شەوان دەگرین و دەناڵێنن، لەگەڵ پیاوی خۆیاندا دێنە گفت وەك من و تۆ قسان دەکەن، جا هەر چەندیشە بێ زیانن، بەڵام دەترسم بەرگەی بینینیان نەگری، دەعبا و جانەوەرانیش لە تاریکیدا یەجگار زۆرن، ئەو ڕۆحە پیس و قین لە دڵانەش تاریکی بەپەناو داڵدە دەکەن و نامەردێتی خۆیانیان تیا دەردەخەن. دە گیانی دادای شەوانە لە ماڵێ نەچیتە دەرەوە نەکو تووشیان ببی).

ئەو کاتانەش بەقسەی داپیرەم نەدەکرد... دەچوومە پاڵ بنجە قامیشەکانی سەر گردەکە، ئەو کاتەش گوێم لە جۆرە وزەوزێکی نادیار دەبوو، نەمدەزانی چین، لە ترسانا زوو دەگەڕامەوە، خۆ من ئێستا بۆ ئەوە ڕانەوەستاوم یادەکان وەگیرم بێنن، پەلەکێشم بکەن. من چی لە ڕابردوو بکەم؟ کام یادەوەریمان ئازاری ڕۆحمان نادات؟ ڕابردوومان کەی هی ئەوەیە پیاو بۆ تەسەللادان پەنای بۆ بەرێت؟ کام یادەوەریمان بتەوێ کەمێ شانی تێدا بەیتەوە خوێناوی نابێت؟ من ئەڵهای خوێن و فرمێسك و نووچدان ناکەم... ئەها... وا گوێم لێیە... هەندێ جار ئاشکرا و هەندێ جار نادیار، وەك بانگێکی دوور هیچی لێ حاڵی نابم... خرمەی پێی ئەسپێك دەبیستم... گوێم لێیە چوار ناڵە دێ... وا نزیك بووەوە، ئەسپ سوارێکی ڕدێن سپی لە پێش پەنجەرەکەی لەمەڕ من جڵەوی ئەسپەکەی

ڕاکێشا، تۆز و خۆڵی ڕێگاکەی ورووژان، وا لەپڕ وەستا، ئەسپەکە لەسەر پاشووی وەستا... دەمنێتە پشتی خۆی، چۆن لە ناکاودا پەیدابوو و هات و وەستا، ئاواش ئەسپەکە چەپۆکانێکی بۆ کردو تێی تەقاند... تا دێ دەنگەکان ئاشکرا و ڕوونتر دەبن. ئێستا بەباشی گوێم لێیە لە نەرمە غار و چوار ناڵە کەوتووین، بەنێو نەرمە گیایەکی بەهاریدا دەڕۆین. بیردەکەمەوە، خۆ ئەم وەرزە بەهار، نییە!! لینجی و خەستی تاریکاییەکە ورشە و شینایی دەشتەکەی بۆ نەشاراوەتەوە:

– دەیانبینی. ئەو حەشاماتە بەرگ سپییانە دەبینی؟

– بۆ لەم جێگا دڵگیرە بەهەشت ئاساییەدا کپ و خامۆش و بێزار و بێ تووکن؟!.

– ناهەقیان نییە... ئەمانە ئەو ڕۆحە گوڵ ئاسا خێر لەخۆ نەدیوانەن کە لە پێناوی ڕووناکیدا بۆ ئێوە دەستیان لە ژیان بەردا، کە دەبینن هێشتا تاریکی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا داداوە پەشێو و نارەحەت دەبن. یەجگار پەشێوی ئەوەن فەرامۆش کراون و بەبیر کەس ناکەون. هەناسەی هەڵکێشان قووڵی ناو تاریکییەکان –کە تۆ دەیبیسی– هەناسەی ساردی ئەم پەپوولانەن... هەناسەی پەشیمانی نین، هەناسەی قین و تووڕەبوونە لە ئێوەمانان، دەزانن بەری ڕەنجیان هێشتا نادیارە... نابینی تا چاو هەتەر دەکات بڕ بڕ دەست لە ئەژنۆ دانیشتوون و لێوی قین دەکرۆژن.

– لە کێ؟ بۆ؟!.

– .......... .

خرمەی پێی ئەسپەکە دەستی پێکردەوە، زانیم لەناو گیا بەهارییەکەدا نەماوین. دەستی چەپمان گرت، ئافرەتێکی بێ شومارم بینی، پێ پەتی، یەخە تلیشاو، دەستی پاڕانەوە و پرسیاریان بۆ پێش درێژ کردووە و دەپاڕێنەوە، کە دەیانبینم حەز دەکەم ببمە تنۆکێ ئاو...

– ئەمانە ئەو ئافرەت و دایکانەن کەسوکار و جگەرگۆشەکانیان لێ ونن و نادیارن، تا ئێستاش نازانن بۆ و لەبەرچی بوو...

– کێ دەتوانێ لەبەر پاڕانەوەی ئەمانە خۆی کەڕکات تۆ تەماشاکە چ خەم و قینێك لە چاویاندا شەپۆڵ دەدا!!

– کەچی کەس بەتەنگیانەوە نایەت!...

– تۆ مەڵێ ئەو گریان و هەنسکدانەی دەمبیست هی ئەمانەن؟!.

– ئا بەڵێ...

ئێستا شتێکی سەیرت پێشان دەدەم... ئەم تاخمە نابینرێن تەنیا کڕووزانەوەیان دەبیسی... ڕۆحانییەتی ئەو کەسانەن کە بەزیندوویی نێژران، لەو ڕۆژەوە ئەم کڕووزانەوەیە دەنگ دەداتەوە، دەڵێن تا دونیا دونیا بێ ئەم کڕووزانەوەیە نابڕێتەوە، تۆ کە گوێ لە تاریکی دەگریت گوێت لێ نەبووە بەردەوام یەکێك دەکڕووزێتەوە؟ ئینجا هەروەك هەزاران کەس پێکەوە بکڕووزێنەوە ئاوها وەك وژە وژی بایەکی توند دەبیستریێ!

– زۆر جار...

– دە ئەو کڕووزانەوەیە ئەمانەن...

– دەگەڕێمەوە... بمبەرەوە... بمگەڕێنەوە... بەرگەی ئەم دیمەنانە ناگرم...

– لە گەڕانەوەدا یەك شتی دیکەت پێشان دەدەم...

– بەرگە ناگرم... دەگەڕێمەوە...

بەرەو دواوە ئاوزەنگی لێدا، بەدەم نەرمە غارەوە هێمای بۆ کۆمەڵە کەسێك کرد:

– ئەمانەت بینیوە چۆن لایەکی ڕوومەتیان ڕەش هەڵگەڕاوە... تەنها لایەکیان...ئەمانە ئەو شاعیرانەن کە بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆیان بە شان و باڵی گەورەکاندا هەڵدەدەن بە وشەکانیان کوورەی شەڕ دەم دەدەن... ئەمانە لای ئێوەن نەمردوون، ئەمە نوسخەی دووەمیانە، خەڵکەکە ئەو پەڵە ڕەشەی ڕوومەتیان نابینن، بەڵام گەر بەوردی تەماشای خۆیان بکەن هەستی پێ دەکەن...

– ئەی ئەوانەی بوونەتە هۆی ئازاری ئەو خەڵکانەی کە بینیمانن؟.

– با تاریکییەکە بڕەوێتەوە دوو بەدوو سەفەرێکی دیکەی بۆ دەکەین... نیوە شەوێکی درەنگ بوو بەئاستەم پەنجەرەکەی پێوەداو چووە سەر جێگاکەی.

حوزەیران ١٩٩٢دووز

# تەماشاکان

ڕاوەستانی ئەو ئوتۆمبێلە نەعلەتییە، ئێوارە دانیشتنەکەی لێ تێکدا، ئەمە نزیکەی دە ساڵە کردوویەتی بە خوو لە نێوان چەند ڕۆژێکدا ڕۆژێك دێتە ئەم چاخانەیە و بەدەم چا خواردنەوەوە جوان جوان بۆ خۆی تەماشای ئەو کووچە و بازاڕە دەکات...

هەر بەرامبەر بەئەم و لەوبەر شەقامەکەوە ئۆتۆمبێلەکە وەستا، سێ کەسی لێبوو پێکەوە چاویان لێ بڕی. بۆ قەیرێك تەماشایان کردو کەوتنە چپەچپ، زۆر نەوەستان، دەقیقەیەکی برد و نەبرد ڕۆیشتن، یەکێکیان تا لە چاویشی ون بوون لەسەریەکە ئاوڕی لێ دایەوە. ئەوان ڕۆیشتن، بەڵام ئەم ئۆقرەی لێ بڕا، ئاگر کەوتە کەوڵی، تەماشاکانیان تیغی سوورەوەکراو بوون بە جەستە و ناخیدا چزان... هەستی کرد لەشی گران بوو، جەستەی داهێزرا، خاو بووەوە، دەمی وشك هەڵات، کە لەمەوپێش بەسۆز و میهرەوە خەڵکەکەی دەدیت ئێستا وا خەریکە لەبەر چاوی دەگۆڕێن، ئەوەتا کاتێ بە بەردەمیدا تێدەپەڕن مۆڕەی لێ دەکەن، بەتیلەی چاوی پڕ لە ڕق و کینە تەماشای دەکەن، بەسەر تەختەی چاخانەکەوە گرمۆڵەی کرد. هەستی کرد وا هەندێکیان پڕکێشی ئەوەش دەکەن دانی لێ جیڕ دەکەنەوە... دانەکانیان لە کەڵبەی بەراز دەچن، بەوەشەوە ناوەستن دەستی لێ ڕادەوەشێنن... ئەوانەی بەرەو ڕووی دەهاتن سەر و کێردیان پێیەو بۆ گیانی ئەم دێن... ئەوانەی بەتەکیدا تێدەپەڕین دەبوونە دووپشك و زەردەمار... چایچییەکە لەو ئان و ساتەدا جامێ ئاوی لە لاوە بۆ درێژ کرد، وای زانی یەکێ لەو دڕندانەیە و شاڵاوی بۆ هێنا، سڵەمییەوە، (کاکە ساڵحی هۆمەر بۆ وا داچەڵەکای؟!!).

(وامزانی بەرازی..).

(چۆن؟ چیت وت؟).

(هیچ... ناخۆمەوە... ئا زەحمەت نەبێ...).

ئاوەکەی خواردەوە، بەزەحمەت بۆی قووت درا، لەسەریەکە موچڕکە بەلەشیدا دەهات، هەستا، بەو جەستەی شەکەت و داهێزرایەوە خۆی گەیاندە ماڵەوە...

ئێوارە شامی بۆ نەکرا، بەبیانووی ماندووبوون و نەخۆشییەوە پاکەت و چەرخەکەی هەڵگرت و چووە سەربانەکە... لەمەوبەر شەوانە کە دەچووە سەربان و ڕادەکشا،

دەیڕوانییە ئاسمان، وای دادەنا لە هۆڵێکی گەورە و بەریندایە، ئەو هەموو ئەستێرانەش چراخان و مۆمی داگیرساوەبوون و لەبەر خاتری ئەو هەڵکراون، ئیتر هەزار بەزمی خۆشی بۆ خۆی دادەمەزراند و ساز دەدا، کە دەخەوتیش تا دەمەو بەیان یاری بە ئەستێران دەکرد... ئەمشەو لەشی وەك شکستە بێ ئەئاوا زۆر بەکاوەخۆ بەئەسپایی پێی لێ درێژ کردو ڕاکشا، هەردوو دەستی لێك ئالآند و خستنیە پشتی سەری...

قەومێل لەشم بۆ وا داهێزراوە؟! ئەی ئەم دڵە کوتکێیە بۆ؟... خۆزی دەمزانی کاتێ تەماشای منیان دەکرد چییان دەوت؟ ئەی ئەو یەکەیانە بۆ هەر لە یەکبینە ئاوڕی دەدایەوە؟! ساڵحی هۆمەر نامەردت نەکەن بۆ وا پەشۆکاوی؟... بۆچی کەس تەماشای کەس ناکات؟... من چیم... فەرمانبەرێکی بچووکی بێ دەسەڵات، بیست ساڵە لە دایەرەدام تا ئێستاش قاتی سەرەوەم نەبینیوە... چیم داوە لەم و لەو، خوا ئەیزانی هەقم بەسەر کەسەوە نەبووە... ئەوانەی بزێو و ئارداوین خۆمم لێ دوور خستوونەتەوە... بەملی شکاوم بۆ زووتر هەڵنەسام... ئەو چایچییە قورمساغە گەر چایەکەی نیو دەقیقە زووتر بهێنابا نیو دەقیقە... جا بڵێ بۆ وا لە دوورەوە ڕادەوەستن و تەماشا دەکەن؟ نامە... وەرن دابەزن، ئا دابەزن و بڵێن کابرا تۆ... چییە وا هەر لە دوورەوە بەگوێی یەکتردا دەچپێنن و تەماشام دەکەن؟... وەرن.

وەك مار پێوەی دابێ ئۆقرەی نەبوو، گێنگڵی دەدا، لەسەر لایەك نەدەمایەوە... هەوڵی دەدا ئەم کێشەیە لەبیر خۆی بباتەوە کەچی بێهوودە بوو، ئۆتۆمبێلەکە و سێ نەفەرەکەی ناوی و تەماشاکانیان ڕوونتر و زەقتر دەهاتنە پێش چاوی...

خۆ کوفرم نەکرد، وتم با کەمێ تەزی دەرچێت بڕۆم لەسەر کۆڵانەکە چایەك بخۆمەوە ئەو پیرەژنە چەقاوەسووە بەمیوانمان نەبوایە نیازم نەبوو لە ماڵ بێمە دەرێ بەملی شکاو هاتی –بە دەم چا خواردنەکەشەوە وەك هەمووو جارێکم بڕوانمە زەردەی دەمەو ئێوارە... چاکەم خواردەوە و نەخواردەوە وەك شمڵی شەڕ پەیدا بوون و لەوبەرەوە ڕاوەستان... حەزم دەکرد دابەزیایەن، خۆزی دادەبەزین... دەموت فەرموون، فەرموون سەرو چای بخۆنەوە دواجار هیچ خۆم تێك نەدەدا، لەسەرخۆ دەمگوت، ئێ... (ئێ)کەم درێژ دەکرد... ئێ ئەمرێ خزمەتێ، بەندە ساڵح هۆمەرم، بیست ساڵە فەرمانبەری... فەرمانبەری میری نیشتمانیم، دووجار دایەرە خەڵاتی کردووم، دەترسم بە سەهوو چوویێتن...

ئەم نامەردانە... –گاڵتە دەکەم... من چیم دەوێ، جوێندان خوویەکی ناپەسەندە–

دانەبەزین، هەرسێکیان تەماشایان دەکردم، بڕوا ناکەم شتاقیانم لەمەوبەر دیبێت...

چییان دەوێ؟! وەڵڵا باوکم سامیان گرانە... ئەو نیو دەقیقە وەستانەیانم لێ بووە ساڵێ... ئاە دەستبەجێ موچڕکێکی سارد لە پەنجەی پێمەوە هات و لە تەوقی سەرمەوە دەرچوو... دەمم وشك هەڵات، تفم بۆ قووت نەدەدرا، باش بوو چاپچییەکە جامە ئاوەکەی دامێ... چاك داچەڵەکیم... گیانم بۆ سڕ بوو؟ توانای هەستانم لێ بڕا، لەو کاتەدا خۆزگەم خواست هەر لەسەر تەختەکە بۆ یەکجاری چاو لێك بنێم بۆ خۆم قورتار ببم... ئەمە کەی ژیانە... شتێك هاتبووە بینی، لەم کاتەدا یەکێ بیدواندبا مسۆگەر لە پڕمەی گریانی دەدا... تۆ ڕاوەستە با قورێ بەسەری خۆما بکەم و بیرێکی لێ بکەمەوە: تۆ بڵێی پێم نەزانیبێ و ئێ بەشەرە شتێکم درکاندبێ؟ ڕاستیان وتووە: «نەیبڕی سەرت بەبڕین دەدات...» دەڵێم تۆ بڵێی لەم چەند ڕۆژانەدا ناماقووڵییەکم کردبێت؟. بڕوا ناکەم، هیچم لەم بارەیەوە بیر ناکەوێتەوە... جارێ ئەوانەی من لەگەڵیاندا دادەنیشم ژمارەیان لە پەنجەکانی دەستێك تێناپەڕێت... لەگەڵ هەر هەموویاندا ئەگەر بیرم بەقوڕا نەچووبێ لە باسی مانگانە و گوزەران و گرانییەکەی ئێستا بەولاوە باسی هیچمان نەکردووە... باشە، من چیم داوە لە گرانی؟... با بیری لێ بکەمەوە... ڕاوەستە دوێنێ، پێرێ، پەسرپێرێ، لە حەمە خوێڕی بەولاوە چاوم بەکەس نەکەوتووە، ئەویش لە باسی عەرەق و درۆی زل زل بەولاوە هیچی کە نافلتێنێ... پێشتریش قالەی ژمێریار، سەر لە بەیانییەکەشی عەلە گوریس، خوا شاهیدە لە باسی عەلاوە و هێلکە بەولاوە ناوی کەسمان نەهێناوە. دەتوانم یەك مانگ لەوەو پێش بهێنمەوە یاد...

ئەی بۆ تەماشایان کردم، دەبێ چییان وتبێ؟

زۆری لە خۆ کرد بزەیەك بخاتە سەرلێوی هەڵقرچاوی و وای بەخۆی پیشان دا ئەوە ناهێنێ و گاڵتە بەم دڵەڕاوکێیەی خۆی بکات، لە نیوەی ڕێگا پەشیمان بووەوە... ئەو تەماشاکردنەیانە بێ مەلامەت نەبوو، ئەنجامەکەی خێر بێ... چی بیستبوو، خەڵکانی تر چییان بۆ گێڕابووەوە هەمووی بیرکەوتەوە... دەخۆت مەخەڵەتێنە و شل مەیگرە، کاری وا گاڵتەی منداڵان نییە، باشە چ بکەم و چ دەسەڵاتێکم هەیە؟ کەی من بەرگەی شتی وا دەگرم... دە وەرە پێ لەسەر گونت دانێن –بەئاستەم دەستی برد و گونی خۆی گرت– ئینجا وەرە بەرگەی ئەوە بگرە، هێدی هێدی گرانی خۆی بخاتە سەر پێی ئاهـ ئاهـ... ڕەنگە پیاو تووشی خەساندن ببێ و لە پیاوەتیش بکەوێت... یاخود لە دەرەوە بەستوویەتی، تف هەڵدەی دەمەیێ، تۆش ڕووت و قووتی و یەك دوو موبەریدەت بۆ بخەنە ئیشەوە های های...

سەیر ئەوەیە، سوێند و دەست ماچکردنیش دادی هیچ نادات... بەڵام وەچی سوێند بخۆم هیچم نەکردووە، هیچم نەوتووە... ئەمە بە کێ بڵێم؟... باشە بە ملی شکاوم من بۆ لەو چاخانەیە دانیشتم، ساڵح ئەفەنی وا چووی، ئێ دە چاکەت خواردەوە زەقنەبووتت کرد دە هەستە و برۆ، بگەڕێوە کاولەکەی خۆت... گیانت دەرچێ، چیت بەسەر بێ گۆڕی گیانت بێ، پێم ناڵێی کێ دواجار ئاوڕت لێ دەداتەوە، ئەم کۆزە خێزانە کێ بەخێوی دەکات؟... ئەو حەمە خوێڕییە جار نەجارێ چاوم پێی دەکەوێت، دەزانم ئەو... لەمەولا هەر هات و خۆم بەکارێکەوە خەریك دەکەم و نایدوێنم، لەمەولاش بۆ ئەو چایخانەیە ناچم، عەسرە چایەکی ناوماڵ و منداڵی خۆت هەزار چایخانە و مەیخانە دێنێ... وای... نازانم بۆ وا لەشم داهێزراوە وەك بڵێی جەستەم لە ناو دنەدا کوترابێ... تۆ سەیر کە هەر لە عەسرەوە دامنابوو ئەمشەو گوڵە بانگ بکەمە لای خۆم ئەمەشیان فت... ئەم بەڵای ناگەهان چ بوو؟... ئەم ئەستێرانە ئازاری چاوم دەدەن، چاوم لێکنێم باشترە... بەڵکو ئەمە خوایە خەوم لێ بکەوێت... خاو بووەوە، بەرەبەرە ئاگای لە خۆی نەما... خۆی لە ناو کۆڵانێکی تەسکدا بینی، بەهەردوو لادا دیوارەکان کون و دەلاقەی گەورە و بچووکی لێیە، لە ژماردن نایەن، لە پشت هەریەکێ لەو کون و دەلاقانەوە جووتێ چاو دیارە... کۆڵانەکە وا دیارە کۆتایی نایەت، تا دێ تەسکتر دەبێتەوە و چاوەکانیش ژمارەیان زۆرتر دەبێ، پێ هەڵدەکا، خێراتر، کۆڵانەکە هەر تەواو نابێ لەپڕ دەوەستێ، بەردەمی دیوارێکی بەرزە ئەم کۆڵانە دەرناچێ، کۆڵانێکی بن بەستە لە دڵی خۆیەوە دەڵێ: «جارێکی کە دەبێ بەپێش ئەو هەموو چاوانەدا تێپەڕم» دەست بەگریان دەکات، دەپاڕێتەوە، نازانێ لە کێ دەپاڕێتەوە!».

من قەت پڕکێشیم نەکردووە پڕ بەچاوی خۆم تەماشای چاو و ڕوومەتی کەسێ بکەم ئەم هەموو چاوانە بۆ دەورەی منیان داوە؟... کڕووزانەوەکەی تەواو نەکرد، هەر چاو بوو لە کون و دەلاقەوە فرتەیان دەکرد و دەهاتن، دەوریان دەتەنی، لە چاو بەولاوە هیچی کەی نەدەبینی... ترسا، هەر ئەوەندە لە دەسەڵاتیدا بوو هاوارێ بکات... دونیا ڕووناك بووەوە، ئاسمان ساماڵە، شینێکی مەیلە و سپی دەڕوانێ... هاتە خوارەوە... بۆ دایەرەش ناچم، وازدێنم... بەڵام چی لەم کۆزە خێزانە بکەم؟... کە چووشم لە ڕێگا سەر هەڵنابڕم، تەنیا بۆ بەر پێی خۆم دەڕوانم... لە ڕێگا هەمدیس خەڵکەکەی وەك دوێنێ ئێوارە هاتە پێش چاو... هەر یەکەو بۆ خۆی جانەوەرێك بوو، کە بەتەنیشتیاندا تێدەپەڕی مۆڕەیان لێ دەکرد، دانیان لێ جیڕ دەکردەوە... پاسەوانی دایەرەکە لە حەوشەکەدا خەریکی شتێك بوو،

بەپەلە خۆی گەیاندە ژوورەکەی... بۆ وا چۆڵە، درەنگیشە و کەچی کەس نەهاتووە... دەنگی یاساوڵەکەی هاتە گویێ، بەدەنگێکی بەرز دەیوت: «ساڵح ئەفەنی دیارە ئیشی دایەرەت بەسەردا کەڵەکە بووە بۆیە بەم جومعەیە هاتووی...» هاتەوە خۆی... سەری خستە سەر مێزەکە و دەستی بەگریان کرد.

تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ دووز

# بێزاری

دەرزی ئاژەنی خەمەکان... شتە ناخۆش و بێزارکەرەکانی دەوروبەرو ئەم دونیا جەنجاڵە وەڕسی کردبوو... بێزا ر بوو، هەر بۆ ڕەوینەوەی ئەم بێزارییەی «چ بکەم... بۆ شەوێکیش بێ سەفەرێکی شار دەکەم...» لە ئوتێلێکی هەرزانبەهادا کلیلی ژوورێکیان پێ دا... ژوورەکە دوو جێگای بەرامبەر بەیەکی لێیە... ڕاکشا، بێزارییەکە تا دەهات زیفی لێ دەسەند، تا دەهات زیاتر بێ تاقەت دەبوو، لەم کاتەدا کابرایەك بەجانتایەکەوە هاتە ژوورەوە، ئەویش لەسەر قەرەوێڵەکەی تەنیشتی دانیشت، کابرا دەیویست بیدوێنێ، کە زانی ئەم ڕووی پێ نادا ناچار ئەویش وەکو ئەم ڕاکشا... ئەم کتێبێکی دەرهێنا، دێڕێکی بۆ تەواو نەکرا. «چۆن ئەم بێزارییە یەخەم بەرنادا؟!»

کەوتە ژماردنی گوڵە کێوییەکانی قەد دیوارەکەی بەرامبەر... دە... پەنجا... سەد...، بێزار بوو، هەمووی کۆکردەوە و لەسەر تەپڵەی نێوانیان دانان... ئەو شار و دێهاتانەی بیرکەوتەوە کە لەوەو پێش بینیبوونی، بۆی نەژمێردران، ئەوانیشی کۆکردەوە خستنیە سەر تەپڵەکەکە...! خۆشەویستەکەی یادی ئەو ڕۆژانەیان هەر زوو دەستی لەمەشیان هەڵگرت و بەلاوەی نا و لەسەر تەپڵەکەی دانا... نیشتمان، خەڵکە داماوەکەی شارەکەی. ئاواییەکان... بەتەمابوو ئەمانەش لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دانێ، چرە دووکەڵێك لێکدانەوە و بیرەوەرییەکانی پچڕاند... کە ئاوڕی دایەوە کابرای تەنیشتی خەوی لێ کەوتبوو و پاشماوەی جگەرەکەی هەرچی لەسەر تەپڵەکە دانرابوو سووتاندبووی...

# شوێنەوار

پاش ماوەیەکی کە... با بڵێین نزیکەی سەد ساڵێك شوێنەوارناسەکان پاشماوەی دێیەکی کۆن لە ژێر خۆڵ و بەردێکی زۆردا دەدۆزنەوە.

شارەزایانی ئەو سەردەمە ئەم ڕاپۆرتە دەنووسن:

«لەو گەرمیانەدا پاشماوەی دێیەکی کۆنمان دۆزیوەتەوە لە ناو ئەو شتانەی دۆزراونەتەوە بێشکەیەکی ڕزیو بینراوەتەوە، ئێسك و پرووسکی منداڵێکی بەر مەمکەی هێشتا تێدایە... شارەزایان و شوێنەوارناسان هێشتا ئەوەیان بۆ دەرنەکەوتووە لەبەر چی دانیشتوانی ئەو ئاواییە منداڵەکانیان بە بێشکەکانیانەوە دەناشت.!!

ئابی ١٩٨٦دووز

# خەونێکی ناو دۆزەخەکە

گەرماکەی لەوەدا نەبوو، دارکاژێکی تەریکی نزیك شەقامەکەم کردە چاو. بە پەلەپرووزێ خۆم گەیاندێ و خۆم دایە سێبەرە باریك و درێژکۆلانەکەی، چاوم لێ بوو لەوبەر شەقامەکەوە لەناو ئاپۆرەی خەڵکەکەوە وەکو سەگی ناو پەڵە گەنم ملەقوتێیەتی، تومەز بینیومێتی. چاوم لێی بوو، خۆی لە قەڵەباڵغییەکە دەرباز کرد، چەرپاز شەقامەکەی بڕی، هات و پاڵیدایە دار کاژەکەوە. شانێکی هەتاوەکە دەیگرتەوە، شانێکیشی لە سێبەرەکەدا بوو، وەکو هەموو جارێکی دەستی بە بڵمەبڵم کرد، لەو هەموو بڵمە بڵمەی من ئەوەندەم بۆ هەڵکرا:

(فەرەج دەیوت با چاوەڕێم بکات، ئەمجارە دێم و هەندێ شتی نوێی بۆ دەگێڕمەوە، کە تا ئێستا بۆم باس نەکردووە... دەیوت.»).

من هەر ئەوەندەم گوێ لێ گرت، ئەمیش لەگەڵ (فەرەج)دا لە دۆزەخەکە پێکەوە بوون، هەر پێکەوەش لە دۆزەخەکە ڕزگاریان بووبوو، ئێستاش هەر پێکەوە دەژین، فەرەج گەلێ جار دەیگوت: من و (ڕەحیم) پێکەوە بووین. چەنێکیش پێکەوە بووین جارێك چییە گوێم لێ نەبوو بێتە گفت و قسەیەك بکات!، وا ئێستا حەوێزی ئەو ڕۆژانە دەکاتەوە، دەیبینی شەو و ڕۆژ لە بڵمەبڵمی خۆی ناکەوێت. بەرلەوەی (ڕەحیم) بێتە پاڵ دار کاژەکە، لەگەڵ خۆمدا مشتومڕێکی سەیرم دامەزراندبوو...

بۆ مرۆ ئەوەندە بیری بەلای شتە ناخۆش و خەماوی و کارەساتەکاندا دەچێ... ساتە خۆشەکان کەمتر دێنە بەر زەین... بۆ کە بەرێگایەکدا دەڕۆی، دەیان شتی جوانیشی لێ بێ، بەپەردەی بیرەوە نالکێن؟ بەڵام کە پەیکوڵێکت بەپێدا دەچێ، ناتوانی لە بیری بەریتەوە... دواجار مرۆ چۆن گیانێکە بەرگەی ئەم هەموو یادە تاڵ و ناخۆشانە دەگرێ؟ بۆ ناتوانێ خۆیانی لێ بتەکێنێتەوە؟.. ئەمانە لە لایەك و حەکایەتە لە بن نەهاتووەکانی (فەرەج)یش دەبنە سەربار.. ئاوا بێ بەزەییانە دێت و لە ناو دۆزەخی حەکایەتە لەبن نەهاتووەکانی خۆیم دادەنێت... ئەوەندەم گوێ لێ گرت، ئەوەندەم گوێ لێ گرت، خەریکە حەکایەتە لە بن نەهاتووەکانی بۆ من دەبنە کراسێکی ئاگرین و بەبەرما دەدوورێن...

کەسەکانی ناو حەکایەتە لەبن نەهاتووەکانی بوونەتە خوێش و ناسیاو، لەگەڵمان دادەنیشن، دەخۆن و دەنوون، گوێ لە ڕاز و گلەیی یەکتر دەگرین، خەونەکانیشم هەر

هـەمـان ئـەو حـەکـایـەتـانـەن، یـاخـود لایـەنـە شاراوە و نـهێنییـەکانی حەکایەتەکانن، کە پێویست بەلێکدانەوە ناکەن.

ڕۆژێ پـێی ئـێژم، ئـا بـێ پـێچ و پـەنـا لـە مشتـی دەنـێم (فـەرەج، حـەکـایـەتـە لـەبـن نەهـاتووەکانت، باڵە پێچکەیەك چییە دادی منیان نەداوە) ئاوای پێ دەڵێم، بەڵام ئەو کاتەی کە دێ، پاشگەز دەبمەوە، ئەوەی پێش هـاتنیم ڕێکخستبوو پێی ڕاگەیێنم، لەبیرم دەچن، دیارە نهێنییەك وام لێدەکات گوێی بۆ شل کەم و فزە لە خۆم ببڕم تا لە قسەکانی دەبێتەوە، وەك کەوتبێتمە ژێر جادوویەوە وایە. دێت پەنجە باریك و ڕەق هـەڵاتووەکانی لە جلەکانی، لەوەی بەردەستی بکەوێت گیر دەکات، توند هـەڵیان دەگلۆڤێ، جا دەست بە گێڕانەوەی حەکایەتەکان دەکات، تا دێ پەنجەکانی گرژتر دەبنەوە، کە دەگاتە کۆتایی، پەنجەکانیشی هێدی هێدی خاو دەبنەوە، ئەوجا تەوێڵ و لامل و ڕوومەتیشی لە ئارەقە دەنیشن، بەڵام هـەست بەجۆرە ئارامی و خاوبوونەوەیەك دەکات، من بەو حەکایەتە سەرسوڕهێنەر و تۆقێنەرانەی کاس و وڕ دەبووم. خۆ ئێمە هەمووومان بە مەتەڵ و حەکایەت پەروەردە بووین، بەڵام ئەمانەی ئەم، لەو جۆرە حەکایەتانەی بەر ئاگردانی شەوانی زستانان نەبوون... دەیوت: «من لە گێڕانەوەی ئەم حەکایەتانە مەبەستم ئەوەیە لـەبیر نـەچنـەوە»... دەیوت: «ئـەمـانـەی مـن دەیـانگێڕمـەوە دەبـێ تـۆمـار بکرێن، دەیگوت، ئەمانە قەرزێکن بەسەر کەسانێکەوەن دەبێ ئەو قەرزە نەفەوتێ»... دەبێ هـەر پیتێکی ناو ئەم حەکایەتانە ببن بە تیغێك، بە پشکۆیەکی هـەمیشەیی ببن... هـەر بەهیچ نەبن، ببن بە مـۆتـەکـە و خـەون و خـۆشی مـێردەزمـەکـان بـتـارێـنن، ئـەوانـەی چـاوی پـەپـوولـەکـانـیـان هـەڵدەکۆڵی تـا بزانن ئەودیوی چاو چی تێدایە، کاتێ، ئەمانـەی دەگوت، قامکە باریك و ڕەق هـەڵاتووەکانی لە جلەکانی، یا لە زەوییەکە گیر دەکرد، زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئارەقەی دەردەدا لـەسەر یـەکـەش ئـاوای دەوت: دەبـێ تـۆمـار بـکرێن تـا لـە بیر نـەچنـەوە، هـیزە بەقوربـانتانم من مردوو ئێوە زیندوو نەکەن لەبیر بکەن...

حەزم بەئـازاردانی ڕۆحی نەدەکرد دەمتوانی پێی بڵێم: ماڵ وێران بەهەزار قول وەڵڵا ساڵی جارێك هەندێ شتی ناو حەکایەتەکانی تۆیان بیر دەکەوێتەوە، تۆ نازانی هـەر سەردەم و ڕۆژگارێك شتی خۆی هـەیە سەرنجی ئەم خەڵکە ڕادەکێشێ، ئێستا سەردەمی... بەڵام ئەمجارەیان هەموو شتێکی بۆ ئاشکرا دەکەم. ئەو هـەر نەیدەبڕییەوە... نەکەن لە بیری بکەن، لە پرسە و زەماوەندەکاندا لە جیاتی بالۆرەو شیوەن دادان حەکایەتەکانی من بڵێنەوە، لە بری ئەوەی ئاوازە بەزم بەگوێی خەڵکا بدەن دەبا ئەو بەسەرهاتانەشیان

لەبیر نەچێ، کاتێ بانگ لە بناگوێی منداڵانی ساوادا دەدەن، مەعز بۆ خوا هەندێ لەو حەکایەتە لەبن نەهاتووانەی منیشیان بەگوێدا بچرپێنن، با منداڵانیش بەو حەکایەتانە گۆش بکرێن، دەبا شوانە وێڵەکان چیتر شمشاڵ بۆ خەزێم ڕەعناو ئایش نەژەنن، ئەم حەکایەتانەم بکەن بەنۆتەو هەرچی ئامێری دنیا هەیە بەکار بهێنن بۆ خوێندنەوەیان، بیانکەن بە توێشەی هات و نەهات، بیانکەن بەچرپە ماچی خواحافیزی و لەیەك دابڕان، بیکەن بە خەیاڵ، بیکەن بە شیعر، بیکەن... بیکەن... بیکە. بیـ... دە تۆ هەر نەبێ ئا بەم دەمودەستەیەش دەبێ قەڵەم و کاغەزێ بێنەو بینووسەوە... شەرمە تا ئێستا نەنووسراونەتەوە!.

(وەی لێ وەی لێ لێ وەی لێ...)

(ئازیز ئای ئای ی ی ئای وەخۆم ئای بێکەسم ئای...)

یەکەم جار، ئێوارەیەکی مسینی پایزی ئەو خوارە بوو، دەستی بەگێڕانەوەی حەکایەتە لەبن نەهاتووەکانی خۆی کرد، ئێوارەیەکی غەمگین، خۆڵ دەباری، لەو ڕۆژەوە سیازدە پایز تێپەڕیوە... ئەو کاتە تازە لە دۆزەخەکە گەڕابووەوە، هەر بەڕاستی لەوە دەچوو لە دۆزەخ گەڕابێتەوە. دەست و پلی، ڕوومەتی ڕەنگێکی لە نێوان ڕەش و خۆڵە کەوەییان هەبوو، ئەو جارەش وەکو ئێستای، دەستی برد مەچەکی گرتم، دەستی دەلەرزی، چاوی لە شوێنێکی نادیار بڕی و بەدەنگێکی لەرزۆك دەستی پێکرد... (لەبیرتە ئەو ڕۆژەش وەکو ئەم ئێوارە پایزە خۆڵ دەباری... کات بەهار بوو، بەڵام دەتوت هاوینە... خۆت دەزانی ئەو گەرمیانە بەهار بەخۆیەوە نابینێ... ئاسمانیش وەك جامێ خوێنت پیا پژاندبێ سوور دەیڕوانی...)

لە نێوان ئەو و خۆڵ بارینەکەی ئەم ئێوارەیە، هەر شەش مانگێك بەینیان بوو، کەچی واتدەزانی بیست ساڵ تەمەنی بەو شەش مانگە تێپەڕاندووە!.

لەو کاتەشەوە بەدرێژیی ئەم سیازدە ساڵە هەمان حەکایەت دەگێڕێتەوە، کە دەستی بەگێڕانەوەی دەکرد، دەچووە بارێکی دیکەوە، پەنجەکانی کرژ دەبوونەوە، لێوی تەتەڵەی دەکرد، ئارەقەی دەکرد، هەندێ جاریش دەگەڕایەوە سەر ئەو حەکایەتانەی کە چەندین جارم گوێ لێ بووبوون، ئیتر نازانم لە بیری نەبوو پێشتر وتوونی، یان بەئەنقەستی بوو دەهات لە نووکەوە تێ هەڵدەچووەوە، لەگەڵیدا زامی منیشی دەکولاندەوە... ئەو ڕۆژانە، ئای لەو ڕۆژانە... قەت ئەو گازندەو گلەیی و پرسیارە گەورەکانی باوکتم بیر ناچنەوە...

تا وڕێنەی خەوی دەمەو بەیانیانیشیم لە یادە، لەوێ (وەیسە) گیان هەموو ڕۆژێ لم دەباری... لم نەبوو، نووکە دەرزی دەباری، کە هەڵی دەکرد دەست و پل و ڕوومەتمان دەرزی ئاژەن دەکران!.

کە (لم) دەباری، باوکت تەنگەنەفەس دەبوو، کە تەنگەنەفەس دەبوو، منیش لەگەڵ ئەودا ئارامم لێ هەڵدەگیرا، بەقەد ئەو ئازارم دەچەشت، بەزۆری لەم کاتانەدا ئەو پرسیارە قورسەی دووبارە دەکردەوە، نەمدەزانی ئەو پرسیارەی لە کێ دەکرد؟ بۆ دەیکرد؟، پرسیارەکە خشتێکی گران بوو بەسەرمانیا دەدا... (بۆ وامان لێ دەکەن؟!)، هەموو جارێکیش لە دوای ئەو پرسیارەوە من خۆم پێ ڕانەگیراوە و یەك دوو فرمێسکم باراندووە... بۆ نەگریم ها؟ کێ دەڵێ گریان بۆ پیاو عەیبە، دواجار ئێمە کەی پیاو بووین؟ ئەی پێم بێژە نەگریایەم چیم بکردایە؟.

مام ڕەحیم هێشتا دانیشتووە و لەسەر بڵمەبڵمەکەشی بەردەوامە، ئاگام لەو بڕاوە... (مام ڕەحیم فەرەجت لە کوێ بینی؟). وەرامی نەدامەوە، ئاوڕم لێدایەوە یەك دوو هەنگاو لە دار کاژەکە دوور کەوتبووەوە، چۆن هات ئاوا شەقامەکەی بڕی و لە ناو ئاپوورەی خەڵکەکە ون بوو...

دوێنێ کە ئەو نەهات من بۆ لای فەرەج چووم، بە نیازەوە چوومە لای پێی بێژم: «فەرەج ئیتر تاقەتی گوێگرتنم نەماوە... دواجار بۆ هەر من؟ منیش وەکو هەندێ لەو خەڵك و خوایە ڕاست و درۆ، ساڵی جارێ گوێ لەو حەکایەتانە دەگرم. لەوە زیاتر چی بکەم». نیازم بوو پێی بڵێم ئەمە سیازدە ساڵە حەکایەتە لەبن نەهاتووەکانی خۆتم بۆ دەگێڕیتەوە، لە نووك زوانمابوو ئاوای پێ بڵێم، لەپڕ وەك ناوەوەم بخوێنێتەوە و سوور بزانێ چیم لە دڵدایە، پەنجە ڕەق هەڵاتووەکانی لە یەخەم گیرکرو پەنجەی شایەتمانیشی لێ ڕاوەشاندم:

«من دەمەوێ ئەم حەکایەتانە لەبیر نەچنەوە... دەمەوێ خەمی بخۆن، شانی لێ نەدەنەوە و فەرامۆشی بکەن.» هەمدیس ویستم دەماری بگرم و زامی بکولێنمەوە، هەرچەندە خۆی هەندێ جار دەیگوت: «ئەم زامەی من قەت گۆشتەزین ناهێنێتەوە...» بەڵام وازم نەهێناو پرسیارێکم لێ کرد: «ئەی بۆ چارەیەکی خۆتان نەکرد؟!»

«تۆ کابرایەکی سەیری ها... من ئەو حەمکە حیکایەتانەم بۆت گێڕایەوە، خەمی ڕووداوانەکەیم نەبوو، من خەمی ئەوەمە دۆزەخێکی ترمان بۆ پەیدا نەبێت... دەزانی ئەگەر

ڕووی دا چی دەقەومیٚ؟... ئیتر ڕێگاکان نامانگەیەننە هیچ شوێن و دێیەك... چەند پەپوولە لەم گەرمیانەدا هەیە، دوو ئەوەندە و زیاتریش داڵەکەرخۆر دێنە ئەم ناوە...».

دەیویست زۆری کە بڵیٚ، بەڵام لەپڕ وەستا... لەگەڵ وەستاندا توند مەچەکی گرتم، دەستی پێکردەوە. ئا لەم ئان و ساتەدا قسەیەکی باوکی ڕەحمەتیتم بیرکەوتەوە. دوا خەونیشت بۆ دەگێڕمەوە: هەردووکمان وا ڕاهاتبووین شەوانە زۆر کەم دەخەوتین... نیوە شەوێکی درەنگی یەکیٚ لەو شەوە درێژانەی دۆزەخەکە هەردووك، تەنها هەردوو بەخەوەر بووین، لە ورێنە و پرخە و وەڕینی گەماڵە مەیت خۆرەکانی دەرەوە بەو لاوە، هەموو شتیٚ کشومات بوو... ئا لەو کاتەدا، بەئاستەم، زۆر بە ئاستەم گۆرانییەك هەر لە هەنسکدان دەچوو، گۆرانییەکی سووتاو بۆکڕووزی بەئاگای هێنباینەوە، گۆرانییەك تاسووقیمان دەکرد، عەیامێك بوو گوێمان لیٚ نەبووبوو، دونیا و قیامەتی هێنایە پێش چاومان... ئای لەو ساتە و ئەو ئاواز و گۆرانییە!!... ئازیز ئائازیز ئازیز... خۆمان مات کرد، متەقمان لە خۆمان بڕی، تاویٚ کۆك گوێمان لەوە گرت، کە نازانم ناوی چی لیٚ بنێم. بەدرێژی ئەو یەك دوو مانگەی لەگەڵ باوکتدا پێکەوە بووین، قەت وەك ئەو شەوەم نەدیبوو... بەدەنگێکی منداڵ ئاسا وتی: «ئەزانی فەرەج ئەم چەند ساتەی پێشوو، من هەر بەجەستە لێرە بووم... هەر لە یەکەم (ئازیزەوە) من دەستم لە پشت نا و یاپشە یاپشە بەکۆڵانەکەی ئێوەدا دەگەڕامەوە لای حەبیٚ...». پێم گوت: «خۆزگەم بە خۆت... بۆ هەموو جاریٚ جووتیٚ باڵ لە ڕۆحی خۆت نارویێنی و سەردانییەکی ئەو بەهەشتە بۆ خۆت بکەی!».

ئەم ئەڵڵاوەیسییە فەرەج گیان ئاوای گوت: «شاباڵی بۆ ڕۆحم ڕواند... دواجار ئەم بیٚ ئومێدییەی ئێمەی تێداین، باڵی خەیاڵ دەقرتێنیٚ، گوایە دەڵێن خەیاڵ پێوەند ناکریٚ، ئێمەیان خستووەتە بارێکەوە... باڵ و پێی خەیاڵیشیان شکاندووین.»

فەرەج بە تاسووقەوە ئەم حەکایەتەی دەگێڕایەوە.

«دەمێك بوو بزەمان لیٚ تۆرابوو... ڕاستتر لەبیرمان چووبووەوە ئەو شەوە، وەك دوو منداڵی لاسار، دەستی یەکترمان دەگوشی و بزەمان دەهاتیٚ... ئەو شەوە دەمەو سەحەر سەرخەوێکمان شکاند، کە لە خەو هەستاین هێشتا تەزووی خۆشی خەونێك ڕایدەچەنیم تومەز ئەویش وەکو من وایە، بیٚ ئەوەی خەونەکانمان بۆ یەکتر بگێڕینەوە، دەمانزانی ئەوی تر چی خەونێکی بینیوە.

بەڵام لم بارینەکەی ئەو بەیانییە لەوەدا نەبوو. نەیهێشت باوکت فریای خەونێکی دیکە بکەوێت.

# سێبەرە سپییەکان

لە پێش هەموو کەسێکدا خۆیان بەمن نیشان دا، کە لە یەکتریش ئاشکرا بووین، چەند سەرسام بووم دوو ئەوەندەش پێم خۆش بوو. هەوەڵجار تاقانەکەی پوورە حەلیمە خۆی لێم ئاشکرا کرد، ئەم جارە بەرە بەرە ئەوانی تریشم بینی، کە یەك دووانێکیان نەبێ، کەسیانم پێشتر نەدیبوو، لەبەر زۆریشیان ئێستاش نازانم ژمارەیان چەندە.

یەکەمجار کە بینیم و ناسیمەوە، ئەوەندە نەماوە و پێکەوە نەدواین تاکو تاسووقیمان لە یەك بشکێت، خەونێکی کورت بوو، هەر زوو کۆتایی هات، من نازانم ئەو خەونە خۆشانە بۆ هەمیشە کورتن! بەڵام لە لایەکی دیکەوە خەونێکی ئاسایی نەبوو... وەك چنگێ ئاوریشم، چنگێ ئاوریشمی سپیی وەك چوڕ، لە بانێکەوە بەئاستەم بێتە خوارەوە، ئاوا بەو بانەوە بەکاوەخۆو لارەلار هات، ئەو چنگە ئاوریشمە سپییە لە پێشمدا بووە تاقانەکەی پوورە حەلیمە!!، دەتگوت ئەو ڕۆژەیە کە هات خوا حافیزیم لێ بکات، من لەو ساتانەشدا، لە خەونەکەمدا بیرم لە حەلیمە دەکردەوە، لەگەڵ خۆمدا دەمووت: «مەگەر من بزانم ئەو دوازدە ساڵەی ڕابردووە چۆن دەبرژاو شین و واوەیلای دەکرد، چاوەکانی وەك کانییە کوژراوەکان وشکیان کردووە، ئای لەو هەناسە ساردانەی ساتە خەماوییەکانی دەمەو ئێواران و دەمەو سەحەری! کەسیش نەیتوانی ئەو چاوەڕوانییە دوور و درێژەی پێ لەق بکات... تۆ بڵێی بەرگەی بینینی کتوپڕی ئاوا بگرێ و بتوانێ قسەی لەگەڵدا بکات؟...

کە خەریك بوو هەمدیس دەبووە چنگە ئاوریشمەکە، وەك گوێم لە جریوەی باڵندەیەکی دەنگ خۆش بێ، وتی: «لەمەودوا بەڕۆژیش دێین و لەم ناوانەدا بەئارەزووی خۆمان تەراتێن دەکەین... دەتوانین بۆ لای هەموو کەسێك بچین و قسەشی لەگەڵدا بکەین...».

بەدەم هەناسە بڕکێوە بەئاگا هاتم، شەڵاڵی ئارەق بووم.

چەند جارێ لە نووکەوە خەونەکەم بۆ خۆم گێڕایەوە...

«دێینەوە» ئەو نیوەڕۆیەش کە خواحافیزی لێ کردم هەر وای گوت: «زۆر ناخایەنێت دێینەوە...». من ئەو کاتە نەمزانی چی پێ بڵێم، ئەو لەسەری ڕۆیی:

«مردنەکەی ئەوێم لە ژیانەکەی ئێرەکانە پێ باشترە...».

«بەم قرچەی گەرمای نیوەڕۆیە؟...»

«باشتر کەس شکم لێ ناکات، شەوان ئەم دەوروبەرە دەکەنە تەیمان، هەر ئەوەندە لەو تەپۆڵکانە ئاودیو ببم تەواو...»».

ئاودیو بوو، بەڵام بۆ یەکجارەکی و ئیتر نەگەڕایەوە... ئەوە دوازدە ساڵیشە حەلیمە چاوەڕوانە، کەسیش نەیدەوێرا پێی بڵێ چاوەڕوانییەکی بێهوودەیە... ئیتر چەند جارێك بەڕۆژ و بەشەو، سێبەرە سپییەکانم دەدی، دەهاتن و دەچوون، مقۆمقۆیەکیش کەوتبووە ناو خەڵکەکەوە، کەسیش زاتی نەدەکرد ئاشکرای بکات... بۆ ماوەیەك دیار نەمان، من پێم وابوو دەهاتن بەڵام من نەمدەدین... بیرم دەکردن، جۆری هاتن و خۆپیشاندانەکەیانم بیر دەهاتەوە... هەر شتێکی سپی و بێگەرد و خاوێنم دەدی، بیرم بۆ لای ئەوان دەچوو، بیرم نەبوو ئەوەیان بگێڕمەوە: هەر یەکەم شەو کە خۆیانیان پێ پیشان دام بۆنێکی سەیریان بەو ناوەدا پەخش کرد، کە ڕۆیشتن و بەئاگاش هاتم، ئەو بۆنە خۆشەیان هەر مابوو، پێشتر خەونم بینیوە، بەڵام لە خەونەکانمدا هەستم بە بۆن نەدەکرد، دەڵێن لە خەوندا بۆن ناکرێت، ئەی ئەو بۆنە خۆشە چ بوو ئەوان پەخشیان کردەوە؟ کە جارجار بە ڕۆژیش دەیانبینیم هەر ئەو بۆنە خۆشەیان لێ دێت... دواجار بیرم بەلای دوو شتدا ڕۆیی کە بۆنی ئاوا خۆشیان پێ دەدام... مێزەرە سپییەکەی مەلا غەنی–ی دێکەمان، کاتێ مەلاژن دەیشۆری بە تەنافی حەوشە گەورەکەیاندا هەڵی دەخست، بەپێدزە خۆمان لە تەنافەکە نزیك دەکردەوە، هەر بۆ ئەوەی دەست بەسپیاتی و لووسێتی و پیرۆزیی ئەو مێزەرەدا بهێنین، یەك دوو جاریش بەدەم میزەچۆرتکێوە زاتمان دەدایە بەرخۆ و چمکێکمان دەگرت و لە لووتی چڵمنمان نزیك دەکردەوە، لە خۆشی ئەو بۆنەدا دەبووراینەوە... یان ئەو بۆنە خۆشەی دوای یەکەم پرشە پرشی پایز، یان کە لە جۆگەلەکەی قەراغ ئاوایی بەڕووتی دەردەچوویت و هەر بە تەڕییەوە لەسەر خۆڵە پەتانییەکەی ڕێگاکە ڕادەکشاین ئاهـ بۆنێکی سەیر ئەو ناوەی دەتەنی! جا ئەمانە، کە پەیدا دەبن لەو جۆرە بۆنە پەخش دەکەنەوە.

بەیانییەکیان هەر لەبەر دەرگای حەوشەکەماندا، یەك دوو گلۆڵە ئاوریشمی سپی و یەك دوو چنگ پەمووی پەڕەکراو، بە بەرچاومەوە بەئەسپایی نیشتنەوە و بەو ناوەدا بڵاوەیان لێ کرد... لەبەر خۆمەوە وتم: دەبێ بۆ کوێ بچن؟!... من سەرسام بووم، هەموو کاتێکیش کە دەیانبینم لە خۆم دەپرسم: تۆ بڵێی خەڵکەکەش وەکو من بیانبینن؟ بیرمە جارێکیان ئاوا جریواندی: «ئێمە شەو و ڕۆژمان بۆ نییە... بەئارەزووی خۆمان یاری بەشوێن و کات دەکەین، لە کاتی خەوتندا بێ یان ساتەکانی ئاگایی، دەتوانین خۆمان

پیشان بدەین، یان ئەوانەی خۆمان دەمانەوێ بمانبینن دەمانبینن» ویستم پێی بڵێم: «دەبا دایکیشت ئاگادار بکەینەوە...»

وتی: «من هێدی هێدی خۆمی لێ نزیك دەکەمەوە، دڵم نایەت دایچڵەکێنم، بەبۆنەی منەوە گەلێ ئازاری چەشتووە، با لەوە زیاتر ئازاری نەدەم... ئێمە لە مەودوا ژیان لەو درك و پەیکۆڵانە ئاڵۆز دەکەین کە کاتی خۆی ڕۆحی ئاوریشمینی ئێمەیان ئاڵۆزاند... ئێمە سێبەری سپین، وەکو خۆت ناوت لێناوین ئاوریشمە سپییەکان و لۆکەی پەڕەکراو و مێزەری مەلا... لە ڕۆح و ویژدانی هەندێ کەس دەئاڵێین، توند ویژدانیان دەجەڕێنین.

ویستم ئەوە بڵێم ئێمە ناترسین با بمانبینن، ئێمە خۆمان بەرەبەرە دەچینە لایان تا ژیانیان لێ هەراسان دەکەین... جەستە دەڕزێ و لەناو دەچێ، بەڵام ئێمە ڕۆحین، ڕۆحێکی بێ گەرد... جەوریان لێ کردووین، ئەوەش جەوری لێ بکرێت بەهێز دەبێت.

ئێمە دەمانەوێت ژیان لەو پەیکەرە بەرینانە، لەو داشی دامە بێ ڕۆحانە شێلوو بکەین... ئەم نیشتمانە خەریکە دەبێتە نیشتمانی پیاوە لووت بەرزە دەسڕۆکان... نیشتمانی کاربەدەستە تڕزلەکان... ئەوانەش کە لەگەڵ ئێمەدا بوون و ڕێکەوت نەهاڕان لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە دوای عارەبانە دەستییەکانەوە دەڕەمن، یا لە چاپخانەکاندا ڕەمڵ لێدەدەن... ئێوە تەماشای هاتوچۆیان مەکەن.

ئەوانە بورغییەکی ژەنگ گرتووی ئەوسا و ئێستان. ژیان لەوانە تاڵ دەکەین کە لە نزیك و دوورەوە دەستیان هەبوو لەوەی کە ئێمەیان بەقورگی ئەو ئامێرە ترسناکەدا کردو هاڕیمانی، دەبێ ئەوەش بزانن تا ئێستاش هەر دەمی کردووەتەوە... ئەوانەی لە مردنی ئێمەدا چۆپییان گرت و ئێستاش بەری ڕەنجی ئێمە دادەماشن، نەتبینیوە کە پاڕووە چەورەکانیان دەجوون لە لا لغاوەیاندا خوێن دێتە خوارەوە نابینی؟! تۆ جلە بریقەدارەکانیان بگوشە، خوێنیان لێ دەچۆڕێ...! گڤەی ئوتۆمبێلەکانیان خرمە و قرچەی ئێسکی ئێمەمانانە ورد و خاش دەبێ... بۆچی ئێوە ئەمە نازانن؟!... تۆ تەماشاکە چۆن بەهاتنی سێبەرە سپییەکان زەندەقیان چووە، هەواڵی هاتنی ئێمە ڕەنگی پێ نەهێشتوون... ئەوە یەکێکیان هات، دە تۆ هیچ مەکە هەر گوێی بۆ شل بکە و هیچی تر... بەرە بەرە نزیك بووەوە، ترس و شپرزەیی لێ دەتکا، بێ ئەوەی لێی بپرسم، خۆی دەستی بە ڕشانەوە کرد: «هاتووم چارەیەکم بکەی... من دەزانم هەموو کردەوەکانی خۆمە و بەرپێم دەگرن... من خێزانێکم لە شیرین خەودا ئاگردا بۆ ئەوەی بیانگرم و بەدەستیانەوە

بدەم!! بۆیە ئەو تارماییە سپییانە خەویان لێ حەرام کردووم، تۆ قەت، سێبەری سپیت بینیوە؟ دە ئەو سێبەرە سپییانە کە هەر لە کەفێکی زیوین دەچن و دواجاریش دەبنە بنیادەمێکی ئاسایی، ناهێڵن، هەر هیچ ناهێڵن بخەوم، من کە ئێستا باسیان دەکەم موچڕکی ترس جەستەم دادەگرێت... بەئاستەم لە ئاسمان دادەبەزن، من ئیتر لە جووڵە دەکەوم، دەبمە پەیکەرێك لە بەرد، تەنیا هەناسەکەم دێت و دەچێ... هەر من بەتەنیا نەمبینیون، ئەو کابرایە دەناسی کە تاقانەکەی پوورە حەلیمەی لە ئەشکەوتەکە دەرهێنا؟. دوێنێ هاتبووە بن دەستمەوە وتی: «شتێکت بۆ دەگێڕمەوە بۆ کەسی باس نەکەیت. تارمایی سپی پەیدا بووە... بۆ کوێ بڕۆین؟.

هەموو شەوێك گۆڕەوشارم دەدەن. وام لێهاتووە حەز ناکەم بخەوم، خەوم لە خۆم زڕاندووە، نابینی چیم لێهاتووە؟ چاوم بووەتە دوو گۆل خوێن... هەر ئەوەندە چاوم لێك دەنێم لێم دەئاڵێن. وەك پووشێك بۆ حەلحەلەی ئاسمانم دەبەن، لەپڕ بەو بانەوە دەستم لێ بەردەدەن، ئیتر دێمە خوارەوە، پڕ بەدڵ حەز دەکەم بکەومە سەر تاوێرو گا بەرد، بەسەر لەتە شووشە و پارچە تەنەکەی ڕەنگاوی، تەنیا ئەو هاتنە خوارەوەیە نەبینم، کەچی هەر بەردەوام دێمە خوارەوە، من لە هاتنە خوارەوە زۆر دەترسم، ئێستا کە بۆ تۆ دەدوێم، هەر بەرەوخوار دەچم، ترسی ئەو هاتنە خوارەوەیەم لە کەوتن بەسەر گوێزاندا پێ سەختترە».
هەر ئەوەندەی وت و ڕۆیشت، لەسەر یەکە بەملاو بەولادا ئاوڕی دەدایەوە... بەهاتن و پەیدابوونی ئەو سێبەرە سپییانە، خەڵکانێکی زۆر ئومێد لە دڵیاندا چرۆی کردووە.

زۆریش شپرزە بوون، بەتایبەتی ئەوانەی لە پڕێکدا لە خۆشیان سەرسامی ئەوەن چۆن و چی سیحرێك وای کردووە بەری ڕەنجی ئەوانە بۆ ئەمان بێ... بەڵام ئەوەی زۆر گەشابوونەتەوە، هەموو پوورە حەلیمەکان و منداڵە ئێسك سووکەکان بوون، کە دەمزانی هەموو ڕۆژێ یەکتر دەبینن...

ئاداری٢٠٠٠ دووز

# گورگی ڕەش و گورگی بۆز و گورگی شین

«خۆزی یەکێك دەبوو، بە کامی دڵ. گوێی بۆ شل دەکردم، تا لە ئەگەری هەڵکردنی گێژەڵووکەیەکم ئاگادار دەکردەوە...».

نازانم بە کێ بڵێم و چۆنی بسەلمێنم ڕووشی ئەمجارە لەگەڵ ئەو بەڵاو کارەساتانەی لەمەوپێش بەراورد ناکرێ. بڕواش ناکەم هەر من دەرکم بەو مەترسییە کردبێ یا هەڵکردنی کێژەڵووکەیەکی لەم جۆرە هەر لە خەیاڵ و ختوورەی مندا بێ... هەر کە دەکەوێتەوە بیرم و دیمەنی ئەو ساتانە دێتە بەرچاوم، تەزوویەکی ساردم پێدا دەکەوێ. دڵنیام کەسانێکی تریش، هەڵکردنی گێژەڵەیەکی ئاوایان لێ بووەتە بار و مۆتەکە، ئەی بۆ کەس بەدەنگێکی زوڵاڵ ئەو مەترسییە ڕاناگەیەنێت... هەر دوێنێ بوو، لە قەراغ شەقامەکەدا چاوەڕێی یەکێکم دەکرد. بەتەنیشتمەوە دوو کەس بەهێمنی بۆ یەك دەدوان... گوێم لێ ڕانەگرتن، بەڵام دەمبیست چی دەڵێن، زۆرم پێ سەیر بوو، یەکێکیان ئاوا دەدوا:

«ئاگر لە جیاتی «با» هەڵدەکا

(هیچ ڕێگایەك ناتباتە بانە)

(ڕووبارەکان خوێنن، شەپۆڵ دەدەن)

(ڕێگاکانیش دەتوێنەوە).

.........................»

بە من وا دەهات باس لە مەترسییەکەی من دەکەن!!

بە تیلەی چاو تەماشام کردن، ئەوەی گوێی شل کردبوو، ڕەنگی بزڕکا، بەئەسپایی، وەك بۆ خۆی بدوێ و بێ ئەوەی تەماشای بکات:

«ئەمەی تۆ دەیڵێی ڕۆژی قیامەتە....!!».

سەیرە... پێش ئەوەی گوێم لەو دووانەش بێ، هەموو شەوێ بەدەم غایلە و خەیاڵاتەوە کە وەنەوز دەمباتەوە، دەچمە ناو دیمەنێکی ئاواوە. کتومت لە قسەکانی ئەم کابرایە دەچێ... هەمدیس دەبینم کاکی بەکاکییەکەی لای خۆمان... هەمیسان کەسی تێدا نەماوە، لە ناو خەونەکەدا خۆم بەخۆم دەڵێم: «ئەم کارەساتە ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ڕووی داوە، بۆ ئێستا دەیبینم»... لەپڕ ئەو جۆگەلەو ڕووبارە وشکانە لرفەی خوێنیان پێدا دێ.

«با» که دەبێ بە گڕ، هەرچی هەناسە هەڵدەمژێ گڕ دەگرێ!... دوانەکەی تەنیشتم، وەك من چاوەڕوانن، ورتەیان لەخۆ بڕیوە، هەست دەکەم، ترسێکی سارد ناخیانی تەزاندووە... من ئەم ترس و بیمە لە ڕوانینی خەڵکانێکی زۆر دەبینم، زیاتر نهێنی و شارەزایی ترسەکە گێژی کردوون... تۆ بڕوانە... ڕوانینەکانیان، لە ڕوانینی باڵندەیەکی بەتەپکەوەبوو دەچێ، لە ئاستێکدا ئۆقرە ناگرێ... ترس ... ترس ماڵی کردووە لە دڵیاندا دڵەڕاوکێ کنەیان لێ دەکا.

تاك و تەراش هەن، دەچنە بن دەستی یەکترەوە دەپرسن: ئەگەر ئاهەنگی خوێن دەستی پێکرد چی بکەین!!...

هاوڕێیەکم کە ساڵانێکی دوور و درێژ خەریکی ئەوەیە کارەسات و خەونەکان دەکا بە حەکایەت، ڕووم لێ نا: «خۆزی یەکێك دەبوو هەر نەبوایە گوێی لەو خەونە ئاجرویاجرانەم دەگرت کە شەو نییە نەیانبینم... من بەخێریان لێك نادەمەوە...»

«قوربان هەر ئەوەیە کە باسی لێوە دەکەی... هەر بەتەنیاش نیت ئەم خەمەت لە کۆڵ نابێ...»

لەم زەمانی بێ دەنگییەدا دەنگکردن بە وڕێنە دەژمێررێ، ئەگەر پێشتر گوێمان لە ئەگەری ڕوودانی مەترسییەکان بگرتبایە کارەساتەکانیش کەم دەبوونەوە... نزیکەی نیو سەدەیەکیش لەمەوبەر، شاعیرێکی سۆفی مەشرەب، لە کونجێکی تاریکی (ئیمام قاسم) بەتەنیا ژیا و بەتەنیاش مرد... ئەویش ئاوا ساڵانێکی تەمەن خەمێکی گەورەی لە کۆڵ نابوو، لە گێژەڵووکەیەکی بێ ئامان دەترسا لە ناکاودا هەڵکا، ئەویش تامرد بەدوای یەکێکیدا دەگەڕا ختوورە ترسناکەکانی خۆی بۆ بلێ و ئاشکرای کا، بەڵام لە شەوێکی گەرمای هاوینی ئەو شارەدا بۆنی خوێن و نەوتی شار خنکاندی...»

«لێرەدا لە خەونە ئاجرویاجرەکانی من دەچێ...»

«... بەڵێ خوێن و نەوت شاری خنکاندن و چۆڵ و هەراسانی کرد... ئا لەو شەوەدا، کاتێك مانگ لەو دیو (قەڵاوە) ئاوابوو، ئەمیش ماڵئاوایی کرد، مەترسییەکەشی لەسەر پارچە کاغەزێك لە ژووری سەریەوە دانرابوو...

ئەو باسی ئەو ئەو گێژەڵووکە و ئاگر و ماگری نەکردبوو ئاوای نووسیبوو:

«گورگە بۆز و گورگە شین و گورگە ڕەش چووەتە مەڵاس) ئێستاش ئەو «گورگانە» هەر لە مەڵاسدان هەمیشە دەمیان داپچڕیوە، کەڵبەمان لێ دەسوون تامەزرۆی خوێنی ئێمەن،

نابینی لیك بەلالغاوەیاندا چۆڕاوگەی بەستووە، زبانیان هەر لە کێردێکی ئاسنی داخبوو دەچێ، مرخیان لێمان خۆش کردووە.

تۆ مەترسییەکە لە ڕوانینەکاندا دەبینی لە ڕەنگی بزرکاویاندا دیارە، من لە گەمژەیی هەندێك و لە بێ دەربەست بوون و کەم تەرخەمی هەندێکی تردا دەیبینم.

«ئەوەتا تۆش خەمی هەڵکردنی گێژەڵووکەکەو مەترسییەکەیت لە کۆڵ ناوە...».

«دە باشە من گوێت لێ دەگرم بۆ منی بگێڕەوە... دەبمە تەتەر بۆ دار و بەردی ئەم پێدەشتەی دەگێڕمەوە، دەبمە تیترواسکەی ئەو دەشتە کاکی بەکاکییەی لای خۆمان و دێ بەدێ هەر دەزریکێنم تا مەترسییەکەیان پێ ڕادەگەیەنم... بۆ دار و بەردی ئەو ناوانەی دەگێڕمەوە... بۆ خاك و خۆڵ و زیخ و تاوێر و کەسەگڵی دەگێڕمەوە، مادام دەڵێی کەسم دەست ناکەوێ، بۆ منی بێژە، پێت سەیر نەبێ کە دەڵێم بۆ بەرد و تاوێرەکانی هەڵدەڕێژم... من ڕووداو و کارەساتە دڵتەزێنەکانی لەمەوبەری خۆمانم لەوانەوەی گوێ لێ بووە!!... بڕوا ناکەی؟!

حەز دەکەی خۆت بچۆوە ئەو پێدەشتە، من بۆ خۆم زۆر جارم تاقی کردۆتەوە... سەردەمانێك لەمەوبەر بوو... مەبەستم ئەو ڕۆژە شوومانەیە کە ئەو بنارەی لای خۆمان قەرەی تێدا نەمابوو، ئەویش لە پاش ئەو گێژەڵووکەیە کە هەڵی کرد و دار و بنجکی لە ڕەگەوە دەرهێنا...

سەرم دەخستە سەر خشت و دار و پەردووی ماڵە خاپوور کراوەکانەوە، گوێم لە هاوار و نرکە و قیژەی ئافرەت و منداڵ دەبوو، بەرگەی ئەو قیژە و گریانەم نەدەگرت، سەرم لەسەر خشت و خۆڵەکە بەرز دەکردەوە، هەستم دەکرد، ڕوومەتم تەڕە... نەمدەزانی فرمێسکی گریانی ئەو منداڵ و ئافرەتانە بوون یان من خۆم بووم دەگریام...

کە بەمن بڕوا ناکەی، خۆت بچۆ گوێ لە تاوێرێکەوە بنێ، گوێ بنێ بەپنچگێکەوە. بزانە چی دەژنەوی، لە کەندرێکدا پاڵ بکەوە، سەر بنێ بەسەر زەوییەکەوە، پێت دەڵێ چەند کەسی تێدا زیندە بەگۆڕ کراوە.

خۆت ئەگەر بێت و عەشقێکی دەروێشانەت لەگەڵ شوێن و کەسەکانیدا هەبوو، ئەوا نەك هەر گوێت لە دەنگەکان دەبێت، لەوانەیە بەچاویش دیمەنەکان ببینی!!. گرنگیش نییە، کەی لە چی ساڵێکدا ڕوویان داوە، هەر دێتە بەرچاو... هەموو ئەو خەلیفە و شا و سوڵتانانە دەبینی کە تینوویەتییان بە خوێنی ئێمە شکاند.

ئەو جەندرمە ئەرتەش و سەربازە شیرو ڕەخش و ڕم و پاچ بەدەستانە بە بەرچاوتەوە دێن و دەچن، دەبینی کچە جوان و سەنگینەکانیان پێش خۆیان داون... وا پیرەژنێك دەپاڕێتەوە تاقانەکەی نەکوژن... هەموو ئەو مەنجەنیق و تانك و فڕۆکانە دێنە بەرچاو، گەر بەڕوونی و ئاشکراش نەیانبینی ئەوا وەك لە نزیکتەوە بن، گرمە و ناڵە و زرمەیانت دێتە بەرگوێ...».

«ناڵێم... ئەوەتا تۆش وەکو من دەڕوانیتە مەترسییەکە، دەزانی ئەوانەی لەودیو کێوی قاف و سەحرای بەڵخ و سەمەرقەند و لە پشتی چیای جوودەوە هاتبن یان لەم بن دەستەوە بێن، یەك کاریان ئەنجام داوە... ئەوانەی دوو تۆنێلە نهێنییەکەی ناو قەڵای «ئەرابخا»یان لە خوێنی دانیشتووانەکەی پڕکرد، چ فەرقیان هەبوو لەگەڵ ئەوانەی هاتن و لەناو ئاتەشکەدەکانی خۆماندا سووتاندنیانین؟ یا کتومت ئەوانە نین کچە جوان و سەنگینەکانی ناو قەڵا و دەوروبەری و ئاواییەکانی ئەو پێدەشتانەین بەزۆر جارێك سواری گالیسکەکانی نارامسین و جارێك سواری «زیلەکانی» سوپای «سەرکەوتوویان» کردن؟...».

«دە باشە... ئەگەر ناتەوێ بێی بۆ منی بگێڕیتەوە، ئەوا لەبەر خۆتەوە بیڵێ... ئەو کاتە «با» بۆ ڕەدو دوندی دەبا، ڕوو دەچێتە کەندڕ و درزی خاکەوە، بە  بنجك و تاوێر و بەردەوە وتەکانت دەلکێن، ون نابن، نافەوتێن...

کاتێك نەوەیەك پەیدابوون فێری گوێگرتن بوون لە خاك، گوێیان بۆ خاك ڕادا ئەو کاتە مسۆگەر دەرك بە مەترسییەکانیش دەکرێ، سڵ لەوانە دەکەینەوە کە خۆیان بۆمان مەڵاس داوە»

«ئەمانە کە تۆ باسیان دەکەیت. بوونەتە دیرۆك و بیری کەم کەسی ئەو ڕۆژگارە دەکەون، ئەگەر بەهەند وەربگیرایەن مەترسییەکانیش کەمتر دەبوونەوە... تۆ بۆ باسی ئەمڕۆ ناکەی؟ وا «ننکال» و «ننورتا» و «ئەهریمەن» خواوەندی شەڕ و کوشتن و وێرانی لە دەوروبەرماندان... من دەزانم لە نەدرکاندنی ڕاستییەکاندا مانگ دەتۆرێ، پەپوولەکان بەکۆمەڵ سەری خۆیان هەڵدەگرن، ڕۆحە سپییەکانمان لێ زیزن... وا کەسێك نییە گوێم بۆ ڕادا، دەبا هەر نەبێ بارخ دیمەنە ترسێنەرەکانی دوێنێ نزیك لە بیر نەکەن... دڵدانەوە دڵنیایی نییە... دیمەنەکان زۆرن، یەك دووانیان نموونەی خەروارێکە... حەشاماتێکی زۆر ڕیز کراون، لە لێوار چاڵێکی نیو مەتری وەستێنراون، لەوسەرەوە تەقە دەست پێ

دەكات، هەر تەقەو یەكێك... كوێرە دێیەك تەنیا پازدە لاوی تێدایە لەناو كەندڕێكدا تەنیا دەستڕێژێكیان لێ دەكرێ.

لەناو زیندانێكدا، كچێكی جوان، سێ حەیتە ڕووتی دەكەنەوە.

ئاوا هەندێك لەو مەترسییانەم لەلای تۆ دركاند... زۆری دیكەی ماوە، بەڵام با جارێ هەر ئەوەندە بەس بێ...*

ئاداری ٢٠٠١ هەولێر

# عەبۆ ئیتاڵی

# عەبۆ ئیتالی

من بۆ دەمەوێ کرێ ئەم نووسینە خواروخێچەی سەر ئەم دیوارە بۆر و پەڵە پەڵەیە هەڵگرم؟! بۆ و بە چی هەقێك کەوتوومەتە دووی نهێنی ئەم نووسینە، کە نهێنی کەسێکە ناوی «عەبۆ ئیتالی» لە خۆی ناوە، کە ڕەنگە «عەبۆ»ی ناو نەبێ... دەبێ نووسینێکی وا چ نهێنییەکی تێدا بێ، یاخود چ حیکمەتێکی تێدایە؟ تێیدایە؟!... هەر کاتێ بەوێدا تێپەڕیوم ئەو نووسینە خواروخێچەی سەر ئەو دیوارە بۆر و پەڵە پەڵەیەم دیبێ، لەگەڵ خۆمدا کەوتوومەتە ئەو بگرە و بەردەیە، نەمدەتوانی بەوێدا تێپەڕم و تەماشایەکی نەکەم، خۆم پێ قایل نەدەکرا خۆمی لێ نەبان بکەم، ئەمەش یەکێکە لەو هەزاران نووسین و هێڵ و خەت خەتۆکانەی کە لەسەر دیوارەکانی ئەم شارەدایە... نەء... نهێنییەکی تێدایە، حەکایەتێکی لە پشتەوەیە، هەموو شتێکی ئەم دنیایە نهێنی خۆی هەیە و حەکایەتێکی لە دواوەیە... ئەم شارە سحراوی و جەنجاڵە، ئەوەی لە شارەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە: ڕووداوە سەیر و سەمەرەکانی، ڕووداوە سەرسووڕهێنەر و پڕ مەترسییەکانی، ئەو ڕووداوانەی هەر بەبیستنیان پیاو زەندەقی دەچێ، منداڵانی ناو بێشکە پیر دەکەن، تومەز دەستێك، دەستی خێوێك، هێزێکی نادیار نایەوێ ئەو حەکایەتە، نهێنی ئەو ڕووداوانە بەر گوێی خەڵکی شار بکەون پەردەپۆش دەکرێن، دەڵێی ئاسمان ئەو حەکایەت و نهێنییانە هەڵدەلووشێ و زەوی قووتیان دەدا، وا دەزانرێ دنیا شامی شەریفە و هیچ ڕووی نەداوە و چ نهێنییەکیش لە ئارادا نییە... دەڵێن هەر لە دروستکردنی ئەم شارەوە ئەم نەفرەتەی بەرکەوتووە، هەندێك وا دەزانن ئەمە بەخشندەیەکی خواوەندەکانە و لە قازانجی شاردایە و مایەی فەڕ و ئارامییە... جا بۆیە کە ڕووداوەکان هیچ کاتێ وەکو خۆیان نابیسترێن، دەڵێن گوایە حەکایەت و نهێنی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە دەخرێنە ژێر قورسایی قەڵاکەی شارەوە تا کەس دەستیان پێ نەگا و ڕێگە لە دزەکردنی نهێنییەکان و بڵاوبوونەوەیان بگیرێ... من لە بەرچاومە، قەڵا بە قەڵایەتی خۆشیەوە ئەو هەموو نهێنییانەی پێ قووت نادرێ و بۆ هەڵناگیرێ و تا سەریش پێی ناشارڕێتەوە...

ئەم حەمکە حەکایەتە سەرسووڕهێنەرانەی چۆن پێ گل دەدرێتەوە!!... هاکا لە نیوەشەوێکی زوڵماتدا لەپڕێکدا پەوو و ئێقی کرد و یەك بەیەکی ئەو نهێنییە کۆن و نوێیانە لە ژێرابەکانەوە دەرپەڕینە ناو شار، جا ئەو کاتە کێ بەری لێ دەگرێ؟ کێ

دەتوانێ خۆی لەبەر ئەو بۆگەنە ڕابگرێ؟ خۆ من لێرەدا بەنیازی دەستێوەردانی ئەو نهێنییانەی ژێر قەڵاکە نیم کە ڕۆژێك دێ بۆگەنیوی دانیشتوانی شار بێزار دەکا و دەڵێن: ئێمە چ بێ ئاگا بووین، ئێمە لە گوێی گادا نووستبووین... من ناکەومە دووی ئەو حەکایەتانەوە کە دەستی خێو و جنۆکە خستوویانەتە ژێر قورسایی قەڵاوە، تەنها دەکەومە دووی ئەو دوو وشەیەی سەر ئەو دیوارە پەڵە پەڵە چڵکنەوە، دیواری ماڵێك لە ناو کۆڵانێکی ئەم شارەدایە... بۆ خۆم ناوم لێ ناوە کۆڵانی نووسینەکە. هەندێ جاریش بۆ زیاتر گرنگیدان بەنووسینەکە کردوومە بە کۆڵانی عەبۆ ئیتالی. لە دەروازەی کۆڵانەکە ڕاوەستی و چاو هەڵخەی لە کۆتایی کۆڵانەکە کەمێ بەولاوە نیوەی تاقێکی پردێك دەبینی، لێرەوە هیچت بۆ لێك جیا ناکرێتەوە ئەوەندە دەزانی ئەوی ئاپوورە و جەنجاڵە. بەدرێژایی کۆڵانەکە نە دەرگای حەوشەی ماڵەکانی ئەمبەر و ئەوبەری نە دیواری حەوشەکانیان نە لەیەك دەچن و نە لە یەك ئاستدان، ماڵەکان لە دروستکردنیاندا پەلە پەلی و ناقۆڵاییان پێوە دیارە، تەنها خانووی بەرچاویی کۆڵانەکە کەوتۆتە بەرامبەر نووسینی قەد دیوارەکەوە، دوو پەنجەرەی شووشەبەند کە بەپەردەی شین داپۆشراون لە ئاستی نووسینەکەدان... «ئێستاش دەکرێ خۆت لەم نووسینە هەڵمەقورتێنە و لە بیری بکە، دەتوانی هەر بەکۆڵانەکەشدا گوزەر نەکەی...» ئەمەم گەلێ جار لەبەر خۆوە گوتووە، گەلێ جاریش لە گەرمەی ئیشوکاری خۆمدا ئەو کۆڵان و نووسینەم دەکەوتە زەین. هەر بۆ خۆدزینەوە و لە بیربردنەوەی دەڵێم: «واز بێنە دەبا نهێنی و چیرۆکی ئەم نووسینەش وەك ئەوانی تر پەردەپۆش بکرێ، ئەمیشیان چون ئەو ڕووداو و شتە سەیر و سەمەرانەی ئەم شارە قورسایی قەڵایان بەسەردا بدرێ... با...». ئەوجا کە لەوە زیاتری بۆ پەردەپۆش نەکرا، نهێنی ئەمەش لە زێرابەکانەوە بەشاردا بڵاو دەبێتەوە...

ئەمڕۆ کە خۆم بەکۆڵانەکەدا کرد، ویستم بەبن دیوارەکەدا بڕۆم، تا لە نزیکترەوە نووسینەکە ببینم. گەیشتمە ئاستی نووسینەکە، هەنگاوەکانم خاوتر کردەوە، بەوردی دیققەتی نووسینەکەم دا...«عەبۆ ئیتالی» نووکی پیتی عەینەکە کەمێ کاڵ ببووەوە، کاڵ نەبووەوە بۆیەی سپی بوو... وتم ڕەنگە لە پێشدا نیازی بووبێ بە بۆیەی سپی بینووسێ، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بووبێ نەیکردووە و بۆیەی ڕەشی بەکارهێناوە... کێ وای کردووە؟! کێ دەڵێ عەبۆ نووسیویەتی؟... بەڵام من هەر بەئیشی ئەوی دەزانم و هەر بیریشم بۆ «عەبۆ» خۆی دەچی... بۆ نەء، ڕۆژانێکی دوورودرێژ خەونی بە سەفەرێکەوە بینیوە... بەخۆم زانی وەستاوم و ڕووم لە نووسینەکە کردووە، گورج هاتمەوە خۆم و

ئاوڕم دایەوە، کەس تەماشای نەدەکردم، تەنها منداڵێك بەپێوە وەستابوو میزی دەکرد... چاوم بۆ سەربانی خانووەکە هەڵخست، ئا لەو بانە شەوانی هاوین حەزەکانی بۆ ئەستێرەکان درکاندووە و پلانی سەفەری داڕشتووە تا خەو بردوویەتەوە. ڕۆژانەش زیندەخەونەکانی قەناعەتی پێ هێناوە وەك بەرزەکی بانان خۆی لە ئیتالیا بینیوەتەوە. «عەبۆ ئیتالی»یش هەر قابیلی خۆیەتی و لە خۆی دەنیشێ. زۆرتریش من وای بۆ دەچم، کاتێ دوا بڕیار دەدا بەیانی وادەی کۆچە و بۆ یەکجارەکی – کێ دەڵێ پلانی بۆ سەردانیشی دانەناوە؟ – سەری خۆی هەڵدەگرێ، شەوەکەی هاتووە و ئەمەی نووسیوە... «چ بێهوودەییەکە ئەوانەی لە دوای خۆیانەوە ئاسەوارێك بەجێ ناهێڵن...». ئەی لەمە ئاسەوار بەجێهێشتن باشتر دەبێ؟... لەم کاتەدا پەنجەرە شووشەبەندەکەی بەرامبەر، بیرمی بۆ لایەکی کە برد... کێ دەڵێ ئەمەی وەك یادەوەرییەك بە دیاری نەکردبێ بۆ کچی پشت پەردە شینەکە؟... «عەبۆ» لەبەر خۆیەوە وای گوتووە: «با هەر دەرچوونێکی بەر دەرگای یا هەر تەماشاکردنێکی لەودیو پەنجەرەوە منی بیر بکەوێتەوە و ئاهێکی پێ هەڵکێشم». دەیهێنمە بەرچاوی خەیاڵ، عەبۆ وا فرچەکەی بەدەستەوەیە، ڕاوەستاوە و نانووسێ... تەماشایەکی پەنجەرەکە دەکات، بینی گیراوە و چاوی تەڕ بووە، هیچ ناڵێ، هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ و ئاوڕ دەداتەوە لای دیوارەکە و دەستی دادەگرێ، ئەوەی سەر دیوارەکە بۆ شارێ بەجێ دێڵێ...

هەنگاوێ، دوو، سێ. لە پێش دووکانێکی چکۆلە ڕادەوەستم، جگەرە کڕین دەکەمە بەهانە، بەئەنقەست لەگەڵ دووکاندارەکە دەدوێم و چاوم دەبڕمە نووسینەکە، هەر بەئەنقەست نووسینەکە دەخوێنمەوە، بەدەنگێ ئەو گوێی لێ بێ: «عەبـ بـ ۆ ئـ یـ تالـ ی ی» ئیتر ئەو وەك فرسەتێکی بۆ هەڵکەوتبێ، یا چاوەڕێی شتێکی وا بێ:

«ئای عەبۆ ۆ ۆ». وای گوت.

«بۆ...؟» نەیهێشت بزانێ چی دەڵێم و پرسیارەکەم تەواو بکەم...

«چاکی کرد،... خوێندەوارێکی زیرەك، ساڵانێك چاوەڕێی کرد کارێکی دەست بکەوێت... چاکی کرد...».

نیازم بوو بپرسم: کێ ئەمەی نووسیوە؟ نەمپرسی. بەڵام من هەر بۆ ئەوە دەچم کاری خۆی بێ... دەبێ لەو کاتەی ئەمەی نووسیوە بێجگە لە کچی پشت پەردە شینەکە بیری لە چی کردبێتەوە؟ جۆری نووسین و دەسخەت هەندێ لایەنی کەسایەتی دەردەخەن، بۆیە

بەوردبوونەوە لە نووسینەکە هەندێ شتم لێ هەڵکڕاند: لەو کاتەدا ڕقێکی پیرۆز لە ناخیا هەڵایساوە، ویستوویەتی هەرچی پێچ و ئازاری کەڵەکەبووی ئەو چەند ساڵەی هەیە لەو نووسینەدا لەو دوو وشەیەدا کۆ بکاتەوە و بە ڕووی کۆڵانە شێدار و شارە بێ دەنگەکەیدا بدات. لە ڕقی تەزینی دەست و پێی بەتوانای و بێزاری بن دیوارانیدا، وتوویەتی وەکو ئەم نووسینە دەچمە نێو گلێنەی چاوی هەمووتانەوە بۆ ئەوەی ئیتر نەتانبینم... خۆ دەشێتیش، عیشقێك، حەزێکی سەوزی قەرسیل ئاسا لەو لەحزەیەدا ئاوێتەی یەك بوون، ئیتر ئەمەی کردۆتە نامەیەك و لێرە هەڵیواسیوە. کاتێك زانیویەتی دەنگی بەکەس ناگات، زانیویەتی ئەم شارە لێی ناپرسێت ئیتر هەر ئەوەندەی پێ کراوە و لە دەست هاتووە، هاوارێکە بەڵام نازانم هاواری نائومێدییە یا بەگژداچوون و هەڕەشە... من بۆ ئەوە ناچم وڕێنەیەکی هەرزەکارانە و سارد و کاڵفامانە بێ، کە هیچی پێ نەکراوە و ئۆقرەی لێ بڕاوە، ئەو کاتە بەدڵەڕاوکێ و ترسەوە کە لە نێوان پەشیمانبوونەوە و هەنگاوناندا موویەکیان لە نێواندا بووە و ئەوەی نووسیوە..

سیناریۆیەکی دیکەش لە ئارادایە: دەستی دایکی ماچ کردووە، ئەویش بەسنگەوەی نووساندووە و ئەملا و ئەولای ماچ کردووە، کە هەستی کردووە گۆنای تەڕ بووە، وتوویەتی: دایە مەگری... ئەمجا هاتۆتە کۆڵان، چاوی بڕیوەتە ئەو پەنجەرەیەی کە پەردەیەکی شینی پیادا هەڵواسراوە. گوێی بەکەس نەداوە، کەسێکی ئەم شارەی لە ڕقاندا بەمێروولەش نەزانیوە، ئینجا بە خەتێکی گێڕ و گەواج – کەمێ پەلەکردنیشی پێوە دیارە – نووسیویەتی «عەبۆ ئیتالی»... «بۆچی عەبۆ دەیزانی و لای مسۆگەر بوو دەگاتە ئیتالیا»؟!... زیاتر ڕووی پرسیارەکەم لە خۆم کرد هەنگاوێك لە دووکانەکە دوورکەوتمەوە، گوێم لێ بوو وتی: «چەند جارێ عەبۆ لای من دەیگوت: یا دەگەمە ئەوێ، یا سەری خۆم دادەنێم...». من دەزانم دابڕان و دوورکەوتنەوە لە زێدی خۆت، تا لەو کۆڵانەی یادەوەریت تیادا هەیە ئەستەمە، تۆ بڵێی لەو کاتە ناسکەی دابڕان و خواحافیزییە ئەو نووسینە تەسەللایەکی پێ بەخشیبێ، کەمێ باری سووك کردبێ؟ یان گەیشتۆتە تینی و ئیتر زانیویەتی هەموو ڕێگاکانی لێ بنبەست بووە و دنیای لێ هاتۆتە یەك، ئیتر زەینی لەمە زیاتر بۆ هیچ شتێکی دیکە نەچووە، کەسێکیشی لەم شارە جەنجاڵەدا شك نەبردووە بەهاودەردی خۆی بکا، ئیتر پەنای بۆ ئەو نووسینە بردووە... لەولاشەوە سالانێکە خەیاڵی بەربڵاوی بەهەشتێکی بۆی ڕازاندۆتەوە، ئیتر پەنای بۆ ئەو نووسینە بردووە... لەولاشەوە سالانێکە خەیاڵی بەربڵاوی بەهەشتێکی بۆی ڕازاندۆتەوە،

ئیتر نەفرەتی لە کۆڵان و شار کردووە و ئاوا بەهەموو ڕقێکەوە بەبۆیەی ڕەش، ڕەش و زوڵمات وەك ناوەوەی خۆی ڕشتۆتە سەر ئەم دیوارە و ئارام بۆتەوە...

من دەمێکە ئەو نووسینەی سەر ئەو دیوارە بۆر و پەڵە پەڵەیە سەرنجی ڕاکێشاوم، هەموو کاتێکیش بەخۆم گوتووە: مەی ورووژێنە، ڕێز لە نهێنی دار و بەردی ئەم شارە بگرە، ڕۆژێك دێ نهێنییەکان خۆیان ئاشکرا دەبن، ئەوەندەت زانی شار لەبەر بۆگەنیان ورووژا... دەبوایە من هەر لەبەر خاتری عەبۆ – کاکە عەبۆ – سەرقاپی ئەم قازانەم هەڵنەدایەتەوە... وابزانم کاتێ کە لە دووکانەکە بەکاوەخۆ بەڕێ کەوتم، شتێکی وای گوت: «تەنها لای من ئەو باسەی دەکرد. ئەگینا کەس پێی نەدەزانی... دەهات ئا لەوێ دادەنیشت – لەبەر خۆمەوە وتم ڕووی لە پەنجەرەکە دەکرد – ڕەنگی هەڵدەبزرکا، لالغاوەی قەتماغەی دەگرت، من وامدەزانی فێی لێ هاتووە و کەف دەچرێنێ، بێ ئەوەی تەماشام بکات دەیگوت: کاکە ساڵح ئەگەر ناخم وەك ناو سکی ماسی ڕەش هەڵگیرسابێ، گەر ڕۆشناییەك بەدی نەکەم، لە دوورەوە تروسکاییەك نەبینم، ڕووناکی و چراخانی تەلارەکانی پشت ئەو پەرژینانە چ مانایەکیان هەیە، چ دادێك دەدەن... تۆ بڕوانە هەوا لەم بۆشاییە بێ کۆتاییەدا بۆ هەموو مرۆڤێکە، ئەو گوڵانە ڕەزیلی لە بۆنی خۆیان ناکەن بۆ کەس، هاژەی دەریا، چریسکانەوەی جۆگەلە و ڕووبار هەموو بۆ ئەوەیە ڕۆشنایی بخەنە دڵی مرۆڤەکانەوە، بەردەوامی بە ژیان بدەن، پێم سەیرە ئەم تەلار و کۆشکانەی پشت پەرژین و تەلبەندەکان کە تۆ دەیانبینی سەرەڕای ئەو گوڵ و ڕووناکییەی هەیانە نەیانتوانیوە ئاسوودەییەکمان پێ ببەخشن و ناخ و بەرچاوی خۆشیانی پێ ڕووناك بکەنەوە... ئەو ڕووناکییەی ئەوان لە ناویدان، ڕووناکی نییە، درمە، ئەو درمە وەکو مۆرانە کنە لە ڕۆحیان دەکات، ئەوانە خودان ڕۆحێکی مردوون، لەپڕێکیشدا وەك دیوارێکی تلیساوە هەرەس دێنن. عەبۆ ئاوا بیری دەکردەوە بۆیە سەری خۆی هەڵگرت. عەبۆ پێی دەگوتم: من لە ناز و نیعمەت و خۆشی هەڵنایەم، من هیچ خۆشییەك نابینم تا لە دەستی هەڵبێم...».

ئەم قسانەی دوایی دوکاندارەکە کە لە دەمی «عەبۆ»وە گێڕایەوە وای کرد بڕیار بدەم، لە فرسەتێکدا ماڵەکەیان بدۆزمەوە، چونکی ئەمانیش لە دوای عەبۆ لەو گەڕەکە نەمابوون.

کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ هەولێر

# خەونی ناو تەلبەندەکە

هەردووکیان بەدیقەتەوە تەماشا دەکەن، وەك چاوەڕێی شتێکی ئاوا بن. لە پاڵ تەلبەندەکە دانیشتن و بەعەزرەتەوە چاویان لەودیو بڕی، هەر نەبێ ئەو دیمەنەی ئەودیو تەلبەندەکە بۆ چەند ساتێکیش بێ بۆنی هەناسە و ترس و دڵەڕاوکێی ئەو دوو ڕۆژەی ناو ژووره سیخناخەکەیان لە بیر دەردەکات... ئەوەتا دایکەکە منداڵەکەی بۆ میزکردن هێناوەتە ئێرە ئەوەتا دیمەنەکە میزکردنەکەی لە بیر بردۆتەوە... وا دەستە بچووکە لینجەکانی لەسەر کڵاوەی چۆکی داناوە و لەسەر چینچك دانیشتووە، دایکەش قامکەکانی لە تەلبەندەکە گیر کردووە و هەردووك بەجووتە ماقی دیمەنەکە بوون... چەند منداڵێکی بزێو و لاسار تۆپێکیان پێش خۆیان داوە لە مەیدانی ئەودیو تەلبەندەکەدا بەئارەزووی خۆیان تەراتێنی پێ دەکەن. کە دوور کەوتنەوە ئەمیش هەر لە جێگاکەی خۆیەوە بەخەیاڵ و چاو دوویان دەکەوت، قریوە و زریکە و پێکەنینی لەخۆڕای بێ پرس و ترسیان تەلبەندەکەی دەسمی و لە ناخ و مێشك و گوێچکەی ئەمدا دەنگی دەدایەوە چەناگەی لەبەر سەرسامبوونی بوو یا خۆشی داکەوتبوو و دەمی بە نیوە کراوەیی هەروا ماوەتەوە.

تارمایی بزەیەك، شتێك لە خۆشی دەچوو لەسەر گۆنای قەتماغە بەستووی و ڕوومەتیدا مێرووله دەکا. بزە دەیگرێ، هەندێ جار لەگەڵ ئەواندا لەگەڵ تریقانەوەیاندا ئەمیش بەدەنگی بەرز پێدەکەنی، لەگەڵ پێکەنینەکەیدا دوو چاڵ بەقەد نیسکێك لەسەر گۆنای دەردەکەوتن.

هەر کامێکیان لە تۆپەکەی بدایە ئەم لە جێگاکەی خۆیەوە جوولەیەکی بۆ دەکا، دایکەکەش تەنوورێکی هەڵایساوی کەمێ ئەملای منداڵە لاسارەکان گڕی لە ناخی بەرداوە... لەگەڵ هەر زمانە کێشانێکیدا خەونێك وەك ڕەنگی نارنجی و پەمەیی بڵێسەکە لە ناخیدا خەریکە سەر هەڵدەدا...

دوێنێ نە پێرێ بوو، سوارە بەدەم مەمك گوشینەوە بەئاگای هێنا، توند باوەشی لێدا، بەخۆیەوەی گوشی، پێی وت:

– ئەوە چییە هەموو بەیانیانێك فێر بووی ئەم بەزمە دادەمەزرێنی، بەرمدە... درەنگە...

– بۆ پەلەتە؟

– تەنوور دادەخەم... دەبێ نان بکەم... دەستت لابە، مەکە...

لەگەڵ بیرەوەرییەکانیدا تەزوویەکی خۆش، فێنك چون شەماڵی دەمەو بەیانیانی گەرمیان کاتێ لە سەربان بەدەم دەسبازی سوارەوە بەئاگا دەهات، ختۆکەی دەدا، ئاوا بۆ ساتێکی کورت خۆشییەکی لەو جۆرە دایگرت. تەنووری ئەودیو تەلبەندەکە چڕە دووکەڵێکی ڕەش خنکاندی، ئافرەتی تەنیشت تەنوورەکە پەیتا پەیتا بنچك و چیلکەی تێ دەئاخنی، لەپڕ لە لایەکی دەمی تەنوورەکەوە تیلماسکێك ئاگری باریك سەری دەرهێنا و دووکەڵە چڕەکە ڕەنگێکی جوانی بەتیلماسکە ئاگرەکە دابوو، ئەمجا زمانەی کێشا و بەرە بەرە دووکەڵەکەی ڕەواندەوە. یەکێ لە منداڵەکان تۆپەکەی بۆ خۆی قۆرخ کرد، بەرەو تەنوورەکەی هێنا. منداڵەکەی ئەمدیو لە باری چینچکەوە بۆی کەوتە سەر چۆك و قامکەکانی لە تەلبەندەکەوە گیر کرد، بەدەستی خۆی نەبوو ترسا تۆپەکە بکەوێتە ناو تەنوورەکەوە... تازە باوکی لە شارەوە تۆپێکی بۆ هێنابوو، منداڵێکی لاسار جارێکیان ئاوا تۆپەکەی لە دەست دەرکرد.

ئەو ساتانەی بیر کەوتەوە:

– سیروان وا مەکە با پێکەوە یاری بکەین.

– هەر شەقێکی لێ دەدەم و دەتدەمەوە.

وازی نەهێنا تا شەقێکی لێدا و کەوتە ناو تەنوورەکەی دایکییەوە... منداڵەکان فریای کەوتن تۆپەکەیان لە تەنوورەکە دوور خستەوە، ئەوجا ئەمیش هەناسەیەکی خۆشی هەڵکێشا و پەنجەکانی لە تەلبەندەکە هەڵگرت.

دایە... دایە، دایە، دایکی لەبەر حەوشە پانوپۆڕەکەی خۆیان خەریکی تەنوور داخستن بوو لەم کاتەدا، هەر بە جەستە لە پاڵ تەلبەندەکە بوو، گوێی لەم نەبوو... دایە، دایە تۆپەکەم لە ناو چیلکە و ئاومالکەی تەنووربانەکەمانم شاردۆتەوە نایبەن؟... تەنوورەکە دامرکایەوە، لێرەوە دیارە دەیبینێ، لێواری تەنوورەکەی لێوە دیارە، سوور سوور دەیڕوانی، ئافرەتەکە وەستاوە، گوندك دەبڕێ، ئەم چاوی لە دەستی بڕیوە... خۆزی منیش ئاوا خەریکی نانکردن دەبووم و ئاوا تەنوورەکەی خۆمانم داگیرساندبا... دنیا لە بەرچاوی بووە تەندوور و خەریکە ئاگریان دەدا. وا بە هێز بە دەرخۆنەکەدا دەکێشێ دنیا گوێی لێیەتی... با شارا و هەڵم ڕوومەت و پەرچەمم هەڵکڕووزێنن... هەندێ جار سوارە

وشیاری دەکردەوە: هەلاوی تەنوورەکە قژە جوانەکەت هەڵنەکڕووزێنێ وریا بە... زۆر جار خۆی تەشتە هەویرەکەی بۆ دەهێنایە سەر تەنوورەکە... ئەوجا دەستێکی لە مەمکم دەدا، خۆی پێوە دەنووسانم... پێم دەگوت: مەکە... لە حەوشەن. منیش لەو ساتانەدا وەك تەنوورەکە گەرم گەرم دادەهاتم، سوور هەڵدەگەڕام... منداڵە لاسارەکان هەندێ جار تۆپەکەیان تا نزیك تەلبەندەکە دەهێنا، منداڵەکە حەزی دەکرد لەمدیوەوە دەستی بەر تۆپەکە بکەوتایە، جارێك لەو نزیکبوونەوەدا ویستی دەست بۆ تۆپەکە درێژ بکات، تەلبەندەکە ئەوەندە سخ بوو هەردوو قامکی لێ چووە دەرەوە... لە دڵی خۆیدا دەیگوت: حەز دەکەم شەقێکی وای لێدەن لە تەلبەندەکە بەمدیوا بێ. ئەوان ناتوانن و ڕێگەی هاتنە ژوورەوەیان نییە، بۆ خۆم دەیبەمە ژوورەوە... من لە پێش حەوشەی خۆماندا شەقی وام لێ دەدا لە دارتووەکەش بەرزتر دەبووەوە... دایە، دایە تۆپەکەی من کە شەقم لێ دەدا... لەوەتی هاتبوونە لای تەلبەندەکە بۆ یەکەم جار تەماشای دایکی کرد. دایکی چاوی لە تەنوورەکە بڕیبوو، دوو فرمێسك بەئاستەم بەرەو خوار دەکشان، ئەم دڵی گوشرا، بیری کەوتەوە، لە ناو زیلەکەش ئاوای بینی فرمێسك بەچاویا دەهاتە خوارێ، ئەمشەویش هەر فرمێسکی دەڕشت... ئافرەتەکەی ئەودیو تەپ تەپ دەستی بەنانکردن کرد... منیش ئەو بەیانییە ئاوا خەریکی نانکردن بووم، دەوریان داین... منداڵەکان ماندوو بوون، دەستیان لە یاریکردن هەڵگرت. ئافرەتەکە دادەچەمی قلە قلە نانە برژاوەکانی دەردەهێنا... لەم کاتەدا جاشێك دەنگی لێیان کرد، هەڵیانی ساند، بەرەو ژوورە سیخناخەکان بردنیان، کەمێك ڕۆیشتن، هەردووکیان ئاوڕیان دایەوە و تەماشایەکی ئەودیو تەلبەندەکەیان کرد. ئیتر تا برسێتی و گەرما و لم لە جووڵەی خستن، ئافرەتەکە شەوانە خەونی بە تەنوورەوە دەبینی، لە خەونەکانیدا تا چاو هەتەری دەکرد هەر تەنوور بوو هەلایسابوو، لەجیاتی نان مرۆی تیایاندا دەبرژا و دەبوونە قەرەبرووت، کە تەنوورەکانی دادەگیرساند لە پێشدا ئەمیان سەرەو خوار فڕێ دەدایە ناو ئاگرە هەلایساوەکەوە... منداڵەکەش هەموو شەوێ لەو دوورەوە دەگەڕایەوە دێکەی خۆیان دەچوو لە ناو چیلکە و ئاومالکی تەنووربانەکەیاندا بۆ تۆپێك دەگەڕا لەوێ شاردبوویەوە، نەیدەدۆزییەوە، جا بەدەم خەوەوە ڕادەپەڕی و دەگریا، دەگریا، دەگریا.

نیسانی ٢٠٠٦ هەولێر

# ئاوێنە

ئێستا نە، ئەوجا. کە دەرگای ماڵەوەمانت دەکردەوە ڕێڕەوێکی باریک بەرەو موبەقەکە دەیبردی، بەر لەوەی بگەیتێ ڕێك بەتەنیشت دەرگاکەوە ئاوێنەیەکی باڵانمامان هەڵواسیبوو... ئێوارەی دوای ڕووداوەکە کە گەڕامەوە ماڵێ خۆم وا فریو دەدا گوایە کارێکی باشم کردووە و پەتی مردنیشم لە خۆ دوور خستۆتەوە لەمەدواش کەمێ ئاسوودە و سەر ڕەحەت دەبم. نەمدەزانی مردن لە هەندێ ژیان باشترە... وەکو هەزاران جاری لەمەوبەر بەکاوەخۆ و شانازییەکی دەستکردەوە بە ڕێڕەوەکەدا هەنگاوم دەنا، لە بارێکدا بووم خەریك بووم لێوم دەهێنایەوە یەك تا ئاوازی گۆرانییەکی گەرمیانییانە کە یادگاریم لەگەڵدا هەبوو بە فیکە لێ بدەم، لە ئاوێنەکە تێپەڕیم و تیلەی چاوێکم تێ بڕی... داچڵەکیم، لێوم هەر لەو بارە مایەوە، فیکەکەم بۆ نەهات... تەزوویەکی سارد، کسپەی گوێزانێك هەروەك لەناکاودا بەنێو لەپمدا بهێنرێ لە هەمان کاتیشدا قرچەی ئازارێك لە ناخمدا چەخماخەی دا، پام بۆ هەڵنەهێنرایەوە، ژووژوو ئاسا کرژ بوومەوە، ڕێك لە ئاست ئاوێنەکەدا لابەلا وەستام، نەموێرا یەکسەر ڕووبەڕووی ببمەوە و چاوی تێ بڕم... ئاوێنەکە دیمەنێکی دووبارەکراوی ناو ئاوی گۆلەکەی نیشان دەدا کە چەند سەعاتێ لەمەوبەر بینیم، چی بکەم، بەرگەی هەڕەشەی کوشتن و سەرەنگومکردنم نەگرت و وام کرد... خوشکەکەم دوو ڕۆژ بوو خۆی گەیاندبووە شار و داڵدەی بەمن دابوو بیشارمەوە... بردم دامە دەستیانەوە، ئەوجا نەمدەزانی، ئێستا بۆم دەردەکەوێ گوناحی گەورە و تاوان بکات با لە سزادان خۆی قورتار بکات، بەڵام گەردێکی ژەنگاوی لەسەر ڕۆحی دەنیشێ، بەرە بەرەش کەڵەکە دەکات وەك مۆرانە ڕۆحی دەخوا و دایدەفەتکێنێ، با خەڵکانێکیش وابزانن پەپوولەیە و پێی نازانن، بەڵام هەمیشە مۆتەکەیەك بەسەر مێشك و ناخییەوەیە... بەدەنگێ، بەڕەنگێ بەبۆنێ بیرەوەرییە شاراوەکانی وەخەبەر دێنەوە، وەك مارێکی سڕ بووی ناو ناخی دەجووڵێن و ژاراوی دەکەن... من ئەو کاتە دیمەن و عەکسی ناو گۆلە ئاوەکەم بەهەند وەرنەگرت، وتم خەیاڵێکە و تێدەپەڕێ... بەر لەوەی تەماشای ئاوێنەکە بکەم هەموو ئەو دیمەن و عەکسی ناو گۆلەکەم هێنایەوە بەرچاو... تۆزقاڵێك بەئاستەم دەجووڵێم تا وێنەکەم باشتر لێوە دیار بێ. چریسکانەوەی ئاوێنەکە هەمان چریسکانەوەی ئەو کاتەی گۆلە ئاوەکەیە... لەو کاتەدا تیلماسکێ خۆری سەر کەلەکەی

بەرامبەر ڕژابووە کەناری ئاوەکەوە، ڕەشکە و پێشکەی بەچاوم دەخست، بەهارە بارانەکەی ئەو ڕۆژە چەندین گوڵی بچووك بچووکی لەو دەوروبەرەدا بەجێ هێشتبوو... من مات مات دەمڕوانییە ئاوە ڕوونە هێمنەکەی بەردەمم، بیرم کەوتەوە کە «شۆخە»م بەجێهێشت هەستم کرد هەردوو دەستی بۆ درێژ کردم و باوەشی بۆ کردمەوە... لە ناو چریسکانەوەکەدا دوو دەستی لەرزۆکم دەبینی... ئەو کاتە من سەرم شۆڕ کرد وەك هیچم نەدیبێ و گەڕامەوە... دەستەکە هەندێ جار وردە شەپۆلی دەم شنەیەکی ئاستەم ئاوەکەی دەشەمزان و دەستەکانیش دیار نەدەمان... دەستی ناو ئاوەکە... دەستی ناو ئاوەکە؟... لەپڕ گۆلە ئاوەکەم لێ بووە ڕۆخانە... ڕۆخانە لرفەی دێ، شەپۆل دەدا، منیش منداڵێکی بنێسی سیسەڵەم، نازانم چۆن بوو، ئێستاش نازانم چی منی گەیاندە ناو شەپۆلە هەڵچووە لێخنەکانی ڕۆخانە، یاری بە من و کۆتەرە داری گەورە گەورە دەکرد... «شۆخە» لە کوێوە هات نازانم وەك فریشتە فریام کەوت لە خنکاندنی مسۆگەر ڕزگاری کردم، بەجلەکانییەوە هاتە ناو ئاوەکەوە، پێشی لێ گرتم، وەك ئێستا چۆن دەستی بۆ درێژ کردم من خۆم لێی نەبان کرد، باوەشی بۆ کردمەوە، لە ئامێزی گرتم و لە ناو شەپۆلەکان دەریهێنام... ئەی من بۆ وام کرد؟!... لەوێش لەسەر گۆلەکە مووچڕکێکی کەم خایەنی ئاوای شەرمەزاریم پێ داهات... من هەر چاوم لە ئاوەکە بڕیوە... بێ ئەوەی ئاوەکە بشەمزێ دەستەکە کەوتە بن ئاوەکە و دیار نەما... من هەر تەماشای ئاوەکەم دەکرد، ئاسمان بەرە بەرە شینایییەکەی لەسەر ئاوەکە کاڵ دەبووەوە، تا ڕەنگی قوڕقوشمی نواند.

بەڵام ئەو دیمەنەم هێشتا لە بەرچاوە وەك دایکێ جگەرگۆشەکەی بەسنگەوە بگرێ بەخۆیەوەمی نووساند... لە ناو ئاوەکە ڕوومەتی خۆم دەبینم، هەندێ جار وردە شەپۆل ڕوومەتم دەشێوێنێ... چاوێکم خوار دەبێتەوە یەکێ بەرز، بەئەسپایی و لەپڕێکدا کەللەسەری گەماڵێك لەجیاتی سەرم لە ئاوەکە دەردەکەوێ، ڕێك جێگای کەللەی منی گرتەوە، بۆ ماوەیەك چاوم نووقاند و بەگومان و ترسەوە بەکاوەخۆ ئاوڕم دایەوە، گەماڵێك کلکی قیت کردبۆوە و بەرەو دێڵەسەگێك دەڕۆیی... بۆ ماوەیەك هەر نەموێرا ڕوو لە ئاوێنە بکەم نەکو خۆم بەو تەرحە ببینمەوە، ئێستا زۆر لە خۆم دەکەم، وەك ڕۆبۆتێکی قورمیشکراو بەلارە لارە ڕووم لێ کرد... خودایە ئاوێنەکە هەمان ئەو عەکسەی تێدا دیارە کە لەسەر گۆلەکە بینیم!!، کەللەی گەماڵێکی گوێ شۆڕم بینی... ئیتر من لەو ئێوارەیەی بەردەم ئاوێنەکەوە ئەوە بووە چەند ساڵ؟. هەرکەسێ دیققەت بدا یەکێ ئاوڕێکم لێ بداتەوە، بەبێ ویستی خۆم دەستم بۆ ڕوومەتم دەبەم، تا دڵنیا بم کە بەسەك نەبووم و

هێشتا ڕوومەتی مرۆیەکی ئاساییم هەیە!... ئەی چۆن گوناحی گەورە ئازاری گەورەی لە دواوەیە... من لەو ئێوارەیەوە ناوێرم ئاوێنە لە ماڵەوە دانێم، هەمووم شکاند، هەر بەتەنها ئاوێنەکان نەبوون ئازاریان ئەدام، خەونەکانیشم هەراسانیان کردووم... لە کەنار ئاوێکی بێ بن و بێ پەی ڕامدەگرن، ئاوەکە لیخنە، شەپۆل دەدا، هەمان ئەو دەستانەی لە گۆلەکەدا دیمن پاڵێکم پێوە دەنێ بۆ ناو ئاوەکە، دەستەکە درێژ درێژ دەبێتەوە تا دەرم بهێنێ و دەرم ناکات، من لە ترسی شەپۆلەکان هاوار دەکەم و دەنگم دەرناچێ، سەرم بە لەشی سەگێکەوەیە، سەری گەماڵێکی گوێ شۆڕیش لە جێی سەرەکەی خۆم دانراوە، من دەوەڕم و سەگەکان وەك مرۆڤ پێدەکەنن. هەر ئاوێنە و خەونەکان نین نوقورچ لە ناخم دەگرن، هەر ڕۆژەی شتێك دەمهاڕێ، ئەمە ماوەیەکە هەواڵی ئەو پۆلە پاکیزانە بەکۆی خەڵووزم دەکات، کە دەنگۆی ئەوە هەیە «شۆخە»یان لەگەڵدا بووە و لەو کاتەوە بۆ یانەکانی شەوانی وڵاتانیان بردوون، هەمیشە چەقەنە و سەما، دەنگی زیل و بەمێکی «ناخۆش» مێشکم کون دەکەن... وەك من دەستم بۆ درێژ نەکرد ئێستا دەیان دەستی ڕەش و پیس و خوێناوی پڕ لە شەهوەت – ئەگەر مابێ – لە ئامێزی دەگرن... زۆرن ئەوانەی وەکو من کە دەڕواننە ئاوێنەکان لەجیاتی خۆیان سەگ و مار و بەراز دەبینن، خەویان لێ حەرام بووە لەبەر دیتنی خەونی ناقۆڵا... من پارچە ئاوێنەیەکم شاردۆتەوە، بۆ ئەوەی هەندێ جار لە پەنایەکدا تەماشای خۆم بکەم تا لەوە دڵنیا بم کە نەبوومەتە سەگ. ئەمشەو بەو پارچە ئاوێنەیە خۆم دەکوژم.

کانوونی دووەمی ۲۰۰٦ هەولێر

# شایەتی بەردێك

ڕووداوی ئەو ئێوارە تەڵخ و تۆزاوییەی شار گەرچی ئەو هەموو ساڵەی بەسەردا تێپەڕیوە، ئێستاش هەر جارە و بەشێوەیەك و سیناریۆیەکی نوێوە هەندێ شەو خەونی پێوە دەبینم و لەگەڵ هەر خەونێکیشدا نهێنی ترم بۆ دەردەکەوێت، بەڵام برینیشم لەگەڵ هەر یادکردنەوەیەکدا دەکولێتەوە و ناهێڵن گۆشتەزین بێنێتەوە.

من و شێرۆ، هەمیشە بەبن قەڵادا دەگەڕاینەوە ماڵێ، بەیانیانیش بەهەمان ڕێگەدا دەچووینە ناو دڵی شارەوە... بۆ خۆشمان گەمەیەکمان پێك هێنابوو هەروا بێ مەبەست قایەیەکی گەورەی لاپاڵی قەڵامان کردبووە خاڵی بەیەکگەیشتن و جیابوونەوەمان، ئەو کاتانە بیرمان بۆ ئەوە نەدەچوو کێ لەوێدا چەقاندوویەتی یان لە کەیەوە ئەو تاوێرە ئاوا سەری بەسنگی قەڵاوە ناوە... ئێمە خەمی شارێکمان لە کۆڵ نابوو، لەگەڵ پیاسەی شەقام و کووچە و کۆڵانەکاندا، لەگەڵ بینینی دیمەنە دزێوەکانی شاردا تا دەهات قورستر دەبوو...

لە شەوی ڕووداوەکەوە تا ئێستا خەونێکی زۆرم بینیوە، نە بۆم دەژمێررێن نە دەتوانم هەموویان بگێڕمەوە. ئەوەندە هەیە هەر یەك خەونە، بەڵام بەشێوەی جیا جیا دەیبینم. هەموو جارێکیش ئاوا دەستی پێ دەکات: وەك فیلمێك بەهێواشی و لەسەرەخۆ نیشان بدرێ ئاوا ئاستەم و بەنمایشێکی پانتومیم ئاسای بێ دەنگ دەستی پێ دەکات... لە خەونەکەدا دوو تارمایی – هەر ڕێك وەك دوو تارماییەکەی ڕووداوەکە – لە قەڵاکەوە دێنە خوارێ... شێرۆ دەگرن... دەیبەنە پاڵ قایە گەورەکە – هەموو جارێکیش خەونەکان ئاوا دەست پێ دەکەن.

ئەو ئێوارەیە، ئێوارەی ڕووداوەکە، من نازانم بۆ لە شێرۆ کەمێك دابڕام و دواکەوتم؟... ئەو لە پێشمەوە بوو، هێشتا نەگەیشتبووە ئاست قایە گەورەکە، من لە دوورەوە تارماییەکانم بینی، دەورەی «شێرۆ»یان دا، بینیم، یەکێکیان دەستی لە قژی گیر کرد و بۆ لای قایە گەورەکەی سەر خست، من بە پێدزە خۆم دەرباز کرد – لە خەونەکانیشدا هەموو جارێ ئاوا خۆم دەرباز دەکەم و شەرمەزارم، کە بەئاگاش دێمەوە دەبینم لەشم شەڵاڵی ئارەقەی ترس و شەرمەزارییە – کەچی لە خەونەکەی ئەم شەومدا ئاوا نیم... «لەم خەونەمدا وەك خەونەکانی پێشووترم هەمان سەرەتا دووبارە دەبێتەوە.

ئەمجارەیان نارۆم، دەستێکم لە لێژایی قەڵاکە گیر کردووە، سەرم بەرز دەکەمەوە، بەدەنگێکی بەرزی وا خۆم لە دەنگدانەوەی هاوارەکەم سەرم سوڕ دەمێنێ دەڵێم: نامەردینە چیتان لە شێرۆی هاوڕێم دەوێت؟...». لە خەونەکەدا هەموو شتێك وەك ئێوارەی ڕووداوەکە کپ و خامۆشە، شار فزەی لێ بڕاوە... لە خەونەکەمدا دەڕۆم، بەقەڵاکەدا سەردەکەوم، دەبینم قایە گەورەکە لە جێگاکەی خۆی ترازاوە... تارماییەکان دیار نین... چاڵێکی ڕەش هەر لە شێوەی دەمە بیرێك لە قەڵاکە کراوەتەوە. گوێم لە دەنگێك دەبێ دەڵێ: پێت سەیرە؟، لە ناو خەونەکەدا دادەچەڵەکێم، وا دەزانم تارماییەکانن، تاس دەمباتەوە، جارێکی کە گوێم لە دەنگەکە دەبێت! دەنگێك میهر و بەزەیی لێ دەتکا، دەنگەکە لە قایەکەوە دەهات.

لە خەونەکەدا بیرم بۆ ئەوە دەچێ: بەرد چۆن دەدوێ!، بەگومانەوە دەپرسم: چتان لێ کرد؟ بۆ کوێیان برد؟... ئەمجارە بەدەنگێکی گڕ وەك لە ناو مێژووەوە بێت دڵنیا و بێ سڵکردنەوە: نابینی... من دەرگای یەکێ لەو دوو تونێلە نهێنییانەی قەڵام، لەوەتی ئەم قەڵایە دروست کراوە هەر لەشکرێك، ئۆردوویەکی بێگانە ئێرەی داگیر کردبێت گەورە و بچووکی ئەم شارەیان ئا لێرەدا ڕیز کردووە و خوێنیانیان ڕژاندۆتە ناو ئەم تونێلەوە، ئێستا ئەو خوێنانە بووەتە دیوارێکی وشکەوەبووی لە خوێن، ڕاستتر پارچەیەکە لە قەڵا، ئەوسا ئاوا و ئێستاش وا یەکە یەکە بەهەمان دەردتان دەبەن... وابزانم تونێلەکان خوێنی تر ناگرن و لێوا و لێون...».

بەدەم هەناسەبڕکێوە بەئاگا هاتم... هەمدیس ئارەقەی ترس و شەرمەزاریم دەرداوە... لەسەر کوختەکەمانەوە هەمدیس دەڕوانمە قەڵا، ئاگرە هەمیشە هەڵایساوەکەی دەرەوەی شار قەڵای سوور هەڵگەڕاندووە، لەگەڵ زمانکێشانیدا وادەزانی خوێن مەوج دەدا و بەقەڵا دێتە خوارێ...

من و شێرۆ، لەو قایە گەورەیەی لاپاڵی قەڵا وا تێنەگەیشتبووین، تەنها بۆ خۆمان کردبوومانە خاڵی بەیەکگەیشتن و جیابوونەوەمان. تۆ لە کام لای شارەوە بێی، بەکام پرددا تێپەڕی، گڕگڕ خۆت لای قایە گەورەکە دەبینیتەوە. کێ دەیزانی شایەتێکی زیندووی ڕووداوەکانە؟!.

قایەیەکی گەورەی سپی، شێرۆ هەموو جارێ دەیگوت: ڕەنگبێ یەکێ لە عاشقە مەفتوونەکانی ئەم شارە، یان داگیرکەرێکی گەمژە وای زانیبێ ئیتر ئەم قەڵایە هی خۆیەتی، هاتووە ئەم مووررووە جوانەی بەملی قەڵادا کردووە. قایەکە ڕۆژگار و ساڵ و

عەیام، گەرما و سەرمای وڵات درز و شەقاری قووڵ قووڵی تیا نەخش کردووە، لۆچ و گرێی گرنج گرنجی تێدا جێهێشتووە، کە غەم و ترس و بینینی کارەسات و خوێن ڕشتنی ئەم هەموو ساڵانەی شار نیشان دەدەن... کە لێی ورد دەبیتەوە باش سەرنجی دەدەیێ و لێی ڕادەمێنی سەرت دەسووڕمێ، چ ببینی باشە؟! بەئاشکرا و ڕوون سەری بنیادەمێکت دێتە بەرچاو. درز و هێڵە باریك و دەزووڵەییەکانیش دوو چاوی زەقیان پێکهێناوە، لە زەقی چاوێکی پڕ لە سەرسووڕمان و تووڕە دەچێ، لووتێکی چەماوەی هەڵۆ ئاسا کە نیشانەی خۆڕاگری و موکوڕبوون نیشان دەدات، بەئاشکراش دوو لێوی پڕی نوقاویش دەبینی. جارێ بەتۆ وا دێ بزەی هاتبێ، جارێکیش تووڕەبوون و ئومێد دەبەخشێ، مەزەنەشت بۆ ئەوە دەچێ کە ڕەنگە بیەوێ شتێ بڵێ، کەچی ئەوەندە ساڵە ئۆقرەی گرتووە و هێشتا نەیدرکاندووە!!.

ئەو ئێوارە تەڵخ و تۆزاوییەی شارم چاك لە بیرە، زیاد لە ئێوارەکانی تر مۆن و خامۆش بوو شار... بەدەم ڕێوە لە تاربوون و کوشتنی پەپوولەکانی شار دەدواین، باسی چاندنی ترس و کوژانەوەی فانۆسی ماڵە قوڕەکان و خاپوور کردنیانمان دەکرد لە لایەن تارماییەکانەوە... دەمانگوت: ئێمە بەپای خۆمان هاتووینەتە بەردەم قەسابێك چەقۆمان لێ دەسوێ، نازانم لەو کاتەدا، ئەو ئێوارەیە بۆ دواکەوتم... شێرۆ لە پێشەوە دەڕۆیشت، لە دوورەوە دوو تارماییم بینی... ئەم تارماییانە هەرکە ئێوارە دادێ دەبنە گەنە و بەدەروازەی کۆڵانە تاریکەکانی شارەوە دەنووسێن، بۆ ئەوەی کەس کەس نەبینێ... لەوەتی پێ و قەدەمی شەڕیان ناوەتە شار، مانگەشەوە زیوینەکانیان لێ تەڵخ کردووین، لەو کاتەوە ئیتر لە ژێر شاتووە پیرەکەی نزیکی ماڵەکەی «ئەسیری»، کوڕی ئەڵڵاوەیسی نەبەستراوە، لە تەکیەکاندا قسە مزرەکانی شێخ ڕەزا یاد نەکراوەتەوە... دوژمنی باوکوشتەی ڕووناکین ئەم تارماییانە، تا دەوروبەری خۆمان نەبینین... شەوبۆ و بنجە ڕەیحانەکانی لاپاڵی قەڵایان هەموو وشك کردەوە. تا کەس بۆنی شار هەڵنەمژێ... هەرچی وشەی گەنیو و نامۆی ژێر عەگاڵە سپێونەکانیان هەیە وا دەیانترنجێننە نێو فەرهەنگەکانەوە، تا بەباڵی وشە خەون نەبینین، ئەم تارماییانە دەیانەوێ ئەم شارە شارێك بێ لە تارمایی و کەسی دیکەی تێدا نەمێنێ... تا قایە گەورەکەش لە یەکێ لەو خەونانەمدا لە دەمی تارماییەکانەوە جارێکیان گێڕایەوە: تا ئەو ئاوەش کە لە چیاکانەوە دێ حەز ناکەین بەناو شاردا گوزەر بکات، بۆیە ڕێڕەومان گۆڕی... شەوی خوێنی یەك دووانێکیان نەڕژێنینە ناو ئەم تۆنێلانەوە خەومان لێ

ناکەوێت...

کە تارماییەکانم بینی دڵم داخورپا. چاوم لێ بوو شێرۆ گەیشتە ئاستی قایە گەورەکە، تارماییەکان ڕێگایان لێ گرت، بینیم یەکێکیان قۆڵی بادا، تارماییەکەی تر دەستی لە قژی گیر کرد و بۆ لای قایەکەی برد، من بە پێدزە دوور کەوتمەوە، ڕووداوەکە زۆری نەخایاند، هەرچەند چرکەیەك و هەموو شتێ کۆتایی هات، زۆر دوور نەکەوتمەوە، جووڵانەوەیانم دەدی، گوێم لە ترپەیەك، لە پلیشانەوە و تێکشکانی ئێسك بوو... ئەمجا نووزەیەك و لرخەیەکی درێژ... «جا هەر ئەو شەوە بۆ یەکەم جار ڕووداوەکەم لە خەودا بینی... قایەکەم بینی سەر و ملی خەڵتانی خوێن بوو... چاوە زەقەکانی پەڵە خوێن سوور هەڵیگەڕانبوون. دوو چۆڕاوگەی خوێنیش تا ئەملا و ئەولای لێوە پڕەکانی کشابوون، تاوێرەکە هەر ئەوەندەی وت: کە سەریان پلیشاندەوە هیچی بۆ نەوترا، بەڵام ماچێکی گەرمی منی کرد... بێ دەنگییەکی سامناك ئەو ناوەی گرتبووەوە، جەستەم دەلەرزی، بەترس و لەرزێکی زۆرەوە سەرم هەڵبڕی، تەماشای ئەو ئاستەم کرد قایەکەی لێیە... تارماییەکان دیار نەبوون...

دیمەنی لاپاڵی قەڵاکەم قەت وا نەبینیبوو، ئاگرە هەڵایساوەکەی دەرەوەی شار قەڵای سوور هەڵگەڕاندبوو، وەك لە خوێن هەڵکێشرابێ قەڵا وابوو، کە جار ناجارێکیش ئاگرەکە زمانەی دەکێشا خوێنی قەد قەڵاکەش دەکەوتە ڕێ و مەوجی دەدا، واتدەزانی تاڤگەی خوێنە و بەقەڵادا دێتە خوارێ... من هەڵاتم – هەموو جارێك لە خەونەکانمدا هەست بەشەرمەزاری ئەو هەڵاتنەی خۆم دەکەم –، هەڵاتم... بۆ کوێ؟. بۆ کوێ هەڵبێم؟... لە ئێوارەیەوە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکمدا دەنگی تێکشکان و پلیشانەوەی سەر و خرمەی شکانی ئێسك دەژنەوم و دیمەنی سوور هەڵگەڕاوی قەڵا و شەلاڵی خوێن دەبینم.

حوزەیرانی ٢٠٠٥ هەولێر

# باڵندە

زۆربەی ڕۆژانی منداڵیم تەماوی و نادیارن... بەڵام ڕووداوی دەمەو عەسرانێکیم باش لە یادە و هەرگیز لە یادم دەرناچێ... تاقانەی خواپێداوێکی دەسڕۆ بووم ئەوەم هەمیشە لە یادە هەموو کاتێ بەتووڕەیی دەمدیت، جێگای دوورم بەر دەرگای حەوشە یا پێچی کۆڵانەکەی ئەولامانەوە بوو، لە هەموو دەرچوونێکیشمدا گیرفانەکانم پڕ لە مێوژ دەکران، مێوژیش لەم گەرمیانە هەروا بەئاسانی دەست نەدەکەوت و خواردنی هەموو کەسێ نەبوو. منداڵانم لێ دەئاڵا، هەندێ جار باوکم ئاسا منیش تووڕە دەبووم، خۆ گوربزکردن و مشتەکۆڵەی هەندێکیان سارديان دەکردمەوە، قالەی هەمین هەمیشە فاقێکی بەبەرۆکەوە بوو ڕیشۆڵەی پێ دەگرت و بەمنداڵانی دەفرۆشت، گەلێ جار لە بری ڕیشۆڵەیەك گیرفانەکانم بۆ بەتاڵ دەکرد ئەویش کە مێوژی دەدی هەموو شتێکی بیر دەچووەوە، لە بری مێوژ ڕیشۆڵەم بەسنگەوە دەنووساند، دەستم بەپەڕە نەرمەکانیا دەهێنا، بەچاویی مێروو تەرحیا دەمڕوانی، گەلێ جاریش منداڵێکی لاسار پڕی دەبەست و لە دەستمی دەرفاند، یا لەناکاوێکدا فڕڕڕ لە شەقەی باڵیان دەدا، لە ماڵەوە پێیان زانیم کەوتمە بەر سەرزەنشتی دایکم و گوێشم کەوتە دەستی باوکمەوە... پەنجەکانی گڕ بوون بەگوێما دەچزان، لەو ڕۆژەوە ئیتر تەریك بوومەوە، بەڵام قالە کۆڵی نەدا، ئەو عەسرە منداڵێکی چڵمنیشی لەگەڵدا بوو، هەر لە دوورەوە ڕیشۆڵەکانی پیشان دام، وەك جامبازێکی شارەزا هەردووك قاچیانی دەگرت تا چاکتر بکەونە باڵەفرێ، لەگەڵ باڵەفرێی ڕیشۆڵەکاندا دڵی منیش دەکەوتە تەپە تەپ. من خۆم لێ گێل کردن، بەدەستی خۆم بوایە و ترسم نەبوایە مێوژی هەموو کوێستانم بەڕیشۆڵەیەك دەدا... لەولامەوە دانیشتن بەشەرمێکەوە نوقلەکانی گیرفانم دادەکرمان، چڵمنەکە خۆی پێ ڕانەگیرا هات و لە بەردەمما چیچکەی کرد، ڕیشۆڵەیەکی خستە نێو هەردوو لەپییەوە، من هەر ورتەم نەکرد، ئەوان چاویان لە گیرفانمەوە بۆ دەمم دەگوێزنەوە، منیش چاوم لە باڵندەکانی دەستیانە، تومەز لەگەڵ کرماندنی هەر نوقڵێکدا ئەو زیاتر ڕیشۆڵەکەی دەگوشێ و دەستی لێ توند دەکات، گیرفانەکانم بەتاڵ بوون. چڵمنەکە بەنائومێدییەوە هەستا چڵمەکەی تا لالێوی شۆڕبووەوە، کە هەستا مەلەکە لە ژێر تەوژمی دەستیدا ببووە بەردێکی بێ گیان، سەیرێکی مەلەکەی کرد و تەماشایەکی منیشی کرد. لەو کاتەدا چاوی «قالە»م وەك چاوی باوکم هاتە پێش چاو، بەئەسپایی هاتە پێشەوە، تا دەمی بگرێ تفێکی کردە ڕوومەتم، لەو ڕۆژەوە ڕقم لە باوکمە و باڵندەم خۆش دەوێ.

# قەفەس

سەری لەو کەسانە سوڕدەما کە بۆ هەوای نەفس و حەز و ئارەزوویەکی نابەجێی دەروونی خۆیان باڵندەیان لە قەفەس بەند دەکرد و بەشانازیشەوە لە هەیوان و باخچەی حەوشەکانیاندا هەڵیان دەواسین. گەلێ لە خاوەن قەفەسەکانی ئاگادار دەکردەوە، دەپاڕایەوە ئەمە کارێکی ناڕەوایە گوێیان پێ نەدەدا... ناچار پلانێکی دانا، مشارێکی پەیدا کرد، لە هەر کوێیەك قەفەسێکی بدیبایە باڵندەی تیادا بەند کراوە فرسەتی دەهێنا تەلی قەفەسەکانی دەبڕییەوە... خاوەن قەفەسەکان کەوتنە گازاندە، پاداشتیان دانا بۆ ئەوەی نوونەیەکیان بۆ ئاشکرا بکات... شەوێکیان گرتیان، لە بری باڵندەکان بەرەڵڵای کردبوون لە قەفەسیان نا، باڵندەکان کە زانییان لە تۆڵەی ئەواندا بەند کراوە بۆ ئەوەی دڵی تەنگ نەبێ، هەموو ئێوارانێك دنیایان لە جریوە پڕ دەکرد، بەیانیانیش بەجووکە و زریوە زریو بەئاگایان دەهێنا... باڵندەکان ئێستاش دەستیان لەو خووەی خۆیان هەڵنەگرتووە.

# تاکسی

هەموو جارێك كە دەهاتە سەردانیمان لە پێش هەموو باس و خواسێکدا، پرسیاری دەمەو ئێوارانی گوندەکەیانم لێ دەکرد، ئەو پێی سەیر دەهات، ئیتر یەکسەر کە دەهاتە ماڵمان دەیزانی چیم دەوێ! ورد و باریك بۆی دەگێڕامەوە... من پرسیاری ژاوە ژاو و دەنگە دەنگی بەگیان و گوێ ئاشنای ئێوارە وەختانی دێکەم لێ دەپرسی، دەمویست باسی ئەو بگرە و بەردەیەم گوێ لێ بێ کە لە دەمەو ئێوارەکان پەیدا دەبوون: ئەڵڵاوەیسی ئەو ئەودیو کەل و سەوزە سەوزەی سەر سەراو، گریانی بەکوڵی پێڕەوکەی دوای دایکی سەرقاڵی مەڕ دۆشین و کوانوو، زەڕینی کەر و هاوار و بۆڵە بۆڵی نادیار و دوور، فیکە و هاوار، پێکەنینی کورتی شەرمنانەی لاکۆڵانان، کۆکە کۆکی دەسکرد، مزە مزی هەرزەکار و لاوان، قرە و گوڕەی تراکتۆرێکی دوور، سەگوەڕ و حیلەی ئەسپ، تا دەگاتە درقە درقی جووجەڵە و مریشکی ناو کۆڵانان... هەموو ئەمانە بەگیانم خۆشن، بەڵام دوێنێ بینیم، تاکسییەکی کڕیبوو، بەر لەوەی هیچ بڵێم ئەو وتی: هەموو ئەوانەی تۆ ڤڕەیەکی ئەمە ناهێنێ تۆ بەوە دڵت دەکرێتەوە منیش بەمەیان.

١٩٨٨

# ئاوارەبوون

نە شەقامی ڕازاوەی ئەم شارە و ژاوە ژاوی هاتوچۆکەرانی، نە کۆگای ئاوێنەبەندیی ناتوانن دیمەنی کوختە خواروخێچەکانی گوندەکەت لە کامیرای خەیاڵ لێڵ بکەن، ڕۆژی ملیۆنێ جار خەیاڵ پەلکێشت دەکات توولە ڕێگاکانی دەوروپشتی ئاوایی پەی دەکەیت، هێز و توانات لە مەچەکتا کۆ دەکەیتەوە بەخەیاڵ بەتاسەوە جووت دەکەی پیرە قورەمە لە زەویی تەربیزکراوی ڕەش هەڵگەڕاودا نوقم دەبێ، زەوییەکەش وەك ئەوەی پێ خۆش بێ، چون لێوێك بزەی بێ دەم دەکاتەوە... ئەو کاتە لەوێ لەو ساتانەدا دەتچریکاند و دەتچریکاند... خەیاڵ هەر پەلکێشی کردووی، بەدەم جووتکردنەوە دەگەڕێیتەوە، بەڵام بۆ ژووره شێدارەکەی تەنیشت مەرقەدی شێخ، چی تۆی گەیاندە ئەم بەغا جەنجاڵە!! کە دەزانی بەخەیاڵ لە گوندەکە بووی هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشی... «من لە کوێ بەغا لە کوێ» لەبەر خۆتەوە وا دەڵێی، هەرچەند ئەکەی خەیاڵت بۆ جڵەو ناکرێت... هەمدیس هۆهۆی جووتیاران لە هیچ لایەك نابیسترێت کەچی تۆ جووت بەرنادەی... لەپڕ ئێوارەباشی بۆیەچییەکەی هاوژوورەکەت جووتت پێ بەردەدا... وەك ئەوەی بەڕاستی جووتت کردبێ، بەدەم هەناسەبڕکێوە بۆی دەسەنیتەوە...

– ئەمڕۆ بارانەکە نەیهێشت شتێکمان دەست بکەوێ... «تۆ ڕۆژی خۆشیت ئەو ڕۆژە بوو باران ببارایە»، لە دڵی خۆتەوە دەڵێی: «لەگەڵ هەر دڵۆپەیەکدا کە بەر مەزراکانمان دەکەوت هەزار ئاوات لە دڵمانا دەکەوتە نەشونما»...

بۆیەچییەکە دەڵێ: «دوێنێ باران نەبوو دەسکەوتم باش بوو...»... دوێنێ... دوێنێ... دوێنێ لە پانتاییەکی چەمەنتۆڕێژدا لە تەنیشت دیوارێکی ڕەنگامەدا، کە تۆ تەماشای خەت و ڕەنگەکانی دیکەی دیوارەکەت نەئەکرد تەنها وێنەی کۆترێك سەرنجتی ڕادەکێشا، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کرێکاری دیکەدا ڕاوەستابووی چاوەڕێ بووی یەکێ کارێکت پێ بسپێرێ... ئەی چۆن ئەمە ڕۆژگارە... بیرتە کاتێ کۆمەڵێ لە جیێبێك دابەزین، پاش ئەوەی چەند جارێ چاویان بە زەڕەبینەکانیانەوە نا کابرایەکی سەر ڕووتەڵە چەند قوتکەیەکی لە ناو وەردە دوو گاسنەکەتدا قووت کردەوە... «ئێرە ئیتر قەدەغە دەکرێ و نەیکێڵن» وایان گوت و تۆ تێنەگەیشتی بۆ وا ئەڵێن...

ئەوان ئاماژەیان بۆ بیرە نەوتەکان کرد... دوای مشتومڕێکی گەرم بەپارچە کاغەزێکی

لوولکراوی مۆردار دەمکوتیان کردی... پاش چەند ڕۆژێکی تر ماشینی دەنووک درێژ پەیدابوون، دەمی ئاسنینیان لە زەوی گیر کرد، پڕ بەدەمی ئاسنینی خۆیان لێیان هەڵئەکەند، هەستت کرد قەپاڵ لە لەشی تۆ دەگرن... تۆ و دانیشتوانی گوند بە سەرسوڕمانەوە بێ دەنگ دەتانڕوانییە ماشینەکان... تۆ و چەند کەسێکی تر ڕازی نەبوون بەپارە لە کارەکانیاندا بەشدار بن دوای چەند ڕۆژێك ڕێگایەکیان بەپاین دێکەتاندا کردەوە، ئەو کاتە نەتانزانی ئەو ڕێگایە شوومە و سەری گوندەکەتان دەخوات... کەچی دوێنێ چەند جارێ ویستت خۆت یەخەی کابرای خاوەن کارەکە بگری و پێی بڵێی... «تا ئێوارە بێ وەستان کارت بۆ دەکەم ماندوو بوون نازانم...» لەگەڵ چەند کرێکارێکدا خزانە ناو پیکابێکەوە... لە تەنیشت کومەڵە زیخ و کەرەستەی کاردا هەڵیرژانن... چەند ماشینێکی هەمەجۆر کپ و بێ دەنگ، ساردوسڕ لەو ناوەدا بوون. تا چاو بڕ کات لەوبەر شەقامەکەوە خانووی چەند نهۆمی ڕەنگاڵە لە ژێر تیشکی خۆری ئەو بەیانییەدا دەبریسکانەوە. ئەو کابرایەی پێی وتی وەرە، بەدەست و دەم کرێکارەکانی دابەش کرد کە هاتە لای تۆ بەپەلە وتی:

– ئەم ڕیزە خانووە دەڕووخێنن...

کە گوێت لەوە بوو، موچڕکێك لەشتی داگرت، کارەساتەکەی لای خۆتانت بیرکەوتەوە... نەتئەزانی چ بکەی. هەمان ئەم وتەیە ئەوە ساڵانێکە لە کەللەتا دەنگ ئەداتەوە...«ئەم ڕیزە ڕیزە ڕ یـ...... ز، بـ ڕوو خێنـــن»... دانیشتوانی گوندەکەتان بەیەکاچوو، ئەوەی زۆر پێویست نەبوایە نەیانهێشت لەگەڵ خۆتانیا بیبەن... هەرچەند خێزانێك و لە کووچەی شارێکدا گیرسانەوە... پیرەمێردێك تەنها بەرماڵێکی بەشانا دابوو کە گەیشتە ئاست ماشینەکان وەستا، تەماشایەکی ئاسمانی کرد و هیچی نەگوت... منداڵێك بەپێدزە لە ماشینەکان نزیك بووەوە و بەردێکی بەماشینێکدا کێشا!!... وا ئێستا دەستت خاکەنازەکە ناگرێ، بەئەسپایی خاکەنازەکەت دانا و بۆی دەرچووی... هەموو شەوێ لەگەڵ هاوڕێی ژوورەکەتدا گەلێ دەدوان، باسی جەنجاڵی ئەم شارەتان دەکرد ئەو ئەو شارانەی بۆت دەژمارد بۆیەچێتی تێدا کردووە... کەچی ئەمشەو بێ دەنگییەکی قووڵ ئەوەندەی تر ژوورەکەتانی تەنگتر کردووە...

هاوڕێکەت دەڵێ:

– منیش کرێکاریم دەکرد، وازم هێنا و ئەم سندووقەم کڕی... ئەمە باشترە...

– .................

– کەی دەڕۆیتەوە؟
– بۆ کوێ؟
– بۆ دێکەی خۆتان!
– سندووقێکی وا چەندی تێ ئەچێ؟

حوزەیرانی ١٩٧٣

## سەرنج و پرسیار

دەیزانی سەرنجم کردۆتە پەیك و بەدوایدا دەگەڕێ... دەیزانی پرسیارێکی بەلەسە و حەزێکی شێتانەم بەدەوریا دەسووڕێنەوە. نە سەرنجەکانمی بە سەلامەتی دەگەڕانەوە، نە پرسیارە بەلەس و پڕ لە مەراقیشم سۆراخێکی ئۆخەی ئامێزیان بۆ دەگەڕانمەوە... ئاخرییەکەی خۆی... – من وا هاتە بەر زەینم – پەلوپۆ شکاو لە پرسیار و سەرنجەکانم ماندووتر خۆی دایە بەر سێبەری سەرنجێکمدا، بۆ ماوەیەك بای باڵی دا و ئۆقرەی تیا گرت... هەموو ئەو سەرنجانەم بەدوایدا وێڵ بوون و نەیان دەدی هاتنەوە لام و پێیان وتم: ئێمە نەبوایەین ئاوا بۆت نەدەهاتە بەر قەرەوڵ... بەڵام خۆم، هەموو ئەو سەرنجانەم بەپەیکم کردبوون پرسیارە بەلەسەکانم واقیان وڕما: چونکی ئەو خۆی سەرنج و کۆمەڵێ پرسیاری پڕ نهێنی بوو...

ئەیلوولی ٢٠٠٢ دهۆك

# گەڕانەوە

«دەزانی دەگەڕێتەوە؟!».

هەواڵێکی ئاوا لەناکاودا بڵاو بووەوە و شاری گرتەوە. بۆ هەر کوێیەك بڕوایەیت گوێت لەم مقۆ مقۆ و وزە وزە دەبوو، من چەند جارێ ئەو دوو وشەیەم لەسەر دیواری کۆڵانەکانیشدا دەبینی، بەڵام بیرم بۆ هیچ نەدەچوو، ئاگام لەوە نەبوو وزە وزێکی وا لە ئارادایە... ڕەنگە دەمێك بێ ئەم هەواڵ و باس و خواسە لە ناو شاردا بڵاو بووبێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی گوێی خۆم لە ئاست هەواڵەکان کەڕ دەکەم و خۆمیان پێوە خەریك ناکەم، بۆیەکە تا ئێستا نەمزانیوە... ئەم شارە بووەتە کارگەی هەواڵی دەست هەڵبەست... لەبەر خۆمەوە ئاوا دەڵێم، تا لە بیری خۆی بەرمەوە و بڕوای پێ نەهێنم... کێ ناڵێ ئەم دەنگۆیەش هەریەکێ لەو باس و خواسە بێ وچ و دروستکراوانە نییە کە ڕۆژانە خەڵکە دەستەوسانەکە لە هیچەوە دروستیان دەکەن و شاخ و باڵیشی بۆ دەڕوێنن تا تەسەللای خۆیانی پێ بدەن و بەخەیاڵی کورتبڕیان ئاستەنگەکانی خۆیان پێ ئاسان بکەن و تەلبەندی دەوری حەزە پەنگخواردووەکانیان ببڕن، لە دواییشدا وا دەزانن گوایە بەهیوا و ئومێدە بەدی نەهاتووەکانیان دەگەن. نایشارمەوە لە ناخیشەوە حەزم دەکرد هەواڵەکە ڕاست دەرچێ!.

هەر پزیسکی ئەو حەزە بوو ختووکەی دام گەر بۆ خڵافاندنیش بووبێ وتم با دەفتەری یادگارە دوورەکان هەڵدەمەوە... بەڕاست خۆ جارێ ئەم وزە وزە هەر لە ئاراشدا نەبوو، نامەیەکی پڕ گومان و بێ ناونیشان و ئاڵۆزم پێ گەیشت، ئەو کاتە نەمزانی کێ ئەو نامەیەی بۆ ناردووم و لە کوێوە هاتووە و کێ هێناویەتی!! خۆشم ئەو کاتە مەبەستم نەبوو بیزانم، ئەو کاتەش نە بەهەندم وەرگرت، نە خەمم لێ خوارد، کە خوێندیشمەوە بیرم بۆ گەڕانەوەی خاوەنەکەی نەچوو، نامەکەش بۆنی ئەوەی لێوە نەدەهات...

«...دەزانم ئێستا لە چی بارێکدای و چەند بێزاری، لە جارانی من زیاتر بێزاری...». نامەکە ئاوا دەستی پێ کردبوو. بەخۆم گوت دیارە دەمناسێ!، ئێستا باسی هەموو ئەو شتانە ناکەم کە لە نامەکەدا هاتبوون... خۆ هەموو شتێك باس ناکرێ و ناوترێ... ئاخ، مرۆ ئەو شتانە دەیکوژێ کە ناوترێن... جارێکی کە تەماشای نامەکە دەکەم... «لە بیرتە جارێکیان چووینە تەماشاکردنی ئەو کۆسانەی کە لە قەراغی شار بەناوی سێرکەوە

چادرەکانیان هەڵدابوو...». ئێستا ناسیمەوە، بڕواش ناکەم ئەم نامەیە هی ئەو بێ... ئەی ئەو، هەواڵی نەمانی بڵاو نەبووەوە ماوەیەك لەمەوبەر؟!... لە بیرمە، چاکم لە بیرە، تا پارەی چوونی ئەوێمان نەبوو، هەر بەقسەی ئەو جانتای قوتابخانەکەی خۆمان بەپینەدۆزێك هەرزانبا کرد و بەو پارەیە چووینە ناو چادرەکانەوە... «... بیرتە کاتێ کۆسەکان دەرکەوتن دەممان داچەقی، ترساین، لە ڕوومەتی هەزار ڕەنگیان ترساین، کۆسە دەبێ ڕوومەتی ئاوا هەزار ڕەنگ بێ...»... سەرمان سوڕ دەما چۆن یارییان بە پەتەکان دەکرد یاری بەپەتکردن هەروا کارێکی ئاسان نییە، لەو بەرزییەوە بەسەر پەتە باریکەکاندا دەهاتن و دەچوون و نەدەکەوتن، من لەو کاتەوە دەزانم کۆسەکان بەئاسانی ناکەون، یاری خۆیان دەکەن و ناکەون، کە کەوتنیش پارچە پارچە دەبن... دەمانپرسی، ئەرێ بۆ ناکەون؟!... هەر خۆشمان وەڵاممان دەدایەوە؛ ئەمانە ناکەون، ئەمانە پیاوچاکان دەستیان بە باڵیانەوەیە. خەڵکەکەیان چاوبەست دەکرد و یارییە سەیروسەمەرە و سەرسوڕهێنەرەکانی خۆیان بەخەڵکەکە نیشان دەدا، خەڵکەکەیان سەرسام دەکرد. خەڵکەکە حەزیان دەکرد ئەو کۆسانە بدوێنن و لە باوەشیان بگرن، بڕوایان بەتوانا و زیرەکییان بەکەس لەق نەدەکرا ئەوانیش زۆڵانە نەیاندەهێشت خەڵکەکە لە نهێنیی کارەکانیان بگەن و فرت و فێڵەکانیان بزانن... تا گەمەکان بەردەوام بن، ئەوانیش سڕبوونی خەڵکەکەیان بەهەل دەزانی بۆ شاردنەوەی نهێنی یارییەکان، نەیاندەزانی نهێنییەکان بەرگەی ئاشکرابوون ناگرن، کە گومانێکیش لە دڵی یەکێکدا ختوورەی بکردایە، هاوار و فیکە و چەپڵەی گەرمی خەڵکە سڕبووەکە گومانەکەیان دەرەواندەوە، من و تۆ دزە دزە خۆمان لە پەردەکان نزیك کردەوە، فێڵ و چاوبەستە و تەڵەکەبازییەکانمان بینین، لەو کاتانەدا ئاشکراشمان بکردایەن کەسێك بڕوای بەئێمە نەدەکرد، فێڵیان دەکرد و بۆشیان دەچووە سەر، پیاو تا لەو کۆسانە نزیك نەبێتەوە نازانێ چییان لە ژێر سەردایە و چ دەکەن، من لە بەرچاومە تۆ لە ناو سێرکێکی گەورەدا دەبینم، بەڵام بەیاریگەلێکی دیکە و پەت و کەرەستەی نوێ و کۆسەی زیرەکترەوە...... بۆ تا ئێستا من ئەم نامە عاجباتییەم پشتگوێ خستووە؟. ئەو کاتە بۆ وەك ئێستاکە لێی ورد نەبوومەوە؟... باشە مەبەستی کام سێرکە؟! ئەی بۆ باسی تەماشاکەرانی سێرکەکەی نەکردبوو؟... کۆسەکانی ئەوجا، قەرەجە گەڕۆکەکان بوون، ئێستا دەیان سێرك دەورەیان داوین، ئەی کۆسەکانی ئەم سێرکانەی ئێستا کێن؟... سەر ڕادەوەشێنم، دەمەوێ ئەمجارەش لە بیری خۆمی بەرمەوە، بەڵام هەرچەند دەکەم خۆمم بۆ گێل ناکرێ، ناچار

بەوە خۆم ڕازی دەکەم گوایە دەچمە سەنگەری بێ دەنگییەوە و خۆم لەم بەزمە دەدزمەوە. دەڵێم با ئەم جۆرە هەواڵانە هەر بەشی ئەو خەڵکە بێ، من نە گوێی خەڵکەکەم لە ئاست بیستنی هەواڵەکان بۆ دادەخرێ نە حەزیش دەکەم – هەرچەند جۆرە خۆ خەڵەتاندنێکە – بەری ئومێد و حەزەکانیان لێ بگرم.

وزە وزەکە بوو بە شەوچەرەی ماڵە تاریك و پڕ لە حەسرەتەکانی شار، هەر لەوێشەوە سەری کرد و کەوتە کووچە و کۆڵانان، کۆڵانە دەم دڕاو و دەم هەراشەکانیش شاخ و گوێیان بۆ پەیدا کرد و بەرەڵڵای شەقامە ئاپوورەکانی شاریان کرد... ئەوەتا خاوەن چایخانەکان لەتەك پیاڵە چاکاندا هەواڵەکەشی لەگەڵدا دادەنێن، خاوەنی کتێبخانەکان کە کتێبێك دەفرۆشن پڕ تۆی لاپەڕەکانی لە هەواڵەکە دەکەن، منداڵە بۆیاغچییەکان فرچەکانیان بەڕیتم دەکێشنە سندووقەکانی بەردەمیاندا و هەواڵەکە دەڵێنەوە... ئێستاش نازانم کێ یەکەم جار ئەم هەواڵە نەگریسەی لە باخەڵ دەرهێنا و داغانی کرد.

یەکێ لەوانەی هەواڵەکەی بیستبوو هاتە بن دەستمەوە، من هیچم نەگوت، ئەو یەکسەر هەواڵەکەی پێ وتم، بەوەشەوە نەوەستا و وازی نەهێنا، هەندێ شتی دیکەشی خستە سەر. لەم کاتەدا ئەوەم کەوتەوە بیر نامەکەش لەمە دەدوێ کە ئەو باسی لێوە دەکات، نامەکە وا دەڵێ: «... من دڵم لای ئێوەیە، ئێوە دڵتان لای من نەبێ، زەن نەکەی هەموو شتێکی ئێوە دەزانم... دەزانم بەکۆسەبوون یانی چی... کەچی ئێستا لای ئێوە بەکۆسەبوون بووەتە باو، بووەتە خولیای کەسانێکی یەکجار زۆر، هەوڵی مەرگی بۆ دەدرێ، هەر بۆ ئەوەی ئەو پایەیەی دەست بکەوێ... مەرجی بەکۆسەبوونیش ئەو تنۆکە ئابڕووەی کە دەبێ بپارێزرێ دەتکێ، کە تکا ئاسان دەبێ!!... بەڵام ئێستا ڕێگای ئاسانتر پەیدا بووە بۆ بەکۆسەبوون: بچۆرە بن کلێشەی ئافرەتێکەوە، ئازا بە و ڕایی بکە تا دەیگەیەنیتە ئامێزی کۆسەیەکی شارەزا و دەسڕۆ. دەبینی ڕێگایەکی ئاسانە بۆ بەکۆسەبوون...».

لە نامەکەدا ئاوای نووسیبوو، قسەکانی ئەم کابرایەش بۆنی شتێکی وای لێوە دەهات... ویستم دڵنیا بم: تۆ بڵێی ئەمیش نامەیەکی وەك ئەوەی منی بۆ هاتبێ؟.

بەر لەوەی هەستێ پێم گوت:

«پێم بڵێ تۆ دەیناسی؟!».

«بەڕەچەڵەك دەیناسم... دەزانم لە چی تایفە و هۆز و بنەچەیەکیشە... بە من دەڵێی؟...».

بەمەش وازی نەهێنا، دەمی هێنایە پێشەوە: «با، باشترت پێ بناسێنم: ئەویش توخمی یەکێ لەو کۆسانەی ئەو سەردەمەی خۆیەتی... کە شەوانە باوکی لە ماڵ نەدەبوو،

کۆسەکە دەچووە لای دایکی... شەوێکیان باوکی لە دەرەوە تەلەفۆن بۆماڵەوە دەکات، کۆسەکە وەڵامی دەداتەوە، ئیتر لەوێوە باوکیشی دەبێتە کۆسەیەکی دیکە...».

ناڵێم ئەم شارە کارگەی هەواڵە و شاخیشی بۆ پەیدا دەکەن، لە دڵی خۆمەوە ئاوام گوت... لەپڕ هەستا تا هەواڵەکە بەیەکێکی دیکە بگەیێنی... ئێستا شار هەواڵەکە کاوێژ دەکات... مەلا و سۆفییان و پیاوان و ژنان لە ژووری نووستندا بەدەم ڕامۆسان و جووتبوونەوە، مامۆستای قوتابخانەکان، وەستا و کرێکاران، دەسبەتاڵ و خاوەن کار، هەریەکە و بەجۆرێك هەواڵەکەی دەگێڕایەوە...

لە خۆیانەوە شتیان دەخستە سەر، دەیانشێواند... هەبوو لایەنگیری دەکرد و هەشبوو لە دژی دەوەستا... شار بووە دوو بڕەوە، هەبوو دەیگوت: «کە ڕۆیشت بۆ ئەوە ڕۆیشت دنیا لە حاڵ و باڵی ئێمە ئاگادار بکاتەوە...»

«نەخێر تۆ نازانی، بۆ ئەوە ڕۆیشت تا ئەو کۆسانە بۆ سێرکەکانی شار بێنێ کە شارەزای شێوازی نوێن، تا بەکەرەسەی نوێوە گەمەکان نیشانی خەڵکی بدەن...».

«دەڵێن نامەی ناردووە و وتوویەتی: کە گەڕامەوە هەرچی کۆسەی ئەم شارە هەیە لە هەتیتە دەدەم، هەڵیان دەواسم...»

«بیستوومانە ئافرەتە جادووکەرەکانی ئەوێ ئەویشیان بەکۆسە کردووە، جا ئیتر بۆ هەڕەشە لە خەڵکی دەکات؟!. ئەو هەڕەشەیەی بۆ ئەوەیە، تا خۆی جێگای کۆسەکانی ئێرە بگرێتەوە...».

«من دەزانم دەگەڕێتەوە... دەگەڕێتەوە دنیاش بە ماستی مەیبو دەکات...».

هەر تاخمە و لە ئاوازێکی دەدا... دەیانگەیاندە کەشکەڵان، لە قوونی سەگیان دەنا و دەردەهێنا... ئەمیان هەوڵی زۆرکردنی ژمارەی لایەنگرانی خۆی دەدا، ئەویان فڕوفێڵی دنیای دەکرد تا یەکێ لەوان کەم بێتەوە... بۆ ئەمەش گەلێ ڕێگا لەبەرگیرا... درمەکە گەیشتە شیعرەکانیش، چیرۆکەکان خەمە قووڵەکانیان وەلاوە نا... ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان ڕادیۆکان لە ئەگەری گەڕانەوە و نەگەڕانەوەی دەدوان...

شار ئۆقرەی لێ براوە... ئارامییەکەی جارانی نەماوە...

کەس دەستی لە کار ناچێ، هەموو شتێك وەستاوە، تەنیا هەواڵەکە دێت و دەچێ... خەریکە ئەم شارە دەبێتە دۆزەخ... تومەز ئەمەش یارییەکی دیکەی کۆسەکانە!!، دەیانەوێ لە سێرکێکی گەورەتردا یاری بکەن.

تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ هەولێر

# که نامەکەی بۆ خەلیفە نارد

خۆ دۆڕاندن و پێ ترازان کە بەنەنگییەکی گەورە دادەنرا و جێگای شەرمەزاری بوو کەچی بەلای ئەوەوە کارێکی ئاسایی بوو... ئەو ئامادەییە لە ناخیا جێگیر بووبوو نەیدەتوانی دەسبەرداری بێ، بۆیە هەمیشە پێیەکی لە کەناری خەرەندێکی ترسناکی زەلکاودا بوو... بۆ ماوەیەك توانی، ڕووی ڕاستەقینەی خۆی نیشان نەدا، ئەکتەرێکی بلیمەت بوو لە شاردنەوە و داپۆشینی ناخی ڕەشهەڵگەڕاو و بۆنکردووی... وەك ئەکتەرێکی بەتوانا – خۆ ماوەیەکیش هەر بۆ لە خشتەبردنی خەڵکی و داپۆشینی خۆ دۆڕاندنەکەی ماوەیەك لەسەر شانۆکان کاری کرد... هەمیشە خەندەیەکی ڕێوییانە و بزەیەکی ژەهراوی دەخستە سەر لێوی، بەمە توانی بڕوا و گومانی خەڵکانێك بگۆڕێ و خۆی بە پەپوولە نیشان بدا... هیچ شتێکی تێدا نەبوو شانازی پێوە بکات بێجگە لە ڕەفتار و جووڵانەوەی پێکەناوی و گاڵتە و بەزمە بێ تامەکانی، ئەمەشیان هەر گورج دەکردە تیری ژەهراوی هەزار تۆمەت و درۆی بۆ خەڵکانێکی مەلایکە ئاسا دەسازان... نەیتوانی تا سەر ڕۆڵی ئەکتەرێکی «فاشیل» ببینێ، ئیتر وایە هەندێ جار تاریکی بۆ ماوەیەکی کورت دەتوانی ڕووناکییەکان بخنکێنێ... تا هەموو یارییەکانی خۆی لە بیر چووەوە و نامەیەکی بۆ خەلیفە نارد... ئیتر ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بۆ هەمووان ئاشکرا کرد، بەخۆی دەگوت: «من بۆ زووتر ئەم نامەیەم بۆ خەلیفە نەنارد»... ئیتر لێرەوە ئەو پێیەی دەمێك بوو لە لێواری خەرەندی زەلکاوەکە دانابوو بەرەو هەڵدێرێکی ترسناك خلیسکا...

نامەکە ئاوا دەستی پێ کردبوو:

«إني تلميذك المطيع...» «من قوتابییەکی ملکەچی تۆم جەنابی خەلیفە...».

ئەو شەوەی لە نامەکە بووەوە، وەك مارێك گاژی فڕێ بدا، چووە پێستێکی ترەوە... زیاتر بەرگی بێ شەرمی و بێ دەربەستبوون بوو... کە لە نامەکە بووەوە، چەند جارێ خوێندییەوە... وەك کارێکی مەردانەی کردبێ، «با» چووە لووتییەوە... لە نامەکەی خۆی ڕازی بوو، چونکی وشەکان لە ناخییەوە هەڵقوڵابوون، دەمێکیش بوو ئامادەگییەکی وای تیادا بوو، وەك مادەیەکی سڕکەر بەلەشیا بگەڕێ جۆرە ئارامییەکی پێ بەخشی... ئەو شەوە، بێ گێنگڵدان خەوی لێ کەوت، بەڵام تا بەیانی هەمیشە لە کەناری خەرەندێکی هەزار بەهەزارەوە هەر بەرەو خوار تلۆر دەبووەوە و هەر نەدەگەیشت... تلۆر دەبووەوە و لە

خوارەوە سیما و ڕوومەتی پڕ لە شاکامی ئەو کەسانەی دەدی بوختان و درۆی بۆ هەڵبەستبوون و بەجووڵانەوە و بزەی ئەکتەرێکی «فاشیل» هەڵی خەڵەتانبوون... نیشتمانێکی دەدی وەك قێزەوەن تەماشای دەکات، بێ دەربەستبوونی پیشان دەدا لە ئاست ئەو خلیسکان و تلۆربوونەوەیدا. بەڵام خۆی پێی ڕازی بوو، ویژدانی نەبوو ئازاری بدا، نەیبوو نەء... نامەکە ویست و حەز و ئارەزووی ڕاستەقینەی ئەو بوو «إني تلميذك المطيع،... من قوتابییەکی ملکەچی تۆم...»، مەبەستی بووە بڵێ: من زەلیلی تۆم خەلیفە... ئیتر هەموو شتێك لێرەوە دەستی پێ کرد... تا ئابڕووشی لە لا مەبەست نەبوو...

ئەو ئێوارەیەی کە بۆ سەرایان بانگ کردبوو و لە ڕێوڕەسمێکدا وەڵامی خەلیفەیان – سەرۆك – دایە دەستی، داشەکانی سەرا، هیچیان نەیاندەزانی چ لە نامەکەدا نووسراوە، هەر ئەوەندەیان دەزانی نامەیەکە و لە خەلیفەوە نووسراوە... دەستی موبارەکی بەر کاغەزی نامەکە کەوتووە بۆیە دەبێ سەری ڕێز و نەوازش بۆ نامەکەش دانەوێنرێ...

بەدەستێکی لەرزۆکی وەك ناخی، لەرزۆك وەك ورە و بڕوای، وەك دەست لە شتێکی پیرۆز بدات ئاوا بەئاستەم، لەسەرخۆ نامەکەی کردەوە... یەك تەنها دیڕێکی تێدا نووسرا بوو:

«أنت تلميذ كسلان... تۆ قوتابییەکی تەمەڵی»... ئەو یەك دوو وشەیە گەلێ شەوان خەوی لێ دەزڕان، دەکەوتە سەرزەنشتی خۆی. «دەبوایە من زۆرترم بۆ بکردنایە... ئەوە چییە دەبێ بیکەم و نەمکردووە؟!...

– بۆمان بخوێنەوە... دەی زووکە...

لەسەرەخۆ ئەو سێ وشەیە، بەهرەی ئەکتەرێکی «فاشیل» دەیخوێنێتەوە... داشەکانی دەوروبەری هەڵدەستن، ماچیان کردبوو... پیرۆزباییان لێ کردبوو... وتبوویان: تۆ بەختەوەری فەری وات بەسەردا باریوە!!... ئەویش بەهرە درۆزنانەکەی ئەکتەرێتی لەو دەمەدا سەری هەڵدابووەوە و بزەیەکی پڕ شانازی خستبووە سەر لێوی...

شەوێ درەنگ گەڕابۆوە ماڵێ، لە هەموو زیاتر بەوە دڵخۆش بوو: توانیویەتی خۆی لە هەموو لایەك بشارێتەوە. ئێستا بێ پەرواتر لە جاران، باشتر تەوز و درۆ و بوختان بەهەموو کەسێك دەکات... کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکە لەخۆڕا بەدەستەوە دەگرێ پەنجەی بێ شایەتمانی دادەگرێ و تەلەفزیۆن دادەگیرسێ... سەرەتای فیلمێکە، لەوانەشە دەمێك بێ دەستی پێ کردبێ... دەڕوانێتە فیلمەکە... هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی قارەمانی فیلمەکە سەرنجی ڕادەکێشێ... «هەر لە من دەچێ...!»... «هەڵسوکەوت و هەندێ لە کردەوەکانیشی

منم...» ئەوە چییە...؟! قارەمانی فیلمەکە لە لایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە خەڵات دەکرێ...! قارەمانی فیلمەکە دەڵێ:

– لەبەر خۆیەوە دەڵێ: من شایستەی ئەمە نیم... بەڵام زیرەکی خۆم... نەء بەسەریانا تێپەڕیوە... قارەمانی فیلمەکە دەگەڕێتەوە ماڵێ، بێ ئەوەی لە دەرگا بدا خۆی بەماڵدا دەکات... ژنەکەی بەڕووتی لەگەڵ شاعیرێکدا بەڕووتی دەبینێ... ژنی قارەمانی فیلمەکە هێشتا زبان درێژی دەکات لێی هەڵدەشاخێ: ئەی کە خوشکەکەت لە کارێکی وا بینرا بۆ هیچت نەکرد و خۆت لێ مت کرد؟... قارەمانی فیلمەکە، نامەیەك بۆ سەرۆکی دەوڵەت دەنووسێ: «من لە خۆشییانا بەرگەی ئەو خەڵات و ڕێزلێنانەی جەنابتم نەگرت، بۆیە هیچم نییە قوربانی تۆی بکەم گیانی خۆم نەبێ، ئەوا خۆم دەکوژم...».

تەلەفزیۆنەکەی کوژاندەوە... ئەوەندە بوێر نەبوو خۆی بکوژێ... سەری خۆی هەڵگرت... ئێستا وەك ڕێوییەکی گەڕ لە وڵاتێکی دوور لێی کەوتووە... نە خۆی، نە درۆ و ساختەکارییەکانی بیر کەسێ دەکەوێتەوە... بەڵام نامەکەی خەلیفە تا دنیا دنیا بێ وەك پەڵەیەکی ڕەش لە یاد ناچێ...

«انت تلميذ كسلان»...

کانوونی یەکەمی ۲۰۰۳ هەولێر

# بەهاری ڕەش

بەهاری گەرمیان چون ساتە خۆشەکانی کورت و کەم تەمەنە، بەناو بەهارە و کەچی لە پێرەوە تەپوتۆزێکی دڵگوشێنەر هەڵی کردووە، خۆڵ دەبارێ، خۆڵێکی وردی کل ئاسا، خەنەیی و کەمێ مەیلەو سوورە خۆڵی ئەم گەرمیانە... سەرەڕای کورتییەکەشی ئەمساڵ بووەتە ئاگر و وا تەڕ و وشك لووش دەدات. دوای سێ ڕۆژ خۆڵ بارین تۆزەکەی نیشتەوە بەڵام گەرد و تۆزەکە بەئاسمانەوە مانیان گرتووە کە تیشکی خۆرەکەی بەردەکەوێ سوور دەڕوانێ. لەوە دەچێ خوێنت بەئاسماندا پڕژاندبێ... بەدرێژایی ئەو سێ ڕۆژەش زیل و زرێپۆش لە ئاواییەکانی گەرمیانەوە ژن و منداڵ و لاو و پیری پەککەوتە و مەڕوماڵاتی گوندییان دەگوێزنەوە... دەمەو ئێوارەی سێیەمین ڕۆژ پیکابێك بەتوند هات و لەپێش یەکێ لە قوتابخانەکانی شاری دووز... کە بۆ ئەم مەبەستەیان تەرخان کردبوو... وەستا، بەپڕتاو یەك دوو چەکداری شەرواڵ لە پێ لە پیکابەکە دابەزین، چاوەڕێی یەکێکی ناو پیکابەکە بوون، یەکەکە بەکاوەخۆ لەناو پیکابەکەوە هەستایە پێ... بە جەمەدانیەك لەچەکی کردبوو. تەماشایەکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد، سەروملی لە تۆز نیشتووە، هەرچەندە تەمەنی لە چل تێ نەپەڕیبوو بەڵام لەو کاتەدا گەلێ لەوە پیرتر دیاربوو، دابەزی، دەرگا ئاسنینەکەی قوتابخانەیان بۆ کردەوە... ئەودیو دەرگاکە ڕێڕەوێکی درێژە، یەکێ لە چەکدارەکان پێشی کەوتووە، ئەوەی کەشیان دوای کەوتووە، شاکامی خواستنیان پێوە دیارە. خەڵکێکی زۆر لە شەقامەکەی ئەوبەرەوە و لە پاڵ دیواری ماڵەکانی بەرامبەر، یا دانیشتوون یا وەستاون کزکز دەیانڕوانی هاتبوون ناسیاوێکیان ببینن و هەواڵی خزم و خوێشیان بزانن، لەم کاتەدا لەناو قەرەباڵغەکەوە دەنگێك بەرز

بووەوە: (خۆ ئەوە سابیری حاجی جومعە بوو... ئەویش بەر ئەم لێشاوە کەوت!...) دەنگەکەی بیست، پێش ئەوەی لە دەرگاکە ئاودیو بێ ئاوڕێکی دایەوە، بۆیە لەچەکی کردبوو تا کەس نەیناسێ «ئێستا باوکم پێی دەزانێ. یەجگار خەمی دایکمە...» لە دڵی خۆیدا ئاوای گوت. ڕێڕەوەکە درێژە، بەدەستە ڕاستدا دەرگای چەند ژوورێك کەوتوونەتە ڕێڕەوەکەوە، زەڵەزەڵ و ژاوەژاوی ئەودیو دەرگاکان ئەوە دەسەلمێنێ سیخناخن.

سابیری حاجی جومعە... شاکامی و بزەی زەردی ئەم دوو چەکدارەی تەکت ئەوەندەی کە دڵت سەخڵەت دەکەن، پێت سەیر نایەت چونکی کردەوەی وا هەر لەمانە دەوەشێتەوە، لە ڕێگاش لەناو پیکابەکەدا چەندیان کرد و کۆشان زوانت لە زوانیان نەچەرخا، نەهاتیتە گفت و زاق زاق تەماشات دەکردن، هەم ڕقت لێیان دەهاتەوە هەم بەزەیی... ژوورێ، دوو،... شەش، لەپێش حەوتەمین دەرگادا ڕایان گرتی. لەبەر دەرگاکە یەکێك وەستاوە، لیستێکی بەدەستەوەیە، زانیت دەیەوێت ناونووست بکات.

«ناوت چییە؟».

«سابیر حاجی جومعە.»

ژمارەی تەنیشت ناوەکەت سەرنجت ڕادەکێشێ ١٨٩٨٨.

«دانیشتووی کام ئاوایی...؟»

تۆ خەڵکی ئەم شارەی، ئەمە چەند ساڵێکە ڕووت لەو دەشتە کردووە، هەرچەند مانگێك و لە ئاواییێکدای، لەبەر کەسوکارت ناڵێی خەڵکی ئەم شارەم، هەر بەئەنقەست ڕاستییەکەیان پێ ناڵێی...

«ئاوایی گەرمك...»

«گەرمك؟!»

ئاوای گوت و لێت مووڕ بووەوە، تۆش بەبزەیەك مەگەر هەر خۆت بزانی چی گەیاند وەڵامی خێسەکەیت دایەوە... لەم کاتەدا گوێت لە گریانی چەند منداڵێك بوو، ڕێڕەوەکە کەمێك لەولاترەوە بەلای چەپدا دەشکایەوە زەڵەزەڵ و گریانی منداڵەکان لەو ئاستەوە دەهات... ئەوەی ناوتی نووسی ڕانکوچۆغەیەکی حەلوایینی لەبەرابوو، چاوی لەچاوت گیرکرد. «ڕەنگە بمانناسێ...»، حەزت نەدەکرد بتناسێ، ڕووت وەرچەرخاند، وات نیشان دا تەماشای ڕێڕەوەکە دەکەیت، ماندووی، دوو شەوە چاوت لێك نەناوە، کفت و شەکەتی، لەشت وەك لەناو دنگدا کوترابێ دەمارەکانت پل دەدەن، چاوت ڕێشکە و پێشکەی پێ

کەوتووە، لێ ناگەڕێن ئەگینا ئێستا ئا لێرەدا لەبەر ئەم دەرگایەشدا بێ سەرخەوێ دەشکێنی... هێشتا هەر تەماشات دەکات، زەردەخەنەیەکی زەردی شاکامی خوازانەشی کەوتۆتە سەر لێو «دەك ڕووڕەش بی...» ئەمەت لە دڵی خۆتا پێ گوت، خەریك بوو ڕووبەڕوو وای پێ بڵێی... دەرگاکەشت بۆ دەکاتەوە چاوت لێ ناگوێزێتەوە، کە دەرگاکەی بۆ کردیتەوە سەری کەمێك هێنایە پێشەوە، هەستت کرد بۆنی دەمی دێت... پێت نایە ناو ژوورەکەوە، بۆنی هەناسەی خنکاوی ژوورەکەت بەگژدا هات، دەستێکی بەپشتەوە نا تا دەرگاکەی بۆ پێوە بدرێ، لە دواتەوە دەرگاکەی داخست وەستای... هەر لە جێگاکەی خۆتەوە چاوێکت بە ژوورەکەدا گێڕا، سیخناخە، هەر لەبەر بێ جێگایی بەپێوەن، ژوورەکە دوو پەنجەرەی گەورەی هەیە، بە مقەبا گیراون، زەردەی ئەو ئێوارەیە لە درزی مقەباکانەوە دزەی کردووە، لاکێشەیەکی درێژی مەیلەو سووری خستۆتە سەر دیوارەکەی بەرامبەر... تۆ عاشقی زەردەپەڕی ئێوارانی ئەو دەشت و هەردەیەی، زەردەی ئێوارانی هەردە و پێدەشتی گەرمیانت لەم کاتەشدا لە بیر ناچێت! جاروبار کە نامەت بۆ هاوڕێیانی شارت دەنووسی، جوانیی سروشتی گەرمیانت بۆ باس دەکردن، لە دوانامەتدا کە بۆ زایەری برادەرت نووسیبووت، کە هێشتا بەدەستی نەگەیشتوون، چونکی چەند ڕۆژێ لەمەوپێش لەگەڵ دایکتا بۆت ناردبوو... «زەردەی ئێوارانی ئەم ناوچەیە کە دەرژێتە سەر خۆڵە پەتانیە سوورەکە ڕەنگێکی تایبەتی پێ دەبەخشێ کە پەڕەمووچی هیچ هونەرمەندێك ناتوانێ ئەو ڕەنگە دەربێنێ... کە سەرنجی دەدەیی و لێی ڕادەمێنێی خەم و خولیایەکی سەیرت لە ناخا دەوروژێنێ، من دەڵێم ئەو ڕەنگە زەردباوە دەگمەن و جوان و دڵگوشێنەرە ئاهـ و هەناسەی خەڵکەکەیە...». ژوورەکە لە دە ساڵانەوە تا پیری پەککەوتەی تێدایە، وەك چاوەڕێی شتێك بن، هەرکە تەقە لە دەرگاکەوە هات سەریان هەڵبڕی و ئاوڕیان دایەوە، لە زەڵەزەڵ و قسەکردن کەوتن ڕوویان ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، تەماشاکانیان ترس و بێ ئومێدییان لێ دەتکا، کێ دەتوانێ لە ئاستی ڕوانینی وادا خۆی پێ بگیرێ، تەماشاکردنێك هاوار و پاڕانەوە بوو... تۆش سابیری حاجی جومعە وا ئێستا یەکێکی لەمانە... یەخەی کێ دەگرن؟ گوناهتان لە ئەستۆی کێ دەخەن؟... یەخەی کەستان پێ ناگیرێ مەگەر هەر هەناسەی ساردتان بەگژ ئەوانەدا بکەن کە بەم دەردەی بردووون...

لە نامەیەکی کەدا کە پار بۆ هاوڕێیەکت ناردبوو پێشبینی کارەساتێکی وات کردبوو، وا هاتە دی بەڵام خەیاڵت بۆ شتێکی ئاوا نەچووبوو... سەرت دانواند، دەستێکت بەڕوومەتی خۆتا هێنا. دەموچاوەکان لات نامۆ نین، بەڵام جارێ کەسیانت بۆ

ناناسرێت، ئەم گەرمیانیانە دەڵێی نەوەی یەك كابرایەكن، ڕەنگ و سیمایان لەیەك دەچن... جاران كە ڕێت دەكەوتە ئەو شارانەی كوێستان كابرایەكی گەرمیانیت بدیبایە بەهاوڕێكانت دەگوت ئا ئەوە خەڵكی لای ئێمەیە، لێیان دەپرسیت چۆن دەزانی دەتگوت بەسیما و خوێن... لەم كاتەدا لە هۆڵی ناسینەوەی كەسدا نیت. ناهەقت نییە ماندوو و شەكەتی، دوو شەوە نەنووستووی. چاوت بۆ جێگایەك گێڕا، هەر نەبێ چیچكەی تیا بدەی و چاوێ گەرم بكەی، چاوەكانت بوونەتە دوو گۆلی خوێن، لاكێشە سووربـاوەكەی قەد دیـوارەكـە هـێشتـا تـیـلـمـاسكـێكـی مـاوە و كـەمـێ بـەرزتـر بـۆتـەوە. لـەوپـەڕ ژوورەكـەوە تارماییەكت بینی، وا هەستا بەرەو لای تۆ دێ، تا گەیشتە تەكت بووە ساڵێ، بێ ئەوەی هیچ بڵێ مەچەكتی گرت، تۆش ورتەت نەكرد دوای كەوتی. تۆ لە خوات دەویست، ناسیت. «دەیـنـاسم» لـە دڵـی خـۆتـدا وات گـوت، نـە تـۆ دەنگ دەكـەی نـەئـەو هـیـچ نـاڵێن. بـەنـاو قەرەباڵغییەكەدا بەزەحمەت هەنگاو هەڵدێنن و جێ پێ دەكەنەوە، هەبوو كەمێ خۆی لار دەگرت، هەشبوو كاس و بێ ورتە جوولەی بۆ ناكات، پێتان بەر قاچ و سمت و شانیان دەكەوێ و خۆی نابزووێنێ. زەڵەزەڵەكە بەجارێ خاو بووەوە، لە سووچی بنەوە دایناى... چاكی دەناسی، ناوێری ئاوڕی لێ بدەیتەوە... «ئای حەمە غەریبی مام مەنسوور... ئەم بەیانییە تۆ لە ئاوایی نەبووی...» دەم بەدوعای هەواڵی خێزانەكەیت لێ نەپرسێ... پشتت بەدیوارەكەوە دا، پێت هەڵكێشا و كردنت بەسەرین بۆ قوڵت، سەرت بۆ سەر سینگت شۆڕ بووەوە، زەڵەزەڵ و ورتەورت دەستی پێ كردەوە، بەڵام تۆ بۆ ناو بیرێكی قووڵ ڕۆ دەچی، هێدی هێدی دەنگەدەنگت لە گوێ دوور دەكەوێتەوە، پێڵووت تا دێ قورستر دەبوون... وا دەستەڵاتت بەسەریاندا نەما... ئاوایی «قەڵا» سەرتۆپی دەورەی داوی، چاویان لە دەمی تۆ بڕیوە... سەرزەنشت و گلەیی و تووڕەبوون لە ڕوویاندا دەخوێنیتەوە... بۆ؟ بۆ بەجێیان هێشتین؟... ئێمە لەم دەشتە كاكی بەكاكییەدا چیمان پێ دەكرێت؟... بۆ كوێ بڕۆین و كوێ دەمانشارێتەوە؟ بۆ لێ نەگەڕان زووتر بەخۆمان بكەوین؟. بۆ بەر لەوەخت ڕێگاتان نەداین، ڕوو لە شارێك بكەین و خۆمانی تێدا بشارینەوە؟ بۆ دەستی وڵاتێكی دیكەتان گرت و هێناتان ئێستا ئەوەشیان بەبیانوو كردووە، لە ڕقی ئەوەدا ئاوامان لێ دەكەن هەزار (بۆ) لەسەر لێویاندایە... خۆت ئامادە دەكەی شتێ بڵێی، هیچت بۆ نایەت... هەزار... هاوار دەكەی دەنگت دەرناچێت... خەڵكەكەی دەوروبەرت دەم دەكەنەوە دیارە هاوار دەكەن بەڵام دەنگیان نابیسی... چەند ئافرەتێك دەگرین و دەنگی گریانەكەیان نایەت... هەندێك لێو دەكرۆشن و هیچ ناڵێن... لەپڕ گرمەیەك، دوو، سێ، وەك پۆڵە باڵندە هەریەك بەلایەكدا داغان دەبن... ئافرەتەكان ناپڕژێنە سەر ماڵ و حاڵ تەنها منداڵە ساواكانیان

بەسنگەوە دەنووسێنن و هەڵدێن... چاو دەگێڕی کەست لە نزیك نەماوە... گریانی مناڵێك دەژنەوی، بەتەنها لە دەم کۆڵانەکەی ئەولاتەوە بەتەنیا وەستاوە و دەگری... تاو دەدەی لە باوەشی بگری و دووری بخەیتەوە، هەرچەند دەکۆشی دەستت نایگاتێ... تۆ ڕادەکەی لەپڕ... لە هەڵدێرێکی هەزار بەهەزار پێت دەخزێ و بەرەو خوار ڕۆ دەچی، لە ڕۆچوونیشدا گریانی مناڵەکەت لە گوێ نابڕێ... بەئەسپایی وەك پەڕێك لەسەر تاشەبەردێك خۆت دەبینیتەوە و دەوروبەری تاشەبەردەکە تووڵە مارن، لە ژماردن نایەن لەسەرخۆ خەریکن بە تاشەبەردەکە هەڵدەکشێن، بەدەستی پەتی نازانی چۆن خۆتیان لێ قوتار کەی... لەپڕ لە گابەردەکەوە خۆت هەڵدەدەی، سەرت بەتاوێرێك دەدات، کەچی هەر گریانی مناڵەکەت لە گوێ دەزرنگێتەوە... گوێ هەڵدەخەی... منداڵەکەش بەدەم گریانەوە دەڵێ بۆ ۆ ۆ ۆ... دادەچڵەکێی، گڵۆپێکی کزی بنمیچەکە ڕۆشناییەکی کاڵی بەژوورەکە داوە، چاو دەگێڕی، حەمە غەریب نەبێ کەسی کەی دانیشتووی ئاوایی «قەڵا» نابینی... ئەی بۆ کوێیان بردوون؟ بەباشی دەموچاویانت لێوە دیار نین، هەندێکیان خەوتوون هەندێك پشتیان لێتە، یەك دووانێك لەولاوە ستریان بەیەکا کردووە بە چپە بۆ یەك دەدوێن، پەنجەرەکەی بەرامبەر بەدرێژی دوو بست و پانێتی دوو پەنجە کارتۆنەکەی دڕابوو، ڕووناکی ماڵەکانی بەرامبەری لێوە دیاربوو، جار ناجارێ کەسانێك بە بەر پەنجەرەکەدا گوزەریان دەکرد تروسکاییەکە نەدەما، ویستت حەمە غەریب بدوێنی، لە ئێوارەوە نە ئەو دەنگ دەکات نە تۆ... «ڕەنگە هەواڵیان پێ دابی... دەبێ جارێ ئاگام لە دەمی خۆم بێ و هیچی بۆ نەدرکێنم...» یەك دوو دوورە تەقە کرا... نەخێر دەستڕێژێکی کە... لەم کاتەدا حەمە غەریب بێ ئەوەی تۆ داوای لێ بکەی لەتێ نان و چنگێ خورمای لە پێشت دانا.

– «دەزانم ماندووی حەزم نەکرد لە خەوەکەت بکەم...». کە واش دەڵێ تەماشات ناکات. «بخۆ... ئەو لەتە نانە بخۆ... ئیتر وای لێ هات...»

وەك بۆخۆی بدوێ وشە وشە و لەسەرخۆ ئاوای گوت، دەتەوێ تۆش شتێك بڵێی، هیچت بۆ نایەت چی پێ دەڵێی؟ بەچی و چۆن چۆنی سەبووری دەدەی؟. سابیر کەی وا بووی هەرچەند سەر بەهیچ لایەنێك نەبووی بەڵام کە دەچوویتە هەر ئاواییەك جێگای متمانە و پرسکردنی ئەو خەڵکە بوویت، لە گرفت و تەنگانەدا چاویان لە دەمی تۆ دەبڕی، کەچی دەتەوێ شتێکی پێ بڵێی کەمێ سەبووری پێ ببەخشی هیچت بۆ نایەت.

– «ئەم بەیانییە کە گەڕامەوە قەڵا تۆ لەوێ نەبووی، کاتێ کە قەوماش چاوم گێڕا نەمبینیت؟!... بە ئاستەمێکەوە ئەو پرسیارەی لێ کرد. حەمە غەریبیش وەك وشەکان لە

قورگیا دەمەیی. – »لە ئاواییەکانی دەوروبەری ڕۆخانە بووم... ئەمانەش زۆربەیان خەڵکی ئەو ئاواییانەن...».

حەمە غەریب سووکە ئاڵوێرێکی بەدەستەوە بوو... کاتی برینە، خوری ئەو دێهاتانەی کۆ دەکردەوە، تا لە شارەکانەوە دەهاتن و لێیان دەکڕی، هاوینان سەوزەی لە ئاواییەکانی دەوروبەری ئاوەسپی دەکڕی و بۆ هەردەی زەنگەنەی دەبرد، لەوێشەوە هێلکەی کۆ دەکردەوە و بۆ شاری دەهێنا، لەو سەریشەوە بەپارەکەی خورما و دۆشاوی دەهێنا و بەگەرمیاندا دەیگەڕاند... بەهۆی گەڕان و هاتوچۆوە، دەنگوباسی سەرتۆپ ناوچەکەی لە هەگبە دەنا و بەو دێهاتانەدا بڵاوی دەکردەوە، کە پیا تێدەپەڕی، بۆ سۆراخ و زانینی ژیان هەواڵی مان و نەمانی کەسێکی ئەو ئاواییانە ڕوویان لە حەمە غەریب دەکرد ئەویش ڕاست و بێ پێچ و پەنا ڕاستییەکەی لە قووڵە مشت دەنان، یان دەیگوت «دان بە خۆتانا بگرن تا سبەینێ» هەواڵی پرسە و زەماوەندی بڵاو دەکردەوە، سەلا و هەواڵی نەخۆشی و چاکبوونەوەی خەڵکی بەخزمان و ناسیاو و گوند ڕادەگەیاند... نازانم کێ بوو جارێکیان گوتی: کێ دەڵێ کورد ئاژانسی دەنگوباسی نییە!! ئەی حەمە غەریب چییە. لەو ڕۆژەوە بەئاژانسی گەرمیانیان ناودەبرد...

«ئەو چاکتر ئەو بەیانییە لە ماڵ نەبووە و هەواڵی ماڵەوەیان نازانی... ئەی بۆچی پرسیاری ماڵەوەیانم لێ ناکات؟ لەوەتی گەیشتوومەتە ئێرە سەری هەڵنەبڕیوە! تەنها ئەو یەك دوو وشەیە نەبێ هیچ شتێکی لە بارەی منداڵەکانیەوە نەوتووە!».

لەپڕ لەژێر لێوەوە پرسی:

– «گوڵشەنیان هێناوە.».

دیارە پێیان گوتووە، لە دڵی خۆتەوە ئاوات گوت و لێت پرسی:

– «چۆن زانیت گوڵشەنیان هێناوە؟ لە کوێیە؟».

– «من لە (داروەسەرە) بووم... لەوێوە یەکسەر بۆ ئێرەیان نەهێنایـن... لەگەڵ هێزێکی گەورەی سەربازی و ژن و منداڵێکی زۆردا بۆ ئاوایی (لفتی ئاغا)یان هێنایـن کە لە (ئاوە سپی) پەڕیمانەوە... ئا بەوێدا گوڵشەنم بینی ئەو لە زیلێکدا بوو کە منی بینی هەر سنگی دەکوتا و دەستی بەرز دەکردەوە نەمئەزانی چی ئێژی».

– «من باش ئەزانم گوڵشەن دەیویست چیت پێ بڵێ، ئەو چاکتر، با هەر نەزانی، با زامێکی قووڵ نەکەوێتە جگەرتەوە، با هەر وا بزانی (شوانە) لەگەڵ دایکی دایە... وای لەم ڕۆژە کە باوك ئاگای لە ڕۆڵەی خۆی نییە...».

تۆ دەتەوێ گفتوگۆکەتان بەلایەکی کەدا بەریت.

– «ئێژن لێرە جێ نابێتەوە لە شوێنێکی کەیان داناون». دوای کەمێ بێدەنگی وتی: «لەوانەشە لێرە بن...». ترسی ئەوەت لا نیشت کەسێکی ئاوایی قەلا بۆ ئێرە بهێنن و هەواڵی شوانەی پێ بدات... بەلام بەوە دڵی خۆت دایەوە:

«لە من بەولاوە کەس شوانەی نەدی...» دەستت بە کرماندنی لەتە نانەکە کرد، خورماکە لە دەمتا تاڵە سەرت خوار گرتووە، پارووەکەت بۆ قووت نادرێ لەملاتەوە گوێت لە بڵمەبڵمێك بوو، کەسێ لەولاترەوە، ڕیش سپییەك سەڵتەکەی بەسەرین کردووە منالْ ئاسا گرموڵە بووە و وڕێنە دەکات... نەکەی... حەبە... حەبە... بڕو... بڕ... بەتەنیشت پەنجەرەکەی بەرامبەرتەوە مێردمناڵێك لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە ملە تاتکێیەتی دەیەوێ لەو شوێنەوە کە مقەباکە دڕاوە تەماشای دەرەوە بکات، قەیرێ چاو بە مقەباکەوە دەنێت ئەمجا وەردەچەرخێ پشت بە دیوارەکەوە دەدات... کەمێ مات دەبێ، ئۆقرە ناگرێت هەمدیس لەسەر چۆك بۆی دادەنیشێتەوە و چاو بەکونی مقەباکەوە دەنێتەوە. یەك دووجار ئەمەی دووبارە کردەوە، لە دواییدا بە نائومێدییێکەوە وازی هێنا و پاڵی بەدیوارەکەوە دا... گوێت لە «ئەی هاوار هەی»ێکی پڕ لە نائومێدی بوو... نەتزانی کێ بوو وای گوت. دیارە ئەویش دڵ سەغڵەتی و مەینەتی خۆی بەو جۆرە دەردەبڕێ؛ مەگەر هەر خۆی بزانێ لە چی بارێکی دەروونی دایە و چی خەم و خەفەتێك بەکوڵیا دراوە.

«چۆن وا نەڵی... کێ چوزانێ چەند ڕەسیدەی بەدەست نامەردەوە زەلیلە و چەند منالی ساوا و بەرمەمکەی ونە، هەزار ئەی هاوار هێشتا هەر کەمە...» وا حەمە غەریبیش خەوی لێ کەوت... تۆ سەرەڕای ماندوویەتی و شەکەتیت خەوت نایە... شەو هێشتا لە کوێیەتی شەوی وا نابڕێتەوە، شەوگار کردی و تۆ کردت جارێ تۆ وەك گورزت بەسەر درابێ هێشتا دەبەنگی نازانی ئەم بارە چۆن لێك دەیتەوە، وەك شریتێك هاوڕێکانت، ناوچەکە، دایکت، دوێنێ و ئەم بەیانییە شوومەت یەك بەیەك دێتە بەرچاو... ئەم گێژەلووکەیە، ئەم گەرداوە، ئەم سێلاوە لیخن و شینە لە ناکاودا چی بوو وا ئەم هەزار هەزار ژن و منداڵ و پیر و لاوی ڕاماڵیوە ئەو قاتوقڕی و کارەساتانەی بیر دەکەوتەوە لە کتێبەکاندا خوێندبوونی، خوێن و کۆچ و لاشەی کەڵەکە بوو لەبەر چاوی لانەدەچوو دەیویست بیر لە شتی تر بکاتەوە نەیدەتوانی؟!! نازانی ئەنجام بە چی دەگات:

«دانیشتووانی ناوچەیەك چۆن هەمووی بەجارێ ڕەشبگیر دەکەن». سەرت لەمە دەرناچێ، مێشکی خۆت دەگوشی، هەوڵ دەدەی تاوانێکی لەو بابەتە بیر خۆت بخەیتەوە،

یا لە کتێبێکدا باسی کارێکی وا کرابێ، لەم حاڵەتە بچێ بۆی ناچی... هیچت بۆ ناوترێ و نازانی نەفرەت لە کێ بکەیت...

«بۆ وامان لێ دەکەن!» یەك دوو جار لەژێر لێوەوە وات گوت. ئەم بەیانییەش خەڵکەکە هەمان «بۆ»یان لە تۆ دەپرسی... چاوت بەژوورەکەدا گێڕا، حەزت دەکرد یەکێ، هەرکەسێ بێ نەخەوتبێت و بچیتە لای... چاوت بەمێردمناڵەکەی تەنیشت پەنجەرەکە کەوت، ئەویش وەکو تۆ خەوی نایەت، چاوت لێ بوو کەمێ لەمەوبەر بۆ ماوەیەك بۆ چەند ساتێك سەری بەسەر سنگیا شۆڕبووەوە، وا ئێستا بە ئاگایە، ژوورەکە کشوماتە هەموویان نەخەوتوون، هەندێکیان خۆی لێ مت کردووە خەم و ترسی خۆی دەدوێنێ، لە دەرەوە هێشتا جارناجارێ ژاوەژاو و گوڕەی ترومبێل دەبیسترێ، فرت و هۆڕیانە دێن و دەچن... تەماشاکانتان ڕووبەڕوو بووەوە، هەستت کرد بزەی هاتێ، هیچ هێزێك نییە بتوانێ مرۆ بە یەکجاری لە بزە و خەندە بێ بەری بکات، ئەوەتا لە بارێکی ئاواشدا بزە کەوتە سەر لێویان... هەستت بە فێنکایییەك کرد، حەزت کرد بۆ لای بچی، ڕەنگە لە هاودەنگێ بگەڕێ هەستای، زانی بۆ لای ئەوە دەچی، هێشتا نەگەیشتبوویە لای خۆی گورج کردەوە و پێی هەڵکێشا، نیشانەی ڕەزامەندی و پێخۆشحاڵی بوونی بەوە دەربڕی، لەبەردەمیا چیچکەت کرد...

«بۆ ناخەوی؟».

– «خەوم نایەت.».

چاوت لە چاوی بڕی سەری داخست، برژانگی دەتگوت بە کل ڕشتووە. «وای... ئەم دڵە بچکۆڵەیەی تۆ چۆن بەرگەی ئازار و خەفەتی وا دەگرێ... تۆیان بۆ هێناوە؟! بۆ لەم ژوورە تار و ناخۆشەیان خزاندووی... ناهەقت نییە دڵت بگوشرێ و بێ ئارام بی... تۆ بەو دەشتە کاکی بەکاکییە ئاشنای کە بەدوای پەپوولەیەکی نەخشیندا لەم گرد بۆ ئەو گرد غار بدەی بۆ لەم ژوورە تەنگەدا گیریان داویت؟! فریشتەیەکی وەکو تۆ چ مەترسییەکت بۆیان هەیە وا مەلۆچکە ئاسا لە قەفەسیان ناوی؟...» لەبەر خۆتەوە ئاوات دەگوت، بۆ ماوەیەك تاس بردیتیەوە.

– «ناوت چییە عاقڵ؟»

– «گەرمیان.».

– «ئا... گەرمیان گیان ئــ...».

لێرەش دەترسێی پرسیاری باوك و کەسوکاری لێ بکەیت... نەیهێشتە بەر تۆ.

«لە دوێنەوە لێرەم... دوێنێ هەر بەیانی زوو ئاواییان ئابڵوقە دا، من خەوتبووم... ئەو بەیانییە دەبوایە لەگەڵ دایکمدا بچووبایەین بۆ سەر ڕۆخانە و زەڵمان بهێنایە... بووە تەقە، تۆپێك كەوتە ماڵی میمكە ڕەعناوە، مام خدر ئێژی كەسیان دەرنەچوون، هەر خەڵكی بوو و دەرەمی، ئێمەش بۆی دەرچووین، خۆمان بەرەو دۆڵەڕەش كوتا، نەمانزانی ئەولاشمان گیرابوو، باوكم دەستی منی گرتبوو، دایكم و نازەی خوشكم لە پێشمانەوە بوون، لە پاین ئاوایی باوكم بەدەما كەوت، تەماشام كرد شانی سوور بووە، ترسام منیش دانیشتم، وتی تۆ بڕو... هەڵسە و بڕۆ خۆت بگەیەنە دایكت، ترسام هاتن منیان هێنا باوكم لەوێ بەجێ ما... نازانم... هەر بە دۆڵەكەدا هێنامیان لە ڕێگا هاپۆ خدریان بینی، ئەویشیان گەڕاندەوە.».

– «ئەی هاپۆ خدر كوا؟».

دەستی بۆ خوار ژوورەكە درێژكرد. «ئا ئەو سەڵتە لەبەرە خۆیەتی كە جگەرە تێ ئەكات... لەولای ئاواییەوە كۆیان كردینەوە... هەشت نۆ زیل لەناو ئاواییەوە پەیدابوون. دایكم لەناو یەكێ لە زیلەكاندا بوو، ویستم بۆ لای بچم نەیانهێشت، دایكم هەر دەگریا و دەستی بۆ درێژ دەكردم، ئێمەشیان لە زیلێكی كە نا...» چاوەكانی پڕ بوون، یەك دوو فرمێسك سەریان كرد، قەتارەیان بەست و بەسەر ڕوومەتیا لەسەرخۆ دەهاتنە خوارێ.

– «خەڵكی كام ئاواییت؟».

– «برایم غوڵام... ئەو زیلەی ئێمەیان پێ هێنا دوو جاشیان لەگەڵا ناردین دەیانگوت... ئەو دێهاتانەی ئەودیو ڕۆخانەشیان برد... ئەیان گوت بەرتان ئەدەن.» هەرخۆی ئەیگوت: هەر یەك دوو ڕۆژێكە و بەرمان ئەدەن، گەرمیان شەرواڵێكی شین و بلووزێكی بێ قۆڵی لەبەردایە، لەژێر بلووزەكەوە كراسێكی قاوەیی لەبەرە، ڕەنگە هەر دایكی بۆی دووریبێ چونكێ یەخەكەی نارێك و كرژ بووەوە تەمەنی هەر ١٠–١٢ ساڵان دەبێ و نابێ. كە قسەی بكردایە هەردوو لێوی كەمێ دەكشان، تۆ وات دەزانی بزەی دێ... نازانی چی بڵێی...

چۆن و بەچی دڵی بدەیتەوە، قورگت گیراوە دان بەخۆتا نەگریت لەپرمەی گریان دەدەی، خۆیشی پاشماوەی گریانەكەی هێشتا پێوە دیارە، یەك دوو فرمێسكی كە سەریان كرد، چڵمەكەی هەڵلووشی و گورج هەستایە پێ... هەمدیس چاوی بە كارتۆنەكەوە نا. هەر بۆ ئەوەی بیدوێنی پرسیت:

– «چی ئەبینی؟؟».

– «تاریکە...» یەك دوو جار خۆی نەوی کرد، سەری بۆ بانتر هەڵبڕی... «ئا ئەوە بڕێکی کەیان هێنا... ئێژم بەڵکو باوکمیان هێنایە ئێرە؟».

– «ئا... ئەیهێنن... بۆ نایهێنن با...».

هەمدیس سەری بە کارتۆنەکەوە نا

– «لەڕیزە ماڵەکەی ئەو بەرەوە لە باڵەخانەکەیدا چەند کەسێك لەبەر پەنجەرەیەکدا دانیشتوون تەماشای ئێرەکانە دەکەن...».

کەمێ هاتە پێشەوە وەك نهێنییەك بدرکێنی دەمی بردە لای گوێتەوە:

– «ئێژم... ئەتوانم لە پەنجەرەکەوە بڕەمم؟... ئا ئەو کابرایە کە خەوتووە ئێژێ دوێنێ کوڕەکەم لە پەنجەرەی ئەو ژوورەی تەنیشتمانەوە ڕەمی و ئێستا لە ماڵی خزمێکیاندایە...».

– «تۆ گەورەی شیشی ئەم پەنجەرەیە سخن ئەوەندە شاش نین تا تۆی لێوە بچیتە ئەو دیوا...» بە نائومێدییەکەوە لە جێگاکەی خۆی دانیشتەوە، لێوی کەمێ کشا و خەمێکی نادیار بەو منداڵییە لە ڕوومەتیا دەرکەوت، چاوی بڕییە کۆشی خۆی. لەوە ترسای دڵی لێت ڕەنجا بێ

– «گەرمیان گیان پێم ناڵێی هاپۆ خدر کامەیە؟»

– «پێم نەوتی، ئا ئەو سەڵتە لەبەرەیە... ئەوەی سەڵتەکەی داکەندووە... ئا ئەوەتانێ پاڵی داوەتەوە... ناسیت؟»

هیچی پێ نەما بیڵێ، ملی کەمێ بەلای شانی چەپیدا لار بووەوە.

– «ئەی تۆ چۆن...» وەك پەشیمان بێ لە پرسیارەکەی تەواوی نەکرد، بەڵام تێگەیشتم

– «دەتەوێ بزانی چۆنیان هێنام؟ خەوت نایەت؟».

***

چیت بۆ باس کەم؟ گەرمیان گیان لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ خەوت نایەت؟... باوکت لەبەر خۆشەویستی ئەم ناوچەیە ناوی تۆی ناوە گەرمیان... ناهەقی ناگرم. کام شوێن ئەوەندەی ئەم گەرمیانە دڵگیرە گەرمیان گیان... دڵسافی و سادەیی خەڵکەکەی بۆ ناڵێی... هەشت ساڵ پێش ئێستا لەم شارە دەرچووم دەمتوانی بۆ خۆم ڕوو بکەمە ئەو کوێستانانە بەڵام گڕە و گەرمای ئێرەکانەم لە نسێ و تاڤگە و کانیاوی ساردی کوێستانانم پێ خۆشتر بوو... هەردە و دەشتە کاکی بەکاکییەکەیم لە قەد چیا و بنارانم پێ جوانتر بوو، تۆ مانگەشەوان

لەگەڵ هاوڕێکانتا لە پاین دێ چاوشارکێ و قووڵانت قەت نەکردووە؟ دەزانی نە لە کوێستانان نە لە هیچ شوێنێکی کەی ئەم دونیایە هەرگیز مانگ ئەوەندە جوان و تریفەدار نابێ!! گەرمیان گیان لەڕێوبانی ئەم گەرمیانەدا، کە لە ئاواییەکەوە بۆ ئاواییەکی کە دەچووم لە ڕێگا پێم پەتی دەکرد، ئەو خۆڵە وردە کل ئاساییەی ڕێگا، تەزوو و موچڕکێکی خۆشی بەژێر پێم دەدا... خۆڵی وا ورد ورد هەر ئێژی ئاردێکی سوورە... مرۆ دەتوانێ بەپێی پەتی بەشاخێکدا هەڵگژێ؟... گەرمیان گەر لەم سەغڵەتییە دەرچووین دێمە ئاواییەکەتان ئێ؟... هەموو ئەمانەت پێ نیشان دەدەم... چیت بۆ باس کەم؟ بەهارانی بۆ ناڵێی... هەرچەندە بەهاری کورتە، بەڵام شتێکی دەگمەن و سەیرە بەهارانی... لە کام شوێن، بەهار ئاوا کورتە؟ سەیر نییە؟! لەپڕێکا ئەو دەشتە بۆ خۆی ڕایەخێکی سەوزت بۆ ڕادەخات، ئەوەندەی پێ ناچێ هاکە زەرد هەڵگەڕا، بۆیە دەڵێن خەڵکەکەی لە هیچ شتێکی خۆش، تێر نەبوون... بە عەزرەتی شتی خۆشیشەوە سەر دەنێنەوە، کەچی سەرەڕای ئەمەش بەبێ گەرمیان هەڵناکەن و تا دەمرن لێی دوور ناکەونەوە...

***

لەوەتی گەرمیان گەرمیانە، گەرمیان گیان، خەڵکەکەی بەتەمای بەهارێکی درێژن... تۆ قەت لە بەهاراندا بۆ قاڵچك و دۆمەڵانی قەد تەپە و تەڵان و قنگری ناو زەوی بەیاری نزیك ئاوایی نەچووی؟... دواجا لە دونیادا شوێنێك هەیە لە یەك ساڵدا دوو بەهاری هەبێ؟... ئەی پایزان نەچوویتە قەراخی (ڕۆخانە) و (ئاوەسپی...) بەڵام گەرمیان گیان لەگەڵ ئەم جوانییە بێ وێنەیەدا خەم و پەژارە و نەهامەتی و کڵۆڵی خەڵکەکەی هامتەقای نییە، یەکەم گورز کە لە بگرە و بەردە و هێرش و بەسەرداداندا دەیوەشێنن بەر ئەمان دەکەوێ، کولیتە و زنجیان دەسووتێ و خاپوور دەکرێ، گەنج و ڕیش سپی و ئافرەت و منداڵیان بۆ بیابان و شارانی دوور دەگوێزرێنەوە. دەڵێن زوو زوو خەڵکی ئەم گەرمیانەیان بۆ لیبیا و ژووررووی ئەفریقیاش پەراگەندە کردووە! لەمەش کۆنتر سەنحاریب ناوێك بە لەشکرێکی زۆرەوە بەگەرمیاندا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە قەرەداغ، گەرمیانییەکان دەستەوەستان دانەنیشتوون ساڵێك ئەو لەشکرەیان پەنگ دابۆوە و ڕێگای ڕۆیشتنیان لێ بڕیبوو، لەدواییدا گەرمیانییەکان کۆڵ دەدەن، بەڵام کوشتارێکی بێ بەزەییانەیان لێ دەکەن... پێش هەموو کەسێ خۆیان گەیاندە کفری لەگەڵ خانی دەڵۆدا بەگژ سوپای ئینگلیزدا چوون شێخی نەمریش متمانەی پێیان دەکرد، کێ شەڕەکەی ئاوباریکی لەبیر نییە هیچ کەسێ ناتوانێ جوامێری و ئازایەتییان ون کات، کەچی لەدوای هەموو کەسێکەوە خۆشی و ئارامی دەچێژن... ئەوەی من بەبیرم بێ وا

نزیکەی سی ساڵێکە خانوو وماڵیان دەسووتێ، تاڵان دەکرێن، ئەوەندە گوێیان بەماڵ و حاڵ نەداوە، خوا سەری دابێ ڕزقیش دەدا ئاوا ئێژن... ئەوەی بەتاڵان دەبرا پەیایان دەکردەوە، بۆ خانوو و کونجیش، قەرەچاری و زەڵ و پووشی گەرمیان زۆر و زەبەن، سەریان پێ دەگرتەوە و ڕێکوڕەوان دادەنیشتنەوە بۆ خۆیان هەر وەك هیچ ڕووی نەدابێ... کەچی هیچ لایەنێك بەتەنگیانەوە نایەن، ئێژن لە شەڕێکدا لە نێوان دوو لایەندا کوژراوەکانیان هەمووی گەرمیانی بوون، داخ لە دەست دڵسافی و سادەییەکەیان.

ئێسال وا لەمبەر و ئەوبەری (ڕۆخانە)وە تا نزیك (سیروان) ڕەشبگیر کراون، وەك بەهەموو لایەکیانەوە حەز بەوە بکەن ئەم گەرمیانە چۆڵ بی، وا ئەو هەردە و دەشتانە چۆڵن، گەرمیان بەخەڵکەکەیەوە گەرمیانە، دەزانم ئێستا ئەو جوانییەی نەماوە، وا لەبەر چاومە دەشتێکی چۆڵ، وشك و برینگ خۆڵ و کەسەك و هێرکی، زاری دەکەن... چۆن دەبێ گەرمیان گیان؟ ئەمە کارێکی نەکردە نییە...

گەرمیان ئەو سەرە بچکۆڵەیەی تۆشم هێنایە ژان، خەوت نایە؟...

«خەوەکەم زڕا... مامۆستاکەشمان لە ئاوایی قسەی ئاوای بۆ دەکردین...».

لەژێر کراسەکەیەوە دەستی برد خۆی خوراند و درێژەی بەقسە دا... «بەڵام ئەمە دوو ساڵە قوتابخانەکەمان داخراوە... باسی ئەوەت بۆ نەکردم چۆنیان هێنای؟...»

حەز دەکەی بزانی:

«چەند ڕۆژێك لەمەوبەر، هێشتا ئەم دەنگوباسانە لە ئارادا نەبوو بەڵام وزە وز پەیدا ببوو... کە شتێك ئەقەومێ... دایکم لە شارەوە هاتە ئاوایی (زنانە) بۆ سەردانیم، لە ماڵی حاجی ڕەشیدی کوێخا کەرەم دوو شەو پێکەوە بووین. شەوی یەکەم تا بەیانییەکەی نەنووستین... سۆراخی دۆست و ناسیاوم لێ دەکرد، هەواڵی سیروانی برازام لێ پرسی، هەر لە تەمەنی تۆدایە ئێستەش سەری زوان دەگرێ؟ ئایا وەکو جاران لە مشك دەترسێ؟ دەمەو بەیان مناڵ ئاسا لەباوەشیا دەخەوتم. دوای دوو ڕۆژەکە، دایکم گەڕایەوە گفتی ئەوەی پێ دام جەژن لەگەڵ سیرواندا بێتەوە سەردانیم، قاو کەوتە ئەو ناوەوە کە ناوچەکە دەکەوێتە بەر هێرشێکی بەربڵاو... دەنگوباسی لەمەوبەری هەڵەبجە ترس و گومانی خستبووە دڵی خەڵکەکە و ورەی پێ نەهێشتبوون... ماڵە پوورێکم لە ئاوایی «خان» بوو بڕیارم دا سەردانییەکیان بکەم، دایکیشم ئۆباڵی خستبووە ئەستۆم هاڵ و هەواڵێکیان بپرسم... هەردەیەکی ڕێبواربەزێنە ڕێگای «خان»، گەرمیانیش ئاوەدان بێ هەر لە مانگی چوارەوە دەبێتە هاوین... گەرما ئەو دەشتەی هەڵپرووکاندووە، پەڵە خەلەکان، گژوگیا،

زەرد چوونەتەوە لە بەهاردا کولیلکەی هەمەڕەنگ ئەو دەشتە دەتەنیٚ لەم مانگەدا سیس دەبن و هەڵدەپرووکێن... زەردە سیری و قەلەچاری و عەگول تا ئەژنۆ دێن و تا پایزێکی درەنگ دەمێننەوە، دەبنە لانەی کەروێشك و ڕێوی و جیٚ هێلانەی سۆسکە و کوڕکوڕ و تیترەواسکە و مەلۆچکەی هەمەچەشنە... وا زوو بە ڕیٚ کەوتم – لە پاین ئاوایی خۆرم لیٚ هەڵهات، ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە پەڵە خەڵەیە، وا هاتووە تا ئەژنۆ دەیکوتا، تیشکی خۆری ئەو بەیانییە کە لە لاسکە زەردهەڵاتووەکان دەکەوت دەبریسکانەوە، بایەکی مەیلەو فێنکی ئەو دەمە و بەیانییە کەروێشکەیەکی خۆشی بە خەلەکان خستبوو، خشە و هاژەیەکی خۆشی بەگویٚ دەبەخشی. بەدەم ڕێگاوە هەر بیرم لە هێرشەکە دەکردەوە، پێیان دەڵێم برۆن و خۆیان قوتارکەن، لەبەر خۆمەوە ئاوا دەدوام... پێیان دەڵێم خێرتان دەگات نەکو ئەو ئاواییانەی نزیکتان ئاگایان نەبیٚ با ئاگاداربن... گەلیٚ جار و لەمەوبەریش ئاواییەکان بەر شاڵاو کەوتوون.

بۆ چەند ڕۆژیٚ ڕەویان دەکرد و دەچوونە ئەو هەردانە، کە هێزە شاڵاوبەرەکە دەکشایەوە خەڵکەکەش دەگەڕانەوە بۆ ناو دیٚ، لەبەر خۆمەوە دەمگوت... ئەمجارەش هەروەکو جارەکانی پێشوو گەردەلوولێکە زوو دێت و دەڕوات... هەرگیز بۆ ئەمە نەدەچووم کە وای لیٚ بی...

گەرمیان گیان، لەم واڵا وردانەی خۆمدا بووم لەپڕ کڵاوکوڕەیەك لەبەر پێما فڕکەی کرد، داچڵەکیم بەڵام چۆن داچڵەکاندنێك... خۆر ڕمیٚ بەرز بووەوە گەیشتمە «خان». لەسەر چەمەکە دانیشتم، یەك دوو شڵپ ئاوم بەدەموچاوم دا... یەك دوو لۆچ ئاوم خواردەوە. بەدەم ئاوخواردنەوەوە پێرارم کەوتە یاد... دەمەو ئێوارەیەکی سارد، ئاوا بۆ سەردانی ماڵی پوورم دەچووم، گەیشتمە سەر ئەم گردەی تەنیشتم، لەوکاتەدا چەمەکە بەزەحمەت بواری دەدا، لەسەر گردەکەوە دەمڕوانییە ئاوایی، لەوکاتەدا چەند تانکیٚ دەورەی ئاواییەکەیان دابوو، سەربازەکانیش لەناو دیٚ بوون، زۆری نەخایان کشانەوە و ئاگریان لە چەند خانوویەك بەردا، لەسەر گردەکە مامەوە تا هێزەکە لەچاو ون بوون ئەوجا پەڕیمەوە، شەو تا درەنگیٚ دانیشتین لەدواییدا هەواڵی هێرشەکەم پیٚ دان، ئەم خەڵکە لەگەڵ کارەسات و ناخۆشیدا ئولفەتیان گرتووە، ئەوەندە چاوەڕیٚی ناخۆشی دەکەن چاوەڕیٚی خۆشی و ئارامی ناکەن... وتیان ئەمە یەکەم جارمان نییە، ئێمە فێری ئەم بەزمەین... وەك جارەکانی پێشوو، یەك دوو ڕۆژ دەچینە ئەو هەردانە و دوایی دەگەڕێینەوە، چش لە ماڵ، سەر سەلامەت بیٚ... وایان گوت... گەرمیان گیان، ئێستا ئەوانیش بەم دەردە چوون... ماڵی پوورم خەوتن من نەخەوتم، لەگەڵ مەلابانگدانا خۆمم

کۆکردەوە و، پوورم بە ئاگا هێنا و خواحافیزم لێ کرد... لە چەمەکە پەڕیمەوە، ویستم قەدبڕی کەم تا زووتر بگەمە ئاوایی «قەلا» هەندێ شتومەکی سووك و چەند کتێبێك لەوێ بوو بیانبەم و بڕۆم، ڕێگاکەم بەردا، بەناو پەڵە خەڵەکاندا دەڕۆیشتم، لەژێر پێمدا لاسکەکان دەشکانەوە قرچەی دەهات، لە هەندێ شوێندا هێشتا شینایییان تێدا مابوو، لەبن کۆمەڵتە دەغڵەکاندا چەند گولیلکەیی جوانم بینی تا ئەم کاتەش ڕەنگیان تیا مابووەوە... بەرەبەرە خۆرەکە جۆشی دا... شەو نەخەوتووم، دەمارەکانی لەشم پل دەدەن، ماندووم دەمەوێ ساتێ زووتر بگەمە «قەلا» هەم هەواڵەکەیان پێ ڕادەگەینم هەم شتومەکەکانم هەڵدەگرم و بەرەو ژوور سەری خۆم هەڵدەگرم... بۆ لەبیر بردنەوەی ماندوویەتیم گوێم لە قرچەقرچی لاسکەکانی ژێر پێم دەگرت کە دەشکانەوە، خرمەیەکی خۆشیان لێوە دەهات... دەمویست مەترسی شالاوەکە لەبیر بەرمەوە، بەلام کە کارەساتەکەی هەڵەبجەم بیر دەکەوتەوە لەشم ئەوەندەی کە لە ئارەقە دەنیشت، دەمهێنایە بەرچاو کە ئەگەر دووبارە بێتەوە چی ڕوودەدا؟... وا دیارە ئەم ساڵ ئەم خالانە هەر بەپێوە دەمێنن، لە ڕێگاکەی ئەولاوە ژن و پیاوێکم بینی، منالێکی هەشت نۆ سالانیش لەپێشیانەوە بە ڕێگاکەدا بەولاو بەولادا ڕای دەکرد، سەرو بوخچەیان پێ بوو، بانگم کردن وەستان، کە لێیان نزیك بوومەوە ترس و گومانم لە ڕوویاندا بەدی کرد. تا منالەکەش کە منی بینی بەڕاکردن گەڕایەوە تەك دایکی، دڵنیام کردنەوە.

«ئەوە دەمویست هەواڵێکی ئەو خوارە بزانم...»

گومانەکەیان ڕەوییەوە.

– «ئۆمەربل لە چی دایە؟»

– «.....................».

– «ئۆغر»

– «خۆشمان نازانین».

سەری دانەواند و بێدەنگ بوو بۆ چەند ساتێك هەردوو لامان بێدەنگ نقەمان لێوە نەهات... ئافرەتەکە ڕوومەتی وەك هەورییەکەی لەچەکی ڕەش داگیرسابوو، کابراش گیرفانی سەڵتەکەی ئاوسابوو، دەستی برد نانێکی قەمچ کراوی دەرهێنا و بۆی درێژکردم، وەرم نەگرت، «ئێوە لەسەر سەفەرن و من بۆ ئاوەدانی دەچم...». وام گوت و دوعاخوازیم لێ کردن... ئەوان بەرەو ژوور بوونەوە منیش بۆ دۆڵەکەی تەنیشتم شۆڕ بوومەوە... ئەو دۆڵە بەدۆڵی ڕێبوارکوژە بەناوبانگە، زستانان بارانای پێدا دەڕوا،

ڕۆژانی باران بوار نادات، لەگەڵ کردنەوەی بارانەکەدا ئەویش وشك دەکات... لە هەندێ جێگادا چیمەنێکی سەوزی جوانی تیا ڕواوە، هەر لە سەرەتای هاوینەوە مێشوولەی پیاو دەخوات، وەك پەڵە هەورێکی ڕەش بەسەر ئەو زەڵ و خەڵتانانەدا گیزەیان دێ ئەوەی بەوێدا گوزەر بکات مەگەر پەیتاپەیتا دەست بەسەر و چاوی خۆیا بهێنی... بەچاکم زانی دۆڵەکە بەردەم، دووبارە کەوتمە ناو پەڵە خەڵەکان، گەیشتمە ناو پارچە زەوییەکی بەیار، قەلەچاری تا ئەژنۆ هاتبوو، لە سەرەوەش خۆرەکە جۆشی دابوو، برسیەتیم لەبیر نەماوە تینوومە، لەجیاتی شنەباکەی بەیانی بایەکی مەیلەو گەرم هەڵی کردبوو، ئارەقەی هەنیە و لامل و دەفەی شانمی کزر دەکردەوە لە پێشمدا گەردەلوولێکی زەبەللاح بەخول خواردن چووبووە ئاسمانا و بەرەو لای من دەهات، خشە و هاژەیەکی سەیری بەپەڵە خەڵەکەی تەنیشتم خستبوو، وا دار تووەکەی قەڵا وەدەرکەوت دوو گردۆڵکە، خانووەکانی لە ڕێبواران دەشاردەوە تا لەو دوو گردەکە ئاودیو نەبوایەیت ماڵەکان نەدەبینران... هەنگاوەکانم گورج کردەوە، دەستێکم خستە سەر چۆکم و بەگردەکەدا هەڵگژام، لەسەر گردەکە هەناسەیەکم دا، ڕاستە پێ وەستام، تەماشای ئەملاو ئەولام کرد، لەبەرخۆمەوە وتم «ئای گەرمیانە کلۆڵەکە...» گەرمیان گیان هەموو جارێ بە هاوڕێکانم دەگوت: «ئەم گەرمیانە نهێنییەکە بۆ خۆی... ئەوەی باش لێی نەگات لە نهێنییەکەی ناگات! شارەزای هەردە و دەشتە کاکی بەکاکییەکەی خەڵکە سەیر و خۆشەکەی نەبێ نەدەتوانێ خۆشی بوێ، نە تیایدا هەڵدەکات...». پار لاوێکی خوێن گەرمی ئەو کوێستانە یەك دوو مانگێ مایەوە، بێزار بوو گوزەرانی نەکرد و گەڕایەوە. بەڵام ئەوەی کەمێ پشووی هەبێ و دان بەخۆیا بگرێت بەرەبەرە نهێنی ناوچەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت... بیرمە جارێکیان لەگەڵ ناسیاوێکدا پێکەوە چووینە یەکێ لە دێکانی ناوچەی زەنگەنە، هەردەی زەنگەنەش، ئاوەدان بێ، بەناوبانگە، کە ماندوو بوو پێی وتم: «پێم ناڵێی لەم دەشتە وشك و برینگ و سەختەدا ئەم خەڵکە چۆن گوزەران دەکەن و بەچی دەژین؟!.». قاقا پێکەنیم، زانیم هەردەکە شەکەتی کردووە و دەیەوێ بەمە قاری خۆی دەربێنی... «کاکی برا با تۆ پەروەردەی بنار و چیای سەختیش بی بەڵام ئەمە دەشت و هەردەی گەرمیانە گەمەی مندالان نییە». ئا گەرمیان گیان ئاوام پێ گوت؛ بژنەوە... ئێرە گەرمیانە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە ناچێ، تۆ بڕوانە لەم بێ ئاوییەدا لەم دەشتە وشکەدا دەغڵودان چۆن هاتووە و تەماشا چ هاتێکە... من پێم نەوتی نهێنییەکی تێدایە، ئەگینا لەم دەشتە کاکی بەکاکییەدا و لەم خۆڵە پەتانییەدا دەبوایە کەست نەبینایە، کەچی ئەوەتا سەدان ئاوایی تیا قووت بۆتەوە... وشك و برینگیەکەی نەیتوانیوە خەڵکەکە بێزار بکات و لەبەرچاویان

بخات، بەڵکو زیاتر و باشتر پێوەی لکاون... تۆ نایان بینی چەند ئارام و لەسەرخۆ و کەم دوو و کشوماتن!... دەڵێن گوایە خاکوزەوی ئەم ناوچەیە لە ڕقی ئەم کشومات و بێدەنگییەی خەڵکەکە شەوان بۆ خۆی دەگری... ئا دەگری، کە دەگری، بەفرمێسك ئەو دەغڵودانانە ئاو دەخۆنەوە، هەر بۆیە چەند نەهات و وشکە ساڵ بێ، خەڵە و دانی ئەم ناوچەیە کەم و کۆتا هەر بووە، ئەگەر واش نەبووبێ بەشینایی کردووە... جارێك نەبێ خاکوزەوی ناوچەکە یەك دوو ساڵ لە گریان کەوت و فرمێسکی نەدەڕژان تا خەڵەکانیان ئاو بخاتەوە... دەڵێن ئەویش خەتای خەڵکەکە بووە... دەگێڕنەوە گەورە و بچووکی ناوچەکە خوویان دایە ڕاوکردن، ئاسك و کەروێشك نەمان... باڵندەیی خواسایی بەئاسمانەوە تاقیان لێ براوە، بەجۆرێ کەوتنە خولیای ڕاوکردن، ژووژوو و مارموێلکەشیان قڕکرد، ئەوەی زیندەوەر بوو لە ناوچەکەدا نەما... خاکوزەوی بەم کردەوە منالآنەیە پێکەنینی دەهات و ئەو دوو ساڵە فرمێسکی نەڕشت، بۆیە نەهامەتییەکی وا ناوچەکەی گرتەوە، قلە جۆیەك شین نەبوو، بەر نەعلەتی ئەو زیندەوەرانە کەوتن و هەریەکە و بەلایەکا سەری خۆی هەڵگرت، (خاڵسات) لە گەرمیانی جمەی دەهات دوای دوو ساڵەکە بەپارەوپوولێکی باش و عەرەبییەکی شلۆقەوە بۆ گەرمیان گەڕانەوە، لەو کاتەوە ئەوەندە عاشقە ڕاو نین، ئێستاش کە باسی ئەو دوو ساڵە دەکەن بەساڵی خاڵساتەکە ناوی دەبەن، لە ئاواییەکیشدا ڕاوکەرێ هەبێ ساڵ دوانزەی مانگ ئەو پیادەیە و ڕزقیشی سوارە، لەخواوەیە کەم دەرامەت و دەست نەڕۆ دەبێ!... بۆ ماوەیەك هەروا لەسەر گردەکە وەستام، برە ماڵێکی گڵین، سەریان بەیەکا کردووە، وات دەزانی قەرەی تیادا نەماوە قەت وا کشومات نەبووە!... لەوەوپێش کە دەهاتمە ئاوایی قەڵا ئاوا لەسەر ئەم گردەوە گوێم لە زەڵەزەڵێکی خۆش دەبوو... سەگوەڕ، بارەی مەڕ و بزن و زەڕین و حیلەی ئەسپ تێکەڵ بەیەك دەبوون... نازانم گەرمیان گیان لە کەیەوە ئەو خووەم تیا پەیدا بوو: بۆ هەر دێیەك دەچووم ئەوەم گەلێ پێ خۆش دەهات، کە لە پاین ئاواییەوە دانیشم و گوێ بۆ ئەو ژاوەژاوە ڕادەم... چەندین جار هەر لەسەر هەمان گردەوە گوێم بۆ «یار غەزاڵەکەی» لفتە هەڵخستووە، وەك شەماڵێکی فێنك شەکەتی ڕێگای لەبیر بردوومەتەوە، لەگەڵ ئاوازە سووتاو و پڕ غەریبییەکەیدا تاس بردوومیەتەوە و خەیاڵم بەقەد پانوپۆڕی دەشتەکەی گەرمیان پەخش دەبووەوە... کەچی لەو کاتەدا ئاوایی کشومات بوو نە یار غەزاڵەکەی لفتە نە ئەو زەڵەزەڵەی جارانم نەژنەوت، گەرمیان گیان، تا دارتووەکەش بێ جوولە بوو،... لە گردەکە شۆڕ بوومەوە، ڕچە ڕێیەك وەك ڕم لە دڵی ئاوایی چەقیبوو، گەیاندمیە بن دارتووەکە... چەند کەسێك لە سێبەری دارتووەکە

دانیشتبوون، بەڵام نەیان دەزانی چی بکەن، تومەز لەدوێنێوە هەر بەیەکا دێن، شەو بڕیاریان دابوو ئەوەی بەدەستەوە دێ هەڵی بگرن و بڕۆن، هەر نەبێ لەو هەردانە خۆیان مەلاس بدەن، بەڵام کۆمەڵێ چەکداری سەر بەلایەنێکی ناوچەکە ئەو ڕێگەیان لێ بڕیبوونەوە، دەچوونە بن دەستی یەکترەوە مقۆمقۆیان بوو نەدەگەیشتنە هیچ بڕیارێك، بۆ ناهێڵن خۆمان قورتارکەین؟... ئێژن گوایە ئەمجارە هیچ شتێ بەرگەمان ناگرێ... هەندێ وایان دەگوت دەچوونەماڵەوە ئۆقرەیان نەدەگرت دەگەڕانەوە بن دارتووەکە... هەمدیس چی بکەین چی بکەین پەیدا دەبووەوە... هیچیان نەدەکرد... هیچیان پێ نەدەکرا... چی بکەن؟

لە یەکتریان دەپرسی کەسیان وەڵامی ئەوی کەیان پێ نەدەدرایەوە، شتێکیان بۆ خۆیان دەگوت و سەبووری خۆیان پێ دەدایەوە، شتی سەیر سەیریان بۆ دڵنەواییی یەکتر دەگێڕایەوە... دونیایەکی هێمن و ئاسوودەیان دروست دەکرد زۆری نەدەبرد بەوەش بڕوایان نەدەما... سەریان لێ شێوابوو... خوا سەر لەوە بشوێنێ وا سەری لەم گەرمیانییانە شێواند... ئەو تەتەرەی بۆ هەواڵ و سۆراخ دەنێردرا نەدەگەڕایەوە، چەند ستەمە ترس دەورەی مرۆیەك بدا و پەنا و داڵدەیەکیش شك نەبات. مەگەر هەر ئەوانە بزانن چەند ستەمە کە خۆیان بەو بارەدا تێدەپەڕن... هەر ئەوانە کە ئومێدبڕ دەبن دەزانن هەناسە ساردی یانی چی، خەڵکەکە ترس و دڵەڕاوکێ و گومان و بێ ئومێدی، ورەی پێ بەردابوون... چی بکەن؟ نازانن، بۆ کوێ بڕۆن؟ هەموو ڕێگایەکیان لێ گیراوە... بڕۆین... نەڕۆین؟ باشە دەڕۆین... بۆ کوێ؟ نازانن، لە نێوان خۆیاندا ئاوا هەڵسوکەوتیان دەکرد و ئاوا دەدوان... گەرمیان گیان، ئەگەر دەمانزانی ئاوامان بەسەر دێنن، چارەیەکی خۆمان دەکرد.

لە ژێر دارتووەکەدا جەوەنەیەك دانرابوو نامە سەرەوە، خەڵکەکە منیان بینی گەشانەوە، وەك چارەی ئەم سەر لێشێواندنەیان لە کن من، بێ منیش لە دڵی خۆما دامنابوو، پێیان بڵێم: بڕۆن... تا زووە بڕۆن. گوێ بەقسەی کەس مەدەن، بڕۆن لە دڵی خۆما وام نیاز بوو ئاوایان پێ بڵێم... ئەمە سی ساڵە... پەنجا ساڵە، هەر دەستی ئەم خەڵکە بەزاخا دەکەن و تووشی فەلاکەتیان دێنن... ئا ڕاست و باریك بەتەما بووم ئاوایان پێ بڵێم...

گەرمیان گیان، خۆ خەوت نایە؟... جەوەنە ئاوەکەم دانەنابوو دەورەیان دام «یاخوا بەخێر بێیتەوە... ئەوە لە کوێ بووی؟...» بەیەك دەنگ ئاوایان دەگوت، یاخوا ئەم

گەرمیانییانە خوو بەکەس نەدەن و ڕقیان لە کەس نەبێتەوە ئافرەتەکان لەبەر دەرگای حەوشەکانیان دانیشتبوون... پیرەمێردێك بە لەرزەلەرز لە کۆڵانێکەوە دەرکەوت بەرەو دارتووەکە خۆی بەکێش دەکرد...

«برا...» هەموویان گوێیان قووت کردەوە. «بۆ خۆتان بڕۆن...».

لەمە زیاترم بۆ نەهات، نەم دەوێرا تەماشای ڕوومەتیان بکەم... بەڕوویاندا دیاربوو هەزار گلەیی و گازاندەیان لە دڵابوو... بەڵام هیچیان نەدەگوت... هەزار »بۆ« لەسەر زاریان مەیی بوو نەیان دەدرکاند... ئەم گەرمیانییانە وان، گلەیی و گازاندە لە کەس ناکەن، با لە شتێکیش ڕازی نەبن، لە ناخیاندا پەنگ دەخواتەوە و دەری نابڕن... لەپڕ قەوما... زرمەیە... ئەوە یەك، دوو نەبووە سێ... دووره تەقەیە... خەڵکەکە داغانیان کرد... کەس ماڵ و حاڵی لەبیر نەما ئافرەتەکان بەقیژە و گریانەوە بەیەکا دەهاتن، دەگەڕێنەوە حەوشە دەستی منداڵەکانیان دەگرن و بۆی دەردەچن،... ڕاکەن... کوا... کوڕە حوسێن... هیزە مەجید... ئا بێژە دایکم زوو... جێم نەهێڵی... ئافرەتێك بوخچەیەکی لێ کەوت، نەپڕژا هەڵی گرێتەوە... پیرەمێردەکە، منداڵ ئاسا لە شوێنەکەی خۆی دانیشت و پێی لێ درێژ کرد... ڕام کرد... دۆڵەکەی پشت ئاواییم دابووە چاو، لەسەر کۆڵانەکە منداڵێك لەسەر دەم کەوتبوو دەگریا، کەس دیار نەبوو، ڕەنگە لەو کاتەی کە قەوما خەریکی یاری کردن بووبێ و دایکی فریای سۆراخکردنی نەکەوتبێ... لەولاوە، لە کۆڵانەکەوە پێنج شەش لاوێك بەپڕتاو دەرچوون، منداڵەکە کەوتە ژێر پێیانەوە... تا گەیشتمە لای لە گریان کەوتبوو، گەیشتمە سەری... خۆ... ئەوە... شوانەی حەمە غەریبە... کوڕی ئەو پیاوەیە کە بە تەکمەوە پاڵ کەوتووە، گەرمیان گیان پێی نەڵێی...! خۆم گەیاندە دۆڵەکە بەڵام گریانی منداڵەکەم لە گوێ نەدەبڕا... لە کەندڕێکا خۆم شاردەوە. هاوار و گریان و زەڵەزەڵم دەهاتە گوێ. خۆمم مت کرد، بەڵام نەدیمەنی پیرەمێردەکەم لەبەرچاو ون دەبوو نەگریانی ئەو منداڵەم لە گوێ دەبڕا... بۆ ماوەیەك دەنگە دەنگەکە کپ بوو، لەپڕ گوێم لە »کوڕە نەڕۆی... ڕاوەستە«یەکی نزیك بوو، نەخێر تریەی پێ دەبیسترا «ئا ئەمە یەکێکی کەیە خۆی شاردۆتەوە... دەرچۆ...» دەرچووم پێشیان کەوتم. لەو دیو گردەکەوە یەك دوو چەکدار چەند ئافرەتێك و هەشت نۆ منداڵیان پێش خۆیانیان دابوو، لە دەرەوەی ئاوایی چەند زیلێك وەستابوون، پەیتاپەیتا خەڵکیان دەهێنا و لە زیلەکانیان دەنان... لەولاوە پیکابێك هات ئازووقە و شتومەکی ماڵەکانیان خستبووە سەر، سواری پیکابەکەیان کردم و دوو جاشیشیان بەدیارمەوە دانا... ئەوەبوو دەمەوئێوارە گەیشتمە ئێرە. گەرمیان گیان چاوم لێ بوو خانووەکانیان سووتاند، چەند کەسێکی کەشیان مەڕ و ڕەشەوڵاخی ئاواییيان

بەرەوخوار دەكردەوە... كە بەدێی (ساڵەیی) و (شۆڕاو)یشدا تێپەڕیمان بوو بوونە دوو گردی گەورەی خۆڵ و خشت، بەكاوەخۆ لەژێر خۆڵ و خشتەكانەوە دووكەڵێكی ڕەشی باریك بەئاسماندا دەچوو...

***

شەو درەنگە، ئەمشەو دووەم شەوی ناو ئەم ژوورە تەنگەیانە. بەدرێژایی ڕۆژیش پەیتاپەیتا هەر زیلە و ژن و پیر و منداڵ و لاو لە دێكانەوە دەگوازرێتەوە... دەرەوە زەڵەزەڵەكەی خامۆش بۆتەوە... ئەوەی لە ژوورەكە دایە خەوتوو یا كشومات سەری خستۆتە سەر چۆكی، لەگەڵ خەم و پەژارەی خۆیدا دەدوێ... تەنها سێ كەس لە ژوورەكەدا دیارن كە نەخەوتوون... گەرمیان بەر پەنجەرەكە بەر نادات، ئەو پیرەمێردەی كە گەرمیان دەیناسی، سابیری حاجی جومعە. كە خەوی زڕاوە و كەسی دەست ناكەوێ قسەی لەگەڵا بكات، ناچار لەگەڵ خۆی بەدەنگێكی چییە ئاسا لەژێر لێوەوە بۆ خۆی دەدوێ... «بڕوا ناكەم لە هیچ شوێنێكی ئەم دونیایەدا كاری وا كرابێ!... نە یاسای ئاسمان نەیاساكانی زەوی ڕێگا بەكاری نەگونجاوی وا نادەن... ناوچەیەكی بەربلاو بەجارێ هەمووی ڕەشبگیر بكرێت!! ولاتی بێ دێ دەبێ؟!...» هەستی كرد گەرمیان تەماشای دەكات، ئەم شەویش وەك شەوی ڕابردوو هەستا و چووەوە لای، هەر كە دانیشت و دانەنیشت دەمی بردە لای گوێیەوە:

– «ئێژم... ئەتوانم لە پەنجەرەكەوە بڕەمم؟»

دوێنێ شەویش وای پێ گوت خۆی لێ كەڕكرد، بەلام ئەمشەو جۆری ڕوولێنانەكەی جیاوازە، وەك بپاڕێتەوە وا دیاربوو، چاوە گەشەكانی لە ڕووی سابیر گیركردبوو چاوەڕێی قسەیەكی خێری بوو، ڕونا ڕەنگ و پۆی لەگەڵ شەوی ڕابردوو جیاوازی هەیە» سابیر دەستە بچووكەكانی خستە نێو دەستییەوە، بەچاوی بەزەیییەوە تەماشای كرد،، «چۆن مرۆ ئەوەندە ڕك و كینەی بەرامبەر مرۆ دەبێ؟!... ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا دەیكا ئاژەڵ لەگەڵ یەكتردا نایكەن»

سابیر لە دڵی خۆیەوە ئاوای وت... بۆ ئەوەی پرسیارەكەی لەبیر بەرێتەوە ویستی بیدوێنێ،

– «پێت نەوتم كوڕی كێیت؟»

– «حەمە سەعید...»

– «كام حەمە سەعید؟»

– «حەمە سەعیدی ساڵە شێتی چاڵەودوانەیی».

– «ساڵە شێت... ساڵە شێت... ئەم ناوەم بیستووە!».

لەگەڵ خۆیدا کەوتە بیرکردنەوە سابیر، مێشکی خۆی گوشی... «کە لە دێی (قەڵا) دەورەی لفتەمان دەدا تا ڕازی بکەین (یار غەزاڵ)مان بۆ بڵێ باسی دەنگخۆشان و گۆرانیبێژانی ناوچەکەی بۆ دەکردین... دەیگوت:

کوڕە بێ بەڵا بن، کەی دەنگی من دەنگە، ئەوەندە دەنگخۆش و گۆرانیبێژ لە گەرمیاندا هەیە من بەشاگردیان نابم، بەداخەوە یەکەیەکە وا دەمرن و ئەو سامانەش لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە ژێر گڵەوە و لەبیر دەچن هەروەکو چۆن ئێستا زۆربەیان نەماون...» دەیگوت: «نەکو ئێستا، هەر لە کۆنەوە ئێرەکانە جێگای ئەڵڵاوەیسی و قەتار و خاوکەر و خۆرشیدی و یارغەزاڵ و سەوزە سەوزە بووە...». ئێمە حەزمان دەکرد باسی کۆنمان بۆ نەگێڕێتەوە یارغەزاڵەکەمان بۆ بچڕێ، بەڵام ئەو لەسەری دەڕۆیشت: «باوکم کاتی خۆی دەیگێڕایەوە: ساڵە شێتێك هەبوو لە ئاوایی چاڵەودوانە دادەنیشت، دەنگخۆشی وا لەم گەرمیانە نەبووە... کاتێ قەتار و خاوکەری بگوتبا هەرچی کچ و ئافرەتی ئاوایی هەبوو دەستی لە کوننە و مەشکە هەڵدەگرت، جووتیار و سەپان گاسن و داسیان وەلاوە دەنا و گوێیان بۆ ئەو چریکە یەزدانییە ڕادەدا...» لفتە لەسەری دەڕۆیشت: «لە دەمی باوکمم بیستووە چەندین جار لە حزووری شێخی نەمردا ئەڵڵاوەیسی وتووە، دەڵێن کە شێخ بە گەرمیاندا تێپەڕیوە بەدوایدا ناردووە تا گۆرانی بۆ بڵێ حەمە سەعیدی کوڕیشی لە باوکیەوە ئەو دەنگخۆشییەی بۆ ماوەتەوە، بەڵام شێخانی تەریقەت کە بە ناوچەکەدا دەگەڕان و تەریقەتی خەڵکیان دەدا، حەمە سەعیدیان بانگ کرد و تۆبەیان دا و گۆرانی وتنیان لێ قەدەغەکرد، گوایە حەرامە و بۆ دەروێشان ناگونجێ گۆرانی گوتن... خۆشیان گەورە و بچووکیان مەراقی گۆرانی وتنن، ئیتر ئەو گەنجینەیەی کردە ژێر باری پرچەوە، بەڵام کاتێك زکر و تەلیلە دەبەسترا و (مەولایە سەللم)ی دەگوت زۆربەی دەروێشان لەبەر ئەو دەنگە خۆشە حاڵیان لێ دەهات...»... ئاوا، یانی ئەم گەرمیانە کوڕی حەمە سەعیدی ساڵە شێتی گۆرانیبێژە... لەبەرخۆیەوە سابیر ئاوای گوت...

سابیر بەڕوویەکی خۆشەوە وتی:

– «ئێ ئێ ئێ حەمە سەعیدی ساڵە شێتی چاڵەودوانەیی... گەرمیان گیان، پشت بەخوا باوکت ساغ و سەلیمە... ئەی خوشك و براکانت...»

– «نەسرین لە من گەورەترە... شەمە و سیامەند لە من مناڵترن، دوو برای گەورەشم هەیە

لە دایکم نین...»

کە ناوی خوشك و براکانی هێنا چاوی پڕبوو و قورگی گیرا... سابیر سەرزەنشتی خۆی کرد کە بۆ ئەو پرسیارەی لێ کرد... نەیوێرا لەوە زیاتر بیدوێنێ، نەکو دەست بەگریان بکات... پاش کەمێ بێدەنگی هەمدیس سەری هێنایە پێشەوە...

– «ناتوانم بڕەمم؟».

– «گەرمیان گیان ئەم شیشانە سخن...».

بە نائومێدییەکەوە سەری داخست، لێوی نیشتە سەر یەك، سابیر هەمدیس بە میهرەوە هەردوو دەستی گرت، نەیدەزانی چۆن دڵی بداتەوە و بەچی تەسەڵای بدات، بێجگە لە گەرمیان و سابیر و پیرەمێردەکە، وا دوو سێ کەسی دیکەش هەستان، چوار مەشقی دانیشتوون، وادیارە گەرمیان ناتوانێ لە پەنچەرەکە دوور بکەوێتەوە... هەستا چاوی بەکونی مقەباکەوە نا، سابیر لەلایەکەوە حەزی دەکرد چونکی دەیزانی بەوە تەسەللای دێ، لەلایەکی کەشەوە هەرچەندە ئەو چاوی بەپەنجەرەکەوە دەنا ئەم زیاتر بەزەیی پێدا دەهاتەوە و دڵی دەگوشرا...

«با خۆی بخافڵێنێ»

لە دڵی خۆیەوە ئاوای گوت و هەستا گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی...

حەمە غەریب نووستووە، لە تەك حەمە غەریب دانیشت و پشتی بەدیوارەکەوە دا، دەستی بەسەرچۆکیدا شۆڕکردەوە و چاوی بەژوورەکەدا گێڕا... لە ژوورەکەدا هەر ئەو چەند کەسە بەئاگا بوون... گەرمیان هێشتا بەر پەنجەرەکەی بەر نەداوە، پیرەمێردەکە سەڵتەکەی کردووە بەسەرین و ئانشکی بەسەرا داداوە. سابیر ویستی بچێتە لای، خۆی گرت... هۆش و بیری لای کارەساتەکەیە... «ئاواییەك و دوو و سێ نییە... سەرتۆپ گەرمیانیان پێچاوەتەوە، نیازیان خراپە... ئەمە قڕکردنە... ئەمە... باشە ئەی دێهاتەکانی دەوروبەری ئاوەسپی بۆ کوێیان بردوون؟...

ڕەنگە لە ژوورەکانی ئەولا بن... ئەمانەی ئێرە خەڵکی دەوروبەری ڕۆخانەن... ئەی دێکانی نزیك سیروان و جافایەتی و هەردی زەنگەنە؟ ڕەنگە بۆ شارێکی کەیان بردبن...».

گەرمیان وا لەگەڵ یەکێکدا دەدوێ، یەکەکە لەو دیو پەنجەرەکەوەیە دیار نییە... ئەم لەسەر نووکی پەنجە وەستاوە گوێ دەگری...

وا ئاوڕی دایەوە، تەماشای پیرەمێردەکە دەکات وا بەرەو لای پیرەمێردەکە دەچێ،

لـەبـەردەمـیدا چـیـچکـە دەکـات و شتێکی پـێ دەڵـێ... پـیرەمـێردەکە کـەوتـە بـاری چـوار مەشقیەوە، جگەرەکەی لە زەوی کوژاندەوە و هـەستایە پێ، جۆری ڕاپەڕین و هـەستانەکەی بەگوێرەی تـەمـەنی نـەبوو، وا ئـەویش خۆی گـەیانده بـەر پـەنجـەرەکـە... یـەك دووانێك كە تـا ئەوکاتە وات دەزانی خەوتبوون، ملیان قووت کردەوە و چاویان لە پیرەمێردەکە بڕی... پیرەمێردەکە گەیشتە پەنجەرەکە، تەماشایەکی گەرمیانی کرد، چۆن دوو منـاڵ گەمە بکەن سەریان بۆ یەکتر لەقاندەوە، سەر لەقاندنەوەکەی گەرمیان هـانی دا بـاشتر خۆی لە پـەنجـەرەکـە نـزیك بـکـاتـەوە... گـەرمـیـان چـۆن تـەمـاشـای دەکـرد، ئـەویش ئـاوا چـاوی بـە مقەباکەوە نـا، دیاربوو لەگەڵ یەکێکی کەدا دەدوا... زۆری نەخایاند بەر پەنجـەرەکەی بەردا، پشتی لە پەنجەرەکە کرد، بزەیەکی منـاڵ ئـاسا لێوی کشاندبوو... سەڵتەکەی لەبەر نەبوو، بلووزێکی بێ ڕەنگ و دەرپێیەکی درێژی سپی لەبەرابوو، بەنەخوێنەکەی تا ئەژنۆی هـاتبوو، وەك ئەو کابرایەی کەمێ لەمەوپێش نەبێ، چاوەکانی دەترووسکانەوە، دیـاربـوو هـێزوگـوڕێکـی بـەبـەرا هـاتبـوو، گـەرمـیـان بـەتـەنیشتیـەوە سەری هـەڵبـڕیبوو تەماشای دەکرد... داچەمی سەری ماچ کرد، وەستاوە نازانێ چی بکات، نە ئەوەتانێ دانـیشێ نـەدەگـەڕێتـەوە جێگـاکـەی خـۆی، بـۆ مـاوەیـەك لـەو بـارەیـەوە مـایـەوە. «وا دیـارە هـەواڵێکی خۆشی بیستووە... بـەڵام کـام هـەواڵی خۆش؟» سابیـر لـەبـەرخـۆیـەوە ئـاوای گوت... چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا... سابیری کردە چاو، وا کەوتە ڕێ و جوولا «بۆ لای من دێ!» سابیر وا هزری کرد... هـات و چوار مەشقی لەبەردەم سابیردا دانیشت... دەمی کردەوە نیازی بوو شتێ بڵێ. وەستا ئەم خەڵکە سادەیەی ئەم گەرمیانە هـەر گوێیان لێ بگری، ئیتر لێ ناگەڕێن، هـەر چییان لەدڵدایە بۆتی هـەڵدەڕێژن... گەرمیانیش هـات و دانیشت... پیرەمێردەکە سەری هێنایە پێشەوە. سابیر بەچاوی ڕێز و بەزەییەوە دەڕوانێتە ڕدێنە سپییەکەی... شاش و زبر، چەند ڕۆژێکە گوێزانی نەدیوە، سمێڵی لە ئـاست کونە لووتیەوە زەرد چۆتەوە، دوو دانی کەڵبەی نەبێ ئیتر کەوچك لە دەمیا بگێڕە... خۆی نەگرت بێ پێچوپەنا دەستی پێ کرد:

«لـەگـەڵ بـاپـیرەی ئـەم گـەرمـیـانـەدا چـەندین جـار پـێکـەوە کـاروانـی ئـەو خـاڵساتـەمـان کردووە. ساڵەی فتح اللەی ناوبوو. ساڵە شێتیانیش پێ دەگوت، دەنگخۆشییەکەی لەوە نەبوو، لە خاڵس خورما و دۆشاومان دەکڕی، کە دەگەیشتینە دەشتی قرفە مشکیەکەی لە مل دەئـاڵاند دەیگوت:

خدر لێخورە... منیش دەمزانی بۆ پەلە دەکات... ئیتر دەنگی تێ دەکرد، داخی گرانم بۆ ئـای ئـای و ئـەڵـلاوەیسیـیـەکـەی سـاڵـە، هـەرکـە دەگـەیشتیـنـە هـەردەکـەی لـەك و ئـاودیو

دەبووینەوە بۆ ڕاستییەکەی چاڵەودوانە، دەستی پێ دەکردەوە... یارغەزاڵێکی بەسەر ئاواییدا دەکرد هەواڵی گەیشتنمانی بە دێ و کەسوکار و یارەکەی دەدا... کاتێ دەگەیشتینە پاین ئاوایی دەبینین وا (گورجی بەبیانووی ئاو هێنانەوە هاتۆتە سەر بیرەکان.) کە گورجی دەبینی سیخورمەیەکی لێ دەدام و دەیگوت »خدر من ماندوویەتیم دەرچوو...« داخی گرانم بەنسیبی نەبوو. ئیتر باری کرد بۆ دێکەی ئێمە و هاتە «برایم غولام». بۆ حەمە سەعیدی باوکی ئەم گەرمیانە خۆم خوازبێنیم بۆ کرد و دوو منالی لەو ژنە بوو، عەمری خوای کرد... ئا گەرمیان ئەو کیسە بۆ بابات بێنە... کە گەرمیان هەستا سەری هێنایە پێشەوە... داخی گرانم باوکی لە پاین ئاوایی بە زاماری بەجێ ما، یەك دوو فرمێسك وەك لەمەوپێش ئامادەی کردبن، بەنێوان ڕیشە سپییە پەرێز ئاساییەکەیدا هاتنە خوار... ئا گەر بۆتی بگێڕمەوە چییان پێ کردین... ناوی خزمەتت؟

«سابیر... سابیری خزمەتکارت...»

ئای ڕۆڵە چییان پێ کردین... پیاو هەر چەنێ بەو دەردەی نەبات... کە دەڵێن دوژمنی باوەکوشتە، لەوە دڵڕەقتر و بێ بەزەییتر بوون.

لەگەڵ خۆرکەوتندا دێکەیان تۆپباران کرد، خەڵکەکە کەوتنە خۆیان لە دێ دەربچن، کەس نەدەپرژایە سەر کەس، قیژە و هەرا و هاوار و سەگوەڕە... تەقە و دەستڕێژ لە پاین ئاواییەوە دەستی پێ کرد، یەك دوو کەس هەر لەناو ئاواییدا پێکران... سابیر ڕۆڵە ئەگەر لێ بگەڕایەن چارەیەکی خۆمانمان دەکرد... دەڕۆیشتین... قەتیش ئاوامان بەسەر نەدەهات... لە گشتی ناخۆشتر ناموسمان کەوتە دەستیان... دایکی ئەم گەرمیانە کەمێ خۆی گرت و نەیدەویست بچێتە ناو زیلەکە و جاشێك قۆناغە تفەنگێکی پیا کێشا و وا ڕایکێشا یەخەی تلیشان، سنگی وەدەرکەوت، باش بوو ئافرەتێك زوو بە چارۆگەکەی خۆی سنگ و بەرۆکی شاردەوە... سابیر دێهاتەکانی ئەوبەر ڕۆخانەشیان بەم دەردە برد، لەناو زیلەکە جاشێکیان بەدیارمانەوە دانابوو، بێ ئەوەی کەسێ پرسیاری لێ بکات وتی: دێهاتەکانی ئەوبەر ڕۆخانە بۆ لایەکی کە دەبەن، ئێوەش بۆ دووز... ئاوڕێکی بۆ ناو ژوورەکە دایەوە، بەدەم ئاوڕدانەوە وتی: هەندێکیان خەڵکی «تازە شارن»... ئا ئەو چوار کەسە «میل ناسرین» ئەو دوایی هەر یەك دوانێکی لە دێیەکەوە هێناویانن...

هەمووشمان ئاگامان لە کەسوکارمان نییە، بەڕاستی نازانین لە کوێن، ئەم کاس و وڕی ئەم خەڵکە هی ئەوەیە سۆراخی ماڵ و منداڵەکانیان نازانن...

من توانای ڕەمینم نەبوو، هێزەکەی جارانم نییە لە (خالس)ەوە تا (برایم غولام) بەدوو

قۆناغ ئەمبڕی... دانیشتم وتم هەرچی ئەبێ با ببێ، لە مردن بەولاوە هەیە؟!... گوڵشەن و دوو دەڵە شڕەکە و شاسوارم پاڵ پێوەنا، وتم ئێوە بڕۆن و خەمی منتان نەبێ... خەریکی جگەرە تێکردن بووم بینیم لەولاوە هاوردیانیان تەزوویەکی سارد لە پەنجەی پێمەوە هات و لە تەوقی سەرمەوە دەرچوو... ئەوەندە خوانەناس بوون نەیانهێشت بکەومە تەکیان... منیان بەدەست سەربازێکەوە دا، لەم کاتەدا گەرمیانیشیان هێنا... بە بەرچاومەوە گوڵشەن و کچەکانیان ناوە ناو زیلێك و شاسواریشیان لەگەڵ چەند لاوێکی کەدا لە زیلێکی کە نا... وا ئێستا خەبەریان بۆ هێنام گوڵشەن و کچەکان لە ماڵی خزمێکماندان... هەموو جارێ گوڵشەن پێی دەوتم: »حاجی با لەم کوێرە ئاواییە نەمینێین و بڕۆین لە گۆشەی شارێکدا سەری خۆمان کزکەین تا خوا دەرووییەکمان لێ ئەکاتەوە« بە قسەم نەکرد...

نیوەشەو تێپەڕیوە... هێشتا هەرسێکیان نەخەوتوون. لە پرخە و وڕێنەکردن و نکەنك بەولاوە دەنگ نییە، ژوورەکە کشوماتە... گوڕە و ڤڕەی ئۆتۆمۆبێل لەچاو سەرلەئێوارە کەم بۆتەوە، جارناجارێ ژاوەژاوێکی نادیار تێکەڵ بە سەگوەڕی دەرەوە دەبوو، گەرمیان خەو شلی کردووە، چاوی هەڵناسێ، وەك لە ماڵەوە لە تەك باوکییەوە بێ، سەری خستە سەر ڕانی سابیر و خەوی لێ کەوت... ئەویش بۆ ئەوەی لە خەوەکەی نەکات جوولەی لە خۆی بڕی...

حەمە غەریب جامانەکەی بەسەر دەموچاویا داوە، بەدانیشتنەوە خەوی لێ کەوتووە، دەمی داپچڕاوە لەگەڵ هەناسەداندا جەمەدانییەکەی لە ئاست دەمیەوە بەرزو نەوی دەبێتەوە... هاپۆ خدر بەدەم جگەرە تێکردنەوە یەك دوو جار لەژێرەوە تەماشای سابیری کرد... سابیریش دیقەتی ئەوی دەدا... لووتی باریك و درێژ کشاوە، وەك دەنووکی شاهۆ کەمێ بۆ خوار چەماوەتەوە چەناگەی خڕی ڕیشێکی سپی وەك چوڕ داپۆشیوە، بەڵام هێشتا چاوەکانی زیت و وریان، سابیر بەخۆی دەڵێ... «خۆت خەمت کەم بوو. هی ئەم پیرەمێردەش بووە سەربار... وا دیارە هەر کام لەمانە بگری لەوەکەی تری زۆرتری لە دڵایە، تۆ بڵێی ئاهـ و هەناسەی ئەم خەڵکە هیچ نەکات؟! ئەم ناڵە و هاوارانە کەسی بەدەنگەوە نەیەت؟...

چاوی بڕیوەتە ڕیشە سپییەکەی، چاوی لێ ناترووکێنێ... بەرەبەرە دەبێتە گلۆڵەیە چەرموو، گلۆڵەکە گەورەتر دەبێت، لەناو ئەو گلۆڵەیەوە گەلێ شوێن و جێگای دێتە بەرچاو... ماڵتان لە دێی (زنانە)یە...دەشتە پەتییەکەی خۆرهەڵاتی ئاوەسپی تا چاو

هەتەر دەکات سپی چۆتەوە! لە گەرمیان بەفر باریوە!! شتێکی دەگمەن و سەیر بوو تۆ هەرزەکاری، لەگەڵ چەند کوڕوکاڵێکدا بەتانجی ڕاوە کەروێشك دەکەن دیمەنەکەی بەرچاوت زۆر نامێنێ... لێڵ دەبێ، خەریکە شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبینی... هەمدیس دەشتەکە دیارە، بەڵام ئەمجارەیان سپی نابینی، دەشتێکی وشك و برینگ، هەموو شتێ زەرد چۆتەوە، خەڵکەکە خۆزگە بۆ بەفر و هاتەکەی پار دەخوازن، وا بێ بارانی زستانی ڕابردوو ساڵەکەی تووش کردووە، کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو خوار دەبنەوە... وا ئێوەش کۆچ دەکەن، لەناو گڵۆڵەکەدا باش لێتەوە دیارە... شەوە ئەوەی هەتانە لە دوو گوێدرێژتان ناوە مانگێکی خڕوجوان ئەو دەشتە کاکی بەکاکییەی زیوباران کردووە، دیمەنەکانی بەرچاوت هەندێ جار خێرا و هەندێ جاریش بەکاوەخۆ دەبینی... ساتە خۆشەکان کەمن وا هەمدیس دیمەنەکان تێکەڵ یەکتر دەبن، ئەوەت بۆ جیا دەکرێتەوە ژوورێکە و وا لە شارن، لەگەڵ کچێکی دراوسێتاندا سەرەتاتکێتە... دیمەنەکان خێرا دەبنەوە... وا ئەمجارە ئاخر و ئۆخری بەهارە هەورێکی هەلاجی کراو بەری خۆری گرتووە، شار گەورە و بچووکی لەسەر بانەکانەوە تەماشای ڕیزە شاخەکەی ڕۆژهەڵاتی شار دەکەن... دیمەنەکە ڕوونتر دەبینی... بەو شەوە ناوەستی هەندێ لە قسەکانی ئەو ڕۆژەت دێتە بەرگوێ: دێکانیان سووتاند... تا هەشت ساڵ پێش ئێستا خواحافیزی لە هاوڕێکانت دەکەی جانتایەکت پێیە، چەند کتێبێك و هەندێ وردە شتی کەی تێدایە باوکت ناڕازییە... دایکت دەپاڕێتەوە نەڕۆی، نیوەڕۆ گەیشتینە ئاوایی (زنانە)... بەرەبەرە ڕوومەتی هاپۆ خدرت وەك خۆی هاتەوە بەرچاو سەری دانەواندووە و مژ لە جگەرەکەی دەدا...

«هاپۆ... هاپۆ» گەرمیان یەك دووجار بانگی لێ کرد

«گیانی هاپۆ...»

«میزم دێ...»

دەستی گرت و بردییە لای دەرگاکەوە...

«ئا ئەم مناڵە میزی دێ دەرگاکەمان لێ ناکەنەوە؟»

«نابێ...» دەنگێك لەودیو دەرگاکەوە ئاوای گوت.

«با بیکاتە ژێر خۆی...».

***

کە ڕۆژ بۆوەوە هەشت نۆیەکی کەیان بەپاڵ خستە ژوورەوە. سەر و پێ پەتی، خوێن

بەسەر و چاویانا هاتبووە خوارێ، بەوەی خوێنەکەی ڕوومەتیان وشك بووبوو ئەوەی دەگەیاند هەر لە ئێوارەوە یا زووتر گیرابوون. یەکێکیان توانای دانشتنی نەبوو لەنێوان خۆیاندا پاڵیان خست و بەدەوریا دانیشت، یەکێکیان دەستی بەقاچی دادەهێنا گوتی: «شکاوە...»

بێدەنگ وەك داوای یارمەتی بکەن چاویان بەژوورەکەدا گێڕا بەڵکو یەکێك هەبێ سەری لە شکستە دەربچێ. ئەوەی لە ژوورەکەدا بوو چاوی لەو هەشت نۆ کەسە بڕیبوو... هاپۆ خدر بەئاستەم هەستا و چووە لایانەوە... دڕنیان دا و جێگایان بۆ چۆڵ کرد، هاپۆ دەستێکی بەقاچی داهێنا، قاچی کەمێ بەرزکردەوە و بەئاستەم داینایەوە، بێ ئەوەی هیچ بڵێ دەستی برد پشتوێنی یەکێکیانی ڕاکێشا ئەویش گورج هەستا و پشتوێنەکەی کردەوە.

«ئا هەردوو دەستی بگرن... با یەکێکی کە خۆی بەسەر ئەم قاچی بدات...».

هەرچی هاپۆ دەیگوت دەستبەجێ جێبەجێیان دەکرد.

«ڕەحمەت خواتان لێ بی... کێ دارجغارەیەکی درێژی پێیە؟» کەس دەنگی نەکرد... هەستا گەڕایەوە جێگاکەی خۆی لەژێر سەڵتەکەیدا گۆچانەکەی خۆی هێنا... دایە دەست یەکێکیانەوە.

«ئادەی بیکە بەچوار پارچەوە.» گۆچانەکەیان بۆ کردە چوار پارچەوە، «بۆمی بگرن». دەستێکی بۆ خوار داگرت و بەم دەستەکەی قاچی پێ بەرزکردەوە... «ئای...» کابرای ژێر دەستی هەر ئەوەندەی گوت و ملی لار بووەوە.

«هیچ نییە... گوێی مەدەنێ».

پارچە دارەکانی لەسەر قاچی دانا و بەپشتوێنی کابرا توند بەستی... یەکێکیان هەر لەخۆیەوە بۆ هاپۆ خدر دەدوا:

ئێمە خەڵکی «(کورومۆر)ین. هەشت لاوی ئێسك سووك بوون، تەنها ئەوەی قاچی شکابوو ڕیشی ماش و برنج بوو، «سێ ڕۆژە لەو هەردانە خۆمان شاردبووەوە. دوو ڕۆژە لە ئاو زیاتر هیچمان نەخواردووە... بە عەلی کۆپتەر دۆزیمانیانەوە» هەندێ خواردنیان بۆ هێنان، بێدەنگ سەریان بەیەکا کرد... لەتێ نان و چنگێ خورماشیان بۆ قاچ شکاوەکە بەلاوەنا... «بڕوا ناکەم کەس مابێ هەموویان هێنا...» یەکێکیان لەبەرخۆیەوە وای گوت...

وا ئێستا گەرمیان چۆڵە لەوانە بەولاوە کە ڕەویان کردووە و سەری خۆیانیان

هەڵگرتووە، یا ئەوانەی کە بەپێدزە هاتوونەتە شارەکانەوە و لە ماڵە خزم و ناسیاو خۆیان شاردۆتەوە، یان ئەوانەی تەرمی بەجێمایان لە کەندڕ و چەم و ناو کۆڵانانی چۆڵی دێدا کەوتووە، گەرمیان چۆڵە... ئەو داسانەی بەکەرە و هەسان بۆ دروێنە ئامادەکرابوون لەگەڵ بێشکەی ساوادا لەژێر خشت و خۆڵی خانووی وێرانکراودا ماونەتەوە... خەڵە و دان سنگ دەکوتێ و هەر بەپێوە دەمێنن... ئازووقە و ساوەر و هەرشتە و نیسك و نۆك پەرشوبڵاوی ناو ئاوایی بوونە، کەوا و سەڵتەی بن ماڵەی پیاوانەی بۆ شین و شایی لە بوخچە نراو، سوخمەی ئاگربارانە و کراسی کرێشە و پوولەکەدار و دەرپێی خامەکی ژنانەی ئامادەکراو بۆ ڕەشبەڵەکی گەرمیانانە ئێستا لەو ناوانەدا (با) پێش خۆی داون، دەیانهێنێ و دەیان با، تا بەبێ جگ و کونار و قەلەچاریەوە گیر دەخۆن یا چمکێکیان بە دەشتەوەیە لەتۆی خشتەکاندا با دەیان شەکێنێتەوە... ئەو مریشك و ئاژەڵانەی بەردەست نەکەوتوون و بەتاڵان نەبراون تاربوون و سەرگەردان لەو ناوانەدا گارەگار و باڕە و قوڕەیان بەگژ ئاسمانا دەکەن... گەماڵ و سەگی هەوشار و تووڵە و تانجی خوێڕی، ئێستا بێ خاوەن بوون بەخشت و خۆڵی وێرانەی خاوەنەکانیانەوە دەکەن، جار نەجارێك لمۆزیان بەئاسماندا دەکەن و لوورەیەکی درێژ و باریکی بۆ دەکەن... ئێستا چۆڵە... چۆڵ و هۆڵە قەرەی ئەوانە نەمێنێ وا قەرەیان تیا نەهێشت لەو دەشتە پان و بەرینەدا نە زەڵەزەڵێ نە یارغەزاڵێ نە ئەڵڵاوەیسییەك نە سەوزە سەوزەیێ نابیستری... چی بووە؟ چی قەوماوە؟... قەومێل لەو گەرمیانە قەوماوە، خۆ ئیتر کەس نابینی لە گوێی ڕۆخانە و ئاوەسپی و سیروان بێستان بکات!! وەی وەی... ئیتر کنگر و شەواڵە سوورە و دۆمەڵان و قارچکی دەشتی پەتەکی و هەردەی زەنگەنە و دەشتی شاکەڵ دەستی کچانی گەرمیانیان پێ ناگا، بۆ خۆیان شین دەبن، قووت دەبنەوە و هەر لە جێگای خۆشیاندا دەپرووکێن و سیس دەبنەوە... وەی وەی برا... وەی گەرمیان چۆڵە... ئیتر ئەو جوانییەی جارانی نامێنێ، گەرمیان بە خەڵکەکەیەوە جوانە... نە مانگەشەوی ئەو جوانییەی دەمێنێ نەبەهاری... دەبێتە دەشتێکی ڕووت و قووت... کاکی بەکاکی ترسێنەر... دەشتە بەپیتەکەی دەبێتە زەوییەکی گەچۆڕی بێ خێر، لەجیاتی گولیلکە کێویلە، دڕك و قەلەچاری و زەردەسیری تیا شین دەبێ... هەموو شتێکی، هەموو پرسە بۆ خەڵکەکەی دەگرن... تا ئەڵڵاوەیسی و خاوکەر و خورشیدیش پرسەیانە... بۆ وایان لێ دەکەن؟ وا دیارە نیازتان خراپە؟! نەکەن... ئەگینا ئۆباڵی ئەم ڕەشوڕووتانەش دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ کام لایان دەبەن؟ ئاخر ئەم گەرمیانیانە وەك ماسی وان چۆن ماسی بێ ئاو ناژی، ئەمانەش لە گەرمیانیان

دووربخەنەوە دەمرن... لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا هەڵناکەن... گەر جارێکیش لەبەر قاتوقڕی و نەهاتی لێك دوورکەوتبێتنەوە ئاخریەکەی سۆزی گەرمیان هەڵی گرتوون و کێچ کەوتۆتە کەوڵیانەوە و گەڕاونەتەوە، هەر کە پێیان ناوەتە گەرمیان، پێیان لێ درێژ کردووە و شایەتمانێکی بەهەقیان هێناوە. «کورە خۆ پەرمان دەرکرد...!!» وایان وتووە و دەستێکیان لە خۆڵە پەتانیەکە وەرداوە و چنگێ خۆڵیان بە لەشی خۆیانا پرژاندووە، ئەوجا کە هۆشیان بەبەرا هاتووە... گەرمیانییەك ویستبێتی بۆخۆی کونجێك بکات و ئاوی دەست نەکەوتبێ بەفرمێسك قوڕی گرتۆتەوە، بەزەڵ و پووشی دەوروپشتی خۆی سەری گرتووە... بۆ کوێیان دەبەن؟!... با پێتان بڵێم و بینێمە دەستتان: بۆ بەهەشتیشیان ببەن خۆیان بەغەریب دادەنێن!... هەر دەیان بەن... من بۆ خوا پێتان دەڵێم شتاقیان دەرناچن. ئاهـ و نووزەی ئەم پەککەوتە و ئافرەتە کەڕولاڵانە و لاوە خێر لەخۆ نەدیوانە دەبن بە ڕم و نێزەی سوورەوەکراو و بەویژدانتانا دەچەقن... ئێستا نەبێ، عەیامێکی تر بە تەشەر و توانج و تانە خەڵکانی تر ئابڕووتان دەبەن... دوای خۆشتان هەتا خۆڵ و پنچکی، ئەم گەرمیانە دەمێنێ نەفرەت لە نەوە لە دوای نەوەتان دەکەن... تەماشای پڕ لە ترس و، داچڵەکینی ناوەختی ئەو منداڵە پێرەوکانە دەبنە تارمایی، خەو و خواردنتان لێ تار دەکەن... ها دواجا نەڵێن کەس پێیان نەوتین!...

***

هەر لە بەیانی زووەوە مقۆمقۆ کەوتبووە ناویان... «ئەمڕۆ دەیانبەن...» یەکێك لەناو ژوورەکەوە گوێی لە دووکەس بوو لە دەرەوە ئاوایان گوتبوو... ئەویش ئەوەی بیستبووی بە ژوورەکەی گەیاند:

«قەومەکان ئەمڕۆ دەمانبەن...» خەڵکەکە وروژا دەچوونە بن دەستی یەکترەوە

– ئەمانبەن؟!

– بۆ کوێ؟!

– ...............

– خۆ هەواڵێکی کەسوکاریشمان نەزانی.

دەمە و عەسرێکی درەنگ دەرگایان کردەوە، ئەوەی لە ژوورەکەدا بوو چاوی لە دەرگاکە بڕی... دەنگێکی ناساز پڕ بەژوورەکە قیژاندی:

»دەی زووکەن... خۆتان کۆبکەنەوە«. دەنگە ناسازەکە دووجار لەسەریەك وای گوت و

دەرگاکەی ڕاکێشایەوە... ئەوەی لەتە نانێك و چنگە خورمایەکی پێ مابووەوە لە گیرفانی ئاخنی... گەرمیان هاتە لای سابیر و بەترسێکەوە پرسی:

– «بۆ کوێمان دەبەن؟!».

سابیر وەك منداڵێکی خۆی دەستی بەسەرا هێنا.

– «بۆ هەر کوێیەکمان بەرن هەوڵ ئەدەم لە یەك دانەبڕێین...».

– «نەدایکم بینی نەهەواڵی باوکیشم زانی.».

– «دایکت ئەبینی خوا یاربێ هەواڵی باوکیشت ئەزانین».

هاپۆ خدر لەسەرخۆ خەریك بوو سەڵتەکەی لەبەر دەکرد، کیسە توتنەکەی قەمچ کرد و لە گیرفانی سەڵتەکەی نا، بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ لەبەرخۆیەوە دەی وت:

«بەم درەنگ وەختە بۆ کوێمان ئەبەن؟!».

دەنگێك لەناو ژوورەکەوە بەرز بووەوە، دیار نەبوو لەگەڵ کێیەتی:

«ئێوە پێم بێژن خوا ئێمە نابینێ؟».

هاپۆ خدر گوێی لێ بوو ئاوڕی بۆ ئەو ئاستە دایەوە کە دەنگەکەی لێوە هات.

«بۆ کفر ئەکەی... خوا لەمە زیاتر چیت بەسەر بێنێ؟!... ناموقوڵی وا مەکە».

«چیم کردووە لەوەتی خۆم ناسیوەتەوە نوێژم نەڕۆیشتووە، گشت ساڵێ زەکاتی پەز و پارەم دەرهێناوە... پەزەکانیان وەبەر چاومەوە برد و خۆشم دە دینارم پێیە»

هاپۆ خدر قسەکەی پێ بڕی

«شوکرانەی خوا بکە...»

لەم کاتەدا دەرگای ژوورەکەیان کردەوە، ئامۆژگارییەکەی هاپۆشیان لە نیوەدا بڕی... سەربازێك و جاشێك هاتنە ژوورەوە... «یەکە... یەکە»

لەپێشدا دوو کەس چوونە ژێر باڵی قاچ شکاوەکەوە و بردیان... ژوورەکانی دیکەش دەرگاکانیان کرایەوە، وەك شارە مۆریلە هەر خەڵکیان لێوە دەردەچن و کۆتایی نایە... ژوورەکەی ئەمان کەوتنە دوای هەمووەوە... لەبەر قەرەباڵغی پێ پێ دەڕۆن... ئیڤاکان لەبەر دەرگای حەوشە وەستاون، یەکێك پڕ دەبێ یەکێکی کە دێتە بەر دەرگاکە، هەر ئیڤایەکیش چادریان بەسەرا دراوە تاکو دیار نەبن... خەڵکێکی زۆر بەرامبەر دەرگای حەوشە لەو بەر شەقامەکەوە ڕاوەستاون... قیژە و گریان و کڕوزانەوەی منداڵ و ئافرەت...

بانگکردن و دەست هەڵبڕینی نیوەچڵ... ڕۆژی حەشرە... هەندێك خۆی پێ نەگیرا بە لەچکی جامانی و مشکیەکانیان چاویان دەسڕن... هەندێك بەرلەوەی بیخەنە ناو زیلەکانەوە ملە قوتەیەکی بۆ دەکرد، لە ڕیز دەردەچوون، تا ناسیاوێك خزمێکی ببینێ، بێ بەزەییانە لەو ساتانەشیان بێ بەش دەکرد و بە لوولەی چەکەکانیان دەیان هێنایە ڕیزەوە... ئەوانەی لەپاڵ دیوارەکە ڕاوەستابوون هەندێکیان خۆیانیان پێ نەدەگیرا، دەستیان بەگریان دەکرد...

عەشاماتەکە پێ پێ بۆ پێشەوە دەهاتن، یەك دوو لاو فرسەتیان هانی چەند ئافرەتێك و یەك دوو منداڵیان لە زیلێك داگرت و بەکۆڵانەکەیاندا کرد و لەچاو ون بوون... یەکێ لە یاساوڵەکان پێی زانی، دەستڕێژێکی بەئاسمانا کرد... عەشاماتەکە پاشەکشێی کرد و... کەوتنە خۆیان، دەستوبردیان کرد بەپەلەپەل زیلەکانیان پڕ دەکرد، سابیر و هاپۆ و گەرمیان و حەمە غەریب و چوار کەسی کە بە پەلە جێبێکیان هێنا و سواریان کردن... بووە بەردباران... کاروانەکە کەوتە ڕێ... ژمارەی بەردهاوێژەکان زۆرتر بوون... بەڵام زیلەکان دوورکەوتنەوە و کەوتنە سەر شەقامەکە...

جێبەکە چادرێکی ئەستووری بەسەرا دادراوە هیچ کوێیەکیان لێرە دیار نییە، حەمە غەریب و سابیری گەرمیان و هاپۆ خدر بەتەنیشتی یەکەوەن، چوار کەسەکەش بەرامبەریان دانیشتوون... چادرەکە لە بەرامبەر سابیرەوە کونێکی لێیە... کونەکە مشتێك بەقووچاوی دەخوات، لە کونەکەوە سابیر هەوڵ دەدا، دەرەوە ببینێت... سابیر شارەزای ئەم شارەیە، گەلێ یادگاری خۆش و ناخۆشی تێدا هەیە... بەهزر و زەین هەوڵ دەدا بزانێ بۆ کوێیان دەبەن... ئەمانی کە ماندوویەتی وڕوکاسی کردوون هەر لە ئێستاوە خەوەنووتکێیانە یاساوڵێکیان لەگەڵ دایە بەتەنیشت شوفێرەکەوە دانیشتووە، کە سواربوون پێی وتن «قسەکردن قەدەغەیە».

کە سواربووین پشتم لە خۆرئاوا بوو... سابیر بۆ ئەوەی لای ئاشکرابێ بۆ کوێیان دەبەن لە دڵی خۆیەوە خۆرەکەی کردبووە نیشانە... ئەگەر خۆرەکە کەوتە لای دەستە چەپمەوە هەرپشتم لە خۆرئاوا مایەوە ئەوا دیارە بۆ کوێمان دەبەن... نەخێر ئەگەر ڕووم لە خۆرەکە بوو ئەوە بۆ شاری «کەرکووك دەمان بەن...»

ئۆتۆمۆبێلەکە خێرا ناڕوات...جاربەجارێکیش هەر ئەوە نییە بوەستێ «دیارە هێشتا لەناو شارین».

کونی موشەماکە وەك شاشەیەکی خڕی بچووك ڕێزە دوکانێك پیشان دەدا... سەوزەی

ناو دوکانەکان جوان و ڕێك دانراون... دایکم خەیاری بۆ هێنابووم، خۆم لێم نەخوارد بەسەر منالانی خانەخوێکەم دابەش کرد، خۆزی ئێستا خەیارێك بوایە و بمخواردبا...

چاو لە کونەکە ناترووکێنیٚ... ڕیزە کۆگایەك کەلوپەل و جلی هەمەچەشنە لەودیو جامخانەکانەوە هەڵواسراون، جلەکانم چڵکن و تۆزاوین، لەشم ئالۆشی هەیە، ئێستا لەسەر ئاوەسپی نەبی... بەخاووخلیچ وەکو هەموو جارێکم جلەکانم دادەکەند؛ لەسەر بەردە قۆقزەکانی نزیك تەنکە ئاوەکەم دادەنان هەندیٚ جار لەپێشدا دەمشۆرین و بەسەریەك دوو پنچکمدا دەدان... ئینجا دەچوومە نێرینەی ئاوەکەوە... ترومبێلەکان وەستان... ساردی ئاوەکە لەپێشدا مووچڕکی بەلەشتا دەهێنا... وا هەمدیس کەوتنە ڕیٚ... دەیەویٚ زۆرترین جێگا و شوێن ببینی... ئەوانەی بۆ بەردەمی پەتی سێدارەش دەبەن هەر چاو دەگێڕیٚ لە تەماشاکردن ناکەوێت... لە کونەکە چاو ناگوێزێتەوە... هیچ دیار نییە چۆڵییە، دەزانم کوێیە،... لە دوورەوە ڕیزە خانوویەك دیارن... دەزانم ئەوانەماڵی کێن... هەمدیس وا ئۆتۆمۆبێڵەکە هێواشی کردەوە، ئەمجارەیان لە ناکاو هێواشی کردەوە هەموویان بەرەو پێش لار دەبنەوە. گەرمیان پێکەنینێکی نیوەچڵی بۆ دەکات، سابیر بیٚ ئەوەی لە دەستەلاتیا بیٚ دەست دەخاتە سەرچۆکی ئەوەی بەرامبەری یەکیٚ لەو چەند کەسە بوو، کە ئەم بەیانییە لەگەڵ قاچ شکاوەکەدا هێنایانن، لاوێکی چاوگەشی خوێن گەرمی مووڕەش کە سەرنجەکانیان یەکانگیربوو بزەیان هاتیٚ، ترومبێلەکە تیژتر بووەوە وا لە شار دەرچوون... ئەودیو کونەکە خەلەودانە. ئێستا زانیم بۆ کوێمان دەبەن... تکریت... سابیر کەوتە واڵە وردەوە... دەوروبەری ئاوەسپی سی تا چل ئاوایی دەبیٚ، هەر دێیەك هەشتا حەفتا ماڵی بێت، هەر ماڵیٚ بەلای کەمەوە حەوت کەسی تێدا بیٚ دەکاتە چەند... نزیکەی چل هەزارێك ئەی دێکانی هەردەی «زەنگەنە، ناو جافایەتی، لەولاوە تا دەگاتە خوێڵبێنەکە بەرەو خوار بەرەوە بۆ ناو جەباری، ناو شوان، دەوروبەری ڕۆخانە... ئای باوکەڕۆ... ئەمە کارەساتێکی گەورەیە... باشە ئەم هەموو خەڵکە لە کویٚ جێگایان دەبێتەوە، زیندانی ئەوەندە گەورە لە کوێدا هەیە جێگای ئەم هەموو خەڵکەی تیا بێتەوە؟!...» هاپۆ دەستی برد کیسەکەی دەرهێنا جگەرە تیٚ بکات، یاساوڵەکە وەك لە منالٚ بخوڕیٚ بەسەریا نەڕاندی و کیسەکەی پیٚ هەڵگرتەوە... لاوە چاوگەشەکە بۆ ماوەیەك چاوی لە هاپۆ بڕی، گەرمیان سەری لە قەپرغەی سابیر توندکردووە و خەوی پیا کەوتووە، لاوەکە تەماشای سابیر دەکاتن لە سابیرەوە دەیگوێزێتەوە بۆ یاساوڵەکە، دەیەویٚ بەچاو شتێك بە سابیر ڕابگەیەنیٚ... سابیر تێگەیشت... نیازی خراپە، تێدەگەم نیازی چییە، بۆ کویٚ هەڵدێی ئێمە نازانین ئۆتۆمۆبێلمان لەدواوە هەیە یا نییە، نازانین،

وا یاساوڵەکەمان گرت و چەکەکەیمان لەدەست دەرهێنا بۆ کوێ بڕۆین؟ دەمانگرن، نازانم چۆنی تێبگەیەنم کاری وا نەکات، سابیر لە دڵی خۆیا ئاوا بیری دەکردەوە، سابیر لێوێکی لێ قرپاند لێوی خۆی کرۆشت، لاوەکە هەناسەیەکی نائومێدی هەڵکێشا و تەماشایەکی پڕ لە گلەیی و سەرزەنشتی گرتە سابیر و سەری دانواند... لە پڕ ئۆتۆمۆبێلەکەیان لای سەند ماوەیەك بەسەر چەوەکەدا ڕۆیشت ئینجا وەستا، زەڵەزەڵ و گورەی ئیڤا و زیلەکان وای دەردەخست کە هەموو وەستا... سەربازەکە چمکێ چادرەکەی هەڵدایەوە تەماشا بکات، کەس لە پاشییانەوە نەبوو... لاوەکە هەمدیس تەماشایەکی پڕ لە گلەیی و سەرزەنشتی سابیری کرد، بەرگەی ئەو تەماشا ئاگراوییەی نەگرت سەری داخست... پاش ماوەیەکی کەم کەوتنە ڕێ، زۆر نەڕۆیشتن بەرەو خۆرهەڵات لایان سەند، ماوەیەکی کە ڕۆیشتن جارێکی کە وەستان... دایان بەزاندن... دەشتاییەکی چۆڵ و هۆڵە... حەشاماتەکە بێ ژمارەیە ئەوسەری دیار نییە، دانشن بە مایکرۆفۆن ئەو فەرمانەیان دا. هەموو دانیشتن شوێنەکە تەلبەندێکی پانوبەرینە، لەو سەر تەلبەندەکەوە ڕیزە مەنگەڵەیەك دیارن، بەدەستە ڕاستیشدا چەند قاوشێك بە گەچ سپی کراونەتەوە، سەربازێکی زۆر ئەو ناوەی تەنیوە بە دەوری تەلبەندەکەوە بە چەکەوە ئامادە وەستاون. ژمارەیەکی زۆریش یاساوڵ بە دار و کێبلەوە دەورەی قەرەباڵغیەکەیان داوە...

«ئافرەتەکان لەلایەك پیاوانیش لەلایەکی تر ڕاوەست» میکرۆفۆنەکە ئەم فەرمانەشی بەگوێ قەرەباڵغیەکەدا دا... هەرچەندە قەرەباڵغیەکە درنی دا و بەگوێرەی فەرمانەکە ئافرەتەکان بۆ لایەك جمان و پیاوانیش بەولاوە کەچی دەیان کەسی کێبڵ و داربەدەست لە خۆڕایی کەوتنە وێزەی خەڵکەکە دەستیان نەدەپاریزا، بەبێ هۆ کەوتنە وێزەی حەشاماتەکە، زیرەی منداڵ و ئافرەت لەو دەشتە چۆڵەدا بەردی بەئاو دەکرد، دایك خۆی بەسەر منداڵەکەی دەدا دەکەوتە ژێر پێوە، ساواکەی لێ ون دەبوو، وا ئێستا حەشاماتەکە دوو بڕن... هاوار و گریانیشیان لەم کاتی زەردەپەڕەدا بەکەس نەدەگەیشت، ئەو هەزاران زارۆك و کچ و ئافرەت و ڕیش سپییانە هەمووی هەناسەی ساردیان بەگژ ئاسمانا دەکرد نەکەس چاوی لێیان بوو، نەکەسیش هاواریانی دەبیست، تەنها خۆری دەم کەڵی ئەم ئێوارەیە چاوی لەم دیمەنە بوو لە داخانا زەرد هەڵگەڕابوو بەڵام بۆ ئەوەی ئەویش نەبێتە شاهید و تۆمەتێکی گەورە لەسەرخۆی لاببات بە پەلەپرووزێ لەودیو ئاسۆوە خۆی شاردەوە... نازانرێ فرمێسکی خوێنینی خۆرەکە بوو ئاسۆی وا سوور هەڵگەڕاند یاخود خوێنی جەستەی ئەو ئافرەت و منداڵانە بوو کە بەدەم قامچی و دونکییەوە بەئاسمانا پڕژا؟ نازانم فرمانێکی دیکەی میکرۆفۆنەکە بەرز بووەوە و «منداڵی نێرینە لە حەوت

ساڵان بەرەو ژوور بابچنە لای پیاوان...». یەکێك ئەو فەرمانەی بەکوردی وتەوە... بووە قیژە و باوکەڕۆ، کێ دەتوانێ ئەو هاوار و قیژە و ناڵینە بەر زەین و چاوی خەیاڵی خۆی بهێنێ... هەمدیس دونکی و قامچی بەرز دەبووەوەو بەشان و باڵی ئەو منداڵانەدا دەدرا... زەبر و ئێشی دار و قامچی کۆڵی بەدایك نەدەدا، قامچی نەیدەتوانی قۆڵی ئەو دایکانە بترازێنێ کە لە مناڵەکەی ئاڵاندبوو، ئەوجا توندتر و باشتر خوێن فوارەی دەکرد... قۆڵی دایك بووەتە مەنگەنە و لە مناڵەکەی ئاڵاوە قامچی و دونکی شەرمەزار و ماندوو دەبوون، خوێن بە قامك و مەچەك و سەروگوێلاکا دەچۆڕێ، خوێنی دایك و مناڵەکەی تێکەڵ دەبوون... دایك بەم جۆرەش هێشتا مناڵەکەی بەرنادا، ئەمجارە یاساوڵێکی حەیتە قۆڵی دەگرێ و ڕایدەکێشێ... دایك لە حەژمەتا بۆ ئەوەی ئازار بەمناڵەکە نەگا، لە برسییێتیدا، لە ماندووبوونا هێزی تیا نەماوە، دەستی شل دەکات، وەك سەرکە پیازێك تووڕ هەڵدات، ئاوا یاساوڵەکە مناڵەکە تووڕ دەدات، دایکە ئۆفێکی لە زار دێتە دەر، وای لەو ئۆفە گران و پڕ ئازارە...

«وای دایکت کوێر بێ» وا دەڵێ بەکوڵ دەست بەگریان دەکات، گریان وا چۆن دەبێ! گریان نییە شتێکی ترە، کێ دەتوانێ لەو ساتانەدا تەماشای ڕووی ئەو دایکە بکات، لە گریان دەکەوێ ئەمجارە چاو دەگێڕێ تا بزانێ بۆ کوێیان برد... وا ئێستا ئەم حەشاماتە کە ئەمسەر و ئەوسەری دیار نییە، دوو بەشن، لایەك ئافرەتە و مناڵی بەرمەمکە و پیرەوکە، لایەکی دی لە حەوت ساڵانەوە تا پەککەوتە... بێ کەس و بێ دەستەڵات چەکدارێکی زۆر دەورەیان داون، هەموویان تووڕە و قین لە دڵ دیارن، نازاندرێ بۆ ئەوەندە ڕقیان لەم مرۆ سادە و بێ گوناهانە دەبێتەوە!!

ئافرەتەکان لە ناوەڕاست تەڵبەندەکە دانیشتوون، ئەمجارە کەوتنە وێزەی پیاوەکانەوە بە لێدان و شەق و دار لە مەنگەڵەکانیان ئاخنین... مناڵەکان زۆربەیان زامدارن و جەستەیان خەڵتانی خوێنە... مەنگەڵەکە قەڵەباڵغە، سابیر چاو دەگێڕێ وا گەرمیان و هاپۆ خدر و حەمە غەریب لێرەن... نیوەی لەبەر بێ جێگایی بەپێوەن، سابیر چەند کەسێکی بینی ناسینیەوە... ئەوە قالەی هەیاسە ئەوە مەجید کاکەولا، ڕەشە گورێس. حەمە سێ سەر، ڕەشەی مەنیجی زنانەیی... لفتە...

کەس ورتەی لە دەم دەرنایەت، ڕەنگ زەرد و برسی و پەرێشان... ترس و کلۆڵی و نادیاری چارەنووس و بێ ئومێدی هەموو ئەمانە بەئاشکرا لە ڕوومەتی یەکە بەیەکەیاندا دیارە... زاق زاق تەماشا دەکەن و هیچ نابینن... کەسیان نازانن لەبەر چی

وایان لێ دەکەن. ئەوانەی وا ئازاریان دەدەن تا ئێستا نەیان بینیون و باوکیان لە مزگەوتێکدا نوێژیان نەکردووە کەچی ئا بەم جۆرە ڕقیان لێیانە سەریان لەمە دەرناچێ... نازانم بۆ وا بەرقەوە تەماشایان دەکەن تاریك داهاتووە... ئافرەتەکان هێشتا وا لە ناوەڕاست تەڵبەندەکە دان... مەنگەڵەکانیش پڕن، گۆشت لەسەر گۆشت نیوەی بەپێوەن هاپۆ خدر لەم کاتەشدا کیسە تووتنەکەی دەردەهێنی...

– «حەفتا ساڵ تەمەنمە شتی وام نەدیوە!».

گەرمیان لە نێوان خۆی و سابیردا کروشکەی کردووە، بەدەم جگەرە تێکردنەوە تەماشای سابیری کرد.

– «خۆزی ئەمانکوژن و ڕزگارمان ببێ... قیژ و پاڵی ئەو زەعیفانە ئەژنەوی؟.»

لە پەنجەرەکەوە ئافرەتەکان دیارن. هاپۆ و سابیر و حەمە غەریب پشتیان لە پەنجەرەکە بوو، کە قیژ و هاواری ئافرەتەکانیان بیست ئاوڕیان دایەوە. هەرچی لەناو مەنگەڵەکەدایە دەستی بەملە قوتێ کرد، دەیانویست بزانن چی ڕوودەدا... یاساوڵەکان وەکو بازن دەورەی ئافرەتەکانیان داوە... هەندێکیان پەلکێش دەکەن و لەناو قەرەباڵغیەکەیان دوور دەخەنەوە... وەکو چۆن باوەشیان لە مناڵەکان دەدا، ئاوا کە ئافرەتێك هەڵدەسێنن یەك دووانی کە پێوەی دەلکێن کەوا و کراسەکەی دەگرن هەمدیس دار و قامچی بەرز دەبێتەوە و دادەهێنرێ ئیتر بەر کێ و کوێ دەکەوێت گرنگ نەبوو... هەندێ لەو ئافرەتانەی جیایان دەکردەوە مناڵێکیشی بە باوەشەوە بوو، نزیکەی نیو سەعاتێکی خایاند... ئافرەتەکانیش وا ئێستا بوون بە دوو بڕەوە... ئەوانەی جیاکرانەوە بەپاڵ و لێدان بەرەو ژوورەکانی ئەولایان بردن... قیژە و گریان و ئای دایەی هەردوو بڕەکە، تێکەڵ یەك دەبوون، هاواریان دەچێتە کەشکەڵەی ئاسمان و کەس نییە بەدەنگیانەوە بێت... گریان و هاواری ئەمجارەی ئافرەتەکان لە هاوار و قیژەیان کاتی جیاکردنەوەی منداڵەکان گڕتر و بەجۆشتر بوو...

گوربزێکی چوار شانە لەولای هاپۆ خدرەوە دانیشتبوو وەك مناڵێ پێڕەوکە بکات، ئاوا خۆی بۆلای پەنجەرەکە کردە کێش و، قەیرێ تەماشای دەرەوەی کرد لەپڕ وتی:

«ئەی ماڵی وێرانم خۆ ئەوە شەوبۆی کچمە...!» دەستبەجێ ڕەنگی گۆڕا، ڕەنگی خۆڵەمێشینی لێ نیشت، لە ڕووی مرۆیەکی خنکاو دەچوو کە ماوەیەکی زۆر لەبن ئاودا مابێتەوە، جەستەی دەستی بە لەرزین کرد؛ دەستی بەگلمەگلمە کرد هەندێکی دەبیسترا...

«خوایە مەرگ هەقە... ئەمانەت خۆتم لێ بستێنەوە... وای کچە سەنگینەکەم...» تا ئەو

کاتە هەر لەباری پێرەوییەکەیدا مابووەوە، سەری داخست... یەك دوو فرمێسك کەوتە سەر چەمەنتۆکە، پاش ماوەیەك سەری هەڵبڕی و دەست لەزرانی دانیشت... لەولاترەوە هەنسك و پرمەی گریانی یەکێکی کە بەرز بووەوە...

«سابیر ڕۆڵە بەمەزەنە بۆ جیایان ئەکەنەوە...؟!»

هاپۆ بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ ئەو پرسیارەی کرد، سابیر وەڵامی پرسیارەکەی هاپۆی نەدایەوە... لە دڵی خۆیا و بۆخۆی وەڵامی دایەوە... «هەرچی خراپە ئەوە ئەکەن... کچە شەرمن و سەلارەکانی گەرمیان، چاکتان دەناسم و باش شارەزاتانم کە چەند داوێن پاکن... مخابن و هەزار حەیف، لەپێش باوك و برای خۆتاندا نانتان نەدەخوارد کە ئاوی خواسایشتان دەخواردەوە بەهاتبایە چاوی باوك و برای خۆشتانیش دیار بوایە وەردەچەرخان تا ئاو خواردنەوەکەتانیان نەبینیایە!! تا دایك و براتان لە ماڵەوە بێ جامێ ئاو و دۆ بەدەست مێوانەوە نادەن، وا ئێستا چەند زرتە بۆزێك قۆڵتان دەگرن و سەروپێچەتان پەتی دەکەن! چمکی کەوا و کراستان ڕادەکێشن کوێر بم بۆ گرانی و سەنگینییەکەتان... بۆ تا زووە نامرن... هەرچیتان لێ بکەن ئێوە وەك شیری بەردایك ساف و بێ گەردن، خاوێن و پاکن... کێ دەڵێ دەستی نامەردیتان بۆ درێژ ناکەن؟ بۆچی لێیان ناوەشێتەوە؟! خۆ یەکەم جاریان نییە، ئەو ساڵە لە ئاوایی (تۆکن) ئەو کەتنەیان نەکرد؟...

ئەوەی نێرینە بوو لەترسی گرتن بۆی دەرچوو بوون، لە ئافرەت و مناڵ و پەککەوتە بەولاوە کەس لە ئاواییدا نەمابووەوە، چەند سەربازێك و ڕەوە جاشێك دێنە ناو ئاواییەوە... ماڵەکان دەشکێنن... ماڵی کاکەولا لەم پەڕەوە بوو دوو سەرباز دەچنە ژوورەوە تەنها حەبە لە ماڵە... حەبە لەژێر شوقە لەتەکە جاجمێکی بەخۆیا دادابوو و خۆی مت کردبوو... کە جاجمەکە ڕادەکێشن حەبە دەبینن؛ ئیتر بەزۆر توخنی دەکەون... ئێوارە کە ئاوایی دەگەڕێتەوە، کاکەولا لەناو حەوشەدا کۆمەڵێ زووخاڵ دەبینێ، تومەز حەبەیە و خۆی سوتاندووە و بەکۆمەڵێ زووخاڵ بووە... کاکەولاش هەر بەو شەوە سەری خۆی هەڵدەگرێ و، ئێستەش کەس نەیزانی لە کوێیە...

کابرای گوربز کە تا ئەوکاتە تاس بردبوویەوە، بە ئاستەم مەچەکی هاپۆی گرت «هاپۆ...» چاوەڕێی نەکرد ئاوڕی لێ بداتەوە دەیویست یەکێکی دەست بکەوێ و کەمێ دەردی خۆی بۆ هەڵڕێژێ... «ئێمە چوار براین سیانمان وا لێرەین... هەواڵی برا بچووکەکەمان نازانین، خێزانی هەر چوارمان ئا لەوێدان...» بەسەر هێمای بۆ دەرەوە

کرد... «من دوو کچی عازەب و یەکێکی چوار ساڵی و بەرمەمکەکیشمان هەیە... براکەم کە لە من خوارترە دوو کچ و دوو کوڕ، ئەوی تر کچێك و کوڕێك... برا بچووکەکەشم مانگێکە ژنمان بۆ گواستۆتەوە... یانی پانزە سەر خێزانین، تەنها باوکم بەر نەکەوتووە، ئەویش خوا و ڕاستان هەفتەیە لەمەوبەر بۆ مێوانی هاتۆتە (دووزخورماتوو) باش بوو نەگەڕایەوە... دەبێ مانی ئەویش دوای ئێمە چ تامێکی هەبێ... دە وەڵلا لە ترسی بێ ئیمانی نەبوایە ئێستا خۆم دەکوشت...».

یەکێك لەولاوە گوێی لە قسەکانی بوو:

«باسی ئیمان و قیامەتم بۆ دەکات!...» هاپۆ هەرچەنێ سەری لەسەر کیسە تووتنەکەی هەڵنەبڕی بەڵام خوڕان خوڕان فرمێسکی دەڕشت...

سابیر دەستی خستە سەرچۆکی

– «ناوی خزمەتت؟»

– «فەرەج شاوەیس»

– «کاکە فەرەج... هەموومان وەکو تۆین... ئەوەی تۆ لێرەدا ئەیبینی خوشك و دایك و برای ڕاپێچ کراوە با هەر یەکێ لە ئێمە شێر بەگوێ بگرێت بەڵام لەم بار و کاتەدا بێ دەسەڵاتین و هیچمان پێ ناکرێت، پیاو کە ئەسیر بوو و کەوتە دەست دوژمنێکی ئاوا نامەردەوە دەبێ چاوەڕێی هەموو شتێکی لێ بکات...».

هاپۆ بە قوورگی پڕ گریانەوە وتی:

– «خوا چاوی لێیەتی دەبزانە چییان بەسەر بێنێ...».

دەنگەکەی کەمێ لەمەوپێش هەمدیس لە جێگاکەی خۆیەوە هاتە دەنگ:

«با... چۆن چاوی پێوە نییە...».

گەرمیان دەستی سابیری بەئاستەم لەقاندەوە تا ئاوڕی پێدایەوە:

– «بەشکو ئەمە خوایە دایکمم بینی؟». تا ئەوکاتە لە تەك هاپۆ دانیشتبوو چاوی لە دەمی فەرەج بڕیبوو... ئاوای گوت و تەماشای دەرەوەی کرد... وا جارێکی کە لەپڕ قیژە و هاوار بەرز بووەوە هەمدیس بەربوونەتە گیانیان... لەبەر مانگە شەوەکە دیارە... ئافرەتێك باوەشی لە ئافرەتێکی کە داوە دەیەوێ نەیبەن و جیای نەکەنەوە یا کچێتی یا خوشکی، دوو سەربازیش بۆ لای خۆیانیان پەلەکێش دەکرد، یەکێکی کەش بەدار لەو ئافرەتەی دەدات کە گرتوویەتی، دەست ناپارێزی... تا لێکدابڕان.

وا چەند کەسێکی کەشیان پێش خۆیان دا، بەرەو ئەولا بردیانن، یەکێکیان پێی ڕێی نەدەگرت، دادەنیشت بەزۆر هەڵیاندەستاندەوە، ئەمجارە دانیشت و دەستی بەقژ ڕنینەوە کرد و هەر ئاوڕی دەدایەوە بەپێلەقە و قۆناغە تفەنگ هاتنە وێزەیدا، لە گریان کەوت، بەکێشیان کرد تا لە چاو ون بوو ئافرەتەکان کەمێ خامۆش بوونەوە، زەڵەزەڵ و گریانی کەمێ پێش ئێستایان نەما... لەو بێدەنگییەدا پرمەی گریانێکی پەنگ خواردوو تەقییەوە... ئەوانەی بەر پەنجەرەکە چاویان لێ بوو، یەکێ بەناو ئافرەتەکاندا ڕۆیشت، لە شوێنێکدا وەستا یەکێکی بەر شەق و زیللە دا... گریانەکە نەما، ئافرەتەکانی کەش خۆیان مت کرد. ئەم مرۆ سادە و دڵسافانە ئەوەندە لە شت ورد نابنەوە، بەڵام سابیر خوێندەوار و دنیادیدە بوو جیاکردنەوەی ئافرەتەکانی بەکارێکی هەروا سانا و سادە نەدەهاتە بەرچاو، بیری کردەوە جارێك شتێکی ئاوای خوێندۆتەوە... سەردەمانێکی زوو، دوولایەن بەشەڕ دێن، لایەکی شکست دێنێ، زاڵبووەکان ماڵی لایەنەکەی تر بەتالان دەبەن، بەوەشەوە ناوەستن کچ و ئافرەتیشیان پێش خۆیان دەدەن کە دەگەنە وڵاتی خۆیان ئافرەتەکان دابەش دەکەن...

«تۆ بڵێی ئاوا بکەن؟! بۆ نەو... ئەوەی ئەوەندە بێ بەزەیی بێ ئەمەش دەکات...».

دەیویست بڕوا بەهزرەکانی خۆی نەکات، سەری ڕادەوەشاند تا ئەو بۆچوونەی خۆی لە بیر بەرێتەوە... هەوڵەکەی بێ سوود بوو... ختوورەکە سەری دەکرد، دەبووە دیمەنێکی بینراو وا دێتە بەرچاوی، چاوی دەنووقاند ڕوونتر و ئاشکراتر دەبوو... بەدەست خۆی نەبوو وای بۆ دەچوو:

«کچە گەرمیانییەکی شەرمن و گەڕەواڵە، لە شێوەزمانە خواروخێچەکەی خۆی بەولاوە لە هیچ تایفە و میللەتێکی کە ناگات... دەیدەنە دەست نەناسیاوێکەوە... تۆ خێزانی ئەم پیاوەی... وای پێ دەڵێن ئەم تێناگات چی پێ دەڵێن... مەگەر کاتێك بزانی چییان پێ گوتووە، کە لەگەڵ حەیتەکەدا خۆی بەتەنیا دەبینی... ئەو کاتە چ دەکات؟! چی لە دەست دێ؟! کێ گوێ لە هاواری دەگرێ؟... جا دەگری، بەکوڵ دەگری... دەپاڕێتەوە... دەستی کابرا ماچ دەکات و دەڵێ: خاوەن چوار برام... چوار پیاوی ناو مەجلیس... باوکم سەرتۆپ گەرمیان ئەیناسن... ماڵمان جێگای حەسانەوەی ڕێبوارانە... ئەمەم لەگەڵ نەکەی». حەیتەکە لێی ناگات و نازانێ بۆ دەپاڕێتەوە، ناچار دەبێ و... یا وەك کارەکەر و خزمەتکار لە ماڵێکدا دایدەنێن، نەدەزانی لەکوێ دایە نە لەچی لایەك... بەرەڵڵاشی بکەن ناتوانێ بگەڕێتەوە ناو خوێش و خزمانی... ئێوە بڵێن یەکێ لە ژیانیدا لە سنووری

ئـاوایـیـیـەکـەی خۆیـان بـەولاوە هـیـچ کوێـیـەکـی نـەدیـبـێ دەتـوانـێ لـە شارێکـی دوورەوە بگەڕێتەوە؟!... جا ئێواران بۆخۆی دادەنیشێ، کزکز دادەنیشێ گەورە و بچووکی ئاوایی بـەسـەر دەکـاتـەوە، دایـکـی، بـاوکـی، بـرا و کـەسوکـار و خـەڵـکـی ئـاوایـیـەکـەیـانـی بـیـر دەکەوێتەوە، ئەگری... ئەگری... بۆ بێکەسییەکەی خۆی دەگری و دەلاوێنێتەوە، بۆ بێ سەروشوێن بـوونـی کـەسوکـاری دەلاوێـنـێـتـەوە... ئـەوەنـدە خـەم دەخـوات خـواردنـی پـێ ناخورێت بۆ خۆی دەمری و ڕزگاری دەبێ...! لەوانەشە بەکۆمەڵ بیانکوژن و بەجارێ لەناویان بەرن...».

سابـیـر ئـاوا بـیـری دەچـوو و ئـەو خـتـوورە سـەیـرانـەی بـەدڵا دەهـات... دواجـا خـۆیـشی دەیگوت ڕەنگە هـەرواش نـەبێ؛ خۆی بـەخۆی دەگوت «کوێر چی دەوێ؟...»

***

گەلە گورگ ئاسا خۆیان بەمەنگەڵەکەدا کرد... شپرزەن، ڕق و کینە لە ڕوویان دەباری... کەس هیچی پێ نەوتوون فزەی لە دەم دەرنەچووە کەچی وەکو سەگ دەرشێنەوە... دوو سێ ئەفەنییان لەگەڵدایە، ئەوانەی کە دار و کێبڵ بەدەستن،... لەپڕ بە هێمای چاوی یەکێ لە ئەفەنییەکان کەوتنە وێزەی خەڵکەکە، وەکو ڕانەمەڕێك گەلەگورگی تێ کەوتبێ بەیەکا هـاتـن، بـەسـەر یـەکـا کـەوتـن، چـەنـد مێـرد مـنـاڵـێك کـەوتـنـە ژێـر پـێـوە... دار و کـێـبـڵ بـەرز دەکرێنەوە بۆ سەروگوێلاك و دەست و پشت و قاچی خەڵکەکە دادەهێنرا، ئیتر بەر کێ دەکەوێ بەلایانەوە گرنگ نەبوو... بەگوێرەی لێدانەکە هاوار کەمە، بۆ ماوەیەك دەستیان نەپاراست، ماندووبوون. هەناسەبڕکێیان پێ کەوت ئەوجا دەستیان ڕاگرت... زۆربەی سەری لەنێوان هەردوو ڕانیا شاردۆتەوە و دەستی بەسەرخۆیەوە گرتووە، ئەفەنییەکان بەناو خەڵکەکەدا دێن و دەچن، پێ بەدەست و قاچی دانیشتواندا دەنێن، لە ترسانا نەکەس جمە دەکات نەهاوار... لاوەکان جیا دەکەنەوە... هەڵیان دەسێنن و لە دەرگاکەی ئاودیو دەکەن... تۆ... تۆ... تۆ... ژمارەیەکی زۆریان جیا کردەوە... ئافرەتەکان کە چاویان بەوەوە بوو لە جێگاکەی خۆیانەوە هەمدیس قیژە و گریان بەرز بووەوە، مەنگەڵەکانی ئەولاشیان هەروا لێ کرد... هەموو جارێکیش ئافرەتەکان دەستیان بەگریان و لەخۆدان دەکرد... هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی لاوەکان کەوتبووە سەر ئارەزوو و زەوقی ئەم دەستەیەی دەچوونە ناو مەنگەڵەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە. لەگەڵ لاوەکاندا چەندین بەساڵاچوویان برد، زۆر لاویش بەری نەکەوت و مانەوە...

کە کشانـەوە خـەڵـکـەکـە تـاسابوون، سەرسام و زەنـەق چـوو تـەمـاشای دەرگـاکـەیـان

دەکرد... کشومات و بێدەنگ، سەرسام و چاو ئەبڵەق و مات و ڕەنگ پەڕیو، تەماشای دەرگاکەیان دەکرد... نازانن کێیان برد و کێ مایەوە... باوك ئاگای لە کوڕی خۆی نییە... برا چاو دەگێڕێ بۆ برا... لەو بێدەنگییەدا ئا لەو کاتەدا فەرەج ناڵەی لێ هەڵسا:

»ئەوە خۆ ڕەسول و عەبدول دیار نین... ڕەسول... عەڤدل... خۆ دیار نین... بردنیانن... تەڵاقم کەوتبێ بردنیانن... ئای ماڵوێرانم... وا نامووسەکەمان لە دەست چوو، پشتیشم شکا...» دایکورکان... بۆ ماوەیەك هەر وا گریا کەسی بەدەنگەوە نەچوو... هەرکەسە و لە کۆستی خۆیا بوو... دواجار سەری خستە سەر چۆکی و مت بوو، گەرمیان خۆی خزاندبووە بن باڵی سابیرەوە... هاپۆ خدر مناڵ ئاسا دەمی داپچڕیبوو... هەرچی حەمە غەریبە ئەمە دوو ڕۆژە قسەی خواساییشی نەکردووە.

شەو درەنگە... مانگەشەوەکە حەوشەی مەنگەڵەکەی ڕۆشنا کردۆتەوە... ئافرەتەکان ئەوەندە گریان و لە خۆیان دا، ماندوو و شەکەت بێدەنگ و خامۆشن...

سەرەڕای ئەم هەموو پەت پەتی و مەینەتییەش زۆریان خەویان لێ کەوتووە!. تا هاپۆش شانی داداوە و مناڵ ئاسا خۆی گرموڵە کردووە، هەر ئەوەندەی منداڵێك دیار بوو، خەو بردبوویەوە، گەرمیان دەستی نابووە ژێر سەری و خەوتبوو... دەمەو شەبەق سابیر بۆ ماوەیەکی کەم خەو بردیەوە و گورج بەدەم خەونێکی ناخۆشەوە ڕاچەنی... تا ئەو دەمە فەرەج ئێوارە چۆن دانیشتبوو نەیگۆڕیبوو... وا خەریکە تاریکی ماندوو دەبێ و پاشەکشێ دەکات.

لەناو ئافرەتەکانەوە «ئای ڕۆڵە ئای»ێك دوو سێ جار هاتە گوێی... ئای لەو کڕووزانەوەیەی ئەو دەمەو بەیانە چەند کاریگەر و ستەم بوو...

شەبەقی دابوو، لە دەرگای تەڵبەندەکەوە ئۆتۆمۆبێلێکی زۆر هاتنە ژوورەوە و لەو ڕاستییە وەستان ئافرەتەکانیان سوارکرد، هاپۆ خدر لێ بوو پرسی:

«ئەوە بۆ کوێیان دەبەن؟... وا دیارە ئێمەش دەبەن!!» سابیر چاوی بڕیبووە ئافرەتەکان وەرامی هاپۆی نەدایەوە... سابیر بیری بۆ لای شتێکی ترسناك دەچوو... دەیانەوێ بنبڕمان بکەن، کەسمان لە دوا جێ نەمێنێ، ئەگینا ئەو ئافرەتانە چییان پێ دەکرێت، ئەو مناڵە کە باوەشی ئەو ژنەوەیە... بۆیە هەر لەگەڵ گرتنماندا دەستیان بەوێرانکردنی خانووەکانمان کرد، نایانەوێ ئیتر بگەڕێینەوە... باشە شاری بێ ئاوایی دەبێ؟... شارەکانیش وەکو ئێمەیان بەسەر دی... هاپۆ خدر دەیهێنێتەوە ژێر مەنگەڵەکە و دەپرسێ:

«تۆ بڵێی بمان گەڕێننەوە و بەرمان بدەن؟»

سابیر هەمدیس تەماشای هاپۆی کرد و بزەیەکی خەماوی گرتی... «نەخێر نامان گەڕێننەوە... لێمان دەترسن، وا دەزانن ئێمە گەورە و بچووکمان شیر لە هەسان دەسووین و یەکەیەکە سەریان دەبڕین بۆیە ئێژن بەرلەوەی ئەم بەچکە جنۆکانە سەرمان ببڕن، ئێمە خۆمان دەزانین چییان لێ دەکەین (تۆ)یان دەبڕینەوە» زیلەکان کەوتنە ڕێ، ئافرەتەکانیان برد و ڕۆیشتن... پۆپەی دار کاژێکی زەبەللاحی پشت ڕیزە خانووەکانی بەرامبەر زەرد هەڵگەڕا... لەم کاتەدا تەقە لە دەرگای مەنگەڵەکە هەڵسا، دەنگێکی ناساز نەڕاندی

«خۆتان ئامادە بکەن...»

– «ئەوە ئێژی چی؟» یەك دوانێ وایان گوت، یەکێکی کە وەرامی دانەوە:

– «ئێژێ خۆتان حازرکەن».

ئەوەی تا ئەو دەمە خەوتبوو، زەڵەزەڵەکە بەئاگای هێنا، کە بینی خەڵکەکە ئامادە دانیشتوون، ئەوانیش بێ ئەوەی بپرسن چوارمەشقی ئامادە دانیشتن دەرگا کرایەوە، زیلەکانیان لێ پڕ دەکردن و دەکەوتنە ڕێ...

***

بۆ هەر لایەك چاو هەڵخەی لە ژێر پێتەوە تا چاو هەتەر دەکات هەر لمە... نەشینایییەك، نەسێبەرێ نابینی، تا پنچکە بۆز هەڵگەڕاوەکانیش و بەردی قۆقزی ئەو ناوەش لم و زیخ داپۆشیبوون و بەحاڵ دیارن... لە دوور، لە ئاست ڕۆژهەڵاتەوە هەندێ گرد و تەپۆلکە دیارن، ئیتر بۆ کوێ دەڕوانی هیچت بەرچاو ناکەوێ تا ئاسمان و لمەکە لە ئاسۆ یەك دەگرنەوە... گەرماکەی هەناسە سوار دەکات، کاتێ نووزەیە با هەڵدەکات، بەئاستەمیش بێ، لمەکە دەورووژێنێ، سیرە مۆزە ئاسا لمە داخ بووەکە چزە لە ڕوومەت و دەست و پلی مرۆ هەڵدەستێنێ... «گەیشتین...». دوو یاساوڵی ناو ئۆتۆمۆبێلەکە ئەو مزگێنییەیان بە یەکتر دا... زۆری نەخایاند ئۆتۆمۆبێلەکان لەبەردەم قەلایەکدا مۆڵیان خوارد...

ئۆتۆمۆبێلەکان لە ژمارە نایەن... سی و دوو سەعاتە، بەڕێوەن لە هەر شوێنێکیش ئەم کاروانی مەرگە ڕابوەستایە لە یاساوڵ و شوفێرەکان بەولاوە کەس دانەدەبەزی... لە هەموو پەرێشانتر منداڵان و پیرەمێردە پەککەوتەکان بوون، لە پەلوپۆ کەوتبوون، زۆرکەس بەتەمایان نەمابوون... وا ئافرەتەکان بەقنگە خشکێ دادەبەزن... لەگریان و هاوار کەوتوون، نە دەدوێن نە دەپرسن، جەستەیەکی سست و بێ هێز... ئەوەی لە مردوویەك جیایان دەکاتەوە، تەماشا و ڕوانینە سەیرەکەیانە، هەندێکیان لە ڕوانینیش

کەوتووە و چاوی هەڵناسێ... بەئاستەم و لەسەرخۆ دەجووڵێنەوە.

«ڕیز دەبن». کەس گوێی بەم فەرمانە نەدا... هەروەك لەگەڵ ئەوانیانا نەبێ کەس خۆی تێك نەدا، لەوانەیە تێنەگەیشتبن... بەدەنگێکی گڕ و تووڕەتر دووبارەیان کردەوە. «ڕیز بن...» کە ئەمجارەش گوێیان پێ نەدا، بەجارێ دەیان چەك بەدەست شاڵاویان بۆ ئەو لەشە داهێزراوانە هێنا... کەوتنە گیانیان، ئەوەندە لە گیانی خۆیان بێزاربوون، چەکەرەیان نەدەکرد هەروەك لەشی ئەوان نەبێ قۆناغە تفەنگی بەردەکەوێ، تا هێز و تاقەتی ئاوڕدانەوەشیان تیا نەمابوو... «ڕیز بن»... «ڕیز دەبوون...».

هاپۆ خدر هەردوو قاچی بووەتە پەڕۆ، سابیر لە کۆڵی دەنێ و دایدەگرێت، ڕیشە سپییەکەی هاتووە، چاوە زیتەکانی، زیتی و وریایەکەی کوژاوەتەوە...

«سابیر مەعز بۆ خوا... خۆت و غیرەتت...» ئەمە خدرە وا دەپاڕێتەوە؟ دونیایە... ئەو خدرەیە کە دوای بانگی شێوان بارە توتنی بەپێش خۆی دەدا و تفەنگی پێنج تیری لە شان دەکرد و بەتەنیا ڕێگای خاڵساتی لەبەردەنا شەبەق خۆی دەگەیاندە دەشتی قرفە، باروبنەی دەخست، چایەکی خەلیسی لێ دەنا و دەکەوتەوە ڕێ، بۆ ئێوارەش دەگەییە مەنزڵ هەر ئەو شەوە توتنەکەی بە خورما دەگۆڕی و شەبەق دەگەڕایەوە... کەس بەخۆیەوە نەنازێ ئەمە دونیایە...

– «جا غیرەت ماوە؟!» سابیر ئاوا وەرامی هاپۆی دایەوە و دای بەکۆڵا... هاپۆ سەری خستبووە سەر شانی سابیر و دەستی لە قۆڵی گیرکردبوو.

– «سابیر گیان ئێرە کوێیە؟».

– «هاپۆ نۆگرەی پێ ئەڵێن».

قەڵایەکی گەورەی دوو نهۆم، دەرگایەکی دوولایەنی ئاسنین لە ناوەڕاستی بیناکە دایە، بەملاو بەولای دەرگاکەدا بەدرێژایی چەند گاوخانێك لەسەر دوو نهۆم قەڵاکە دروست کراوە، لەوێشەوە پەرژینێکی بەرز کەمێ دەڕوات، ئینجا پێچ دەکاتەوە...

دەرگا کرایەوە ئافرەتەکانیان بردە ژوورەوە، سەعاتێك لەبەر هەتاوەکە وەستابوون هەندێ ئافرەت منداڵیان بەباوەشەوە بوو، تینی خۆرەکە ئاگری بەسەر حەشاماتەکەدا دەپرژاند، هەندێ پیری بەساڵاچوو لەبەر گەرماکە بوورانەوە. ئەوانەی تەنیشتیان بە جەمەدانێ و مشکییەکانیان تەنکە سێبەرێکیان بۆ هەڵدەخستن... ڕیزەکە جووڵا.

نۆبەی پیاوانە... سابیر کە لەو ماوەیەدا هاپۆی لەسەر لمەکە دانابوو، خستییەوە

کۆڵی... لەپێشەوە پیرەمێردێك بەدەما کەوت، دووکەس چوونە ژێر باڵیەوە... لەودیو دەرگاکە ناونووس کران، ئەوانەی لە ئۆتۆمۆبێلەکەی سابیردا بوون بۆ نهۆمی سەرەوەیان بردن... قاوشەکە دوو پەنجەرەی بچووکی پێوەیە، دەڕواننە حەوشەیەکی بەربڵاو و بەرین... قاوشی ئافرەتەکان لە پەنجەرەکانەوە دیاربوو، هاپۆ بەحاڵ هەناسە دەدات، سەڵتەکەیان داکەند و خستیانە ژێر سەری...

– «ئا گەرمیان گیان بەم کڵاوە باوەشێنی بکە...».

بەدەم هەناسەبڕکێوە پچڕپچڕ وشەکانی لەدەم دەردەچوون،

– «ئافرەتەکانیان بۆ کوێ برد؟!».

– «وا بزانم لە قاوشەکەی خوارەوەن، سەر هەڵبڕێ پەنجەرەی قاوشەکەیان ئەبینی...».

– «تۆ بڕوانە... هەندێ جەمەدانی و کەلوپەل و لەتە سەموون لەم ناوە کەوتوون وا دیارە پێش ئێمە خەڵکی کەی تیا بووە... ئەی ئەمانەیان بۆ کوێ بردووە؟...»

– «پێش ئەوەی بگەینە ئێرە بەلای ڕۆژهەڵاتدا لە دوورەوە قەڵایەکی کە دیاربوو ڕەنگە بۆ ئەوێیان بردبن...».

– «سابیر گیان... دەبینی توانای هاتوچۆم نەماوە بەقوربانە چیت ژنەوت و بینی بۆ هاپۆتی بگێڕەوە...».

گەرمیان و حەمە غەریب بەتەك یەکەوە خەویان لێ کەوتبوو، شەکەتی ئەو ڕێگا دوور و درێژە و برسێتی ئەم یەك دوو ڕۆژەی ڕابردوو بەجارێ ڕەنگ و سیمای ئەو خەڵکەی گۆڕیوە، ئەگەر بێت و باش سەرنج نەدەی ناسیاوی خۆشت ناناسیەوە، بەم یەك دوو ڕۆژە چۆن ڕەنگیان پەڕیوە و سیمایان گۆڕاوە، بڕوا ناکرێ ئەمە ئینسانەکانی هەفتەیەك لەمەوبەر بن، سەروڕیش هاتوو چاو چۆتە قووڵایی، بەگران چاویان هەڵدەستێ، وەك هەریەکە و دە ساڵێك خرابێتە سەر تەمەنیان...

بەمبەر و ئەوبەرا چوارمەشقی دانیشتوون، هەندێ جار بەقاوشەکەدا چاو دەگێڕن یا بۆ ناسیاوێك یا بۆ باوك و برا و خزمانیان چاویان دەگێڕا تا بزانن لێك جیا بوونەتەوە؟ یا بۆ قاوشێکی کەیان بردوون؟ وا خەریکن هەندێکیان جێ بۆ خۆیان خۆش دەکەن، ئەوەی بەتانییەکی پێ بوو ڕایخست هەندێ شتومەکی لە گونییەك دەرهێنا و گونییەکەی کردە ڕایەخ... هەندێکی کەش هەر لەسەر چەمەنتۆکە دەمەونخوون لێی کەوتن...

– سابیر چاوی بەقاوشەکەدا گێڕا لەبەرخۆیەوە گوتی «باشە لێك دانەبڕاوین... ئەمە هاپۆ گیانە، ئەوە حەمە غەریب ئەی گەرمیان، فەرەج دیار نییە؟!».

«عەسکەرێك بۆ ئەولا بردی».

لەم کاتەدا دوو یاساوڵ خۆیان بەقاوشەکەدا کرد، یەکێکیان چەتەوڵێکی سمێڵ بابڕ، گونییەکی بەشانەوە بوو، بێ ئەوەی هیچ بڵێ لە یەکەم کەسی تەنیشت دەرگاکەوە دەستی پێ کرد، هەریەکە و سەمونێکی فڕێ دەدایە بەردەمی، هەروەکو بۆ سەگی فڕێ بدا ئاوا تووڕی هەڵدەدا و نەیدەدایە دەستیانەوە، چەناگە قۆپاوەکەی هاوڕێشی دوو تەنەکە ئاوی دانا، وەستا تا هاوڕێکەی سەموونەکانی دابەش کرد، چۆن هاتن ئاواش بێدەنگ دەرچوون...

هاپۆ بەنکەنك خۆی لە دەرگاکە نزیك کردەوە و شانی لێ گیر کرد:

– «سابیر بەقسەی هاپۆت بکە بەئەسپایی پێیان بێژە با دەست بەسەموونەکەوە بگرن و قنیات بکەن».

– «هاپۆ قنیاتی چی خۆی سەموونێکە، دواجار ئەمە چەنێکە نانیان نەخواردووە... چی هەڵگرن؟!».

زۆربەیان هێشتا یاساوڵەکان دەرنەچووبوون سەموونەکەی خۆیان فت کردبوو... دووکەس بەلۆژە لۆژ خۆیان گەیاندە تەنەکە ئاوەکان... هیچ نەبوو پێی بخۆنەوە... ڕاوەستان یەکێکیان ویستی مژی پێوەبنێ، لە تەنەکەیەك نەوی... بۆی هەڵنەگیرا... هیچ ناڵێ و چاو دەگێڕێ لە کەنار پەنجەرەکەی تەنیشت هاپۆوە کوپێ فافۆن دانرابوو، بەدی کرد، بەکاوەخۆ هەستا، داچەمی کووپەکەی برد... لەسەریەکە سێ کوپی خواردەوە... یەك دووانێکی کەش هەستان و خۆیان گەیاندە ئاوەکە... هاپۆ چاوی لێ بوو خۆی پێ نەگیرا چونکێ دیویەتی و دەزانێ تینوویەتی یانی چی... هاوینان کە ڕێگای خاڵساتی لەبەردەنا، پێش هەموو شتێ هەر لە ئێوارەوە مەتارەیە ئاوی ئامادە دەکرد، کە بەڕێ دەکەوت، بەپاڵانی وڵاخەکەی گرێ دەدا، تینووشی بوایە تا نەگەیشتایەتە دەشتی قرفە لێی نەدەخواردەوە... بۆ جارێکیان مەتارەت لەبیر نەچێ!! کە لە حەمرین ئاودیو دەبێ و دەکەوێتە ئەو دەشتە چۆڵە، دەیەوێ ئاوبخواتەوە، دەس بۆ مەتارە دەبا، مەتارە نییە دەك شەیتان بەنەعلەت بێ... وا دەڵێ و دڵی دادەخورپێ، هەر قۆناغێ خۆی بۆ ڕاگیر دەکری... تینوویەتی زۆری لێ دەستێنێ... چاوی دەکەوێتە ڕمل لێدان، چاوی هەڵدەگلۆفێ پارە ناکات، شتی سەیر سەیری دەهاتە بەرچاو... ئاقلی دەکات مەچەکی لە ڕەشمەی وڵاخەکەی دەئاڵێنێ و توند پاڵانەکەی دەگرێت... نووچ دەدا و خۆی دەگرێتەوە... چاوی ڕەشکە و پێشکە دەکات... وا یەکێك لەپێشەوەیە و شەربەیێ ئاوی پێیە. هەرچەند تەکان

دەدات ئەو دوورتر دەبێتەوە... دەیەوێ بانگی بکات زوانی بووەتە پەلاس و لە دەمیا ناگەڕێ، ئیتر ئاگای لە خۆی نامێنێ... کاتێ چاوی دەکاتەوە یەك دوو کاروانی بەدیار سەریەوەن و ئاو دەپرژێننە سەروچاویەوە... «ڕاوەستن برا دەست بەئاوەکەوە بگرن...». کەمێ وەستا، کەس ورتەی نەکرد، بەڵام چاویان لە هاپۆ بڕیبوو، درێژەی بەقسەکانی دا:

«هەموو وەك یەك شەکەت و ماندووین... من دیومە و دەزانم تینوویەتی یانی چی، بەڵام با دەست بەئاوەکەوە بگرین نەکو لەمە زیاتر ئاومان پێ نەدەن... با هەریەکە و کووپێ زیاتر نەخواتەوە...» ئەوانەی لەوەودوا بۆ ئاوخواردنەوە هەڵدەستان، سەرو کووپیان دەخواردەوە و دەگەڕانەوە جێگاکانی خۆیان...

وتوویانە مرۆ لە دۆزەخیش ڕادێ و گوزەران دەکات... ئەم توخمە ئینسانە چی زیندەوەرێکی سەرسەختە، چ توانایەکی بێ سنوور لەبن نەهاتووی هەیە... ئافەرین بەرگەی ئەم هەموو پەن و وەینامیە بگری، بەرامبەر ئەم هەموو ئازار و برسێتی و مەینەتییە ڕاوەستێ... بەدیوەکەی تردا، ئەوەندە دڵڕەق و بێ بەزەیی بێت!! چۆن دڵت دێنێ ئاوا نان و ئاو لە مرۆیەکی کە بشاریتەوە و زاق زاقیش تەماشا بکەی... ئەم مرۆیە چ سەیرە و چ دڕندەیەکیشە... باشە من سەرم لەمە دەرناچێ بۆ وا وردە وردە دەمان کوژن؟... بۆ بەجارێ بەچاو نووقاندنێك هەموومان فت ناکەن... نەء برسیمان دەکەن توانای هیچمان نامێنێ... هەتا لە پیاوەتیش دەکەوین... مەبەستیانە لە هەموو ڕوویەکەوە بڕووخێین مرۆ کە برسی دەبێ ناتوانێ بەچاکی بیر بکاتەوە... بەڵام سەر لەوە دەرناکەم بۆ وامان لێ دەکەن، ئەمانە وا دەزانن ئێمە زیادەین، وا دەزانن ئێمە نەبین ئاسوودە دەژین و گوزەرانیان باشتر دەبێ، ئەوەندە بەرچاو تەنگن ئەم دونیا فراوانە جێگای ئەوانیش و ئێمە و ئی تریشی لێ دەبێتەوە...

***

ئەم ئێوارەیە یەکەم ئێوارەی ئەم قەڵا بەدناوەیە وا لە خوارەوە زەڵەزەڵی ئافرەتەکان دێ... یەك دوو منداڵ لە یەك کاتدا دەگرین. گریانی یەکێکیان بەرزتر و بەجۆشتر دێتە بەرگوێ... وا ئەوانی کە کڕبوونەوە کەچی ئەویان هەر دەگری... دایە... ئای دایە... دایە... وا ئەویش ماندوو بوو زۆری نەبرد لە گریان کەوت، یەك دووانێ لەوپەڕی قاوشەکەوە هاتنە لای پەنجەرەکەوە گوێیان هەڵخست، بەڵام گریانەکە نەمابوو بێدەنگ گەڕانەوە بۆ ئەوە هاتبوون کوڵیان دەگرد تا بەدەنگ گریانەکان منداڵەکانیان بناسنەوە...! گەرمیان لێرەش سەری بە پەنجەرەکەوە ناوە... دەبێ ئەمجارە بەتەمای چی بێ؟ وا دەچێ ئەلهای دایکی

بکا و وای دانابێ لەوێدایە... هەندێك لە بێزاریدا نازانێ چی بکات، هەر لە شوێنەکەی خۆیەوە ڕاستەپێ دەوەستێ، قەدەرێ لەو بارە دەمێنێتەوە، هەمدیس دادەنیشێ.

هەندێکی کەیان بە چپە بۆ یەك دەدوێن، هەمووکەسێ دەزانێ چی دەڵێن... هەرچەندە لە نیوەڕۆوە گەیشتوونەتە ئێرە کەچی ئێستاش هەندێ جار بەملاو بەولادا چاو دەگێڕن، سابیر هاتە سەرچۆك بۆ بنەوەی قاوشەکەی ڕوانی، بەئەسپایی و هەروەك بۆخۆی بدوێ «... ئەوە لفتەیە... ئەوە عەلەی مەنسوورە... ئەوە عەزە بنەکەیی... یاسین... حاجی وەهاب... عەزە نەگبەت... حاجی گونیە... ئەوە هاپۆ خۆ کەسیان نەبواردووە!...» هاپۆ ڕووی لە سابیر کرد «سابیر فریای هاپۆت بکەوە... توتنم پێ نەماوە...».

– «هاپۆ لێرە توتن لە کوێ دەست دەکەوێ، خەڵکی نان نییە بیخوات تۆ داوای توتن دەکەی؟».

سەرەڕای ئەمەش ڕووی کردە قاوشەکە و بە دەنگێکی بەرز ڕووی لێیان نا:

– «ئا ڕەحمەتی خواتان لێ بێ، کێ جگەرەی پێیە؟...».

کەس ورتەی نەکرد، بێدەنگییەکی قووڵ قاوشەکەی گرتەوە... لە سووچەکەی بنەوە زەلامێکی کەڵەگەتی مسری گۆشت، ڕیش ماش و برنج ئاغر و لەسەرخۆ، کە دونیادیدەنی پێوە دیاربوو هەستا و بۆ لای هاپۆ هات... هەر بەرێوە بوو دەیویست شتێك بڵێ بەڵام هیچی نەگوت تا لەپاین هاپۆوە چوار مەشقی دانیشت، ئەوجا دەستی پێ کرد:

«کوڕینە... ئێمە تیا چووین... وا لە ماڵ و منداڵ دابڕاین» وەك ئەمە چەنێك بێ بەدوای یەکێکدا بگەڕێ و تا دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ وا ئێستا هاپۆی دەست کەوت و بە هەلی زانیوە... «بڕوا بکەن چواردە سەر خێزانم بێ سەروشوێنە... بچووکەکەی چوار مانگانە، دوو سەد سەر مەڕ، ئەسپێك، تراکتۆرێ، بە بەرچاومەوە بەتاڵانیان برد... جێگای چوار تەغار زەویم تۆ کردووە، تا پشتوێنە هاتووە، بەپێوە ما... لەوە ناخۆشتر نییە پیاو باسی خۆی بکات، ئەو دیوەخانەمە شەو و ڕۆژ بێ مێوان نەبووە، وا ئێستا دوای سێ ڕۆژ برسێتی سەموونێکی کەڕوو لێداوم وەکو بۆ سەگ فڕێ بدەن، ئاوا بۆم توور هەڵدەدا... نەمردایەم جارێکی کە زەوییەکانی دەوروبەری گابەردم بکێڵایە و هەر لەوێ نان و دۆیەکم بخواردایە، بۆخۆم بمردایەم... بەڵام دڵم خەبەری داوە ئەمەم جارێکی کە بۆ هەڵناکەوێ و ئەم حەسرەتەم دەبەمە ژێر گڵەوە...».

هاپۆ چاوی بڕیبوو. دەستی جگەرەکەی بداتێ کە بەدەستییەوە بوو، بەڵام لەسەری ڕۆیشت... «لە هەمووی خراپتر ئاگامان لە ناموسمان بڕاوە و نازانین بۆ کوێیانیان

بردن... قەومەکان مردن لەم حاڵە چاکتر نییە؟ بەڵام ڕۆح لە جێگایەکی سەختایە و بەئاسانی دەرناچی... گەلێ بەندی و دەربەدەریم بینیوە و هەرگیز وەکو ئەمجارەیان دڵم نەترساوە... مەعز بۆ خوا هەریەکێ لە ئێمە یەکێکی بینی یەکتر ئاگادار بکەینەوە... ئەگەر نەناسیش بوو بزانین کوێندەرییە و کێیە و ئەویش کێی بینیوە... من شکور ئاوڕەحمانم... خەڵکی ئاوایی وارانیم... کەسیش نازانێ کێ پێش ئەوی تر دەمرێ و... ئەمە دونیایە، با گرێ و خواستی دڵی خۆمان بۆ یەکتر بێژین...».

قاوشەکە هەمووی گوێی قووت کردبووەوە، گوێیان لە قسەکانی گرتبوو...، جگەرەکەی بۆ هاپۆ درێژکرد... گورج دایگیرساند و دەستی بەمژلێدانی کرد...

لەم کاتەدا دوو یاساوڵ هاتنە قاوشەکەوە، ئەو دووەی پێشوو نەبوون، یەکێکیان چون سەگی ناو دەغڵودان سەری بەرز گرت و نەڕاندی:

«اسمعوا...» هەموو بێدەنگ بوون

«منو بیکم یعرف عربی؟...».

سابیر هەستایە پێ... سابیریان تێگەیاند: «بەیانی و ئێوارە یەکێکی کە لەگەڵ خۆتا دێنی سەموون و ئاو دێننە ناو قاوشەکە...» سابیریش مەبەستی هاتنەکەیانی بۆ قاوشەکە گێڕایەوە...

«وا دیارە هیچی کەمان پێ نادەن تا سبەینێ!» یەکێ ئاوای گوت... هاپۆ وەك یەکێ قسەی سواربێ بەنیمچە تووڕەبوونێکەوە ڕووی دەمی لە قاوشەکە کرد «نەخێر نایدەن... ئەی ئەم ڕیشە بەخۆڕایی سپی بووە... نەمگوت... دە پیاوی چاك بن ئەوەی پارچە سەموونێکی لێ دەمێنێتەوە با بۆ ئەو منالانەی بەلاوە بنێ کە بەرگەی برسێتی ناگرن...».

کەس لەو بڕوایەدا نەبوو، یەکێك هەبێ ئەوەندەی بان نینۆکێکی پێ مابێتەوە... لەم کاتەدا هاپۆ بەشپرزەییەکەوە بۆ سەڵتەکەی گەڕا، دۆزییەوە دەستی برد لە گیرفانی سەڵتەکەیدا نیوە سەموونێکی دەرهێنا و دایە دەستی گەرمیانەوە... گەرمیانیش بەشەرمێکەوە لە دەستی وەرگرت...

وا خۆر چۆتە زەردە، کەچی ئاسۆ لێڵ و تاریك دەڕوانێ! تەپوتۆزی لم و زیخ ئاسۆی لێڵ کردووە، هەندێ جار باکە بەهێزتر دەبوو، لە پەنجەرە بچووکەکانی بن میچەکەوە لم و زیخی بەقاوشەکەدا دەکرد، ئەوەندەی کە ئەو دەمەو ئێوارەیەی دڵتەنگ و ناخۆشتر دەکرد، هەندێك هەناسەیان سواربوو دەستیان بە کۆکەکۆك کرد... دەنگێکیش بەئاستەم هەر ئەوەندەی ژوورەکە دەیبیست و نەیدەبیست... دەنگێکی خەماوی زیاتر لەگریان دەچوو لەوەی

لە گۆرانی بچێ، بۆکرووزی قاوشەکەی تاس پێ بردووە و کپ و خامۆشتری کرد... ئەوەی بە چپە لەگەڵ یەکێکی کەدا دەدوا لە چپە کەوتن، ئەوەی لەسەر دەم لێی ڕمابوو سەری گرتە قووتەوە... دەنگەکە «ئای ئایێکی» بەسۆز بوو، زامی کۆنە و نوێی کوڵاندەوە، بۆکرووزی ئاوی زایاندە چاوی وشکی هەمووان و هەناسەی ساردیشی بەکەسانێ هەڵکێشا...

«کۆن ئەو دڵ دیدەش بــەرایی بـــدۆ
وە گـــەرمیــــــاندا بــــدێو وە بێ تۆ
ئیسە کێن پەی سەیر دڵ نەئاهەنگ بۆ
وەبێ تۆ دیدەم مـــەردڵ جە سەنگ بۆ
هـەوارگەی ماتەم، گوزەرگە بێ ڕەنـگ
شۆنەکەم پڕ خەم، سـەیرانگە دڵتەنـگ»

چۆن لە ئاوایی «قەڵا» لە شایی و شەوەکەژ و کێشە و خەرمانان و گەڕانەوەی ئێوارانی سەر پەرێز، بەدەنگە تەلیسماوییەکەی بە ئەللاوەیسی و خاوکەر و ئای ئایێك ئەوەی گوێی لێ بوایە ماندوویەتی دەردەچوو، ئا لێرەش لەم کۆستەدا فرمێسکی پێ ڕژاندن و بۆ ماوەی گۆرانییەکە بۆ ئەو هەردە و پێ دەشتانەی لای خۆیانیانی گەڕاندەوە...

«لفتەیە... لفتەیە...» یەك دوو کەس ئاوای گوت: «خۆ ئەمە لفتەش لێرەیە...» یەکێکی کەش بەسەرسامییەکەوە وەك هەواڵ بەقاوشەکە بدات یەك دوو جار ئەوەی دووبارە کردەوە...

سابیریش ویستی بە هاپۆ و شکوری بناسێنێ، کە تا ئەو دەمە، شوکر ئای ئایەکە چەناگەی بەسەر سنگیا پێ شۆڕ کردبووەوە، لەسەرخۆ وتی:
«چـاکی دەنـاسم... قـەڵایـی نـییـە... لـە دووز کـابـرایـەکـی جـاش بـۆی گـێڕامـەوە... گوتی: خـێزانـێك بـەمـێوانـی هـاتـبـووە قـەڵا... لـەگـەڵ وەلـە کـاکیدا ژن و ژنـخوازن، ئـەوانیشیـان هێناوە...».

لـەپڕ زەڵـەزەڵ و قـیـژە و گـریـانـی یـەك دوو ئـافـرەت بـەرز بـووەوە... ئـەوانـەی لـەبـن قـاوشەکەوە بوون هـەستان و خۆیان گەیاندە لای پەنجەرەکە...

«صابر... صابر...» لە حەوشەوە یاساوڵێك ئاوا بانگی لە سابیر کرد.

«سابـیـر تـۆ ئـەچـڕن...» هـاپۆ وای گوت. لـەم دەمـەدا یـاساوڵێك گـەیشتە بـەر دەرگـای قاوشەکە...

«صابر...»

«بەڵێ...» سابیر، چووە خوارەوە. گەرمیان لە هەموو زیاتر پەرۆشی بەر پەنجەرەکە بوو، خۆی پێوە نوساندبوو بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، چی دەدی بۆ هاپۆی دەگێڕایەوە:

«ئەوە کاکە سابیر و عەسکەرێك چوونە ژووری ئافرەتەکانەوە».

ئافرەتێك بەکوڵ دەگریا، ئۆف و هەناسە هەڵکێشانی دەگەیشتە لایان ئاگری لەمانیش بەردەدا... «ئەوە دەرچوون، کاکە سابیر شتێکی بەباوەشەوەیە» گریانەکە هەر بەردەوامە... «ئەوە عەسکەرێك بەدارەکەی دەستی لە پەنجەرەکە دەدات...»... زۆری نەخایاند سابیر گەڕایەوە، دەوریان دا تا بزانن چی ڕووی داوە، چوار مەشقی دانشت و سەری دانواند...

– «کاکە پیمان بڵێ شتێ بووە؟» یەکێ ئەو پرسیارەی لێ کرد...

– «مناڵێکی ساوا مرد...»

– «نەتزانی مناڵی کێ بوو؟...» دوو کەس بەجارێ وایان گوت، نزیکتر بوونەوە... هێشتا وەڵامی نەدابووەوە، یەکێکی کە هەڵی دایە:

– «ئا بەقوربانە... نەتزانی؟»

«نەخێر... نەمزانی مناڵی کێیە، بەڵام کە سبەی چوومەوە ئەپرسم...». دوای کەمێ وەستان... «مناڵێکی یەکجار زۆری لێیە، هەندێکیان بەتەنیان... لە برسانا لاڵ و پاڵ کەوتوون، بڕوا ناکەم بمێنن، ئافرەتێ بەدەم گریانەوە گوێم لێ بوو دەیگوت: هەر داوای خەیاری لە دایکی دەکرد، دایکیشی نەعلێکی مناڵانەی سەوزی دابووە دەستی کە گیانی دەرچوو نەعلەکە بەسەر سنگیەوە بوو...».

«ئەی ماڵی کاولم... بێ بەزەیێتی بەم ڕادەیە؟ خۆیان مناڵیان نییە!» یەکێك دیاربوو گریان قوڕگی گرتبوو ئاوای گوت، قسەکانی بۆ تەواو نەکرا پرمەی لە گریان دا.

«بڕوا ناکەم ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە بەسەر کەسی کەدا هاتبێ...»

«خۆزی خەتایەکمان کردبێ... نازانین لەسەر چی و لە پای چی بەم دەردەمان دەبەن؟!».

«هەرچی لە ئێمە دەکەن قەینا، مناڵ و ئافرەت بۆ...؟!».

«نەیانهێشت قەومێڵ نەیانهێشت بێ زگم بدرن... وتیان ناهێڵین کەس زیانی لێ بکەوێ... کەسیش بۆ شار نەچێ و ڕەو مەکەن... بەچاوی خۆشتان بینیتان چۆن بەجێیان هێشتین و خشەیان لێ کرد و بۆی دەرچوون و ئێمەیان بەجێ هێشت...».

«تۆ بڵێی خوا ئەم جەورە نەبینیٚ؟!»

«ئەبینیٚ و دەنگیش ناکات...» ئاوا هەریەکە و لە شوێنی خۆیەوە شتێکی دەگوت و خەم و قینی خۆی بە با دەدا... شکور ئاورەحمان دەیویست شتیٚ بڵیٚ، چەند جاریٚ دەمی کردەوە بێتە گفت، ماوەیان پیٚ نەدا، نەیدەزانی ڕووی دەمی لە کیٚ بکات، ئاخریەکەی فرسەتی هێنا.

«هەرچی ئێژن بێژن پووڵێکی قەڵپ ناهێنی... ئێوە خەمێکی ئەو مناڵانە بخۆن...»

سابیر تا ئەودەمە تاس بردبوویەوە بیری لەو ئافرەت و منداڵانە دەکردەوە.بەئەسپایی لەژێر لێوەوە وتی:

«تۆ بڵێی شتێکمان پیٚ بکرێت؟»

«ئا... هەوڵێکە و ئەیدەین... ئەگەر سبەی نانیان بۆ هێناین هەریەکە و پارچەیە بەلاوە بنێت، خۆ بەو لەتە نانە لەبرسا نامرین!... جا تۆش هەرچۆنی دەبیٚ بگەینیە دەستیان...» یەکێك لە شوێنەکەی خۆیەوە هەستا و لەپێش سابیر چیچکەی کرد «ئا ئێژم برا بیٚ قەیدی بیٚ چەند ساڵان بوو؟»

«بۆ؟»

«ئێژم مناڵەکە چەند ساڵان ئەبوو... برا بچووکت پێنج ساڵ لەمەوبەر حەبەم گواستەوە... مناڵمان نەئەبوو. چووینە سەر مەزاری پیاوچاکان، چەند جاریٚ زیارەتی مەرقەدەکەی قادرکەرەمم کرد تا خوا مناڵێکی پیٚ بەخشیم، ئەو ڕۆژەی لێمان قەوما دوو ڕۆژ بوو چلەی چووبوو، لێرەش کە لە پاسەکە دابەزین لە دوورەوە حەبەم بینی شێرەی بە باوەشەوە بوو...» زۆرتری پیٚ بوو سابیر نەیهێشت تەواوی بکات.

«نەخێر برا ئەو مناڵە چوار پێنج ساڵان بوو...» کە دڵنیا بوو چۆن بەبێدەنگی هاتبوو، ئاواش گەڕایەوە جێگاکەی خۆی.

هاپۆ کە تا ئەوکاتە خەریکی جگەرەکێشان بوو دوا مژی لە جگەرەکەی دا و تفێکی کردە نێو لەپی خۆی و جگەرەکەی لەناو لەپیا کوژاندەوە، وەك لەناو پەرێزی پەڵە گەنمێکی لای خۆیان دانیشتبی...

«سابیر ئەی کیٚ کفن و دفنی ئەکات؟»

«کفنی چی هاپۆ... بە بەتانییەکەیان پێچاوەتەوە لەو بن دیوارەیان داناوە... تا سبەینیٚ گوایە من لە دەرەوەی قەڵاکە بینێژم... تۆ باسی چیم بۆ ئەکەی ڕەحمەت لە باوکت...».

«ئای لەم کافرستانییە...!»

دەنگەکەی کەمێ لەمەوپێش هەمدیس هەڵی دایە:

«ئەمەش ئەبینیٚ؟...»

شوکور وەرچەرخا بۆ ئەو لایەی ئەو دەنگەی لێوە هات، هەستایە پێ و بەدەم خۆ تەکاندنەوە وتی:

«کفر مەکە ڕۆڵە...»

«لەوەتی خۆم ناسیوەتەوە نوێژ و ڕۆژیم لەدەست نەداوە... هەموو ساڵێ زەکاتی پەز و ماڵم دەرکردووە ئەوەی خوا پێی خۆش نەدەهات نەمان دەکرد کەچی... خۆت دەبینی...» گوێی لە بۆڵەبۆڵی کابرا نەگرت، جگەرەیەکی کەی دایە دەست هاپۆوە، هاپۆش گورج لە دەستی وەرگرت، بەپەلە پێی گوت:

– «تۆ پێت نەوتم خەڵکی کام ئاواییت؟»

– «ئاوایی ما هاپۆ؟... زەینیشت کوێر بووە... من چاکت دەناسم... لەبیرتە لەسەر گاوخانە زەوییەکی ڕەقەن و گەچۆڕ زنانەی خواروو و ژووروو بەینیان تێکچوو بوو؟... چەند پیاوماقوڵێکی ئەو ئاواییانە کەوتینە نێوانیانەوە... ئاشتمان کردنەوە تۆش لەوێ بووی... دوای نانخواردن نیشانمان دانا، کێ بوو...؟

– «کوڕە نەڵێی... دەك پیری بەقوڕاچێ... تۆ شوکوری؟» کردیە گاڵەیەك نەبێتەوە، وەك لەبیری چووبێ ئێستا لەکوێدایە... ویستی هەستێ شوکر دەستی خستە سەرشانی و داینایەوە...

«شەکەت و ماندووم و لەمە زیاتر توانای دانیشتنم نەماوە...».

***

هەریەکە و لە ئاستی خۆیەوە لێی کەوتبوو... سەرەڕای خەمی ماڵ و خێزان و بێ سەروشوێنیان، تاریکی داهاتبوو، یەکجارەکی برسییێتییەکە لە پەلوپۆی خستبوون... مرۆ کە برسیێتی زیفی لێ سەند لە هەموو کەسێ زیاتر خەمی خۆی دەخوات، کە برسییێتییەکەشی درێژەی کێشا، مێشك و هۆش و بیری تا ڕادەیەك پەکیان دەکەوی... بیر بۆ زۆر شت ناچێ... کەمتر ڕابردوو و یادەکانی دێتەوە یاد... کاتێ یادی ڕابردووی بکاتەوە، پچڕپچڕ و بزرکاو دێتەوە یادی... ناتوانێ وەك مرۆیەکی تێروتەسەڵ نەخشە بۆ داهاتووی دابنێ... تا ڕادەیەکیش توورە و گرژ و مۆنی بەسەریا زاڵ دەبێ... هەندێ خووی

جوانی مرۆ هەیە وەك بەزەیی پێداهاتن و سۆز و یارمەتی، ئەمانەشی تیا کەم دەبێتەوە، ئەمانیش هەر لە ئێستاوە لەم نیشانانەیان لێ وەدەرکەوتووە... سابیر گوێی لە دووکەس بوو لەگەڵ یەکتردا دەدوان... یەکێکیان بەویکەی دەگوت: «هەیە و نییە تاقە سەموونێکە، ئەویش نیوەی مەخۆ...! ئەی لەبرسا بمرین؟...».

سابیر بەری بەلایانەوە نەکرد، حەزیشی نەکرد بزانێ ئەوانە کێن؟... لەگەڵ خۆیدا کەوتە واڵا ورد: «... بڕوا ناکەم بتوانین فریایان بکەوین... کەم کەسیش ئامادەیە لە دەمی خۆی بگرێتەوە و بەو منالانەی بدا... ئەوەتا نابینی چی ئەڵێن... ئەوەی من بینیم کەس نەیبینێ، بۆخۆم تووشی ئەم گێچەڵە کرد؟... بۆ وتم عەرەبی دەزانم!! بەڵام قەیناکە هەرنەبێ چۆڕێ ئاو دەدەمە دەم منالێکەوە... هەرنەبێ دەزانم لەم قەڵایە چی ڕوو دەدات... وا زانیم... ئی... هەر نەبێ خۆمی پێوە دەخلافێنم و ڕۆژەکەی پێوە ڕەت دەکەم... ئێ بەشکو دەرچووین...».

گەرمیان سەری لار ببووەوە... نیازی بوو هەستێ و بیخاتەوە سەر جێگاکەی خۆی، لەبەر شەکەتی و ماندوویەتی هەڵنەسا... پێی درێژ کرد... دوو سەگ لە دەرەوە بەگەرمی دەوەڕین... یەکێکیان لە دواییدا نووزایەوە و لەوەڕین کەوت... ئەوەکەشیان وەڕینەکەی خاوکردەوە، وا ئەویش کپ بوو... یەك دوو منال لەیەك کاتدا دەگرین، ماوەیەك هەر گریان... ئەوانیش ماندووبوون، جار نەجارێ یەکێکیان زریکەیەکی بۆ دەکرد... «بۆ وا دەگری کوێت دێشێ؟ ڕەنگە برسیت بێ؟ ئازارت هەیە؟ بگری تا خوا هەقت دەسێنێ...».

سابیر کە گوێی لە گریانی منالەکە بوو، شوانەکەی کەوتەوە بیر... لەم کاتەدا تەماشایەکی حەمە غەریبی کرد، نوستبوو... پێڵووی قورس بوو... (چوار پێنج کەس لە نزیك دارتووەکە، لەپاڵ حەیارەکەی زبە بێوەژن دانیشتوون... سابیر بەپێوەیە. لە دوور چەند تارماییەك دیارن... هەریەکە و لە شوێنەکەی خۆیەوە مەزنەی لێ دەدا... سێ کەسن، نەء چوارن... ئافرەتێکیان لەگەڵدایە... جار نەجارێ تەپۆڵکە و گردەکان تارماییەکان دەشارنەوە، زۆری نەخایاند دیارکەوتن... وا گەیشتنە سەرچەمە خوێڕی، نزیکیماڵی خەلیفە چەقۆ بوونەوە، ناسران، خۆ ئەوە دایکمە!!... سابیر بەتاو بەرەو پیری دەچی... هەر ڕادەکات و ناگاتە ئەو شوێنەی دایکی لێ بینی!!... چەند کەسێکی نەناس پێشی لێ دەگرن... لێیان دەپاڕێتەوە: دایکم بۆ سەردانی من هاتووە، پێدەکەنن... دایکی لە دوورەوە لە سنگ دەدا... گریانێك دێتە گوێی دەنگی دایکی نییە... منالێکە بەکوڵ دەگری».
داچڵەکا... قاوشەکە کشوماتە لەبنەوە ئاگری جگەرەیەك دەبینێ »شوکورە.... لە جێگاکەی

خۆی چوارمەشقی دانیشتووە و جگەرە دەکێشێ... حەمە غەریب وا لەودیو گەرمیانەوەیە... چاوی بڕیوەتە بنمیچەکە کە زانی سابیر بەئاگایە، وەرچەرخا، کەوتە سەر لا، بانگی کرد...

– «سابیر... سابیر...»

– «حەمە غەریب نەخەوتووی؟».

– «سابیر خۆ تۆ شوانەی من دەناسیت؟».

سابیر لەوە ترسا یەکێ بۆی گێڕابێتەوە، وەك برووسکەش دیمەنەکەی هاتەوە بەرچاو. چاوەڕێی نەکرد بزانێ سابیر چی دەڵێ:

– «لەبیرتە سابیر کە جاربەجار دەهاتی بۆ شت کڕین، هەر لە هەگبەکەی خۆم یەك دوو نوقڵت لە مشتی دەنا.»

– «بێ قەزابی حەمە غەریب چی ئەوەی بیر خستیتەوە؟»

– «ڕاستیم پێ بڵێ ئەو مناڵە کە مردووە شوانە نییە؟» کە دەدوا وەك بپاڕێتەوە وابوو، دەتگوت هەر ئێستا لەپرمەی گریان دەدات «ببێ و نەبێ زانیویەتی» لە دڵی خۆیا وای دەگوت.

– «تۆ باسی چی دەکەی؟ کام منداڵ؟».

– «ئەو منداڵەی ئێوارە مردا« کەوای گوت سابیر هۆشێکی هاتەوە و وتی:

– «بێ قەزا بی شوانەی چی، بۆ من شوانەم نەبینیوە...!»

– «ئەی زبێدت نەبینی لەناو ئافرەتەکاندا؟...»

– «ئەمجارە کە چوومەوە ناویان چاو دەگێڕم...»

هەناسەیەکی هەڵکێشا و هەمدیس لەسەر پشت پاڵ کەوتەوە و چاوی لە بنمیچەکە بڕی... «بڕوا ناکەم لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا شتێکی ئاوا ڕووی دابێ... (دە) و (بیست) و (پەنجا) و بگرە تا سەد کەسێك بەکۆمەڵ کوژراون، بەڵام ئەمە بنبڕکردنە، لە ڕیشە دەرهێنانە، هەندێ ئاژەڵ کە خەریکە بنبڕ دەبن، دەپارێزرێن، ناهێڵن کەس ڕاویان بکات، تۆ بڵێی کەسێ هەبێ قسەیەکی خێرمان بۆ بکات؟ باشە ئێمە چ زیانێك بە دەوروبەرەکانمان دەگەیەنین؟ من بشمکوژن ناتوانم مناڵێك... ئینسانێك بکوژم... ئەمە چ ڕقێکە، چ دڵڕەشییەکە...

***

شەبەقی دابوو یەکەیەکە بەئاگا هاتن. وەك چاوەڕێی شتێکی نادیار بکەن، لەسەر جێگاکەی خۆیان کزکز چوارمەشقی دانیشتبوون، تیشکی ڕۆژێکی کاڵ بەرەبەرە وا گەییە سەر تەڵبەندەکەی سەر پەرژینەکە، جار ناجارێ با کە قوم و لمەکەی دەورووژاند وا بەربینایی دەگرت حەوشە و پەرژینەکە نەدەبینرا... سابیر دەبوایە بچێتە خوارەوە، سەموون و ئاو بۆ قاوشەکە بێنێ... یەکێکی لەگەڵ خۆدا برد و سەموون و ئاوەکەی هێنا...

«هەریەکە و سەموونێك... چەندی لێ مایەوە، هەندێکی بۆ ئەم منداڵانەی ئێرە ئەوەی دوایی بۆ منداڵانی قاوشی ئافرەتەکان...». شوکور لە جێگاکەی خۆیەوە ئاوای گوت... کەس دەنگی نەکرد... هەرکە سەموونەکەیان وەردەگرت یەکسەر دەستیان بەخواردنی دەکرد.

«پیاوی چاك بن من شتێك ئێژم کەس لێم نەگرێ و لۆمەم نەکات.».

قاوشەکە هەمووی گوێی لەو دەنگە بوو... کەمێ وەستا چاوەڕێی ئەوەی دەکرد یەکێك بڵێ «فەرموو». کەس ورتەی لەدەم نەهاتە دەرێ... کە زانی دەنگ نەبوو دەستی پێ کردەوە: «ئێژم... ئێمەش بنیادەمین تاقە سەموونێك چۆن بەشی زەلامێك دەکات... ئەگەر مایەوە... ئەوە با بۆ قاوشەکەی خۆمان بمینێتەوە...» زۆر کەس سەری بۆ دەلەقاندەوە... ئەوەی وای گوت کەوایەکی ڕەشی بێ قۆڵی لەبەرابوو، هاتبووە سەر چۆك کاتێ لە قسەکانی بووەوە بۆ ماوەیەك هەر لەو بارە مایەوە، وەك مۆمیا کرابێ نەدەجووڵا چاوەڕێی «ئەشهەدو»یەکی دەکرد لە خەڵکەکە... هەمدیس بەخێر و شەڕ کەس لێوی نەدەبزووت! بەڵام هەموویان قسەی کەوا لەبەرەکەیان پێ باش بوو، «پێنجی تیا ماوەتەوە...» سابیر دەستی بەگونیەکەدا کرد و سەموونەکانی دەرهێنا...

«دووی بۆ منالانی ئەوێ... ئەو دوای لای هاپۆ دانێ کێ برسیێتی زۆری بۆ هێنا با ئەو بیخوات...».

شوکر لە شوێنەکەی خۆیەوە ئەو فتوایەی دا و هەموو لایەکی پێ ڕازی کرد... وا لە خوارەوە بانگی سابیر دەکەن... تەرمی ئەو منداڵەی دوێنێ مرد، چۆن ئێوارە بەبەتانییەکەوە پێچرابوەوە تا ئەوکاتە هەروەکو خۆی لەپاڵ پەرژینەکەدا دانرابوو، توێژاڵێ لمی بەسەرەوە بوو... لەولاترەوە تەرمێکی کەش دانرابوو، تەنها گونییەکی گوشی بەسەرا درابوو،... سابیر بەئەسپایی گونییەکەی بەرزکردەوە... ناسییەوە... «خۆ ئەمە ڕەزای فەریقە شەلە... خۆیەتی خەڵکی ئاوایی چەورییە... ئا خۆیەتی...»... هێشتا هەر تەماشای تەرمەکەی دەکرد، یاساوڵەکە پێی ڕاگەیاند یەکێکی کەش ماوە... مەبەستی

ئـەوەبـوو کـە یـەکـێکی کـەش مـردووە و تـەرمـەکـەی لـە ژوورەوەیـە... یـاساوڵـەکـە بـە سـەر هێمـایـەکی بۆ سابیرکرد و... بەرەو قـاوشی ئـافرەتـەکان چوو، سابیر کەوتـە دوای... چوونـە ژوورەوە... بۆنی پێستەی گەنیو لە قـاوشەکە دەهـات هـەناسـەی خنکاو و بۆنی پیسی منداڵ پـیـاوی ورِ دەکـرد، بـەنـێوان ئـافـرەتـەکـانـدا ڕۆیشتن تـا گـەیشتـنـە لای ژنـێکی سـەوزەی چاوگەش، بەڵام ئـازار و مـەینـەتی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو بەئـاشکرا کـاری خۆی لـێ کـردبـوو... ڕوومـەتـە قـۆپـاوەکـەی خـۆی بـەنـیـنـۆك کـێـڵابـوو، وەك مـاقـی پـەڕیـبـێ بـێدەنـگ دەیڕوانییـە منـاڵـەکـەی بـاوەشی... دیـاربـوو ئـەوەنـدە گـریـابـوو فـرمـێسك لـە چـاویـا وشکی کردبوو، سابیر دواجار ئەمانەی ئاوا بۆ قـاوشەکە گێڕابووەوە: (... بەئەسپایی لەسەرخۆ دەستم برد و لە بـاوەشیم دەرهێنـا، خـۆم پـێ نـەگیرا لـەم کاتـەدا فـرمـێسك بـەچـاومـا هـاتـە خـوارەوە، فرمـێسکـێ کـەوتـە سـەر دەستی دایـکـەکـە تـەنـهـا لـەو کـاتـەدا چـاوی لـە منـاڵـەکـەی ترازاند و تـەمـاشـایـەکی کـردم، تـەمـاشـاکـردن و لـەپـرمـەی گـریـانـدانـی یـەکێ بـوو، یـەکسـەر نـاسیمی منیش ناسیمەوە... بـەپـەلـە سـەموونـەکانم فـڕێدایـە بـاوەشی و منـاڵـە مردووەکـەم لـەبـاوەش گـرت، وەك جـگـەرگـۆشـەیـەکی خـۆمم بـەسینگـەوە نـووسانـد و بـەپـەلـە دەرچـووم...»

تـەرم بوو بە سێ... بوونـە سـەر قـافڵەی گـۆڕی غـەریـبـان...

یـاساوڵـێك خـاکەنـازێکی هـێنـا... بۆ یـارمـەتیدانی سابیر لـە قـاوشێکی کـەوە یـەکـێکی تریـان هـێنـا...

«یـا اللـه...»

«بە چی بیانبەین؟!».

یاساوڵەکە دەستی بۆ عـارەبـانـەیـەکی دەستی درێژکـرد، لـەو جـۆرە عـارەبـانـانـەی کـە بـۆ گـواستنـەوەی چـەو و چیمـەنتـۆی گیـراوە بـەکـاردێ لـە بیـنـاسـازیدا...

«ئـا بـەمـە!؟»

«بـەڵـێ...».

یـاساوڵـەکـە وای گـوت و چـوو بـاوەشی لـە تـەرمی یـەکێ لـە منداڵـەکان دا و خستیـە نـاو زگی عـارەبـانـەکـەوە، هـەرخـۆی تـەرمـی منداڵـەکـەی کـەی هـێنـا و بـەتـەنیشت ئـەوی کـەیـانـەوە دایـنـا... ئـینجـا چووە لای قـاچی تـەرمی ڕەزا و ئـیشارەتێکی بۆ سابیر کرد، کـە لای سـەریـەوە هـەڵی گـرێت ئـەویشیان خستـە سـەر عـارەبـانـەکـەوە... لـێوارێکی دەفـەی شانی کـەوتـە سـەری، ئـەستوورایی هـەردوو ڕانیشی بـەسـەر ئـەو لـێوارەکـەیـەوە مـایـەوە...

زەلامێکی کەڵەگەت بوو، لەلایەکەوە سەری شۆڕ بۆوە و سابیر تاسابوو... ناشتن و تەرم بەڕێ خستنی وای نەدیوە کە تەماشای تەرمەکەی کرد، وای هاتە بەرچاو بزەیەکی سەیر کەوتۆتە سەر لێوی، ڕەنگە خۆی گاڵتەی بەم جۆرە ناشتنەی هەبێت...

وا عارەبانە دەستییەکە سێ تەرمی تێدایە، تەرمی دوو منداڵەکە و تەرمەکەی «ڕەزا»ش سابیر لەدوای عارەبانەکەوە وەستا، چووە نێوان هەردوو دەسکەکەیەوە. کەمێ داچەمی، هەردوو دەستی لێ گیرکرد، وای زانی قورسە و بۆی پاڵ نانرێ، کەچی سووك بۆ پێشەوە چوو... یەکەم ڕۆژی کرێکاریەتیم عارەبانەیەکی ئاوایان دایە دەستم... هیچ پشوویەکی هاوین دانەدەنیشتم... پانزە ساڵان دەبووم باوکم بۆ ماڵی خاڵوانی ناردم لە (ئۆمەربل) بەدوو هێستر شەغرەکێشیم کرد... کە هاتینە شار بەهاوینان گەچ و چەو و چیمەنتۆم بۆ بەردەستی وەستا نەقی دەبرد... یەکەم جار بۆم پاڵ نەنرا، کرێکارەکان پێکەنین وتیان: لە مەکتەب فێری ئەمە نەبووە،... ناولەپم گڕی گرت، وەك دوو ئەسکڵ لە ناو لەپمدا بێ وا بوو... سوور هەڵگەڕان... زۆری نەبرد تۆقڵەیان کرد، لە ڕووشم نەدەهات ئاشکرای بکەم، مەگەر هەر خۆم بزانم ئەو ڕۆژەم چۆن بردە سەر، ئێوارە دایکم جامێ خەنەی بۆ گرتمەوە هەردوو لەپمی لە خەنە گرت... کە ماڵە هاوسێکان خەنەیان دەگرتەوە، دایکمیان بانگ دەکرد، منیشی دەبرد... مناڵە لاسارەکان لەبن دەستی دایك و خوشکەکانیانەوە پنتکە خەنەیان دەدزی و لە حەوشە مناڵان کۆ دەبوونەوە لە گون و سەری کێری خۆیانیان دەدا... یەکێ لەو مناڵانە ئەو ناوەی تا ئێستاش لێی نەبۆتەوە... ڕەشە خەنە... ڕەنگە ئەویش هەر لێرە بێ...

«ڕاوەستە وریابە بەرەوە بوو...» ئەم وریاکردنەوە کتوپڕە هێنایەوە خۆی... تەرمەکەی ڕەزا شۆڕبۆتەوە تۆزێکی مابوو سەری لە لمەکەی بخشێ، ڕاوەستان... ڕێکیان خست... بەملاوبەلادا دەهاتن... ئەو کابرایەی بۆ یارمەتی سابیریان بانگ کردبوو، داچەمی لەپێشەوە عارەبانەکەی ڕاکێشا، لە دەرگایەکی بچووك چوونە ئەودیو پەرژینەکەوە... تا چاو هەتەر دەکات لمە... پێچکەی عارەبانەکە تا نیوەی لە لمەکە نیشت بەهەرسێکیان دوای ماندووبوونێکی زۆر چەند سەد هەنگاوێك لە پەرژینەکە دوورکەوتنەوە. وەستان. یاساوڵەکە وتی: «ئا لێرە...» وای گوت و خاکەنازەکەی فڕێدایە سەر لمەکە، ترپەیەکی خنکاوی لێوە هات... سابیر بەدەوروبەری خۆیا چاوی هەڵخست... «یا الله» یاساوڵەکە بەو تەماشاکردنەی سابیر ڕازی نەبوو بەلای ڕۆژهەڵاتدا لە دوور قەڵایەکی کەی بینی ڕەنگە ئەو قەڵایەش پڕ بێ لە دڵی خۆیەوە وای گوت کابرای هاوڕێی... کابرایەکی مام ناوەندی موو زەردێکی چاوشین، لەبەر تینی گەرماکە سوور بووەوە... سەڵتەکەی داکەند

چاکی کەواکەی بەتۆیی پشتوێنەکەیا کرد. خاکەنازەکەی بەدەستەوە گرت، چووە پشتا، وای زانی ئەو دەشتەی لای خۆیانە، کە دای هێنا دەمی خاکەنازەکە لە لمەکە نوقم بوو دیار نەما... کە زانی پێویست بەوە ناکات، خاکەنازەکەی بەلاوەنا و بەهەردوو چنگی قومەکەی لادەدا... یەك دوو بست لمەکەیان لادا، دەستیان دای لە تاوێر زانیان لەوە زیاتر بۆیان قووڵ ناکرێت... هەرسێکیشیان بە ڕیز دانا «با ڕوو لە قیبلە بن» سابیر بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی هەبێ وتی: «فەرقی چییە؟...» بە «نابێ قوربان نابی» وەڵامی دایەوە...

لمەکەیان بەسەریانا کردەوە، تەرمەکان دیار نەمان. هەستان کابرا موو زەردەکە وەستا فاتیحایان بۆ بخوێنن، سابیریش چاوی لەو کرد و وەستا و دەستی پان کردەوە... یاساوڵەکە لەم کاتەدا دوورکەوتبووەوە، لای کردەوە بەدەنگێکی بەرز وتی: «نایەوێ بابە نایەوێ...!».

«تۆ خەڵکی کوێی؟» سابیر لەژێر لێوەوە ئەو پرسیارەی لێ کرد:

– «داروەسەرە... بەندە مەلا مەحموودی مەلا ساڵحم پێ ئێژن... لەو دێیە تەنها من کەوتمە ئەملا... باقی جەمعی ئاوایی و ئاواییەکانی ئەولای ئێمە بۆ شوێنێکی کەیان بردوون، بەندە ئەو ڕۆژە بەمیوانی هاتبوومە برایم غولام» دەیویست زۆرتر بڵێ سابیر لێی پرسی:

«هاپۆ خدر ئەناسی؟».

«چاکی ئەناسم... پێکەوەن؟ عەرز و سەلامم بۆی هەیە« هەمدیس عارەبانەکەی پاڵ نا و بەرەو قەڵاکە گەڕانەوە بەدەم پاڵنانی عارەبانەکەوە کەوتبووە گێژەنی بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە...

کەس نازانێ کەی دەمرێ و لەکوێ دەنێژرێی... ئای ڕەحمەت لە گۆڕت چاکت فەرمووە:

«سەوزەی خـــاك چـاك یاران هام فـــەرد
فرەمـــان وە فەرش بەزمی هوێمـــان کەرد
کو ســـەوزەی ئێمەش لەکـــام هـەردێ بـو
وە فەرش مەجلیس کام هام فەردێ بۆ...»

ئەوەی لێرە بنێژرێ لە سەوزەی خاکیش بێ بەری دەبێ... وا دیارە هەموومان، ئەوەی لەم قەڵایە دایە یەك لەدوای یەك ئەم لمە دەبێتە گۆڕمان... گۆڕ غەریب دەکەوین... گۆڕی چی، تۆزێ لم بەسەرماندا دەدرێت نەکەس فرمێسکمان بۆ دەڕێژێ نەیەکێك هەیە خەممان بۆ

بخوات، دوور لە دۆست و هاوڕێ... دوور لە خوێش و خزم و دایك و باوك... هەموو ئەو ئەشکەنجە و دەردەسەرییەش بەڵام خۆمانا دەبەینە گۆڕەوە بێ ئەوەی کەس بزانێ چۆن دەژین و چۆن دەمرین... با ڕۆژانە چیم بینی بینووسمەوە... جا وا نووسیشم دەستی کێ دەکەوێ... نەء ڕۆژانە بۆ هاپۆ و گەرمیانی دەگێڕمەوە... بەڵکو ئەمە دونیایە خوا و ڕاسان یەکێك ڕزگاری بوو...».

«ئەرێ مەلا بۆ وامان لێ دەکەن و بەم دەردە چووین؟»

«ولا تدری نفس بأی أرض تموت»

«ئاوا... ئەی تۆ بۆ لە داروەسەرە نەمری و لەم قرفەیە سەگ بتخوات؟!... ها...»

«قل لن یصیبنا...»

نەیهێشت لەسەری بڕوات «بەسیەتی مەلا...»

لەبەر دەرگا بچووکەکەی پەرژینەکە یەك دوو گەماڵ لمۆزیان بەسەر دەستیانا درێژکردبوو، هەر لەخۆیانەوە مڕەمڕیان بوو...

«مەلا مەحموود، تۆ سەگی وا گەورەت بینیوە یەکێ بەقەد جاشێکە؟!...»

«هەزار جاش بەقوربانیان بێ...» وەرامە کوتوپڕەکەی ئاوڕی بەسابیر دایەوە...

مەلا مەحموود لای گرت، دەترسا تاوی لێ بدەن... تومەز ئەوان ئەو مڕەمڕەیان بۆ شتێکی کەیە.

***

خاکەناز و عارەبانەکەیان دانا... دایکی مناڵەکە لەبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو، کە سابیری بینی دەستی بەگریان کرد، بەدەم گریانەوە بەر پەنجەرەکەی بەردا و لەناو قاوشەکە لەچاو ون بوو...

...وا دەزانم دوێنێیە... چەند ڕۆژێك بوو بۆ ئاوایی قەڵا چووبووم سەیدە هاتەلام کە قسەی دەکرد ئەچووە تکا «هـ هـ ە م ب ۆ بە خێـ یـ ر ها هاتنت ها هاتووم، هـ هـ م س بـ ە یـ نـ ێ ددەچـ یـ ین بـ بـ ووك ددێنین ئەبـ بـ ێ لەگەڵـ ڵماندا بێی...» بەیانی زوو دوو جێب و تراکتۆر و عارەبانەیەك کەوتینە ڕێ بەرەو ئۆمەر سۆفی... لە پاین دێکەوە وەستاین. باوکی سەیدە تکای لێ کردین تەقە نەکەین وتی: خۆتان دەزانن ئۆمەر سۆفی کەمێ تونە تەبیعەتن با شاییەکەمان لێ تێك نەدەن... ئەم دڵبەری حازریمان بە بووکی برد... تا درەنگانێ لەبن دارتووەکە ڕەشبەڵەك بەری نەدا... کێ دەیگوت ئاوامان بەسەردێ... ئەبێ سەیدە لە کوێ بێ؟....

چووە سەرەوە کە پێی ناوە ناو قاوشەکەوە هەموو چاویان لێ بڕی... بەجارێ چەند

کەسێك هـاتنە تەنیشتیەوە، یەك دوانێك نەهـاتنە لای، بەڵام لە جێگاکەی خۆیانەوە بەپێوە ڕاوەستـان و گوێیـان شل کردبوو...

«سەموونەکانم گەیاند... ئەوەی ڕاستی بێ ئەو منـاڵەی دوێنێم نەناسی... بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ... چیتـان لێ بشارمەوە منـاڵی سەیدەی جەبـارە درێژ بوو... دڵبەرم بینی بـا بینێمە دەستتان: هـەر منـاڵێك لەو قـاوشە بێت مەگەر خوا نەیکوژێ ئەگینا مـانەوەی زەحمەتە... ڕەزای فـەریقە شەلیشمان نـاشت... کابرایەکی داروەسەریم لەگەڵدا بوو مەلا مەحموودی نـاوە... هـاپۆ سەڵاوی لێ دەکردی «وەی سەرچـاو» هـاپۆ وای گوت «توخوا چۆنە؟» یەکێکی کە لەولاوە هـەڵی دایە و وتی: «دە وەڵڵا من سەیدەم بینی... کـاتێ ئێمـەیان بۆ ئێرە هێنا ئەویـان بۆ قـاوشەکانی ئەوسەر برد».

«برای چاك بن خۆمان هێز و توانـامان تیا نەماوە کەوتووینەتە بـارێکی ئـاواوە، یەکێکیش هـەواڵی مردنی کەسێکی خۆت پێ بدا... من دەڵێم هـەر بـاسی نەکەن چـاکترە...» شوکور ئـاوڕەحمـان لەسەرخۆ لە جێگاکەی خۆیەوە هـەستـا و هـاتە نێوان سابیر و هـاپۆ خدرەوە... نیوە جگەرەیەکی بەدەستەوەبوو، بۆ هـاپۆی داگیرساند و دایە دەستییەوە... هـاپۆ لێی وەرگرت و لەسەریەك کەوتە مژلێدانی، لەنێوان لێویـا مـایەوە تـا گەرمی گەیـاندێ، ئەوجا لە نێوان لێوی دەرهێنا و لە زەوییەکەی خشاند... «ئێژم سابیر» کەمێ وەستـا «ئەو یـاساوڵەی لەگەڵتـانا بۆ نـاشتنی مردووەکان دێت... نـاتوانی...» «چی... بۆچی؟...».

«بـەقسەی خـۆش نـەرمـی کـەی لـێی بـپـاڕێیـتـەوە، هـەرچـۆنـی بـێ هـەواڵـێکـی ئـەو ئـافرەتـانەمـان پێ بڵـێ... ڕەنگە بزانێ چیمان لێ ئەکەن... تـا کەی لێرەمـان ئەهێڵنەوە؟...»

«بڕوا ناکەم... بەڵام بەشکو خوا و ڕاسان یەکێکیان تیا هەبێ تۆزقاڵێ بەزەیی لە لا مـابێ...» ئەمانە بورغی مەکینەیەکی گەورەن، ئەوە بۆ سی ساڵ دەچێ فێریـان دەکەن چـۆنمان لـەنـاوبـەرن... ڕاستـیـیـەکـەی دوو هـەزار سالـە ئێمـە مـەترسی کـارێکی وامـان بەسەرەوەیە... هـاپۆ خدر دەمی داپچڕی و بەسەرسامییەوە پرسی:

«چییـان لە ئێمە ئەوێ؟»

***

برسیێتی و گەرمـای هـاوینی ئەو بیابـانە، پەژارە و خەم، هەنـاسەی ساردی لێکدابڕانی منداڵ و خێزان و بێ سەروشوێن بوونیان توانا و سەبری بەکەس نەدەهێشت، بەرگەی ئەم هـەموو مـەینەتییەیـان نەدەگرت، ڕۆژ نەبوو تەرمی پێنج شەش کەسی...چ منـاڵ و چ ئـافرەت و بەساڵاچوو بەژێر ئەو لم و زیخـانەوە نەکەین... ئەوەش کە مـاوە ڕەنگی مردووی

لێ نیشتووە... ئەمڕۆ گگ ڕەنگی لە ڕوو نەماوە، سەر گۆناکانی پەڵەپەڵەی ڕەشی لێ پەیدابووە... وا تەماشام دەکات »گگ ئەوە چیتە؟ نەخۆشی؟«. گەرمیان دەنگ ناکات... چاوەکانی ئاویان تێ دەزێ... سابیر دەستی بەزەیی و باوکایەتی بەسەریا دێنێ... «برسیتە؟» دەنگ ناکات و وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە «ئەمجارە هەواڵێکی دایکم بۆ بپرسە...» کەمێ وەستا ئاوی چاوی سەری کرد و بەسەر گۆنا ژاکاوەکانیا ڕێچکەی بەست...

«لەبیرم چوو دایکت ناوی چی بوو؟».

«شەمەی دەرویش حەسەن...»

«سەرچاو گەرمیان گیان... سبەی... دە تۆ هەستە...».

بەئەسپایی سەری هەڵگرت و خستییە سەر ڕانی خۆیەوە «تای لێ هاتووە...» سابیر لەبەرخۆیەوە وای گوت...

***

لەبەرئەوەی بەتەمای دەرچوون نەبوون و ئومێدبڕ بووبوون، ڕۆژەکانیان نەدەژمارد... ئەوەندە دەزانن ماوەیەکە وا لێرەن، هاوینە و گەرماکە پەرێشانی کردوون، هەندێکیش هەر گەرماکە کوشتنی... قاوشەکەیان تەنك بۆتەوە و ئەو گۆشت لەبان گۆشت و قەڵەباڵغییەکەی هەوەڵ جاری نەماوە... چاشتێکی درەنگ لە سووچی دەرگاکە مقۆمقۆ پەیدابوو، «ئای چۆڕێ ئاو... ئا زووکەن...» یەکێ بە شپرزەیی و دەنگێکی بەرز وای وت، هەرخۆی تاوی دا بادەیە ئاوی بەپەلە بۆ برد... ئاوەکەی نەگەیاندە دەنگی... «قەومەکان خۆ مرد!» ئاوا هەواڵی مردنی کابرای بەقاوشەکە ڕاگەیاند... لەم ڕۆژانەدا هەواڵی مردنی یەکێك ئەوەندە خەڵکەکەی نەدەورووژاند، مردن ببووە شتێکی ئاسایی... هاپۆ پشتی دابووە دیوارەکەوە کەوتە باری دانیشتەوە... سابیر بەئەسپاییەکەوە هەستا، یەکێك بەدیاریەوە دانیشتبوو بێ ئەوەی تەماشای یەکێ بکات لەبەرخۆیەوە وتی: «تا گیانی دەرچوو هەر دەیگوت نەسرین... ئازا...»

«کەس نایناسێ؟» سابیر لە کابرای پرسی...

«حاجی خەتابی ناوە خەڵکی دێی خدر وەلییە».

تەرمەکەیان بردە خوارەوە... لە قاوشەکانی کەشەوە کە یەکێ دەمرد لەپاڵ پەرژینەکەیان دادەنا، تا دەبوونە چەند تەرمێك ئەوجا دەمەو عەسرێك دەیانناشتن... کە

لە بن پەرژینەکەیان دانا تەرمی ئافرەتێك و منداڵێکی حەوت هەشت ساڵی و تەرمی ڕیش سپییەکی کەش دانرابوون... ئافرەتێك بەدەنگێکی خاو دەیلاواندەوە بەلام چۆن لاواندنەوەیە!...

دەمەو عەسری ئەو ڕۆژە کە سابیر چووە خوارەوە بۆ ناشتنی تەرمەکان، عارەبانە دەستییەکەیان کردبووە دووان. لەگەڵ مەلا مەحموودا کابرایەکی کەشیان بۆ یارمەتیدان هێنابوو، یاساوڵەکە ئەوەی دوێنێ نەبوو... تەرمەکانیان خستە سەر عارەبانەکەوە، کاروانەکە کەوتە ڕێ، لە پەرژینەکە چوونە ئەودیوا، کە کەمێ دوورکەوتنەوە یاساوڵەکە لە پرمەی گریانی دا... هەموویان سەریان سوڕما... تەماشای یەکترییان کرد... مەسەلە چییە؟ «...بۆ نابێ یەکێکیان تۆزقاڵێ بەزەیی لەدڵیا هەبێ؟ ئەوەی؟! ئەوەی لە توخمی مرۆ بێ چۆن بەزەیی نابزوێ». سابیر لە دڵی خۆیا ئاوای دەگوت... «ئەمە هەلێکی باشە... با بیخورێنم...» ڕووی دەمی لە یاساوڵەکە کرد:

– «پێم ناڵێی بۆ وامان لێ دەکەن؟!»

– «منیش زۆر پێم سەیرە... بەلام دەستم دامێنت نەکەی لەبەر چاوی یاساوڵێکی کە ئەم جۆرە قسانەم لەگەڵدا بکەی... من برایەکم شەش مانگ لە لای ئێوە ئەسیر بوو، کە گەڕایەوە باسی پیاوەتی ئێوەی بۆ گێڕاینەوە... حەیفە ئێوە واتان بەسەربێ، بەلام هیچ دەستەلاتێکم نییە...»

– «پیاوەتییەکمان لەگەڵدا بکە...»

– «هەوڵ ئەدەم... فەرموو...»».

– «چەند قاوشی تر لێرەدا هەیە؟»

– «یەك... دوو... سێ... پێنج، هەشت بۆ پیاوان و شەشیش هی ئافرەتانە... ئا ئەو قەلایەی ئەوێت دیوە؟...» دەستی بۆ لای ڕۆژهەلات درێژ کرد.

«ئەویش پڕە... پێش هاتنتان بە ڕۆژێ ئێرە پڕبوو... ئیتر نازانم» کەمێ وەستا «هەموویان گەنج بوون... زۆربەیان ئا ئێستا لەو قەلایەدان...» وشەکانی پچڕپچڕ دەردەبڕی نهێنییەکی دەزانی و نەیدەدرکاند. یان ویستی شتێ بڵێ، بەلام دیاربوو نەیوێرا و پەشیمان بووەوە...

– «ئەی ئەو دوایی...؟»

– «....................»

– «ده پیاوی چاك بە پرسیاری ئەم ئافرەتەم بۆ بکە شەمەی دەروێش حەسەن...».

یەك دوو جار لەگەڵ خۆیا ناوەکەی دووبارە کردەوە تا لەبیری نەچێتەوە... سەری ڕەزامەندی لەقاندەوە... وەکو لەمەوپێش لمەکەیان هەڵدڕی بستێك، بست و نیوێك و گەیشتە تاوێر، بەڕێز تەرمەکانیان دانا، منداڵەکانیان لەنێوان ئافرەتەکە و ڕیش سپییەکەدا دانا، لمەکەیان بەسەریانا دادان و گەڕانەوە...

نێزیك پەرژینەکە قۆڵی سابیری گرت:

– «ئا ئەو گەماڵانە ئەبینی... لەوەتی ئێوە مردوو لێرەدا ئەنێژن دوای ئێوە ئەو گەماڵانە دەریان ئەهێنن و ئەیانخۆن...».

– «چی... چۆن... نابی... تۆ بڵێی ئەوەمان ناشتبیٚ؟!...»

– «کە سبەی یەکێکت ناشت تاقی بکەرەوە، بزانە ئەوانەی ئەمڕۆ ماون...!»

لەبەر دەرگا گەماڵەکانی بینی بۆنیان بەلمەکەوە دەکرد و بەرەو ئەو جێگایە دەڕۆیشتن کە تەرمەکانیان لیٚ ناشت...

«دە وەرە بەم دەردە بمرە و لاشەکەتیش سەگ بیخوات!» سابیر لە دڵی خۆیدا وای وت...

شەویٚ وردوباریك ئەمانەی هەموو بۆ هاپۆی گێڕایەوە، شوکریشی ئاگادار کردەوە و بۆ ئەویشی باس کرد... گەرمیان خۆش خۆش چاوی لە دەمی سابیر بڕیبوو کە گەیشتە باسی گەماڵەکان ترسا و خۆی لە سابیر نزیك کردەوە.

– «ئەوە ئەترسێی؟!»

– «ئەترسم منیش...»

– «خوا نەکات... تۆ نامری گەرمیان گیان...»

– «ئەی سۆراخێکی دایکمت نەکرد؟»

دەمی بەگوێیەوە نا

– «سبەی دووسبەی هەواڵی دایکت ئەدەمیٚ...»

گەرمیان بۆ یەکەم جار دوای ئەو شەوەی یەکتریان ناسی، بزەیەکی جوان لێوە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی کشان و چاڵەکانی سەر گۆناشی دەرکەوتن... کە خەوتیش وەکو شەوانی ڕابردوو دانەچڵەکا، بزەکەشی نەڕەوییەوە...

***

ساتە یەجگار ناخۆش و بێزارکەر و دڵگوشێنەری ئەم قەڵایە دەمەو ئێوارانیێتی... هەرچەندە شەوانی دەبنە ساڵێکی نەهات و برانەوەیان نابێ، بەڵام قەت ناگەنە ساتە خەماوییەکانی دەمەو ئێوارانی... ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دانیشتوانی ئەم قەڵایە ڕەنگ و ڕوخساریان دەگۆڕێ، سەد سوێن بخۆ مرۆکەی دوێنێ نەبوون... وا هەموومان قژمان درێژ بۆتەوە... مووی برۆمان تێکەڵ بە سمێڵ و ڕیش بووە پیاومان لێ دەترسێ و لە توخمی ئینسان ناچین... ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەم دوو و خامۆش و مۆنتر و ڕووگرژتر دەبن ئەم خەڵکە... خۆزی ئەمزانی بیر لە چی دەکەنەوە؟ خەون بەچییەوە دەبینن، ڕەنگە هەموومان یەك خەون ببینین... شەو نییە دایکم نەبینم، هەر ئێژێ ئەوە بۆ نایەیتەوە... لە خەوەکەمدا دڵم بە باوکم دەسووتێ تەماشام دەکا و دەگری، سەرم سووڕ دەمێنێ باوکم بۆ دەگری... شتێك دەزانی... پێم ناڵێ... دەچمە سەر ئاوەسپی، کاڵەك و شووتی و ترۆزی بوستانەکانی ئاوەسپی ئەو دەشتاییەی پڕ کردووە... ئاواییەکان قەڵەباڵغتر و لە جاران خۆشترن... دەزانم خەونەکانمان وەکو یەك وان...

یاساوڵەکە ڕاستی وت: پێش ئێمە ئێرە پڕ بووە... بۆ ئەو قەڵایەی کەیان گواستوونەتەوە... تۆ بڵێی مابن؟! وا لێرە ڕۆژ نییە حەوت هەشتێکمان لێ نەمرێت کار وا بڕوات ڕۆژێ دێت ئەم قەڵایە کەسی تیا نامێنێت... دەبێتە خۆراکی سەگیش... تۆ بڵێی جارێکی کە بگەڕێینەوە... خۆزگە ئەمتوانی مێشکی خۆم ڕاگرم و نەم ئەهێشت بیر لەم هەموو شتانە بکەمەوە....

ئەمشەو سابیر سەغڵەت و کەم حەوسەڵەیە... شەوگار کردی و سابیر کردی قاوشەکە خامۆشە دەنگی پرخە و وڕێنە زیاتر نابیسێ... گەماڵەکان دەوەڕن «ئێستا تێربوون» مناڵێك دەگری... خەوی نایە... سابیر تەماشای گەرمیان دەکات پەپوولە ئاسا خەوتووە، هەردوو قۆڵی هەر قۆڵێکی بەلایەکدا فڕێداوە، بزەیەکی تەنك کەوتۆتە سەر لێوی لەم کاتەدا هەندێ نووسینی قەد دیوارەکەی بینی... سەرنجی لێ گیرکرد...

«مطلق فرحان ۱۹٦« ژمارەی دوای شەشەکە سڕاوەتەوە کەمێ ئەولاتر یادگاری »رجب شبیب ۱۹۷۰»... «چۆن تا ئێستا ئەمانەم نەبینیون...» کەوتە سەرچۆك و بۆ نووسینی کە گەڕا... وشەیەکی کوردی بینی بەڵام ناوەکە لە نیوەدا سڕابووەوە... لەم کاتەدا یەکێك هەستا و بە لۆژە لۆژ خۆی گەیاندە تەنەکە ئاوەکە، کەمی تیا مابووەوە، هەڵی گرت و نایە سەریەوە، تەنەکەکەی دانایەوە، بەڵام هەڵنەسا! بۆ چەند ساتێك بەلێوار تەنەکەکەوە وشك بووەوە و سەری دانەواند... سابیر چاوی لێ بوو، بەزەیی پێدا هاتەوە... «ئەگەر خەوت نایە

فەرموو وەرە ئێرە...» کابراکە چاوی بەخەوەوە بوو دیاربوو تێنەگەیشت، بەبێزارییەکەوە هەردوو لەپی خستە سەرچۆکی و هەستایە پێ و گەڕایەوە جێگاکەی خۆی...

«ئەمشەو ڕۆژم لێ نابێتەوە... بۆیە ئەم خەڵکە هەموومان وا گۆڕاوین وەك بیست ساڵێك دەژمێردری... بیرەوەرییەکانم لێ ورووژاون... دایکم... ئای دایە گیان... هاوڕێکانم ئێستا دەبێ لەکوێ بن... دەزانم هەندێکیان ڕێگای غەریبیان گرتەبەر و سەری خۆیان هەڵگرت...» پێڵووی تا دەهات قورس دەبوو... پێی درێژ کرد... خاو بووەوە... مەڕۆ... مەڕۆ ڕۆڵە مەڕۆ دایە منیش وەکو هاوڕێکانم... مەڕۆ ڕۆڵە مەڕو... ئەمجارە دایە ئەمجارە بەقسەت ناکەم... ڕێگاکە بۆ وا چۆڵە؟... کەس دیار نییە؟! لەپاڵ هەر پنچکێکدا سەگێك وەستاوە بەرد و کەسکڵی دەوروبەری ڕێگاکەش وا یەکەیەکە دەبن بەسەگ... دەشت و دەر بووە بە سەگ... قلەقلەش سەگ دەبارێ... ئەم گەماڵە بۆ وا دانی لێ جیڕ کردوومەتەوە! با هاوارێ بکەم... لەناو سەگ وەڕەکەدا بزر دەبێ!!...» هاپۆ خدر شانی لەقاندەوە تا هەستا و بەئاگای هێنایەوە «سابیر... سابیر ئەوە چیتە... عارەقت کردووە...»

«خەوێکی ناخۆش بوو هاپۆ، خەوێکی ناخۆش...»

«منیش ئەمشەو خەوم بینی خوایە خێر بێ... لە ژاژ بووم... خۆزی هەموو شەوێ خەونێکی ئاوا دەبینم... لەسەر ڕۆخانە وا بەدیار بۆستانەوەم... خۆم لێ هەڵکردبوو عەبە لەیلە وەکو هەموو جارێ دەستی بەگۆرانی کرد، بێڵەکەم دانا جگەرەیەکم تێ کرد... خاوکەرێکی چڕی بڕوا بکە تا ئێستاش لە گوێما دەزرنگێتەوە و بەیتەکەشم لەبیر نەچۆتەوە... ئا...

نە ڕۆ ئارامەن، نە شەو خاومەن
چون چەم گل کەران گلاراومەن

***

پیاو ڕاست بێژێ، ئەو گەرمیانەی لای خۆمان، هاوینانی وا نییە... لەو دەشتاییە ڕووتانە جارجار دەبێتە تەپوتۆز و گەرمیشە گەرماکەی تا لە گۆرانی و بەیتیشا باسیان لێوەکردووە، ئیتر خوا وای خوڵقاندووە، بەڵام قەتیش ئەم گەرما دڵگوشێنەرە نەحلەتیەی ئێرە نییە، نەوەڵڵا... پەکو لە گەرمای ئێرە... کوڕە بابە ئێوە شایەتییە هەق بدەن و شەوانی لای خۆمانتان بێننەوە یاد... وەی لەو شەماڵە فێنکەی... دۆی مەشکە و ئاوی کوننەڵان وات لێ دەکات شەققە لە دان بدات... من خۆم چەند جار لەسەر دروێنە و پەرێز ئاواتم دەخواست: نیوەڕۆ تاوێك لەژێر کوننەڵانەکەی خۆمان سەرخەوێ بشکێنم...! نەرمە بای

دەمەو سەحەری بۆ ناڵێی، کوڕە ئەی خەوی بان سەکووی حەوشانی... نەمردایەم بۆ تاقە جارێکیش شەوێکی هاوین سنگی خۆم بدایەتە بەر ئەو نەرمە بای ئاواییەکەمان، ئەوجا ئەم وت مردن هەقە....

کابرایەك لەناو قاوشەکە بێ ئەوەی کەس باسی گەرمای کردبێ بەدەنگێکی بەرز ئاوا بۆ قاوشەکە دەدوا... ناهەقی نەبوو گەرماکەی لەوەدا نەبوو، گەرما و لم بارانەکەی دەستێکی گەورەی لە مردنی ئەم خەڵکەدا هەبوو... هیچ نەبوو خۆیانی پێوە خەریك بکەن دوو دوو، سێ سێ، دادەنیشتن دەردی پەنگ خواردووی دڵی خۆیانیان بۆ یەك دەگێڕایەوە وا سابیریش چووە تەك هاپۆوە، دەردی دڵی خۆی لای ئەو خەریکە ئاشکرا دەکات:

«هاپۆ ڕوح لە شوێنێکی سەخت دایە و دەرناچێ... ئەوەی من دەیبینم و دەیبیستم یاخوا کەس نەیبیستێ و نەیبینی... تۆ دەزانی ئەمە ماوەیەکە خەوم لێ هەڵگیراوە... هاپۆ منداڵ بەرگەی ئەم برسێتی و گەرمایە ناگری... تۆ نازانی چیم بەسەر دێ کاتێ تەرمی منداڵێك لە باوەشی دایکیا هەڵدەگرم... نازانی... سەرم لەخۆم سوڕدەمێنی... چۆن تا ئێستا بەرگەی ئەو ڕووداو و دیمەنانەم گرتووە؟!... خەریکە گومان لە هۆش و مێشکی خۆم ئەکەم... تا ئێستا بەتۆم نەوتووە، شەوان گلاراومە، گینگڵ دەدەم و جارجار لەبەر خۆمەوە دەگریم... هاپۆ هەندێ جار تارمایی دەبینم... ئا گەرمیان گیان تۆزێ ئاوم بۆ بێنە... هاپۆ ویستم ئەوەی پێت بڵێم گەرمیان نەژنەوێت... چەند جارێ لاق و دەست و مەچەکم بەدەم ئەو گەماڵانەوە بینیوە...!! ئەوەی بە ڕۆژ دەینێژین، بەشەو گەماڵەکان دەم لە لاشەکەی دەنێن... بۆ لەوێ هەموومانیان نەکوشت، تا ڕزگارمان بێ! گەرمیان ئاوەکەی هێنا، سابیر فەرمووی لە هاپۆ کرد بە«نۆشت بێ» وەرامی دایەوە. شتێکی کە لە هەمووی ناخۆشترە: یەکێ لە یاساوڵەکان فێری ئەوە بووە، شەوان ئافرەتێك لە قاوشەکە دەردێنێ... ئا بەڵێ... تا یەك دوو سەموونێکی زیادی پێ بدات... ئا هاپۆ... چۆن خەوم لێ حەرام نابێ؟... هاپۆ خدر خۆی پێ نەگیرا و منداڵ ئاسا دایکورکان و کشایەوە جێگاکەی خۆی و شانی بەدیوارەکەوە دا...

***

قاوشەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو قەڵەباڵغییەی جارانی نەدەما، هەستی پێ دەکرێ تەنك بۆتەوە، یەکەم ڕۆژ ماوە نەبوو پیاو بۆخۆی بەئاسانی شانی تیا بداتەوە، ئێستا بەکەیفی خۆت پێ درێژ بکە... تا خوو و تەبیعەتیانیش وەکو جاران نەماوە... بۆ شتێکی پێویست نەبێ ئەوەندە حەوسەڵەی گفتوگۆیان نییە... زۆربەی کاتەکەیان بەکپی و خامۆشی

دەبەنە سەر... یاخود لەسەر دەم لێی دەکەون، یا هەردوو دەستیان لە چۆکیان دەئاڵێنن و سەری ماتەمینی و پڕ پەژارەیان دەنێنە سەر چۆکیان... لەم باروگوزەرانەشدا هەندێ جار «لفتە» بە خۆرشیدییەك یا یارغەزاڵێ، یاخود ئەڵڵاوەیسییەکی هێمن خەم و یادە لەبیرچووەکانیان دەورووژێنێ، بەڵام هەر بۆ ماوەی گۆرانییەکە ئیتر هەمدیس دەکەوتنەوە سەر باری خۆیان و دەبنەوە لاشە سست و بێزارەکەی جاران.

ڕاگەی خاو نەیێ بۆیەرۆ پێشدا
«جەدووریت دەروون مەوج دەریای هون
مدۆ وەچەمدا، بەڵام چێش کەروون
دیدەش یەند خەیاڵ باڵات یێ نیشدا
ئێلاخان سەردن بازشان ئامان
گەرمەسێر وەشەن یۆرێ وەدامان»

***

«هاپۆ»

– «بەڵێ...»

– «هاپۆ ئەو لاوە چاوگەشە ڕوومەت پان و موو ڕەشەت لەبیرە؟...»

«وازم لێ بێنە سابیر من ناوی خۆشم لەبیر چۆتەوە.»

ئەوەی لەم دواییانەدا هەستی پێ دەکرا، ئەوەبوو زۆربەیان حەزیان نەدەکرد زامیان بکوڵێتەوە و باسی خۆیانیان بۆ بکەیت و شتیان بیر بخەیتەوە! ناهەقیان مەگرە... مەگەر هەر دانیشتوانی ناو ئەو قەڵایە خۆیان بزانن ئازار و برسێتی و دووری کەسوکار چەند ستەم بوو، باسکردنی ڕابردوو و وەبیر هێنانەوەیان باری گیانیانی پێ قورستر دەبوو، بۆیە هەرچەند باسی ئاوایی و ڕۆژانی ئەوێ بکرایە ئومێدێکی کز و چرۆی هێزێکی نادیاری لە قووڵایی مێشکیانا دەڕواند، بەڵام لەلایەکەوە حەزیان نەدەکرد توخنی ئەوجۆرە باسانە بکەون، ڕاستتر نەیان دەوێرا، برینیانی دەکولاندەوە و باریانی قورستر دەکرد... هاپۆ خدریش لەپێشدا وای زانی سابیر دەیەوێ وەکو هەموو جارێ بیدوێنێ و بیرەوەرییەکانی بۆ بگێڕێتەوە...

– «تۆ ڕاوەستە هاپۆ من مەبەستم شتێکی ترە... پرسیاری ئەو لاوەت لێ ئەکەم کە لە دووز لەگەڵمانا سواری ئۆتۆمۆبێلەکە بوو...؟...»

– «ئا بەڵێ... بۆ... باوکیشی ئەناسم...».

– «پێرێ کە بانگیان کردم... ئەو بوو!»

– «کوڕە نەڵێی؟».

– «لە پێرێکەوە ویژدانم ئازارم دەدات... نازانی بۆ... ئەمەم بۆ باس نەکردووی... لەناو ئۆتۆمۆبێلەکە، تۆ ئاگات لێ نەبوو، بەچاو پێی وتم با ڕاکەین! من لەوە ترسام ڕزگارمان نەبێت، کە زانی ڕازی نیم لەو کاتە تەماشایەکی کردم... تەماشایەکی پڕ لە گلەیی و سەرزەنشت... قەت ئەو تەماشاکردنەوەیەم لەبەر چاو ون نابێ... پێرێ کە چوومە سەر لاشەکەی چاوی لێك نەنرابوو، هەستم کرد ئەم کاتەش گلەیی و سەرزەنشتم ئەکات و دەیەوێ پێم ڕاگەیەنێ گوناهی لە ئەستۆی من دایە... وام هەست کرد... من بوومەتە هۆی مردنی... نەمتوانی تەماشای بکەم... ڕووم وەرچەرخاند... هیچم دەست نەکەوت بەسەریا بدەم، هەر بۆ ئەوەی لەو تەماشاکردنە ڕزگارم بێ، چاکەتەکەم داکەند و دام بەسەریا... ئێستا پەشیمانم... ئەوجا بۆ بەقسەیم نەکرد... یا هەر نەبێ دەستم نەهێنایەتە ڕێگای و پەشیمانم نەکردایەتەوە... کێ دەڵێ ڕزگار نەدەبوو؟... تەماشای هەر کوێیەك دەکەم تەماشاکەیم لەبەرچاوە...»

– «گوناهی تۆی تێدا نییە و پێویست ناکات ئازاری ڕۆحی خۆت بدەیت... دواجار با پێت بڵێم کەسمان لەم دۆزەخە قوتار نابین... تۆ بڕوانە ئەم قاوشە سیخناخ بوو... ئا ئەوە شوێنەکانیانە هەر لەو بەرەوە بیگرە... مچە قەڵەو... خدرە لەك... زەینەڵ... مچەی ئاوڕەحمان... لەتیف نازانم کێ... سەی نووری... ئەو کابرا نوورانییەی تەنیشت دەرگاکە تا مرد لە وێرد و تەلیلەی خۆی نەکەوت... ئەوە شوکری خۆمان! ئەمە دوو ڕۆژە هیچی نەخواردووە... ئیتر بەرەودوا ئەوەش باش بزانە... لێل ئیرادەی خوایا هیچ ناوتری...»

***

ئەوەی دەمرد لەهەر قاوشێك بووایە، لەپاڵ پەرژینەکەیان دادەنا، تا ژمارەی تەرمەکان دەبووە چەند تەرمێك ئەوجا سابیر و مەلا مەحموود کردبوویانە عادەت دەمەو عەسران دەیان ناشتن... ئەمە سێ ڕۆژە بەیانی و ئێوارە تەرمیان دەناشت ئەم سێ ڕۆژە ژمارەیەکی زۆر دەمرن نەدەگەیشتنە ناشتنیاندا بۆیە بەیانی و سەر لەئێوارەکەشی هەر خەریکی ناشتن بوون... کارێکی کەشیان زیادی کردبوو، کە یەکێکیان بۆ ناشتن دەبرد چاویشیان بۆ ئەو دەست و قاچانە دەگێڕا کە گەماڵەکان نیوەیان دەخوارد و پاشماوەکەیان لەسەر لمەکەوە بەجێ دەهێشت، سەرلەنوێ دەیان خستەوە ژێر لمەکەوە

سابیر ئەو ڕووداوانەی گەلێ جار بۆ قاوشەکە گێڕابووەوە، جارێکیان ئەم باسانەی دەگێڕایەوە:

«حەمە سیس» قاچی خۆی درێژکرد و شەرواڵە خامەکەی هەڵماڵی وتی: «بڕوا ناکەم هیچ گەماڵێ تەماحی ئەم قاچەی من بکات، کە بەگوێزانیش دایبساوی تۆزقاڵێ گۆشتی لێ ناکەیتەوە». لەڕاستیدا لەبەر نەخواردن هەموویان برا حەمە سیسێك بوون بۆ خۆیان، هەرچەندە ئەو قسەوباسە هی ئەوە نەبوو، پیاو پێبکەنێ کەچی قسەکانی حەمە سیس بزەیەکی کورتی خستە سەر لێویان... بەڵام ئەوەی هەموویانی مت کرد و فرمێسکی بە زۆریان ڕشت ئەو ئێوارەیە بوو کە سابیر کوژەکە و دوعاکەی لە گیرفان دەرهێنا:

– «ئەوە چییە؟!» یەك دوانێ لە یەك کاتدا پرسیان.

– «هی کێیە؟!»

– «کێ پێتی داوە؟».

– «بۆ دەنگ ناکەی شەقمان برد...!».

سابیر دڵڕەقی کرد و ڕاستییەکەی نایە مشتیان... دواجاریش پەشیمان بووەوە... بەڵام کە قسە لەدەم دەرچوو ناگەڕێتەوە...

«نازانم ئەو تەرمە بچکۆلانەیە لە کام قاوشەوەیان هێنابوو... کە من چوومە خوارەوە لەناو عارەبانەکیان دانابوو، هەر پێنج شەش مانگان بوو... ئەو کوژەکە و دوعایەم بە مەلاژگیەوە بینی، بە تاڵێ لە پرچە خورماییەکەیەوە گرێ درابوو ئەو ئێوارەیە چاوەڕێی مەلا مەحموودم نەکرد، بەتەنیا لە عەرەبانەکەم دەرهێنا وەك جگەرگۆشەیەکی خۆم بەسنگمەوە گرت... لە بان لمەکە گریان گرتمی... خۆم پێ ڕاگیر نەدەکرا، لمەکە هێشتا ژیلەمۆ بوو، چاوم گێڕا هەندێ نایلۆن بە پنچکێکەوە گیری خواردبوو، هێنام و بەسەرییەوە پێچام... ناشتم و گەڕامەوە... تومەز دوای من گەماڵەکان دەریان هێناوە ئەمەم لە نزیك پەرژینەکە لەگەڵ هەندێ قژە سەر و پارچە ئێسکدا دۆزییەوە... ئەم دوعا و کوژەکەیە پاشماوەی ئەم مناڵە پرچ خورماییەیە...

***

ئەمڕۆ وەك هەموو ڕۆژێ دەمەو عەسرێك سابیر چووە خوارەوە، تا ئەو تەرمانە بنێژێ کە لەپاڵ پەرژینەکەیان دادەنان... تەرم کچێکی قژ زەردی دە دوانزە ساڵی لەپاڵ پەرژینەکە دانرابوو... تاکە بازنێکی شووشەی سووری لە مەچەکدا بوو... مەچەکیشی ئەستووری

قەلەمێکی مابووەوە... چاوەڕێی کەسی نەکرد بێت و لەگەڵیا بینێژن لە باوەشی گرت، لە بان هەردوو مەچەکی داینا و لە دەرگا بچووکەکەوە ئاودیو بوو بۆ ناو لمەکە... مەلا مەحموود و یاساوڵێکی بینی لە ناشتنی یەکێکی کە ببوونەوە وا دەگەڕێنەوە... «گۆڕستانێکی زرمەمان لێرە پێکەوە نا... ئەگەر گۆڕەکان کێلیان هەبووایە، یەکێك بەرێکەوت بێرەدا گوزەری بکردایە لە دڵی خۆیا دەیگوت: «ببێ و نەبێ لەم نزیکانەدا ئاوەدانییەکی قەڵەباڵغ و گەورەیە هەیە...» خەمێکی نادیار دایگرت... تەرمەکەی دانا هاتە سەر چۆك و دەستی بەلم هەڵدانەوە کرد... «ئەمزانی... دڵم پێی دەوتم دەبێ یەکتر ببینینەوە... لە خەیاڵی کێ دابووە تۆ لێرە ببینم!...»

دەنگێکی ناسك وەك لەو دیو دیوارێکەوە بێ کەوتە بەر گوێی... لە لم هەڵدانەوە کەوت... دەستی لەناو لمەکە وشك بووەوە... گوێی هەڵخست... بڕوای بەگوێی خۆی نەدەکرد... «بەڵام ئەوەتا نزیکە و لەگەڵ منیایەتی».

«ئاخریەکەی گەیشتینە یەك ئێستا کەس ناتوانێ...»

«ئەم دەنگە... ئەم دەنگە...» ترسا... تەزوویەکی ساردی پیا هات... بڕوای بەگوێی خۆی نەدەکرد... ئەوەتا هەمان دەنگە:

«گوناهی من نەبوو، کەسوکارەکەم نەیانهێشت یەك ببینین... تۆش چاوت بەرایی نەدا لە ئاواییەکەی ئێمە بمینێیتەوە، ئەوەبوو چوویتە ئاوایی قەلا... پێت لێمان بڕی تا بەو ناوانەدا گوزەریشت نەئەکرد... ئیتر ئومێدم بڕا... بەڵام ئەمزانی هەر دەتبینمەوە...»

شڵەژا بەدەنگێکی بەرز وەك لەگەڵ یەکێکی کەدا بدوێ «دەنگی چنارە... باشە چنار لێرە چ دەکات...» دەستی هێشتا لەناو لمەکە دەرنەهێنابوو... هەستی کرد گیانی دەلەرزێ، بە دوودڵی و گومانەوە سەری هەڵبڕی... چاوی بۆ ئەو لایە هەڵخست کە دەنگەکەی لێوە دەهات... تارماییەکی بینی!! وا پێ پێ بۆ لای دێت «چنار لەم بیابانە چی دەکات...» لە دڵی خۆیەوە وای گوت بەتەواوی نزیك بووەوە: «چنار ئەمە تۆی؟... لەم بیابانە چی ئەکەیت... چی بۆ ئەم دۆزەخەی هێنای... دەبا نەتبینن...»

«ئێمە خۆمان بەهەموو کەسێ نیشان نادەین... تەنها تۆ دەمبینی ترسی منت نەبێ تۆ واز لەمە بێنە... من ئەو کاتانە لەلای خۆمان شەوان کە تیترواسکەکان خەمی خۆیانیان بەو دەشتەدا بلاو دەکردەوە... دەمگوت: ئەوە سابیر بانگی من دەکات... من بەرۆژیش ڕێبوارێکم ببینیایە بەرەو ئاوایی دێت چاوم لێ نەدەترووکاند تا نزیك دەبووەوە دەمگوت ڕەنگە ئەوە سابیر بێ بەڵام قەت نەهاتی...»

«چنار لەبیرتە لەسەر ئاوەسپی، چاڵە بۆستانمان دەکرد؟...»

«ئاوەسپی؟! وەك چاوی من و ئەو ئافرەتانەی لەگەڵماندان وشکی کردووە... ئێستا کەس بۆستان ناکات... ئاوایی لەو بنارە نابینی... بۆتە جێگای گورگ و چەقەڵ...»

«چنار ئەزانی بۆچی لە هەوەڵەوە دێهاتەکانیان لەناوبرد؟... ئاوایی بڕبڕەی پشتی شارە... شار و شارنشینەکان وەکو دێ و لادێی پێ ناکرێ...»

«بەڵام هەندێ لە خەڵکی ئاواییەکان بەر ئەم لافاوە نەکەوتن هەتا ماوەیەك خەڵکی دەترسان داڵدەیان بدەن...»

«چنار لە کوێی بێم بۆ لای تو...؟»

«پەلەت نەبێ... دێی... ئێمە ڕزگارمان بوو، زۆرین... سابیر ویستیان (پیسمان بکەن)!...»

«ئەی نامەردینە...»

«بە کێ دەڵێی؟... بەوانەی لای خۆمان ئەڵێی یا بەمانەی ئێرە؟...».

«هەموویان چنار... هەموویان... باشە چنار کە جیاتانیان کردەوە بۆ کوێتانیان برد؟...»

«من تۆزێ لە زمانەکەیان تێ ئەگەم... ئەیان وت ناهێڵین ئیتر ئەم ئافرەتانە منداڵیان ببی... شتێکیان دەرخوارد ئەداین، ئێمەش لە برسانا دەمانخوارد... دایکم و فاتەی خوشکمیان زیندەگۆڕ کرد... دایکم کە دەیگێڕێتەوە هەر دەگری... ئەوە بۆ وایان لێمان کرد؟!»

گوێی لە ترپەی پێیەك بوو دوور دەکەوتەوە... کە لە پاڵ مزگەوتەکە دادەنیشت چاوەڕێی دەکرد چنار بۆ سەر ئاو بی... کە دەهات گوێی لە ترپەی پێی دەگرت... کە لەسەریشەوە دەگەڕایەوە ئاوا ترپەی پێی دەهات تا لە کۆڵانەکەوە پێچی دەکردەوە... سابیر سەرسامە... من ئەمە بۆ هەرکەسێ بگێڕمەوە نەك بڕوام پێ ناکات بە شێتیشم دادەنی... ئەوا کەی وا بووە؟!... چناری کچە گەرمیانییەکی شەرمن، کەی وای لێ هاتووە... خۆ کاتی خۆی ئەوەندەی ئێستا بۆمان نەلوا بەدەم یەکەوە بوەستین و قسە لەگەڵ یەکتردا بکەین... هەمدیس تاس بردییەوە...

دەستی ئارەقەی کردبوو لمەکە بەدەست و مەچەکیەوە لکابوو... ئەو ترس و سڵەمینەوەی کەمێ لەمەوپێشی ڕەوییەوە. بە ئەسپایی تەرمی کچۆڵە پرچ زەردەکەی لەناو چاڵە لمەکە دانا و بەدەس بە لم شاردییەوە. لە گەڕانەوەدا هەستی کرد هێشتا لەشی

موچڕکی پێدا دێ، لەبەر دەرگا بچووکەکە ئاوڕێکی دایەوە، لە دوورەوە سووچی قەڵاکەی ئەولای بینی، لەناو حەوشەدا ئەو یاساوڵەی بینی کە ڕای سپاردبوو سۆراخی دایکی گەرمیانی بۆ بکات... بەچاو هێمایەکی بۆ قاوشی ئافرەتەکان کرد (شم) ئاواشی گوت. سابیر تێگەیشت، دایکی گەرمیان لەم قاوشە دایە، ئەوەشی پێ گوت کە بۆ شوێنێکی کە گوازراوەتەوە و ئیتر یەکتر نابینن...

کە گەڕایەوە قاوشەکەی خۆیان لەسەر داوای هاپۆ، لفتە لەسەر جێگاکەی سابیر دانیشتبوو، بەهێمنی ئەڵلاوەیسییەکی بەسۆز و کاریگەری دەست پێ کردبوو، هاپۆ لە پەنجەرەکەوە چاوی لەو دەشتە بڕیبوو، (ئەڵلاوەیسی)یەکە بردبوویە جیهانێکی ترەوە، ئەوانی کەش هاپۆ ئاسا بەکپ و خامۆشیەکەیاندا دیاربوو یادگار و بیرەوەرییەکانیان ناخیانی دەرزی ئاژن دەکرد... وشەکانی ئاسنێکی سوورەوەکراوە بوون بەدەروونیاندا دەچزان... چوون چیلکەیەکی تەڕی ناو سۆبایەکی ماڵێکی لای خۆیان لە ناوەوە دەسووتان و چاویشیان پڕ ببوو، ها ئێستا ها نەختێکی کە سەر دەکەن...

«کـــۆن ئەو دڵ دیدەش بەرایی بـــدۆ
وە گـــــەرمیـــــان بـــدیۆ وەبـــــێ تۆ
هەوارگــــە ماتەم گوزەرگە بێ ڕەنگ
شۆنــــەکەم پڕ خەم سەیرانگە دڵتەنگ
خوێشان پـــەرێشان پەلاس نەکەردەن
توخوا بـــازەشان چۆن تۆشا مەردەن»

دیار بوو ماوەیەك بوو لفتە دەستی پێ کردبوو، لەگەڵ وشەکاندا دەسووتا، بۆیە وا کاری کردبووە سەریان بە «کەسم ئای کەسم» ئەڵلاوەیسییەکەی بڕییەوە... ئەو کۆتاییە و بەو دەربڕینە مەگەر هەر ئەوانەی ئەوێ بزانن چ کوتەکێکی قیڕین بوو بە سەریانا درا...

هاپۆ لەگەڵ تەواوبوونی گۆرانییەکەدا تەماشاکەی بۆ ناو قاوشەکە گوێزایەوە... سابیری بینی

«خۆ شوکور و حەمە غەریب پەرێشانن...!»

«کاتێ بەجێم هێشتن باش بوون...!» وای گوت و چووە تەك گەرمیانەوە دەستی خستە سەر شانی و بەخۆیەوەی نووساند، دەمی نا بەگوێیەوە: «لێرەیە... دایکت لەو قاوشەیە ئەمجارە کە چوومە لایان ئەیبینم و پێی ئەڵێم لەبەر پەنجەرەکە دانیشە تا گەرمیانی

کوڕت ببینی...».

گەرمیان خۆی پێ نەگیرا وەك چۆن منداڵێك باوکی دیارییەکی بۆ دێنێتەوە لە خۆشیانا باوەش لە باوکی دەدات، ئاوا قۆڵی لە ملی سابیر ئاڵاند... بەڵام سابیر لەناو دەریای بیرکردنەوەیەکی کەدا بوو... «نازانم بۆ هاپۆی بگێڕمەوە؟ نەیگێڕمەوە؟ بڕوا دەکات ئەمڕۆ لەگەڵ چناردا قسەم کردووە؟... وا چاکە با جارێ بەردێکی بخەمە سەر و دەنگ نەکەم...».

شاییەکەی ئەو ساڵەی هاتەوە یاد... «کوڕوکاڵی ئاوایی دەورەیان دام... تازە چووبوومە ئاوایی... بەزۆر بۆ ناو ڕەشبەڵەکەکەیان پەلەکێش کردم و دەیانگوت: «ڕەنگە کوڕە شاری هەڵپەڕکێ نەزانی...» ئەملام عەدنان و ئەولام وەیسەی برای چنار بوو... ئەوجا نەمدەزانی وەیسە برای چنارە... نازانم بۆچی وەیسە دەستی بەردا، کچێکی خرپن هاتە دەستمەوە، دەستێکی گۆشتنی نەرم کەوتە نێو دەستم جارجارە شلکەی ڕانی لە ڕانم دەکەوت، هاتە سەرما بەئاستەم دەستی بگووشم... دەنگی نەکرد!... دووبارەم کردەوە... هەستم کرد گلۆڵەیە ئاوریشم قورساییەکی بەئاستەمی خستە سەر دەستم، لەپێشدا وام زانی جۆرە تەمێ کردنێکە و دەیەوێ واز لەو دەستبازییە بێنم... لەم کاتەدا گۆرانیبێژەکە کە بەگۆرانییەکی خۆش هەڵپەڕکێیەکەی گەرم کردبوو، لەپڕ لە زەوییەکە دانیشت و گۆرانییەکەی بڕی، هەڵپەڕکێیەکەش داغانی کرد، لەم کاتەدا بەدەنگێکی ناسك وتی: «بۆچی کوڕە شاری هەموویان ئاوا بێ شەرم و چاو قایمن؟» بزەیەکی ماناداریشی خستە سەر لێوی ئەمە بووە سەرەتای دڵدارییەکی پاك و بێگەرد...خوازبێنیم کرد، باوکی ڕازی نەبوو، ئیتر منیش ئەو ئاواییەم بەجێ هێشت و چوومە قەڵا...».

«سابیر ئەوە چیتە بۆ پرسیارێکی شوکور و حەمە غەریب ناکەی؟!»

«هاپۆ خۆزگەم بەوەی ئەمرێ و ڕزگاری ئەبێت!»

چووە تەك حەمە غەریب، بەدیارییەوە دانیشت چاوی لە چاوی بڕی... دەستێکی لە دەستی دا، ساردوسڕ، ڕوومەتی پەڵەپەڵە ڕەش هەڵگەڕابو... بیری کەوتەوە ئەوانەی لەم دواییەدا مردن هەموویان ئاوا ڕوومەتیان پەڵەی ڕەشی دەردەکرد و ڕەش هەڵدەگەڕان...

«حەمە غەریب... من سابیرم... حەمە غەریب...» بەبێ تاقەتییەوە پێڵووی بەرز کردەوە

– «پرسیاری شوانە و دایکیت بۆ نەکردم...» سابیر ویستی شتێ بڵێ هەر نەبێ لە سەرەمەرگیشیا بێ کەمێ دڵی خۆش بێ بەڵام نەیوێرا درۆی لەگەڵ بکات... نەشی دەویست بەجارێ هیوای ببڕێ و بەو نائومێدییەوە سەر بنێتەوە.

«شەرتی خوابێ سبەی پرسیارێکت بۆ بکەم...» هیچی نەگوت، هەمدیس چاوی لێکنایەوە...

لەوێ هەستا ئەمجارە شوکوری بەسەرکردەوە... وەکو مەشکە دەهەژی... تایەکی گەرم دای گرتبوو، لەگەڵ هەناسەداندا ئایەکی بۆ دەکرد «ئای... ئای... ئای...» هیچی بۆ نەوترا، کەمێ بەدیارییەوە دانشا و گەڕایەوە جێگاکەی خۆی...

ئەمشەو سابیر نەك جەستەی، ڕۆحی ماندووە... ئەمشەویش منداڵێك بەردەوام دەگری و نایبڕێتەوە... هەر کاتێکیش کە گوێی لە گریانی منداڵێك دەبوو، یەکسەر گریانەکەی (شوانە)ی بیر دەکەوتەوە... پێی درێژ کرد ئەوەندەی نەبرد خەوی لێ کەوت... شوانە لەسەر کۆڵانەکە دەبێتە گوڵێك ئەو گوڵە هەر لەگەرمیان دەڕوێ لە هیچ شوێنێکی دونیادا گوڵێك نییە ئەو ڕەنگ و بۆیەی هەبێ، یەکێك دێ و پۆستاڵەکەی دەنێتە سەر گوڵەکە، پێدەکەنێ... پێی هەڵدەگرێ گوڵەکە دیار نییە، بەڵام بۆنی ئەو ناوە ناگرێتەوە، بۆنێکی خۆش خۆشن... بۆ لێرە دانیشتووی دایکە؟!... هەر نەهاتیتەوە... دایە مەگری... ڕۆڵە ناونووسیان کردووین، خەڵکەکە ئێژێ ئێوەش دەبەن، خۆزی ڕۆڵە، هەر تۆ ببینم... قەینا... سەگەکان دانیان جیڕ دەکەنەوە... ئەو ناوە یەك پارچە سەگە. سەگ دەبارێ... سەگەکان خەریکن دەیخۆن...

دەمەو بەیان خەبەری بووەوە وا لێرەش لەناو قاوشەکە و بەم دەمەوبەیانە تارماییەك دێتە بەرچاوی... چاوی هەڵگلۆفت، بەرەبەرە باشتر دەیدی... ناسیەوە... «کوڕە گەنجەکەی خاڵە شاسواری کوێخا نەجمی خانەخوێیە... سیروان ئەوە تۆی؟ چۆن گەیشتیتە ئێرە. ئەی باوکت... قادری برات... فاتەی خوشکت...».

«تەنیا باوکم لێرەیە... قادر و دایکم و فاتەی خوشکم لای منن...».

«لە کوێن؟»

«هەر کوێیەکیان بوێ لەوێ دەبن... هەموو ڕۆژێکیش دەیانبینم... دایکم و فاتم خۆیان باسیان بۆ کردم دەڵێن ئەوەندە ئازارمان نەچەشت زوو ڕزگارمان بوو!!... سابیر دەبینی شەوان لمەکە چەند فێنك و خۆشە خۆڵە پەتانییەکەی لای خۆمانت دێنێتەوە یاد... لەبیرتە شەوان، بەتایبەتی شەوانی مانگەشەو لە پاین خەرمانەکانەوە لەو ڕاستییە بۆ خۆمان دادەنیشتین؛ یەکێکمان دەنارد لە بۆستانەکانی ئاوەسپی شووتی و کاڵەکی بۆ دەهێناین...

«باسی دایکت بۆ نەکردم... دەزانی زۆری خزمەت کردم...»

(ئا... فاتەی خوشکم وتی: لە شوێنێکدا دایاننناین زۆر بووین، ئەمجا بەماشێنی گەورە گەورە لمیان بەسەراکردین، لەپێشدا وامان زانی گاڵتەمان لەگەڵدا دەکەن... کە لمەکە گەیشتە ناو قەدمان زانیمان نیازیان خراپە... لمەکە گەیشتە ئاستی دەم و پلمان... هەناسەمان بۆ نەدەدرا زۆری نەبرد ئاگامان لە خۆمان نەما... بەڵام سابیر ئەوەی من و قادری برام بینیمان یاخوا تۆ نەیبینی...

«کە لە یەکیان جیا کردینەوە ئێوەیان بۆ کوێ برد؟»

«ئێمە ڕۆژێ پێش ئێوە گەیشتینە ئێرە... ئا لێرەدا ڕۆژێك... نەوەڵڵا تاقێك ماینەوە، دواجار هەموومانیان بۆ ئەوێ برد ئیتر لەوێ...»

«خەڵکی ئاواییتان کێ لەگەڵدایە؟»

«کێت ئەوێ؟!»

«ئەی ئێستا لە کوێی؟!»

«کوێم بوێ لەوێ ئەبم...! ڕۆژ نییە سەردانێکی لای خۆمان نەکەم... با بارت گرانتر نەکەم و باسی ئەوێت بۆ نەگێڕمەوە...»

«وەختە پەڕوپۆ دەردەکەم هەواڵێکی ئەو ناوەم پێ بێژە با کەمێ بارم سووك بێت...»

«ئەو حەمکە دێهاتانە شتاقیان بەپێوە نەماوە... وا دەزانی هەر ئاوەدانیشی لێ نەبووە... دوێنێ لەوێ بووم...! گەماڵە بۆرەی خۆمان لەشوێن دیوەخانەکە پاڵی لێ دابووەوە، کە بینیمی هات بۆنی دەست و قاچی کردم، لەژێر خشت و دیواری ڕووخاودا ئارد و نانە ڕەق پرشوبڵاو بۆتەوە ئەوانە ئەخوات، ئەوەی سەیرە هەندێ مریشك و جووجەڵە لەو ناوەدا تاربوون فرسەت دەستێنێ یەکێکیان ئەگرێت و ئەیخوات... کەس بۆی نییە بگاتە ئەو دێهاتانەی لای خۆمان، ئێژن نابێ ئەو زەویوزارانە بکێڵدرێن، دەبێ هەتا هەتایە هەر وا بە بەیاری بمێنێتەوە... سابیر ئێژن ماوەیەکی تر خەڵکی شارەکانیش دێننە ئەم ناوانە، هەندێکیان سەری خۆیان هەڵدەگرن و دەڕۆن...

سابیر بۆ وایان لێ کردین... خۆ تۆ دەزانی شەڕی هیچ کەسێکمان نەکرد بۆ خۆمان خەریکی مەڕوماڵات و کشتوکاڵ بووین زیانمان بۆ مۆریلەش نەبوو... لەبیرتە شەو و ڕۆژ ئەو دیوەخانەی ئێمە جمەی دەهات و بێ میوان نەئەبووین، کەچی ئەزانم باوکم ئێستا وا خەریکە لە برسانا ئەمرێت...»

«پێت نەوتم تۆ چۆن...؟»

«ئەتەوێ بزانی... کە بۆ ئەو قەلایەیان گواستینەوە هەموومان لاو بووین... هەر جارەی ٢٥–٣٠ کەسێکیان لێ هەڵئەبژاردین، لەناو ژوورێك دایان دەنایین... ژوورەکە دوو بەقەد دیوەخانەکەی خۆمان ئەبوو... سووسەبڕیان ئەکرد؛ ئینجا چۆن خۆمان کە بۆ ڕاو ئەچووین لەبیرتە؟... کونە ڕێویمان قان ئەدا، ئاوا بە دووکەڵ قانیان داین... دووکەڵێکی بۆنخۆش و ڕەنگ دێز... کە هەناسەمان ئەدا دووکەڵەکەمان هەڵمژی، هەر ئەوەندەمان خۆش بوو سنگمان ئەتگوت ئاگرت تیا هەلایساندووە... وەك بارێکی قورسیشت بەسەر سنگەوە نرابێ هەناسەمان بۆ نەدرا... لە حەژمەتا سەرمان کردە باوەشی یەکترەوە، نەشمان ئەتوانی هاوار بکەین... دووکەڵەکە باشتر ئەچووە سنگمانەوە ئەگەر هاوارمان بکردایە... خوێن لە گوێچکە و لووت و دەممانەوە فیچقەی دەکرد، پاش چاو تترووکاندنێك خەومان لێ کەوت، ئا بەم جۆرە هەر جارەی برێکیان وا لێ ئەکرد... هەندێ کەسی تر هەن خەڵکی هەڵەبجەن من چۆن باسی دەکەم ئەوانیشیان بەم دەردی ئێمە بردبوو... ئەو دووکەڵەیان هەر بۆ ئێمە دروست کردووە... درەنگە با من بڕۆم بەدوعا...»″

قاوشەکە بەرەبەرە ڕووناك بووەوە... سابیر لە ئارەقێکی لینج نیشتووە... هاپۆ لەسەر پیشەی خۆی کە خەبەری بووەوە گرانی خۆی خستە سەر قۆڵێکی و سەری قووت کردەوە... سابیری بینی، ئاهێکی خێرای لەدەم دەرچوو دەستی برد و خستیە سەر توێڵی سابیرەوە

– «سابیر بۆ وا ڕەنگت هەڵبزڕکاوە» بە لەپ ئارەقەکەی نێوچەوانی سڕی... «گوایە بەتەما بووم هەڵسی و پرسیارێکی حەمە غەریب و شوکورم بۆ بکەی... سابیر ئەمجارە وردوبارێك ئەوەی ئەوجا و بەسەرهاتی ئەم دەمەو بەیانییەی بۆ گێڕایەوە... بەلام هاپۆ لە دواییدا بزەیەکی خۆشی بۆ کرد... سابیر لە دڵی خۆیەوە گوتی: «خۆزی بۆم باس نەدەکرد...»...

***

هەفتەیەکی تەواو حەمە غەریب و شوکور لە گیانەلادا بوون. گیانیان بەدەستەوە نەدەدا... لە نیوەشەودا یەکێك کە بەتەنیشت حەمە غەریبەوە بوو هەواڵی گیان بەدەستەوەدانی بەقاوشەکە دا

«حەمە غەریبیش خۆمان خۆش...»

«ئەی ماڵی کاولم... انا لله وانا اليه راجعون...» هاپۆ ئاوا خەمی خۆی دەربڕی... تا ڕۆژ ببووەوە بەدیارییەوە دانیشتن دەمەو بەیان هاپۆ شوکوری کەوتەوە یاد:

- «ئا بزانن شوکور چۆنە».

- «هاپۆ، هەر سەر لەئێوارە بوو یەك دووجار دەمی بەیەکا دا و گیانی دەرچوو...»

- «ئەی بۆ دەنگت نەکرد؟!»

- «دەنگی چی بکەم چیمان لە دەست دی»

سابیر قەت وا پەلەی نەکردووە لە ناشتنی مردووەکاندا... ئەمجارەیان هەر دەڵێی کێچ کەوتۆتە کەوڵیەوە، پەلەیەتی...! ماوەیەکە چناری لێ ون بووە... دەنگی نییە... لەو ڕۆژەوە لەبەرخۆیەوە دەڵێ «ئەمجارەیان هەواڵی دایکمی لێ دەپرسم... پرسیاری وەیسەی لێ دەکەم... پێی دەڵێم سۆراخێکی ماڵی ئێمەش بکە... دایکم دەبێ چۆن بێ... تۆ بڵێی باوکم لێم ببووریێ؟ بەقسەم نەکرد... دەزانم ئێستا خەمی من چ ئاگرێکی هەڵایساندووە و لە ناخی بەربووە، من باوکی خۆم دەناسم چەند دڵ ناسك و بە بەزەییە و چەنیش خۆشی دەوێم... ئەمانەی پێ دەڵێم... نازانم بۆ ماوەیەکە دیار نییە؟ تۆ بڵێی ئەو جۆرە کەسانە هەر جارێك دەربکەون و ئیتر نەبینرێنەوە... ئەی سیروانم چەند جارێ نەبینی؟ ئەمانە پەپوولە ئاسان، کوێیان بوێ بۆی دەچن، کەس دەست بەرێگایاندا ناهێنی... سیروان هەموو جارێ دڵی دەدامەوە، بەڵام جارەکەی پێشوو هەواڵێکی ناخۆشی پێ ڕاگەیاندم، وەك خەمم کەم بێ، ئەوەش بووە سەربار... کفرم کرد پرسیاری ئەو ئافرەت و منداڵانەم لێ پرسی کە بەر لافاوەکە نەکەوتوون... دەمم سووتا خۆزی کفری وام نەدەکرد...

«چیت بۆ باس بکەم، خۆزی ئەوانیشیان لەگەڵ ئێمەدا ئەهێنا...!».

«بۆ... بۆ وا ئەڵێی؟! هەر نەبێ ماون...».

«مردن لە هەندێ مانەوە چاکترە...! بێ لانە و داڵدە لەو ناوانە ماونەتەوە کەس بەخۆیانەوەیان ناگرن... تاك و تەرا خێرەومەندێك جاروبار لایەکیان لێ دەکاتەوە، تا هەندێکیان خزم و کەسەکانیشیان پشتیان تێ کردوون، زۆربەیان دەرۆزە دەکەن ئەو منداڵانە کە گەورە دەبن مرۆیەکی ئاسایی نابن پێش هەموو شتێ ناتوانن کەسیان خۆش بوێ، هەندێ ئافرەتیان پێیان خلیسکاوە کەوتوونەتە نێو... منداڵەکانیان پاکەت و وردەواڵە بەدەسگێڕی لە شەقامەکاندا دەفرۆشن هەر لە ئێستاوە فێری هەزار بەزم بوونە... زۆر کەمیان خزمێکی نزیکی بەخۆیەوەی گرتووە ئەوەیشی پێی بزانن کاری وای کردووە لە سێدارەی ئەدەن. نامەوێ لەمە زیاتر بڵێم... جارێکی کە بەدرێژی بۆتی دەگێڕمەوە...

پێم گوت:

«ئەی باشە کەسێك نییە خەمێکتان بخوات، ڕەنگە هەر لەسەر مێزی خواردنەوە بکەونە بیریان... یانیش بازرگانی بەم کارەساتەی ئێمەوە دەکەن؟...»

***

لەپاڵ پەرژینەکەدا، بێجگە لە تەرمی شوکور و حەمە غەریب، سێ تەرمی کە دانرابوون... سابیر لەگەڵ حەمە غەریبدا پێوەندییەکی تایبەتییان هەبوو... لەپاڵ پەرژینەکە خەیاڵ بۆ ئەو دوانیوەڕۆیە بردییەوە کە کارەساتەکە ڕووی دا... «... دەمی لە خۆڵەکە چەقیبوو، کە هەڵمگرت، خۆڵەکەی ژێر سەری سوور هەڵگەڕابوو... بۆ شت کڕین دەچوومەماڵیان، نەیدەزانی بە باشی ناوم بڵێ، پێی دەوتم «سەبیل»... کە دەڕۆیشت دایك و باوکی لە هاتنم ئاگادار بکاتەوە دەیگوت دایە «سەبیل» ئیتر دەیانزانی منم... حەمە غەریب، زستان و هاوین، باران و تۆف بوایە... قرچەی گەرمای هاوین لە ماڵەوە نەدەمای، بەو دێهاتانەدا دەگەڕای... ساڵێ تەنها دوو ڕۆژ لە ماڵ دەمایتەوە، جەژنی ڕەمەزان و ڕۆژی جەژنی قوربان... ئیتر تۆ میوانی ماڵی خۆت بووی، هەگبەیەکت دەخستە سەر گوێدرێژەکەت و بەئاواییەکانا دەگەڕای، شەوانیش تا درەنگانێ یا لە دیوەخان یا لەو ڕاستییەی نزیك دارتووەکە، دەوریان دەدای هەواڵ و دەنگوباسی ئەو ئاواییانەت دەگێڕایەوە... هەریەکێ ناسیاوێکی، خزمێکی سۆراخی نەبوایە تۆیان ڕادەسپارد، بەیانی کە دەگەڕایتەوە دڵنیات دەکردن، دیاری و ئەمانەتێکیشیان هەبوایە دەتگەیاند... حەمە غەریب گەردەنم ئازاد بکە ڕاستی هەواڵی شوانەم لێت شاردەوە و پێم نەگوتی... نەمویست ئازاری ڕوحت بدەم، بەرگەی خەفەتێکی ئاوات نەدەگرت... چیم بگوتبا... گوتم با هەر نەبێ ئەو تۆزە ئومێدەی لە دڵ بمێنی... زۆربەی ئەمانەی ئێرە بەوە دڵی خۆیان دەدەنەوە و وایان بردۆتە عەقلی خۆیانەوە گوایە کەسوکاریان ئێستا وا لە شوێن و جێگای خۆیاندان! واش نەڵێن بڕوایان بەوە هەیە کە ماندوون و نەمردوون... حەمە غەریب... تۆ زەواڵت بۆ مێرووڵەش نەبوو! بڕواش ناکەم مناڵێکت لێ دڵگیر بووبی... بە قەرز شتت پێ دەفرۆشتین... قەند و چای و دەفتەری جگەرە و تەڕەپیاز و سابوونیان بەقەرز دەبرد... تۆش لە دەفتەرێکدا دەتنووسی، تا خەڵە و خەرمان سەبرت لێ دەکردن... لەو دەشت و هەردانەدا پەککەوتەیەکت ببینیایە، مناڵێك، ئافرەتێکت لە ڕێگا بدیبیایە، خۆت دەبووی بە پیادە و ئەوانت سوار دەکرد... لەو ئێوارەوە کە لە ژوورەکە جێت بۆ کردمەوە نەمدی جارێ چییە پێبکەنی یا بێیتە گفت!!... ئەم ماوە درێژە بیرت لە چی دەکردەوە؟ لە دڵی خۆتدا چیت دەوت؟ گوناهی ئەو کشوماتییەت ببێتە تەوقێك و لە ملی

ئەوانەی ئێره و ئەویّ بکری...! سابیر بەدیار تەرمەکەیەوە ئاوای دەگوت... گریا دەستی نابووە بینی، هەڵنەستایە، دایئەکورکان... ئەوان دەمێك بوو تەرمەکانی کەیان بردبوو، زۆری نەبرد گەڕانەوە بۆیان خستە سەر عارەبانە دەستییەکەوە و بە تەنیا بردی... کە لە دەرگاکە چووە ئەو دیودا گەماڵەکانی بینی، بەبۆنکردن بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆیشتن کە تەرمەکانیان تۆزیّ پێش ئێستا ناشت... عارەبانەکەی ڕاگرت، بەدەوری خۆیدا چاوی گێڕا تا یەك دوو بەردی لە پاڵ پنچکێکدا دۆزییەوە، گەماڵەکانی دا وەبەر بەرد، تا دووریانی خستەوە... دەستی لەناو لمەکەدا بوو لمەکەی وەلاوە دەدا... دەنگێکی ناسك دەنگی تریقانەوەیەکی منالانەی ناسك ڕایچەنی... «ئەوە چی ئەکەی!...» لە سەرسوڕمانا هیچی بۆ نەدەهات... «وا چۆن ئەبیّ خۆ بۆ منیش هەر وات کرد... گەماڵەکان بەئاسانی دەریان کردم، زۆر ئازاریان دام... لەو ڕۆژەوە بەدوای باوکمدا ئەگەڕێم... دۆزیمەوە... باوکم وەکو جاران گەمەم لەگەڵدا ناکات...! مۆن بووە... ئەڵیّ لە خەفەتی دایکت کەسم لەبیر نەماوە... وام پیّ ئەڵیّ... ئەو ڕۆژە کە وامان بەسەرهات، من و شلێر لە پاین ئاواییەوە بۆ خۆمان وازیمان ئەکرد... لای بەرخۆڵەکان بووین من بە پووش و پەڕۆ بووکێکم کردبوو، ئەو کاتە عەسکەرەکان هاتن لێم بەجیّ ما... ئێستا هەموو ڕۆژیّ ئەڕۆمەوە بەدوایا ئەگەڕێم نایدۆزمەوە... ئەوە بەڕاست ئاواییەکەمانیان بۆ وا لیّ کردووە؟! لە ماڵی خۆمانەوە ئێژم لە کەلاوەکەی ماڵەکەمانەوە ئەتوانم ڕاست و ڕاست بڕۆم و بگەمە ماڵی شلێر... ئەوجا یەك دوو کۆڵانم ئەکرد، دەچوومە سەر سوڕکانە گەورەکەوە، لەوێوە بەغار ئەچوومە لای ماڵی حەمە نەگبەت، پێچم ئەخواردەوە ئەوجا ماڵی شلێر دەرئەکەوت!! تۆ خەڵکی کام ئاواییت؟ «ئەی نازانی خەڵکی ئاوایی توکنم... ئەوەندە بووك و عارەبانەی تێڵ و تۆپ و هەروا بێتەوە هین و... ئەوەندە زۆرن، هەندێکیان کەوتۆتە ژێر خشتەکانەوە... لە ژێر خشتێکدا بووکێکم بینی دەست و قاچی نەمابوو، هینەکەی من نەبوو، نەمهاورد...

«ئەی عاقڵ دایکت لە کوێیە؟»

«چاوەڕێی ئەکەم... خۆی تێت!... نازانم بووکەکەم چۆن بدۆزمەوە؟!»

«ئەگەر کاتی خۆی بۆ یەك بوایەین منالێکی قسەخۆشی وەك ئەمەمان دەبوو...» دەنگێکی ناسك بەڵام گڕتر لەپڕێکا قسەکانیانی بڕی و وای بە سابیر گوت، لە دەنگی منالەکە دوورتربوو... بەڵام ترپەی پێی تا دەهات نزیکتر دەبووەوە...

«چنار...!»

«دەمێکە کوڵم لێتان گرتووە و تەماشاتان ئەکەم، ئەو منالە چەند قسەی خۆشە... ئەزانی سابیر کاتێ دایکم و فاتەی خوشکمیان برد، دە دوانزە منالیشیان لەگەڵدا بوون... دایکم کە ئەیگێڕێتەوە خۆی پێ ناگیرێ و دەست بەگریان ئەکات: دایکێك دوو منالی پێ دەبێ، لەو کاتەی ماشێنەکان لمیان بەسەرماندا ئەکرد، دایکەکەیان دەستی خستە سەر چاوی یەکێکیان نەکو لمەکە بچێتە چاوی!

دایکم دەڵێ لەو کاتەدا تکای لە من کرد وریای ئەوەکەی تریان بم...

«کەم ئەم باسانەم بۆ بگێڕەوە... بەرگەی ئەم هەموو خەفەت و ئازارە ناگرم... تۆ کە ئەمجارە چوویتەوە سۆراخێکی ماڵی خۆمانم بۆ بکە... بزانە دایکم چۆنە... باوکم چی ئەکات؟...»

لەم کاتەدا سەگوەڕێك ئاوڕی پێ دایەوە... لە هەمان کاتدا گوێی لە ترپەی پێیەك بوو بەرەبەرە دوور دەکەوتەوە هەمان ئەو ترپەیە بوو کە لە پاڵ دیوارێك دادەنیشت چنار تێدەپەڕی و ئەویش گوێی لەو ترپە پڕ مۆسیقایە دەگرت

«ئەی ئاوایی چۆنە؟»

«ئاوایی بەخەڵکەکەیەوە ئاواییە» بەحاڵ گوێی لەمە بوو... لمێکی زۆری بەسەر تەرمەکەدا کرد، لە ترسی گەماڵەکان نەکو دەری بهێنن بەردی قۆقزی ئەو ناوانەی کۆکردەوە، لەسەر لمەکەی دانان و هەندێ لمی کەی بەسەراکردن... هەڵسا خەریکی خۆ تەکاندن بوو... «ماندوو نەبی» پیرەمێردێك، هەر کەمێ لەولایەوە لەسەر لمەکە شانی دادابووەوە، ماندوویەتی پێوە دیاربوو.

«خۆت ماندوو نەبی...»

«من ماندوو نابم...»

«نەمبینیت... لە کەیەوە لێرە دانیشتووی؟».

«هەر ئێستا گەیشتم! لای خۆمان بووم... ماندووم بەڵام ماندووی ڕێگا نیم، شتێکی کە ماندووی کردووم...»

سابیر لە دڵی خۆیەوە وتی «نایناسم و نەمدیوە... بیرم نایە پیرەمێردێکی ئاوام ناشتبێ! ڕەنگە لە قەڵایەکی کە مردبێت... هەرچەندە سابیر ئەمەی لە دڵی خۆیەوە گوت، بەڵام ئەو وتی:

«ڕاست دەکەی... من لە شوێنێکی کە بووم...».

«وتت لای خۆمان بووی؟!»

«بەڵێ لای خۆمانەوە... ئێژم ئیتر لە داخانا نەگەڕێمەوە... ئەو خەڵکەی دەوروبەری لای خۆمان ناوێکی سەیریان لێ ناوین! ئەنفالمان پێ ئێژن... ئەنفال چییە؟».

«ئەنفال سوورەتێکە لە قورئانی پیرۆز».

«بۆچی قورحان وتوویەتی وامان بەسەربێنن؟!»

«نەخێر قورئان بەمە ڕازی نییە!».

«کە ڕازی نییە بۆ تەفروتوونایان ناکات؟!».

«ئەیکات...»

«کەی؟»

«پشووت بێ...»

«دەك قوڕ بەماڵتەوە بدرێ وا درا... هێشتا ئێژێ پشووت بی...»

پیرەمێردەکە بەتووڕەبوونێکەوە وای وت و خواحافیزی نەکرد و هەستا و ڕۆیشت...

***

سابیر کە گەڕایەوە قاوشەکە، لفتە هەمدیس دەستی پێ کردبوو... لەسەرخۆ یارغەزاڵێکی دەچڕی...

«نازانم ئەم لفتەیە بەچی دڵی خۆشە وا لە گۆرانی خۆی ناکەوێ و ئێستاش وا یارغەزاڵم بۆ دەچڕێ؟»

کابرایەکی ناو جافایەتی، کە ئێستەش نەزانرا چۆن چۆنی کەوتە ناو ئەم قاوشەوە و چۆن لە ئاواییەکانی لای خۆیانەوە بڕ بووە و لەگەڵ ئەمانەدا هێناویانە... چونکی دانیشتووانی ئەو ناوەیان بۆ شوێنێکی کە برد... ئێستا کە وا دەڵێ خۆی لە سەرەتای هاتنە ئێرەیاندا شەوانە دەستی بەهۆرە دەکرد و نەیدەبڕییەوە! تا لەم دواییانەدا وازی هێنا، کپ و بێدەنگ، لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەستی لە سوێڵی جیا نەدەبووەوە، هەر دەستی پێدا دەهێنا و بای دەدا... چەند جارێ باسی لای خۆیانی بۆ دەگێڕاینەوە، دەبوایە باسی سمێڵی خۆیشی بکردایە... دەیگوت: هەموو بەیانییەك بە ڕۆنی بادەم چەورم دەکرد، کە بادەمم دەست نەکەوتایە بە ڕۆنی گەنەگەرچەك چەورم دەکرد... لەگەڵ لفتەدا سازبوون... بێجگە لە لفتە لە کەسی قبووڵ نەدەکرد...

«لالە بۆچی گۆرانی هەر تەنها لە کاتی خۆشی و بەزم و شاییدا دەگوترێ؟ گۆرانی بۆ کاتی تەنگانە و دڵتەنگیش دەست دەدا ئەگەر هەر بۆ کاتی خۆشی گۆرانی بوترایە، ئەوا لە گەرمیاندا گۆرانی نەدەبوو، چونکی خۆشیمان کەمە... گۆرانی ئەم گەرمیانە بۆیە وا کاریگەرە چونکی لە دڵتەنگی و خەفەت و ئازارەوە سەری هەڵداوە..» لفتە ئاوا وەرامی لالەی دایەوە، هەر دەستی بە سمێڵی دادەهێنا...

***

وا ماوەیەکە گەرماکەی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو کەمێ دامردووە... گەرما نەبوو تەنوورێکی هەڵایساو بوو... ئەوەی ئەم گەرما نەحلەتیە بەم خەڵکەی کرد مەگەر برسیێتی و لێك دابڕانی کەسوکار پێیانی کردبێ، تا لە مردنی ئەو خەڵکەدا دەستی باڵای هەبوو... گەرما هەربووە بووە، بەڵام نەکو وەکو ئەمەی ئێرە... پیرە خۆر هەر کە ڕمێك بەرز دەبووەوە دەستی بە ئاگر باران دەکرد، لم دەبووە سوڕکانێکی گڕ تێبەربوو بەرد و چەو و تاوێری، پشکۆ و ئەسکڵێ بوون بۆخۆیان، لە حەژمەتا پیاو ئەڵهای خواردنی نەدەکرد... ئەوجا کە دەستەڵاتی گەرماکەیان نەبوو، دونیایەکی کەیان بۆخۆیان دەخوڵقاند... تەسەڵای خۆیان پێ دەدایەوە و گەرماکەیان لەبیر خۆ دەبردەوە... ئیتر دەستیان پێ دەکرد:

«ئێستا لە قەراخی ڕۆخانە نەبی بەلۆچ ئاو بەسەروچاوی خۆتا بکەی...»

«گەرما چۆن وا ئەبێ؟»

«هەر زۆر گەرما بوایە مەنجەڵێ ئاومان ئەهێنا ئەو ناوەمان ئاوڕشێن ئەکرد... کە شەماڵ لێی ئەدا پیاو حەزی ئەکرد شانی لێ بدایەتەوە...» بەم جۆرە بەگژ گەرماکەدا دەچوون... ئاواش دەیانویست لەبیر خۆیانی بەرنەوە...!

وا ماوەیەکە پایز نیشانەی هاتنی خۆی ئاشکرا کردووە، دارتووەکەی ئەوسەر قەڵاکە دەنکە دەنکە گەڵای لێ دەوەرێ، خۆریش بەبەزەییتر دیارە و ئەوەندەش خۆی ماتەڵ ناکات و زووتر لە جاران ئاوا دەبێت... لێرە هەر جۆرە گۆڕانێك، با بچووکیش بوایە، با و تۆز هەڵی کردایە، گەرما بوایە، شەوەکەی مانگەشەو بوایە، هەر شتێکی کەی لەم بابەتە، دەبووە مایەی ورووژانی یاد و هزری خەڵکی ناو قەڵاکە... جا یا دوو دوو دادەنیشتن، ختوورە و واڵا وردەکانیان بۆ یەك دەگێڕایەوە ئەگەر یەکێکیش کەسی دەست نەکەوتایە ئەوە بۆخۆی دەدوا یا لە سووچێك دادەنیشت و دەستی بە ورتەورت و بڵمەبڵمە دەکرد، کە

دەتبینین گومانت لە مێشك و هۆشیان پەیدا دەكرد، تۆ بڵێی تێكچووبن؟... هەموو تووشی ئەم خووە بووبوون، بۆ چەند ساتێك خۆیان لەبیر دەكرد، هی واش هەبوو، لەهەر كوێیەك بوایە، مات و بێدەنگ دادەنیشت تەماشاكەی لە شوێنێكی نادیار گیر دەكرد و لەوبارە دەمایەوە... هەرچەندە برسیێتی و بێزارییەكە باڵی خەیاڵیانی قرتاندبوو... نەیاندەتوانی بەرزەفڕ هەڵی دەن بەڵام هەرچۆنێك بوایە پشوویەكی پێ دەدان و زوو دەگەڕانەوە دونیای ناو قەڵاكە، بەڵام لە جاران بارگران و هەناسە ساردتر، پەشیمان سەت پەشیمان لەو زیادەڕۆییە كە دەیانكرد لەو ختووره و هزر و خەیاڵ پڵاوانەی كە بە بیریانا هات، سەت خۆزگەیان دەخواست كە هیچیان بە بیرا نەهاتبا، چونكی ئەو ماوە كورتەی بیرەوەرییەكانیان بەسەر دەكردەوە باری خەمیانی قورستر دەكرد... بۆیە وایان لێ هاتووە لە یاد و یادكردنەوەی بترسن، چونكی دەزانن ئەو پركێشیەیان دوایی چی جەزرەبەیەكیان دەداتی... تەنها لفتە ئەو یاد و بیرەوەرییانەی خۆی بەگۆرانی دەردەبڕی... وا لە پێشوازی پایزدا یارغەزاڵێكی لەسەرخۆ دەڵێ:

زەردی خــــەزانت خــــەتای پایزە
ڕەنگ زەردیەكەی من دووری ئازیزە

«... هاوینیشمان بەڕێ خست، وا پایز هات،ترووسكەی ئومێدێك بەدی ناكرێت... دەبینم خوو و تەبیعەتی خەڵكەكەش بەتەواوی گۆڕاوە... وەك ماشینێكی بێ گیان دێن و دەڕۆن... لەسەرخۆ سست دەجووڵێنەوە... ئێستا ئەوەندە باسی ئاوایی و لای خۆیان ناكەن... ئەڵهای كەسوكارە بێ سەروشوێنەكانیشیان ناكەن!!... جاران لەگەڵ هەر یەكێكدا دادەنیشتی باسی شاوشكور بوون و گەڕانەوەی، دەكرد ئێستا ئەوە لە دەمی كەسێ نابیستی!... ئومێدبڕ بوون؟!... قاوشەكان بەتەواوی تەنك بوونەتەوە... هەندێك كە لە جێگایەك دانیشت، تا ئێوارە لە شوێنەكەی خۆی ناجووڵێ!!... یا لە بێزاریا یا توانای هەڵسوكەوتی نەماوە، هەندێكیش تاقەتی وردكردنی سەموونەكەشی نییە... كە نیازیشی كرد بۆ شوێنێكی كە بڕوات دەست بەدیوارەوە دەگرێت... لە یەكتر ناپرسنەوە، وەك یەكتریان نەدیبێ، تەماشایەكی دەكات و بەلایا گوزەر دەكات... ئەگەر بێت و دوو ڕۆژیش ئەو سەموونە ڕەقانەشیان نەدرێتێ هەڵپە ناكەن و مەبەستیان نییە... لەم ڕۆژانەدا بوو هاپۆ خدر مرد، بەڵام باش بوو بەم دەردە نەچوو هێشتا بەخۆیەوە بوو... سەیرە بەیانییەكی زوو لەبەر پەنجەرەكە بە نكە نك هەستا دەستی بەدیوارەكەوە گرت، بۆ دوور

ڕوانی... کە چوومە تەکیەوە خوڕان خوڕان فرمێسك بەسەر ڕیشە سپییەکەیدا هاتە خواری... باڵم گرت لەسەر جێگاکەی داینێمەوە بە دەنگێکی لەرزۆك – کە دەنگیم بیست خورپە لەدڵمەوە هات و زانیم پەرێشانە:

– »تا ئەمڕۆ هەر بەتەما بووم... نەبوو... نە هەواڵێ نە سۆراخێ نەبوو... سابیر نەبوو... نەکەس دەنگی بەئێمە ئەگات نە ئێمەش دەنگمان بەکەس دەگات، دەستم دامێنت چاوت بەگەرمیانەوە بێت، لەبەرخۆیەوە بەحاڵ دەنگی دەردەچوو...

پووشـــەکەی جەستەم وەپەنا کـەفتەن
سامـیعەم خەبەر یـــــاران نەشنەفتەن
خصوص شـەڕاڕەی دووری زۆر کەردەن
مەزرەعەی هەستیم وای سەبوون بەردەن
بینـــایی دیـــدەم تـــۆ وە ســــــەلامــەت
دیــدەنیی دیــدار کــــەوت ئەو قیــامەت

لەسەر جێگاکەی پاڵم خستەوە، یەك دووجار لێوی تەتەڵەی کرد، بزەیەکی خەماوی بۆ یەکجاری لەسەر لێوی مایەوە...» منیش هەست دەکەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توانا و هێزم تیا نامێنێ... ماوەیەکە سابیر کشوماتییەکەی زیادی کردووە، لە بەیانییەوە تا ئێوارەکەی لەناو حەوشەدا ئەم سێبەر و ئەو سێبەر دەکات... چۆکی خۆی لە باوەش دەگرێت و زاق زاق بۆ شوێنێکی نادیار دەڕوانی... سەری لە خۆی سوڕ دەمێنی... هێشتا باشە، ئەم هەموو برسییێتیە ئەم هەموو دیمەنە سامناکانە... ناشتنی ئەم حەمکە مناڵ و ئافرەت و پیرەمێردانە، کەچی هێشتا ماوە... هێشتا زۆر شتی لەبیر نەچۆتەوە... بەڵام وەکو جاران شتە وردەکانی نایەتەوە بیر... ئەو شتانەی زەق بوون دەهاتنەوە بیری... مناڵی خێزانێکی دەست نەڕۆ، کۆچکردنیان بۆ دووز... هاوڕێیانی شار...ئەوانەی لەبیری ماون... حەمە، کامەران، دلێر، و چەند کەسێکی کە... لە خۆی دەپرسی: دەبێ ئێستا لە کوێ بن؟ بەقسەم نەکردن... با بڕۆین، گاڵتەم بەقسەکانیان دەهات، ئەوان پیلاوی غەریبیان لە پێ کرد و ڕۆیشتن... منیش، هەر چەنێ سەر بەهیچ لایەنێك نەبووم کەچی لە شار تەنگیان پێ هەڵچنیم ناچار دەشتم دا لەبەر... ئینجا ئەم کارەساتە...وا ڕۆژ بەڕۆژ توانام نامینێ و بەم تەمەنە وەك پەککەوتەیەك دە هەنگاو ڕێ بکەم دەبێ پشوویەك بدەم... لم و گەرماکە تووشی هەناسەبڕکێیان کردووم...هیچم لەمانە زیاتر نییە... بێ خاوەن دەمرم و

لەشەکەشم سەگ دەیخوات... دەبێ شتێ بکەم... لەم کاتەدا پێکەنینێکی گاڵتەئامێزی گوێ لێ بوو، سەری هەڵبڕی: ئەوەتا... کوڕە گەنجەکەیە و تەماشای دەکات، باشتر دەرکەوت... وا بە بزەیەکی خەماوی و تێکەڵ بەگازاندە و تیز پێکردنەوە بەرامبەری گرتوو... ع دەنگیش ناکات! بێدەنگییەکەی لە بزەکەی پتر ئازارم دەدات... «ئێستە هاتیتە سەر قسەکەم؟... چ سوودێکی هەیە؟... ئەو کاتە ئومێدێك هەبوو، ئومێدێکی کەم، بەڵام خۆ ئەم دۆزەخەت نەدەدی ئەگەر بەقسەت بکردایەم... گوناهی من لە ئەستۆی تۆدایە...».

«من لەوە ترسام هەوڵەکە سەرنەگرێ...» دەمی بەیەکا هات، فرمێسك نەیهێشت قسەکانی تەواو بکات... وەك بەزەیی پێدابێتەوە گەنجەکە شێوەی قسەکردنەکەی گۆڕی...

«هەر چۆنێك بێ لە دانیشتووی قەڵاکەی ئەولا بەختەوەرتری... بۆیان گێڕامەوە: هەندێکیان قانگ دراون هەندێکیان میکرۆبی نەخۆشییان کردە لەشیانەوە تووشی نەخۆشی گران گران بوون و مردن... هەندێکیان تووشی سەرئێشەیەکی بەدیعاتبوون بەجۆرێ هیچیان لەبیر نەدەما، هەتا ناوی کەسوکاریشیان لەبیر چووەوە، هەندێ پێستیان دەخورا... مات و خامۆش دادەنیشتن ئێستا ئەو قەڵایە کەسی تیادا نەماوە، کەسیش نزیکی ئەو قەڵایە ناکەوێ، نەکو تووشی ئەو نەخۆشیانە ببن... ڕەنگە تۆش ببەن هەندێ نەخۆشیت لەسەر تاقی بکەنەوە... تا هێزت تیادا ماوە – من وەکو تۆ نیم – بڕۆ... تا پەلە بکەی درەنگە... بەڵام لەبیرت نەچێ، ئەمە بیابانە و گاڵتە نییە، هەردە و دەشتەکەی لای خۆمان نییە... بڕۆ ئەگەر مای ئەوا هەر دەگەیتە شوێنێك، کە گەیشتیتە هەقەجێ چیت دیوە بیگێڕەرەوە... ئێ؟... بشمریت هەر نەبێ لەشت نابیتە خۆراکی سەگ، داڵ و جانەوەر بتخوات، لەوەی باشترە سەگ بتخوات...» وای گوت و لەبەرچاوی نەما... دەڕۆم... هەندێ ئاو و چەند سەموونێك دەکەمە تویشووی خۆم... دەڕۆم... چاوی بەحەوشەکەدا گێڕا... هەندێ کەس وەك منداڵێك تازە پێی گرتبێ ئاوا هەنگاویان دەنا... بێدەنگ لەو ناوەدا دەهاتن و دەچوون...

***

یەك دوو ڕۆژێکە وزە وز پەیدابووە. ئەمە یەکەم جارە شتێکی وا بەرگوێ بکەوێ... سەرەڕای کاس و وڕی ئەوانەی قەڵا هەندێکیان بۆ هەواڵەکە گوێیان قووت کردبووەوە کەسیش نازانێ ئەم هەواڵە سەیر و سەمەرەیش ئەمە بوو:

«هەندێ لە پەککەوتەکان و منداڵەکان بەردەدرێن...!!»

تا ئەوانەی دەستیان لە هەموو شتێ ششتبوو و بەتەمای هیچ نەمابوون، شتێك لە

ناخیاندا چرۆی کرد... سەرلەنوێ خەیاڵی ماڵ و منداڵ و هەردە و دەشتو کۆسارانی خستە کەللەیانەوە، ئەوانە خۆیان بەیەکێك لە بەربووەکان دادەنا... هەواڵێکی ئاسان نەبوو... دەزانی چ دەگەیەنێ؟ گەڕانەوە، ئەم هەواڵە مێشکیانی وریا کردەوە... کێ دەڵێ ئێستا کەسوکارەکەشم بەرنەبوونە؟ لەوانەیە دەمێك بێ لە شوێن و جێگای خۆیاندا بن... من چووزانم... کاتێ دەگەمە ماڵەوە، دەبینم ئەوان لەوێن، بەیەکتر شاد دەبینەوە، دەست بەکار و کاسبی خۆمان دەکەینەوە، زەوی وەك دایك وایە، چ کاتێ ڕووی تێ بکەی ناتبێزێنێ، خواش سەری دابێ ڕزقیش هەر دەدا... کوڵێتێك دیوارێکمان نەزانێ ڕووخانبێتی، پووش و قەلەجاری زۆر و زەبەند، خۆڵ و بەرد هەر باسی ناکرێ... چاکیان دەکەینەوە... بەڕۆژ هەزار و یەك جار ئاوا دەگەڕانەوە... شەوانیش خەویان دەدی لە نیوەشەودا دادەچڵەکین و شایەتمانیان دەهێنا... خەونەکانیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە...

«خێرە... ئینشائەڵڵا... خێرە... خۆیەتی... تۆ ۆ دەگەڕێیتەوە...»

ئەوەشیان لەبیر نەدەچوو هەر بەو شەوە کۆڵێ ڕاسپێری و دوعا و سەلامیان دەدایە دەست ئەو خوا پێداوەی خەوەکەی دیتبوو...

«سڵاو لە فلان و فیسار دەکەم... چاوی ماچ دەکەم... پێی بێژە ئەگەر مناڵەکانی بینی چاوی پێیانەوە بی... هەندێ پارەم لای فلانە با لێی وەرگرێ و بۆ مناڵەکانی خەرج بکات... تا دێمەوە...!!»

«بڕیارێکە داومە و ناگەڕێمەوە دەڕۆم... ئەی باشە گەرمیان؟ خەمی ئەومە... ئا... دۆزیمەوە...! شەوێ یاساوڵێك دەبینم...»

لە حەوشەدا بینی... دەستی گرت و بردییە پەنایەکەوە...

«ئیشێکم پێت کەوتووە»

ئاوای پێ گوت و سەفتەیە پارەی دایە دەستەوە. هەر یەکێ دەمرد، ئەگەر پارەیەکی پێ بوایە سابیر لای خۆی هەڵی دەگرت... یاساوڵەکە گەشایەوە:

«بڵێ چیت دەوێ».

«بیستوومانە هەندێ پەککەوتە و منداڵ بەرەڵڵا دەکرێن...»

«بەڵێ وایە! کێ پێی وتی؟»

«گگ بخە تەك ژن و پیاوێکی پەککەوتەوە»

«سەرچاو...»

***

دەمەو عەسرێك دوای چاوەڕوانییەکی دوو هەفتەیی هەواڵەکە ڕاست دەرچوو... نزیکەی پەنجا ئافرەت و پیاوی پەککەوتەیان لە قاوشەکانەوە هێنایە پێش دەرگا بچووکەکە، نزیکەی دە منداڵیشیان لەگەڵدا بوو، گەرمیان یەکێ لەو منداڵانە بوو، بەتەك ئافرەتێکەوە دایاننا...

«سبەی زوو بە ئۆتۆمۆبێل دەتانگەڕێنینەوە شوێنی خۆتان.» ئاوایان پێ گوتن.

سابیر چووە لای گەرمیانەوە... لە باوەشی گرت، ئەملاوئەولای ماچ کرد و دەستی کردە گریان... «تۆش دەردەچی کاکە سابیر... دێم بۆ لات... بیرتە پێت وتم دێم بۆ ئاواییەکەتان، لەبیرت نەچێ چاوەڕێت دەکەم...».

«دێم گەرمیان دێم...»

«ئەوانەی ناومان خوێندنەوە نەچنە قاوشەکانی خۆیان، با شەو هەر لێرە بمێننەوە تا سبەی زوو بکەوینە ڕێ...»... یاساولێك وای پێیان گوت.

***

مانگەشەوە، بایەکی مەیلەو فێنك هەڵی کردووە، یەکێ لە یاساوڵەکان هاتە لای سابیر و هەواڵی مردنی یەکێکی پێ دا... «فرسەتە ئەمشەو پێی پێوە دەنێم... ئەو تەرمە ئەمشەو دەنێژم و لەوێوە ناو خوای لێ دێنم... دەبا هەندێك ئاو بکەمە ناو شتێکەوە و لەگەڵ خۆمی ببەم، یەك دوو سەموونیش»... ئەوەی پێویست بوو پەیدای کرد. چووە لای گەرمیانەوە هەمدیس لەباوەشی گرت و ئەملاوئەولای ماچ کرد «ئەمە دوا تەرمە کە من بینێژم با من کەمێ خۆم دوابخەم وا لە دەرگاکەش چوونە ئەودیوا... جارێ هەر ڕاست دەڕۆم تا لە قەڵاکە دوور دەکەومەوە ئینجا دەستی ڕاست دەگرم، نازانم بەپێ چەندە، بەڵام دەزانم ئەگەر لێم تێك نەچێ و لە ڕێگا شتێکم بەسەرا نەیەت لەم ئاستەوە هەر بڕۆم دەگەمە شارێکی بچووك، خۆم بەشارەکەدا دەکەم دواجار بەپێیانیش بێ شار بەشار و دێ بە دێ تا دەگەمەوە لای خۆمان... دەنگی وەڕینی گەماڵەکان دەبیسم... وا مانگیش ئاوابوو... ئاسمان بووە یەك پارچە ئەستێرە دەبێ وریای ئەوە بم ئەو ئاستەم لێ ون نەبێ کە وام داناوە ئاوەدانی لێیە...

دەنگێك دێتە گوێم! بانگی من دەکات لەناو هەزارەها دەنگدا جیای دەکەمەوە.. دەنگی چنارە!... لەپێشەوەش دەنگێکی تر بانگم دەکا... ئەمەش دەنگی دایکمە... بگەڕێمەوە بۆ قەڵاکە! پاش ماوەیەکی کە منیش دەچمەوە لای چنار... یا... نەء جارێکی کە ناگەڕێمەوە

ئەو قەڵایە... وا هاتم دایە هاتم... وا بەڕێوەوەم، لە باوەشی تۆدا بمرم لەوە چاکترە لەم قەڵا بەدناوەدا لە حەزرەتا و لە برسانا بمرم، دواجاریش ببمە خۆراکی ئەو گەماڵانە... وا دێم...

دووز – ١٩٨٩-١٩٩٢

# ناوەڕۆك

**دارەكەی بەرماڵمان** ........ ٧
- نێچیر........ ٩
- ئاڵ و شەوە ........ ١٤
- تەنیا ماچێ ........ ١٧
- دارەكەی بەرماڵمان ........ ٢٢
- تاكەی شەڕی برا كوژی ........ ٢٥
- دوا نامە ........ ٢٨

**دەستی ئۆخەی** ........ ٣٣
- دەستی ئۆخەی ........ ٣٥
- گەشتی گوێری ........ ٣٨
- شارەكەم و چڵكاو و پرسیارێك ........ ٤١
- ئەنجامی پەیامێك ........ ٤٣
- ڕێگای ڕاستی ........ ٤٦
- ناسنامە و قۆچانی ڕەش........ ٤٨
- دیارییەكی پەسەندنەكراو ........ ٥١
- دابەزین ........ ٥٥
- چەرخێكی كەش بایز تەمەنی هەروەك ئێستا دەبێ ........ ٥٨
- وێڵی دوای نامەیەك........ ٦٠

**ئەسپ** ........ ٦٥
- سێ هۆڵ ........ ٦٧
- ڕێگا و سەرمایەكی ناكاو ........ ٦٩
- كورتەی چوار چیرۆكی یەگجار درێژ ........ ٧١
- كارەساتی قارەمانی ناو چیرۆكێ ........ ٧٤

- ئەسپ ........ ٧٧
هەیاس ........ ٧٩
- تابلۆیەکی سوریالی ........ ٨٢
- کە بێ دەنگی هێرش دەبا ........ ٨٥

**چاوەڕوانی** ........ ٨٩
- دەست ........ ٩١
- بۆشایی ........ ٩٧
- شازادەکان درۆ دەکەن ........ ٩٩
- تۆپەکەی ئازاد ........ ١٠٠
- لە ڕۆژژمێری دێیەکی ئەمخوارەدا ........ ١٠٣
- لەسەرە ڕێدا ........ ١٠٦
- شەوێکی قەڵا ........ ١٠٨
- بووکەشووشە ........ ١١٠
- قازانی قۆپاو ........ ١١١
- دەنگوباسی ئەو دێیەی کە بەتەمابین بیکەین بە هاوینەهەوار ........ ١١٢
- ڕاو ........ ١١٥

**بەردی سەبر** ........ ١١٧
- بێ خوڕەی ڕۆخانە گەرمیان هەڵناکات ........ ١١٩
- بەسەرهاتی وەیسە ........ ١٢٤
- هەڵسانەوە ........ ١٢٨
- سۆراخ ........ ١٣١
- بەردی سەبر ........ ١٣٦
- گەردەلوول ........ ١٣٩
- دووربینین ........ ١٤٢
- چاوەڕوانی ........ ١٤٦
- قومقومۆکە ........ ١٤٨
- مێرووله ........ ١٤٩

**فڕینەکان** ........ ١٥١
- هاوار ........ ١٥٣
- فڕینەکانی نازم ڕەشە قوماشی ........ ١٥٧
- ئەی چی بکەم ........ ١٦١
- سەرخۆشی ........ ١٦٤
- ئەم شارە ئەم خانمە ژنە ........ ١٦٦
- شەوە ........ ١٧٢
- تەماشاکان ........ ١٧٦
- بێزاری ........ ١٨١
- شوێنەوار ........ ١٨٢
- خەونێکی ناو دۆزەخەکە ........ ١٨٣
- سێبەرە سپییەکان ........ ١٨٨
- گورگی ڕەش و گورگی بۆز و گورگی شین ........ ١٩٢

**عەبۆ ئیتاڵی** ........ ١٩٧
- عەبۆ ئیتاڵی ........ ١٩٩
- خەونی ناو تەلبەندەکە ........ ٢٠٤
- ئاوێنە ........ ٢٠٧
- شایەتی بەردێك ........ ٢١٠
- باڵندە ........ ٢١٤
- قەفەس ........ ٢١٥
- تاکسی ........ ٢١٦
– ئاوارەبوون ........ ٢١٧
- سەرنج و پرسیار ........ ٢٢٠
- گەڕانەوە ........ ٢٢١
- کە نامەکەی بۆ خەلیفە نارد ........ ٢٢٥

**بەهاری ڕەش** ........ ٢٢٩